# هەڵوێستە

لە دونیای سیاسەتدا ترسناکترین ساتە وەخت، ساتەوەختی شکستە. تێکشکاوترین سیاسەتیش بۆ کۆمەڵگا ئەو سیاسەتەیە کە بەرژەوەندی تاک و گروپەکانی لەبەرچاونەگرێت و تێرکردنی خواستەکانیان نابێتە ئامانجی. ئەمڕۆ پاش نزیکی دەساڵ لە دوای ڕاپەڕین، یەکێ لەو ئیشکالییەتە گەورانەی بەرامبەری دەوەستین، پرسیارە دەربارەی ئەو ئاڕاستە نادیارانەی سیاسەت لە کوردستاندا گرتوونیەبەر. ئایا دەتوانین بڵێین سیاسەتی کوردی لەقووڵترین و تاریکترین قۆناغەکانی بونبەستی خۆیدا دەژی؟ ئایا دەتوانین بڵێین لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا واقیعی سیاسی کوردستان بەردەوام لە شکستێکەوە بۆ شکستێک و لەهەرەسێکیشەوە دەگوازێتەوە بۆ هەرەسێکی تر؟ ئەگەر وایە ئایا ئەم شکستانانە تەنیا لە ڕوخانی شێوە دەزگاییەکانی دەسەڵاتی کوردی و گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە بە قووڵترین قەیرانی خۆیدا بەرجەستەدەبێت؟ ئایا سەرنەکەوتنی ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان، جیاوازییەکی لەگەڵ شکستەکانی دیکەدا هەیە؟ گومانی تێدا نییە تا ئەو چرکەساتەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتداریێتی بەعسیزمدا نییە، ناکرێت باس لە شکستی تەواوەتی ئەم ئەزموونە بکەین، بەڵام بەوەشدا چەندین نیشانە لەبەردەستدایە کە پێماندەڵێت، دیسان ئەم ئەزموونە بەرەو باوەشی فاشییەت ڕێگای گرتۆتەوە بەر. لێرەوە بەبێ پەکخستنی ئەگەری گێڕانەوەی بەعس و بەبێ سەقامگیرکردن و پتەوکردنی ئەزمونی دیموکراسی ناوخۆ، ئەستەمە باس لە سەرکەوتنی بکەین.

گەر هاتوو باسمان لە شکست کرد، ئەوا نیوەی ڕاستییمان ووتوە گەر بڵێین: ئەم شکستە شکستی بکەرە سیاسییەکانی کوردە لە نووشوستیاندا بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی دیموکراسییانە و ناوکۆییانەی کوردی.

شکستی ئەمجارە، شکستێکی هێمن، ناوەکی، خۆکردە. شکستێکە، بکەری ڕاستەقینەی کورد خۆیەتی. شکستێکە لەناو خودی واقیعی کوردییەوە، لە ستراکتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریمانەوە هەڵقوڵیوە. گرێدراوی کاراکتەری سیاسەتمەداری کورد و پەیوەستی کاراکتەری سیاسی و ڕۆشنبیریی مرۆڤی کوردە. ئەم شکستەیان شکستێکە بکەرەکانی وەک بکەری هەرەسەکانی دی پۆستاڵ و خودەی داگیرکەرانیان لەسەردا نییە، بەڵکو بکەرانی ئەوانەن، کە بەرگی قارەمانی نەتەوەیان لەبەردایە. ئەم شکستەیان شکستێکە لە ڕێگای گریانەوە بۆ بێکەسی کورد لەبەردەم داگیرکەراندا تەفسیرناکرێت، تەنیا لە ڕێگای شکایەتەوە لە زوڵم و چەوسانەوەی دەرەکی، چەمکەکانی ڕوننابێتەوە؛ ئەمجارەیان ڕووبەرووی جۆرە شکستێک دەبینەوە، کە بێڕەحمانە دەمانخاتە سەر پرسیارو گەڕان لە ناو خودی خۆماندا . شکستی ئەمجارە هاوڕێی بانگەوازێکە بەرەو تەماشاکردنی ڕەخنەییانەی خود. شکستێکە پێماندەڵێت، قۆناغی بەنەفرەتکردنی دونیاو خۆتەماشاکردن وەک «قوربانییەکی ئەزەلی» مانایەکی نەماوە، ئەوەی ئێستا دەبێت بێتە زمان ئەو گووتارەیە کە بە قووڵی بەرەو زامەکانمان ڕادەکێشێت و پێماندەڵێت ئەو ماسکانەی بە دەموچاومانەوەیە، دەبێت فڕێبدرین. ئەوەی دەبێت ببینرێت ئەو بەشەیە لە واقیعی کوردی کە ئەندازیاری شکستە. نیوەی ڕاستییە گەر ئێمە باس لە شکست بکەین و مەبەستمان تەنها سیاسەت بێت، چونکی ئەوەی کە ئەندازیاری شکستە تەنیا سەرکردەکان و حیزبەکان نین، بەڵکو هەموو ئەوانەن کە ساڵ دوای ساڵ و ڕۆژ دوای ڕۆژ مکیاجی شکستیان کردووەو مکیاجی دەکەن و برینەکانی دەشارنەوە، هەموو ئەوانەن کە ئەو چەواشەکردنە فیکری و زانستییە دەخوڵقێنن، ئەوانەن کە ناهێڵن دونیا ڕوون ببینین، چونکی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینیان بە دەستکەوتی حیزب گەمارۆداوە، هەمو ئەوانەن کە لە ڕێگای حیزبەوە و لەکەناڵەکانییەوە و لە تەنیشتییەوە و هاوتەریب و هاوشان بەو، مەکیاجی ئەو هۆکارانەدەکەن کە شکست بەرهەمدەهێنن. هەموو ئەوانەن کە قارەمانی وەهمییان لە ناقارەمانەکان تاشیوە، ئەوانەن کە جورئەتیان نییە بەبێ بارکردنی واقیع بە وەهمی جوان بژین، ئەوانەن کە لەدوای هەرەس و بەتاڵبوونەوەی دونیاش، دوای ئەوەی کە بەچاوی خۆیان

تاریکی ئاسۆکان دەبینن، هەڵەی قارەمانەکانیان دەبینن، لێواری ڕەشی کۆتاییەکان دەبینن، بەتاڵبوونەوەی ئەفسانە دێرینەکان دەبینن، ناتوانن بە چاوێکی کراوەتر و دیدەی یەکێکەوە کە پێویستی بە ئاسۆی تر هەیە بۆ ژیان و تێڕامان، ببینن و بیربکەنەوە. ئەم شکستە، شکستی ئەوانەیە کە دەزانن تێگەیشتن لە شکست دەیانخاتە بەر خانەی حیساب و لێپرسینەوە قورس و گەورەکان، شکستی ئەوانەیە کە دەزانن تێگەیشتن لە شکست چ کۆمەڵە ڕاستییەک دەسەلمێنێت کە ئەوان هەمیشە لێیهەڵهاتوون، هەمیشە لە دوای تاوانتاشی بوون بۆ ئەوانەی کە پێشتر ئاسەوارو بوون و نیشانەکانی شکستیان بینیوە؛ هەموو ئەوانەن کە دەزانن قسەکردن لە شکست، قسەکردن لە تراژیدیا بەشێکە لەو کولتورەی ئەوان ساڵگەلێکە دەیانەوێت خەفەیکەن و سەرکووتیبکەن. لێرەوە ئەم هێزانە دەیانەوێت شکست تێپەڕێت، بێئەوەی واقیعی ئێمە گەردبگرێت. دەیانەوێت واقیع هەرەسبهێنێت، بەڵام دیدو بۆچوون و تەماشاکردنمان بۆ شتەکان هەروەکو خۆی بێت. دەیانەوێت مالاوایی لە ئومێدەکان بکەین، بەڵام هەر لەسەر خەونەکانمان بژین. دەیانەوێت هەموو ژەهرێک هەڵمژین و هەموو تاریکییەک بنۆشین و هێشتا گەشبینبین. دەیانەوێت بونبەستی هەموو شتەکان ببینین، بەڵام گەرومان هەر پڕبێت لە گۆرانی خۆش. دەیانەوێت لە کارەساتەکاندا بژین، بەڵام پرسیار لە هۆکانی نەکەین. خوێنەکان ببینین و پرسیار لە ماناو سوود و هودەیان نەکەین. دەیانەوێت بەرەو شەوەزەنگ بڕۆین و باوەڕ بەتلیاکی گەشبینییان بکەین.

ئەوەی شکستی دروستکردووە، ئەو چاوانەن کە پەردەیەک بەسەر هۆکانی شکستدا دەدەن، ئەوانەن کە زمانی حیزبی گەشەپێدەدەن، لەسەر ستایشی پەراوێزەکان دەژین، لەسەر یاسای لەیادکردنی کێشە جەوهەرییەکان دەژین.

واقیعی ئێمە لە بونبەستدایە. ئەمەش ڕاستییەک نییە کە هەر ئێمە دەرکمان پێکردبێت، چونکی ڕۆژانە مرۆڤی کورد لەژێر ڕەحمەتی جەنگەکانی حیزبدا دەژی و چاوەڕوانی ئاشتییەکە کە لەو دۆخە ناکاوەی وەدەریبهێنێ، تاوەکو تیایدا کۆمەڵگا و ئابووری و ڕۆشنبیریی لە سیاقە سروشتییەکانی خۆیاندا گەشەبکەن. ئەو ئازادییەی لەگەڵ ڕاپەڕیندا هەڵهات، لەبەردەم فشاری کۆتایی و لەپێشدەم گوشاری دوا نەفەسەکانی خۆیدا دەژی. هێزەکانی کوردستان لەپێشدەم دەرگا داخراوەکاندان، لەنێو ئەو دیوار و گومۆکە «متاهة» سیاسییە تاریکانەدا دەسوڕێنەوە کە خۆیان دروستیانکردووە. سیاسەتی کوردی بۆتە سیاسەتێکی بێ ئاڕاستە، سیاسەتی ئەگەرە کراوەکان، سیاسەتی چاوەڕوانکردنی دونیا، سەیرکردنی ڕووداوەکان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر ڕۆشنایی ڕەفتاری ئەوانی دی. سیاسەتی کوردی بووەتە سیاسەتی تەماشاکردن لەسەردەمێکدا، کە تەماشەکەران تیایدا هەمیشە دەدۆڕێن. سیاسەتی فەرامۆشکردنی مرۆڤی کورد خۆی، وەک هێزێک و بکەرێک کە دەتوانێت شتەکان بگۆڕێت. سیاسەتی پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد بە ئاموزشێکی قەدەرئاسا، دروستکردنی وێنەیەک لە عەقڵی ئەم مرۆڤەدا کە پەیوەستی ئەو بە داگیرکەرانییەوە ئەزەلییە؛ سیاسەتی گواستنەوەی جوگرافیاکانی دابەشکردن بۆ ناو عەقڵییەتی سیاسییانەی مرۆڤی کورد. سیاسەتی قبوڵکردنەوەی داگیرکەر و جەلادەکانی وەکی سەرۆک و سەرکردەی شەرعی، سیاسەتی تێگەیاندنی مرۆڤی سادەی کورد بەوەی کە واقیعییەتی سیاسی ئەوەیە دەستبدەینەوە دەست بەعس بۆ مافەکانمان، دروستکردنی ئەو وەهمەی کە دەشێت بەعس ماف بداتە ئێمە یان هەر عێراقییەکی دی. ئەم جۆرە سیاسەتداڕشتنە هیچ پەیوەندەییەکی بە سەرەتا ساناکانی زانست و فەلسەفەی سیاسییەوە نییە، تا سیاسیەتمەدارانی کورد پێمان بڵێن ئێمە وەلائەتمان بۆ دەوڵەت، وەکی دەزگایەکی سەرووی بەرژەوەندی گروپی و ئەتنی و ئایینی هەرماوە، بەڵکو پابەندی نەبوونی تێگەیشتنەیە لە چەمکی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی. سیاسەتێک هێشتا فێرنەبووە وەلائی بۆ دەوڵەتی عێراق وەک پێکهاتێکی دەزگایی سیاسی ـ جوگرافی «کە ئەمەشیان بۆ خۆی وەلائێکی پڕئیشکالییەتە و شوێنی قسەیە» لەوەلائی بۆ سەرۆکێکی تۆتالیتار و فاشی جیابکاتەوە، کە گەورەترین هەڕەشە لەشەرعییەتی دەوڵەت خۆی دەکات، لێرەوە هەمیشە وەلائی خۆی بۆ عێراق لە ڕێگای وەلائییەوە بۆ سەرۆکێکی فاشی بەرجەستەدەکات. کۆی ئەمانە ئەو فەرهەنگەن کە ڕۆژانە

سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا بەرهەمیدەهێنێ. هەربۆیە جێی خۆیەتی بڵێین کە سیاسەتی کوردی سیاسەتی شتی کوتوپڕە و مفاجەئاتە. بۆیە هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕوانکراونین، دەشێت ببن بە ڕووداو و هەموو ئەو شتانەشی کە لێی چاوەڕیدەکرێن، دەشێت لە هەموو ساتێکدا ببن بە نائومێدی.

دونیا دەسوڕێتەوە و حیزبە کوردییەکان هێشتا سەرگەرمی شەڕە بچوکەکانی خۆیانن، لە پشت ئەم جەنگانەشەوە ماشینێکی ڕاگەیاندنیان خستۆتە کار کە دونیای بۆ سەر سنووری جەنگ و دەستکەوتەکانی حیزب بچوککردۆتەوە. ئەم واقیعەش هوشیارییەک دروستدەکات کە لەهەموو لایەکەوە وێنەیەکی هەڵە بە مرۆڤی کورد، دەربارەی دونیا و حەقیقەتی ڕووداوەکان، دەبەخشێ؛ لەسەر زەوییەکی ڕەش وەهمی سەوز دەچێنێت. لە کاتێکدا هەموو هەلومەرجەکانی بێماناکردنی مەسەلەی کوردی لە ئاستی دونیادا خستۆتەگەڕ، کەچی لە ڕاگەیاندندا بە درۆ بە مرۆڤی کورد دەڵێت کێشەکەت لە ئاستی جیهاندا تەقیوەتەوە. ڕۆژانە فەرامۆشی و پاشەکشێی مەسەلەکەی دەبینێت، پشتهەڵکردنی دونیا لە کێشەکەی ئەزموون دەکات، بەڵام بە درۆ بە مرۆڤی کورد دەڵێت ئێمە وەک جاران نەماوین و دونیا هەمووی دۆستمانە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کوردستان هەنگاوێک لە جەنگ و کارەسات و دواهەرەس نزیکتردەبێتەوە، کەچی بە خوێنەر و گوێگران و بینەرانی دەڵێت، ئێمە لەبەردەم دەرگاکانی ئازادیداین و هەنگاوەکانمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتردەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی (NGO)کان بەرەو نەمان دەچن و ژمارەی گەنجانی کوردیش لە کوردستان کەمتر دەبنەوە.

ئەمڕۆ حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان، بەرەو شوێنێکی تر، شوێنێکی ترسناک هەنگاودەنێن، دوای مۆنۆپۆڵکردنی هەموو شتەکان، لە هەمووشیان ترسناکتر مۆنۆپۆڵکردنی هەڵوێستە لە بەعس «کە دەبێت سەد دەر سەد بخرێتە بەر ڕاپرسی خەڵکی کوردستانەوە و بەبێ ڕاپرسییەکی گشتی هیچ هێزێکی سیاسی ئەو ماڤە نەداتە خۆی بڕیاری دانیشتن و ڕێکەوتن لە کۆمەڵێک دانیشتنی داخراو و جەلسەی نهێنی و ئاڵوگۆڕی وەفددا بە دەستوری ڕێکەوتنەکانی لەمەوبەر بدات». دوای ئەم هەموو مۆنۆپۆڵکردنانە، کە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و ئەخلاقی گرتۆتەوە، ئێستا هەندێ لەدەسەڵاتدارانی سیاسی ئێمە هەنگاو بۆ مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفی دەنێن، بەرەو شوێنێک کە فیکری کاریکاتێری تیایدا هەق دەداتە خۆی فیکری ڕاستەقینە بکاتە کاریکاتێر، ستوونی ڕۆژنامەگەرەکانی حیزب ببنە کەرەستەی دەرکردن و تەشویهکردن و ڕاونان و تەشهێرپێکردنی هەموو دەنگێکی سەربەخۆ. شوێنێک تیایدا تەقلیدییەت هەموو کولتووره ڕەمزی و بێکەڵکەکەی خۆی دەهێنێتە دەرەوە. ڕەفتارە دێرینەکانی خۆی دەکاتەوە ستاندارد. ڕەمزەکانی وەک جاران لەبری کار بۆ گەشەکردن و فراوانکردنی ڕووبەری مەعریفە و زیادکردنی دەرگاکانی بیرکردنەوە بکەن، دەبنەوە گوڵی ناو دیوەخان و سەرمێزی سیاسەتمەدارەکان. ڕەمزەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە وایان لێهاتووە هەمیشە بە ستایشی سیاسەتمەدارەکان دەستپێدەکەن و بە ستایشی ئەوان کۆتایی بە وتارەکانیان دەهێنن، پەلاماردانی هەموو ڕۆشنبیرییەکی سەربەخۆی دەرەوەی گوتارەکانی حیزبیش، ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییە ڕەسمییەیە، کە هەمووان لەسەر یەک خوان کۆدەکاتەوە. بەو دیویشدا کێشەی سەرەکی ئەو ڕۆشنبیرە تەقلیدییانە ئەوەیە کە چۆن ڕۆڵی پیاوماقووڵانی کۆن ببینن، چۆن ڕۆڵی مەلای گوند ببینن. لێرەدا فیکر دەبێتە وەعزێکی ئەخلاقی نزم، کێشەی ڕۆشنبیرو کۆمەڵگاو، ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیر کورتدەبێتەوە بۆ کێشەی یەکێتی نووسەران و یەکێتی هونەرمەندان و هەموو ئەو یەکێتییانەی تر کە دواجار جگە لەوەی شوێنی شەڕی هەیمەنەی حیزبین، نە هیچیان بۆ ڕۆشبیریی ئێمە زیادکردووەو نەهیچیشی بۆ زیاددەکەن. کێشەی ئەم ڕۆشنبیرانە بەهەزار فەرسەخ لە کێشەی ڕۆشنبیرەوە بە دوورە و کورتبۆتەوە سەر غەمی سازدانی بۆنەو کۆبوونەوەی ئەوتۆ مردو و تەقلیدی کە بوار بەوانە بدات بچنەوە سەر مینبەرو بەهرەی خۆیان لە بواری ئینشانووسیندا نیشانبدەنەوە، حکایەتە بەتاڵەکانیان بگێڕنەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەم سیاسەتمەدار یان ئەو کۆنە نووسەر، وەک ئەوەی سڵاو لە سیاسییەکی کۆن، یان پەیوەندییەک لەگەڵ خوالێخۆشبوویەکدا بەسبێت، ئەم بەڕێزانە بکاتە بلیمەتی زەمانی خۆیان.

دووباره ئەم سیاسەتە کە ڕۆشنبیرەکانی ژێرباڵی حیزب پێویستیان پێیەتی، سیاسەتی ئەوەیە کە ڕووداو و بۆنەو قەیرانی دەستکردو «مفتەعەل»، شوێنی بۆنەو قەیرانە ڕاستەقینەکان بگرنەوە.
لە کاتێکدا نەوەیەک لە سیاسەتمەدارو نووسەر خەریکی داپۆشینی رووکارەکانی شکست و کۆتایین، خەریکی هونەرسازیین لە داپۆشینی ئەو ئاستە تراژیدییەی کە کێشەی کوردی تیاچەقیوە؛ بەودیودا، نائومێدی هەموو ڕۆژێک نەوەیەک ئاوارەی دەرەوەی وڵات دەکات، نەوەیەک بە ڕۆحی خۆی هەست بە نزیکبوونەوەی زیاترو زیاتری تراژیدیا دەکات، نەوەیەک گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە لە شانۆیەکی بێیاساو بێڕێسادا دەژی. نەوەیەک لەبەر کاراکتەرە پیرەکان شوێنێکی نەماوە داگیریبکات و ئومێدێکی نەماوە بۆی بژی. دەرچوونی مانگانەی سەدان بگرە هەزاران کەس، کە بەشی هەرە زۆری ئەو گەنجانەن کە دەکرا پشتوپەنای ئازادی و ووزەی دروستکردنەوەی کوردستان بن، باشترین دەنگدانی سیاسییە لەسەر واقیعی ئەمڕۆی نیشتیمان و تراژیدیترین فۆرمی پێکۆڵکردنی نەوەی نوێیە دژ بە واقیعی دوای ڕاپەڕین و دونیای جەنگ و بەرژەوەندی حیزبی لە کوردستان.
بەدەر لە هەموو ئامۆژگارییەک، چاکترین ڕێگا بۆ دەرچوون لەم قەیرانانە کردنەوەی دەرگایە بۆ قسەکردن لەسەریان و پەنجەخستنی بێرتووشانەیە بۆ سەر زامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانمان، نەوەک تاشینی ڕۆشنبیرییەکی وەهمی وەک ئەلتەرناتیفی کێشە ڕاستەقینەکان. هەوڵدانی شێواندن و تەشویهکردنی ئەو دەنگانەش کە دەیانەوێت پەردە نەترێتە سەر گرفتە قووڵەکان، ئەو پێنووسانەی هەوڵدەدەن مەعریفە لە ناو ڕاگەیاندنی حیزبیدا نەتوێتەوە یان لایەنی کەم تێکەڵاونەکرێت و دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی و نووسەرەکانی ئەو وەهمەیان لاسەوز نەبێت فیکر بە پێوانەی ململانێ کورتبڕو ڕۆژانە و هەفتانەکانی حیزب بپیۆن. جگە لەتەسککردنەوەی ئاسۆکانی تێگەیشتن و سستکردنی ئیمانی مرۆڤی کورد بە ئازادی و ماناکانی هیچی تر نابەخشێت.
پێوانەکردنی فیکر بە پێوانەکانی قازانج و زیانی حیزبی سەرەتایەکی ترسناکە بەرەو ڕەفتاری گەلەک ترسناکتر. سەرەتاکانی ئەم هەوڵدانە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی فیکر، لەو هەوڵانەدا دەردەکەون کە ئەمڕۆ دوای زنجیرەیەک شێواندنی گەورە، هەوڵدەدرێت هەموو هەوڵێکی زانستی سەربەخۆ لە دەرەوەی حیزب بکرێتە دوژمن و بەم لۆژیکەش بەرەو قۆناغێک دەچین نزیکماندەکاتەوە لە دانانی شێوازێکی نوێ لە «دادگا»ی ڕانەگەیەنراوی «تەفتیش» دەرهەق بە فیکر، کە پێویستە بەر لە هەر کەس هێزە دیموکراسەکانی ناو حیزب هەست بە مەترسییەکانی بکەن.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە بیڵێین ئەوەیە کە هەموو ئەم گەمانە لەدواجاردا لە خزمەتی داپۆشین و شاردنەوەی رووە تراژیدییەکانی واقیعی ئێمەدا کاردەکەن، ئەوەی لە پشت ئەم یارییەوە وەستاوە، هونەری شاردنەوەی قسەیە لەسەر ئەو بونبەستە سیاسی و ئەخلاقییەی کە سیاسەتی کوردی تیاچەقیوە. هونەرێک، دواجار وەک هەموو شتەکانی دی ناچارین بیبینین و قسە لەسەر ئاراستە بینراو و نەبینراوەکانی بکەین. ڕزگاربوونی تەواوەتی لە تارمایی و مۆتەکەی بەعس گرێدراوە بە قووڵکردنەوەی دیموکراسییەتی سیاسی و فیکرییەوە، وەک چۆن گەورەبوونی ڕووبەری ئازادییە سیاسی و فیکرییەکان تاکە دەروازەشە بۆ چەسپاندنی قەناعەتیک بتوانێت لە فاشیزم بمانپارێزێت.

**لێپرسراوانی ژمارە**

**بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح**

# لە نێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا

**مەریوان وریا قانیع**

## ١. سەرەتا

ئەم ووتارە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ هەندێک لە گرنگترین گریمانە سۆسیۆلۆژی و کولتووری و سیاسییەکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا. ئەو گریمانانەی لەم ووتارەدا باسدەکرێن ئەو بنەما فیکرییانەن کە بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسی لەڕێیانەوە دەیانەوێت ئەو زەمینە فیکری و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژییە برەخسێنن کە تێیدا هەیمەنەی ئایدیۆلۆژی و فیکریی و کولتووری دەستەبەرکەن. مەبەست لە هەیمەنە لەم ووتارەدا، ئەو مانایانەیە کە فەیلەسوفی ئیتالی ئانتۆنیۆ گرامشی بەم چەمکەی ئەدات و لە پاڵیدا هێما بۆ ستراتیژییەتێکی تایبەتی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەکات. لای ئەم فەیلەسوفە هەیمەنە بریتییە لە هەوڵدانی هێزێک بۆ بەرهەمهێنانی فەزایەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری تایبەت کە تێیدا هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگایەک هێڵە گشتییەکان و لێکدانەوە سەرەکییەکانی ئەو فەزایە خۆ بەخۆ و بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و زۆرلێکردن قبووڵبکەن (١). هەیمەنە تەعبیرە لە ڕێککەوتنێکی ئایدیۆلۆژی، لە قبووڵکردنی تێزە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو لەلایەن چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی جیاجیاوە و بوونی ئەو تێزانەش بە سەرزەمینی سەرەکی بەرهەمهێنانی کولتوور و بەها و نۆرمی سیاسی و فیکری و ئەخلاقی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا. هەیمەنە ئەو دۆخە سیاسی و فیکری و ئایدیۆلۆژی و کولتوورییەیە کە تێیدا هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەک بە شێوەیەکی گشتی تێزەکانی هێزێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان، یان چەندهێزێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو (گرامشی ناویدەنێت بلۆکی مێژوویی)، قبووڵدەکەن و ئەو تێزانەش دەکەنە سەرزەمینی مەعنەوی و ئەخلاقی و ڕەمزی خۆیان. بە کوردییەکی سادە هەیمەنەی هێزێکی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا مانای باوەڕهێنانی هێزە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵگایەیە بەو دنیا ڕەمزییەی ئەو هێزە بۆ هەمووانی دروستکردوە و دروستیدەکات. کەوابوو ئەم ووتارە لەو دنیا فیکری و کولتووری و ڕەمزییە ئەدوێت کە ئیسلامی سیاسی دەخوازێت بەرهەمیبهێنێت و وەک بەڵگە نەویستێکی کولتووری و فیکری و ڕەمزی بە کۆمەڵگای کوردی بدات.

ئەو گریمانانەی ئەم ووتارە دەیەوێت لە دیدێکی ڕەخنەییەوە بیانخوێنێتەوە بریتین لە:

یەکەم: بەخشینی «جەوهەرێکی ئیسلامی» بە کۆمەڵگای کوردیی، بەواتایەکی دیکە پێشنیارکردنی ئەو گریمانە سۆسیۆلۆژییەی گوایە «جەوهەری» کۆمەڵگای ئێمە جەوهەرێکی ئیسلامییە و ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە بەڕێوەدەبات و دینامیکیەتە ناوەکییەکانی ئاڕاستەدەکات ئیسلامە.
دووهەم: بەخشینی «جەوهەرێکی ئیسلامی» بە مێژووی کوردیی، یان بەرگریکردن لەو تێزەی کە دەڵێت مێژووی ئێمە مێژوویەکە ئیسلام بەرهەمهیناوە و ئیسلام مۆتۆڕی گۆڕانەکانی و ژێرخانی ڕووداوەکانیەتی.
سێهەم: بەرگریکردن لە «ڕەسەنایەتییەکی» گریمانکراو کە گوایە ئیسلام جەوهەرەکەیەتی، یان هێنانەکایەی گوتارێک دەربارەی «ڕەسەنایەتی بە جەوهەرێکی ئیسلامییەوە».
چوارهەم: نیشاندانی مێژووی کوردی وەک مێژوویەکی تابیەت و دابڕا و لە مێژووی دنیا.

بەبۆچوونی من ئەم چوار گریمانە ئایدیۆلۆژییە ڕۆڵی ئەو ژێرخانە فیکری و فەلسەفی و ڕەمزییە ئەبینن کە گوتارەکانی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیبوون، غەزوی فیکری و نامۆبوونی کولتووری،نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەدەستدانی شووناس و تایبەتمەندێتی، گەڕانەوە بۆ ئەسڵ و چەندەها تێزەی دیکەی ئیسلامی سیاسیان لەسەر بنیادنراوە. بۆیە خوێندنەوەی ئەم گریمانانە و پیشاندانی بناغە وەهمی و ئایدیۆلۆژییەکانیان هەنگاوێکی گرنگی تێگەیشتنە لە ئیسلامی سیاسی و لە پراکتیکە کولتووری و سیاسی و مەعریفییەکانیان. ئەم ووتارە دەخوازێت نیشانیدات ئەو گریمانانە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە نازانستی و لە ڕووی مێژووییەوە ناڕاست و لەڕووی سیاسییەوە پڕ مەترسی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پرۆژەی بێدەنگکردنی هەموو هێزێکن ئەو گریمانانەیان قبووڵنەبێت.

ئامانجێکی دیکەی ئەم ووتارە نیشاندانی ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەیە کە هیچ کۆمەڵگایەک نییە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەبێت، جا چ جەوهەری ئاینی یان هەر جەوهەرێکی ئایدیۆلۆژی دیکە بێت، هیچ مێژوویەکیش نییە بەتەنها مێژوویەکی ئاینی بێت، مێژوویەک تەنها خوداوەند و وەکیلەکانی لەسەر زەوی تێیدا دەستبەکاربن، نەک ئینسان و هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، شەیتان هێزی شەڕ و خراپەکاربێت لە ناویدا، نەک پێکهاتێکی دیاریکراوی دەسەڵات. جگە لەمانەش ئەم ووتارە دەیەوێت ئەو ڕاستییە نیشاندات کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاد لە ئیسلامێک و لە مێژووی ئێمەدا زیاد لە مانایەک بۆ ئیسلام هەیە و هەبووە و ئەوەشی ڕووداوەکانی لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا بەرهەمهێناوە و ئاراستەیەکی تایبەتیی پێبەخشیون ئیسلام نییە و نەبووە، بەڵکو مۆدێرنەیە بە هەموو ئاڵۆزی و قەیرانەکانیەوە.

## ٢. دوو خوێندنەوەی هەڵە

لە کوردستاندا دووبۆچوونی هەڵە سەبارەت بە ئیسلام و ڕۆڵی ئیسلام لە مێژووی کورد و لە بەرهەمهێنانی ڕووداوەکانی ناو قۆناغە جیاوازەکانی ئەو مێژووەدا لە ئارادایە. یەکێکیان ئیسلام بەسەرچاوەی هەموو کارەساتەکانی کۆمەڵگای کوردی دەزانێت و بە ئاینێکی نامۆ و داگیرکەر و شێوێنەری ڕەسەنایەتییەکەی وەهمی دادەنێت. ئەوی دیکەیان پێیوایە ئیسلام سەرچاوەی چارەسەرکردنیی هەموو کێشەکانی دنیای ئێمەیە و گەر کۆمەڵگای ئێمە ڕەسەنایەتی و خۆماڵیبوونێکی هەبێت ئەوا لە ئیسلامدایە. یەکەمیان پێیوایە ئیسلام بە زەبری شمشێر و کوشتن و بڕین و تۆقاندن سەپێنراوە لەکاتێکدا ئەویدیەکەیان باوەڕی وایە کە کورد بە چەپکە گوڵەوە بە پیر ئیسلامە چووە و ئیسلام لە زۆرداران ڕزگاریکردوە.

ئەم دوو دیدە هەردوکیان هەڵەن و هەردووکیان جگە لە ئیکۆنێکی زیهنی و گریمانێکی ناڕاست و بێ پەیوەندی بە واقیعەوە، شتێکی دیکە نین. هەردوو دیدەکە لەسەرێکەوە بریتین لە سادەکردنەوەیەکی بێمانای مێژوویەکی ئاڵۆز، لەسەرێکی دیکەوە تەماشاکردنی ڕووداوەکانی ئەو مێژووەیە لە دیدی کێشە و گرفتەکانی ئێستاوە. هەردوو دیدەکەش بەرهەمی قەیرانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا . ئەوباڵەی ناسیۆنالیزمی کوردی کە نزیکی سەدەیەکە بەردەوام لەناو بازنەی تێکشکان و هەڵسانەوەدا دەژی و ژیاوە، ئیسلام بە تاوانباری هاتنەکایەی ئەم دۆخە دەزانێت و ئیسلام بەسەرچاوەی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی و پێشنەکەوتنی کۆمەڵایەتی و فیکری دادەنێت، کەچی باڵەکەی دیکەیان هەموو ئەگەر و ئومێدەکانی دنیای ئێمە بە ئیسلام ئەبەخشێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی واقیعی ئەمڕۆ و سبەینێشمان جگە لە ئیسلام شتێکی دیکە نابینێت. لە قوولاییدا دیدی یەکەمیان گلەییەکی نێرجسیانەیە لە باپیران، گوایە لەڕێی ئیسلامبوونیانەوە بە ئەرکە پێویسەکانی سەرشانییان هەڵنەستاون و دەوڵەتێکی کوردییان دانەمەزراندوە، لەکاتێکدا دووهەمیان هەڵگری ستایشێکی

منالآنەیە بۆ ئەو باپیرانەی ئەم شتە پیرۆزەیان سەردەما و سەردەم بۆ پاراستوین و کۆمەڵگای ئێمەیان بەم نیعمەتە خوداییە ئاشناکردوە. ئەم دوو دیدە لە جەوهەردا دیدی دوو باڵی جیاوازی ناو یەک بزاوتی ناسیۆنالیستین، دیدێکیان دەیەوێت خۆی وەک بزاوتێکی عەلمانی نیشاندات و ئەم عەلمانیبوونەشی لەپاڵ نەفرەت لە ئیسلامدا بسەپێنێت، ئەویدیەکیان چەمک و مانا و سیاسەتەکانی لە ئاینەوە قەرزدەکات و ناسیۆنالیزم و ئاین لە یەکدی مارە دەکات. لە زانستی سیاسیدا ئەمەی دواییان بە «ناسیۆنالیزمی ئاینی» ناودەنرێت (٢).

واقیعی کوردستان لە ئێستادا واقیعێکی پڕ قەیران و پڕ کێشەی گەورە و هەمەلایەنە، لە کێشەی هاتنەکایەی توندڕەوی ئیسلامییەوە بیگرە تا بە کێشەی نەبوونی ئیجماعی سیاسی و ئیجماعی کۆمەڵایەتی و پارچەپارچەبوونی جوگرافی و دەزگایی و ئابووری دەگات. ئەمانەش بەسەریەکەوە سەرچاوەی پەیدابوونی نائومێدییەکی گەورەن و دۆخێکیان دروستکردوە تاڕادەیەکی ترسناک دۆخێکی بێمژدەیە، دۆخێکە لە دەرەوەی بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی نوخبەی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا هیچ مژدەیەکی بۆ هیچ هێز و گروهێکی کۆمەڵایەتی پێنییە. ئیسلامی سیاسی و ئەو قسانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا لەسەر ڕۆڵی ئاین بە گشتی و ڕۆڵی ئیسلام بە تایبەتی لە مێژوو واقیعی ئێمەدا دەکرێن لەم هەلومەرجەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕەگەکانی ستایش و بە لەعنەتکردنی ئیسلام لەمڕۆدا لەم دۆخە تایبەتەی ئەمڕۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردیدایە نەک لە مێژوویەکدا کە هەزاران ساڵ لە پشتمانەوەیە. ئەم دوو گوتارە گوتاری کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی ئێمەن و بەرهەمهێنەرەکانیان لە کێشە و گرفتەکانی ئەمڕۆوە لەو مێژووە درێژەی دوامانەوە دەڕوانن، نەک بە پێچەوانەوە.

ئەوانەی کە ئیسلام وەک ئاینێکی نامۆ دەبین و پێیانوایە ئاینی ڕەسەن و خۆماڵیی کوردی، واتە زەردەشتییەت، لەناوبردوە و سیانزە سەدەیە وڵاتی ئێمەی داگیرکردوە، جگە لە هەژارییەکی فیکری و فەوزایەکی مەنهەجی و بێئاگاییەکی مەعریفی گەورە سەبارەت بە ئاین و مێژووی ئاین و جگە لە نیشاندانی دیدێکی دۆگمایی بۆ مێژوو، هیچی دی بە ئێمە ناڵێن. ئەوانەشی ستایشی بێوێنەی ئیسلام دەکەن و وەک کلیلی سیحری کردنەوەی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی بەختیاری و پێشکەوتن مامەڵەی لەگەڵدەکەن، جگە لە فانتازیایەکی بێبناغە و بەسەهوداچوونێکی فیکری و نەرجسییەتێکی کولتووری شتێکی دیکەمان پێناڵێن.

من لێرەدا بەرامبەر بە دیدی یەکەمیان، واتە دیدی تاوانبارکردنی ئیسلام ئەم چەند خاڵە دەخەمە ڕوو:

یەکەم: ئەم بۆچوونە نایەوێت ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆژییە بسەلمێنێت کە مێژووی ئاین مێژووی گواستنەوەیە لە قۆناغی فرە خوداییەوە بەرە و تاکخودایی و بەم مانایە گواستنەوە لە زەردەشتییەتەوە بۆ ئیسلام گواستنەوەیە لە دوالیزمی ئاینییەوە بۆ تەوحید. لەم مێژووەدا کۆمەڵگای کوردی بەناو هەمان پرۆسەی گۆڕان و گەشەکدرنی ئاینیدا تێپەڕیوە کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەی پێدا تێپەڕیوە. سەندنەوەی هەیمەنەی ئاینی لە زەردەشتییەت وەک ئاینی قۆناغی پێش تەوحید، دەبێت لانیکەم لەژێر سێبەری ئەو ڕاستییە ئەنسرۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەدا لێکبدرێتەوە، نەک وەک پەلاماری پرۆژەیەکی نەتەوەیی بۆ سەر پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیکە تەماشا بکرێت. لەڕۆژگاری باڵادەستی زەردەشتییەت و لە ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا شتێک نەبووە ناوی فیکر و پرۆژە و پەلاماری نەتەوەیی بێت. نەتەوە و بزاوتی نەتەوایەتی منداڵی قۆناغی مۆدێرنەن و بەر لە مۆدێرنە نە نەتەوە و نە کولتوور و نە فانتازیای نەتەوەیی بوونیان نەبووە (٣).

هەڵەی دووهەمی ئەم دیدە لەوەدایە کە کۆمەڵگای کوردی وەک پێکهاتێکی هاوشێوە و چوونیەک و بێجیاوازی تەماشادەکات و مەسەلەکان وا وێنادەکات وەک ئەوەی هەموو کورد لە یەککاتدا یان دژ یان لەگەڵ ئیسلامدا بووبن، بەم دیدەش باز بەسەر ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییە سادەیەدا دەدات کە دەشێت چەند هێز و کەرتێکی دیاریکراوی ڕۆژگارەکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام سوود و

قازانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیان لەم وەرچەرخانە ئاینییەدا بووبێت، لە کاتێکدا بۆ چەند هێزێکی دیکە بڵاوبوونەوەی ئیسلام سەرچاوەی نەهامەتی بووبێت. شتێک نییە ناوی هەڵوێستی کورد بێت لە ئیسلام وەک گشتێکی نەگۆڕ و بێجیاوازی، بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە نەتەوە و ماناکانی نەتەوە بەتەواوی غائیبن و شتێک نەبووە ناوی کولتووری هاوبەش و ئاینی هاوبەش و دیدی هاوبەشبووبێت.

هەڵەی سێهەمی ئەم دیدە ئەوەیە دەیەوێت ئەو وەهمەمان پێبفرۆشێت گوایە گەر ئیسلام نەبوایە کۆمەڵگای ئێمە گەشەی زیاتر و پێشکەوتووتری دەکرد و پرۆژەکانی نەتەوەییتر دەبوون. سەرچاوەی ئەم هەڵەیە لەو بۆچوونەدایە گوایە ئەوە ئیسلام بووە دەستنیشانی ئەوەیکردوە کۆمەڵگا چۆن گەشەبکات، چ ئاراستەیەک وەرگرێت و چ ناوەرۆکێک بگرێتەخۆی و لە چ هەلومەرجێکدا بژی، نەک بە پێچەوانەوە. لەم دیدەدا ئەوە مێژوو و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان نین کە ناوەرۆکێکی تایبەت بە ئیسلام ئەدەن و ماناکانی بەو شێوەیە لێکدەدەنەوە کە لەگەڵ قازانج و ویست و ستراتیژەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا بگونجێت، بەپێچەوانەوە ئەوە مێژووە بۆ هەمووشتێک ڕوخسەت لە ئیسلام وەردەگرێت و لەناو دەق و سورەت و فەتواکانەوە دێتەدەر. وەک دەبینین لێرەدا ئایدیالیزمێکی بێناوەرۆک و سادەگۆ لە ئارادایە کە مێژوو و پرۆسە مێژووییەکان کورتدەکاتەوە بۆ دەرەنجامی کۆمەڵێک دەق و بەها و نۆرم و ئەحکامی ئاینی. سەیر لەوەدایە مارکسییەکانی دوێنێ و قەشەکانی ماتریالیزمی ئەمڕۆ ئەم بۆچوونە هەڵەیەمان وەک هەقیقەت و کلیلی تێگەیشتن لە مێژوو پێدەفرۆشن.

هەڵەی چوارهەمی ئەم دیدە تێنەگەیشتنە لەو ڕاستییەی کە مێژووی ئاینە تەوحیدییەکان، بە تایبەتی مێژووی مەسیحییەت و مێژووی ئیسلام مێژووی ئیمپراتۆرییەتە فرە ئەتنی و فرە ئاینی و فرە کولتوورییەکانە، نەک مێژووی پرۆژەی نەتەوەیی و تاک کولتووری. مێژووی ئیمپراتۆرییەت بەپلەی یەکەم مێژووی گواستنەوەی شێوازی حوکمکردنە لە قۆناغی دەسەڵاتی بەر لە ئیمپراتۆرییەتەوە، دەسەڵاتی شار، ناوچە، گروهێکی ئاینی یان کولتووری بچووک و لۆکاڵی، بۆ قۆناغی دەسەڵاتێکی سنووربەزێن و فرەلایەن. ئەم گۆڕانەش زۆر هۆکاری جیاوازی هەیە کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە، بەڵام ئەوەی پێیوایە مێژووی ئیمپراتۆرییەتەکان لەناو ئایەت و سورەتەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە، نەک لەناو پەیوەندییەکانی هێز و ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە، هەم خۆی هەم ئێمەش بە هەڵەدا دەبات.

لە قۆناغی ئیمپراتۆرییەتدا کورد وەک هەموو گروهە ئەتنییەکانی دیکە چەندەها حکومەت و ئیمارەتی لۆکاڵی و دەسەڵاتی ناوچەیی هەبووە، هەر گروه و لایەنێک، کوردی و غەیرە کوردی، تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەکانی خۆیاندا حوکمداربوون و سەرزەمینی ژیانی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر بەڕێوەبردوە. لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتدا سیفەتی سەرەکی دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر لۆکاڵیبوونە، گەرچی هەمیشە ناوەندێکی دەسەڵاتیش لە ئارادایە لەدورەوەڕا چاودێری حوکمڕانە لۆکاڵییەکان دەکات. ئیمپراتۆرییەت شێوازێکی حوکمکردنی سیاسییە کە تێیدا دەسەڵاتی ناوەندە سیاسییەکان ئەو هێزو توانایەیان نییە بگەنە هەموو کون و قوژبنی ئیمپراتۆرییەتەکە، بۆیە بە ناچاری پانتاییەکی گەورە بۆ دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان بەجێدەهێڵن. لێرەوە کورد لە قۆناغی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیدا خاوەنی تۆڕێکی فراوانی دەسەڵاتی لۆکاڵی بووە، مێژووی ئەو هەموو ئیمارەتە کوردیانەی لەم قۆناغەدا ئامادەبوون شاهێدی ئەم ڕاستییەن. کاتێکیش ئەم دەسەڵاتە لۆکاڵییانە یەک لەدوای یەک لەسەدەی نۆزدەهەمدا دوایان پێدەهێنرێت مەسەلەکە وابەستەی ئیسلامبوونی کورد و ئیسلامبوونی ئیمپراتۆرییەتەکە نییە، بەڵکو لەسەرێکەوە دەرەنجامی ململانێی دەسەڵات و کێشەی ناوەکی ئیمارەتە کوردییەکان خۆیان و لەسەرێکی دیکەوە دەرەنجامی

هاتنەکایەی پرنسیپی بە سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتە لە ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لەژێر کاریگەری و فشاری بەردەوامی هێزە ئەوروپییەکاندا بۆسەر ئیمپراتۆرییەتەکە. بەبۆچوونی من ئەم هۆیەی دواتریان ڕۆڵێکی لەڕادەبەدەر لە تێکدانی ئیمارەتە کوردییەکاندا دەبینێت. پرنسیپی سێنترالیزەکردنی دەسەڵات پرنسیپێکە لە ئاینەوە نەهاتوە، ئەوە ئیسلام نییە دەڵێت دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی دەوڵەتێکی مەرکەزیدا کۆکرێتەوە، لە ڕاستیدا نە ئیسلام و نە مەسیحییەت هیچیان هەڵگری تیورەیەکی دیاریکراو نین دەربارەی دەوڵەت (٤)، بەڵکو ئەوە پرۆسەی مۆدێرنیزەی سیاسی و سەرەتاکانی پەیدابوونی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەییە داوای ئەم سێنترالیزەیەی دەسەڵات دەکات و لەڕاستیشدا ئامرازی پیادەکردنی ئەم بە سێنترالکردنەی دەسەڵاتیش فەراهەمدەکات، لە هۆیەکانی هاتۆچۆی نوێ و لەشکری مۆدێرن و چەکی تازەوە بیگرە تا بە بیرۆکەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و سیادەی نەتەوەیی و هاوشێوەبوونی کولتووریی دەگات. هەر ئەمەشە ئەو ڕاستییە لێکدەداتەوە بۆچی کورد بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی چەندەها ئیمارەتی جیاجیا و چەندەها دەسەڵاتی لۆکاڵی هەبووە، بەڵام لەدوای مۆدێرنیزەی سیاسی و هاتنەکایەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە و بە سێنترالکردنی دەسەڵاتەوە ڕاستەوخۆ لەهەموو ئەو دەسەڵاتە لۆکاڵیانە بێبەشدەبێت و خۆشی دەبێتە کەمینەی ناو ئەو دەوڵەتە دروستکراوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دادەمەزرێن. کێشەی سەرەکی مێژووی هاوچەرخی ئێمە لەوەدایە کە دەسەڵاتە لۆکاڵیبەکانی قۆناغی ئیمپراتۆرییەتمان بۆ نەکراوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی، لەمەشدا تاوانبارکردنی ئیسلام جگە لە هەژارییەکی فیکری و مەنهەجی شتێکی دیکە نییە.

بەمجۆرە تاوانبارکردنی ئیسلام بە نامۆکردنی کورد لە خۆی و بە داگیرکردن و سەندنەوەی دەسەڵات و چەوساندنەوە جگە لە وەهمێکی ناسیۆنالیستی و بێئاگاییەکی گەورە لە چۆنیەتی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی مێژووی ئاین بە گشتی و مێژووی مۆدێرنە بە تایبەتی، شتێکی دیکە نییە. کێشەی ئەو نووسەرانەی ئەم جۆرە بۆچوونانەیان هەیە بە پلەی یەکەم کێشەی نەبوونی مەنهەجێکی زانستییە بۆ تەماشاکردنی مێژوو، وەک چۆن کێشەی نەبوونی تیورەیەکیشە لەڕێیەوە بتوانن چوارچێوە مێژووییە جیاجیاکان لەیەکدی جیاکەنەوە. یەکسانکردنی ئیسلام بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی کوفرێکی مەعریفی و فیکری و مەنهەجییە و لەڕاستیدا دوبارەکردنەوەی تێزە هەڵەکانی میشیل عەفلەق و باڵە فاشییەکەی ناو ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆیەتی. ئەوەی ئیسلام بە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی یەکسان دەکات فاشییەکانی عەرەبن کە دەخوازن بیرۆکەی نەتەوەی عەرەبی بۆ سەدەها ساڵ بەر لە مۆدێرنە ببەنەوە و لەوێوە قوڵاییەکی ئەفسانەیی وەهمی و درۆیینەی پێبدەن.

ئاینە تەوحیدییەکان ئاینی بان ـ نەتەوەیی و کۆسمۆپۆلیتین و ئەو مانا نەتەوەییانەی وەریدەگرن مانایەکن لە قۆناغی هاتنە کایەی ناسیۆنالیزمدا پێیان دەبەخشرێت. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ناسیۆنالیزم بریتییە لە سەرلەنوێ لێکدانەوەی ئەو دنیا ڕەمزییەی بەر لە هاتنەکایەی ناسیۆنالیزم لەئارادابووە، دنیایەک کە لە ڕووی سیاسییەوە فۆرمی ئیمپراتۆرییەت و لەڕووی ئاینییەوە فۆرمی تەوحید و لە ڕووی کولتوورییەوە فۆرمی فرە کولتووریی هەبووە. لەم سەرلەنوێ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیەدا ناسیۆنالیزم ماناکانی خۆی دەسەپێنێتە سەر ماناکانی ئەو دنیایە و بەر لەهەموو شتێکیش مێژووی ئاین دەکاتە مێژووی خۆی و ڕووداوەکانی قۆناغەکانی بەر لە ناسیۆنالیزم دەکاتە ڕووداوی ناسیۆنالیستی و بارگاویاندەکات بە ماناکانی ئەو سیستەمە ڕەمزییەی خۆی دەیەوێت باڵادەستیکات. لەم سیاقەدا وەکچۆن ناسیۆنالیستە عەرەبەکان پرۆژەی نەتەوەیی خۆیان دەبەنەوە بۆ پەیدابوونی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئیسلام، وەک پەیامی ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی، بە دنیادا، ئاواش ناسیۆنالیزمی کوردی ڕەگەکانی خۆی دەباتەوە بۆ قۆناغی زەردەشتییەت و دەسەڵاتی میدییەکان. لە هەردوو بارەکەشدا یەک میکانیزمی ناسیۆنالیستی لە ئارادایە: میکانیزمی بردنەوەی ڕەگەکانی ناسیۆنالیزم بۆ ڕۆژگارێکی زێڕینی گریمانکراو کە تێیدا نەتەوەی گریمانکراو سەردەمی ئاڵتونی خۆی ژیاوە. لەهەردوو بارەکەشدا ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک وەهمی ناسیۆنالیستیداین نەک لەبەردەم مێژوویەکدا کە مەنهەجیانە و زانستیانە ڕاڤەیکەین و بیخوێنینەوە.

کۆمیدیای ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لەوەدایە، گەرچی لەئاستی ڕووکەشدا خۆی وانیشانئەدات دژ بە تێزەکانی ئیسلامی سیاسیە لە کوردستاندا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ئەنجامیئەدات شتێک نییە زیاتر لە قبووڵکردن و سەلماندنی ئەو تێزانەی ئیسلامی سیاسی دەخوازێت هەیمەنەی ئایدیۆلۆژی خۆی لەسەر بینابکات. کاتێک نووسەرێکی عەلمانی دێت و پێماندەڵێت هەزاران ساڵە ئامادەگی ئیسلام بەرپرسیارە لە دواکەوتنی مێژووی ئێمە، هیچیدی ناکات جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەو گریمانە ئیسلامییەی کە پێیوایە ئیسلامی سیاسی لەمڕۆدا درێژکراوەی ئیسلامی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرە و بەم مانایەش قولاییەکی مێژوویی ١٤٠٠ ساڵە بەو بزاوتانە دەبەخشێت کە تەمەنیان لە دوو دەیە تێپەڕناکات. سەرەڕای ئەمەش ئەم ڕەخنە ناڕاست و نادروستە لە ئیسلام ئەو گریمانەیەی دیکەی ئیسلامی سیاسی دەسەلمێنێت کە دەڵێت ئیسلام جەوهەری کۆمەڵگا و مێژووی ئێمەیە و ئەو مۆتۆڕەیە لە پشتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە ئامادەبووە. لەم ئاستەدا هەم دژە ئیسلامییەکان و هەم ئیسلامییەکان خودی ئیسلام وەک جەوهەرێکی نەگۆڕ مامەڵەدەکەن کە مێژوو لەبەردەمیدا جگە لە چۆکدادان هیچیدیکەی بۆ نامێنێتەوە، یەکێکیان بۆ کردنی ئەم مێژووەیە بە جەهەنەم و ئەویدیکەیان بۆ کردنیەتی بە بەهەشت. لە دیدی مێژوویی و زانستییەوە هەردوو تێڕوانینەکە بەقەد یەک هەڵەن و بەقەد یەک دوورن لە هەموو ڕۆحییەتێکی مەنهەجی و زانستییەوە. لە درێژیی ئەم باسەدا ئەم هەڵانە زیاتر ڕووندەکرێنەوە.

مێژوو هەمیشە پێکهاتێکی ئاڵۆز و سەرزەمینی ململانێی زیاد لە هێز و فیکر و ئایدیۆلۆژیایەکە و لەهەناویدا چەندەها کێبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریی ئامادەیە. کۆمەڵگای کوردیش وەک هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە لە مێژوویەکی ئاڵۆزدا دەژی و ژیاوە و کێشەکانیشی لەزۆر ڕووەوە لە کێشەی زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانە دەچێت کە مۆدێرنە لەناویاندا لە دۆخی قەیرانێکی سەرسەختدا دەژی. لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا کێشەکانی هەژاری، چەوساندنەوە، بێمافی، دیکتاتۆرییەت، دواکەوتوویی، داگیرکردن نە هۆکارەکانیان و نە چارەسەرەکانیان بەهیچ جۆرێک ئیسلام نییە، وەک چۆن ململانێ و کێشەکانی پێشتریش لە مێژووی ئێمەدا ئیسلام لێیان بەرپرسیار نییە. کۆمەڵگای کوردی زیاد لە سەدیەکە لەناو مێژووی مۆدێرنەدا دەژی، کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایە تا ڕادەیەکی زۆر هەمان ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕوی هەر کۆمەڵگایەک دەبنەوە لە قۆناغی گواستنەوەدابێت لە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەوە بۆ مۆدێرنە. کێشەکانی ئەمڕۆمان کۆمەڵێک کێشەن کە شێواز و مۆدێلێکی دیاریکراوی گەشەکردن و ئامادەگی مۆدێرنە ژێرخانەکەیەتی نەک ئیسلام و دەقە ئاینییەکان. ئەمڕۆ کە هەندێک هێزی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بۆ ئیسلام دەگەڕێنێتەوە و ئیسلام دەکەنە ئایدیۆلۆژیای سیاسی خۆیان، ئەمە وابەستەی هێز یان جەوهەری ئیسلام خۆی نییە، بەڵکو وابەستەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و هەلومەرجە ناوچەیی و جیهانییەیە کە کۆمەڵگای ئێمە و هێزە جیاجیاکانی ناوی تێیدادەژین. بە بۆچوونی من ئەمڕۆکە زیاد لە هەموو کات پێویستە جارێکی دی گوێ لەو دیدە مارکسییە گرنگە بگرینەوە کە پێمان دەڵێت ڕەخنە لە ئاین نابێت ڕەخنە لە خودی ئاین خۆی بێت، بەڵکو دەبێت ڕەخنە لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە بێت کە پێویستی بە ئاینە بۆ تەعبیرکردن لە خۆی. لێرەوە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی ئەوە ڕاست نییە قسە بە ئیسلام بگوترێت و بەتوندڕەو و داگیرکەر و نامۆکەر تاوانبارکرێت و خەون بە گەڕاندنەوە بۆ زەردەشتییەتەوە ببینرێت، بەڵکو دەبێت بەدوای ڕەگەکانی توندڕەوی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەمڕۆدا بگەڕێین و لەوێدا بەدوای ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین: بۆچی ئەمڕۆ لە کوردستاندا گەڕانەوە بۆ ئیسلام دیاردەیەکی بەهێزە و زیاد لە چەندهێزێکی کۆمەڵایەتی پێوەی خەریکن؟

مێژووی مۆدێرنە خۆشی مێژوویەکی و ئاڵۆز و فرەڕەهەند و کراوەیە بەسەر دەیەها ئەگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری جیاجیادا. ئوسوڵییەتی ئاینی، گەرچی بەناوی ڕابووردو و سوونەتێکی دێرینی بەر لە مۆدێرنەوە ئەدوێت، خۆشی بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنە. لە کوردستاندا، وەک لەزۆربەی شوێنەکانی دیکەدا، ئوسوڵییەتی ئاینی شتێک نییە لەدەرەوەی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنەوە هاتبێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەهەناوی ئەو پرۆسە و مژدە و

تێکشکان و دنیا ڕەمزییە وە هاتووە کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. ئەوانەی ئەمڕۆ گوتاری ئاینی ئوسوڵی بەرهەمدەهێنن دەرچووی زانکۆکانن، خاوەنی حیزبی هاوچەرخن، خاوەنی هۆیەکانی پەیوەندیکردنی مۆدێرنن، شێوازی مۆدێرنی مۆبیلیزەکردن و کۆکردنەوەی خەڵک پەیڕەودەکەن، ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەیان هەیە. گەر بەوردیش لە ناوەرۆکی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکانیان ڕامێنین، دەبینین تێکەڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێشە لە تێزەکانی ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم و هەندێکجار لیبرالیزم و تیۆلۆژیایەک کە ڕەگەکانی لەناو مێژووی ئەمڕۆ و کێشەکانی ئەمڕۆدایە، نەک لە تەفسیرێکدا کە لە ١٤٠٠ لەمەوبەرەوە هاتبێت. بەداخەوە من لێرەدا مەودای خوێندنەوەی ئەم لایەنەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیم نییە، بەڵام نایشارمەوە خوێندنەوەی ئەم ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییە کارێکی فیکری گرنگ و سەرنجڕاکێشە و بەبێ ئەم کارە هەموو خوێندنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا خوێندنەوەیەکی ناکامڵ دەبێت.

هەڵەی گەورە لەوەدایە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی بۆ قورئان و سوونەت و دەقە ئاینییەکان بگەڕێینەوە، بچینەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبە زەردەکان و تێڕامان لە ئەسڵەکان و پشکنینی فەتواکان. بەپێچەوانەوە بۆ تێگەیشتن لەم هێزە سیاسییە نوێیە دەبێت لە مێژووی مۆدێرنە و کێشەکانی گەشەکردنی مۆدێرنە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بڕوانین، دەبێت لە گرفتەکانی ئەو واقیعە بڕوانین کە پێویستی بە فەتواکانی ئیبن تیمەیە بۆ تەعبیرکردنی سیاسیانە لە خۆی، دەبێت تەماشای ئەو نوشوستییە ئەخلاقی و مۆراڵییە بکەین کەوادەکات حیجاب ببێتە ئەمرێکی ئیلاهی، دەبێت لە بناغە و هۆکاری ئەو نائومێدییە گەورانە بڕوانین وادەکات خەڵک لە ئایندا بەدوای ئومێدا بگەڕێن، دەبێت لەو هەلومەرجە ناوەکی و ناوچەیی و نێونەتەوەییە بڕوانین کە شووناس و ئاین بەیەکەوە گرێدەدات. ئەم وەرچەرخانە مەنهەجی و تیورییە وەرچەرخانێکی زۆر گرنگە، هەموو هەوڵدانێک بۆ خوێندنەوەی ئوسوڵییەت لەدەرەوەی ئەم مەنهەجییەتەدا هەوڵدانێکی ناتەواو و جەوهەرگەرایە و مێژوو کورتدەکاتەوە بۆ حوکمی مەلا و ئیمام و فەتواچییە ئاینییەکان. ئەمەسەرەڕای ئەوەی هەوڵدانێکیشە دەخوازێت شەڕێکی سیاسی و تەکتیکی و کورتخایەن ئەنجامدات، نەک کێشەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە بخوێنێتەوە و چارەسەری مێژوویی و کراوە پێشنیار بکات.

### ٣. ئاین و عەلمانییەت

لەپاڵ ئەو سەرەتایەی سەرەوەدا و دوای پێشنیارکردنی ئەو مەنهەجییەتە ئێستا پێویستمان بە پێناسکردن و ناساندنی دوو چەمکی گرنگە کە بەردەوام لەم نووسینەدا دووبارە دەبنەوە. یەکەمیان چەمکی ئاینە و ئەویدیکەیان چەمکی عەلمانییەتە.

پرسیار دەربارەی چییەتی ئاین یەکێک لە زەحمەتترین ئەو پرسیارانەیە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و سۆسیۆلۆژیا بە تایبەتی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە لەبەردەمیدا وەستاون. کەم سۆسیۆلۆژ و فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتی هەن لەم ڕووەوە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێکی گشتگیریان نەدابێت. کێشەکە لەوەدایە وەڵامەکان جیاوازن و هەڵوێستێکی مەعریفی گشتگیر و چوونیەک بەرامبەر بە ئاین نییە. بۆ نموونە، لای مارکس ئاین بریتییە لە وشیارییەکی ساختە (٥)، بریتییە لە ڕەنگدانەوە و ئارەزووی ئینسان بۆ دروستکردنی دنیایەکی جوان و پڕ عەدالەت، ئارەزوی ئینسان بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی بێهەڵە، بۆ هاتنەکایەی هێز و دەسەڵاتێکی بێ غەل و غەش و بۆ پایەداربوونی خۆشەویستییەکی هەمیشەیی. بە بۆچوونی مارکس، کە لەڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر دووبارەکردنەوەی بۆچوونەکانی فیورباخە، ئینسان کە ئەو جوانی و خۆشەویستی و عەدالەتە لە دنیا و واقیعی ژیاوی خۆیدا نادۆزێتەوە ناچار دنیایەکی خەیاڵییان بۆ دروستدەکات و لەوێدا جێنشینیان دەکات. لێرەوە ڕەگەکانی ئاین لە ئاسماندا نییە، بەڵکو لەناو ئەو دنیا و واقیعە کۆمەڵایەتیەدایە کە پڕە لە نایەکسانی و ناشیرینی و ناهەقی و لێوانلێوە لە غیابی خۆشەویستی.

فرۆید ئەم بۆچوونە دەربارەی ئاین لە مارکسەوە وەردەگرێت و لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە ئەیگوازێتەوە بۆ واقیعی سایکۆلۆژی ئینسان. فرۆید باوەڕی وایە ئاین سەر بە قۆناغی مناڵی ئینسانە و مانەوەشی لای کەسێکی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە پێگەیشتو جگە لە عوساب، واتە گرێیەکی سایکۆلۆژی، شتێکی دیکە نییە. بە باوەڕی فرۆید کەسێک لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە گەشەی ئاسایی کردبێت نابێتە کەسێکی دینی و ئاین هیچ ڕۆڵێک لە ژیانیدا ناگێرێت. لە فەرهەنگێکیشا کە تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتوبێت هیچ جێگایەک بۆ ئاین نامێنێتەوە (٦).

بەپێچەوانەی فرۆیدەوە ماکس ڤێبەر لە سۆسیۆلۆژیای ئایندا جەغد لەوە دەکات کە ناتوانین ئاین پێناسبکەین و بە تەواوی هەموو ماناکانی نیشانبدەین چونکە لای ئەو ئاین دیاردیەکە دەیەها فۆرم و ناوەرۆکی جیاجیای هەیە و زۆر زەحمەتە ئەو هەموو جیاوازی و فرەچەشنییە کورتکرێتەوە و لەپێناسێکدا جێگیرکرێت (٧).

بەپێچەوانەی مارکسەوە دۆرکهایم باوەڕی وابوو ئاین ناکرێت بە وەهم یەکسانکرێت، گەر وەهم بوایە هەر زوو لەناودەچو و ماڵئاوایی لە ژیانی تاکەکەس و گروهەکان دەکرد. ئاین لای دۆرکهایم تەعبیرە لە ویژدانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی ئەم ویژدانە دەیپەرستێت خوداوەند نییە بەڵکو خودی کۆمەڵگا خۆیەتی. بەکورتی دۆرکهایم باوەڕی وایە ئاین سەرزەمینی پەرستنی کۆمەڵگایە بۆ خۆی و بۆ هێز و توانا و ڕەمزەکانی خۆی نەک بۆ خودا، ئەوەی لە ڕێگای ئاینەوە دەدوێت خودا نییە بەڵکو کۆمەڵگا و گروپەکانن کە لەناو تاکەکەسدا ئامادەن و لەڕێی ئەوەوە دەدوێن.

زانای دیکە هەن لە پێناسکردنیاندا بۆ ئاین گرنگی بە چەمکی خودا و چەمکی زیندووبوونەوە و ئەو دنیا موفاریقە نادەن کە دەکەوێتە ئەودیوی دنیای ئێستامانەوە، بۆ نموونە بودیسم ئاینێکە خودای تێدا نییە، ئاین لێرەدا کورتدەبێتەوە بۆ کۆمەڵێک تقوسی دنیایی. هەندێکی دیکەش هەن هەموو جۆرە موقەدەسێک بە ئاین ناو دەبەن و تەنانەت خودی عەلمانییەت خۆشی بە ئاینێکی مۆدێرن ناونووس دەکەن. کەسانێکی دیکە هەن باس لە ئاینی مەدەنی و ئاینی عەلمانی دەکەن و ئاین بە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی بوونی ئینسانەوە گرێدەدەن. بێگومان ئێرە شوێنی نیشاندان و باسکردنی یەکەیەکەی ئەو هەموو پێناسە جیاجیایانەی ئاین نییە، خوێنەر بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت بۆ ئەو کتێبانە بگەڕێتەوە کە لەسەر سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فەلسەفەی ئاین نووسراون و لەوێدا دەتوانین دەیەها بۆچوونی جیاوز دەربارەی ئاین و شێوە جیاجیاکانی ئاین و ماناکانی ئاین بدۆزینەوە. بۆ مەبەستی ئەم نووسینە و لە پەیوەندیدا بە چەمکی عەلمانییەتەوە من ئەو پێناسەیەی سۆسیۆلۆژی بەناوبانگ Mulder بۆ ئاینی دەکات بەکاردەهێنم. ئەم هەڵبژاردنەشم پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە ئەم پێناسەیە لە زۆر ڕووەوە لەو تێگەیشتنە تایبەتەی ئاینەوە نزیکە کە لەدنیای ئێمەدا ئامادە و باڵادەستە.

بە باوەڕی Mulder ئینسان دەتوانێت لە ئایندا چوار مەسەلەی سەرەکی دەستنیشانکات (٨):

یەکەم: بوونی واقیعێکی موفاریقی بان ـ زەمینی و بان ـ مێژوویی کە دەکەوێتە ئەودیوی دنیای ئەمڕۆوە. واتە بوونی دنیایەکی دیکە جیا لە دنیای ئێستا و لەودیوی دنیای ئێستاوە.

دووهەم: ئەو دنیایەی دیکە خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و بەها و ئەمرو نەهی تایبەتە و دەشیەوێت بەسەر دنیای سەرزەمینیدا بیسەپێنێت.

سێهەم: باوەڕهێنان بەوەی کە دنیای ئێستامان لە بەراوردکردنیدا بەو دنیایەی دیکە دنیایەکی پڕ کەموکوڕی و ناڕێکی و نووقسانیە و لەڕووی مۆراڵی و ئەخلاقییەوە زۆر لەدوای ئەو دنیایەی دیکەوەیە.

چوارەم: هەوڵدان بۆ لابردن و سڕینەوەی هەموو ئەو کەموکوڕی و نووقسانیانە و چارەسەرکردنیان لەسەر شێوە و مۆدێلی دنیاکەی دیکە. بە مانایەکی دیکە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی سەرزەوی لەسەر مۆدێلی ژیانی ئاسمانی.

ئاشکرایە ئەو خاڵەی لەم پێناسەیەدا زۆر گرنگە مەسەلەی باوەڕهێنانە بەبوونی دنیایەکی دیکە و

بەبوونی کۆمەڵێک بەها و نۆرم و یاسای تایبەت کە لەو دنیاییەوە دێت و لەم دنیایەی ئێستاماندا دەبێت لە لایەن هەمووانەوە پەیڕەوی بکرێن. بۆ پێناسکردنی ئاین لە پەیوەندیدا بە دنیای ئێمەوە پێداگرتن لەسەر بووونی ئەو دنیا نەبینراو و موفاریقە شتێکی هێجگار پێویستە. ئاین هێمایە بۆ بوونی واقیعێکی پیرۆزی نەبینراو کە تا ڕادەیەکی زۆر چوارچێوەی مانا و بەها و نرخە ئینسانییەکان بۆ ئینسانی ئایندار دەستنیشاندەکات. ئەو واقیعە نادیارە واقیعێکە لە دیدی ئایندارانەوە دەستنیشانکەرە، واقیعێکە ڕۆڵی ئەو ژێرخانە دەبینێت کە هەر سەرخانێکی لەسەر بنیاد دەنرێت. بەم مانایە ئاین بریتییە لە کۆی ئەو یاسا و ئەمر و نەهی و ڕێنماییانەی هەوڵی لێکدانەوە و ناساندن و ڕاڤەکردنی ئەو واقیعە موفاریقە ئەدات و دەخوازێت بیشیکات بە چوارچێوەی باڵادەستی بەرهەمهێنانی مانا و هەڵسوکەوت و مامەڵەی ئینسان لەگەڵ ئینسان و لەناو کۆمەڵگادا.

سەبارەت بە چەمکی عەلمانییەتیش دەبێت جەغد لەو ڕاستییە بکەین کە ئەم چەمکەش چەمکێکی زۆر ئاڵۆز و فرەمانا و پڕ کێشەیە. ماناکانی عەلمانییەت ئەوەندە جیاواز و تەنانەت دژبەیەکن وایکردوە کۆمەڵناسی واهەبێت پێ لەسەر ئەوە داگرێت کە دەبێت چەمکی عەلمانییەت لە قامووسی سۆسیۆلۆژیادا بسڕینەوە (٩). سۆسیۆلۆژێکی دیکە دەڵێت زەحمەتە ئێمە لەڕێگای چەمکی عەلمانییەتەوە قسە لەسەر هەموو ئیشکالییەتەکانی ئاین لە کۆمەڵگایەکدا بکەین (١٠)

خەڵکانێکی دیکەش هەن تیورەی عەلمانییەت بەیەکێک لە تیورە هەرە ناڕاستەکانی مێژووی سۆسیۆلۆژیا ناودەبەن و پێیانوایە ئەم تیورەیە باس لە کۆمەڵێک وەهمی مێژوویی دەکات نەک کۆمەڵێک هەقیقەتی مێژوویی (١١). هەشە عەلمانییەت بە گرنگترین پرۆسەی مۆدێرنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەزانێت. بەهەرحاڵ من لێرەدا هەوڵئەدەم خۆم نەخەمە ناو ئەو جەنگەڵە تیوریەوە و ڕاستەوخۆ لەپاڵ شینەردا مەبەستەکانم لەم چەمکە دەستنیشان دەکەم.

بەباوەڕی شینەر دەشێت لە قسەکردنماندا لەسەر عەلمانییەت شەش مۆدێلی جیاواز، یان شەش تێگەیشتنی جیاواز دەربارەی عەلمانییەت لەیەکدی جیاکەینەوە. ئەم شەش مۆدێلە تەعبیر لە شەش تێگەیشتنی جیاواز دەکەن بۆ ماناکانی عەلمانییەت و هەریەکێکیان پێ لەسەر ڕەهەندێک لەو ڕەهەندانە دادەگرێت کە خۆی بەگرنگی دەزانێت. ئەو شەش مۆدێل یان تێڕوانینانەش بریتین لە: (١٢)

١ـ مۆدێلی یەکسانکردنی عەلمانییەت بە کەوتن و لەناوچوونی ئاین. لەم بۆچوونەدا عەلمانییەت بریتییە لە کۆتاییهاتنی ئاین لە کۆمەڵگادا، مانای ماڵئاواکردنی هەموو ئەو ڕەمز و عەقیدە و دەزگا ئاینیانەیە کە ڕۆژگارێکی درێژ بەهێز و باڵادەستبوون و چوارچێوەی سیاسەت و بەرهەمهێنانی مانا و ئەخلاق و بەها و نرخە کۆمەڵەتیەکانی پێکهێناوە. لەم مۆدێلەدا عەلمانیەت مانای ئەوەی ئاین چیدی کاریگەر نییە و کەسێکی وا نادۆزینەوە گوێ لە ئاین و حوکمە ئاینییەکان بگرێت.

٢ـ عەلمانییەت وەک مۆدێلی خۆگونجاندنی ئاین لەگەڵ ئەو دنیایەی تێیدا دەژین: لەم بۆچوونەیاندا عەلمانییەت بریتییە لەو پرۆسەیەی ئاین تێیدا خۆی لەگەڵ پێویستی و گۆڕانەکانی دنیادا دەگونجێنێت. لێرەدا گروپە ئاینییەکان زیاتر گرنگی بەم دنیایەی ئێستا و کێشەکانی ئەدەن و کەمتر خۆیان بەو دنیایەی دیکەوە خەریکدەکەن کە ئاین پێشنیاری دەکات. گروهە ئاینییەکان لە کاتێکدا ئیمانی خۆیان دەپارێزن لە هەمانکاتدا خۆیان لە کۆمەڵگا جیاناکەنەوە و بەشدارن لەچالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا. لەم مۆدێلەدا ئاین بەپێی گۆڕانەکانی کۆمەڵگا دەسکاری مانا و بۆچوون و پێناسەکانی خۆی دەکات.

٣ـ مۆدێلی تەماشاکردنی عەلمانییەت وەک دابڕانی ئاین لە کۆمەڵگا: لێرەدا کۆمەڵگا سنوورەکانی خۆی لە سنوورەکانی ئاین جیادەکاتەوە و ئاین بەرە و مەجالی ژیانی تایبەتی تاکەکەس دەنێردرێت. لەم مۆدێلەدا فیکری ئاینی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵی نامێنێت و ئەبێت بە بەشێک لە دنیای ناوەکی مرۆڤەکان. ژیانی گشتی کۆمەڵگا و دەزگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی ئاین دەسێنرێتەوە و ژیانی سەد دەر سەد ئاینی بەتەنها دەبێتە شێوە ژیانی ئەو گروهانەی کە باوەڕی

تەواویان بە ئاینە.

٤ـ مۆدێلی یەکسانکردنی عەلمانییەت بە بەرپابوونی گۆڕانی ناوەکی لە هەڵوێست و باوەڕ و دەزگا ئاینییەکان خۆیاندا: لەم مۆدێلەدا مەعریفەی ئاینی، شێوەکانی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، یاسای بەڕێوەبردنی دەزگاکان، کە ڕۆژگارێکی درێژ لەژێر دەسەڵاتی ئایندا بوون، وردە وردە شوێنی خۆیان ئەدەن بە باوەڕ و مەعریفە و دەزگای دیکە کە ئینسان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەریتی. لێرەدا مەسەلە هەرە سەرکییەکان بەرپرسیارێتی و چالاکییەکانی ئینسان خۆیەتی و ئەمانە سەرچاوەی بەها و نۆرم و ئەخلاقییەتی کۆمەڵایەتین، نەک کۆمەڵێک یاسای پێشتر نووسراو لەلایەن ئاینەوە. لەم مۆدێلەدا ئاین ڕووکارێکی ئینسانیانە وەردەگرێت و دەبێتە بەرهەمی تێفکرین و فانتازیای ئینسان خۆی.

٥ـ مۆدێلی یەکسانکردنی عەلمانییەت بە پرۆسەی لابردنی سیحر لەسەر دنیا، یان ڕووتکردنەوەی دنیا لەو بەرگە سیحری و پیرۆزەی لەبەریدایە. لێرەدا عەلمانییەت بریتییە لە داماڵینی دنیا و ئینسان لەو توێژاڵە ئەستوورەی پیرۆزی و پیرۆزگەرایی کە ئاین بەسەر هەردووکیانیدا داوە. عەلمانییەت مانای کردنی ڕاستەوخۆی دنیا و کۆمەڵگا و ئینسان بە بەشێک لە بوونی سەرزەمینی و سەندنەوەیان لە ئاسمان. هەم کۆمەڵگا و هەم سروشت و هەم مێژوو دەبنە کۆمەڵێک بابەت کە عەقڵ دەتوانێت قسەیان لەسەربکات و لێکیانبداتەوە و ڕاڤەیانبکات. لەم مۆدێلەدا عەقڵانییەت وردە وردە شوێنی پیرۆزی و پیرۆزگەرایی دەگرێتەوە و یاساکانی سەبەبیەتی عەقڵی دەچنە شوێنی وێناکردنەکانی ئاین بۆ دنیا و سروشت و کۆمەڵگا. ئاسمان و یاسا و مەعریفە وێناکراوەکانی وردە وردە شوێنی خۆیان چۆڵئەکەن بۆ لێکدانەوە عەقڵانی و زانستییەکان.

٦ـ مۆدێلی گۆڕانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی پیرۆزەوە بۆ کۆمەڵگایەکی عەلمانی. لەم مۆدێلەدا زیاتر قسە لە تیورەیەکی گشتی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکرێت نەک بەشێوەیەکی تایبەت باسی گۆڕانی ئاین و هەڵوێستی ئاینی لە کۆمەڵگادا.

لەم ووتارەدا عەلمانییەت بە مانای دابڕینی دین لە دەوڵەت، یان دابڕانی دین لە کۆمەڵگا، یان پاشەکشێکردنی ئاین لە مەجالی گشتییەوە بۆ مەجالی تایبەت بەکارنەهاتووە، چونکە ئەم بۆچوونانە بۆچوونی ناڕاستن و زیاتر وەهمێکی سۆسیۆلۆژیمان نیشانئەدەن تا هەقیقەتێکی مێژوویی. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە ئاین، لە قۆناغی مۆدێرنە و ڕۆژگاری عەلمانییەتدا، بەردەوام وەزیفەی گشتی هەبووە و هەیە و بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو مۆراڵی سیاسی و دەزگا و دامەزراوەکاندا ئامادەیە و ئامادەش بووە. لێرەوە من پێمـوایە مۆدێلی یەکەم و مۆدێلی سێهەم و مۆدێلی شەشەم یارمەتییەکی ئەوتۆمان نادەن بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی عەلمانییەت و تێگەیشتن لە شوێن و جێی ئاین لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا. بەباوەڕی من عەلمانییەت دەشێت تێکەڵێکی ئاڵۆزبێت لە مۆدێلی دووهەم و چوارهەم و بەتایبەتی مۆدێلی پێنجهەم. لەم مۆدێلانەدا ئەوە ئاشکرادەبێت کە عەلمانییەت مانای نەمانی ئاین و بێدەنگبوونی و بڵاوبوونەوەی بێدینی نییە، بەڵکو مانای گۆڕانی ناوەکی خودی ئاین خۆی و گۆڕانی ڕۆڵە سیاسی و ئەخلاقی و دەزگایی و مەعریفییەکانیەتی. لەم پرۆسەی گۆڕانەدا واقیع چیدی بەزمانی ئاین و ڕەمز و وێناکردنەکانی ئاین لەسەر خۆی و دیاردەکانی خۆی نادوێت، بەڵکو لە دیدێکی عەقڵانی و زانستییەوە هەم لەسەر خۆی و هەم لەسەر خودی ئاین خۆشی ئەدوێت. لەم دۆخەدا ئاین لەناوناچێت بەڵکو عەقڵانیدەکرێت.

لەم ووتارەدا عەلمانییەت بە مانای بەرپابوون و هاتنەکایەی پرۆسێسێکی درێژخایەن بەکاردێت کە تێیدا ئەو توێژاڵە ئاینییەی خۆی بەسەر واقیعدا کێشاوە و بەناوی موقەدەسەوە دەدوێت، وردە وردە لاوازدەبێت و خەڵک زیاتر سەرقاڵی کێشەکانی ئەم دنیایەی ئێستا دەبن بەبێئەوەی باوەڕی تاکەکەسی خۆیان بە دنیاکەی تر دۆڕاندبێت، لێرەدا عەلمانییەت مانای سەندنەوەی واقیعە لە سیحر و لە پیرۆزکردنی ئاینی و کردنیەتی بە بابەتێکی دنیایی قابیلی قسەلەسەرکردن و تۆژینەوە و ناساندن لەدەرەوەی هەر ئەرک و ئامانجێکی ئاینیدا. لەم دیدەدا واقیع چیدی هێما نییە بۆ بوونی دنیایەکی

دیکەی نەدیتراو و پیرۆز، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک هاوکێشەی هێز کەتێیدا پرۆژەی سەرزەمینی جیاواز لەگەڵ یەکدا لە ململانێ و پێکدادان و ڕێکەوتنی بەردەومدان، دەشێت هەندێ لەو پرۆژانە فەلسەفەی سیاسی خۆیان لە ئاین و مۆراڵ و گریمانە ئاینییەکانەوە بخوازن.

عەلمانییەت لێرەدا پرۆسێسێکی مێژوویی بەردەوامە کە مانا و دەلالەتی نوێ بە ئاین ئەدات و بەکارهێنانی نوێشی بۆ ئەدۆزێتەوە، بۆ نموونە بەرگریکردنی کڵێساکان لە ئەوروپا لە پەناهەندە ڕەفزکراوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە ئەرکێکی نوێیە و ئاین لەناو هەناوی کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا جێبەجێدەکات. وەک ئاشکرایە لەم دیدەدا عەلمانییەت مانای کردنەدەرەوەی ئاین نییە بۆدەرەوەی کۆمەڵگا و مێژوو و ڕووداوەکان، مانای ئەو نییە ئاین چیدی ئەرک و وەزیفەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی نامێنێت، بەپێچەوانەوە ئەم گۆڕانانە مانای گۆڕینی ئەرک و ماناکانی ئاینە نەک کۆتاییهاتن و لەناوچوونییان، لێرەوە عەلمانییەت یەکسان نییە بە بێدینی یان لەناوبردنی ئاین، وەک لایخۆمان باوە و دەگوترێت، بەڵکو بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئاین و کۆمەڵگا و ئاین و فیکر و ئاین و بەرهەمهێنانی مەعریفە و ئاین و ئەخلاق و ئاین و سیاسەت.

### ٤. ئیسلامی سیاسی

بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت من کە قسە لە ئیسلامی سیاسی دەکەم باسی چی و کێ و کام هێز و لایەن و گروهی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەم، وای بەباش دەزانم پێشوەخت مەبەستم لە ئیسلامی سیاسی، یان ئوسوڵییەت، ڕوونبکەمەوە. لەم ووتارەدا دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی هەموو ئەو هێزە سیاسییە ئیسلامیانە دەگرێتەوە کە باوەڕی تەواویان بەوەیە کە ئیسلام لە یەککاتدا هەم دین و هەم دەوڵەتە، گشتێکی لێکدانەبڕاوە و چەند ئاینە ئەوەندەش سیاسەتە، چەند تەعبیرە لە پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان ئینسان و خوداوەندا ئەوەندەش نەخشەیەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و چەند نوێژ و ڕۆژو و حەج و زەکاتە ئەوەندش پرۆژەی سەپاندنی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، چەند فەرزی دینییە ئەوەندش فەرزی ئەخلاقی و سیاسییە. بە کورتی بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی بریتین لەو هێزانەی کە ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بەکاردەهێنن و دەخوازن دەوڵەت و کۆمەڵگا و کولتوورێکی «ئیسلامی» دروستبکەن، ئەوەشی ئەم دیدەی قبووڵنەبێت یان ئەوەتە دەکرێتە دەرەوەی ئەم نەخشەیەوە، ئیدی بە کوشتنبێت یان دەرکردن، یان دەبێ وەک هاووڵاتییەکی دەرەجە دوو بژی. لە لایەکی دیکەوە ئەم بزوتنەوانە کۆی ئەو هێزانەن کە پێیانوایە ئەو ئیسلامەی ئەوان باسیدەکەن وابەستەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆ نییە و بە بەرهەمی دنیای ئەمڕۆ و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەمڕۆکەی نازانن و وەک بەشێک لە کێشە و گرفت و دیدە فیکرییەکانی ئەمڕۆکە تەماشای ناکەن، بەڵکو خۆیان بە درێژکراوەی ئیسلامێکی نەگۆڕ دەزانن کە لە ڕواقەکانی مێژووی زیاد لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دێت و لە ئێستادا لەواندا، لەبیرو بۆچوون و بەرنامەی حیزبەکانیاندا، کۆبوەتەوە.

بێگومان بەپێچەوانەی ئەم بانگێشە ئایدیۆلۆژییەی ئیسلامی سیاسییەوە، سادەترین سەرەتاگەی سۆسیۆلۆژی پێماندەڵێت ئەو دیدەی ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی بۆ ئاین و ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگا و سیاسەت و ژیانی ئینساندا پێشنیاریدەکات، دیدێک نییە لەدەقە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەم پێشنیارە پێشنیارێک نییە لە شام و نیمچەدوورگەی عەرەبی و هیلالی خەسیبی بەر لە زیاد لە هەزارساڵ لەمەوبەرەوە هاتبێت، بەڵکو دیدێکە وابەستەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتووری و سیاسییەیە ئەمڕۆکە لە کوردستان و ناوچەکە و دنیادا لە ئارادایە. ئەوە هەلومەرجی مێژوویی ئەمڕۆیە وا لە هەندێک کەس و گروهی تایبەتی دەکات ئیسلام بەوجۆرە ببین و بەو جۆرە لێکیبدەنەوە، نەک بوونی جەوهەرێکی ئیسلامی نەگۆڕ کە ئەوەتەی هەیە بە نەگۆڕی و وەک خۆی ماوەتەوە. ئیسلامی سیاسی بەرهەمی بوونی ئیسلامێک نییە کە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەبێت و هەر

لەسەرەتاوە بە زمانی سیاسەت دوابێت و ئەمڕۆ لە کوردستاندا گەڕانەوەیەک هەبێت بۆ ئەو جەوهەرە نەگۆڕە. بەپێچەوانەوە ئیسلامی سیاسی هەڵگری هەموو تەپوتۆزەکانی مێژووی هاوچەرخە و بەردەوام ڕەنگ و سەنگی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەی وەرگرتوە کە چۆتە ناویەوە، لە هەر شوێنێکیشدا مانا و دەلالەت و ئەرک و داواکاری تایبەتی لە ئیسلام هەبووە و هەیە.

هەڵەی سەرەکی لەوەدایە وابزانین ئیسلام هەمیشە و هەردەم یەک شت بووە و هەمان مانای هەبووە و هەیە. ئێمە نەک ناتوانین قسە لە بوونی یەک ئیسلام بکەین، بەڵکو هەر کۆمەڵگا و ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراو چاپێکی تایبەتی ئیسلام و ڕاڤەکردنێکی تایبەتی دەقەکان و تێگەیشتنێکی جیاوازی بۆ ئەسڵە گریمانکراوەکان هەبووە و هەیە. هەندێک جار ئیسلام ڕاستەوخۆ کراوەتە سیاسەت و هەندێک جاریش تا ڕادەیەکی زۆر دەرکراوەتە دەرەوەی سنوورەکانی سیاسەتەوە، لە شوێنێکدا بەرگری لە ستەمگەران و لە شوێنێکی دیکەدا چەکی دەستی یاخیگەران بووە، لە شوێنێکدا چەوسێنەر و لە شوێنێکی دکەدا ڕزگارکەر بووە. ئیسلام بەردەوام ڕەنگوڕووی ئەو واقیع و هەلومەرجە مێژووییی کۆمەڵایەتییەی وەرگرتووە کە کەوتۆتە ناویەوە و ئەو ناوەرۆکەی هەیبووە وابەستەی کۆی ئەو پەیوەندیانەی هێز و دەسەڵات و مانا و بەرهەمهێنانانە بووە کە لەو ساتەدا باڵادەستبوون. بۆ نموونە لە عێراقدا هەمیشە ئیسلامێک هەبووە کە بەرگری لە سەدام حوسەین و تاوانەکانی سەدام حوسەین کردوە، بەڵام ئیسلامێکی دیکە هەبووە بەرگری لە شۆڕشی کورد و ماناکان و هێزەکانی ناو ئەم شۆڕشەی کردوە. ئیسلام هەیە بەرگری لە دیکتاتۆر و ستەمگەرەکان دەکات و پایەکانی دەسەڵاتی ڕەسمی دەپارێزێت، ئیسلامی دیکەش هەیە بەگژ دەسەڵاتی زۆردارانەدا دەچێتەوە و داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات. ئیسلام هەیە دژ بە کۆمەڵگا و ئیسلام هەیە لەپاڵ کۆمەڵگادایە، ئیسلام هەیە بەرگری لە ئازادی ئافرەتان دەکات و ئیسلام هەیە هەموو ئازادییەک لە ئەفرەت زەوتدەکات. هەڵەیەکی فیکری و مەنهەجی گەورەیە ئیسلامی سیاسی وەک تەعبیر لە جەوهەرێکی ئیسلامی نەگۆڕ ببینین، لە ڕاستیدا ئەوە هێزە ئیسلامییەکان و ستراتیژییەتی پەیداکردنی هەیمەنەی کولتووری ئەوانە وامان لێداوادەکەن ئیسلامی سیاسی وەک تەرجەمەیەکی هاوچەرخی بیرۆکەیەکی دێرین و ئەزەلی ببینین، ئەوە ئیسلامی سیاسییە دەخوازێت لەنێوان ئامادەگی ئەواندا لە دواهەمین چارەکی سەدەی بیستەم و ئامادەگی ئیسلامی سەرەتای سەدەی حەوتەمدا مەسافەیەکی مێژوویی و فیکری و مەعریفی و ڕەمزی نەبینین. بە لابردنی ئەم مەسافەیە ئیسلامی سیاسی مێژوویەکی درێژ بۆخۆی دروستدەکات کە نە مێژووی ئەوە و نە مێژووی هیچ هێزێکی دیکەی هاوچەرخیشە. ئیسلامی سیاسی لەپاڵ ئەم مێژووە گریمانکراوەی خۆیدا شەرعییەتێکی کولتووری و لەوێشەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی بەخۆی ئەدات و بەناوی ڕۆژگارێکەوە ئەدوێت کە تەمەنی چەندەها سەدەیە. وەک دواتر نیشانیئەدەم ئەو مێژووە ئاینییە گریمانکراوە تا ڕادەیەکی زۆر لە گەڵ هاتنە کایەی مۆدێرنە و قەیرانەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا کۆتایی پێهاتووە و ئەوەی لە ئێستادا ماوەتەوە جگە لە تارماییەکانی مێژوویەکی ئاینی گریمانکراو شتێکی دیکە نییە. زیاد لە سەدەیەکە مێژووی کۆمەڵگای ئێمە مێژووی تێوەگلانیەتی لە پرۆژە و پرۆسەکانی مۆدێرنەوە. ئیسلامی سیاسی بەم مانایە هەوڵی گەڕاندنەوەی کۆمەڵێک تارمایی ئەدات بۆ ناو واقیعێک لەمێژە ئەو تارماییانەی تێدانەماوە. لێرەوە خاڵی سەرەتای هەر ڕەخنەیەکی سیاسی و سۆسیۆلۆژی ڕاستەقینە لە ئیسلامی سیاسی بریتییە لە سەندنەوەی ئەم وەهمە مێژوویی و فیکری و سیاسییەی گوایە ئیسلام (١٤٠٠) ساڵە بێگۆڕان وەک خۆی ماوەتەوە و مێژووی ئێمەی لەناوەوەڕا کۆنترۆڵ و دیسپلینکردوە. وەک پێشتریش هێمامان پێکرد ئەوانەی کە دەڵێن ١٤٠٠ ساڵی ڕەبەقە ئیسلام ئێمە دەچەوسێنێتەوە هیچیدی ناکەن جگە لە دانپیانان بەو وەهمە ئایدیۆلۆژییەی کە ئیسلامی سیاسی لە ئێستادا خۆی بە مێژووی ١٤٠٠ لەمەوبەرەوە دەبەستێتەوە.

بێگومان ئەم مەسەلەیە تەنها مەسەلەی بەستنەوەی مێژووی ئێستا نییە بە مێژووی ڕابوردوویەکی دوورەوە، کێشەکە لەوەدایە لە بەشێکی بەرچاوی فانتازیای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو مێژووە مێژوویەکی پیرۆزکراو و ئەفسانەئامێزە، مێژوویەکە بەباشی و بە شێوەیەکی زانستی و مەنهەجی

نەوێندراوەتەوە، بۆیە ئەو هێزەی دەتوانێت خۆیکات بە خاوەنی ئەو مێژووە و بەناوی ئەو فانتازیە کۆمەڵایەتییەوە بدوێت، دەبێتە خاوەنی قورساییەکی سیاسی بەرچاو. بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە هیچ پرۆژەیەکی ڕەخنەیی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو مێژووە و نیشاندانی ڕەهەندە نا ئاینییەکانی ئەو مێژووە لەئارادا نییە. ئەوەی هەیە قسەگوتنێکی بێمانایە بە ئیسلام بەناوی ئاینی نامۆ و داگیرکەر و توندڕەوەوە و فرۆشتنی ئەم قسانەشە وەک دەرنجامی لێکدانەوەیەکی دیالێکتیکانەی مێژوو و ڕووداوەکان.

ئیسلامی هاوچەرخ ئیسلامی ناو جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی واقیعی ئەمڕۆیە، وەک «محەمەد ئارکۆن» یش ئەڵێت، ئەم ئیسلامە ئیسلامێکە بەپلەی یەکەم خەریکی سیاسەتە نەک ڕۆحانییەت (١٣). ئیسلامێکە خەریکی سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی ئاین نییە لە پێناوی لێکدانەوەی ماناکانی ئایندا بۆ موسوڵمانی سادەی ناو مزگەوت و تەکیە و ناوەندە ئاینییەکان، بەپێچەوانەوە ئەم ئیسلامە پێ لەسەر کۆمەڵێک ڕەهەندی سیاسی دادەگرێت کە سەرچاوەکەیان واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆیە نەک ئیسلامی بەر لە ١٤٠٠ لەمەوبەر کە لە هەلومەرجێکی مێژویی و فیکری و شارستانی دیکەدا ئامادەبووە.

## ٥. چەند ڕەهەندێکی گشتی

بێگومان ئیسلامی سیاسی هەم لە کوردستان و هەم لەدەرەوەی کوردستاندا بزاوتێکی هەمەجۆر و هەمەڕەنگە و چەندان هێز ولایەن وگروپ و تێز و تیورە و بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی جیاواز و سیاسەت و پراکتیک و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی جیاواز دەگرێتەخۆی. لەوپەڕی توندڕەوەوە، کە فەتوای تەکفیری کۆمەڵگا دەرئەکەن و دنیا بە جاهیلییەتێکی نوێ ناونووسدەکەن، تا ئەوپەڕی لیبراڵ کە هەڵگری ئەگەری قبوولکردنی سنوورەکانی گەمەی لیبرالانەی دەسەلاتن، لەناو ئەم بزاوتە فرەشووناسەدا ئامادەن. ناکرێت هەموو ئەو بزوتنەوانە سوک و ئاسان لەژێر چەتری یەک ناودا کۆکەینەوە و جەوهەرێکی نەگۆڕ و وێکچوویان پێببەخشین. بەڵام لەگەڵ دانان بەم نەخشە فراوان و جیاوازەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیدا من لێرەدا و بۆ مەبەستی ئەم نووسینە هەوڵئەدەم چەند سیفەتێکی زۆر گشتی دەستنیشانکەم کە پێموایە بەشێکی زۆری بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسی هەڵگرین. هەر خودی ئەم سیفەتانەشە، لانیکەم لە ئاستی ئایدیۆلۆژی و فیکریدا، ئەم بزاوتانە لە زۆربەی بزاوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی دیکە جیادەکاتەوە:

١- بەشێوەیەکی گشتی ئیسلامی سیاسی بزاوتێکی سیاسی و فیکری و فەرهەنگییە کە دژایەتی مۆدێرنە دەکات، بەتایبەتی دژایەتی ڕووکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی مۆدێرنە، نەک ڕووکارە تەکنۆلۆژییەکانی. ئیسلامی سیاسی دوژمنی سەرسەختی ڕەهەندە ڕەخنەییەکەی مۆدێرنەیە، ئەو ڕەهەندەی هەموو شتێک دەخاتە ژێر گومانێکی مەنهەجییەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای ماناکان و پێناسەکان و بەڵگەنەویستەکان دەکات، لەپێش هەمووشیانەوە تەماشاکردنێکی ڕەخنەییەنەی چەمکەکانی پیرۆزیی و پیرۆزکراو و پیرۆزگەرایی. لێرەدا مەبەستم لە مۆدێرنە ئەو دید و هەڵوێستە فیکری و ڕۆشنبیرییە ڕەخنەییەیە کە هەوڵی داماڵینی پیرۆزیی لە دنیا و لە کۆمەڵگا و لە ئینسان ئەدات و دەخوازێت هەرسێکیان بکاتە بوونێکی سەرزەمینی و قابیلی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مەنهەجی و ڕەخنەیی.

٢- بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدێلە سیاسییەی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بینایکات مۆدێلی شێوە دەسەلاتی ئاینییە و بە حوکمی ئەم ئاینیبوونەشی تا ڕادەیەکی زۆر ناتوانێت جیاوازی قبووڵبکات. کە دەڵێم مۆدێلی ئاینی جیاوازی قبووڵناکات دەمەوێ بڵێم ئەم مۆدێلە کەسانی جیاواز، جیاواز لەڕووی ئاین و باوەڕ و بیروبۆچوونەوە، بە یەکسانی مامەڵەناکات. لەم مۆدێلەدا دەسەلاتی

سیاسی لەباتی چەمکی هاووڵاتی چەمکی موسڵمان بۆ پێناسکردنی دانیشتوان بەکاردێنێ و مافەکانی ئینسان لەسەر بناغەی موسلمانبوون و موسڵامانن‌ەبوون، نەک لەسەر بناغەی ئینسانبوون و هاووڵاتیبوون، دەستنیشاندەکات. چەمکی هاووڵاتی لە چەمکی موسڵمان و شووناسی مەدەنی لە شووناسی ئاینی گرنگتر و دیموکراسیتر و یەکسانخوازترە. بۆ نموونە چەمکی ئەهلی زیمە لە ئیسلامی کلاسیکیدا، گەرچی بناغەکانی بوونی گروهێکی ئاینی جیاواز دەپارێزێت، بەڵام ناتوانێت هەموو ئەو مافە یەکسانانە بسەلمێنێت کە لەپشتی چەمکی هاووڵاتییەوە ئامادەیە. هاووڵاتی چەمکێکە هەموومان لەبەردەم یاسادا بەیەکدی یەکساندەکات، لەکاتێکدا ئەهلی زیمە چەمکێکە لەسەر جیاوازی ئاینی بنیادنراوە و لەم جیاوازییەشەوە کۆمەڵێک ماف و ئەرکی نایەکسان پێشنیارکراوە.

بناغەی دەسەڵاتی سیاسی لەم مۆدێلەدا شەریعەتە، شەریعەت بەو مانا تایبەتەی ئەو گروهانە لێیتێگەیشتوون و لێکیئەدەنەوە، نەک دەستورێکی دیموکراسی کە دیندار و بێدین، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، باوڕدار و بێباوەڕ وەک یەک تەماشاکات. بۆیە ئەم دەسەڵاتە لەباتی ئەوەی ببێتە سەرزەمینی دیموکراسییەت و قبووڵکردن و سەلماندنی جیاوازی، زۆرجار دەبێتە سەرزەمینی تەکفیر و فەتوای مەرگ، لەباشترین دۆخدا سەرزەمینی هێنانەکایەی کۆمەڵێک بێمافی و نایەکسانی لەسەر بنەمای ئاینی. سەرەڕای هەمو ئەمانە دەسەڵاتی ئاینی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ژیانی کۆمەڵگا بخاتە ژێر حوکمی شەریعەت و سونەتە ئاینییەکانی خۆیەوە، بەمەش ڕێگایەک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد ناهێڵێتەوە.

٣- زۆربەی هەرەزۆری هێزەکانی ئیسلامی سیاسی هێزی نادیموکراتین و باوەڕیان بە بناغە فیکری و فەلسەفییەکانی دیموکراسییەت نییە کە لە بوونی مافی یەکسانی هەرکەسێکەوە دەستپێدەکات بێگوێدانە ئەوەی داخۆ دینی هەیە یان نا، موسڵمانە یان ناموسڵمان، ڕەشە یان سپی. ئەم نادیموکراتیبوونەش تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی پیادەکردنی حوکمەکانی شەریعەتە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەحکامی زۆر نا دیموکراتین و سەر بە قۆناغێکی گەشەکردنی فەلسەفەی سیاسین کە دیموکراسییەت چ وەک چەمک و چ وەک ئەزموون بە مانا هاوچەرخەکەی ئامادەنەبووە. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم هێزانەش بەرامبەر بە دیموکراسییەت هەندێک بە کوفر و هەندێک بە بیدعەیەکی ڕۆژئاوایی و هەندێکیش، وەک هەندێک نووسەر دەڵێن، تەنها بۆ یەکجار باوەڕیان پێیەتی، ئەو جارەی خۆیان دەگەیەنێتە سەر کورسی دەسەڵات. لە ڕووی لێبوردنی سیاسییەوە ئیسلامی سیاسی هێزێکە بەگشتی لە نەیارانی خۆی خۆشنابێت، نەک تەنها هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆی قبووڵناکات، بەڵکو لەناوخۆشیدا دەنگی جیاواز لەناودەبات.

٤- لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئیسلامی سیاسی دەخوازێت کۆنترۆڵی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگا و ژیانی گروپ و ژیانی تاکەکەس بکات، لای ئەم هێزانە شتێک نییە ناوی سەرزەمینی ژیانی تایبەت بێت کە دەستەکانی شەریعەت و هێزی فەتواکان و ئەمری ئیمامەکانی نەگاتێ. لە دیدی ئیسلامی سیاسیدا ژیان دەبێت ئەوەندە شەفاف بێت بە ئاسانی هەموو ڕەهەندەکانی ببینرێت و بە ئاسانی بکرێت کۆنترۆڵ و دیسپلینکرێت. ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستی ئیسلامی سیاسی لە ئافرتان بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی کۆنەپارێزە و ڕێگرێکی گەورەشە لە بەردەم فراوانبوونی پانتایی ئازادییە شەخسییەکانی ئافرەتاندا. بەم مانایە، وەک شێرزاد حەسەن ئەڵێت، ئوسوڵییەت بریتییە لە ترسێکی گەورە لە جنس.

٥- لە ڕووی کولتوورییەوە ئیسلامی سیاسی ماشێنێکی گەورەی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی کەلەپوورێکی کۆنی تێپەڕیو و بەسەرچووە، گەڕانەوەیەکی بەرفراوانە بۆ کتێبە کۆنەکان و تەفسیرە کۆنەکان و ئەحکامی مەکتەبە فیقەهییە بەسەرچووەکان. ڕووە کولتوورییەکەی ئەم بزوتنەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر خەریکی ژیاندنەوەی دەیەها کێشەی فیقەهی و فیکرییە کە ڕۆژگاریان بەسەرچووە و بەشێکن لە دنیایەک کە مۆدێرنە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیوەشاندۆتەوە.

٦- خەیاڵی کۆمەڵایەتی هێزە ئیسلامییەکان خەیاڵێکی تۆتالیتێری گشتگیرە. ئەم خەیاڵە پشتئەستورە بەو ڕۆشنبیرییە گشتییە سادەیەی لەسەرجادەکان و لەناو شوێنە گشتییەکاندا

ئامادەیە، بێگومان لەو شوێنە گشتیانەدا جگە لە ڕۆشنبیریی ئاینی چەندەها ڕۆشنبیریی دیکەی نائاینی و تەنانەت دژە ئاینیش ئامادەن. بەڵام کێشە لەوەدایە ئەم خەیاڵە گشتگیرە شوێنێک بۆ ئەو هێزە جیاوازانە ناهێڵێتەوە، یان لانیکەم بەهێزی نامۆ و نارەسەن و خواستراو ناونووسیاندەکات.

٧ـ گەرچی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی هەڵگری گوتارێکی سەلەفین بەڵام خۆیان لە دنیای مۆدێرن و دنیای هاوچەرخەوە، نەک لە ڕواقە تاریکەکانی مێژووەوە، هاتوون. هێزەکانی ئیسلامی سیاسی هێزی مێژوویی تازەن و بەشێکن لە نەخشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بەڵام ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەی بەکاریدەهێنن و دەیکەنە بنەمای سەرمایە ڕەمزییەکەیان، گوتارێکی ئاینییە و ڕەگەکانی دەبەنەوە بۆ ئەو قەداسەتە ئاینییەی دەقە ئاینییە مێژووییەکان لەخۆیانیان گرتووە. بە مانایەکی دیکە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەکاتێکدا لەناو ململانێ و کێشە و گرفتەکانی ئێستادا نووقمن و شەڕێکی سەرسەخت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە پەنادەبەنە بەر ئەو سەرمایە ڕەمزییە تەقلیدییەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاد لە هەزار ساڵ تەمەنی هەیە. کێشەی سەرەکی ئەم ستراتیژەش لەوەدایە ئەم هێزانە بەم کارەیان سەرچاوەی شەرعییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەبەنەوە بۆ خوداوەند و دەقە ئاینییە پیرۆزەکان. هەرشتێک کەپێیهەڵدەستن بناغەیەکی خودایی پیرۆزی ئەدەنێ و بەمەش ڕاستەوخۆ خۆیان وەک نوێنەری خوداوەند لەسەر زەوی پێشنیاردەکەن. بەخشینی شەرعییەتێکی خودایی بە کار و کردەوەیەک کە ئینسان پێیهەڵدەستێت یەکێک لەو ستراتیژە سیاسییە گرنگانەیە کە ئیسلامی سیاسی لە ڕێیەوە سیاسەتدەکات.

٨ـ بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژگاری جیهانگیریدا، وەک هەموو بزاوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، چیدی بە تەنها بزاوتی لۆکاڵی نین، بەڵکو لە هەمانکاتدا بزاوتی گلۆباڵین و پەیوەندییەکانیان بەهۆی کۆچ و تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەوە سنووری لۆکاڵە ناوەکییەکانیان پەڕاندۆتەوە و دنیا بۆتە سەرزەمینی چالاکییەکانیان.

پێشئەوەی بچمە سەر بەشەکانی دیکەی ئەم نووسینە دەمەوێت لێرەدا جەغد لەو ڕاستییە بکەم کە ئەم سیفەتانەی دەستنیشانمانکردن مەرج نییە هەموویان بەسەریەکەوە لەناو هەموو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسیدا ئامادەبن. دەشێت یەکێکیان یان زیاد لە یەکێکیان لای ئەم هێز یان ئەویدیکە ئامادەبێت، هێزێک هەبێت جەغد لە خاڵێک لەو خاڵانە بکات و ئەوانی دیکەیانی بەلاوە گرنگ نەبێت، بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدایە هەموویان یان زۆربەیان لای هێزێک لە هێزەکان کۆبێتەوە. ئەم ڕەهەندە گشتیانە لەزۆر ڕووەوە ئەو چوارچێوە گشتییە پێکدێنن کە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەناویدا شووناسی خۆیان دەستنیشاندەکەن. تاچەند لایەنێک لەو لایەنانە لای ئەم هێز یان ئەویدیکە ئامادەیە، ئەمەیان مەسەلەیەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە و لەدەرەوەی توانا و سنووری ئەم نووسینەدایە.

ئێمە ووتمان ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا گریمانی چوار مەسەلەی سەرەکی دەکات، (١) بەخشینی جەوهەرێکی ئیسلامی بە کۆمەڵگای کوردی. (٢) بەخشینی جەوهەرێکی ئیسلامی بە مێژووی کوردی. (٣) بەرگریکردن لە ڕەسەنایەتییەکی گریمانکراو کە گوایە ئیسلام جەوهەرەکەیەتی. (٤) دابڕانی مێژووی کوردی بە هۆی «ئیسلامیبوون» یەوە لە مێژووی جیهانی. هەموو ئەمانەش بۆ سەلماندنی ئەو دیدە ئایدیۆلۆژییەی کە دەڵێت مادامەکی مێژووی کوردی مێژوویەکی ئیسلامی و کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، بۆیە بە پێویست چارەسەری کێشەکانی دەبێت چارەسەری ئیسلامی بن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم گریمانانە دەمەوێت سەرەتا مەنهەجێکی تایبەت پێشنیارکەم بۆ لێکدانەوە و تەماشاکردن و خوێندنەوەی مێژوو کە پێموایە ئەو ئامرازە تیوریانەمان دەخاتە بەردەست کە بتوانین بەهۆیانەوە لە چەند ئاستێکدا لەو گریمانانە ڕامێنین و بنەما تیوریيە ناڕاستەکانیان نیشاندەین.

### ٦. مێژوو وەک سێجۆر زەمەنی جیاواز

مێژوونوسی فەرەنسی بەناوبانگ فیرناند برۆدێل (١٤) بۆ تێگەیشتن لە مێژوو باس لە پێویستی لێکدیجیاکردنەوەی خێراییە جیاجیاکانی زەمەن دەکات، بەڕای برۆدێل چ زانا کۆمەڵایەتییەکان و چ ئەوانەش کە خۆیان بە مێژووەوە خەریکدەکەن و دەخوازن لە دیاردە مێژووییەکان تێبگەن، پێویستە خێراییە جیاجیاکانی تێپەڕینی زەمەن لە ناو کایە جۆربەجۆرەکاندا لەیەکدی جیابکەنەوە. چونکە خێرایی تێپەڕین و جوڵەی زەمەن لە هەریەکێک لە کایەکانی چالاکییە ئینسانییەکاندا خێرایی و جوڵەی جیاواز و تایبەتە. ئەمەش وادەکات توانای خۆتازەکردنەوە و گۆڕان لە هەریەکێک لەو کایانەدا جیاوازبێت لەویدیکەیان. جوڵەی زەمەن لە کایەی سیاسەتدا جیاوازە لە جوڵەی زەمەن لە کایەی ئابووریدا، گۆڕانەکانی ناو سیاسەت خێراترن لە گۆڕانەکانی ناو ئابووریی. لە کایەی کولتووردا جۆرێک لە زەمەن هەیە جیاوازە لەوەی لە کایەی تەکنۆلۆژیدا هەیە، تەکنۆلۆژیا زۆر خێراتر لە کولتوور و بەها کولتوورییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. زەمەنی ناو پرۆسەی بە بوونیادبوونی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە زەمەنی گەشەکردنی زمان، گروهێکی کۆمەڵایەتی نوێ خێراتر دروستدەبێ و بوونیادێک وەردەگرێت لەوەی کە زمانێک گۆڕانی بەسەردا بێت. بە کورتی لە هەریەکێک لە کایەکاندا زەمەن خێراییەکی تایبەتی هەیە، لە هەندێکیاندا هێواش و لەسەرخۆیە، وەک لەگەشەی زماندا، لە هەندێکی دیکەیاندا خێرایە، وەک لە کایەی سیاسەتدا. ئەم خێراییانەش پەیوەندیان بە پێکهات و جۆری پەیوەندی و توانا و هێزی ناوەکی ناوەکایەکان خۆیانەوە هەیە. بەم جیاکردنەوەیە برۆدێل دەیەوێت بڵێت کە هەر کایەیەک و مێژوویەکی تایبەتی هەیە و خێراییەکی تایبەتی گۆڕان و ڕوودان و مانەوە و بەسەرچوونی شتەکانی ناوی هەیە. لێرەوە ناکرێت قسە لە یەک مێژوو بکەین بۆ هەموو کایەکان. بێگومان ئەم کایانە لێکدی دانەبڕاون و یەک بە جیا لەویدی ناژی، بەپێچەوانەوە ئەم کایانە لە پەیوەندی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەدان لەگەڵ یەکدیدا. ئەوەی بەلای برۆدێلەوە گرنگە ئەو ڕاستییەیە کە ئەو کایانە بە هیچ جۆرێک هەڵگری یەک ڕیتم و یەک نەغمە و یەک خێرایی نین و یەک هۆکاریش لەناوەوە هەموویان ناجوڵێنێت. مەرج نییە ئەو فاکتەرەی سیاسەت ناچار بە گۆڕان دەکات هەمان ئەو فاکتەرەبێت کە زمان، یان تەکنۆلۆژیا ناچار بە گۆڕاندەکات، یان هۆکارەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی هەمان هۆکاری شکڵبەندی کۆمەڵایەتییبێت.

جگە لەم جیاوازییە ناوەکیانەی نێوان کایەکان برۆدێل سێ ئاستی دیکەی زەمەن بەپێی درێژی و کورتیان لەیەکدی جیادەکاتەوە، یەکەمیان ناودەنێت زەمەنی ڕووداو، دووهەمیان زەمەنی سیاقی و سێهەمیشیان زەمەنی درێژخایەن. با کەمەکێک زیاتر ئەم سێ ئاستەی زەمەن شیکەینەوە (١٥):

#### ١ـ زەمەنی ڕووداو یان مێژووی کورتخایەن (Events time)

ئەمەیان ئەو ئاستەی زەمەنە کە لە ئێستادا ئامادەیە و لەناویدا دەژین و ڕووداوەکان دەبینین ڕوودەدەن. درێژییەکەی لە ڕۆژێکەوەیە تا ساڵێکە. ئەم زەمەنە زەمەنێکە ڕاستەوخۆ دەرکی پێدەکرێت، کورتخایەنە، هەر ئەوەندە دەخایەنێت تا ڕووداوەکان ڕوودەدەن. بۆ نموونە زەمەنی ڕوودانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا ساڵی ١٩٩٤ ە، یان کاتی دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی ساڵی ١٩٩٤ ە. لە ساڵی ١٩٩٤ دا یەکگرتوو دروستدەبێت، شەڕی ناوخۆ دادەگیرسێ و تەواو. بەو دروستبوونە ئیدی زەمەنی کورتخایەن کۆتاییدێت و لەگەڵیدا کۆتایی بە ڕووداوی درووستبوونەکە و زەمەنی درووستبوونەکە دێت. بە باوەڕی برۆدێل ناتوانین لە چوارچێوەی ئەو زەمەنە کورتخایەنەدا لە دیاردەکان تێبگەین. بۆ نموونە ناتوانین لە ڕووداوی دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی یان بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ تێبگەین گەرهاتوو تەنها تەماشای زەمەنی کورتخایەنمان کرد، ناتوانین ڕاڤەکردن و لێکدانەوەکانمان لەو ساڵەدا کۆتاییپبێنین. بۆیە، برۆدێل دەڵێت، ناچارین بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان تەماشای سیاقێکی فراوانتر بکەین لە زەمەنی ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەو سیاقەش

بریتییە لە ئاستی دووهەمی زەمەن کە بریتییە لە:

**٢. زەمەنی سیاق یان مێژووی نیمچە درێژ (Conjonctures)**

ئەم ئاستەی زەمەن درێژخایەنترە لە ئاستی یەکەمیان و لەجەوهەردا ئاستی لە دایکبوون و ئامادەبوونی هەموو ئەو هێزانەیە کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ هاتنە کایەی ڕووداوەکان. ئەم زەمەنە دەشێت لە ١٠ ساڵەوە تا ٥٠ساڵ بخایەنێت. لێکدانەوەی ئەم ئاستەی زەمەن ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت بزانین بۆ دەرەنجامی شتەکان بەو جۆرەن کە هەن، بۆ ئەو ڕووداوانە ڕویانداوە و ڕوودەدەن، کامانەن هۆکاری ڕوودان و هاتنەکایەیان، لە کوێوە هاتوون و چ پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لە پشتی ڕوودانی ڕووداوەکانەوەن. درێژی ئەم کاتە ئەوەندەیە تا بۆ نموونە دەورەیەکی ئابووری دروستدەبێت، یان هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو فۆرمێک وەردەگرێت، یان پارادایمێکی زانستی دروست و باڵادەست دەبێت.

گەر بمانەوێت لە ڕووداوی هاتنەکایەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا تێبگەین، ئەوکات پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی لانیکەمی بارودۆخی سیاسی قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزم و هاتنە کایەی ئەزموونی دیکتاتۆریانەی دەوڵەتی سەربەخۆی عێراقی و گۆڕانە ناوەکییەکانی نا و ناسیۆنالیزمی کوردی و گەشە و هاتنە کایەی ئەو نوخبە ئاینییەیە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا ئامادەیە. ئەمە سەرەڕای لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و ڕۆشنبیریانەش کە لەم چەند دەساڵەی دواییدا لە کوردستاندا هاتۆتە کایەوە. بێگومان تەماشاکردنێکی وردی هەلومەرجی ناوچەیی، بۆ نموونە بەرپابوونی شۆڕشی ئێرانی، هەلومەرجی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە مەسەلەی جیهانگیری و کاریگەرییەکانی، و دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانەی ئەو ئاستە جیاجیایانە بەیەکدییەوە دەبەستێتەوە کارێکی لەڕادەبەدەر گرنگە.

**٣. زەمەنی دوورخایەن، مێژووی درێژخایەن (Long durée)**

ئەم ئاستەی زەمەن ئاستێکی زۆر درێژخایەنە و برۆدێل بە قووڵترین ئاستی زەمەنی دادەنێت. ئەم ئاستە ئاستی درووستبوون و بەرجەستەبوونی خوورەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و عادات و میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و بە بونیادبوونی عەقڵییەتە. لەم ئاستەدا بوونیادی بیرکردنەوە فۆرم وەردەگرێت، ئەو عەقڵییەت و شێوازی حوکمدانانە دروستدەبن کە لە شوێنێکی دیاریکراودا ئامادە و باڵادەستن. برۆدێل پێیوایە گۆڕینی خورەوشتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی عەقڵییەت لەچاو گۆڕانەکانی دیکەدا زۆر بە هێواشی ڕوودەدەن، بەڵام هەرگیز بە جێگیری و نەگۆڕیی نامێننەوە. گۆڕانی پراکتیک و عادەتە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی دەزگا سیاسییەکان، گۆڕانی زمان، گۆڕانی بەهاکان هەموویان سەر بەم شێوە تایبەتەی گۆڕانن و بۆ ناسین و دەرککردن بەو گۆڕانانە دەبێت تەماشای ئاستی دوورخایەنی زەمەن بکەین. ڕەنگە باشترین نموونەیەک بیهێنینەوە بۆ نیشاندانی ئەم شێوە دوورخایەنەی زەمەن گواستنەوەبێت لە قۆناغی بەر لە سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری، یان لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە، کە تێیدا کۆی خوورەوشتی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و تەعبیر و بیرکردنەوە وردە وردە گۆڕانیان بەسەرداردێت. لە پەیوەندیدا بە ئیسلامی سیاسییەوە لێرەدا دەبێت تەماشای ئەو گۆڕانانە بکەین کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، واتە لە ڕۆژگاری سەرەتای هاتنەکایەی مۆدێرنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دروستبوونی لەسەرخۆ و بەڵام بەردەوامی کۆمەڵێک قەیرانی بونیادی کە لە هەناوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دێنەکایەوە. هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە گۆڕانی گەورەی بەسەر ئاین و ڕۆڵی ئاین و تواناکانی ئاین لە ناو کۆمەڵگا و فانتازیا و عەقڵ و کۆی شتەکانی دیکەدا هێناوە.

بەلای برۆدێلەوە گۆڕانی ستراکتووری و قووڵ بەرهەمی کارلێکردنی ئەو سێ ئاستەی زەمەنە بەسەریەکەوە، بەڵام ئەو شێوەیەی دواجار ڕووداوەکان وەریدەگرن لەلایەن ئاستی دوورخایەنی

کاتەوە، کە ئاستێکی بونیادییە، دەستنیشاندەکرێت. لە هەمانکاتدا دەشێت ڕووداوێک، یان مەسەلەیەک کە مێژوویەکی کورتخایەنی هەیە ببێتە هۆی گۆڕانی ئاستە بوونیادییەکە. لێکدانەوەی بوونیادە مێژووییەکان پێویستی بە لێکدانەوەی هەر سێ ئاستەکەی زەمەن و کارلێکی ناوەکی ئەم ئاستانە لەگەڵ یەکدیدا هەیە.

بۆئەوەی بتوانین لە ڕۆڵی ئیسلام بەگشتی و لە ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی بگەین دەبێت بەردەوام ئاگامان لەم سێ ئاستەی زەمەن بێت و بەردەوام لە ئاستێکی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەوە بگوازینەوە بۆ ئاستێکی دیکەیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێت بەردەوام ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە ئەو چوارچێوە گشتییەی مێژووی ئێمە لەناویدا دەبزوێت، لە ئاستی دوورخایەندا، چوارچێوەی ئامادەگی و هاتنەکایەی مۆدێرنەیە. مێژووی ئێمە زیاد لەسەدەیەکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆحیدا ڕووی بە ڕووی مۆدێرنەدا تەقیوەتەوە. لێرەوە بۆ تێگەیشتن لەم ڕووداوانە دەبێت هەمیشە لەو ڕاستییە ئاگاداربین کە لەناو سیاقی دوورخایەنی مۆدێرنەدا ئامادەن. بەبێ ئەم دیدە مەنهەجییە و بەبێ نیشتەجێکردنی مێژووی ئێمە لەناو ئەم نەخشە مەنهەجی و فیکرییەدا دەکەوینە ناو چەندەها هەڵەی فیکری و مەنهەجی کوشندەوە و ڕاڤەکردنەکانمان جگە لە کۆمەڵێک دەرنجامی هەڵە، شتێکی دیکە نابێت.

### ٧. ئیسلامی سیاسی و مێژوو

ئێستا ئەگەر لەژێر سایەی ئەو بۆچونانەی بڕۆدێلدا تەماشای چۆنیەتی وێناکردنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ مێژوودا بکەین دوو میکانیزمی زۆر گرنگمان بۆ دەردەکەوێت:

١ـ لێکجیانەکردنەوەی زەمەنی ناو کایەکان و کردنی هەموو زەمەنەکان بە زەمەنێکی ئیسلامی. ئیسلامی سیاسی پێمان دەڵێت ئەوەی سیاسەت و ئابووری و کولتوور و تەکنۆلۆژیا و زمان لە دنیای ئیسلامدا بەڕێوەدەبات، مێژووی ناوەکی ئەو کایانە خۆیان نین بەڵکو ئەو مێژووە دەرەکییەیە کە ناوی ئیسلامە و بەبۆچوونی ئەوان لە هەناوی هەریەکێک لەو کایانەدا ئامادەیە و لە قوولاییاندا دەستبەکارە و جەوهەرێکی ئیسلامیشی پێبەخشیون. گەر وانەبێت چ مانایەک بۆ ئەو تێزە دەمێنێتەوە کە مێژووی ئێمە بە مێژوویەکی ئیسلامی ناونووسبدەکات. ئاشکرایە ئەم دیدەی ئیسلامی سیاسی و ئەو عەلمانییانەش لە پشتی ئەوانەوە هەمان گۆرانی دەڵێن جگە لە کاریکاتۆرێکی فیکری، شتێکی دیکە نییە.

٢ـ تێکەڵکردنی هەر سێ ئاستە جیاوازەکانی زەمەن بەیەکدی. واتە تێکەڵکردنی زەمەنی ڕووداو و زەمەنی سیاقی و زەمەنی درێژخایەن بەیەکدی و نیشاندانیان وەک یەک زەمەنی گشتی. ئەم تێکەڵکردنەیە، بۆ نموونە، پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی لە شێوەی حیزبی سیاسیدا، کە پەیدابوونێکە سەر بە زەمەنی ڕووداوە، واتە پەیدابوونێکی تازەیە و تەمەنێکی درێژی لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا نییە، دەباتەوە بۆ مێژوویەکی درێژی لەمەوبەر، واتە دەیاکاتە بەشێک لە زەمەنی دوورخایەن. بەمەش ئەم هێزە مێژوویەک بۆخۆی دروستدەکات کە مێژووی ئەو نییە و سەرمایەیەکی ڕەمزی مۆنۆپۆڵدەکات کە هی ئەو نییە. هۆیەکی دیکەی ئەم تێکەڵکردنەش ئەوەیە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت ئەو بۆچونەمان لا بەهێزکات کە مێژووی هاوچەرخی ئێمە دیسانەوە مێژوویەکی ئیسلامییە. ئەوەی ئەم ستراتیژە تایبەتە دەخوازێت بیسڕێتەوە و بێدەنگیکات مێژووی مۆدێرنەیە لە کوردستاندا، مێژوویەک کە بەهیچ مانایەک مێژوویەکی ئاینی نییە و لە ڕاستیشدا تا ڕادەیەکی زۆر مێژووییەکی ڕەخنەییە سەبارەت بە ئاین و ڕۆڵی ئاین. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەری. ئاشکرایە ئەم تێکەڵکردنەی ئاستە جیاجیاکانی مێژوو بەیەکدی تێکەڵکردنێکی بە ئەنقەستە و مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە پشتیەوەیەتی نەک هەقیقەتێکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵگای کوردی.

بۆ ئێرە تەنها ئەوەندە بەسە کە بڵێین زەمەنی درێژخایەن، کە زەمەنی شکڵبەندی ستراکتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی وعەقڵییە و قسە لە گۆڕانە دوورخایەنەکان دەکات، لای ئیسلامییەکان کراوەتە زەمەنێکی نەگۆڕی لەناوەوەڕا لە ڕێی ئیسلامەوە جەوهەر پێبەخشراو. لە ڕاستیدا هەمان لۆژیک ئامادەیە لە ڕەخنەی کاریکاتێری ئەوانەدا کە ئیسلام دەکەنە بەرپرسیاری زیاد لە هەزار ساڵ مێژووی ئێمە. ئەم زەمەنە لە دیدی ئیسلامییەکاندا زەمەنێکە ئیسلام دەستنیشانی چۆنیەتی تێپەڕین و شکڵبەندی و بەرهەمهێنانەکانی دەکات، نەک زەمەنێک کە ئەو دەستنیشانی ئەوەبکات ئیسلام لە و مێژووە درێژەدا چ مانایەک وەرگرێت و چ گۆڕانێکی بەسەردابێت. بەخشینی ئەم ماهییەتە ئیسلامییە بە زەمەنی دوورخایەن مانای پێشنیارکردنی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و فیکری و ڕۆحی ئەگەیەنێت کە بەردەوام کۆمەڵگای ئیسلامی و مێژووی ئیسلامی و ئینسانی ئیسلامی بەرهەمبهێنێت و ڕێ لەهەموو شتێکی دیکەش بگرێت کە جەوهەرێکی ئیسلامی نەبێت.

ئاشکرایە لەژێر ڕۆشنایی نەخشەکەی برۆدێلدا بۆ ئاستە جیاجیاکانی زەمەنی مێژوویی ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە تێزی ئیسلامی سیاسی دەربارەی مێژوو تێزێکی هەڵەیە. ئیسلامی سیاسی خۆی ڕووداوێکی سیاسی نوێیە و زادەی زەمەنی ڕووداوی یان مێژووی کورتخایەنی کۆمەڵگای ئێمەیە، بەڵام تاکتیکی ئەم هێزە لەوەدایە کە خۆی بە بەرهەمی زەمەنی دوورخایەن یان مێژووی درێژخایەن بزانێت و ئەم مێژووەش بە جەوهەرێکەوە گرێبدات کە گوایە ئیسلام بناغەکەیەتی. سادەترین لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژی و سیاسی پێماندەڵێت ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا زیاتر بەرهەمی مێژووی ئەم دوو دەساڵەی دواییە، نەک بەشێکی جەوهەری و نەگۆڕی مێژووی ئێمە کە ئیسلامییەکان بە ناوی ڕەسەنایەتییەوە گریمانی دەکەن.

وەک گوتمان بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی نابێت تەنها تەماشای زەمەنی کورتخایەن بکەین، بەڵکە دەبێت هەم تەماشای زەمەنی سیاقی و هەم تەماشای زەمەنی درێژخایەن بکەین، دەنا ناتوانین لە هۆکار و ماناکانی هاتنەکایەی ئەم هێزانە تێبگەین. بەڵام ئەم تەماشاکردنە بەو مەبەستە نییە بیسەلمێنین کە ئیسلام جەوهەری مێژووی ئێمەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەو مەبەستەیە نیشانیدەین کە مێژووی ئێمە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئیسلام هێزی سەرەکی نەبووە لە ناویدا، بەڵکو وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مۆدێرنە ئەم مێژووەی لەناوەوەڕا جوڵاندوە و ئاراستە و مانای بە گەشە و جوڵە و گۆڕانەکانی داوە. مەبەستم لە مۆدێرنەش ئەو چوارچێوە مێژووییە بەرفراوانەیە کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بە ڕادە و پلەی جیاواز لە دوو سەدەی ڕابووردودا کەوتۆتە ناویەوە. مەبەستم لە چوارچێوەش چوارچێوەی مێژوویی گۆڕانکارییەکانە، چوارچێوەیەک تێیدا کۆمەڵگاکان ناچار بە کۆمەڵێک گۆڕانی ڕیشەیی و بەرفراوان بوون کە تا ئەوکاتە لە ئارادا نەبوون، چوارچێوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی مانا و بۆ بەرهەمهێنانی سیستم و بونیادی تازە هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەم لەڕووی ڕەمزی و فەرهەنگیی و ئابوورییەوە. بەشێوەیەکی گشتییش دەکرێت بڵێین لە کوردستاندا ئەم مێژووە دوورخایەنە مێژووی لاوازبوونێکی لەسەرخۆی کاریگەرییەکانی ئاینە لەسەر کۆمەڵگا و ڕووداو و وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی هێزەکانی ناویەتی. ماکس ڤێبەر ئەم ئەم پرۆسەی دوورکەوتنەوەیە لە ئاین ناودەنێت پرۆسەی داماڵینی سیحر لە دنیا Disenchantment . ئەم پرۆسەیەش دوو سەدەیە وەک پرۆسەیەکی گەردوونی ئامادەیە و لەم دوو سەدەیەشدا مێژووی مرۆڤایەتی زیاد لە هەمووکات هێدی هێدی خەسڵەتی بەجیهانیبوونی گرتۆتە خۆی و مۆدێرنە بۆتە ئەو چوارچێوە گشتییەی لە زۆر شوێندا وردە وردە و لەسەرخۆ کاری لە مێژووە لۆکاڵییەکان کردوە، جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، چ بەشێوەی کارکردن لە ناویاندا یان وەک پەرچەکردار بەرامبەری. بەڵام با لەوخاڵەوە دەستپێبکەین کە ئیسلامی سیاسی لە ڕەتکردنەوەی ئەم جیهانیبوونی مێژووەوە دەستپێدەکات و لە شوێنی ئەودا مێژوویەکی پارچە پارچە و ڕەسەن پێشنیاردەکەن کە ئیسلام جەوهەرەکەی و نەگۆڕە هەمیشەییەکەیەتی.

### ٨. کۆمەڵگای کوردی و مۆدێرنە، لەیادبردنەوەی زەمەنی دوورخایەن

مێژووی کۆمەڵگای کوردی زیاد لە سەدەیەکە مێژووی تێوەگلانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە لە مژدە و توانا و کێشە و گرفتەکانی مۆدێرنەوە. لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەوە مێژووی ئێمە چیدی مێژوویەکی لۆکاڵی و داخراو و دابڕاو نییە لە مێژووی جیهان بە گشتی و مێژووی ناوچەکە بە تایبەتی. هەموو ئەو ڕیفۆرمە سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتووریانەی لەناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا پیادەکراون کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر کۆمەڵگا و مێژو و کولتووری ئێمە هەبووە. ڕیفۆرمەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکە لەسەرێکەوە بووە هۆی ڕوخاندنی ئیمارەتە کوردییەکان، بەلام لەسەرێکی دیکەوە بووە هۆی هاتنەکایەی نوخبەیەکی نوێ و لەوێشەوە بلاوبوونەوە و گواستنەوەی بەشێکی گرنگی ئەو دەزگا و چەمک و دیدانەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، لەپێش هەمووشیانەوە چەمکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و پێشکەوتن و یەکسانی و چەندەها چەمکی نوێی دیکەش. هەڵەی سەرکی هەر تێڕوانینێکی تایبەتگەرا لەوەدایە مێژووی کوردستان لە مێژووی دەرەوەی خۆی دابڕێت و بییکاتە مێژوویەکی داخرا و تایبەت و قەتیسماو لەنێوان سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجەدا. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگای ئێمە تا سەرئێسقان لە پرۆسە جیاوازەکانی مۆدێرنەوە ئالاوە با سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدەین:

لە کایەی پەروەردە و خوێندندا مۆدێرنە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسکاری سەرجەمی سیستمی خوێندن و پەروەردەی سوونەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا کردوە. زیاد لە سەدەیەکە مێژووی سیستمی پەروەردە و فێربوون مێژووی گۆڕانی سوونەتە تەقلیدییەکانی ئەم سیستمەیە بۆ شێوە مۆدێرنەکانی خوێندن و فێربوون. لە گولستان و بۆستانی سەعدی شیرازییەوە بۆ فیزیای نیوتن و بایۆلۆژیا و بەشەکانی دیکەی زانستە مۆدێرنەکان، گۆڕانەکان لە زۆر ڕووەوە ڕیشەیین. لەدایکبوونی قوتابخانە وەک سیستمێکی تازەی فێربوون، کردنەوەی فێرگە سەربازی و بازرگانی و پیشەیی و پەیمانگا و زانکۆکان، لاوازبوونی ستراکتوریی قوتابخانە ئاینییەکان و بزربوونی سیستمی فەقێییەتی، گۆڕانی شێوازی وانە ووتنەوە و فێربوونی زمانە مۆدێرنەکان، خەتە گشتییەکانی مێژووی خوێندن و فێربوون لە دنیای ئێمەدا دەستنیشاندەکەن. ئەم گۆڕانانە لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستاندا هاتوونەتە کایەوە و بە دەگمەن نەبێت ئەو سیستمە کۆنەی خوێندنی ئاینی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بالادەستبووە لە ئێستادا بوونی نەماوە و لەم ڕووەوە ئەم سیستمە بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکانی مۆدێرنەوە. لەم خاڵەدا کوردستان مێژوویەکی هاوبەش ژیاوە لەگەڵ هەموو کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ناوچەکە و تەنانەت جیهاندا. ئەم پرۆسەی گۆڕانە لە سیستمی فێربوون و پەروەردەدا پرۆسەیەکی گەردوونی بووە و کوردستان، وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی دنیا، ساتە جیاواز و نوێیەکانی ئەم گۆڕانە ژیاوە. بێگومان ئەم سیستمە لە کوردستاندا تائێستاش کێشەی گەورە گەورە و هەمەلایەنی هەیە، لە کێشەی مەنهەج و جۆری خوێندن و پەروردەکردنی ڕۆحی ڕەخنەیی و سەربەخۆیی فیکرییەوە بیگرە تا بەکۆی ئەو پەیوەندییە نا دیموکراتییانە دەگات کە لەناو سیستمی خوێندندا ئامادیە، بەلام هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە ناشارنەوە کە ئەم سیستمە لە هێڵە گشتییەکانیدا بەرهەمی مۆدێرنە و پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنە لە کوردستاندا. ئەوەشی ئەم گۆڕانانەی فەراهەمکردوە و وزەی بەردەوامی پێداوە، ئیسلام نییە، بەڵکو ئیرادەی تازەکردنەوە و پرۆژەکانی مۆدێرنە و مێژوویەکی گەردوونییە کە خودی ئیسلامیشی بە تازەکردنەوە ناچارکردوە. لە خۆڕا نییە مێژووی ڕەخنەی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە دنیای ئێمەدا مێژووی ڕەخنەگرتنە لە ئاین. لە (نالی )یەوە تاسەر (شێرزاد حەسەن)، لە (مەحوی)یەوە تاسەر (بەختیار عەلی)، لە (ڕۆژنامەی کوردستان)ەوە تاسەر (گۆڤاری ڕەهەند)، خەتێکی گشتی و بەهێزی ڕەخنەگرتن لە ئاین و وێناکردن و جیهانبینییەکانی ئاین لە ئارادایە.

گەر تەماشای کایە و سیستمی داد و دادپەروەری و مەسەلە یاساییەکان بکەین هەمان پرۆسەی گۆڕانکاری دەبینین. گواستنەوەی داوەری و داوەریکردن لە ناو مزگەوت و ماڵی مەلا و ئیمام و پیاو

ماقول و ڕیش سپییانەوە بۆ ناو دادگا و سێنتەرە یاساییە نوێکان و پەیدابوونی پارێزەران کە شارەزاییان لە یاسا مەدەنییەکاندا هەیە گەشەکردنێکە کوردستان بەسەرجەمی پرۆسەی مۆدێرنەی جیهانییەوە ئەبەستێتەوە. هاتنە کایەی یاسای تازە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابورییەکان، مەسەلەی ملکییەت، لە دایکبوونی سیستمی بانک و پارە گۆڕینەوە، مەسەلەی بازرگانی و قازانج ، تا بە مەسەلەی گۆڕینی یاسای ئەحوالی مەدەنی دەگات، هاتنەکایەیەکە لە چەند ڕووەوە دژ بەو دیدە گشتییەیە کە ئیسلام بۆ ئەم مەسەلانەی هەیە. لانیکەم ئەو ئیسلامەی لە کوردستاندا هەیە و هەبووە. لێرەشدا ماشێنی گۆڕانەکان پرۆسەکانی مۆدێرنەیە نەک ئیسلام.

ڕەنگە لە هیچ شوێنێکدا مەسەلەی ئامادەگی چەمکەکانی مۆدێرنە لە دنیای ئێمەدا ئەوەندە ئاشکرانەبێت وەک لە کایەی سیاسەتدا ئاشکرایە. لە دواهەمین چارەکی سەدەی نۆزدەهەمەوە گوتارێکی سیاسی لە ئارادایە کە ناکۆک بە گوتاری یونیڤێرسیالیستی و گەردوونگەرایی ئاینیی ئیسلامییە، مەبەستم لەو گوتارەش گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردییە. گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی نەک گوتارێکی ئاینی و ئیسلامی نییە، نەک چەمک و وێناکردن و فانتازیاکانی لەناو ئیسلامەوە نەهاتوون، بەڵکو لەڕاستیدا خودی ئەم گوتارە دەستکارییەکی گەورە و گرنگی ماناکانی ئیسلامی کردوە و لەزۆر ڕووەوە بارگاویکردوە بە مانای نەتەوەیی و ئەتنی و دایماڵییەوە لە مەیلە گەردونییەکەی. ناسیۆنالیزمی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر کۆی ئەو ژێرخانە ئاینییەی کە ئیسلام لە نیشتیمانی ئێمەدا هەیبووە خستۆتە خزمەتی پرۆسەی بەنەتەوەبوون و مەسەلەی نەتەوایەتییەوە، ئیدی لە خودی سەرکردە ئاینییەکانەوە بیگرە، تا بەو تۆڕە بەرفراوانەی پەیوەندی و ڕێکخستن دەگات کە تەریقەتە جیاجیاکان لە کوردستاندا لەبەردەستیاندا بووە و بەکاریانهێناوە بۆ ڕاپەڕین و یاخیبوونی بەردەوام. لەم پرۆسەیەدا ئیسلام، لە شەخسی پیاوە ئاینییەکاندا، لە تۆڕی دەزگاکانیدا و تەنانەت لەو ئایدیایانەشدا کەباس لە عەدالەتخوازی و مافی جیاوازبوون دەکات، خزمەتێکی گەورەی بە ناسیۆنالیزمی کوردی کردوە و ئەو زەمینە ڕەمزی و ڕێکخراوەیی و بەشەری و سەرکردایەتییەی بۆ ئامادەکردوە کە پێویستی پێبووە. بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەوە کە پێیان وایە ئیسلام دژ بە کورد و دژ بە ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرەتای سەرەتاکانییەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ئەوەمان نیشانئەدات ئەم بزوتنەوەیە بەردەوام سود و قازانجێکی گەورەی لە ئاین بە گشتی و لە ئیسلام بە تایبەتی کردوە. کێشەی ئەوانەی ئیسلام بە دوژمنی کورد دەزانن لەوەدایە تەنها خۆیان بە تەماشاکردنی زمانی دەقە ئاینییەکانەوە سەرقاڵدەکەن. ئەم نووسەرانە کە دەبینن ئەو دەقانە بە عەرەبی نووسراون و عەرەبی زمانی نووسینی ئەو نوخبە ئاینییە بووە کە لە کوردستاندا لە دەقەکان ڕاماوە و نووسینی بەرهەمهێناوە، ئیدی ڕاستەوخۆ ئەنجامگیری دەکەن و ئیسلام دەکەنە دوژمن و تێکدەری مێژووی کورد. ئەم دیدە جگە لەوەی دیدێکی زۆر ساکارە و زیاترلە قسەی سەر مێز و دانیشتنی ئێوارانە دەچێت تا خوێندنەوە و تێڕامانێکی مەنهەجی، لە هەمانکاتدا دیدێکە بۆچوونێکی هەڵەی دەربارەی چییەتی ئاین هەیە. سەرەتا ئاین هەمیشە لەدەقەکانی زیاترە و ناکرێت هیچ دینێک تەنها لە دەقە نووسراوەکانیدا بەندکەین، بەتایبەتی لە ناوەندێکدا کە کولتووری نووسین لاواز و شەفەهییەت کولتووری باڵادەستبێت. لە کوردستاندا پیاوانی ئاین تەنها لەوێدا کە دەقەکانیان خوێندۆتەوە و ئەو تیۆلۆژیایەیان ناسیوە کە دەقەکانینان لێکداوەتەوە عەرەبیزمان بوون. لە کوردستاندا پیاوانی ئاین زۆربەیان کورد بوون و لەڕووی چالاکی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆشنبیرانی ڕۆژگاری خۆیان بوون. لە پەیوەندیاندا بەو خەڵکەوە کە دەقەکانیان بۆ شیکردونەتەوە زمانیان زمان و دیالێکتە لۆکاڵییەکان بووە. لەم سیاقەدا زمانی عەرەبی نەک زمانی داگیرکەر نەبووە، بەڵکو ئامرازی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەم نوخبە ڕۆشنبیرییە کوردییە بووە. لە ڕێی ئەم زمانەوە ئەم نوخبەیە دەسەڵاتی فیکری و سەرمایەی ڕەمزی خۆیان وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەناو کۆمەڵگای کوردیدا پاراستوە. سەرەڕای ئەمانە گەر هاتوو ئیسلاممان لە دیدی دەزگایی و شەخسی و ئایدیاییەوە تەماشاکرد ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت چ ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە هاتنەکایە و شکڵبەندی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

سەرەڕای ئەم ڕاستیانە ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجی ئێمەیە ئەو ڕاستییەیە کە مەسەلەی خەباتی سیاسی و مەسەلەی پێداگرتن لەسەر مافە نەتەوەییەکان و مەسەلەی دروستکردنی حیزبی سیاسی نوێ و مەسەلەی بڵاوبوونەوە و ناسینی چەمکەکانی نەتەوە، مافی نەتەوەیی، مافی کولتووری، مافی چارەنووس، هەرهەموویان بەشێکن لەو گووتارە تازەیەی مۆدێرنەی سیاسی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و زۆربەی هەرەزۆری بزاوتە سیاسییەکانی دنیا لە دووسەد ساڵی ڕابووردودا بۆ بەرگریکردن لە شوونـاسی ئەتنی و نەتەوەیی تایبەت بەکاریانهێناوە. ئەم چەمکانە ڕەگەکانیان لەناو فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەدایە نەک لە ناو ئایندا، جا چ ئیسلامبێت یان هەر ئاینێکی دیکە. ئەم فەلسەفە سیاسییە مۆدێرنە نەک تەنها چەمک و وێناکردن و فانتازیای نوێی بەرهەمهێناوە، بەڵکو مانای تازەشی بە ئیسلام و بەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئیسلام لە کوردستاندا بەخشیوە، وەک نیشانماندا لەم پرۆسەیەدا ئیسلام و دەزگا و تۆڕ و پیاوە ئاینیەکانی کەوتونەتە خزمەتی بزاوتی ناسیۆنالیستییەوە . لەهەموو دۆخێکدا ئەوەی وزەی پێویستی بە گۆڕانە سیاسییەکان بەخشیوە و سەرزەمینێکی فیکری و سایکۆلۆژی و مەعریفی بۆ بنیادناوە مۆدێرنەیە نەک ئیسلام.

ڕەنگە کاریگەرییەکانی مۆدێرنە لە سەر سیستمی تەندروستی لە فۆرمی چۆنیەتی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی نەخۆشی، بنیادنانی خەستەخانە و هێنانی ئامێری پشکنینی نوێ، مامەڵەکردنی نەخۆش و هەموو ئەو شتانەی دیکەش کە پەیوەندیان بە سیستمی تەندروستییەوە هەیە، زیاتر لە ڕەهەندەکانی دیکە گرنگتربێت. هاتنەکایەی سیستمی پاڵاوتن و پاکژکردنەوەی ئاو، سیستمی زێراب و چارەسەرکردنی پاشەڕۆ، بەکارهێنانی دەرمان و دەرزی و پشکنینی بەردەوام و کووتانی مناڵان و چەندەها شتی دیکە ڕاستەوخۆ سەر بە دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنەن لە نیشتیمانی ئێمەدا. ئەگەرچی من لێرەدا زانیاری تایبەتم دەربارەی بەرزبوونەوەی ڕادەی تەمەن لە کوردستاندا لە بەردەستا نییە، بەڵام دەوێرم ئەنجامگیرییەکی گشتی بکەم و بڵێم جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان درێژی تەمەن و ئاستی تەندروستی و پەیوەندی بە نەخۆشییەوە لە ڕۆژگاری ئامادگی مۆدێرنە لە کوردستاندا بە بەراوردکرنی بە ڕۆژگاری بەر لەم ئامادەگیە. یٔ دەزگا مۆدێرنەکانی تەندروستی شوێنیان بە چارەسەری سیحری و نووشتە و دۆعا چۆڵکردوە و تا ڕادەیەکی زۆر فانتازیایەکی نوێیان دەربارەی نەخۆشی و نەخۆش و چۆنیەتی چەرەسەرکردنەکانیان هێناوەتە کایەوە. ئاشکرایە ئەم دەسکەوتانە نەک تەنها پەیوەندیان بە ئیسلام و ئاینەوە نییە، بەڵکو لە سەرەتاکانی ئامادەگی مۆدێرنە لە کوردستاندا دکتۆر و دەرمانسازەکان لەلایەن ئەو پیاوە ئاینیانەوە بەرەنگاریدەکران کە خوازیاری ئەوەبوون نەخۆش هەر بە نووشتە و دوعا و بەرەکەتی شەخس و مەشایخان چاککەنەوە.

لە ڕووی ئابوورییەوە، پەیدابوونی ئامێر و ماشێن و تەکنۆلۆژیای دیکەی بەرهەمهێنان، گەشەی ئابووری پارە، گەشەی کارگە و لەدایکبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ، گەشەی سیستمی ئیداری و بەڕێوەبردنی بیرۆکراسی، هەرهەموویان بەرهەمی مۆدێرنیزەی ئابوورین و بەشێکن لە گەشەکردنێکی جیهانی کە کاپیتالیزم بۆ هەموو قوژبنێکی سەر زەوی هێناوە، لەوانەش کوردستانی ئێمە. لێرەشدا ئەوەی گۆڕانەکانی ئاراستەکردوە مۆدێرنەیە نەک ئیسلام.

خۆ گەر باس لە گەشەی ئەدەب و هونەر و شێوە نوێکانی تەعبیرکردنی ئینسانی ئێمە لەخۆی بکەین ئەوا بەهەمان شێوە دەکەوینە ناو مێژوویەکەوە کە مۆدێرنە بەڕێوەیدەبات نەک ئیسلام. لێرەشدا ئەم مێژووە مێژوویەکی جیهانییە و تازەکردنەوەی زەوق و چێژو شێوازی تەعبیر هەموو میللەتانی دراوسێی ئێمە و زۆربەی میللەتانی دیکەی دنیای گرتۆتەوە. لەدایکبوونی مۆسیقای نوێ، شیعری نوێ، کورتەچیرۆک، شانۆ، ڕۆمان، فلیم و نمایش، هونەری تەشکیلی و پەیکەرتاشی و چەندەها شێوازی دیکەی دەربڕین نەک پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکو زۆربەیان بەپێی لێکدانەوە ئوسوڵییەکەی ئیسلام، حەرامن و دژ بە حوکم و یاسا و ئەمرەکانی ئیسلامن. هاتنی ڕادوێ و تەلەفیزۆن و سینەما، هاتنەکایەی چاپخانە و ڕۆژنامە و کتێبی نووسراو لە کوردستاندا ڕۆڵی چارەنووسساز و دەستنیشانکەریان بینیوە لە گۆڕانی هەستی ئیستاتیکی و چێژ و فانتازیای ئینسانی ئێمەدا. بەشداربوونی ئافرەتان بە ژمارەی زۆر لە خوێندن و کاروباری گشتیدا، مۆبیلبوونی

هەرچی زیارتری ئینسانی ئێمە، فێربوونی زمانی دیکە، بە تایبەتی عەرەبی، لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانەوە، وەک دەرەنجامی بەشداری بەرفراوان لە خوێندنی مۆدێرندا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بەو گۆڕانە قووڵانەوە مۆدێرنە لە چێژو توانا و فەنتازیای ئینسانی ئێمەدا دروستیکردوە.

گەر سەرنجێکی خێراش لە میعماری شارەکان بدەین و تەماشای شێوازەکانی خانووبەرە و شوێنی ژیان و بازاڕ و شەقامە گشتییەکان بکەین، دەبینین بەشێکی هێجگار گرنگی هەندەسەی شارەکان گۆڕاوە و شێوەی خانووبەرەی نوێ جێی بە شێوە کۆنەکان لێژکردوە و لەزۆر شوێنیشدا ئەم شێوە نوێیە بەتەواوی شێوە کۆنەکانی لەناوبردوە. بۆ نموونە نەمانی خان و دیوەخان و حەسار و چەندان فۆرمی دیکەی تەقلیدی خانوبەرە. مەسەلەی خواردن و جلوبەرگ و سەیرانگا و شتەکانی دیکەش گۆڕانی گەورە گەورەیان بەسەردا هاتووە. هەموو ئەمانەش کۆمەڵێک گۆڕان چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نییە.

لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە، ئیدی مێژووی ئێمە لە عێراقدا دەبێت بە مێژوویەک کە لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و هەمە لایەندایە بە گرنگترین داهێنانی مۆدێرنەوە کە دەوڵەتە. ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای دروستکردن و سەپاندنی کولتوور و شووناسێکی هاوبەش کاریکردوە و هەوڵی سڕینەوەی ئەو جیاوازیانەی داوە کە پێیوابوە یەکیەتییەکەی دەخاتە مەترسییەوە. هەموو ئەم کارانەشی ڕاستەوخۆ لە ئەلفبای سیاسی مۆدێرنە و تیورەی دەوڵەت و تیورەی نەتەوە و سیادەی نەتەوەیی مۆدێرنەوە وەرگرتووە. هەڵوێستی میللەت و کۆمەڵگای ئێمەش، بە قبووڵنەکردنی ئەو تواندنەوە بەزۆرە و قبووڵنەکردنی دۆڕاندنی شوناسی نەتەوەیی و شوناسی کولتووری، خۆی لە خۆیدا کاردانەوەیەکە لەناو ئەو دنیابینییەوە هاتوە کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، دنیابینی ئەوەی هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە شوناسی سیاسی و کولتووری تایبەتی خۆی هەبێت.

ئەم نموونانە نیشانیئەدەن ئیسلام زیاد لە سەدەیەکە لەناو ئەم مێژووە درێژ و هەمەلایەنەی ئامادەگی مۆدێرنەدا لە ناو رووکارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمەدا، ئامادەبووە، نەک لەناو پرۆژەیەکی ئایینیدا. ئەوەی ماناکانی ئیسلامی لەم ساتەوەختە مێژووییە درێژخایەنەدا دەستنیشانکردوە جەبر و یاسا و داواکارییەکانی ئەو سیاقە تایبەتەیە، کە سیاقی مۆدێرنەیە، نەک جەوهەرێکی نەگۆڕی گریمانکراوی ئیسلام و جەوهەرێکی گریمانکراوی کۆمەڵگای کوردی. ئەوەی وا لە شێخ سەعیدی پیران دەکات بەگژ دەوڵەتێکدا بچێتەوە کە بەڕێوەبەرانی موسڵمانن، ئەوەی شێخ مەحمود دەکات بەگژ دەوڵەتی عێراقیدا کە ئیسلام دینی ڕەسمییەتی، ئەوەی مەلامستەفا پاڵپێوەدەنێت دژ بە عێراق بجەنگێ یان نە جەنگێ، ئیسلام و ماناکانی ئیسلام نین، بەڵکو ئەو سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە کە مۆدێرنە لە کوردستاندا پایەداریکردوە و تێیدا بەرگری لەوە دەکرێت هەر میللەتێک مافی دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆی هەیە. کەواتبوو ئەوەی لە پشتی ڕووداوەکانەوەیە ئیسلام نییە بەڵکو دەسکەوت و گرفت و مژدە سیاسی و ئابووری و حقوقییەکانی مۆدێرنەیە.

بەکورتی ئەوەی مێژووی ئێمەی لە سەدساڵی ڕابووردودا بەڕێوەبردوە و ڕووداو و گۆڕانەکانی لەناوەوەڕا ئاراستەکردوە، ئیسلام و ئەو جەوهەرە ئیسلامییە نییە کە گوایە کۆمەڵگای ئێمە هەڵگریەتی، بەڵکو ئەو پرۆژە جیهانییەیە کە ناوی مۆدێرنەیە و دوو سەدەیە وردە وردە و بەهێواشی هەموو کون و قوژبنێکی ئەم ئەستێرەیەی بە شێوەی جیاجیا و لە ئاستی جیاجیادا گرتۆتەوە. لەناو ئەم مێژووەدا ئیسلام لەباشترین دۆخدا هۆکارێک بووە لە پاڵ هۆکارەکانی دیکەی گۆڕان و هاتنەکایەی دیاردەکاندا نەک هەموو هۆکارەکان و نەک جەوهەرێکی نەگۆڕ. لە ڕاستیدا ئەو مانایانەی ئیسلام لەمێژووی ئێمەدا وەریگرتوە مانایەک بوون کە سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان بەسەریدا نەک بەپێچەوانەوە ئیسلام دەستنیشانی پێکهات و جۆر و چۆنیەتی ئەو سیاقە جیاوازانەی کردبێت. ئیسلام بەم مانایە هۆکاری گۆڕان و هاتنەکایەی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو خۆشی لەناو گۆڕان و ڕوداوەکاندا و لەژێر کاریگەری سیاقە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکاندا گۆڕاوە و مانای نوێی وەگرتووە. با بۆ دواهەمینجار دیسانەوە نموونەیەک بهێنینەوە، گەر ئیسلام لەسەدەی نۆزدەهەمدا هۆکارێک بووبێت بۆ بەستنەوەی کوردستان بە ناوەندی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، ئەوا ئیسلام لە سەدەی بیستەمدا نەبۆتە هۆی ئەوەی کورد بە گژ دەوڵەتی تورکی و دەوڵەتی ئێرانی و دەوڵەتی عێراقیدا نەچێتەوە. ئیسلام لەسەدەی نۆزدەهەمدا بارگاوی بووە بە مانا ئیمپراتۆرییەتەکانی ئاین و بەرگری لە شووناسێکی کۆسمۆپۆلیتی ئاینی کردوە، بەڵام ئیسلام لەسەدەی بیستەمدا دەبێتە ئاینیک کە بەرگری لە مافە نەتەوایەتییەکان دەکات و ئەو هەلە دەرەخسێنێت پیاوە ئاینییەکان ببنە سەرکردەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئێمە لەو سەدەیەدا. ئەوەی کە مانا ئیمپراتۆرییەتییەکانی ئیسلامی لەسەدەی نۆزەهەمدا دیاریکردوە ئەو چوارچێوە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بووە کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دروستکردبوو، بەڵام ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا مانا نەتەوەییەکان بە ئیسلام ئەدا و دایئەماڵێت لە مانا کۆسمۆپۆلیتییەکانی گەشەی سیاسی بزاوتە ناسیۆنالیستییەکانە. وەک ئاشکرایە لە هەردوو گەمەکەدا، چ لە گەمەی ئیمپراتۆرییەت و چ لەگەمەی ناسیۆنالیزمدا، ئەوە ئیسلام نەبووە کە ماناکانی خۆی و ماناکانی سیاسەتی دەستنیشانکردوە، بەڵکو ئەوە چوارچێوە سیاسییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانن کە مانای تایبەتیان بە ئیسلام بەخشیوە.

وەک گوتمان لە مەحوییەوە تاسەر بەختیار عەلی و لە حاجی قادرەوە تا سەر شێرزاد حەسەن هێڵێکی گەورەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ماناکانی ئاین و ڕۆڵی ئاین و ئەرکەکانی پیاوانی ئاین لە ئارادایە. ئەم هێڵە لە ئیشکردن و تێڕوانینیدا بۆ واقیع و مێژووی کوردی، چ وەک تاک یان وەک کۆمەڵ، لەودیوی گریمانە ئاینییە باڵادەستەکانەوە کاردەکات. ئەمە جگەلەوەی کە خودی کۆمەڵگای کوردی ، وەک لەسەرەوە باسمانکرد، چەندەها گۆڕانکاری گرنگی بەخۆیەوە دیوە کە ئاین ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نەبینیوە و لەڕاستیدا خودی گۆڕانەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر قورسایی ئاین و وێناکردن و ڕاڤەکردنەکانی ئاینیان لاوازکردوە. بەم مانایە زیاد لە سەدەیەکە پرۆسەیەکی بەرفراوانی عەلمانییەت لە کوردستاندا ئامادەیە، بەڵام نەبینین و ڕاڤەنەکردنی ئەم گۆڕانانە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە ڕۆشنبیری ئێمەدا تا ئێستا مێژووی هیچ یەکێک لەو کایانەی باسمانکردن نەنووسراونەتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە هەستی مێژوویی و خوێندنەوەی مەنهەجیانە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو ئەم ڕۆشنبیرییەدا نائامادەیە. کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە تائێستاش هەریەکە و بەجیا، هەریەکە و بەپێی خێرایی زەمەن و ڕووداو و چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی ئەو کێشانەی کە هەیانە تەماشا نەکراون و نەخوێندراونەتەوە. مێژووی سیاسی لە دنیای ئێمەدا هەموو مێژووە لۆکاڵەکانی دیکەی کوشتووە، حەماسەت نەیهێشتوە مەنهەج دەستبەکاربێت و نەفیکردنی سادەگۆی سەرتاسەریانە شوێنی لێکدانەوەی چەندلایەنی و دیدی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی دیتنی دنیا و دیاردەکانی گرتۆتەوە. گەر بەم مانایە لە مۆدێرنە ڕامێنین دەکرێ ئەنجامگیریی بکەین و بڵێین مۆدێرنە لە کوردستاندا هێشتا لە سەرەتای سەرەتاکانیدایە. بە بەراوردکردنی بەکایەی ئابووری یان تەندروستی، مۆدێرنەی فیکری و تیوری و ڕەخنەیی زۆر لەدواوەیە و ئەو گوتارە حەماسییەی شۆڕش و خەباتی چەکدار پێویستی پێبووە، نەیهێشتووە ئەم ڕەهەندەی مۆدێرنە لە کوردستاندا بەهێزبێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو باسانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین زیاد لە سەدەیەکە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بە عەلمانیکردنی دنیای ئێمە لە ئارادایە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تا ئێستا ئەم پرۆسەیە تیوریزە نەکراوە و مێژوو و چۆنیەتی گۆڕانەکانی دەستنیشان نەکراوە. ئاین لەناو ئەم مێژووە تازەیەدا ئەرک و پێکهات و شێوە و پەیوەندی نوێی وەرگرتووە. ئەو کەسەشی ئەم مێژووەمان وەک مێژوویەکی یەک شێوە، ئیسلامی، خاوەن جەوهەرێکی نەگۆڕ و وێکچوو و بێجیاوازی بۆ پێناسدەکات، ئەوە باسی هەقیقەتێکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژیمان بۆ ناکات، باسی مێژوویەک ناکات بوونی هەبێ و ئینسانی تێدا ژیابێت، بەڵکو باسی وەهمێکی دیاریکراو دەکات کە دەخوازێت دیدێکی سیاسی بسەپێنێت، دیدێک کۆڵەکەکانی لەسەر پێناسەکردن و پێشنیارکردنی مێژوو بەو شێوە نەگۆڕ و ئیسلامی و جەوهەرگەراییەی باسمانکرد، بنیادنراوە.

ئەگەر مۆدێرنە لە دنیای ئێمەدا لە قۆناغێکدا گیریخواردبێت و بەرەوپێش نەچووبێت، ئەگەر قەیرانەکانی مۆدێرنە لای ئێمە قەیرانی گەورە و ترسناک بن، ئەگەر ئێمە وەک میللەتێک لەزۆر ڕووەوە لەبەردەمی مۆدێرنەدا وەک پەککەوتەیەک وەستابین نەک وەک بکەرێکی بەرهەمهێن، لەهەموو ئەمانە ەبەرئەوە نییە کە کۆمەڵگای ئێمە جەوهەرێکی ئیسلامی هەیە و ئەم جەوهەرەش ناتوانێت مۆدێرنە قبووڵکات. هۆکارەکانی قەیرانی مۆدێرنە لە دنیای ئێمەدا زۆرن و ناکرێت کورتیکەینەوە بۆ هۆکارێکی ئاینی. من لێرەدا توانای باسکردنی ئەم لایەنەی قەیرانەکانی مۆدێرنەم نییە، بەڵام هەوڵئەدەم خاڵێکی گرنگ و گشتی دەستنیشانکەم کە بریتییە لە کێشەی لەتکردنی مۆدێرنە لە ناوەڕاستدا بۆ دوو کەرتی لێکدابڕاو و دژ بەیەک، کەرتە تەکنۆلۆژی و ئامێرییەکەی مۆدێرنە بەرامبەر کەرتە فیکری و عەقڵی و کولتوورییەکەی. کەرتی یەکەمیان زۆر زیاتر لە کەرتی دووهەمیان گواسترەوەتەوە و بۆتە بەشێکی ئۆرگانی ژیانی ڕۆژانەمان، لەکاتێکدا کەرتی دووهەمیان هێشتا لە ململانێیەکی فیکری سەختدایە بۆ ئامادەبوون. لەڕاستیدا خودی هێزە ئیسلامییەکان کەرتە تەکنیکییەکەی مۆدێرنە لەهەموو ڕوویەکەوە بە کاردەهێنن و کاری جۆربەجۆری پێدەکەن. بەڵام ئەو پێکهاتە عەقڵییە ڕەخنەیی و فیکرییەی لەپشتی ئەم داهێنانە ئینسانییە گەورانەوەیە، لەڕێی جەوهەرێکی ئیسلامی گریمانکراوەوە، حەرامدەکرێن و یان لانیکەم بەناوی ئەوەوە گوایە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت پشتگوێدەخرێن. بەڵام با ئەو خاڵە تەواو ئاشکرابێت ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ مۆدێرنەدا لە کوردستاندا بە تەنها مامەڵەی ئیسلامییەکان نییە، بەڵکو ئەو هێزانەش کە بەناوی عەلمانییەتەوە ئەدوێن زۆرجار ئەم دیدە دووبارەدەکەنەوە. کێشەی مۆدێرنە لە کوردستان و زۆر شوێنی دیکەی دنیادا لەم مامەڵەکردنە یەکلایەنیەدایە لەگەڵیدا. مۆدێرنە پرۆژەیەکی نووقسان و مردوە بەبێ ڕەهەندە یاسایی و ڕۆحییەتە دیموکراسی و عەقڵییەتە ڕەخنەییەکەی. مۆدێرنە پرۆژەیەکی گەورەی ئازادکردنی عەقڵ و ڕۆح و کۆمەڵگا و ئینسانە، گوناهی گەورە کورتکردنەوەیەتی بۆ ئامێر بە تەنها.

وەک گوتمان ئەوەی مۆدێرنە لە دنیای ئێمەدا تووشی ئەم قەیرانە دەکات نە ئیسلامە و نە جەوهەری ئیسلامیانەی کۆمەڵگای ئێمە، بەڵکو ئەو گریمانە ناڕاستانەیە کە ئەمانەمان لێدەکەن بە هەقیقەت و دەڵێن مۆدێرنە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت. ئەوەشی ئەم گریمانانە پێشنیاردەکات خودی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەوە ئەو ئیرادە سیاسییە جیاجیایانەیە کە نایانەوێت کۆمەڵگای ئێمە تازەببێتەوە و عەقڵ هەموو مافەکانی قسەکردن و ڕەخنەگرتنی دەستکەوێتەوە. هۆکاری ئەم نەویستنەش بوونی جەوهەرێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو ئەو ترسەیە کە ئەم ئیرادە سیاسییە جیاجیایانە لە دۆڕاندنی شوێن و جێ و دەسەڵات و مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیانە، گەر هاتو لە شوێنی دەسەڵاتی کاریزما و حیزب و بنەماڵە و گروهێکی دیاریکراو خودی کۆمەڵگا خۆی دەسەڵاتدار بێت. عەقڵانییەتی ڕەخنەیی و دیالۆگیانەی مۆدێرنە لە خزمەتی ئەو دەسەڵاتە یەکلایەنی و دیکتاتۆری و کاریزمیانەدا نییە کە زیاد لە سەدەیەکە لە نیشتیمانی ئێمەدا ئامادەن و ناخوازن سنوورەکانی دەسەڵات بۆ هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ واڵاکەن.

لەکاتێکدا مۆدێرنە لە ڕووە سیاسییەکەیدا مانای هەرچی زیاتر کردنەوەی دەسەڵات و هەرچی زیاتر گەورەبوونی سنووری بەشداربوونی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی لە بڕیارداندا و هەرچی زیاتر چاودێریکردنێکی ڕەخنەییانەی ئیشکردنی دەسەڵاتە، لەهەمانکاتدا ئەو مۆدێلی دەسەڵاتانەی لە نیشتیمانی ئێمە و زۆربەی دراوسێکانماندا باڵادەستن مۆدێلێکن دژ بەم داخوازییە گرنگانەی مۆدێرنەی سیاسی کاردەکەن. گەر مۆدێرنە مانای هاتنە کایەی سیستمێکی هەقیقەتبێت کە تێیدا کەس هەموو ڕاستییەکانی پێنەبێت، ئەوکات هەموو ئەوانەی دەخوازن هەقیقەت پاوانکەن دەڵێن مۆدێرنە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت. ئەگەر مۆدێرنە مانای پرۆژەی بە دیموکراسیکردنی دەسەڵاتی سیاسی بێت، ئەوکات هەموو ئەوانەی نایەنەوێت دەسەڵات دیموکراسیبێت دەڵێن ئێمە موسڵمانین و مۆدێرنە لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێت، ئەگەر مۆدێرنە مانای یەکسانی نێوان ژن و پیاو، گەنج و پیر، ڕەش و سپی و شار و لادێبێت، ئەوکات ئەوانەی دەخوازن هەتا هەتایە نایەکسانی

لەناوەوەڕا کۆمەڵگای ئێمە ئیفلیجکات، دەڵێن مۆدێرنە لەگەڵ کوردا ناگونجێت. وەک ئاشکرایە خەتە گشتییەکانی مۆدێرنە لە قازانجی هیچ هێز و پرۆژەیەکی یەکلایەنی و دیکتاتۆری و ناڕەخنەیی و نادیموکراسیدا نییە، بۆیە سادەترین بەهانەیەک بدۆزرێتەوە و بەرگریلێبکرێت ئەوەیە بگوترێت ئەم ڕەهەندانەی مۆدێرنە لە گەڵ سروشتی کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێن. کەس ناوێرێت و نایەوێت ڕاستەوخۆ بڵێت من ڕووە سیاسییەکانی مۆدێرنەم ناوێت چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی و قازانجی سیاسی و کۆمەلایەتی مندا ناگونجێت، کەس ناڵێت من مۆدێرنەم ناوێت چونکە نامەوێت دەسەلات لەگەڵ هیچ هێز و لایەنێکی دیکەدا بەشبکەم، کەس ناقریشکێنێ و ناڵێت مۆدێرنەم ناوێت چونکە نامەوێت هەتا هەتایە جگە لەخۆم حاکمێکی دیکە لەم ولاتەدا هەبێت. دەڵێم کەس ناوێرێت ڕاستەوخۆ ئەم شتانە بڵێت، چونکە کۆمەڵگای ئێمە ئەوەندە مۆدێرنە قبووڵی ئەم دیدە بەر لە مۆدێرنە نەکات، بۆیە بەهانە دەهێنرێتەوە و دەگوترێت کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە و مۆدێرنە لەگەڵ سروشتی ئەم کۆمەڵگایەدا ناگونجێت. زۆرن ئەو دەنگانەی پێماندەڵێن دەبێت من حوکمتان بکەم و دوای منیش کوڕەکەم و دوای ئەویش کوڕی کوڕەکەم، بەلام گەر بپرسین ئاخر بەرێز بۆ؟ بۆ وامان لێدەکەیت، بۆ؟ چی لەوە سادەتر و باشترو کاریگەترە پێمانبڵێت: ئازیزانم ئالوگۆڕی دیموکراسیانەی دەسەلات لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی ئێمەدا ناگونجێت. وەک ئاشکرایە ئێمە لێرەدا لەبەردەم گووتارێکی ئایدیۆلۆژی و دیکتاتۆری ترسناکداین کە دەسکەوتەکانی مۆدێرنە لەسەر بنەمای پاراستنی دەسەلاتی نوخبەیەکی دیاریکراو ڕەفزدەکات، نەک لەبەردەم هەقیقەتێکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویدا. لەم ڕووەوە گوتاری ئیسلامی سیاسی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ گوتارە نادیموکراتییەکانی دیکەدا نییە، ئەوەندە هەیە ئەم گوتارە بۆ پاراستنی دەسەلاتی نوخبە ئاینییە سیاسییەکەی ئاشکراتر هێرش دەکاتە سەر مۆدێرنە و تێز و بۆچوون و ڕەخنە سیاسی وکۆمەلایەتی و فیکرییەکانی تا هێزەکانی دیکە لە کوردستاندا.

### ٩. لەیادکردنی یادەوەرییەکی نزیک، لەیادکردنی زەمەنی سیاقی

جگە لە یادکردنی کاتی دوورخایەن، ئیسلامی سیاسی وایکردوە خەڵکی ئێمە بە گشتی و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی بەشێکی زۆری یاداوەرییەکانی کاتی مام ناوەندیشیان لە نەخشەکەی برۆدێلدا بۆ مێژوو لەیادکردبێت. لە کوردستانی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ئاین و سیاسەت، ئاین و ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلایەتی، ئاین و فەرهەنگ بەم شێوەیەی ئێستا بەناو یەکدا نەچووبوون. ئەوکات گوتاری بالادەست لای هێزە سیاسییەکانی کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیران، بە پلەو ڕادەی جیاواز، گوتاری بەناویەکداچوونی ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم بوو. ئەوکات قسە لە چارەسەرێکی دیموکراسییانە و سۆسیالیستیانەی کێشەی کورد دەکراو کەس باسی لە ئیسلام و چارەسەری ئیسلامییانە و پیادەکردنی شەریعەت، نەدەکرد. ئەوکات بە دەگمەن هەبوون بڵێن جەوهەری کۆمەڵگا و مێژووی ئێمە جەوهەرێکی ئیسلامییە و کەس نەبوو بڵێت ئیسلام یەکەمین و دواهەمین چارەسەرە. لە هەفتاکاندا هیچ ڕۆشنبیرێک و هیچ سیاسییەک نەیدەگووت ئیسلام جەوهەری کۆمەڵگای کوردییە و کلیلێکە هەموو دەرگا داخراوەکانی ئایندەمان بۆ دەکاتەوە، کەس نەیدەگوت ئیسلام چارەنوسێکە و دەربازبوون لێی مەحاڵە، ئیسلام یەکەمین و دواهەمین و قەشەنگترین ماڵە. شەڕ لەگەڵ دایگرکەرانی کوردستاندا بەپلەی یەکەم شەڕ بوو لەسەر سەپاندنی مافە دیموکراسییەکان و سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی میللەتەکەمان. ئەوکات نیازە سیاسییەکان نیازی بنیادنانی عەدالەتی کۆمەلایەتی و یەکسانی بوون، کەس نەیدەگوت ئێمە دەخوازین شەریعەت پیادەبکەین. بەعسیش کە گەورەترین دوژمنی سیاسی کوردە لە سەدەی بیستەمدا، لە پێناسی هێزە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئێمەدا هێزێکی کافر یان بێدین نەبوو، بەڵکو هێزێکی فاشی بوو کە نەیدەویست هیچ مافێکی سیاسی و فەرهەنگی میللەتی ئێمە بسەلمێنێت.

لەئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا ئاین ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی ئەمڕۆکەی نەبوو کە لە ژێر سایە و کاریگەری ئیسلامی سیاسیدا پەیدایکردوە. هەموومان سالآنی زانکۆی سلێمانی و ئەو ئازادیە ڕێژەییەمان لەیادە کە لە مەجالی گشتیدا لە ئارادبوو، هەموومان دەزانین لەو ڕۆژگارەدا باس لە مەسەلەی ڕزگاربوون و ئازادی ئافرەت و فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادی گشتی و ئازادی تاکەکەس دەکرا. کێشەی ئافرەت بە پلەی یەکەم کێشەی یەکساننەبوونی بوو بە پیاو و گیرخواردنی بوو لە نێوان چواردیواری داخراودا. بۆیە داواکاری یەکەمین داواکاری هاتنە دەرەوە و ئامادەبوونی زیاتری بوو لە مەجالی گشتی کۆمەڵگادا. لەم ڕووەوە کتێبەکەی (هەڤاڵ کوێستانی) بە ناونیشانی (ئافرەت و ژانی لەدایکبوونێکی نوێ) تەعبیر بوو لە فەزایەکی فیکری و دیدێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت و پەیوەندی نێوان نێر و مێ کە بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بەو جەوهەرە ئیسلامییە گریمانکراوەوە نییە کە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئەمڕۆکە وەک هەقیقەتێکی ڕەها بە هەموانی بسەلمێنن. ئەڵبەتە من ناڵێم کتێبەکەی هەڤاڵ کوێستانی کتێبێکی قووڵ و زانستییە، بە پێچەوانەوە ئەو کتێبەش بە هەمان ئەندازەی کتێبی ئیسلامییەکان لەسەر ئافرەت کتێبێکی ئایدیۆلۆژییە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت نیشانیدەم ئەو ڕاستییەیە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئەو کات باڵادەست بوو باسی حیجاب و خەتەنەکردن و کوشتنی ئافرەت و تۆڵەی شەرەفی نەدەکرد، جگە لەمانە ئەوانەشی لەو ڕۆژگارەدا باسیان لە ئاین و ئیسلام و ئەخلاق دەکرد ئەسیدیان پێنەبوو و هوهایان لە ئافرەتی سەر دانەپۆشراو نەدەکرد و لەسەر جادە و شوێنە گشتییەکان هەڕەشەی مەرگیان لە کچ و کوڕی گەنج نەدەکرد. ئەم شتانە لەزۆر ڕووەوە نامۆن بە مێژووی بیست سی ساڵی ڕابووردومان، مێژوویەک کە ئیسلامییەکان دەیانەوێت بەزۆر قەناعەتمان پێبێنن کە نەگۆڕە و جەوهەرێکی ئەبەدی و هەمیشەیی هەیە و ئیسلام سەرەتا و کۆتاییەکەیەتی. ئەم ڕووداوانە داهێنانی هێزە ئوسوڵییەکانی کوردستانن لەبەردەم کۆتاییەکانی سەدەکەدا.

لە هەفتاکان و هەشتاکاندا کێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بە زاراوەکانی ئاین قسەیان لەسەر نەدەکرا و ئاین بەشێک نەبوو لە نەخشەی چارەسەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بەڵکو زۆربەی جار خۆشی وەک سەرچاوە و هۆکاری کێشە و گرفتە کۆمەڵەیەتییەکان دەبینرا. لەو ڕۆژگارەدا، لەزۆر ڕووەوە، ئاین ئەو گرنگییە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی نەبوو کە ئێستا بەبۆنەی هاتنەکایەی ئیسلامی سیاسییەوە پەیدایکردوە. دیاردەی بەهێزبوون و پێدزکێی ئاین بۆ ناو سیاسەت و بۆناو فەزای کۆمەڵایەتی و بۆناو ئەخلاق و بۆناو فەزای گشتی شارەکان بەو خەستییەی لەئێستادا لە کوردستاندا ئامادەیە، دیاردەیەکی نوێیە و تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی نەوەدەکانە. لەو ڕۆژگارەدا ژیانی گشتی و مەجالی گشتی بەم شێوەیەی ئێستا بە ئاین دانەپۆشرابوو، کتێبخانەکان و ڕۆژنامەکان و قسەکردنە سیاسییەکان بەم شێوەیەی ئێستا پڕ نەبوون لە بیسمیلا و ئایەت و کتێب و کاسێت و شریتی ڤیدیۆی ئاینی. نموونەی ڕۆشنبیرە گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارە تەرابیشی و ئەلیاس مەرقەس و مەهدی عامل بوون، نەک سەید قوتب و ئیبن تییمە و شێخ شەعراوی. لە ڕاستیدا ئاین و فیکری ئاینی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا هێمابوون بۆ کۆنەپارێزی و دۆگمای فیکری و هەژارییەکی ڕۆشنبیری و فیکری و ڕۆحی. نەک هەر لە هەفتاکان و هەشتاکاندا، بەڵکو هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕەخنە لە ئاین و لە پیاوانی ئاین مێژوویەکی درێژی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەیە، ئەدەبی کوردی لە زەمانی حاجی قادری کۆییەوە ئەدەبێکە لە پەیوەندییەکی ڕەخنەیی تووندایە بەرامبەر بە ڕووکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئاین. ڕەخنە لە ئاین لای نەوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی کوردییە، گەر گرنگترین بابەت نەبێت. لە ڕاستیدا ئەو نەوەیەی ئەدەبی کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕزگاربوون و لاوازبوونی ئایندا دروستدەکەن، ئەم مەسەلەیە لای بێکەس و قانیع و ئەحمەد موختار بەتەواوی ئاشکرایە. ئەمڕۆکە کە تەماشای کوردستان ئەکەین واهەستدەکەین ئێمە هەرگیز بەو مێژووەدا تێنەپەڕیوین و ئەوەتەی مێژوو مێژووە کۆمەڵگای ئێمە لەژێر حیجابێکی جەماعیدا ژیاوە و تاکی ئێمە هەمیشە

مەحکوم بووە بە تەسلیمبوونێکی سەرتاسەری بە ئاین. ئەمڕۆ کە نائومێدانە چەپەکانی دوێنێ دەبینین لە پشتی ئیمامی مزگەوتەکانەوە و لە بەردەمی کامێراکاندا نوێژئەکەن و دەستەکانیان بۆ ئاسمان بەرزدەکەنەوە و داوای پەشیمانی لە ئیمام و لەڕێی ئەویشەوە لە خوداوەند دەکەن، وادەزانین کۆمەڵگای ئێمە لە ڕۆژی دروستبوونیەوە لەناو ئاین و ئەحکامی ئاینیدا نووقمە و هیچ بوونەوەرێکی لەدەرەوەی ئایندا بوونی نەبووە و بوونیشی نابێت.

لە هەفتاکان و هەشتاکاندا ئەو لێکدانەوە توندڕەو و سیاسییانەی ئەمڕۆکە بۆ ئاین هەیە بوونی نەبووە. بەشێوەیەکی گشتی مەرجەعییەتی باڵادەستی سەدەی بیستەمی مێژووی ئێمە تا نەوەدەکان بە پلەی یەکەم کۆمەڵێک خەونی ڕۆشنگەرانە و هەوڵی تازەکردنەوەی کۆمەڵگا و تازەکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان و تازەکردنەوەی چێژ و دەربڕین و ئیستاتیکا و سەرخستنی شۆڕش بووە. ئەو گەنجانەی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا ڕیشیان دەهێشتەوە لاسایی دارویشی گۆرانیبێژیان دەکردەوە نەک لاسایی ئوسوڵییە توندڕەوەکان، ئەو خانمانەی مینی جۆبیان دەکردەبەر بەهیچجۆرێک نەیاندەزانی کە کچەکانیان، لەژێر ترسی مادی و ڕەمزی ئیسلامی سیاسیدا، ژیانیان لەژێر حیجابەکاندا دەشارنەوە. لە هەفتاکان و هەشتاکاندا هیچ ڕۆشنبیرێک ڕووی نەدەهات باس لە عەزابی قەبر، گۆڕەوشار، دنیای جنۆکە و چاکبوونەوە بە سیحر بکات. لە هەفتاکان و هەشتاکاندا منداڵان دەبران فێری مۆسیقاو گۆرانی بکرێن نەک دەورەی لەبەرکردن و دەرخکردنی قورئانیان بۆ بکەنەوە.

بەکورتی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا ئەو پرۆسە هەمەلایەنەی عەلمانیات کە زیاد لەسەدەیەکە لە کوردستاندا ئامادەیە بە توندی ئامادەبوو، ئەم پرۆسەیە لەنەوەدەکاندا وردە وردە لەزۆر لاوە و بۆ زۆر هۆی تایبەتی کەوتۆتە ژێر هێرشێکی توند و هەمەلایەنەوە. نەک بەتەنها ئیسلامییەکان هێرش دەبەنە سەر ئەم پرۆسە درێژەی عەلمانییەت، بەڵکو هێزە خۆ بە عەلمانیزانەکانیش ناوێرن و نایانەوێت داکۆکی لە خەتە گشتییەکانی ئەم پرۆسەیە بکەن. ئەم هێزانە تا ئێستا دوو ستراتیژی هەڵەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامی سیاسی پەیڕەوکردوە کە هەردوکیان زیانبەخشن. یەکەمیان ستراتیژییەتی تەشهیرکردن و شکاندن و دەرکردن و بێبەشکردنی کادەر ئیسلامییەکانە لە کارکردن لەناو دەزگا گشتییەکاندا، دووهەمیان پیادەکردنی گوتاری موجامەلەکردنی ئیسلامی سیاسیە. من دواتر دێمەوە سەر ئەم دوو گوتارە و بەدرێژیی لەسەر دەرەنجامە ترسناکەکانیان دەدوێم.

لە نەوەدەکاندا ئیسلامییەکان هەوڵئەدەن ژیانی ڕۆژانە لەسەر بنەمای گریمان و ئەحکامە ئاینییەکان ئۆرگانیزەکەن، دەیانەوێت ووشیاری ئینسانی ئێمە بدەنەوە دەست ئاین و بە زمانی فەتوا لەگەڵ ئەوانەدا بدوێن کە لەخۆیان ناچن. ئیسلامییەکان دەخوازن کۆمەڵگای ئێمە سەرلەنوێ دوای پرۆسەیەکی بەرچاو و دوورودرێژی عەلمانییەت بدەنەوە دەست دەزگا و پیاوە ئاینییەکان، لە پێش هەمووشیانەوە مزگەوت و مەلا و ئیمام و فەتواچییەکان، کە ژمارەیەکی بەرچاویان ئەندامی حیزبە ئیسلامی و نا ئیسلامییەکانی کوردستانن. ئیسلامییەکان دەخوازن مامۆستاکان ببنەوە بە ئیمامی مزگەوتەکان، دەسکاری ئەرشیتێکتی شارەکان بکەن و فەزای کۆمەڵایەتی و کولتووری بە تەواوی بکەنە فەزایەکی ئاینی. شوێنی سەرنجە کە دەبینین مزگەوتەکان وردە وردە دەبنە گەورەترین و گرانبەهاترینی ئەو بینایانەی لە شارە کوردییەکاندا دروستدەکرێن، بەمەش ئەم ماڵە ئاینییانە دەبنە بەرچاوترین بینای ناو مەجالی گشتی شارەکان و مانا ڕەمزییەکانیان دەبنە مانای باڵادەست لە کوردستاندا. کتێبخانەکان پڕبوون لەو کتێبانەی کە ترس و بیمێکی زۆر بەرامبەر ژیان دروستدەکەن. ژمارەی ئەو ئیمام و مەلا و خوێندکارە ئاینیانەی کە دەخوازن ژیان لەناو ئەحکامە ئاینییەکاندا نووقمبکەن لە زۆربون و گەشەکردندان. هەموو ئەمانە بەپێچەوانەی هەفتاکان و هەشتاکانەوە کە سەرەڕای ترسی تۆقێنەر و کوشندەی بەعس هێشتا بەشێوەیکی ڕۆشنتر و بێترستر تەماشای دنیا و ژیان و کۆمەڵگا دەکرا.

کە پێماندەڵێن ئیسلام جەوهەری کۆمەڵگای ئێمەیە، ئەو کات گریمانی ئەوە دەکرێت کە دەزانرێت ئەو ئیسلامە کامەیە و ئەو جەوهەرەش چییە کە باسدەکرێت، لە کاتێکدا لە کوردستاندا هەر هێزێکی ئیسلامی و نا ئیسلامی تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ ئیسلام و ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی تاک و کۆمەڵگادا هەیە. ئایا کامە ئیسلام جەوهەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئیسلامی بزوتنەوەی ئیسلامی یان ئیسلامی یەکگرتوو، ئیسلامی جیهاد یان ئیسلامی حەماس، ئیسلامی مەلا و پیاوە ئاینییەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی یان ئیسلامی مەلاکانی ناو پارتی، حیزبولای شۆڕشگێڕ یاخود ئیسلامی ئەو خوێندەوارە ئاینییە بێلایەنانەی باوەڕی خۆیان تێکەڵ بە گەمەکانی سیاسەت ناکەن، ئیسلامی دایک و باوکی ئێمە یان هی مەلاکانی سەدام حوسەین. وەهمێکی گەورە و هەڵەیەکی فیکری و سەهویەکی مەنهەجی ترسناکە پێمان وابێت ئیسلام یەک شتە و هەمووان هەمان تێگەیشتنمان بۆی هەیە و هەمان ڕۆڵی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا پێدەبەخشین. ئەو جەوهەرە نەگۆڕە گریمانکراوە جگە لە درۆیەکی مێژوویی و هەڵەیەکی مەنهەجی شتێکی دیکە نییە. ڕاستە خەڵکی وڵاتی ئێمە موسڵمانن، بەڵام هەریەکە و بە ئوسلوبێک موسڵمانە، هەریەکە و بەشێوەیەک موسڵمانبوونی خۆی دەژی. گریمانکردنی جەوهەرێک بۆ ئاین مانای کوشتنی ئەو هەمەڕەنگییەیە کە خەڵک بە ئاینەوە ئەبەستێتەوە، لەناوبردنی شێوە جیوازەکانی ژیانی ئاینییە لەپێناوی سەروەرکردن و سەپاندنی یەک شێوە لە شێوەکان، ئەو شێوەیەی ئیسلامی سیاسی و نوخبە باڵادەستەکەی لە پاڵیدا بەرگری لەدەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەن. کێشەکەش لەوەدایە ئەم پرۆژە بەزۆر سەپێنراوە جگە لە پرۆژەیەکی تۆتالیتێری خنکێنەر و بکوژی هەموو ئازادییەکی ڕۆحی و حەیاتی شتێکی دیکە نییە. ئەم پرۆژەیە پرۆژەی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگایە لەسەر مۆدێلی « قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان» وەک لە ڕۆمانە جوانەکەی « ئێوارەی پەروانە» ی بەختیار عەلیدا بە وردی باسکراوە. ئەگەر سەدام هەوڵی بنیادنانەوەی کۆمەڵگای ئێمەی دابێت لەسەر مۆدێلی سەربازگە (١٦)، ئەوا ئیسلامی سیاسی هەڵگری پرۆژەی دروستکردنەوەی کۆمەڵگای ئێمەیە لەسەر مۆدێلی قوتابخانەیەکی گەورەی تۆبەکردن. پرۆژەکەی سەدام دواجار بووە پرۆژەی بنیادنانی جەهەنەم لەسەر زەوی، جەهەنمێک ئەنفال سومبولی یەکەمیەتی، پرۆژەی قوتابخانەی تۆبەکردن شتێک نابێت جیاواز لە پرۆژەکەی سەدام.

بەخشینی جەوهەرێک بە کۆمەڵگا مانای بەخشینی شەرعییەت بە مانایەک لە ماناکان و باڵادەستکردنی ڕایەک لە ڕاکان و سەپاندنی ڕاڤەکردنێک لە ڕاڤەکردنەکان بەسەر مانا و ڕاڤە و ڕاکانی دیکە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر کۆمەڵگا جەوهەرێکی دیاریکراوی هەبێت، بێگومان نییەتی، ئەوکات ئەوکەسەی تەعبیر لەو جەوهەرە دەکات هەڵگری هەقیقەتە و ئەوانیدیکە هەموان هەڵەن. وەک دەبینین ئەم لۆژیکە لۆژیکی شەڕی ناوخۆیە، لۆژیکێکە ناتوانێت یان نایەوێت کۆمەڵگا وەک سەرزەمینی بەیەکدادانی کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز و مانای جیاواز و قازانجی کۆمەڵایەتی جیاواز و سیاسەتی هەقیقەتی جیاواز، ببینێت.

کۆمەڵگا هەرچی شتێکی هەبێت جەوهەری نییە. جەوهەر مانای نەگۆڕیی، مانای شتێک کە هەمیشە وەک خۆی بمێنێتەوە، شتێک تێپەڕینی کات و شوێن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەجێنەهێڵێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگا بوونەوەرێکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەردەوام ناکۆکی تازە و کێشەی تازە و بیری تازە و مۆراڵی تازە و مانای تازە و شێوە ژیانی تازە بەرهەمدەهێنێت. هیچ کۆمەڵگایەک نییە لە دنیادا لەدەوری جەوهەرێک بسوڕێتەوە، هەر ڕۆژگارە و پێکهاتێکی دیاریکراو بە کۆمەڵگا ئەدات، شتە کۆنەکان لە دنیای هاوچەرخدا ماناکانیان دەگۆڕێت، دیاردە وێکچووەکان لە سیاقی جیاوازدا مانای جیاواز پەیدادەکەن، ڕۆژگاری تازە مانای تازە و لێکدانەوەی تازە دەخوازێ و دەهێنێت. لێرەوە ناکرێت قسە لەبوونی جەوهەرێکی نەگۆڕ بکەین، لە جەوهەرێکی ئاینی کە موفاریقە و بەردەوام خۆی وەک خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. فەلسەفەی جەوهەر و جەوهەرگەرایی فەلسەفەی بێدەنگکردنی دەیەها هێز و کوشتنی دەیەها پرۆژەی کۆمەڵایەتییە.

### ١٠. ئیسلام وەک ئاینێکی جیاواز

محەمەد ئارکۆن لە ووتارێکدا دەربارەی مەسەلەی دابڕانی مێژووی کۆمەڵگاکانی لای ئێمە لە مێژووی جیهانی و کردنی مێژووی ئیسلام بە مێژوویەکی زۆر تایبەت و کەم وێنە دەڵێت، ئوسوڵییەکان لە هەموو شوێنێکی دنیادا هاواردەکەن :«ئیسلام پێویستی بەکەس نییە، ئیسلام ئامرازی زانستی، سیستمی فیکری و مەعریفی تایبەتی خۆی هەیە. ئیسلام پێویستی بە فێربوون لە ڕۆژئاوا و بە هێنانی هیچ مەنهەجێکی زانستی ڕۆژئاوایی نییە» (١٧). وەک ئاشکرایە ئیسلام لەم قریشکە ئوسوڵییەدا وەک بوونێکی تەواو کامڵ و شتێکی تەواو جیاواز لە هەموو بوونەکانی دیکەی سەر ئەم ئەستێرەیە پێشنیاردەکرێت. بەم کارەش خەتێکی ڕاستوچەپ بەسەر هەموو ئەگەرێکی وێکچوون و بەشداربوون لە مێژوویەکی جیهانی و ئینسانی هاوبەشدا دەهێنرێت. ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەم لۆژیکە دەیسڕێتەوە و هەوڵی لەبیربردنەوەی ئەدات ئەو مێژووە گەردوونییەی مۆدێرنەیە کەمن لە لاپەڕەکانی سەرەوەدا بە کورتی لەهەندێک لەدەرکەوتەکانی دوام. ئەم سڕینەوەیەش وەک پێشتر ئامەژەمان بۆکرد لەژێر ناوی گوتاری ڕەسەن و ڕەسەنایەتیدا ئەنجامئەدرێت، گوتارێک بۆ پیادەکردنی ئەم دیدە ناڕاست و نامێژووییە دەربارەی ڕەسەنایەتی مێژووی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لە هەموو وێکچونێک لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگاکانی دیکەدا بێبەشدەکات و خودی ئیسلام خۆشی دەکاتە شتێکی بێوێنە. بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لەم دیدەدا دەکرێتە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و تایبەتمەندییەکی گریمانکراوی پێدەبەخشرێت بۆیە بیرۆکەی دابڕان لە مێژووی دەرەوەی خۆی و دابڕان لە مۆدێرنە و دابڕان لە دەسکەوتەکانی مۆدێرنە دەبنە تێزی هەرەسەرەکی ئەم دیدە. بێگومان ئەم گوتارە دەربارەی تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتی گوتارێکی کۆنەپارێز و تابڵێی دوورە لە هەر ڕۆحییەتێکی مێژوویی و مەنهەجی و زانستییانە. لە ڕاستیدا ئەم گوتارە هیچ پەیوەندییەکی بەلانیکەمی تێڕوانینی زانستییەوە بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێمە نییە، بەڵکو لە جەوهەردا ستراتیژییەتێکی سیاسییە بۆ خۆدورخستنەوە لەهەموو ئەو دەسکەوتە گرنگانەی مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی، مێژووی مۆدێرنە، لەم دوو سەدەیەی دواییدا بەرهەمیهێناوە، لەپێش هەمووشیانەوە خۆدزینەوە لەهەموو ئەو بەربەستە دەزگایی و سیاسی و یاسایی و ئەخلاقییانەی لێناگەڕێن دەسەڵات لەدەستی نوخبەیەکی بچووک و دیاریکراودا کۆببێتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە دەسەڵات لەپاڵ دەسکەوتە تەکنیکییەکانی مۆدێرنەدا دەشێت زیاد لە هەمووکات زیانبەخش و کوشندە بێت. ستراتیژییەتی بە بێوێنەکردنی مێژووی ئێمە و مێژووی ئیسلام لە بەرامبەر مێژووی کۆمەڵگا و ئاینەکانی دیکەدا، بازدانە بەسەر ئەو زەمەنی دوورخایەنەدا، جۆری سێهەمی زەمەن لە نەخشەکەی برۆدێلدا، کە لەسەرەوە باسمانکرد و گۆڕانەکانی ناویمان نیشاندا. وەک چۆن لەهەمانکاتدا هەوڵدانی پارچە پارچەکردنی مێژووە، بۆ مێژووی تایبەت و سڕینەوەی هەر هاوبەش و وێکچوونێکە لەنێوان هێڵە گشتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا جیاجیاکاندا.

بێگومان هەموو مێژوویەک مێژوویەکی تایبەتە و هیچ کۆمەڵگایەک لەسەر زەویدا نییە سەد دەر سەد لە کۆمەڵگایەکی دیکە بچێت. بەڵام ئەم جەغدکردنە لەسەر جیاوازی کۆمەڵگاکان و جیاوازی مێژووە لۆکاڵییەکان مانای ئەوە نییە مێژووی مرۆڤایەتی وەک گشتێک مێژووی گەشەکردنێکی هاوشێوە و هاوبەش نییە. کە مۆدێرنە دێت دەرگای دنیایەک دەکاتەوە کە وادەکات وردە وردە و لەسەرخۆ هیچ مێژوویەک نەتوانێت بەداخراوی بمێنێتەوە، مۆدێرنە لەسەرێک لەسەرەکانەوە بریتییە لە کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی هەموو ئەو مێژووانەی تا هاتنی ئەو بەداخراوی ماونەتەوە. ئەگەر سیاسەت سەرزەمینی جیاوازی و فرەڕەنگی بێت، ئەوا لەناو ئەم جیاکارییە گەورەیەدا مێژوویەکی هاوشێوەی گەشەکردن و گۆڕان و گواستنەوە هەیە کە لەزۆربەی هەرەزۆری بەشە جیاوازەکانی سەرزەویدا وەک یەکە و وەک یەک بووە. مەبەستم لەو مێژووەش مێژووی گۆڕانی چوارچێوەکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی و چوارچێوەکانی گەشەی ئابوری و تەکنیکی و بەرزبوونەوەی ئاستی

گوزەران و کەڵەکەبوونی مەعریفەیە. مێژووی قۆناغی شار ـ دەوڵەت، دواتر گۆڕانی ئەم قۆناغە بۆ شێوازەی ئیمپراتۆرییەت، گۆڕانی قۆناغی ئیمپراتۆرییەتیش بۆ قۆناغی دەوڵەتی نەتەوە و لە ئێستاشدا چوونە ژورەوەی مرۆڤایەتی بۆ قۆناغی جیهانگیری، چوارچێوەی هاوبەشن لە نێوان مێژووە لۆکاڵییە جیاجیاکاندا. ئەم قۆناغانە میکانیزمی گشتی و شێوازی ئۆرگانیزەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی هاوبەشیان هەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لێکدەچن.

قۆناغی شار ـ دەوڵەت، قۆناغی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانە، هەر شارێک یان کۆمەڵە شار و گووندێکی لێکنزیک هێزێکیان دروستکردوە و ناوەندێکی دەسەڵاتیان پێکهێناوە، لەم قۆناغەدا هەم مۆدێلی دەسەڵاتی دیموکراتییەتی ڕاستەوخۆ لە شێوە یۆنانییەیدا ئامادەبووە، هەم شێوە دەسەڵاتی ستەمگەر یان سەربازییانە. ئیمپراتۆرییەتەکان قۆناغی دەسەڵاتی بان ـ لۆکاڵین و ستراکتوری دەسەڵات تیایاندا لە ناوەندێکی دەسەڵات و چەندەها کەناری لۆکاڵی پێکهاتووە. لەم قۆناغەدا ئەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکانی بەیەکدیەوە بەستۆتەوە ئاین بووە، جا چ مەسیحییەت وەک لە مێژووی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا دیارە، یان ئیسلام لە مێژووی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا. دوای کۆتاییهاتن و وێرانبوونی ئیمپراتۆرییەتەکان سیستەمی دەوڵەتی نەتەوە و بزاوتە ناسیۆنالیستییەکان دێنەکایەوە. ئەم پرۆسەیە لە هەموو دنیادا ئامادەبووە و هەموو ئیمپراتۆرەکان دوای هەڵوەشاندنەوەیان کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەییان لێدروستبووە. لەم قۆناغەدا چەمکەکانی دەوڵەت ، نیشتیمان، نەتەوە و ناسیۆنالیزم شوێنی چەمکە گەردوونییەکانی ئاین دەگرنەوە. لەمڕۆشدا، لە سەردەمی جیهانگیریدا، یەکێک لەو شتانەی لاوازدەبێت مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە و چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیە. ئەوەی دروستدەبێت و گەشەدەکات ئەو بلۆکە ئابوری و و سیاسی و کولتوورییانەیە کە لە دەوڵەتی نەتەوەیی گەورەترن و لەودیو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتەوە کاردەکەن، بۆ نموونە بلۆکی ئەوروپای یەکگرتوو یان ئاسیای ڕۆژئاوا یان نافتا لە کیشوەری ئامریکادا. بێگومان لەهەر بەشێکی دنیادا ئەم پرۆسە گەورە و لێکچووانەی گۆڕان بەشێوەی تایبەت و لە چوارچێوەی پێدراوە لۆکاڵییەکانی ئەو شوێنانەدا ڕوویانداوە و ڕوودەدەن، بەڵام وەک ئاشکرایە هەمیشە چوارچێوەیەکی سەرەکی هەبووە کە گۆڕانەکان لە ناویدا هاتوونەتە کایەوە و بونەتە بەشی جیاوازی یەک پرۆسەی مێژوویی گەورە.

گۆڕانی چوارچێوە سیاسییەکان لەو شێوە گۆڕانکارییانەن کە برۆدێل بە گۆڕانکاریی دوورخایەن ناویاندەبات. گۆڕانکارییەک کە چەند سەدەیەکی پێدەچێت تا بەتەواوی شێوە و ناوەرۆکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و وایلێدێت بە ئاسانی ببینرێت و دەرک بە دەرکەوتەکانی بکرێت. لەم ئاستەی تەماشاکردنی مێژوودا مێژووی بەشە جیاجیاکانی دنیا نەک لێکدی جیاوازنین، بەڵکو هەموویان لەناو پرۆسێسی مێژوویی لێکچودا جوڵاون و ئامادەبوون. هەم ئیسلام و هەم مەسیحییەت هەردوکیان ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی قۆناغی ئیمپراتۆرییەتن، خودایەک و پێغەمبەرێک و کتێبێکی پیرۆز و سەدەها و هەزارەها مزگەوت و کەنیسە و لەشکرێک لە قەشە و مەلا و ئیمام پاریزگاری بەڕێوەبردنی کاروباری پیرۆزگەراییان کردوە. کە مۆدێرنەش دێت و لەگەڵیدا مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتەکایەوە هەردوکیان هەمان پرۆسەی لەدەستدانی گەردونیبوونیان بەسەردادێت، هەردوکیان قووڵاییەکی ناوەکی و ئامرازی مۆبلیزەکردن و تۆڕی پەیوەندیکردن بە بزاوتە ناسیۆنالیستە جیاجیاکان ببەخشن. ئێستاش جیهانگیری چەندە ئەو ژێرخانە مێژووییەیە کە ئوسولیەتی ئیسلامی بەرهەمدەهێنێت، بەهەمان شێوەش ژێرخانی ئوسولیەتی مەسیحی و ئوسولیەتی یەهودی و ئوسولیەتی ڕەگەزپەرستیشە لە شێوەی نازیەتی نوێدا.

لە دیدێکی مێژوویی و مەنهەجیی ئاوادایە محەمەد ئارکۆن چەمکی «کۆمەڵگاکانی کتێب» بۆ قسەکردن لەسەر ئاینە یەکتاپەرستەکان پێشنیاردەکات (١٨). بەبۆچوونی ئارکون بوونیادی قووڵی یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام یەک بوونیادە گەرچی لە سیاقە جیاجیاکانی خۆیاندا هەڵگری چەندەها جیاوازین. بوونیادی قووڵی ئەم سێ ئاینە پێکهاتووە لە باوەڕبوون بەیەک خودا، بە بوونی کتێبێکی پیرۆز و بە بوونی پێغەمبەرێک، ئەمە جگە لەوەی هەرسێکیان خاوەنی لەشکرێک قەشە و

حاخام و ئیمامن کە وەزیفەیان بریتییە لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم کتێبانە. بەم مانایە ئەم سێ ئاینە، لەم ئاستەدا، نەک لێکجیاواز نین، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر لێکدەچن و هەرسێکیان دەربڕی سێ ساتەوەختی گرنگی مێژووی گەشەکردنی ئاین لە قۆناغی فرەخوداییەوە بۆ قۆناغی تاکخودایی.

وەک پێشتر هێمامان پێکرد ماوەی دوو سەدەیە مرۆڤایەتی وەک گشتێک ڕووی بە ڕووی پرۆسە جیاجیاکانی مۆدێرنەدا تەقیوەتەوە. لە هەموو شوێنێکی دنیادا هەر چوار پرۆسە گرنگەکەی مۆدێرنە ئامادەن (١٩):

١ـ پرۆسەی بەرهەمهێنانی جیاوازیی، واتە لە دایکبوونی دەیەها پیشە و کار و شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی جیاواز لەوەی بەر لە مۆدێرنە لە ئارادابوون.
٢ـ پرۆسەی تاکگەرایی، واتە لە دایکبوونی تاکەکەسی ئازاد و شێوە شوناسی جیاواز لە شووناسی خێزان و خێڵ و ناوچە و جۆرە تەقلیدیەکانی دیکەی شووناس.
٣ـ پرۆسەی عەقڵانییەت، واتە هاتنەکایەی پرۆسەی لابردنی سیحر لەسەر دنیا و کۆمەڵگا.
٤ـ پرۆسەیماڵیکردن، واتە پرۆسەی ماڵیکردنی سروشت و دەسەڵاتشکان بەسەریدا و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕکێفکردنی. ئەمە جگە لە زیادکردنی توانا جەستەییەکانی ئینسان بە هۆی لەدایبوونی تەکنیکەوە.

بێگومان هەریەک لەو پرۆسانە بە پلە و ڕادەی جیاواز لە بەشە جیاجیاکانی زەویدا ئامادەن، هەندێک ڕاستەوخۆ و هەندێکی دیکە ناڕاستەوخۆ، هەندێک زووتر و هەندێک درەنگتر، هەندێک وەک بکەر و هەندێک وەک کارلەسەرکراو لەناو ئەم پرۆژەیەدا ئامادەن. بەڵام لەهەموو بارێکدا لە دوو سەدەی ڕابووردودا مێژووی هیچ کۆمەڵگایەک نەماوە لە دەرەوەی مێژووی مۆدێرنەدا مابێتەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان لەو پرۆسانەی باسمانکردن نە ئاڵابن. ناکرێت بەناوی تایبەتمەندێتییەوە چاو لەو هەموو گۆڕانە گشتگیر و هەمەلایەنانە بنوقێنین کە مۆدێرنە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیادا خستویەتیەوە و خۆشی وەک مۆتۆڕی پشتی ئەم گۆڕانانە دەستبەکاربووە.

بە تایبەتکردنی مێژوو تا ئەوشوێنەی دابڕانی لەهەموو گشتییەتیەک لە جەوهەردا سەندنەوەی چوارچێوەیە لە مێژوو، چوارچێوەیەکی گشتی کە زیاد لە مێژوویەکی لۆکاڵی لەناویدا ئامادەیە و لە سیاقی جیاجیادا بەهەمان پرۆسەی گۆڕانی دوورخایەندا تێدەپەڕن.

لێرەوە کردنی ئیسلام بە ئاینێکی زۆر تایبەت کە لەهیچ ئاینێکی دیکە ناچێت، کردنی ئەو کۆمەڵگایانەش کە ئیسلام تێیاندا ئاینی باڵادەستە بە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و جیاواز لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە، ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت: دەبێت واز لە هەموو مەعریفەیەکی سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسی و ئەنسرۆپۆلۆژی بهێنین بۆ تێگەیشتن و ناسینی ئەم کۆمەڵگایانە و ڕاستەوخۆ عەوداڵی ئەو وەهمانە بین کە ئیسلامی سیاسی ناویئەنێت مەعریفەی ئیسلامی و عەلمانییە بێئاگاکانیش ناویدەنێن میتۆدی نامۆ یان خەوناوی. لە هەردوو بارەکەدا هەردووکیان باس لە شتێک دەکەن کەس نازنێ چییە و کامەیە و هەڵگری کام مەنهەجی زانستییە. لەڕاستیدا ئەو ستراتیژە مەعریفییەی ئەم دوو لایەنە باسیدەکەن نە لەدوور نە لە نزیک پەیوەندی بە مەعریفە و زانست و تێگەیشتنێکی زانستییەوە بۆ ئاین و کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ستراتیژێکی سیاسیی و ڕۆشنبیرییە کە دەخوازێت دیدی گروهێکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵگا و ئاین مەعریفە بکاتە هەقیقەتێکی موتڵەق. کێشەکەش لەوەدایە ئەم ستراتیژە جگە لە پتەوکردنی پایەکانی خورافەت و ناعەقڵانییەت و ستەمی ڕەمزی و هەقیقی هیچی دی لێ سەوز نابێت. لەم ستراتیژە سیاسییەدا هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان و هاوکارە عەلمانییە بێئاگاکانیان دەیانەوێت خەیاڵی سیاسی و خەیاڵی کۆمەڵایەتی و خەیاڵی فەرهەنگی خۆیان وەک هەقیقەتێکی نەگۆڕ و ئەبەدی بە سەر کۆمەڵگا و پێکهاتە ڕۆشنبیری و ڕەمزیەکەیدا بسەپێنن، ئەم سەپاندنەش ناودەنێن بەرگریکردن لە مەعریفەیەک گوایە ئیسلامیە و لە مەنهەجێک گوایە خۆماڵییە و لە ڕەسەنایەتیەک گوایە مەعریفەی غەربی دێت بۆ وێرانکردنی. بەڵام

ستراتیژیەتی ئەم سەپاندنە، وەک هێمامانپێکرد، ستراتیژیەتی پاراستنی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیبوون نییە، بەڵکو ستراتیژیەتی سەپاندنی پرۆژەیەکی سیاسییە و بەرگری لە دەسەڵاتی نوخبەیەک یان چەند نوخبەیەکی دیاریکراو دەکات. ئەم ستراتیژە ستراتیژێکی مەعریفی نییە، بەڵکو بەرهەمی خەیاڵی کۆمەڵایەتی هێزێکە دەخوازێت بەناوی بەرگری لە ڕەسەنایەتییەوە بەرگری لە پایەکان و ستراتیژەکانی دەسەڵاتی خۆی بکات. ڕەگەکانی گوتاری ڕەسەنایەتی ئیسلامییەکان و ئەوانەی دیکەش کە هەمان نەغمە دووبارەدەکەنەوە لەناو ئەم ستراتیژە سیاسییەدایە، نەک لەناو هەقیقەتی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی کۆمەڵگای ئێمەدا. خاڵی هەرەسەرەکی ئەم گووتاری ڕەسەنایەتییە ئەو گریمانە هەڵەیەیە گوایە جەوهەری ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردی، جەوهەر و ڕەسەنێکی ئیسلامییە، بۆیە چارەسەری هەموو کێشەو گرفتەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەبێت چارەسەرێکی ئیسلامیانە و خۆماڵیانە بێت. وەک ئاشکرایە ئەوەی ئەم گوتارە دەیەوێت بیکوژێت مۆدێرنە و مێژووی مۆدێرنە و هێزەکانی مۆدێرنەن کە لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسمانکرد.

کێشەیەکی دیکەی گوتاری ڕەسەنایەتی لە کوردستاندا لەوەدایە کە گوتارێکە پاساو بۆ ئەو تەمەڵییە فیکری و مەنهەجییە گەورەیە دەهێنێتەوە ئەمڕۆکە لە کایە ڕۆشنبیری و مەعریفییە جیاجیاکاندا لە کوردستاندا ئامادەیە. تاوانبارکردنی مەنهەجە زانستییەکان بەوەی مەنهەجی خەوناوی و خواستراون و ئێمە دەبێت مەنهەجی ڕەسەنمان هەبێت، جگە لە نوکتەیەکی فیکری و بەتاڵییەکی مەعریفی گەورە شتێکی دیکە نییە. مەنهەجی خەوناوی و خۆماڵی چییە؟ ئەو بەڕێزانە بۆ زەحمەتی ئەوە ناکێشن و ئەم شتانەمان بۆ ڕوونبکەنەوە. لە هەموو دنیادا یەکێک نادۆزیتەوە بەم شێوەیە لەسەر مەنهەج و مەنهەجیەت قسەبکات مەگەر ئیسلامیستێکی دۆگمایی و عەلمانییەکی نەخوێندەوار نەبێت.

دواوشەم بەرامبەر بەم گووتارە نامێژوویی و نامەنهەجی و ناڕاستەی ڕەسەنایەتی ئەوەیە: مۆدێرنە یەک مێژووی هەیە و ئەم مێژووەش مێژوویەکی جیهانی هاوبەشە، گەرچی لە شوێنە جیاکاندا بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەی لە ئارادایە، پرۆسەکانی لە شێوەی جیاجیادا دەردەکەون و ناوەرۆکی تایبەت دەگرنە خۆیان. گواستنەوەی مێژووی ئێمە لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بۆ ناو مێژوویەک کە مۆدێرنە پاڵنەرە سەرەکییەکەیەتی گۆڕانی گەورە گەورەی لە شێوەی ژیان و شێوەی بەرهەمهێنانی ئابووری و مەعریفی و شێوەی ئیدارە و شێوەی نووسین و شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و شێوەی بیرکردنەوە و شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتەکان و شێوەی ئیشکردنی ئیرادە و ووشیاری و ئامانج و هیواکانماندا، هێناوەتە کایەوە. هاتنی کارەبا. ماشێن، چاپخانە، ڕۆژنامە، ڕادیۆ ، تەلەفیزۆن، سەعات، کامێرا، بیری ئیرتیوازی، سەمادی کیمیاوی، خەستەخانە، دکتۆر، حەبی دژی سکپڕبوون، دەرزی و دەرمان، ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شیعری نوێ، چەمکی نەتەوە، مافی چارەنووس، مافەکانی مرۆڤ، دەستوور، حیزب، چەکی مۆدێرن و دەیەها شتی دیکە، کە هەموویان دەرەنجامی ئامادەیی کۆمەڵگای ئێمەیە لەناو مێژووی مۆدێرنەدا. گەر خۆشمان بەهەڵەدا نەبەین ئەم شتانەن لە سەدەی ڕابووردودا هێڵە گشتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێمەیان بەرهەمهێناوە و لەناوەوەڕا پایەکانی کۆمەڵگای ئێمەیان ڕاگرتووە، نەک ئیسلام، نەک گوتارێکی نەخۆش دەربارەی ڕەسەنایەتییەکی داخراو و گریمانکراو، نەک تاوانبارکردنی مەعریفە و زانست و زانیاری بە مەنهەجی خەوناوی و خەیاڵی. گەر بشمانەوێت ئایندەیەکمان بۆ خۆمان و بۆ نەوەکانی دوای خۆمان هەبێت، تاقە ڕێگایەک لەبەردەماندا مابێتەوە بەرهەمهێنان و هەرسکردن و وەرگرتن و گونجاندن و بەرفراوانکردنی پانتاییەکانی مۆدێرنەیە لە کوردستاندا. هەر گوتارێکی ڕەسەنایەتی بەر بەم پرۆسە گەردوونییە بگرێت بەقەد گوتاری داگیرکەرانی کوردستان مەترسیدارە. ئێمە یان دەبین بە بەشێک لە دنیای هاوچەرخ یان دەکەوینە دەرەوەی هەر مێژوویەکەوە بتوانێت لانیکەمی بوونی ئێمە لەسەر ئەم ئەستێرەیە بپارێزێت.

## ١١. مۆدێرنە وەک هەڕەشە

تائێستاش هێزە ئیسلامییەکان مۆدێرنە وەک هەڕەشەیەک تەماشادەکەن نەک وەک قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئێمەدا کە خوازیاری خوێندنەوەیەکی نوێی هەموو مەرجەعەکانە، قۆناغێک تێیدا هێز و مانا و شوێنی عەقڵ لە پەیوەندیدا بە دنیا و ئاسمانەوە بەتەواوی گۆڕاوە و ئینسان تێیدا بۆتە بوونەوەرێکی سەرزەمینی و مەرجەکانی بوون و گەشە و بەختەوەری خۆی لە زەمین داوادەکات نەک لە ئاسمان. وەک پێشتریش هێمامان پێکرد مۆدێرنە بەهیچ جۆرێک سەرزەمینی کوفر و بێدینی و کۆتاییهاتنی پیرۆز و پیرۆزیی نییە، بەپێچەوانەوە مۆدێرنە ئاین لە دەیەها مەسەلەی نائاینی ڕزگاردەکات کە بەزۆر و لەدەرەوەڕا بەسەریدا سەپێنراوە. مۆدێرنە ئاین لە تێوەگلان لە مەسەلە ڕۆژانەکانی ژیانەوە ڕزگاردەکات و دەیکاتە ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە نەپچڕاوەی ئینسان بە خوداوەند و بە دەقە پیرۆزەکانەوە دەبەستێتەوە. مۆدێرنە هێرش نییە بۆسەر ئاین و موقەدەساتی خەڵک، گاڵتەکردن نییە بە باوەڕ و شێوەژیانی ئەوانەی لە پاڵ ئایندا دەخوازن بژین، بەڵکو بەخشینی شوێن و جێیەکی نوێیە بە ئاین و نەهێشتنی تێکەڵاوبوونیەتی بە سیاسەت و مەعریفە و کارە ڕەخنەییەکانی عەقڵ. مۆدێرنە ئاین دەکاتە ڕەهەندێک لە ڕەهەندە ڕۆحییەکانی ئینسان و لەوێدا هەموو ئەو مانایانەی پێدەبەخشێت کە ویست و ئارەزووی ئینسان بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری ئەبەدی پێویستیپێیەتی، پرسیاری لە بابەتی من کێم؟ لەکوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ ئەچم؟ بەنەدیکت ئەندرسۆن لە سیاقێکی لەم بابەتەدایە دەڵێت یەکێک لە کەموکوڕییە هەرە گەورەکانی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی ڕۆشنگەری، وەک لیبرالیزم و مارکسیزم، لەوەدایە کە وەڵامی ئەم پرسیارانەیان پێنییە و هەر لە بناغەوە ئەم پرسیارانەیان دەرکردۆتە دەرەوەی سیستەمە سیاسی و فیکری و ڕەمزییەکانی خۆیانەوە. بەڵام ئاین بەردەوام خەریکی ئەم پرسیارانەیە و بەردەوام هەوڵی وەڵامدانەوەیان ئەدات(٢٠).

تۆمەتی هەرە سەرەکی بەرامبەر مۆدێرنە و دەسکەوتەکانی مۆدێرنە ئەوەیە گوایە تەعبیرە لە غەزو یان هێرش یان دەستدرێژیەکی فیکری ڕۆژئاوایی بۆسەر شتێک کە بە ڕەسەن یان ڕەسەنایەتی ناودەبرێت. لە پشتی ئەم لۆژیکەوە، کە لۆژیکی یەکسانکردنی مۆدێرنەیە بە غەزو، لۆژیکی جەنگ کاردەکات نەک ئاشتی، مۆدیلی جەنگ ئامادەیە و دەگواسترێتەوە بۆ ناو مەعریفە و فیکر نەک ڕاڤەکردن و تێڕامان و سوودوەرگرتنی مەنهەجی. ئەم یەکسانکردنەی مۆدێرنە بە هێرشێکیی دەرەکی لە جەوهەردا ئامادەکردنی زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژییە بۆ بەرگریکردن و بەگژاچوونەوەیەکی وەهمی. ئەوەشی ئەم بەگژاچوونەوەیە ئەنجامئەدات و ئەم غەزوە گریمانکراوە ڕادەوەستێنێت، کێبێت زیاتر لە دایکی هەموو شەڕە ڕەسەنەکان: ئیسلام. بەڵام با ئەوەمان لەیادنەچێت کە شەڕی ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنەدا هەمیشە شەڕێکی دۆنکیشۆتی و کاریکاتۆرییە، لە شەڕی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای تازە دەچێت لەگەڵ ئەو کتێبە سووکەڵانەدا کە باسی ئازاری قەبر و گۆڕەوشار و جنۆکە ئەکەن، وێنەی مەلایەکی دۆگماخوێن دەگرێتەخۆی کە بەگژ فەیلەسوفێکی سیاسیدا بچێتەوە بەرگری لە دیموکراسییەت و مافی ڕەخنەگرتن و هەڵبژاردنی ئازاد بکات، وێنەی بەگژاچوونەوەی چرا و قوتیلە و نەسیحەتی ئیمامی ناو مزگەوتەکان نیشانئەدات بە ڕووی ساتالایت و ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای پەیوەندی نوێدا . لە ئاستی سیاسیشدا ئەم بەگژاچوونەوەیە لە وێنەی تووڕەبوونی ئوسوڵیەکی توندڕەو دەچێت لە تیورەی لێکدیجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەخشینی هێز بە کۆمەڵگای مەدەنی و کردنی کۆمەڵگا بەسەرچاوەی شەرعییەت. کێشەکە لەوەدایە ئیسلامی سیاسی ئەم شەڕە کاریکاتێرییە دەکاتە شەڕی نێوان گەنجێکی ئوسوڵی ڕیشدار کە کتێبەکانی سەیدقووتبی لەبەرە و ئامادەیە گیانی خۆی لەدەستبدات، لەگەڵ ڕۆشنبیرێکدا کە دەخوازێت پانتایی ئازادی تادێت گەورە و گەورەتر بکات تا ئەوڕادەیەی جێگای ئەو گەنجە ئوسوڵییەشی تیاببێتەوە و بتوانێت تەعبیر لە بیر و بۆچوون و شێوە ژیانی خۆی بکات، بێگومان تا ئەو ڕادەیەی ئەو تەعبیرە ئوسولیە نەبێتە هەڵگری پرۆژەیەکی تۆتالیتێر و بناغەکانی ژیانی ئازاد و پێکەوەبوونێکی یەکدیقبووڵکەر تێکبدات.

مۆدێرنە نە غەزو و نە هێرش و نە پەلاماری فیکرییە، نە گووناه و بێدینی و کوفریشە، نە مەنهەجێکە یەکێک لە نەزانینەوە بە خەوناویبوون تاوانباریکات، مۆدێرنە پرۆژەیەکی مێژوویی و چوارچێوەیەکی هاوچەرخە، بریتییە لە هاتنەکایەی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئینسان و سروشت، ئینسان و کۆمەڵگا و ئینسان و ئینساندا، هەموو ئەمانەش لەڕێی بەگەڕخستنێکی ئازادی توانا ڕەخنەییەکانی عەقڵ و کەمکردنەوەی سنوورەکانی حەرامکردن و ناچارکردنی دەسەڵات بە دابەشبوون و ڕێگرتن لە کۆبونەوەی لە دەستی نوخبە و عەقڵیەتێکی دیاریکراودا، کە بەسەریەکەوە لێنەگەڕێن عەقڵ کاری ئازادانەی خۆی بکات و دنیا لەدەرەوەی هەر حەرامێکی مەعریفیی و ئاینی و سیاسیدا ڕاڤەبکات. مۆدێرنە دەرەنجامی گەشەیەکی بەرچاوە لە ووشیاری ئینساندا.

بێگومان مۆدێرنە بێگوناه و بێزەرەر و بێکارەسات نییە، مۆدێرنە تاوانی خۆی و وێرانەی خۆی و هەڕەشەی خۆی هەیە، هەر کۆمەڵگایەک نەتوانێت ئەگەرەکانی مۆدێرنە بکاتە سەر زەمینی ئاسودەیی سیاسی و کۆمەلایەتی فەرهەنگی، ئەوکات بە ئاسانی دەشێت خودی ئەم ئەگەرانە بکرێنە ئامرازی دروستکردنی دنیایەک لێوانلێو لە توندوتیژی و شەڕ و وێرانەی جینۆسایدی، ئەزموونی بەعس لەم ڕووەوە ئەزموونێکە مەگەر بکرێت تەنهابە نازیەتی ئەڵمانی بەراوردیکەین. بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکانی مۆدێرنە بەوە نابێت جارێکی دیکە ئینسان و کۆمەڵگا و مێژوو بدەینەوە دەست کتێبە پیرۆزەکان و ئەو توێژاڵی سیحرە بدەینەوە بەسەر واقیعدا کە مۆدێرنە لەناویبردوە. نا، چارەسەری کورتهێنانەکانی مۆدێرنە بە مۆدێرنەی زیاتر دەبێت، بەوەدەبێت مۆدێرنە وەک ڕەخنەگرێک تەماشای خۆی و مێژووی خۆی و بەرهەماکانی خۆی بکات. چارەسەری مەترسییەکانی مۆدێرنە بە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنە خۆی دەبێت لە سنوورەکانی عەقڵ و تەماح و توانا و پرۆژەکانی عەقڵ خۆی، بەپێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بەردەوامی مۆدێرنە خۆی بە دەزگا و پرنسیپ و وێناکردنەکانی خۆیدا، ئەوەی دەتوانێت ڕەخنە لە مۆدێرنە بگرێت خودی مۆدێرنەیە، مۆدێرنەیەک کە وازی لە وەهم و تەماح و بەسەهوداچوونەکانی خۆی هێنابێت، نەک هێزێک لەدەرەوەیدا بە ناوی ئاین و گەڕاندنەوەی سیحر و خورافەتەوە بۆ ناو مێژوو و کۆمەڵگا.

لێرەوە هەموو قسەکردنێک لەسەر ئەوەی کە مۆدێرنە و ئەو مەنهەج و مەعریفە و تێڕوانینانەی کاریانپێدەکات غەربین و بەکەڵکی کۆمەڵگای موسڵمانی ئێمە نایەن جگە لەقسەکردنێکی بێمانا هیچیدیکە نین. مەعریفە و مەنهەج شووناسیان نییە، شتێک نییە، بۆ نموونە، ناوی سۆسیۆلۆژیا یان ئەنتسرۆپۆلۆژیا یان زانستی سیاسەتی کوردی یان عەرەبی، مەسیحی یان ئیسلامی، هیندی یان هۆڵەندی بێت. زانستێک هەیە ناوی زانستی سۆسیۆلۆژیا یان ئەنسرۆپۆلۆژیا یان زانستی سیاسەتە و هەم هیندییەک و هەم عەرەبێک و هەم ئەڵمانێک و هەم کوردێک دەتوانن سوودی لێببینن و بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی دنیای خۆیان بەکاریبهێنن. زانست و مەعریفەی زانستی بەسەر ئاین و نەتەوە و خێڵ و تایەفەدا دابەشناکرێت، زانست و مەنهەجی زانستی موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە و هەموو عەقڵێکی ئازاد بۆی هەیە کار بە مەنهەج و دەسکەوتە مەنهەجییە جیاجیاکان بکات و دەرەنجامەکانیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و ئینسان و ئازادی و یەکسانی بەکاربێنێت. مەنهەج نیشتیمانی نییە، پرنسیپەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆچەرن، یاسا و بەها و نرخە زانستییەکان لە قەرەج دەچن و ڕێزی ئەو سنوورانە ناگرن کە لەسەر بنەمای خوێن و تایەفە و خێڵ و نەتەوە دروستکراون.

لە کوردستانی ئێمەدا ئەوە بە تەنها ئیسلامییەکان نین کە لە مۆدێرنە دەترسن، بە تەنها ئیمام و مەلای مزگەوت و فەتواچییە توندڕەوەکان نین، بەڵکو هەموو ئەو هێزانەی دیکەشن کە ئامادەنین پرنسیپە سیاسییە گرنگەکانی مۆدێرنە، ڕۆحە ڕەخنەیی و مەنهەجییەکەی مۆدێرنە، دەرنجامە کۆمەڵایەتی و فیکری و فەلسەفییەکانی مۆدێرنە، قبووڵبکەن. بەتەنها ئیسلامییەکان نین قسە لە مەنهەجی خواستراو و خەوناوی و نامۆ دەکەن، بەڵکو چەندەها خۆ بە عەلمانی زانی بەسەهوداچوویش هەن لەگەڵ ئیسلامییەکاندا ئەم گۆرانییە ترسناکە دەڵێن.

## ١٢. تێکەڵکردنی مۆدێرنە بە سونەتگەرایی

لەوشوێنانەدا کە ئیسلامی سیاسی ناتوانێت مۆدێرنە و دەسکەوتەکانی مۆدێرنە نەفیکات و بەئاشکرا و بە نهێنی دژ بە تێزەکانی هاواربکات، ئەوکات ستراتیژێکی دیکەی ململانێ دەگرێتەبەر کە بریتییە لە کردنی دەسکەوتەکانی مۆدێرنە بە هی ئیسلام. ئاشکرایە لەم گەمەیەشدا ئیسلامی سیاسی تەنها نییە، لە ئەوروپاشدا چەندەها گروهی ئاینی و ڕۆشنبیریی نادید هەن کە بەرگری لەم جۆرە تێڕوانینە دەکەن و دەسکەوتە گرنگەکانی مۆدێرنە بۆ ئاینی یەهودییەت و مەسیحییەت دەگەڕێننەوە. من لێرەدا و لە پەیوەندیدا بە ئیسلامی سیاسییەوە ماناکانی چەمکی لێبوردن لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەدا بە نموونە دەهێنمەوە.

زۆربەی زۆری ئیسلامییەکان لەسەرئەوە ڕێکن کە بیرۆکەی لێبوردن بیرۆکەیەکە ئیسلام بەر لە فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی مۆدێرنە و بەر لە ڕۆحییەتە یەکسانخوازەکەی مۆدێرنە هەڵگریبووە. لەم دیدەدا ئیسلام بەسەرچاوەی فەلسەفەی لێبوردن دادەنرێت و دەگوترێت ئیسلام لە مەسیحییەت و لە یەهودییەت لێبوردوترە و لێبوردوتر بووە. وەک چۆن یەهودییەکان بیرۆکەی لێبوردن بۆ ناو تەورات و مەسیحییەکان بۆناو ناو ئینجیلی دەبەنەوە ئاواش ئیسلامییەکان دەیبەنەوە بۆ ناو قورئان و سوونەتە ئاینییەکانی دیکە. من لێرەدا نامەوێت بچمە ناو هیچ مشتومڕێکی تیۆلۆژییەوە، بەڵام دەمەوێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنم کە بیرۆکەی لێبوردن لە دەقە ئیسلامییەکان و لە مێژووی بەر لە مۆدێرنەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا زۆرجیاوازە لەو فەلسەفە سیاسیی و ئەخلاقییەی مۆدێرنە بنەماکانی چەمکی لێبوردنی لەسەر بنیاددەنێت. لە نێوان چەمکی لێبوردنی ئاینی و چەمکی لێبوردنی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرندا دابڕان هەیە نەک بەردەوامی. لۆژیکی لێبوردنی ئاینی و لێبوردنی فەلسەفی مۆدێرنە دوو لۆژیکی جیاوازن و لە پشتی هەریەکێکیانەوە دیدێک بۆ ئینسان و کۆمەڵگا و خوداوەند و مێژوو هەیە کە سەرلەبەر جیاواز و تا ڕادەیەکی زۆریش ناکۆکن. لێبوردنی یەکەمیان لەباشترین دۆخدا لێبوردنێکی ئاینییە کە لەپشتیەوە وەک یەکبوونی ماف و هاو بەهایی و هاو نرخی یەکسان ئامادە نییە، بەڵام لێبوردنی دووهەمیان لێبوردنێکی سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە کە تێیدا هەمووان یەک ماف و یەک بەها و یەک نرخیان هەیە.

بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردن دەبێت دوو ڕۆژگار لە یەکدی جیاکەینەوە، ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنە و ڕۆژگاری مۆدێرنە. ئەوەی بەر لە مۆدێرنە ئامادەیە لێبوردن نییە بە مانا نوێیەکەی کە دیموکراسییەت بناغەکەیەتی، هیچ ئاینێک نییە لە دنیادا لیبووردو بێت بەو مانایەی گەر من باوەڕم بە تۆ و بە ئاینەکەت نەبوو قبووڵکرێم و هەمان ماف و هەمان نرخ و هەمان ڕێز و هەمان بەهاو هەمان فرسەتی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریم هەبێت و بەو شێوەیەی مامەڵە لەگەڵ بڕوادارێکدا دەکرێت بەهەمان شێوە مامەڵەش لەگەڵ مندا بکرێت. لەم ڕووەوە، وەک (عزیز ئەلعظمە) دەڵێت، ئەحکامی زیمە لە ئیسلامدا لێبوردن نییە، چونکە ئەهلی زیمە هەمان ماف و هەمان شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و هەمان بەهای موسڵمانەکانیان نەبووە و نییە. نەک هەر ئەمە لێبوردن بەرامبەر کافر، وەرگەڕاوە لە دین یان هەرکەسێکی دیکە متمانەی خۆی بە ئاین نەدات بوونی نییە و لەم ڕووەوە زۆرجار مەرگ تاقە وەڵامێکە بەم کەسانە بدرێتەوە. بێگومان ئەمە تەنها دۆخی ئیسلام نییە، هیچ ئاینێک نییە بەومانایەی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ باس لە لێبوردن و یەکدی قبووڵکردن و یەکسانی ماف و یەکسانی ڕاو بۆچوون و باوەڕی جیاواز دەکات، لێبوردوبێت بەرامبەر بێباوەڕان. ئاینەکان خۆبەخۆ لێبوردو نین، ئاینەکان دەبێت ناچارکرێن لێبوردوبن، ئەوەشی ئاینەکان ناچار بە لێبوردن ئەکات بزاوتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانە کە مافەکانی مرۆڤ سەرچاوە سەرەکییەکەیانە (٢١). لەم ڕووەوە ئەزموونی مەسیحییەت ئەزموونێکی بەرچاوە و بە ئاشکرایی ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدات ئەم ئاینە دوای نزیکەی پێنج سەدە خەباتی جۆراوجۆر ناچارکراوە جیاوازییەکان قبووڵبکات و ڕا دژەکان بسەلمێنێ و ببێتە ئاینێکی لێبووردو و کراوە.

لێرەوە ناتوانین لێبوردن، کە بەردی بناغەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە و بنیادنەری سەرزەمینی

لیبرالییەتی سیاسی و ئەخلاقی و ئایینییە، ڕاستەوخۆ ببەستینەوە بە تێگەیشتنێکی ئایینییانەی لێبوردنەوە کە زۆر لەدوای تێگەیشتنەکەی مۆدێرنەوەیە. لێبوردن بەرهەمێکی سیاسی و ئەخلاقی و کولتووری مۆدێرنەیە و بەهیچ شێوەیەک ڕەگەکانی لە ناو دەق و تێڕوانینە ئایینییەکاندا نییە. ڕەگەکانی چەمکی لێبوردن لەناو ئەو خەباتە سیاسی و مەدەنی و فیکری و کولتوورییەدایە کە لە ڕۆژگاری ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییەوە لە کۆمەڵگا جیاجیاکانی ناو مۆدێرنەدا ئامادەیە. لێبوردن بەزەییهاتنەوە نییە بەویدیا، خێرکردنی لایەنێکی بەهێز نییە بە لایەنێکی لاواز، چاونووقاندنی ئاینێک نییە بەرامبەر ئاینێکی دیکە، بەڵکو پرنسیپێکی سیاسی، کولتووری، ئەخلاقی و فەلسەفییە، کە شانیداداوەتە سەر بوونی مافی یەکسان و بیرۆکەی هاووڵاتیبوون. ناتوانین قسە لە لێبوردن بکەین بەبێ بوونی چەمکی هاووڵاتی. لە کۆمەڵگایەکدا ئینسان نەک وەک هاووڵاتی، بەڵکو وەک ئەندامی خێڵێک، ناوچەیەک، حیزبێکی سیاسی یان ئاینێک مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، مانای ئەوەیە لەو کۆمەڵگایەدا ئەو چوارچێوە گشتییەی هەمووان لەناویدا یەک سیفەتی گشتییان هەیە، سیفەتی هاووڵاتیبوون، لەئارادا نییە. چەمکی هاووڵاتی مانای بوونی شوناسێکی فراوان و گشتی بۆ هەمووان کە گەورەتر و گرنگترە لە شوناسی ئاینی و شوناسی ناوچەیی و شوناسی حیزبی و شووناسی ئەتنی.

فەلسەفەی لێبوردن پێماندەڵێت ئێمە یەکەمینجار هاووڵاتین و دوای ئەوە دینداریین، یەکەمینجار هاووڵاتین و دواتر ئەندامی ئەم حیزب یان ئەویدی، خەڵکی فلان یان فیسار ناوچە، سەر بەم گرهی کۆمەڵایەتی یان ئەیدیکەیانین. بیرۆکەی هاوڵاتیبوون دەکەوێتە پێش بیرۆکەی ئیمانداریەوە، ئەم پێشەکەوتنەش پێشکەوتنێکی گشتگیرە و وادەکات هێز و لایەنە جیاجیکانی کۆمەڵگایەک بتوانن یەکدی لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون قبووڵبکەن، گەرچی ئاین و دیدی سیاسی و کولتوور و شێوازی ژیانی جیاوازیشیان هەبێت. ئێمە بەر لەهەمووشتێ هاووڵاتین و مافەکانمان لەم هاووڵاتیبوونەوە هەڵدەهێنجین نەک لە ئاین، زمان، ئینتیمای ناوچەیی و حیزبییەوە. کە دەڵێین ئێمە هەمووما‌ن هاووڵاتین و لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ یەکدیدا مامەڵە دەکەین، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە هەمووما‌ن بەقەد یەک ماف و بەقەد یەک ئەرکمان لەسەرە، ئەم ماف وئەرکانەش پەیوەندیان نییە بەوەی داخۆ ئێمە چ دینێک و چ مەزهەبێک و چ باوەڕێکمان هەیە، سەر بە کام خێڵ و حیزب و ناوچەین، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە ئێمە هەمووما‌ن هاووڵاتی نیشتیمانێکین و دەستوورێکی دیموکراسی مافەکانمان دەپارێزێت و ئەرکەکانیشمان دەستنیشاندەکات.

بەکورتی چەمکی هاووڵاتی ئەو سەرزەمینە گشتییەیە کە بیرۆکەی لێبوردنی لەسەر دروستدەبێت. لێبوردن بەو مانایەی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ پێیدەبەخشێت لە هیچ یەکێک لە ئاینەکاندا بوونی نەبووە، نە لای یەهودییەت، نە لە مەسیحییەتدا و نە لە ئیسلامدا. لێبوردن بە مانا نوێکەی مانای داننانانە بە مافی هەر تاکەکەس و گروهێکدا بەوەی کە مافی ئەوەیان هەیە لە فەزای مەدەنی کۆمەڵگادا تەعبیر لەهەر بیرۆکەیەکی سیاسی ئاینی فەلسەفی بکەن کە باوەڕیان پێیەتی بەبێئەوەی تووشی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئاینی ببن. لێبوردن مانای ئەوەیە ئێمە ئینسانمان وەک ئینسان قبووڵە و لەسەر بنەمای ئینسانبوون مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین و قبووڵیدەکەین، بەبێئەوەی گرنگی بەوەبدەین داخۆ هەڵگری چ جۆرە باوەڕێکە، دینی هەیە یان نا، ئیسلامە یان شتێکی دیکەیە. لێبوردن مانای مافی بوونی یەکسان و وەک یەکی هەموان پێکەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی چی لە دنیای ڕۆحی و عەقڵی ئەو ئینسانانەدا هەیە کە لە شوێنێکدا پێکەوە کۆبوونەتەوە.

هیچ یەکێک لە ئاینەکان و لەڕاستیشدا هەموو فەلسەفەی سیاسی بەر لە مۆدێرنە هەڵگری ئەم بۆچوونە نوێیەی لێبوردن نەبوون و نیشن. ئەوەی ئاینەکان هەیانبووە جگە لە قبووڵکردنێکی نایەکسان و نابەرابەر، شتێکی دیکە نەبووە. لە ئیسلامدا قبووڵکردنی ئاینەکانی دیکە لە فۆرمی ئەهلی زیمە یان موالیدا بەهیچجۆرێک ناکرێت بە تێگەیشتنی مۆدێرنە بۆ لێبوردن بەراوردکرێت. لەویاندا تێگەیشتنێکی بەرتەسک و نادیموکراسی و نایەکسان و لە دووهەمیاندا تێگەیشتنێکی

فراوان و دیموکراسی و یەکسان ئامادەیە. لەنێوان ئەم دوو تێگەیشتنەشدا دابڕان هەیە نەک بەردەوامی، پێنج سەدە خەباتی سیاسی و مەدەنی هەیە نەک دیاری هەرزانی هێزێک بە هێزێکی دیکە .

هیچ کۆمەڵگایەک نییە لە خۆیەوە و هەر بە سیفەت کۆمەڵگایەکی لێبوردو بێت. بۆ ئەوەی لێبوردوبین کۆمەڵێک مەرجی تایبەت پێویستن. بەبێ دەوڵەتی یاسا کە تێیدا دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاکرابنەوە، بەبێ دەستورێکی دیموکراسی، بەبێ چەمکی تاکەکەس و ئازادی تاکانە، بەبێ کولتوورێک کراوەبێت بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکانی ناو هەناوی خۆی، بەبێ کۆمەڵگایەکی مەدەنی بتوانێت بەرگری لە هەڵبژاردنەکانی خۆی بکات، بەبێ کولتوورێکی سیاسی کراوە کە هەموومان وەک هاووڵاتی یەکسان پێناسبکات، بەێ ڕۆشنبیرییەک کە توانای بینینی واقیع و کێشە و گرفتەکانی هەبێت، ناتوانین قسە لە بوونی لێبوردن بکەین. لێبوردن دەرەنجامی کۆی کارکردنی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە بەسەر یەکەوە. بە کورتی بەبێ فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی مۆدێرنە، بەبێ ئەو سیستمە دەزگاییەی مۆدێرنە بۆ بە عەقڵانیکردنی پەیوەندییەکان بەرهەمیدەهێنێت، بەبێ کولتووری کراوەی مۆدێرنە بۆ قبووڵکردنی جیاوازی و بەێ ڕۆحیەتی دیموکراسیانەی مۆدێرنە، ناتوانین قسە لە لێبوردن بە مانا تازەکەی بکەین.

ئەوەی تاک و گروهەکان لە هەلومەرجێکی نوێی لەوبابەتدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە چیدی ئاین و پەیوەندییە سیاسییە داخراو و زۆر و ستەمی سەرکردەیەکی کاریزمی یان ناکاریزمی نییە. فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە بناغەیەکی دیکەی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی شوناس. لەم فەلسەفەیەدا نە تاکەکان و نە گروهەکان خۆیان لەسەر بنەمای ئاین پێناس ناکەن، ناڵێن ئێمە سەر بەم حیزب یان ئەویدیکەین، خەڵکی بادینان یان سۆران یان هەڵەبجەین، بەپێچەوانەوە بناغەی شوناسی تاک و گروە لەسەر بناغەی قبووڵکردنی دەستوورێکی سیاسی و دیموکراسی فەراهەم دەبێت کە هەمان ماف بە هەمووان بدات، بە باوەڕداران و بە بێباوەڕان، بە موسڵامان و بە غەیرە موسڵمان، بە ڕەش و سپی، بە ئافرەت و پیاو، بە خەڵکی لادێ و بە خەڵکی شار، بە مناڵ و بە گەورە، بە پیر و بە گەنج. بەڵام هەموو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێت کە مۆدێرنە ئەو شوناسە لاوەکیانە بێدەنگ یان نەفی دەکات، بەپێچەوانەوە مۆدێرنە سەرەتا چوارچێوەیەکی گشتی لەلایەن هەموانەوە قبووڵکراو بنیاددەنێ، لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون، دواتر لەناو ئەو چوارچێوە گشتیەدا هەرکەس ئازادە چ شووناسێکی لاوەکی بە خۆی ئەدات. لەدوای هاووڵاتیبوونەوە هەر کەس ئازادە چ فۆرمێک بە ژیانی تاکەکەسی و دەستەیی خۆی ئەدات.

لە کوردستانی ئێمەدا و بەم مانایەی لێرەدا بە لێبوردنمان دا، نەک ئیسلامییەکان لێبوردوو نین، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری هێزە سیاسییەکانی دیکەش لێبوردو نین. تا ئێستاش چەمکی هەووڵاتی لە کایەی سیاسی و قانونی ئێمەدا سەقامگیر نەبووە. تا ئێستا شتێک نییە ناوی دەستورێکی دیموکراسیبێت و ماف و ئەرکەکانی ئێمە و حاکمەکانیشمان وەک هاووڵاتی دەستنیشانکات. ئینسان لە کوردستاندا لەژێر فشاری مادی و ڕەمزی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا ناچارە هەمیشە شووناسێکی حیزبی، ناوچەیی و دوایئەوەش ئاینی هەڵگرێت تا بەهۆیەوە ببێتە خاوەنی کۆمەڵێک دەسکەوتی کۆمەڵایەتی. ئەم دۆخەش یەکەمین شتێک کە دەیکوژێت، چەمکی هاووڵاتی و ژیانی دەستوری و بیرۆکەی لێبوردنە کە بڕبڕەپشتی ژیانی هاوچەرخی هەر کۆمەڵگایەکە بیەوێت هێزی تاک و گروهە جیاجیاکانی خۆی بە فیڕۆ نەدات و بەرەو ئایندەیەکی ڕووناکتر لەوەی ئێستای هەنگاوبنێت.

ئەوەی لێرەدا بەرامبەر بە چەمکی لێبوردن گوتمان بۆ هەمو چەمکەکانی دیکەی مۆدێرنەی سیاسی و ئەخلاقی ڕاستن، نە چەمکی شورای ئیسلامی دیموکراسییەتە و نە زەکاتدان بنەمای ئابوری باج و نە ڕێکەوتنە سیاسییەکانی سەردەمانی پێغەمبەر دەتوانن بچنە شوێنی دەستوورە سیاسییەکانی ڕۆژگاری مۆدێرنە.

## ١٣. ئیسلامی سیاسی و کردنی هەر موسڵمانێک بە ئیسلامی

وەک گوتمان ئیسلامی سیاسی گریمانی بوونی یەک ئیسلامی یەکگرتو و جەوهەری دەکات، ئیسلامێک گوایە ئاشکرایە کامەیە و چییە و ماناکانی چین. بەبۆچوونی من ئەم تێگەیشتنە بۆ ئیسلام لە زۆر ڕووەوە قابیلی ڕەخنەلێگرتنە. ئیسلام هەرچیەک بێت یەک مانا و یەک لێکدانەوە و یەک جەوهەری نەگۆڕ و جێگیر نییە، کردنی ئیسلام بە شتێکی نەگۆڕ و تاکمانا جگە لە وەهمێکی گەورە و جگە لە داڕشتنی بناغەکانی پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ترسناک چیدیکە نییە.

محەمەد ئارکون لەو ڕاستییە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئیسلام لەڕووی مێژووییەوە هەڵگری چەندەها جیاوازی ناوەکییە، ئیسلامی سوونی بەرامبەر بە ئیسلامی شیعی، ئیسلامی فەیلەسوفەکان بەرامبەر ئیسلامی فوقەها، ئیسلامی سۆفییەکان بەرامبەر بە ئیسلامی شاعیران، ئیسلامی عیلمی کەلام بەرامبەر ئیسلامی سەرجادە و ناو کۆڵانەکان، ئەمە جگە لەوەی لەناو هەریەکێک لەو لایەنانەشدا ڕێباز و بۆچوون و ڕاڤەکردنی جیاواز بۆ چییەتی و چۆنیەتی ئیسلام، هەیە. هەر لەناو ئیسلامی سوونیدا چوار مەزهەبی سەرەکی و لە ناو ئیسلامی شیعیشدا چەندان مەزهەبی دیکە هەن. ئەوەی ئەم هەموو فۆرمە جیاوازانەی ئیسلام بۆ یەک فۆرم کورتدەکاتەوە هەڵگری پرۆژەی بێدەنگکردن و نەفیکردنی ئەو ڕێباز و قوتابخانە و گروهە فیکرییە جیاوازانەیە کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی خۆیدا یەکناگرێتەوە. ئیسلامی مێژوویی ئیسلامێکی هەمەڕەنگە و هەرگیز ناتوانین کورتیکەینەوە بۆ تاقە ئیسلامێک.

بارودۆخی ئیسلام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هەڵگری هەمان هەمەڕەنگییە، هەر لەناو عێراقدا ئیسلامی هەڵەبجە ئیسلامی ناسرییە نییە، ئیسلامی ناوچەی سۆران ئیسلامی ناوچەی بادینان نییە، ئیسلامی دایکی من ئیسلامی ئوسوڵییەکان نییە، ئیسلامی پیاوە دینییەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی ئیسلامی کادرە گەنجەکانی یەکگرتووی ئیسلامی نییە، ئیسلامی بزوتنەوە ئیسلامی، ئیسلامی ناو پارتی نییە. لەدەرەوەی کوردستانیشدا ئیسلامی سعودی ئیسسلامی ئێرانی نییە، ئیسلام لە ئەندونسیا زۆر جیاوازە لە ئیسلامی توونسی، وەک محەمەد ئارکون چەندەهاجار دووبارەی کردۆتەوە ئیسلامێک لەپاڵ هیندویزمدا گەورە بووبێت، ئەو ئیسلامە نییە، بۆ نموونە، لە ئەفریقا لەپاڵ کولتوورە لۆکاڵییەکانی میللەتانی ئەو ناوچەیەدا ژیابێت. ئیسلام لە هۆڵەندا زۆر جیاوازترە لە ئیسلام لە فەرەنسا، ئیسلامی ئەفغانی و ئیسلامی تونسی مەگەر هەر خودایان یەکبێت. ئەڵبەتە من لێرەدا نە مەودای ئەوەم هەیە ئەم جیاوازیانە نیشاندەم و نە بەکاری خۆشمی دەزانم، بەڵام دەمەوێت ئەو ڕاستییە دوبارەکەمەوە کە ناتوانین قسە لە بوونی ئیسلامێکی یەکگرتو و هاوشێوە و وێکچوو بکەین گوایە مانا و دەلالەت و پێکهاتەکانی لە هەموو کات و ساتێکدا وەک یەکە و لای هەمووان ئاشکرایە کە چییە. ئیسلام بریتییە لە کۆی تەفسیرەکانی، بریتییە لە کۆی ئەو ڕاڤەکردن و مانا پێبەخشینانەی موسڵمانەکان لە باردۆخی جیاوازدا پێیان بەخشیوە و پێیدەبەخشن.

کێشەی ئیسلامی سیاسی لەوەدایە کە باز بەسەر ئەم هەموو جیاوازییانەدا ئەدات و ڕاستەوخۆ باس لە ئیسلامێکی موجەرەد و بان ـ کات و بان ـ شوێن دەکات و ئەو ئیسلامەش یەکساندەکات بەو تێگەیشتن و مانایانەی خۆی بە ئیسلامی ئەدات. لەدەرەوەی خۆشیدا هەموو ئیسلامەکانی دیکە بە هەڵە و ناڕاست و لادەر لە ئیسلامی ڕاستەقینە ناونووسدەکات. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ستراتیژی سەرەکی ئیسلامی سیاسی بریتییە لەم جەوهەرگەراییە، بریتییە لە کردنی ئیسلام بە شتێکی نەگۆڕ، بە جەوهەری مێژوو و کۆمەڵگای ئێمە. ئێستا هەنگاوێک دەچینە پێشەوە و دیسانەوە لەگەڵ (عزیز العظمە) دا دەڵێین یەکێک لە تەکتیکەکانی پیادەکردنی ئەم ستراتیژە بریتییە لە تێکەڵکردنی چەمکی موسڵمان و چەمکی ئیسلامی بەیەکدی. جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لە نێوان موسڵمان و ئیسلامیدا، موسڵمان ئەو کەسەیە کە باوەڕی بەخودا و پێغەمبەر و قورئان هەیە و

ئیسلام وەک ئاینی خۆی تەماشا دەکات، بەڵام ئیسلامی ئەو کەسەیە کە ئاین بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو و وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بەکاردەهێنێت. موسڵمان کەسێکە ئاین زیاتر وەک یاریدەدەرێکی ناوەکی و هێزێکی مەعنەوی و پەناگایەکی سایکۆلۆژی دەبینێت، لەکاتێکدا ئیسلامی کەسێکە سیاسەت ئەکات و دەخوازێت لە ڕێی بەکارهێنانی تێگەیشتنێکی تایبەتی ئیسلامەوە خەڵک لەدەوری بەرنامەی سیاسی حیزبێکی سیاسی کۆکاتەوە.

بەشێکی گرنگی ستراتیژی ڕێکخراوەیی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر تێکەڵکردنی ئەم دوو پێناسەیە کاردەکات و بەم تێکەڵکردنەش مەجالی گشتی کۆمەڵگای ئێمە دەکاتە مەجالی تایبەتی پیادەکردنی سیاسەتەکانی خۆی. ئەم ستراتیژیی تێکەڵکردنە وادەکات مزگەوت، کە دەزگایەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی مەجالی گشتی کۆمەڵگایە، لەگەڵ بنکە سیاسی و حیزبییەکانی ئیسلامییەکاندا تێکەڵکرێت. ئەوان دەخوازن مەسافەیەک نەمێنێتەوە لەنێوان بڵندگۆی مزگەوتەکان و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی حیزبەکانیاندا، دەیانەوێت سنووری نێوان خوتبەی ئاینی مەلاکان و بەیاننامەی حیزبەکانیان بسڕنەوە، لە نێوان تێگەیشتنی سیاسی ئەواندا بۆ ئیسلام و تێگەیشتنی کولتووری گشتی خەڵکی سادەدا هەموو دابڕانێک لەناوبەن. بەمەش دۆخێک دێتەکایەوە کە تێیدا کایەی سیاسی نەک جیاناکرێتەوە لە کایەکانی دیکە و ناکرێتە پانتاییەکی تایبەتی ناو بونیادی کۆمەڵگا، بەڵکو ئاین خۆی دەبێتە سەرزەمینی سیاسەت و گۆڕەپانی مۆنۆپۆلیزەکردنی هەموو سیاسەتێکی بەرهەمهێنانی مانا.

بە تێکەڵکردنی ئەم دوو پێناسە جیاوازە و بە کردنی ئیسلام بە جەوهەرێکی نەگۆڕ ئیسلامی سیاسی کارێکی وایکردوە هەر هێزێکی سیاسی لە کوردستاندا مەلای تایبەتی و فەتواچی و مزگەوتی خۆی هەبێت لە کاتی پێویستدا پاساوی ئاینی بۆ سیاسەت و بۆچوون و کارەکانی بهێنێتەوە. کێشەکەش لەوەدایە هێزە عەلمانییەکان لە کوردستاندا هەمان گەمە دەکەن و سەرزەمینی ململانێکانی خۆیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا گواستۆتەوە بۆ ناو ئاین خۆی نەک بۆ ناو ئەو سەرزەمینە سیاسی و فەلسەفییە تایبەتەی عەلمانییەت تێیدا دەژی، مەبەستم سەرزەمینی ئامادەگی مۆدێرنە و قووڵترکردنەوەی تێز و دید و وێناکردنەکانی مۆدێرنەیە. بەم کارەش فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئێمە، فەزای ئازادی دوای ڕاپەڕین، وردە وردە کراوەتە فەزایەک کە گروهە ئاینییەکان و فەتواچییەکان دەستنیشانی سنوورەکانی ئازادی و کرانەوە و حەرام و حەڵاڵەکانی بکەن. بەمەش دۆڕای یەکەم مۆدێرنە و عەلمانییەت و ئەو ڕۆحییەتە ئازادیخوازەیە کە دەخوازێت کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین و دوای سەرکەوتندا بینابکات. ئەڵبەتە ئیسلام شتێکە و سیاسەتکردن بەناوی ئیسلامەوە شتێکی دیکە. تێکەڵکردنی موسڵمان و ئیسلامی، تێکەڵکردنی ئیسلام بە سیاسەتکردن بەناوی ئیسلامەوە، تەسلیمبوونی هێزە عەلمانییەکانی کوردستان بەم تێزانە و گواستنەوەی ململانێکانیان بۆناو سەرزەمینی ئاین خۆی لەو فاکتەرە گرنگانەن کە وایکردوە، لانیکەم، لەئاستی ئایدیۆلۆژیدا ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا هێزێکی گەورەی پەیداکردبێت و بەهێواشی بەرەو هەیمەنەیەکی کولتووری و ئایدیۆلۆژی هەنگاوبنێت.

## ١٤. بە ئیسلامیکردنی فەزای کۆمەڵایەتی

یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردوە ئیسلامی سیاسی پەرەبسێنێ و گەشەبکات و بەهێزببێت ئەوە نییە کە سروشتی کۆمەڵگای ئێمە سروشتێکی ئاینی و ئیسلامییە، یاخود ئیسلام نوێنەری ڕەسەنایەتی ئەم کۆمەڵگایەیە و بەهیچ جۆرێک نابێ و ناکرێت لەدەرەوەی ئیسلامدا شتێکی دیکە هەبێت شووناسی ئەم کۆمەڵگایە دەستنیشانکات. ئەوە هێز و هەقیقەتی ئەم بۆچوونە و چەندەها بۆچوونی دیکەی لەم بابەتە نییە وادەکات ئیسلامی سیاسی بەهێز ببێت، وەک نیشانماندا ئەم بۆچوونانە جگە لە کۆمەڵێک وەهمی فیکری و فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی شتێکی دیکە نین، بە

پێچەوانەوە ئەوەی هێز بە ئیسلامی سیاسی ئەدات، لانیکەم لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا، قبووڵکردنی ئەم بۆچوونە هەڵانەیە لەلایەن ڕۆشنبیران و هێزە عەلمانییەکانەوە وەک هەقیقەت و چارەنووسێکی حەتمی. هێزی ئیسلامی سیاسی لەوەدایە کە تێزە ئایدیۆلۆییەکانی سەبارەت بە ئیسلام و کۆمەڵگا و مێژوو لەلایەن هێزەکانی دیکەوە قبووڵکراوە و ئەوانیش بەردەوام هەمان گۆرانی ئیسلامییەکان دەڵێنەوە و بەهەمان ئاواز سەمادەکەن. من لێرەدا هێما بە دوو گوتاری تایبەت دەکەم کە لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بە هێزە عەلمانییەکانیشەوە،بەکاردەهێنرێت :

یەکەمیان: گوتاری خۆکردنی هەر هێزێک بە ئیسلامی. لێرەدا هەموو هێزەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆیان دەکەن بە هێزی ئاینی.

دووهەمیان: گوتاری (داوای ـ دانپیانان ـ کردن) لە ئیسلام. واتە پرسکردن بە ئیسلام بۆ پیادەکردنی هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی.

پیادەکردنی ئەم دوو گووتارە لە لایەن هێزە نا ئیسلامییەکانەوە بەرامبەر بە گوتارە ئایدیۆلۆژییەکانی ئیسلامی سیاسی مەسەلەیەکی هێجگار ترسناکە بە تایبەتی کاتێک ئەم گوتارانە دەبنە گوتاری عەلمانییەکان بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی خۆیان بە ئاینەوە. عەلمانییەکان لەڕێی ئەم گوتارانەوە دەخوازن مونافەسەی هێزە ئیسلامییەکان بکەن لەسەر داگیرکردن و مۆنۆپۆلیزەکردنی ئیسلام خۆی. هێزە عەلمانییەکان دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە بە هێزە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە بڵێن کە ئەوان بەهەمان ڕادەی ئیسلامی سیاسی ئیسلامن و لە ڕاستیدا کەس لەوان موسڵمانتر نییە. زۆرجار مرۆڤ واهەستدەکات ئەم هێزانە لە ئیسلامبوونا مونافەسەی ئیسلامییەکان دەکەن. بارزانی بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە کەس لە پارتی ئیسلامتر نییە و شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوان پەکەکە و یەکێتیش بە «ئینتیقامی ئیلاهیی» ! دەداتە قەڵەم، مام جەلایش زۆربەی خوتبە و قسەکانی بە بیسمیلا دەستپێدەکات و لە مەسەلەی گۆڕینی یاساکانی ئەحواڵی مەدەنیدا دەڵێت ئێمە ناتوانین دەست بۆ هەندێک بەندی ئەم یاسایە بەرین، چونکە لە قورئاندا دەقی سەریح دەربارەیان هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕاگەیاندنی یەکێتی بە هەمان زمانی پارتی نارەزاییەکانی خەڵکی زاخۆ بەرامبەر بە پارتی بە «ئینتیقامی ئیلاهی» دادەنێت، نەک بە نارەزاییەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی. ئەم دوو هێزە هەردوکیان بەیەک زمانی ئاینی ئەدوێن و مونافەسەکردنیشیان لەگەڵ ئیسلامییەکاندا وایکردوە هەر هێزێکیان لایخۆیەوە بەجیا دەسەڵاتی گروهێکی ئاینی بەهێز بکات، گروهێک لەکاتی پێویستا فەتوای ڕاستی و دروستی سیاسەتەکانی ئەوان دەربکات.

بە بۆچوونی من لە دۆخێکی ئاوادا مەترسی گەورە خودی هێزە ئیسلامییەکان نین، چونکە ئەوان لە کوردستاندا هێزی بچووکن و توانای کێبەرکێی هێزە گەورەکانی کوردستانیان نییە. مەترسی گەورە لەوەدایە کە هێزە ناکۆکەکان بە ئیسلامی سیاسی بە هەمان زمانی ئیسلامی سیاسی لە گەڵ کۆمەڵگا و سیستمە کولتووری و ڕەمزی و ئەخلاقییەکەیدا بدوێن و ڕووداوە سیاسییەکان بە زمانی ئاینی ڕاڤەبکەن. ئەوانیش پێ لەسەر ئەوە داگرن کە ئاین بناغە و بنەمای کۆمەڵگای ئێمەیە و ئەحکامە ئاینییەکان ئەوەندە پیرۆز و هەمیشەیین کە ناکرێت دەستیان بۆ ببرێت و بە شێوەی دیکە ڕاڤەبکرێن و بە ئاراستەی دیکەی مانادا ببرێن. بەم کارەیان ئەم هێزانە ئەو سەرەتاگە فیکری و فەلسەفییە دەسەلمێنن کە وزە و هێز و توانای ڕەمزی بە ئیسلامییەکان ئەدات. قبووڵکردنی ئەم سەرەتاگە تۆتالیتێرە دەربارەی ئاین و ماناکانی واتە قبووڵکردنی ئەو بنەما سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی و فیکرییانەی بزاوتە ئیسلامییەکان و هەیمەنەی ئایدیۆلۆژی ئەوانی لەسەر دروستدەبێت. ڕاستە لە دۆخێکی لەم بابەتەدا هێزە ئیسلامییەکان هێشتا نەبوونەتە گەمەکەری یەکەم، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هێزە عیلمانییەکان خۆیان بەم کارەیان بوونەتە گەمەکەرێکی ئاینی و زەمینەی پتەوتربوونەوەی ووشیاریەکی ئاینی دادەڕێژن کە دواجار ئیسلامیەکان بەروبوومەکەی دەچننەوە نەک هیچ لایەنێکی دیکە. ئەمە لەکاتێکدا کاری سەرەکی هێزە عەلمانییەکان بریتییە لە گەشەدان بەو ووشیارییە

دنیاییەی کە زیاد لە سەدەیەکە هەنگاو هەنگاو لە مێژووی ئێمەدا هاتۆتەکایەوە و ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە پاراستن و قووڵکردنەوەی پایەکانی هەیە.

لە کوردستاندا دۆخێکی وا لە ئارادایە هەر حیزبە و مەلا و ئیمام و مامۆستای ئاینی خۆی بەرامبەر بە مامۆستا و مەلا و ئیمامی ئیسلامییەکان هەبێت. لە قوتابخانەکاندا هەوڵئەدرێت مامۆستای هێزە ئیسلامییەکان دەرکرێن و لەشوێنیاندا مامۆستاکانی پارتی و یەکێتی وانەکانی ئاین بڵێنەوە، بڵندگۆی مزگەوتەکان لە مەلاکانی هێزە ئیسلامییەکان بسێننەوە و بیدەنە مەلاکانی خۆیان. ئەم کارە، واتە دەرکردنی کەسێک لەسەر باوەڕ لەسەر ئیش یان هەر لە سەرەتاوە ئیش پێنەدانی، گەرچی لەڕووی یاساییەوە تاوانە و پێشێلکردنی یەکێک لە بەندە گرنگەکانی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤە، لەڕووی عەمەلیشەوە هێنانەکایەی سەرزەمینی توندڕەوییەکی گەورەیە. هێزە عەلمانییەکان لەباتی ئەوەی دەسکاری مەنهەجی ئاین لە قوتابخانەکاندا بکەن و لە زانکۆکاندا برەوبدەن بە بەشەکانی سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و فەلسەفەی ئاین، لە باتی ئەوەی بەرگری لە سەرزەمینیبوونی کێشە و مانا و یاساکانی ئاین بکەن و ئاین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی قابیلی خوێندنەوەی زانستی و ڕەخنەیی بناسێنن، لەباتی ئەوەی بەرگری لە ڕۆشنبیرییەکی عەلمانیی ڕاستەقینە و مشتومڕی زانستی دەربارەی دیاردەکانی پیرۆزی و پیرۆزگەرایی بکەن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەلاماری شوێنە وەزیفییەکانی ئیسلامییەکان ئەدەن، دەرچووەکانی زانکۆیان دانامەزرێنن، تەشهیریان پێدەکەن و هەوڵی شکاندنی کۆمەڵایەتییان ئەدەن. لەباتی ئەم کارانە عەلمانییەکان دەبێت سەرزەمینی ئامادەگی ئاین لە کوردستاندا و چۆنیەتی تێگەیشتن و وێناکردنەکانی ئاین دەسکاریکەن. بێگومان کارێکی لەمجۆرە مەحاڵە گەر ئەم هێزانە بیانەوێت وای نیشاندات لە ئیسلامییەکان ئیسلامیترن.

لە پرۆسەی خۆکردنی هەر هێزێک لە هێزەکانی کوردستان بە هێزێکی ئیسلامی ئەو فەزا عەلمانییەی هەفتاکان و هەشتاکان هێنابویانە کایەوە جارێکی دیکە دەکرێتەوە بە فەزایەکی ئاینی. هێزە عەلمانییەکان کە بە کۆمەڵگای کوردی دەڵێن ئێمە لە ئیسلامییەکان موسڵمانترین، ئێمەین پارێزەری یەکەمی دەقە ئاینییە پیرۆزەکان و ئێمەین هەوڵی پاراستنی شەریعەت و ئەحکامە ئاینییەکان ئەدەین، ڕاستەوخۆ خشت لەسەر خشتی ئەو فەزا عەلمانییە وێراندەکەن کە مێژووی ئێمە زیاد لە سەدەیەکە هەوڵی بنیادنانی ئەدات. عەلمانییەکانی وڵاتی ئێمە تا ئێستاش هەڵگری دیدێکی زانستی و گوتارێکی مەعریفی نین بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و جێی ئاین لە کۆمەڵگا و سیاسەت و دنیای ناوەکی ئینسان و گروهەکاندا، بۆیە بە ئاسانی بە کۆمەڵگای ئێمە دەڵێن: ئاین لە ئیسلامییەکان بسەننەوە و بیدەن بە ئێمە، ئێمە لەباتی ئەوان و لەوان باشتر بۆتان دەپارێزین. یان بەپێچەوانەی ئەم ستراتیژەوە عەلمانییەکی سادەگۆ دەنگ بەرزدەکاتەوە و دەقریشکێنێت کە ئیسلام داگیرکەرە و ١٤٠٠ ساڵە ئێمەی بە خۆمان نامۆکردوە.

دواهەمین دەرەنجامی ئەم بە ئاینیکردنەی فەزای کۆمەڵایەتی لە قازانجی ئەو هێزانەدایە کە بنەماکانی شەرعییەتی خۆیان لە ئاین و دەقە ئاینییەکانەوە وەردەگرن. چەند قەبارەی ئامادەگی ئاین لە کۆمەڵگادا زیادکات ئەوەندە هێندە ئاینییەکان زیاتر هەلی گەشەکردن و گەورەبوونیان زیاد دەبێت. موجامەلەی ئیسلامی سیاسی موجامەلەیەکی ترسناکە، ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات خۆی لە باتی ئیسلامییەکان ببێت بە ئیسلامی، گەرچی دەشێت لە ئێستادا چەند سەرکەوتنێکی بچووک و کاتی وەدەستبهێنێت، بەڵام لە ئەنجامدا گەمەیەکی دۆڕا و دەکات. بێگومان کە دەڵێم موجامەلەی ئیسلامی سیاسی ترسناکە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم دەبێت ئیسلامییەکان لەناوبرێن، بێدەنگکرێن و بگیرێن، نا من تا سەر ئێسقان باوەڕم بە مافی بوون و کارکردن و ئامادەگی هەر هێزێک هەیە لە کوردستاندا بیەوێت سیاسەت بکات. بەڵام بەو مەرجەی هەم ئیسلامی و هەم نا ئیسلامی ئوسوڵەکانی گەمە و کێبەرکێی سیاسی بۆ ئاستێکی دیکە بگوێزنەوە، ئاستی پاراستنی چوارچێوە گشتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و ژیانی سیاسی پێکەوەیی. وەک چۆن ئیسلامییەکان نابێت ئەو گریمانە ناڕاستانە بەرامبەر بە ئیسلامیبوونی کۆمەڵگا و خەڵک و مێژووی ئێمە بەرزکەنەوە و بەناوی

موقەدەسێکی خوداییەوە سیاسەت بکەن، ئاواش هێزە عەلمانییەکان نابێت خۆیان لە کۆمەڵگای کوردی بکەن بە ئیسلامی و بەپێی ڕۆژگار گەمە بە شوناسی فیکری و ئایدیۆلۆژی خۆیان بکەن، بە تایبەتی لەمەسەلەیەکی گرنگی وەک شوێن و جێ و ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگا و سیاسەت و ژیانی گشتیدا. هەردوو ستراتیژەکە هەڵە و ترسناکن و دەرەنجامی کوشندەیان بۆ کۆمەڵگای ئێمە و نەوەکانی داهاتوو دەبێت.

یەکێک لە نەخۆشییە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی هێزە عەلمانییەکانی ئێمە، کە وادەکات فەزای کۆمەڵایەتی ئێمە ببێتە فەزایەکی ئاینی، بریتییە لە دۆزینەوەی بنەمایەکی ئاینی بۆ هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی، یان ڕاستر بدوێین وەرگرتنی ڕوخسەتی بەردەوام لە ئاین بۆ هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری. مەحکومکردنی یاسا و لۆژیکی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە جەبرەکانی ئاین مەحکومکردنی کۆمەڵگایە بە کۆمەڵێک یاسای سەرمەدی کە وزە و توانای گۆڕان دەکوژێت یان تەواو لاواز و ئیفلیجی دەکات. ئەم لۆژیکە چەندە لۆژیکی ڕێگرتنە لە هاتنەکایەی گۆڕانکاری ڕیشەیی و ڕاستەقینە ئەوەندش لۆژیکی هێشتنەوەی ئاینە وەکو خۆی. کە واقیع و مێژوو ناچارکران بۆ گۆڕان و بەرەوپێشەوە چوون مۆڵەت لە ئاین وەرگرن، مانای ئەوەی ئاین خۆی پێویستی بەهیچ مۆڵەت وەرگرتنێک لە مێژو و واقیع نییە بۆ مانەوە و پایەداری خۆی. بەمجۆرە ئاین وەک بوونێکی موفاریقی بان مێژوویی دەهێڵدرێتەوە و دەرگای هەموو ئەگەرێکی گۆڕان و وەرگرتنی دەلالەت و مانای نوێی لێدادەخرێت.

گەر ئاین نەگۆڕبێت و هەمیشە بەهەمان ناوەرۆکەوە ئامادەبێت، ئەوکات ناوەرۆکە تازەکان بۆ ئەوەی مافی بوونیان هەبێت دەبێت بەردەوام ببرێنەوە بۆ باوەشی ئاین و لەوێدا لە ئاین بپارێنەوە بۆ هەلی دروستبوون و ژیان و مانەوەیان. هەرئەمەشە وا لەهێزە ئیسلامییەکان و ڕۆشنبیرەکانیان دەکات بەردەوام دەسکەوتە تازەکان، گەر نەتوانن ڕەفزیکەن، ببەنەوە بۆ کۆنی کۆن و بیانخەنە ناو هەناوی دەقە ئاینییە کۆنەکانەوە. عەلمانییەکان لەباتی ئاشکراکردنی ئەم گەمەیە و لەباتی نیشاندانی بوونی سەرزەمینیانەی بنەما فەلسەفی و ئەخلاقییەکانیانی ئەو دیاردانە، لەپاڵ ئەو دوو گوتارەی لە سەرەوە باسمانکردن، بنەماکانی بە موتڵەقکردنی ئاین بەهێز و بەهێزتر دەکەن. ئەم هەڵوێستە لەسەرێکەوە هۆکاری ئەوەیە ئاین بەردەوام هێزی خۆ بەرهەمهێنانەوەیەکی سەلەفیانەی هەبێت و لەسەرێکی دیکەشەوە واقیعێک دروستدەکات کە هەموو خەونێکی گۆڕانی ڕاستەقینەی تێدا بکوژێت، چونکە ئەو گۆڕانانە بەبێ مۆڵەتوەرگرتن لە ئاین ناتوانن پیادەکرێن.

ئەو مەسەلانەی سەرەوە وایکردوە وردە وردە و لەسەرخۆ هەندەسەی کۆمەڵایەتی سەلەفییەت ببێتە هەندەسەی کۆمەڵایەتی باڵادەست لە وڵاتی ئێمەدا. فەزای گشتی شارەکان تادێت ئاینی دەبێت، توندوتیژی ڕەمزی ئاینی تادێت پەرەدەسێنێ و دیوارەکانی ئەو دنیا پڕ ترسەی ئاین بینای دەکات تادێت بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. هەندەسەی کۆمەڵایەتی سەلەفییەتیش بە پلەی یەکەم هەندەسەی تۆبەکردن و چەپاندنە، هەندەسەی قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکانە، ئەوەی ئەم هەندەسەیە دەیکوژێت پرۆژەی ئازادی و کرانەوە و نەهێشتنی ترسە لە دەروونی ئینسانی ئێمەدا. لەمەشدا وەک نیشانماندا بەتەنها هێزە ئیسلامییەکان بەرپرسیار نین، بەڵکو زۆربەی هێزە خۆ بە عەلمانی زانانەکانیش بەرپرسیارن. هێزە عەلمانییەکان بەناوی موجامەلەی کۆمەڵگا و موجامەلەی هێزە ئاینییەکانەوە وردە وردە خەریکن ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە بنیادنانی فەزایەکی کۆمەڵایەتی کۆنەپارێزی ئاینیدا کە براوەی یەکەمین و دواهەمین لەناویدا هێزە ئیسلامییەکانن.

بێگومان بەگژاچوونەوەی توندڕەوی ئاینی بەوە نابێت هەموومان ئەوە بسەلمێنین کە موسڵمانین و هەموومان لەبەردەم کامێراکانی تەلەفیزیۆندا شایەتومان بێنین و دوو ڕکاعەت نوێژ بکەین، نا ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی ئاینی و هەموو شێوەکانی دیکەی توندڕەوی بەوە دەستپێدەکات کە بەرگرییەکی تەواو لە ئازادی تاک و کۆ و ئازادی مافی ڕادەربڕین و ژیانی جیاواز و ڕێژەگەرایی هەموو بیر و بۆچوونەکان بکەین. هەنگاوی یەکەمی لەناوبردنی هەموو جۆرە توندڕەویەک کرانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە. گەر نەمانتوانی بەرگری لەوە بکەین کە ئینسان

ئازادە لەوەی باوەڕداربێت یان نا، دینی هەبێت یان نەیبێت، دەقە پیرۆزەکان بە پیرۆز بزانێت یان نەزانێت، ئیسلامی بێت یان عەلمانی، حیزبی بێت یان نا حیزبی، حەزی لە سیاسەت بێت یان نا سیاسی، ئەوکات نەمانتوانیوە ڕەگەکانی توندڕەوی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنین. کارێکی لەم جۆرەش پێویستی بە دەسکاریکردنی سیستم و سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت هەیە لە کوردستاندا، دەبێت پرۆژەی ورد و زانستی و دوورخایەنمان هەبێت بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستمی هەقیقەت، دەبێت ئەم سیستمە لەدەستی ئاین و ئایندارن بسێنریتەوە و لە شوێنیدا سیستمێکی دیکە پێشنیارکەین کە هەقیقەت وەک بەرەنجامی دیالۆگ و ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە نەک لەدەرەوەڕا بەناوی ئاین، یان بەناوی هەرشتێکی دیکەوە، بسەپێنرێت. یەکەمین هەنگاویش بەم ئاراستەیە بریتییە لە دەرکردنی دیالۆگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان لە سەرزەمینی کوفر و حەڵاڵ و حەرام و باوەڕهێنان بەوەی ئینسان خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە هەڵبژاردن و بیر و بۆچوون و ڕا و شێوە ژیانی تایبەتی خۆی.

### ١٥. کۆتایی

گرەوی هێزە عەلمانییەکان لە دنیای ئێمەدا لەوەدایە کە ئەو گەمەیەی سەرەوە نەکەن، هەوڵنەدەن خۆیان بچنە شوێنی ئیسلامییەکان و خۆیان ببنە هەڵگری ئەو دیدە فەلسەفی و فیکری و ئەخلاقییەی ئیسلامی سیاسی هەڵگریەتی. ئەم گەمەیە هەموو کاریگەرییەکی مێژوویی هێزە عەلمانییەکان دەکوژێنێتەوە و لەناوی ئەبات، ئەم هێزانە نابێت بەو زمانە قسەبکەن کە دەیانباتەوە ناو سەرلەنوێ گرێدانەوەیەکی توندی ئینسان و ئاین، سیاسەت و ئاین، هەقیقەت و ئاین و مەحکومکردنی کۆمەڵگا بە گیرۆدەبوونێکی هەتاهەتایی بەدەست هێز و یاسا و ئەخلاقییەتی ئاینییەوە.

با لەوە تێبگەین لە کۆمەڵگای ئێمەدا جگە لە هێزە ئاینییەکان چەندەها کەرتی کۆمەڵایەتی دیکە هەن کە بۆ بنیادنانی بنەماکانی ئەخلاق و بۆ بەرهەمهێنانی بەها و نۆرم و دیدیان بۆ دنیا دەگەڕێنەوە نەک بۆ ئاین، ئەوە وێنەیەکی هەڵەیە پێمانوابێت کۆمەڵگای ئێمە لە ئەلفەوە بۆ یائی کۆمەڵگایەکی ئاینییە، ئاینی بەو مانەیەی لە هەموو دۆخێکدا ئاین چوارچێوەی ئەخلاق و بەها و پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان و چوارچێوەی بریار و هەڵبژاردن و ئینتیماکان بێت. با ئەوەشمان لەیاد نەچێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاد لە ڕاڤەکردنێک بۆ ئاین و ڕۆڵی ئاین هەیە، ئەو مەسەلەیەی گوایە کۆمەڵگای ئێمە لە بنی پێیەوە تا تەوقی سەری لە ئایندا نوقمە، جگە لە گوتراوێکی ناڕاستی هێزە ئیسلامییەکان بۆ سەپاندنی هەیمەنەی فەرهەنگی خۆیان و کردنی سەرمایەی ڕەمزی ئاینی بە تاقە سەرچاوەیەکی گرنگی سەرمایەی ڕەمزی و کۆمەڵایەتی، شتێکی دیکە نییە. ڕووبەڕووبوونەوەی پەرگیریی ئاینی بەوە نابێت هەموو رووکارەکانی ژیان ئاینی بکرێن، بەوە نابێت ئێمە لەباتی ئیسلامییەکان هاواربکەین ئیسلام جەوهەری کۆمەڵگای ئێمەیە و شەریعەت سەرچاوەی یاسا و هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ئێمەیە، یان نائومێدانە بە خۆمان و بەهێزە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان بڵێین ببوورن یاسا ئاینییە کۆنەکانمان بۆ ناگۆڕێت، چونکە تەفسیرەکانی ئیمامی شافیعی ناهێڵن. ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی ئاینی لەوێوە دەستپێدەکات کە بەرگرییەکی تەوا و لە تێکەڵنەکردنی ئاین و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بکەین، نەهێڵین ئیسلام، وەک ئاینی سادەی خەڵک و وەک سیاسەت تێکەڵ بەیەکدی بکرێن. کە ئاینیش کرا بە سیاسەت ڕاست و ڕەوان نیشانیدەین کە ئاین لێرەدا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە وەک هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی دیکە نەک هێزێکی پیرۆزی قابیلی ڕەخنە لێنەگرتن. بەگژاچوونەوەی توندڕەوی ئاینی لەوێوە دەستپێدەکات نەهێڵین ئاین سیستمی قەزا و داوەری و یاسادانان قووتدات و ئیرادەی دەقە ئاینییەکان بەسەر ئیرادەی گۆڕانە مێژووییەکاندا زاڵبێت. مەترسی توندڕەوی ئاینی کاتێک بنەبڕدەکرێت کە نەهێڵین خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، لە ماڵەوە تا فەزای گشتی، لە ڕۆژنامە و تەلەفیزۆنەکانەوە تا قوتابخانە و

شوێنەکانی دیکە بە ئاین داپۆشرێت.

دەبێت بەردەوام پێ لەسەر ئەو ڕاستییە داگرین کە پیاوانی ئاین، سەرکردایەتی هێزە ئیسلامییەکان و کادر و هەوادارەکانیان نوێنەری خودا نین لەسەر زەوی، کەسانی پیرۆز و ئاسمانی نین، قسە و بڕیارەکانیان قسە و بڕیاریی خودا و پێغەمبەرەکان نین، ئەوانیش ئینسان وەک من و تۆ، هەڵگری دید و تەفسیر و تێڕوانینێکی تایبەتن بۆ ئاین، لەپاڵ چەندەها دید و تێڕوانینی دیکەدا. دەبێت هەمیشە نیشانیدەین کە بۆچوونەکانی ئاین، هی هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی دیکەش، تاقە بۆچوون و دواهەمین بۆچوون نین، بەڵکو بۆچوونێکن لەپاڵ بۆچوونەکانی دیکەدا.

بەڵام چۆن گوتاری نوێنەرایەتیکردنی خودا تێکشکێنین بەبێ تێکشکانی گوتاری کاریزما، گوتاری ئەو سەرۆکە پیرۆزەی لەباتی هەموان دەدوێ و بیردەکاتەوە و بڕیارئەدات، سەرۆکێ جگە لە هەقیقەت، دواهەمین هەقیقەت، هیچیدی بە زاردا نایەت و بەڕێکەوتیش ڕوونادات لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تێفکرینێکی هەڵەی هەبێت. گەر گوتاری کاریزمامان گۆڕی بە گوتاری دیموکراسیکردنی دەسەڵات و دیموکراسیکردنی بەرهەمهێنانی مانا و دیموکراسیکردنی هەقیقەت، ئەوکات هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت بقریشکێنێت کە هیچ کەس نوێنەری خودا نییە لەسەر زەوی و هیچ کەسێک بۆی نییە بەناوی خوداوە، یان بە ناوی هەر هەقیقەتێکی موتڵەقی دیکەوە، ئیرادەی خۆی بەسەر ئیرادەی کەسێکی دیکەدا بسەپێنێت. دەبێت بەردەوام بەرگری لەوە بکەین ئەوانەی لە کوردستاندا سیاسەت دەکەن، بە ئیسلامیەکانیشەوە، خەڵکانێکی سیاسین و هەڵگری پرۆژەی سیاسی تایبەتن. خەڵک دەشێت ئەو پرۆژانەی قبووڵبێ و دەشێت قبووڵیشان نەبێت، گرنگی سیستمی دیموکراسیەت لەوەدایە هەلی ئەوە دەڕەخسێنێت کۆمەڵگا قسەکانی خۆی بکات و ئیرادەی خۆی تاقیبکاتەوە. لەدۆخێکی لەم بابەتەدا هەموو کەسێک ماف و توانای ئەوەی دەبێت بڵێت کەس نوێنەری خودا و هەقیقەت نییە، ئەوەی ئەگوترێ و بڵاودەکرێتەوە نەک قسەی خودا نییە، بەڵکو بەرەنجامی دیدێکی تایبەتە و وابەستەی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەن بۆ شەرعیەت بەدوای خودا و قسەکانی خودادا دەگەڕێن.

کاری سەرەکی هەر دیدێکی عەلمانی لە ئێستادا سەندنەوەی خودایە لە حیزبەکان، بۆ ئەوەی عەلمانیبین دەبێت پێ لەسەر ئەو ڕاستییە داگرین کە هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بەناوی خوداوە قسەبکات، خودا موڵکی هیچ هێز و لایەنێکی دیاریکراو نییە، خودا هی هەمووانە و ناکرێت مۆنۆپۆلیزە بکرێت. عەلمانییەکان دەبێت بەردەوام پێ لەسەر ئەو ڕاستییە داگرن کە خودا بەشێک نییە لە سیاسەت و ئەوەشی بەزۆر دەیهێنێتە ناو مێژووەوە و لەوێدا بە قسەی دەهێنێت، هێزێکە دەیەوێت ئیرادەی خۆی بەسەر ئیرادەی خودادا بسەپێنێت.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ کە دەبێت بەردەوام باسبکرێت مەسەلەی سەرزەمینیبوونی دەسەڵاتە. هیچ حوکمێک لەسەر زەویدا حوکمێکی پیرۆز و خودایی نییە. ئەوانەی حوکمدەکەن و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، یان دەیانەوێت بەدەستی بهێنن، ئینسانن، ئینسانن وەک من و تۆ بە هەموو لاوازی و بەهێزییەکانی ئینسانەوە، بە تەماح و لە خۆبوردنەکانییەوە، بە هیواو ئامانج و گەشبینی و ڕەشبینییەکانییەوە. سیاسەت و حوکمکردن دوو مەسەلەی سەرزەمینین و نە لەدوور نە لەنزیک پەیوەندیان بە خودایەکەوە نییە لە دەرەوەی مێژوودا بوونێکی موفاریق و هەمەلایەنی هەیە. خودا بەرپرسیار نییە بەرامبەر بەهەڵەکانی ئینسان، بەرامبەر بە کوشتار و داگیرکردن و بەدکارییەکان. ئینسان سەرچاوەی کارەستاکان و سەرکەوتنەکانە. بۆیە ئەوانەی حوکمدەکن، دەبێت واز لەو وەهمە بهێنن کە گوایە بەناوی خوداوە حوکمدەکەن، لەڕاستیدا ئەم خۆ بە نوێنەر دانانەی خودا لەسەر زەوی، یەکێک لەو کوفرە گەورانەیە بشێت ئینسان لە ساتێک لە ساتەکانی تەماحداری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بیکات، گەر بشێت بۆ تاقە جارێک بەزمانی کوفر و بە زمانی تیۆلۆژیا بنووسین و بدوێین.

### ١٦. دوای کۆتایی

با ئەوخاڵە تەواو ئاشکرابێت کە ئیسلام وەک سیستمی حوکمکردن و دەسەڵات، وەک شێوازی ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا، وەک ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان و وەک میتۆدی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، بەکورتی وەک سیستمی حوکمکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و پەیوەندییەکان، کۆتاییپێهاتوە و لەم ڕووەوە هیچی نییە لەبەردەم دنیای هاوچەرخدا بیڵێت. لەدوای تیورە سیاسییە جیاجیاکانی مۆدێرنەوە دەربارەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و هاووڵاتی، چۆنیەتی دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مەسەلەی شەرعیەتی سیاسی و دەستووریی، ئیرادە و قازانجی گشتی و مەسەلەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و لێبوردنی سیاسی، هەموو گەڕاندنەوەیەک بۆ حوکمی ئاین و دەسەڵاتێک لە ئایندا بەدوای شەرعییەتدا بگەڕێت، بازدانێکە بەرەوە دواوە، بازدانێک کە نامانکاتە بەشێکی زیندووی مێژووی هاوچەرخ، بەڵکو دەمانخاتە ناو دەهلیزێکی تاریکەوە کە بە کوشتار و خوێن وپاشکەوتن ومەحکومە. سەردەمانی فەتوا کۆتاییهاتوە و دنیای ئەمڕۆ دنیای دەستوور و دەزگای دیموکراسی مۆدێرنە.

هەرلێرەشدا دەبێت پێ لەسەر ئەو ڕاستییە داگرین کە ئیسلام وەک باوەڕ، وەک ئاینێک کە لە ناوەوەڕا دنیای ڕۆحی ئینسان ئۆرگانیزە دەکات و ئەو پەیوەندییە ڕێکدەخات کە ئینسان بە خوداوەند و بە پیرۆزییەوە دەبەستێتەوە، هەر زیندوە و بێگومان لە ئایندەشدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەمەیان مەسەلەیەکە و کردنی ئیسلام بە بەرنامەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی شتێکی دیکە.

لە ڕاستیدا کاری مێژوویی هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە، بە ئیسلامییەکانیشەوە، ئەوەیە خۆیان بۆ قۆناغی دوای ئوسوڵییەت ئامادەکەن، بۆ قۆناغێک تێیدا دنیا تادێت بچووک و بچووکتر دەبێتەوە، سنوورەکان لاوازدەبن و بلۆکە ئابووری و سیاسییە گەورەکان هێدی هێدی شوێنی پێکهاتە لۆکاڵیە بچووکەکان دەگرنەوە، قۆناغێک تێیدا ئاینەکان، کولتوورەکان، کەلەپوورەکان و لەهەمووشی گرنتر ئینسانەکان تێکەڵ بەیەکدی ئەبن. دەبێت کۆمەڵگای ئێمە لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەو کرانەوە ئینسانییە بەرفراوانە ئامادەکات. ئینسانی ئێمە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە بەشێک لە دنیای هاوچەرخ، دەبێت ببێتە هەڵگری نوێترین زانیاری و ئەبێت بتوانێت بەزمانە زیندووەکانی دنیا قسەبکات، نەک لە منالییەوە بخزێنرێتە ناو مزگەوتەکانەوە و لەباتی مەعریفە و زانیاری هاوچەرخ قورئانی پێ دەرخبکرێت. بێگومان ئینسان ئازادە لەوەی چی دەرخدەکات و چی دەرخناکات، بەڵام من لێرەدا قسەم لەسەر پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گشتییەکانە، قسەم لەسەر هاتنەکایەی دنیایەکە کە ژیان تێیدا وابەستەی تێگەیشتن و زانین و ناسینی زمان و زانیارییە زیندوەکانە، نەک خۆشاردنەوە لە قاوغی چەندەها شوناسی خۆماڵی بەرتەسک و پێشنیارکراودا. بەبێ پەیوەستبوونێکی تەواو بە مۆدێرنە و پیادەکردنی هەلومەرجەکانی ژیانی مۆدێرنەوە، کە بریتییە لە قبوڵکردنی جیاوازی و دیموکراسییەت و بەدەستهێنانی مەعریفەی هاوچەرخ و پایەدارکردنی عەقلانییەتێکی نوێ لە ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا، مەحاڵە کۆمەڵگای ئێمە بتوانێت شوێنێکی هەبێت لە مێژووی سەدەی بیستویەکەمدا.

دەبێت هەڵبژێرین لەنێوان فێربوونی بنەماکانی فیزیای نوێ، هونەرەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و تەفسیری تەبەریدا، لەنێوان زانستی نوێی پزیشکی و قسەکانی ئەبوو هورەیرەدا. لەم ساتەوەختە مێژووییەدا مەحکومین بە هەڵبژاردن و بڕیاردانێکی مێژوویی و مەعریفی. ناتوانین ببینە بەشێک لە دنیای هاوچەرخ و قۆڵمان هەر لە قۆڵی ئەحکامەکانی ئیمامی شافیعیدابێت. بۆئەوەی ببین بە بەشێک لە دنیای هاوچەرخ دەبێت هەڵبژێرین لە نێوان مافەکانی مرۆڤدا کە هەمووان بەیەکدی یەکساندەکات، نێر بە مێ و ڕەش بە سپی و بێدین بە دیندار، لەگەڵ ئەو ئەحکامە نیوە و ناچڵانەدا کە خەڵک دەکاتە زیمی و موالی و لەوێشەوە بەیەکدی نایەکسان. یان ئەوتا دەبێت ئەو ڕاستییە قبووڵکەین کە هەموومان، دیندار و بێدین، بەقەد یەک مافی ژیان و پاراستنی کەرامەتمان هەیە، بەمەش کۆمەڵگایەکی پڕ ئاشتی کۆمەڵایەتی و بە دوور لە توندڕەوی ئاینی دروستدەکەین، یان ئەوەتا

هەر لە ئێستاوە بنەمای دەیەها تەقینەوەی دیکە دائەنێین کە نەوەکانی ئایندەی پێوە گیرۆدەبن. دەبێت هەڵبژێرین لە نێوان نەموزەجی سودانی و ئەفغانی و جەزائیریدا کە بەزمانی سەربڕین و ئەتککردن بێحورمەتی قسەدەکەن، لەگەڵ نەموزەجی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پشتئەستوور بە فەلسەفەی سیاسی نوێ و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی عەقڵ و ئیرادە. دەبێت هەوڵی ڕاستەقینە و دڵسۆزانە بدەین بۆ ئەوەی چەمکی هاووڵاتی بخەینە شوێنی چەمکی ئیماندار، حوکمی یاسا بخەینە شوێنی حوکمی ئاین و کاریزما، دەبێت بەر لە هەمووشتێک سیاسەت بکەینە مناڵێکی سەرتاپا سەرزەمینی و لەدەستی ئاسمان و نوێنەرەکانی ئاسمانی بسێنینەوە. هاووڵاتی کەسێکە دەشێت دینداربێت یان بێدین، ئەوەی کە گرنگە تەماشای بکەین مەسەلەی دینداری و بێدینی نییە، بەڵکو مەسەلەی ئەوەیە داخۆ ئەو کەسە وەک هاووڵاتییەک ئەرکەکانی سەرشانی بەرامبەر بە دەستوور، بە کۆمەڵگا و بە ئینسانەکانی دیکە بەجێدەهێنێت، داخۆ پیادەکردنی ئازادی خۆی لەسەرحیسابی ئازادی یەکێکی دیکە نییە، داخۆ بەناوی مافی خۆیەوە مافی ئەوانیدی ناخوات. دەبێت هەوڵدەین مێژوو پاکبکەینەوە لە هەموو سیاسەتێکی بە پیرۆزکردن، پیرۆزیی بکەینە مەسەلەیەکی شەخسی، ئینسان ئازادبێت لەوەی چی بە پیرۆز و چی بە ناپیرۆز دەزانێت.

لە کۆتایشدا دەیڵێمەوە هیچ حوکمێک لەسەر زەویدا حوکمی خودا نییە، بەڵکو هەمیشە حوکمی گروهێکە بەناوی خوداوە قسەدەکات. ئەو مەملەکەتەی ئەم گروهەش دەخوازێت دروستیکات مەملەکەتی خودا نییە بەڵکو مەملەکەتێکیی ئینسانییە و زادەی کار و کردەوە و وێناکردنەکانی ئینسانە. مەملەکەتی خوداوەند مەملەکەتێکی سەرزەمینی نییە، ئەوەی ئینسان بینایدەکات، ئینسانکردە نەک خوداکرد. هەر لێرەشدا دەمەوێک جارێکی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشمەوە کە مۆدێرنە بەبێ دەزگاکانی چاودێریکردنی دەسەڵات، بەبێ ڕۆحە ڕەخنەییەکەی، بەبێ تواناکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەبێ ئازادی میدیا و هۆکانی دیکەی ڕاگەیاندن، بەبێ هێزێکی قەزایی سەربەخۆ و گرێندراو بەهیچ سەرکردە و هێز و لایەنێکی سیاسییەوە، پرۆژەیەکە دەشێت ببێت بە سەرزەمین و کوشتارگەیەکی گەورە. ئەنفال لە کوردستاندا بەبێ مۆدێرنە مەحاڵ بوو، وەک چۆن زۆربەی تاوانەکانی سەدەی بیستەم بەبێ تواناکانی مۆدێرنە مەحاڵ بوو.

هۆڵەندا ١٩٩٨

**تێبینی:**

**بیرۆکەی ئەم نووسینە باسێک بوو لە کۆنفرانسێکدا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شاری خێنت لە بەلجیکا پێشکەشکراوە. تێزە سەرەکییەکانی ئەم وتارە هەمان تێزەکانی ناو باسەکەی کۆنفرانسەکەیە، بەڵام لێرەدا واقیعی کوردی پێخوێندراوەتەوە.**

## سەرچاوەکان

١- بڕوانە:
Marxistische Statstheorie 2, Te Elfde Ure, nr.2 1981
هەروەها بڕوانە:
مەریوان وریا قانیع، هاوکێشەکانی دەسەلاًت، سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما. لە کتێبی: دەسەلاًت و جیاوازی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی٢٠٠٠.

٢- بڕوانە:
Veer, Peter van der, Religious Nationalism; Hindus and Muslims in India. University of California Press. Berkely/Los Angeles/London 1994.
لەم کتێبەدا ڤان دێر ڤیر بە درێژی لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە ئەدوێت کە ناسیۆنالیزم و ئاین بەیەکدییەوە گرێدەدات. کتێبەکە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەخنەیە لەو دیدە مۆدێرنیستییەی کە لەنێوان ناسیۆنالیزم و ئایندا دابڕانێک دەبینێت چ لای بەنەدیکت ئەندرسۆن و چ لای ئەرنیست گێڵنەر. ڤان دێر ڤێر بەوردی نیشانیئەدات کە هیچ بزاوتێکی ناسیۆنالیستی نییە کە سود لە ئاین و تواناکانی ئاین نەبینێت بۆ دروستکردن و بنیادنانی شووناسی نەتەوەیی. ڤان دێر ڤێر دوو نموونەی دروستبوونی شووناسی نەتەوەیی بریتانی و هیندی لە یەک پرۆسەی مێژوویی گەورەدا دەبینێت کە پرۆژەی ئیمپریالیزمە. لەم پرۆسەیەدا ئاین چەند گرنگبووە بۆ دروستبوونی نەتەوەی هیندی بەهەمانئەندازەش گرنگبووە بۆ هاتنەکایەی نەتەوەی بریتانی.

٣- بڕوانە کتێبی:
Anderson, Benedict R. Imagined communities, Reflection on the Origin and Spread of Nationalism. Verso, USA 1983.
هەروەها کتێبی:
Gellner, Ernest. Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek, Amsterdam 1994.
لەم دوو کتێبەدا هەم گێڵنەر و هەم ئەندرسۆن ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدەن کە بەر لە مۆدێرنە شتێک نییە ناوی نەتەوە و بیری نەتەوایەتی بێت. ئەندرسۆن گرنگی بە فانتازیای نەتەوەیی و گێڵنەر گرنگی بە کولتوری نەتەوەیی ئەدات لە هاتنەکایەی بزاوتە ناسیۆنالیستییەکاندا. ئەندرسۆن دەڵێت بەبێ مۆدێرنە و توانا تەکنیکییەکەی مۆدێرنە، ئەندرسۆن ناویدەنێت «کاپیتالیزمی چاپ» دروستبوونی فانتازیای نەتەوەیی مەحاڵە. گێڵنەریش ڕای وایە ئەوەی هێزە جیاوازەکانی مۆدێرنە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەو کولتوورە تازەیە کە ناسیۆنالیزم دەیهێنێتەکایەوە.

٤- بڕوانە:
Nazih N. Ayubi, Political Islam: religion and politics in the Arab World. 1994.
بەتایبەتی بڕوانە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبە بە ناونیشانی:
The theory and practice of Islamic State.
لەم کتێبەدا ئەیوبی ئەوەمان نیشانئەدات کە دیاردەی ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی نوێیە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری نێوان جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی. بە باوەڕی ئەم نووسەرە گوتراوی «ئیسلام دین و دەوڵەتە» گوتراوێکە بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم لای هیچ موفەکیرێکی ئیسلامی بوونی نەبوە و بەشێک نییە لە مێژووی فیکریی ئیسلامی کلاسیکی.

٥- دەربارەی بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە ئاین بڕوانە:
Bakker/Goddijn, De godsdienstkritiek van KARL MARX. Ambo 1983.
٦، ٧ - دەربارەی تێڕوانینی فرۆید، دۆرکهایم، ماکس ڤێبەر سەبارەت بە ئاین بڕوانە:
Malcolm B Hamilton, The Sociology of religion. Theoretical and comparative perspectives. Routledge, London and New York 1995.
هەروەها بڕوانە کتێبی:

Bryan S. Turner, Religion and Social Theory.Sage,
London 1991. (Second edition)

٨ـ بڕوانە :

Mulder, Het einde van de religie?in Rondom het Woord, 13, nr.3 1971

٩ـ بڕوانە:

D. MARTIN , The Religious and the Secular- Studies In secularization, London 1969 P. 22

١٠ـ بڕوانە:

Nijk, Secularisatie- Over het gebruik van een woord, Roterdaam1968

١١ـ بڕوانە:

Baumann, Gerd, 'Religious Migrants in Secular Britain? The Secular state as an Agent of Religious Encorporation' in: Etnofoor, vIII (2) 1995.

١٢ـ بڕوانە:

Dr. G. Dekker, Godsdienst en Samenleving:Inleiding tot de studie van de godsdienst sociologier. Uitgeverij Kok Kampen 1993.

١٣ـ بڕوانە: محمد اركون، قظايا فى نقد العقل الدينى. كيف نفهم الاسلام اليوم؟ ترجمة هاشم صالح، دار الطليعة، بيروت ١٩٩٨.

١٤، ١٥ ـ بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لەم بۆچوونەی بڕۆدێل خوێنەر دەتوانێت گگەڕێتەوە بۆ:

Cox, Robert W, 'A perspective on globalization 'in: Mittelman, James H, Globalization: Critical Reflections. Lynne Rienner Publishers, USA ١٩٩٦.

١٦ـ بڕوانە: مەریوان وریا قانیع، ئەنفال و مۆدێرنە، ڕووداوێک لە دوامانەوە یان ئەگەرێک لە پێشمانەوە. ڕەهەند ژمارە ٨ ١٩٩.

١٧ـ محمد اركون، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٨ـ محمد اركون، اين هو الفكر الاسلامى المعاصر، ترجمة و تعليق هاشم صالح، ت١. دار الساقى، لندن ١٩٩٣. ل٥٥ـ٧٨.

١٩ـ بڕوانە:

Hans van der Loo en Willem van Reijen, Paradoxen van Modernisering. Coutinho Rotterdam1 1990.

٢٠ـ بەنەدیکت ئەندرسۆن، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢١ـ عزيز العظمة، دنيا الدين فى الحاظر العرب، دار الطليعة ، بيروت ١٩٩٦.

جێی خۆیەتی لێرەدا خوێنەری کوردیی لە گرنگی ئەم کتێبەی ئەلعظمە ئاگاداربکەینەوە. بۆ نووسینی ئەم ووتارەدا سودێکی گەورەم لە مەنهەجییەت وشێوازی تەماشاکردنی ئەم کتێبەی نووسەر بۆ ئاین وەرگرتوە، بەتایبەتی لەو بەشەیدا کە باس لەوە دەکات مۆدێرنە چەند قووڵ لە واقیعی ئێمەدا ئامادەیە.

# ڕۆشنگەری: تێزێکی ئایدیۆلۆژی
# یان
# تێزێکی ڕەخنەگرانە

**ڕێبین هەردی**

ئایا بۆچی لەم کاتەدا و بە دیاریکراوی لەم هەلومەرجە تراژیدییەدا باس لەڕۆشنگەری دەکەین؟ ئایا باسکردنی ڕۆشنگەری چ بایەخێکی هەیە بۆ جیهانێک کە میلی چەکەکانی بۆ هەمیشە لەسەرپێن، بەڵام نەک بەئاراستەی دوژمنەکانی دەرەوە، بەڵکو بەئاراستەی ئەو هاوچارەنوسانەی خۆماندا کە بڕیار بوو لەجیهانی دوای ڕاپەڕیندا بە ئاسودەی پێکەوەبژین. دەبێ لەم فەزای شەڕ و کوشتار و بەدبینی هێزە کوردییەکاندا بەرامبەر بە یەکدی، باسکردنی ڕۆشنگەری چ گرنگییەکی هەبێت؟

لەڕاستیدا هیچ شوێنێک هێندەی ئەو جێگایە پێویستی بە باسکردنی ڕۆشنگەری نییە کە چەکەکانی بەر لە بیرکردنەوە، گوللەکانی بەر لە ڕاڤەکردنی دەوروبەر و ڕقوکینەکانی بەر لە بینین، ئاراستەی دەکات. چونکە ڕۆشنگەری پرۆژەیەکە پتر لە تاریکیدا هەست بەنەبوونی دەکرێ، چ جێگایەکیش هێندەی ئەو شوێنە تاریکە کە بەردەوام گوللەکانی کوێرانە بەهەمووو ئاراستەکاندا بە بێهودەییەوە دەتەقێنێرێ. دیارە نابێ لەم ڕستانە وا تێبگەین کە ڕۆشنگەری بانگهێشتێکە بۆ خۆشەویستی مەسیحییانە، پرۆژەیەکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی، چونکە هیچکات ڕۆشنگەری پرۆژەیەکی دەست سپی نەبووە کە ویستبێتی «عەشق» بکاتە جەوهەری سەیرکردنی خۆی، بەڵکو پرۆژەیەک بووە کە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی نزیکی بە شۆڕشکردنەوە هەبووە: ڕۆشنگەری چیبوو جگە لەو پرۆژە مەزنەی لە لوتکەی کاریگەرەکانیدا شۆڕشی فەرەنسی بەرهەمهێنا... مژدە و دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسی ئەو مژدە و دروشمانە بوون کە ڕۆشنگەران لەپێناوی گشتیکردنیدا، تێدەکۆشان. بەڵام دەشێ لێرەدا بپرسین: مەبەستمان چییە کە دەڵێین ڕۆشنگەری و شۆڕش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە؟ ئایا ئەمە بەمانای ئەوە دێت شۆڕش پرۆسەیەکە لە پرۆسەکانی ڕووناککردنەوەی دنیا، لەکاتێکدا کە هەموو شۆڕشێک هاوکاتی زەبروزەنگ و توندوتیژییەکی بێوێنەیە؟ یان زەبروزەنگ شتێکی زیادەیە و بەهۆی هێزی جیاواز لە ڕۆشنگەری، تێکەڵ بە دەرئەنجامەکانی ڕۆشنگەری بووە؟ بێگومان هەموو وڵامێکی ئەم پرسیارانە بەپێی تێڕوانینمان بۆ ڕۆشنگەری دەگۆڕێت: ئەگەر ڕۆشنگەری وەک ڕووداوێکی مێژوویی تەماشابکەین کە لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوویدا و کۆمەڵێ دەرئەنجامی مێژوویی و سیاسی لێکەوتەوە، ئەوا ناتوانین ڕۆشنگەری لە زەبروزەنگ جیابکەینەوە. مێژوی دوای ڕۆشنگەری، مێژوی زەبروزەنگێکی بێوێنە و توندوتیژییەکی بەرفراوانە. بەڵام ئەگەر ڕۆشنگەری وەک ئەگەرێک تەماشابکەین کە دەیتوانی لەبری زەبروزەنگ، ئاسودەیی بهێنێ، ئەوا لایەنیکەم دەتوانین باس لە لادانێک بکەین کەنەک ڕۆشنگەری، بەڵکو هێزەکانی دی لێیبەرپرسیارن. بەڵام هەرکام لەم تێڕوانینانە هەڵبژێرین یەکشت بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆشنگەری بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە شۆڕشەوە هەیە. خۆگەر ئەم پەیوەندییە لە ئاستی زەبروزەنگدا نەبێ، ئەوا لە ئاستی ماناکانی ئەم دوو پرۆژەیەدایە. بۆئەوەی وردتریش

قسەبکەین با سەرەتا هەندێک لە خەسڵەتە گشتییەکانی شۆڕش بهێنینەوە.

یەکێک لەخەسڵەتەکانی شۆڕش ئەوەیە لەسەرەتاکانیدا ئامانجی ڕوناککردنەوەی دنیا نییە، بەڵکو بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕوناکییانەیە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە ساتێک لە ساتەکاندا لافی خاوەنداریێتی لێدەدا. شۆڕش لە سەرەتادا تێکۆشان نییە بۆ چەسپاندنی بەهایەک، بەڵکو تێکۆشانە بۆ ڕیسواکردنی ئەو بەهایانەی کۆمەڵگایەکی کۆیلەیان دروستکردووە. شۆڕشگێر کەسێکە بە جیهان دەڵێت: بەهاکانی تۆ درۆزنن، نرخەکانت گومڕاکەرن و هەقیقەتەکانت دەمامکن. بوونی ئەو وەک شۆڕشگێڕێک پەردە لەسەر بووونی جیهانێک لادەدات کە چیدی شایستەی ژیانی مرڤەکان نییە، واتە بوونی ئەو ڕخنەگر و ڕیسواکەری ئەو نرخ و بەهایانەیە کە لەساتەوەختێکی دیارکراودا باڵادەستیان بەسەر کۆمەڵگایەکدا هەیە. ڕاستە شۆڕشگێڕان لافی بەرگریکردن لە بەهای ئازادی لێدەدەن، بەڵام ئازادی هەمیشە لە پرۆژەی شۆڕشدا وتەزایەکی وێڵ و تەمومژاوییە. واتە شۆڕش هەڵگری بەهای ئازادییە وەک بەهایەکی ئەبستراکت، بێئەوی ئەم بەهایە هیچ مانایەکی ڕۆشنی لە زیهنی شۆڕشگێڕاندا هەبێت (نموونەی ئەو شۆڕشگێڕانەش زۆرن کەکاتێ دێنە سەر حوکمکردن مانایەکی تازە و هەندێکجاریش کوشەندەتر لە کۆیلەیەتی دەچەسپێنن). دەمەوێ بڵێم شۆڕش و شۆڕشگێڕان بەبەهاکانیاندا ناناسرێنەوە، بەڵکو پتر بەو هەڵوێستە ڕادیکالانەیان دەناسرێنەوە کە لەبەرابەر بەهاکانی ناو کۆمەڵگایەک وەریدەگرن. بەمانایەکی دی هەمیشە شۆڕش و شۆڕشگێڕان دەزانن کە «چیان ناوێت» بەڵام هەمیشە نازانن کە «چیان دەوێت». واتە شۆڕش پرۆسەیەکە پتر ماناکانی خۆی لە نەفیکردنەوە دەهێنێت. شۆڕش لوتکەی نەء وتنێکی ڕادیکالانەیە کە مرۆڤەکان بە بەها و نرخەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەدەن. (کانت) لە وتارێکدا بەناوی «شۆڕش چییە» جەخت لەوە دەکات کە گرنگ لەشۆڕشێکدا ڕوودانی خودی شۆڕش و سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی نییە، وەک چۆن گرنگ ئەو کوشتار و وێرانییەش نییە کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، بەڵکو گرنگ ئەو گۆڕانکارییەیە کە بەسەر دید و تێڕوانینی ئەو کەسانەدا دێت کە تەماشاکەری شۆڕشن و ڕاستەوخۆ بەشدارییان تیانەکردووە... ئەو هەزاران کەسەی تەنها تەماشاکەر و سەیرکەری شۆڕشن، بەڵام لە ئەنجامی شۆڕشدا بێئەوەی بزانن دید و تێڕوانینیان بۆ جیهان دەگۆڕێت (١). واتە بەپێی تێڕوانینی کانت ئەوەی لە شۆڕشدا گرنگە دروشم و بەهاکانی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر هوشیاری مرۆڤەکاندا دێت. ئالێرەدایە شۆڕش و ڕۆشنگەری بەیەکدەگەن. چونکە گەر ئەوە قبوڵبکەین کە شۆڕش پرۆسەی نەء وتنێکی ڕادیکالانەیە، ئەوا نەء وتنێکی لەم چەشنە ناتوانێت ڕووبدات بەبێ وتەزای هوشیاری. چونکە نەء وتنێک نییە بەبێ ئەو بونەوەرە هوشیارەی دەتوانێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەهاکان ئەنجامبدات. بێگومان نابێت لەم ڕستانە واتێبگەین کە دەمانەوێت هەلومەرجە بابەتی و مادییەکانی شۆڕش بسڕینەوە، چونکە گومانی تیا نییە هیچ شۆڕشێک لە دنیادا نییە بێئەوەی لە پشتییەوە واقعێکی مادی پڕ لە چەوساندنەوە هەبێت، بەڵکو ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بیدرکێنین تەنها ئەوەیە کە تەنانەت چەوساوەکانیش پێوستیان بە بڕێکی هەرچەند بچوکی هوشیاری هەیە، لایەنیکەم بۆ ئەوەی هەست بە چەوساندنەوەی خۆیان بکەن. چەند زۆر و بێشوماریشن ئەو مرۆڤە دیلانەی بە خوشنودی لە جیهانێکدا دەژین کە تا سەر ئێسقان لە هەموو مانایەکی مرۆڤانە ڕووتبۆتەوە؛ چەند زۆر و بێشومارن ئەو مرۆڤە سڕاوانەی ئامادەن نەک لەپێناوی ڕوناکیدا، بەڵکو لە پێناوی تاریکیدا، هەزاران مرۆڤ زیندەبەچاڵبکەن. ئەزمونی نازیزم و فاشیزمیش ( لەم ئاڕاستەیەدا ) دوو ئەزمونن کە نابێت هەرگیز لەبیرمان بچنەوە: چیرۆکی بەردەوامی ژیانی ئیمپراتۆرە چەوسێنەرەکان، دەسەڵاتداری دیکتاتۆرە ڕەهاکان، زیندانە گەورەکانی باوەڕ، چیرۆکێکە تەنها لەناو تاریکی هوشیاری هەزاران مرۆڤدا و بەیاریدەی ئەو هوشیارییە تاریکە دەتوانێت بژی و بەردەوامبێت. لێرەوە ئەوەی دەبێت بەوردی بخرێتە ژێر سەرنجەوە بەرلە هەلومەرجی بابەتی و پێوانەکانی هێز، ئەو بەهرە مرۆییەیە کە پێیدەگوترێت «هوشیاری». لێرەشدایە ئیدی باسکردنی ڕۆشنگەری وەک ئەرکێکی گرنگ و پێویست لەبەردەم هەموو شۆڕشێکدا ڕادەوەستێ. چونکە دروشمی هەرە سەرەکی و تێژی هەرەکاریگەری ڕۆشنگەری چیبوو جگەلە بانگهێشتکردنی مرۆڤەکان بۆ «خودهوشیاری»... بانگهێشتکردنێک کە لەو

کاتەوە تا ئێستا بۆتە هۆی گرنگترین و گەورەترین وتووێژی فکری و فەلسەفی.

ئاشکرایە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕۆین، سێ سەدە لەو ڕووداوە فکرییە دورکەوینەوە کە لە مێژوی فەلسەفەدا بە سەردەمی ڕۆشنگەری ناسراوە. ڕووداوێکی فکری ئەوەندە مەزن کە دەتوانین بێسڵکردنەوە بڵێین مێژوی فکر لەو کاتەوە تا ئێستا بەشێوەیەک لەشێوەکان کاردانەوە بووە لەبەرامبەر ئەو فەزا فکرییەی ڕۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا هێنای. بۆ دەرخستنی کاریگەری ڕۆشنگەری ئەوەندە بەسە بڵێین کە بەناوبانگترین قوتابخانە فکرییەکانی سەدەی بیستەم لە «قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە» بگرە هەتا بونیادگەران و فەیلەسوفانی «پۆست مۆدێرنیزم» ناچاربوون لە زوربەی تێزەکانیاندا وتووێژ لەگەڵ ڕۆشنگەریدا بکەن. ئەمەش خۆی بێهودە نییە، چونکە هەموو وتەزاکانی وەک «عەقڵ»، «زانستیبوون»، «کومەڵگای مەدەنی»، «سێکولاریزم» و سەرجەم ئەو وتەزا هاوچەرخانەی لە ئاسۆی ئەمڕۆدا بە چڕی بەکاردەهێنرێن، لە دەستکەوتەکانی پرۆژەی ڕۆشنگەری بوون. نەک بەو مانایەی بڵێین ئەم وتەزایانە بەرلە ڕۆشنگەری ئامادەگییان لە فکری فەلسەفیدا نەبووە، بەڵکو بەو مانایەی ڕۆشنگەری مانایەکی یەکسەر تازەی لەو وتەزایانە ئامادەکرد کە هەر ئەو مانایانەش بوونە مانای باڵادەست لە مێژوی هاوچەرخدا. کەوابوو ڕۆشنگەری چییە؟

کانت لە وتارێکدا هەر بەو ناوەوە بەمشێوەیە باس لە ڕۆشنگەری دەکات: «ڕۆشنگەری دەرچونی مرۆڤە لەو حاڵەتی منالّیی و دەستەوەستانییەی کە هەر خۆی بەرپرسیاری مانەوەو بەردەوامییەتی... منالّی ئەو بارودۆخەیە کە مرۆڤ ناتوانێت هزری خۆی لە دەرەوەی ڕێبەرایەتی کەسانی دیکە بخاتەکار... مرۆڤی منال بەرپرسیارە لە منالّیتی خۆی، چونکە هۆی ئەم منالّیتییە ناگەڕێتەوە بۆ ونبوونی هزر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دەستەوەستانی لەبڕیارداندا و ترسنۆکی لە بەگەڕخستنی ئەو بڕیارانەدا بەبێ ڕابەرایەتی کەسانی دی« (٢) بەڕاستیش یەکێک لە هێڵە سەرەکییەکانی پرۆژەی ڕۆشنگەری هاندان و بانگهێشتکردنی مرۆڤ بوو بۆ هوشیاربوون، هوشیاربوونێک کە چیدی لەهیچییەک لەو کۆتوبەندانە سڵنەکاتەوە کەدینی مەسیحی بەناوی ئاسمانەوە چەسپاندبووی. لە بنەڕەتدا ڕۆشنگەری کاردانەوەیەکی توند بوو لەبەرامبەر دینی مەسیحیدا. هیگڵ لەو بەشەی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا کە بۆ باسکردنی ڕۆشنگەری تەرخانکراوە دەڵێت: «بابەتی سەرەکی سەردەمی ڕۆشنگەری هەمان ململانێی توندوتیژە لەگەڵ دیندا« (٣). ڕۆشنگەری ئەو پرۆژەیە بوو کە بەناوی عەقڵی مرۆڤەوە دژی هەموو ئەو ئەفسانە و خورافات و باوەڕە دینییانە ڕاوەستا کە بووبوون بە بەربەستێ لەبەردەم تێگەیشتنی دنیادا. ڕۆشنگەری کە پشتئەستور بوو بەو کەشفە فیزیکییانەی نیوتن لە کتێبی «بنەماکاندا» بەدەستیهێنابوو، لەبەرامبەر ئیفلیجی تەفسیری دینی مەسیحیدا ڕاوەستا. ئەوسەردەمە، سەردەمی پاشەکشێی تەفسیری دینی بوو لەبەردەم تەفسیری مرۆڤەکاندا. دینی مەسیحی کە لە کەنیسەی کاسۆلیکدا چڕبووبۆوە، لەمێژبوو عەقڵی لەدنیا تۆراندبوو. کەنیسە عەقڵی تەنها وەک ئامێرێک بۆ لێکۆڵینەوەی لاهوتی تەماشادەکرد. ڕاستە هەندێک لە فەیلەسوفە مەسیحییەکان بڕوایەکی پتەویان بەعەقڵ هەبوو، بەڵام عەقڵێک کە دواجار دەبێ بە ئیمان بگات. ئۆگستینی قەدیس دەیگوت: «هەرگیز ملکەچیمان بۆ ئیمان بەو مانایە نییە لەڕێی عەقڵەوە هۆکانی ئیمان نەدۆزینەوە... چونکە گەر عەقڵ نەبێت شتێک نابێت ناوی ئیمان بێت» (٤). هەر لەم ئاڕاستەیەدا تۆمای ئاکوینی بڕوای وابوو عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بەهەموو ڕاستییەکان بگات، هەر لەبەرئەمەش پێویستی بە «وەحی» هەیە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بەتەواوی بزانێت (٥). بەکورتی دینی مەسیحی عەقڵی لە خەمە سەرەکییەکانی ژیان دوورخستبۆوە و بە ئیمان گەمارۆی دابوو؛ عەقڵ تا ئەو دەمە عەقڵ بوو کە بە ئیمان دەگەیشت. بەڵام ڕۆشنگەری بەتوندی دژی ئەم تێڕوانینە ڕاوەستا. لوسیان گۆڵدمان لەوکتێبەدا کە بۆ ڕۆشنگەری تەرخانکردوە، دەڵێ:بێگومان ڕۆشنگەرانیش بڕوایان بەوە هەبوو کە عەقڵ سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە و ناتوانێ هەموو سنوورەکان ببەزێنێ و لەم خاڵەشدا چ جیاوازییەکیان لەگەڵ کەنیسەدا نەبوو، بەڵام لەوەدا لە کەنیسە جیادەبوونەوە کە بڕوایان بەوە هەبوو عەقڵ دەتوانێ بەگەلێک دەرئەنجامی گرنگ لە بوارەکانی ژیاندا بگات کە بۆ ژیانی مرۆڤ یەکجار گرنگ و پێویستە و دوورونزیکیش پێویستی بەسەلماندنی دینی نییە (٦). واتە یەکێک لە کارە

هەرە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنگەری بریتیبوو لە گێڕانەوەی نرخ و بەهاکان بۆ عەقڵی مرۆڤ. باسکال دەیگوت: «دەتوانم مەزەنەی مرۆڤێک بکەم دەست و قاچ و سەری نەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانم مەزەنەی مرۆڤێک بکەم عەقڵی نەبێت»... «هەموو گەورەیی مرۆڤ بریتییە لە عەقڵ، عەقڵ و هیچیدی» (٧). بەکورتی بڕواهێنان و پیرۆزکردنی عەقڵی مرۆڤ بوو بە یەکێک لە هەرە تێزە جەوهەرییەکانی ڕۆشنگەری. لە یەکێک لە وتارەکانی ئەنسکلۆپیدیادا هاتووە «عەقڵ لای فەیلەسوفان وەک فەیز وایە لای کەسێکی مەسیحی» (٨). بەڵام گێڕانەوەی متمانە و بڕواهێنان بە عەقڵی مرۆڤ هەروا پرۆسەیەکی ئاسان و بێگوناه نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ دەرئەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. کانت لەو وتارەدا کە لەسەروە باسمانکرد دەڵێ: «ئەوەی لە ڕۆشنگەریدا گرنگە تەنها ئەوە نییە مرۆڤەکان عەقڵی خۆیان لە کۆتوبەندەکان ڕزگاربکەن، بەڵکو ئەوەشە کە بتوانن عەقڵی خۆیان بە ئازادی و بەئاشکرا بەکاربهێنن و بەتەواوی خاوەن مافی بێسنوری ڕاگەیاندنی ئەنجامی بیرکردنەوەکانیان بن.» (٩). ئیدی لێرەشدا ئەو ڕستەیەی ڤۆڵتێر بەناوبانگە کە لە نامەیەکدا بۆ ڕۆسۆی نوسیبوو: «بۆچونەکانی تۆ دژی بۆچونەکانی منن، بەڵام ئامادەم بمرم بۆ ئەوەی تۆ قسەکانت بکەی».

بەکورتی ڕۆشنگەری توانیبووی ئەو پرۆسە مەزنە ئەنجامبدات کە ماکس ڤێبەر لەیەک دەستەواژەدا کۆیکردەوە: «ئەفسانەداماڵین». ئەفسانەداماڵین واتە پاشەکشێ و وەلاوەنانی تەفسیری دینی و ئەفسانە وخورافات لەبەردەم عەقڵی مرۆڤدا . واتە ڕێگاکردنەوە بۆ عەقڵ تاکو دوور لە تێکستە پیرۆزەکان خۆی ژیانی ڕێکبخات و بەڕێوەیبەرێت و یاسارێژیبکات. لێرەوە زۆر لە مێژوونووسانی فەلسەفە بەسەردەمی ڕۆشنگەری دەڵێن «سەردەمی عەقڵ». بەڵام لەڕاستیدا ئەم بڕواهێنانە بە عەقڵ هاوکاتبوو لەگەڵ خۆشبینییەکی ئەفسانەیدا . ڕۆشنگەران کە تازە عەقڵی مرۆڤیان وەک بەهرەیەکی سەربەخۆ دۆزیبۆوە، بڕوایان وابوو هەرچی زیاتر زانین و هەرچی زیاتر عەقلانیبوونی مرۆڤ، کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دادپەروەری و خۆشبەختی دەبات. مرۆڤی عاقڵ کەسێکە ناتوانێت جگە لە خۆشبەختی و ئاسودەی هیچ شتێکیدی بوێت.. دیدرۆ کە یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی ئەنسکلۆپیدیا دەیگوت: «ڕاستە بەرژەوەندی تایبەتی مرۆڤەکان دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگا ، بەڵام عەقڵ لەدواجاردا دەتوانێت بەرژەوەندی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندی تایبەتییەوە» (١٠). دۆلباخ تا ئەو شوێنە ڕۆیشت کە بڵێت: «سەرچاوەی هەموو خراپەکان نەزانین و کوێربوونە... خەڵک خراپە ناکەن ئەو دەمانە نەبێت کە نازانن چاکە چەند سودیان پێدەگەێنێت« (١١). هەر لەم بڕوایەوە یەکێک لە هەوڵەکانی ڕۆشنگەری بریتیبوو لە پەروەردەکدنی عەقڵ و بڵاوکردنەوەی زانین. هلفسیۆس دەیگوت: «مرۆڤ نە چاکە و نە خراپ، بەڵکو ئەو سیفەتانە لەڕێی پەروەردەوە وەردەگرێت» (١٢). بەڕاستیش فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بەمانای تەقلیدی فەیلەسوف، فەیلەسوف نەبوون، بەڵکو ئەو فێرکار و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبانە بوون کە خەمی سەرەکییان بڵاوکردنەوەی ڕۆشنگەری بوو لەناو خەڵکدا .بەڵام کارەکانیان ئەوەندە بە حەماسەت و دڵسۆزییەوە ئەنجامدەدا کە نیتچە دەیگوت شایستەی ناوی فەیلەسوفن». واتە ڕۆشنگەران هاوکاتی متمانەکردن بە عەقڵ، بڕوایەکی تەواویان بە زانست هێنا و بڕوایان وابوو هەموو پێشکەوتنێکی زانست و زانستی لەهەمانکاتدا بریتییە لە پێشکەوتنی عەقڵ و پێشکەوتنی عەقڵیش دەبێتە هۆی بەختەوەری بۆ کۆمەڵگا . خودهوشیاری، زانست، پەروەردەکردن و پەرەسەندن ئەو هێڵە سەرەکییانەن کە ڕۆشنگەران لەگەڵ خۆیاندا هێنایان و بوون بە بنەمای سەرەکی زوربەی ئەو تێزە بەناوبانگانەی لەسەدەی نۆزدە و بیستدا سەریانهەڵدا . تەنانەت مارکسیش کە یەکێک بوو لە گەورەترین ڕەخنەگرانی سەردەمی مۆدێرن، تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ڕۆشنگەریدابوو. بۆ دەرخستنی کاریگەری ڕۆشنگەری لەسەر مارکس هەرئەوەندە بەسە بڵێین ناوی سۆشیالیزمەکەی خۆی بە سۆشیالیزمی زانستی دانا ، بەو تێگەیشتنەی ڕۆشنگەرییەوە کە زانست هەمیشە مانایەکی پۆزەتیڤی هەیە و دەلالەت لە هەقیقەتێکی نەگۆڕ دەکات... هەرئەوەندە بەسە بڵێین ئەویش لە کاتێکدا هەموو هەلومەرجەکانی گۆڕانکاری ژماردبوو، چاوەڕێ و پێشبینی ئەو گۆڕانکارییانەی دەکرد کە ئیدی مێژوی مرۆڤی لە کۆیلەیەتی ڕزگاردەکرد.

برۆنۆ باوەر لەو سەردەمەدا دەیگوت: «مێژوو تائێستا هیچ هەقیقەتێکی نەخوڵقاندبوو کە بە ئاگری ڕەخنە نەسوتێت، بەڵام گەورەترین هەقیقەتەکان کە ئێستا لەڕێی ڕەخنەوە خوڵقاوە، وەک: مرۆڤ، ئازادی، خودهوشیاری، ئیدی ناتوانین ڕەخنەیان ئاراستەبکەین« (١٤). بەڵام ئایا بەڕاستی مرۆڤ و خودهوشیاری ئەو وتەزایانەن کە ئیدی ناتوانین ڕەخنەیان ئاراستە بکەین و بوون بە بەڵگەنەویستێک کە کەس ناتوانێت نەیسەلمێنێ؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەش لە ڕەخنەکانی ئەو بیریارە وردبینانەدا نەدۆزینەوە کە بەر لەهەر شتێک ڕەخنەیان ئاراستەی ئەم وتەزایانەی ڕۆشنگەری کرد، ئەوا دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە لە ڕووداوە مێژوییەکانی دوای ڕۆشنگەریدا بدۆزینەوە: کۆلۆنیالیکردنی دەیان وڵاتی دی و کوشتاری هەزاران مرۆڤی بێگوناە و لە هەموو ئەمانەش ترسناکتر ڕوودانی دوو جەنگی جیهانی گەورە کە هەزاران مرۆڤی کردە خۆراکی خۆی، هەموو ئەمانە بەسبووبوون بۆ ئەوەی دەرگای ڕەخنە لە هەموو ئەو تێزانە بکەنەوە کە سەردەمی ڕۆشنگەری بە دنیایەک خۆشبینی و حەماسەتەوە هێنابوویە ئاراوە. ئەو مرۆڤە عاقڵەی بڕیاربوو بە فراوانبوونی زانینی زیاتر لە ئازادی و دادپەروەری نزیکبێتەوە، لە یەکێک لە مژدەکانی لەدایکبوونیدا و لە ڕۆژێکدا کە ئیدی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە یەکەم بۆمبی ئەتۆمی بە هیرۆشیمادا کێشا... ئەو زانستەی بڕیاربوو بەشداریبکات لە زیاتر خۆشنودکردن و بەختیارکردنی مرۆڤەکاندا، ئەو فڕۆکە جەنگییانەی بەرهەمهێنا کە لەچەند کاژێرێکدا دەتوانن دوردەستترین سەرزەمین لە خوێن و لاشەی مرۆڤدا غەرقبکەن وە درێژە چیرۆکی ئەو کوشتار و تاوانە ترسناکانەی لەسەدەی هەژدەوە دەستیپێکردوە و تا ئێستا بەردەوامە و هیچ جێگەیەکی دنیای لێ بێبەش نییە. بەڵام ئایا لە نێوان ئەو هەموو کارەساتە و ئەو متمانە ئەفسانەییە بە عەقڵ، پەیوەندییەک نییە؟ ئایا ڕۆشنگەران بە ستایشکردنی بێ قەید و شەرتی عەقڵ ڕێگەیان نەکردەوە بۆ ئەوەی گەورەترین تاوانەکان لەژێر دەمامکی عەقڵدا بشارێتەوە؟ ئایا ئەو ڕێخۆشکردنەی ڕۆشنگەری بۆ زانستی هەمواركرد، دەستی نییە لەم تاوانانەدا؟

دوو گەورەترین بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت واتە هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ، بڕوایان وایە دادگاییکردنی هەلومەرجی کارەساتاوی سەردەمی تازە لە دادگاییکردنی ئەو چەمکەی عەقڵ جیانابێتەوە کە ڕۆشنگەری بەرهەمیهێنا. هۆرکهایمەر دەڵێت: «گەر بمانەوێت بڵێین دەمانەوێت بە ڕۆشنگەری و پێشکەوتنی کولتووری مرۆڤ ڕزگاربکەین لە بڕوای خورافی بە هێزە شەڕانگێزەکان و بە شەیتانەکان و بە چیرۆکە نائاساییەکان و بە چارەنوسی کوێر، واتە بەکورتی ڕزگارکردنی لە هەموو ترسێک، ئەوا ئەمە پێویستی بە ئیدانەکردنی ئەو شتە هەیە کە بەکۆی دەنگ ناوینراوە عەقڵ... ئەمەش خۆی گەورەترین خزمەتە کە عەقڵ دەتوانێ پێشکەشیبکات». (١٥) کتێبی دیالەکتیکی ڕۆشنگەری کە گرنگترین و بەناوبانگترین نووسینی هەردوو بیریارە، تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیدانەکردنە، واتە بۆ ڕەخنەگرتن لەو چەمکەی عەقڵ کە ڕۆشنگەری بەرهەمیهێنا. بەڵام دەبێ لێرەدا بڵێین کە «ناونیشانی ڕۆشنگەری لە ناوی کتێبەکەدا تەنها بەمانای بزوتنەوە بەناوبانگە زانستی و فەلسەفییەکەی سەدەی هەژدەی ئەوروپا نییە، بەڵکو مانایاکی هەمەکی [ کلی] تری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵباوەڕی ڕۆژئاوای لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی ئێستا» (١٦).

بەبڕوای هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ ئەگەرچی ڕۆشنگەری هەوڵیدابوو یان «بانگەشەی ئەوەی دەکرد مرۆڤی لە کۆیلەیەتی ترس و ئەفسانەکان ڕزگارکردوە و عەقڵی وەک ئامێرێکی چارەنوسساز هێناوەتە ناو مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان و پەیوەندییەکان و سروشت و مێژودا، بەڵام دواجار خۆشی تەسلیمی کۆمەڵێ ئەفسانەی تازە بوو» (١٧). هەردوو بیریار بڕوایان وابوو ئەوەی لە سەردەمی تازەدا بانگەشەی بۆکرا و باڵادەستکرا، جۆرێکی دیاریکراوی عەقڵە کە چیدی ڕەخنەگرانە نییە و پەیوەندییەکی قوڵی بە دەسەڵاتی باوەوە هەیە. واتە عەقڵێکە لەبری ئەوەی خاڵی دەرچونی ئازادی و ڕزگاری مرۆڤەکان بێت، خەمی سەرەکی هەرچی زیاتر دەسەڵاتگرتنە بەسەر سروشت و مرۆڤدا. بەبڕوای هەردوو بیریار «سروشت بۆ ڕۆشنگەران کۆمەڵێ بابەت بوو کە مرۆڤ گۆڕانکاری تیادەکات» واتە «چیدی سروشت خودێکی زیندوو نییە و ناتوانرێ هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێوەبکرێ، تاکە پەیوەندییەک کەبکرێ پێوەی ببەسترێ دەسەڵاتگرتنە بەسەریدا. واتە سودوەرگرتن لەسروشت

خۆی بۆ دروستکردنی ئەو ئامێرانەی کە باشتر بەکەڵکی کۆنترۆڵکردنی دێن. بەڵام شێوەی تازەی کۆیلەیەتی مرۆڤ هەرلێرەوە دروستدەبێ. بۆ ڕزگاربوون لەسروشت، مرۆڤ تەسلیمی ئەو پەیوەندییە دەرەکییانە دەبێت کە هیچ ڕێگەی دەربازبوون لێیان نییە.» (١٨). لێرەوە هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لە دیالەکتیکی ڕۆشنگەریدا نوسیبوویان «ڕێگەی پێشکەوتنی بێبەربەست، گەڕانەوە بۆ دواوەیەکی بێبەربەستە» (١٩). مرۆڤ چەند دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا زیادیکرد، هێندەش زیاتر مرۆڤەکانی کۆنترۆڵکرد. ئادۆرنۆ دەیگوت «مێژوو پێشکەوتن نییە لە بەربەرییەتەوە بەرەو ئازادی، بەڵکو لە تیروکەوانەوە بۆ بۆمبای میگاتۆمی». ڕۆشنگەری کە لەپاش بالادەستی عەقلانییەتەوە مژدەی ئازادی و خۆشبەختی بە مرۆڤ دەدا، جیهانی لەشێوەیەکی تازەی کۆیلەیەتیدا غەرقکرد. عەقڵ و زانست بوون بە بەهانە بەدەستی کائنی سپییەوە بۆئەوەی بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری ئەو مرۆڤ و کولتوورانە بدات کە شێوازی ژیانی ئەویان نەبوو یان قبوڵیاندەکرد. ئادۆرنۆ لە دیالەکتیکی نێگەتیفدا نوسیبوی «وەک چۆن مرۆڤی ڕۆژئاوای لەپاش ئۆردوگاکانەوە ئازادە، بەڵام ئۆردوگاکان لەنێوان ئەو خەڵکە نائازادەدا کەئەم مرۆڤە ئازادە ناوی «ناشارستانییان» لێدەنێ، بەردەوامبووە و ئەویش (واتە مرۆڤی ڕۆژئاوایی) چاودێریدەکات و تێگەیشتنی خۆی بۆ ئازادی هاوڕێ لەگەڵ ئوردوگاکاندا بۆ ڕەوانەکردون» (٢٠). ڕۆشنگەری لەوکاتەدا کەستایشی عەقڵی دەکرد و دەیخستە سەرو ڕەخنەوە، مرۆڤی زیاتر ئامادەدەکرد بۆئەوەی بەناوی عەقڵ و لەپێناوی عەقڵدا قوربانی بدات. بەڕاستیش لەپشت هەر چیرۆکی سەرکەوتنێکی ڕۆشنگەرییەوە، چیرۆکی شارەوەی هەزاران قوربانی هەیە. ڕۆشنگەری تێگەیشتنێکی بۆعەقڵ هێنایە ئاراوە کە ناتوانێ بێ داواکردنی قوربانیکردن و قوربانیدان هیچ ئاسۆیەک بپشکنێ. هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لە دیالەکتیکی ڕۆشنگەریدا نووسیبویان مێژووی شارستانێتی مێژووی «دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر خۆیدا» و «مێژوی نکوڵیکردنە لەخود» (٢٢). مرۆڤی مۆدێرن لەپێناوی سالاری خۆیدا قوربانیدا، بەڵام دواجار تاکە دەرئەنجامێک کە بەدەستیهێنا تەحەمولکردنی ژیانی ڕۆژانە بوو. بەڵام تەحەمولکردنی ئەم ژیانە بێ قوربانیدانی زیاتر، واتە بێ چاوپۆشین لە غەریزە و شادی و لەزەتەکان، مومکین نییە (٢٣) واتە قوربانیدان و قوربانیکردن بەشێکی سەرەکی پرۆژەی ڕۆشنگەری پێکدەهێنن. هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ نمونەی ڕەفتاری سەردەمی مۆدێرن دەهێننەوە لەگەڵ یەهودیەکاندا... ئەو توێژەی یەکێکبوون لە گەورەترین قوربانییەکانی سەردەمی تازە. پاش هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆش و نزیکتر لە ئێمە فەیلەسوفێک بەناوی میشل فۆکۆوە باس لە قوربانییەکی دی دەکات کە ئەویش «شێتەکانن». بەڵام بەرلەوەی باسی فۆکۆ بکەین دەبێ ئەوە بڵێین کە ڕەخنەی ئەم بیریارانە لە چەمکی «عەقڵ» لە بێباوەڕییانەوە بە عەقڵ نایەت و مەبەستیشیان لەم ڕەخنەیە بانگهێشتکردن نییە بۆ بێعەقڵی، بەڵکو مەبەستیان ڕەخنەگرتنە لەو تێگەیشتنە دیاریکراوەی ڕۆشنگەران بۆ عەقڵیان داتاشی. عەقڵ زۆر زیاتر لەوەی وێنادەکرێت مانای نێگەتیڤانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە گەر بێتو لەسەرەتاوە ئاڕاستە و ئاسۆکانی دیارینەکەین. ئەو «عەقڵە»ی ڕۆشنگەران هێنایانە ئاراوە عەقڵێک بوو سودخواز و ئامێرێک لە ئامێرەکانی هەرچی زیاترکردنی قازانج کە بەدەر لە نرخ و بەهاکان پێشدەکەوێ و پەرەدەسێنێ. عەقڵێکە تەجریدکراو لە ئامانجەکانی و نابەرپرسیار لەبەردەم دەرئەنجەمەکانیدا. جۆرێک لە عەقڵ کە ئادۆرنۆ دەیگوت بەهیچ شێوەیەک عەقڵ نییە، بەڵکو شاردنەوەی ناعەقلانییەتی سەرمایەدارییە (٢٤). بەبڕوای هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ ڕۆشنگەران تێگەیشتنێکیان بۆ عەقڵ بەرهەمهێنا کە تەنها بیر لە بەرژەوەندی و سودوەرگرتن دەکاتەوە، بەشێوەیەک کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ سیستەمی بالادەستدا. واتە ئەم تێگەیشتنە هەر لەسەرەتاوە لە هەوڵی سنوردارکردنی پرۆسەی ڕەخنەدا بووە بەشێوەیەک کە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی جیاواز و ناتەبا بەناوی ناعەقلانییەتەوە پەراوێز دەکا. هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لە دیالەکتیکی ڕۆشنگەریدا دەڵێن «لە دیدی ڕۆشنگەرییەوە هەر شتێک کە لەگەڵ ڕێسا و یاسای ژماردن و سودمەندیدا نەگونجێ بە شتێکی گومانلێکراو دادەنرێ» (٢٥). تەنها ئەو شتانەی دەژمێرێن و سودیان هەیە بە عەقلانی دادەنرێن و بەمشێوەیەش «عەقڵ دەوری خۆی وەک هۆکارێکی ناسین لەدەستدەدا و دەبێت بە ئامێرێکی گۆڕانکاری ڕووت کە ملکەچی ئەو شتانەیە کە سیستەم و

هەلومەرجی هاوسەنگی داوایدەکات» (٢٦). لێرەوە لە دیالەکتیکی ڕۆشنگەریدا دەخوێنینەوە «تاکەکانی مرۆڤ لەپێناوی زیاترکردنی دەسەڵاتی خۆیاندا شتێکیان لەدەستداوە: نامۆبوون لەو شتەی کە دەسەڵاتی خۆیانی بەسەردا تاقیدەکەنەوە. ڕەفتاری ڕۆشنگەری لەگەڵ شتەکاندا وەک ڕەفتاری دیکتاتۆرەکان وایە لەگەڵ تاکەکەسەکاندا، ئەوان تائەو جێگەیە دەناسێ کە دەتوانێ سودیان لێوەربگرێ» (٢٧). هێربەرت مارکوزەیش دەیگوت «ئەم عەقڵە هیچ نییە جگە لە عەقڵێکی تەکنیکی کە مرۆڤ و مادەکان بەکاردەهێنێ، چونکە یاسا بنەڕتییەکانی زۆرترین سود یان بە زمانی سەرمایەداری «باڵاترین قازانجە» کەئەمەش خۆی هیچ نییە «جگە لەزۆرترین دەسەڵات» (٢٨). بەڕاستیش چەند ڕووداوی ترسناک بەهۆی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لەعەقڵەوە ڕەوایەتییان پێبەخشراوە... جۆرێک لەعەقڵ کە بۆ تێگەیشتن لەڕووداوێک تەنها لەئاستی هۆ و هۆکارەکانیدا ڕادەوەستێ و بەلۆژیکێکی ماتماتیکانەی ڕووت و بەدەر لەهەر نرخ و بەهایەک بڕیاری عەقڵانی یان ناعەقڵانی بەسەردا دەدات. هەر ئەمجۆرە عەقڵەشە کە دواجار بڕیاری کێشانی بۆمبی ئەتۆمی بەهیرۆشیمادا لەپێناوی کۆتایهێنان بەجەنگدا بەبڕیارێکی عەقڵانی دادەنێ ( ڕەنگە ژیانی سیاسی کوردستانیش پڕ بێت لەو هەنگاوە دزێو و ناشرین و خیانەتاوییانەی بەهۆی ئەمجۆرە لەعەقڵەوە ڕەوایەتییان پێدەدرێ. شەرعییەتدان بەو ڕووداو هەنگاوانەی بەهیچ شێوەیەک شایەنی پوزشهێنانەوە و چاوپۆشین نین، تەنها لەڕۆشنبیرییەکدا ڕوودەدات کە عەقڵ وەک ئامێرێک بۆتێگەیشتن لەهۆ و هۆکارەکان بەکاردەهێنێ بەبێ ئەوەی نرخ و بەهاکان لەبەرچاو بگرێت). بەڵام بەرلەوەی لەم قسانەدا زۆرتر ڕۆچین، دەبێ بپرسین ئایا ڕۆشنگەران بەرپرسی یەکەمن لەدامەزراندنی ئەم چەمکەی عەقڵدا؟ ئایا لە تێگەیشتنی ڕۆشنگەراندا خاڵێکی پێشکەوتوخوازانە و ڕەخنەگرانە نەبوو؟ ئایا ئەو عەقڵەی پرۆسەی زانین کورتئەکاتەوە بۆ ناسینی هۆ و هۆکارەکان و ڕەچاوی نرخ و بەهاکان ناکات، خوڵقاوی ڕۆشنگەرانە؟ یان لە تێگەیشتنی ئەواندا خاڵێکی پۆزەتیف هەبوو کە دواجار فەرامۆشکرا؟ یەکێک لە بەناوبانگترین فەیلەسوفانی هاوچەرخ کە هێشتا ئومێدی بە ڕۆشنگەری لەدەستنەداوە، بڕوای وایە ئەو عەقڵەی دواجار کورتکرایەوە بۆ ئەو شتەی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ ناوی عەقڵئامێریان لێنا، دروستکراوی ڕۆشنگەران نییە، بەڵکو دروستکراوی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دیاریکراوە کە ئەویش سەرمایەدارییە. ئەم فەیلەسوفە (یورگن هابەرماس)ـە. «هابەرماس بەپێچەوانەی زوربەی ڕەخنەگرانی کۆمەڵگای مودێرنەوە و بەپەیڕەویکردن لەعەقڵی ڕۆشنگەری، گەشەکردنی زانست و تەکنەلۆژیا بەشتێکی پێویست دەزانێ بۆ ڕزگاربونی مرۆڤایەتی. هابەرماس کەموکوڕییەکانی کۆمەلگای مۆدێرن دەگەڕێنێتەوە بۆ شکڵی سەرمایەدارانەی پرۆسەی مۆدێرنەکردن، نەک بۆخودی پرۆسەکە» (٢٩). هابەرماس لە کتێبی «گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە» دا دەڵێت «کتێبی دیالەکتیکی ڕۆشنگەری بە ویژدانەوە تەماشای ناوەڕۆکی عەقڵانی تازەگەری کولتووری ( الحداثة الثقافية) ناکات کە بەها بورجوازیەکان ناسیان و لەهەمانکاتدا کردیان بەئامێرێک« »٣٠». بەبڕوای ئەو بەرپرسیاری سەرەکی نەهامەتییەکانی مۆدێرنە خودی کولتووری تازەگەری نییە، بەڵکو ئەو سیستەمە ئابوری و کۆمەڵایەتییەیە کە سەرمایەداری ناوە. ئەو لە وتاری «مۆدێرنە: پرۆژەیەکی ناتەواو»دا دەڵێ هەڵەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە دەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی «ئەو هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایتیانە ئاشکراناکەن کە پەیوەندی بە گۆڕانی سەیرکردنەوە هەیە بۆ کار، مەسرەف، سەرکەوتویی و دەستکەوتەکان و بەتاڵی» و هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و فەردیەکان دەگەڕێنەوە بۆ کولتوور (٣١). بەبڕوای هابەرماس ناکرێ هەموو لایەنەکانی مۆدێرنە بەیەکچاو تەماشا بکرێن و لایەنە ئازادیخوازەکانی لەگەڵ لایەنە سەرکوتکردنەکانیدا تێکەڵبکرێ. هەموو شێوەکانی ژیانی مۆدێرنە سەرکوتکەر و دژ بە ئازادی کارناکەن، بەڵکو هەندێک لایەنی ئازادیخوازیشی هەیە کەنابێ فەرامۆشیبکەین. پرۆژەی مۆدێرنە کەلە تێڕوانینی هابەرماسدا یەکسانە بە پرۆژەی ڕۆشنگەری «٣٢» چەند لایەنێکی جیاوازی هەیە و کورتناکرێنەوە بۆ تەنها لایەنێک. هەڵەی ئەو ڕەخنەگرانەش کە ڕەخنە لە پرۆژەی مۆدێرنە دەگرن (و هابەرماس ناوی کۆنە پارێزانی نوێیان لێدەنێ) «تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی هەستیاری (حساسیەت) بەرامبەر

بە ناوەڕۆکی «دولایەنەی (المزدوج)» تازەگەری کولتووری و کۆمەڵایەتی» (٣٣). دیارە هابەرماس بڕوای بەوە هەیە کە ناتوانین بەبێ قەیدوشەرت تەسلیمی ئەو تێگەیشتنە بۆ عەقڵ ببین کەڕۆشنگەری بەرهەمیهێنا، بەڵام پێیوایە نابێ ئەمە بەمانای ئەوە بێت خودی چەمکی عەقڵانییەت ڕەدکەینەوە. لێرەوە پرۆژەی ئەو ڕەدکردنەوەی عەقڵانییەت نییە بەڵکو پیاچونەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەپێناوی بیناکردنەوەی جۆرێک لە عەقڵانییەت کە لەگەڵ دروشمە سەرەکیەکانی ڕۆشنگەریدا بگونجێ. چونکە بەبڕوای هابەرماس بەکارهێنانی عەقڵ لەلایەن فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریەوە هاوکاتبوو لەگەڵ بیرۆکەی ئازادیدا و هەرئەم پەیوەندیەی نێوان عەقڵ و ئازادیشە کە ڕەگەزی سەرەکی بیرکردنەوەی ڕۆشنگەری پێکهێناوە و هەرئەم پەیوەندیەشە کەتائێستا بایەخی خۆی لەدەستنەداوە (٣٤). لەبنەڕەتدا هابەرماس بەپەیڕەوی لە ماکس فیبەر تازەگەری بەجیاکردنەوەی سێ بوار لەیەکدی پێناسدەکات: بواری زانست، بواری ئەخلاق و بواری هونەر کە هەریەک لەم بوارانەش عەقڵانییەتی تایبەت بەخۆی هەیە «عەقلانییەتی ئیدراکی ـ ئامێری تایبەتە بەبواری زانستی، عەقڵانییەتی ئەخلاقی ـ پراکتیکی تایبەتە بەبواری ئەخلاق و عەقڵانییەتی ستاتیکیش لەبواری هونەردا دەردەکەوێت» (٣٥). هابەرماس کێشەی مۆدێرنە لەوەدا دەبینێت کە عەقڵئامێری بەسەر هەموو جۆرەکانی دی عەقڵانییەتدا زاڵدەبێت و بەدیدێکی بیرۆکراتیانەوە لەسەرجەم بوارەکاندا بەکاردەهێنرێ. «نیگەرانی لە بڵاوبونەوەی عەقڵئامێری و دیدی بیرۆکراتیانە بەناو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەرلەسەرەتاوە یەکێک لە سەرقاڵیە سەرەکیەکانی هابەرماسی پێکهیناوە.» «ئەو لەڕوی کومەڵایەتییەوە مەترسییەکانی بڵاوبونەوەی عەقڵئامێری و دیدی بیرۆکراتیانە لە وەدا دەبینێت کە مەسەلە ئەخلاقی و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا وەک مەسەلەیەکی تەکنیکی بناسێنری و هەڵسەنگێنرێ کە ئەمەش لەدەرئەنجامدا دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو مەسەلانە بچنەدەرەوەی بڕیاردانی دیموکراتیانەو بکەونەدەست پسپۆران و زانایانەوە« (٣٦). لێرەوە لە گوتاری فەلسەفی مۆدێرنەدا دەڵێ: هەموو گێڕانەوەی بایەخێک بۆ چەمکی عەقڵ دەبێ خۆی لەدووشت دوربخاتەوە: یەکەمیان لەو عەقڵئامێرییەی سەیری دەوروبەری وەک «شت»ێک دەکات تەنانەت خۆشی، دووهەمیان ئەو عەقڵە توتالیتارەی هەموو جیاوازییەکان لەپێناوی یەکێتیدا دەسڕێتەوە (٣٧). بەڵام هابەرماس باڵادەستی عەقلئامێری ناگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتن و تێڕوانینی ڕۆشنگەران، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ بونیادێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری دیاریکراو کە سیستەمی سەرمایەداریە. لێرەوە «هابەرماس جیاوازیدەکات لەنێوان عەقڵانییەتی ڕۆشنگەری کەجارێک بە مۆدێرن و چەندانجاریش بە ڕەخنەگرانەی ناودەبات و عەقڵانییەتی پۆزەتڤیزم (یان دۆگماتیزم) دا. ڕۆشنگەران عەقڵیان بە هاوڕێی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا دەزانی، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بڕوایان بەوە نەبوو کە لەهەرجێیەکدا پێشکەوتنی تەکنیکی خاوبۆوە ئەوا کارکردنی عەقڵیش خاودەبێتەوە. واتە ئەوان بیرۆکەی فەلسەفی عەقڵیان بەسەروتر لە کارکردنی زانست و تەکنیک دەزانی.» (٣٨). بەکورتی هابەرماس پێیوایە گێڕانەوەی ڕەگوڕیشەی کێشەکانی جیهانی مۆدێرن بۆ تێگەیشتنی ڕۆشنگەران نەک هەر ڕەوا نییە بەڵکو ئەمکارە ڕێگا بۆ سیستەمی باڵادەست ئەکاتەوە بۆئەوەی لەژێر باری بەرپرسیاریەکانی ڕابکات. کێشەکە کێشەی تێگەیشتنی ڕۆشنگەران نییە، بەڵکو کێشەی سیستەمێکە کەناتوانێ لەگەڵ بانگەشەکانی خۆیدا ڕاستگۆ بێت وکاری فەیلەسوفی ڕەخنەگریش ئەوەیە لەبری گومانکردن لە بنەما و بەڵێنەکان، گومان لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بکات کە ناچێتە ژێر بەرپرسیارییەکانی خۆیەوە بۆ گەیشتن بەدۆخێکی لەم چەشنەش لەبری ڕەدکردنەوەی عەقڵانییەت، پێویستمان بەگەڕانەوە بۆ عەقڵانییەتێک هەیە کە هابەرماس ناوی عەقڵانییەتی پەیوەندیخوازی لێدەنێ. چونکە هابەرماس لە کتێبی گوتاری فەلسەفی مۆدێرنەدا مەسەلەی عەقڵ دەبەستێتەوە بە مەسەلەی زمانەوە و مەسەلەی زمانیش هەمیشە مەسەلەی پەیوەندی دەهێنێتەئاراوە. لەو کتێبەدا دەنوسێ کە «عەقڵانییەت بریتییە لەو ئامادەیەی کە ئەو خودانەی (ذوات) توانای قسەکردن و کارکردن و بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی زانینێکی قابیلی هەڵەیان هەیە، دەیسەلمێنن» (٣٩). عەقڵی پەیوەندیخواز ئەو جۆرەیە لەعەقڵ کە ڕاستەوخۆ سەرقاڵی وتووێژکردنە لەگەڵ ئەویدی و بەرئەنجامی ئەو وتووێژکردنەشە. واتە ئەو جۆرەیە لەعەقڵ کە

لەئەنجامی گفتوگۆی مرۆڤەکان لەبارەی مەسەلە گشتییەکانەوە دروستدەبێ. دیارە هەموو گفتوگۆیەکیش کۆمەڵێ بنەمای دیاریکراوی خۆی هەیە کەدەبێ هەموو لایەنەکان پەیڕەویبکەن. هابەرماس ئەو بنەمایانە لە چوارخاڵدا کورتدەکاتەوە: بنەمای هۆشمەندی (Verstandlichkeit ) یان بەیانکردنی عەقلانییانەی خاڵەکان، بنەمای هەقیقەت (Wahrheit )، بنەمای دادپەروەری (Richtigkeit) و بنەمای ڕاست و دروستی (Wahrhaftigkeit ). بەبڕوای هابەرماس هەموو گفتوگۆیەکی عەقلانی ناچارە پەیڕەوی لەم بنەمایانە بکات (٤٠) و بەڕاستیش دەتوانین ئەم بنەمایانە لەهەموو گفتوگۆیەکی نیوان مرۆڤەکاندا بدۆزینەوە ئەگەرچی بەکزیش بووە. ئەم بنەمایانە بەشدارانی گفتوگۆ ڕادەکێشێ بۆ ڕێکەوتن لەسەر ئەو شتانەی خاڵی جیاوازی نێوانیان پێکدەهێنێ و دواجار مرۆڤەکان ڕادەکێشێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی بەرەو ڕوویان بۆتەوە. «بەبڕوای هابەرماس کۆمەڵگاکان لە قۆناغیکی دیاریکراوی پەرەسەندنی خۆیاندا ڕووبەڕووی «چەند مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراوی سیستەم» دەبنەوە کە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامیان، هەڕەشەیان لێدەکات... لەهەلومەرجێکی وادا کۆمەڵگا ناچارە خۆی بگۆڕێت، ئەگینا بوونی بەردەوامی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. هابەرماس جەخت لەوە دەکات کە ماهییەتی ئەم گۆڕانە و ئەوەی کە ئایا گۆڕانێکی لەم چەشنە ڕوودەدات یان نەء، بەهۆی مەسەلەکانی سیستەمەوە دیاریناکرێت، بەڵکو ماهییەتی ئەم گۆڕانە بەهۆی شێوەی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگا بەو کێشانە و دروستکردنی شێوەتازەکانی ڕێکخستنی سروشتی، دیاریدەکرێت» (٤١ ). بەبڕوای هابەرماس ئەوەی ڕێگا بۆ ئەم گۆڕانکارییە دەکاتەوە عەقلانییەتی پەیوەندیخوازە کە جۆرێکە لە عەقلانییەت کە ڕووی لە ئازادی مرۆڤەکانە. مرۆڤە جیاوازەکان بەهۆی پەیڕەویکردن لەوچوار بنەمایەی گفتوگۆ ( کەپێشتر باسمانکرد) دەتوانن بە نێوکۆییەک (اجماع) بگەن کەدەیانخاتە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەوە بەرامبەر بەو جیهانەی تیایدا دەژین. بەڵام ئایا لۆژیکی گفتوگۆ هەمیشە بەپێی ئەو بنەمایانە دەچن بەڕێوە؟ ئایا هەمیشەش بە نێوکۆییەکی وا دەگات کە شێوەی کارکردنی سیستەمەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە؟ زوربەی ڕەخنەگرانی هابەرماس بڕوایان وایە کە ئەو بنەمایانەی هابەرماس بۆ وتووێژی داناوە، تاڕادەیەکی زۆر خەیاڵییە و بنەمایەکی واقعی نین، چونکە لەسەرکۆمەڵێ گریمانەی گومانلێکراو داڕێژراوە کە لەڕووی واقعییەوە بەدینایەت. یەکەم: چونکە وایدادەنێ کەتوانای یەکسان بۆ تۆ و بۆ هەموان هەیە. دوهەم: وایدادەنێ کە خێراییەکی بێسنوور بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوبونەوەی زانیاری هەیە. سێهەم: وایدادەنێ کە دیاردەکانی بەکارهێنان و هاوپەیمانی و ستراتیژیکان لەناو کومەڵگای پەیوەندیخوازدا بوونی نییە و چوارهەمیش وایدادەنێ کە هەموان خاوەن ڕوانگە و خۆزگەی ئاشکرا و دیاریکراون بۆ هەموو بابەتەکان» (٤٢ ). هابەرماس ئەگەرچی بەناوی گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕەخنە لە بیریارانی دی دەگرێت، لێرەدا لەهەمووکاتێ زیاتر لەژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی خەڵکییەوە دورە. گفتوگۆ هەمیشە بەپێی بەرژەوەندییەکانی هەقیقەت و دادپەروەری بەڕێوەناچێ و زیاد لە هۆکارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لۆژیکی گفتوگۆ بەلای لایەنێکدا دەشکێنێ و «بەڵگاندنی (استدلال) زیاتر و زیاتر»یش کە هابەرماس بەپێوەری سەرەکی دادەنێ بۆ ستراتیژی گفتوگۆ، بەکەڵکی نایەت. واتە زۆرجار ئەو عەقڵەی مرۆڤەکان خاوەنین، عەقڵێکی کونترۆڵکراو و سەرکوتکراوە کە لەناو دراو و نەدراوەکانی هەمان سیستەمدا دەکرێتەوە. لێرەوە ئەم عەقڵە لەجێی ئەوەی مرۆڤەکان بەرەو ڕەخنەگرتن بەرێت، بەرەو ڕازیبوونیان دەبات و لەبری ئەوەی کاردانەوەیان لەبەرامبەر ڕووداوەکاندا هەبێت، بەناوی عەقلانییەتەوە شەرعییەت بە ڕووداوەکان دەدەن.

بەکورتی هابەرماس بەپێچەوانەی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە (بەتایبەتی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ) «هێشتا باوەڕی بە عەقل، پێشکەوتن، فەلسەفەی ڕۆشنگەری و پڕۆژەی مۆدێرنە ماوە» (٤٣) و بڕوای وایە دەکرێ و دەتوانرێ ئەو پروژەیە کامڵبکرێت کە ناوەڕۆکەکەی دروستبونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەختەوەرە. واتە لەپشت تێڕوانینەکانی هابەرماسەوە دەتوانین بەئاسانی ئومێد و هیواکانی ڕۆشنگەری بە ئایندەی مرۆڤایەتی بدۆزینەوە. لەڕاستیدا ئەو

چوارچێوەیەی هابەرماس بیری تیادەکاتەوە هەمان ئەو چوارچێوە خۆشبینەیە کە ڕۆشنگەران بیریان تیادەکردەوە، ئەو چوارچێوەیەی کە بڕوای وایە تابینینی مرۆڤ گەورەتر و فراوانتر بیت، ئاسۆکانی ئازادی پتر لەبەردەمیا دەکرێتەوە. بەڕاستیش نەبینین و سنوورە تەسکەکانی سەیرکردن هەمیشە کارەساتی لەژیانی مرۆڤدا خوڵقاندوە: لە نەبینی سەرکردەیەکەوە بۆ قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ نەبینی ئەو پیاوە سەلەفیەی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان لەتێکستە پیرۆزەکانەوە تەماشادەکات، چیرۆکی تراژیدی هەزاران کوژراو هەیە. بەڵام نەبینراو تەنها لەبەرئەوە نەبینراو نییە کە شاراوەیە و چاوی مرۆڤ ڕاویناکات، بەڵکو زۆرجار مرۆڤ خۆی خۆی کوێر دەکات بۆ ئەوەی هەقیقەتەکان نەبینێ... حاڵەتێک کە فرۆید هەوڵیدەدا ئاستە ناهوشیارەکانی ئاشکرابکات. چونکە یەکێک لە گرنگترین هێڵەکانی پرۆژەی فرۆید بریتی بوو لە ئاشکراکردنی نەبینراو لەبەردەم بینیندا. فرۆید ئەگەرچی گەورەترین برینی نەرجسی کردە جەستەی ئەو مرۆڤە عاقڵەی مۆدێرنە بانگەشەی بۆدەکرد، بەڵام بڕوایوابوو دەکرێت بەسەر زوربەی ئەو پانتاییە تاریک و ناعەقڵانییەدا زاڵبین کەناوی نابوو «نەست». تەقەنیاتی دەرونشیکاری چییە جگەلەوەی بەهۆی ئاشکراکردنی خواستەنادیارەکانەوە، یارمەتی نەخۆش دەدات بۆئەوەی پتر دەسەڵاتی بەسەر نەستیدا هەبێت. هربرت مارکیوز لەوتاری «بەجێهێشتنی چەمکی فرویدی مرۆڤ» دا بەمشێوەیە لۆژیکی کارکردنی دەرونشیکار کورتدەکاتەوە «دەرونشیکار تەنها ناواخنەکانی دەرونی نەخۆش و توانا و خواستە دەرونییەکانی چالاکدەکات « ئەو(ئید) دواجار دەبێ بەمن (ئیگۆ)» ئەمە لۆژیک و بەرنامەی لۆژیکی دەرونشیکارە. لەڕاستیدا تاکەکەس بەهۆی لۆژیک و هێزی خۆیەوە خواستە نارەواکانی بنەڕەتی لەزەت ڕەددەکاتەوە و تەسلیمی بنەڕەتی واقع دەبێ، فێردەبێ چۆن هاوسەنگی سستی نێوان ئیرۆس و تاناتۆس ڕاگرێت، فێردەبێ زیاتر و زیاتر لەکۆمەڵگایەکدا (فروید دەڵێ لە ژیارێکدا) بژی کەناتوانێ خوشنودیبکات، واتە ناتوانێ ئەنگێزە غەریزییەکانی تێربکات.» (٤٤). هەرئەم خاڵەشە کەوادەکات چ هربرت مارکیوز وچ میشل فۆکۆ کە گرنگی و نرخێکی زۆر بۆ دەستکەوتە فکرییەکانی فروید دادەنێن، بەڵام لەهەمانکاتدا بەچاوێکی ڕەخنەییەوە تەماشای تەقەنیاتی چارەسەرکردنی نەخۆش لەڕیی دەرونشیکارەوە بکەن. هەرچی میشل فۆکۆیە دەرونشیکاری بەیەکێک لەو بوارە زانستیانە دانا کە کەلەسەردەمی مۆدێرندا دەسەڵاتیان لەشێوەی سزاوە گۆڕی بۆ دەسەڵاتی کۆنترۆڵ. لەپڕۆژەی ئەم فەیلەسوفەدا گواستنەوە لەنەبینراوەوە بۆ بینراو لەهەمانکاتدا گواستنەوەی شێوازی دەسەڵاتە لەسزاوە بۆ کۆنترۆڵ. بەڵام بەوسەرنجەوە کە فۆکۆ هەرگیز هۆکانی ئەم گۆڕانکارییەی نەدەگەڕانەوە بۆ گۆڕانی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو دەیگەڕانەوە بۆ ئەو فەزا دابەشکراوانەی بوارە زانستییەکان هێنایانە ئاراوە. میشل فۆکۆ ئەوەی قبوڵنەدەکرد کە گۆڕان لەدەسەڵاتی سزاوە بۆ کۆنترۆڵ لەو بەها ئەخلاقی و هیومانیستانەوە سەرچاوەی گرتووە کە چیدی ویستی بینینی ئەشکەنجەی جەستەی مرۆڤەکان ناکات، بەڵکو ئەو دابەشکردن و پۆلێنکردنانەی ناو بوارە زانستیەکان بوو کە ئەوکارەی مەیسەرکرد. لەپرۆژەی فۆکۆدا گەمەی دەسەڵات لەگەمەی زانین جیا نابێتەوە. ئەو لەوتاری نیتچە، جینالۆجیا و مێژوو دا نووسی: «شیکردنەوەی مێژویی ئیرادەی زانین بەوشێوەیەی کە مرۆڤایەتی ناسی، لەهەمانکاتدا ئەوە ئاشکرادەکات کە زانینێک نییە لەسەر ستەمکردن و هەڵە دانەمەزرابێت... هەروەها ئەوە ئاشکرا دەکات کە غەریزەی زانین غەریزەیەکی خراپکارە [شریرە] (و ڕەگەزێکی کوشندەی تیایە کە ناتوانێ و نایەوێت مرۆڤایەتی خوشنودبکات.) (٤٥). مێژوی زانین لەبەشێکیدا مێژوی ستەم و قوربانیدان و قوربانیکردنە. لەڕاستیدا فۆکۆ بۆئەوەی لەچەمکێک یان لەبوارێک لەبوارەکان تێبگات تەماشای قوربانییەکان و دورخراوە و پەراوێزکراوەکانی ئەو بوارە دەکات. ئەو لە وتارێکدا بەناوی بۆچی لەمەسەلەی دەسەڵات دەکۆڵینەوە؟ دەڵێ «بۆ ئەوەی تیبگەین مەبەستی کۆمەڵگا چییە لەوەی مرۆڤ عاقڵبێت، دەبێ بواری شێتی بپشکنین، بۆئەوەی لەوە تێبگەین دەمانەوێت چیبڵێین کاتێ باسی شەرعییەت دەکەین، دەبێ بواری ناشەرعی بپشکنین، بۆئەوەی پەیوەندیەکانی دەسەڵات ڕونبکەینەوە دەبێ ئەو پنتی بەرگری و هەولانە شیبکەینەوە کە دەیەوێت ئەو پەیوەندیانە هەڵوەشێنێتەوە« (٤٦). بەڕاستیش فۆکۆ بۆئەوەی لەچەمکی عەقڵ تێبگات، بواری شێتی دەپشکنێ. ئەو بڕوایوایە

جیاکردنەوەی شێت لە کۆمەڵگاو زیندانکردنی لە ناو نەخۆشخانەدا هۆکاری سەرەکیبوون بۆ ئەوەی مرۆڤی عاقڵ وەک گرنگترین خەسڵەت و بایەخدارترین چەمک، خۆی دابمەزرێنێ. بەرلەسەردەمی مۆدێرن شێت هێشتا مافی ئەوەی مابوو لەناو کۆمەڵگادا بژی و زۆرجاریش بە چاویکی ڕیز و پیرۆزەوە تەماشا دەکرا. شێتی بەحاڵەتێک دادەنرا کە زۆر جار دەتوانێ پەی بەو نهێنیانە بەرێت کە مرۆڤە ئاساییەکان ناتوانن پەی پێبەرن (لە کولتووری ئێمەدا ئەو ڕستەیە چەند بەناوبانگە کە دەڵێت «قسە یان لە شێت یان لە مناڵ» ). واتە لەو سەردەمەدا شێت نەک هەر مافی قسەکردنی هەبوو بەڵکو وادەزانرا کە شێت دەتوانێ پەی بەهەندیک نهێنی خوداییش بەرێت. بەڵام لەسەردەمی مۆدیرندا شێتی بوو بەحاڵەتێکی نەخۆشی و ناتەواوی و بەسوکایەتییەوە تەماشاکرا کە دەبێت لە کۆمەڵگا دوربخرێتەوە. بەبڕوای فۆکۆ چەمکی عەقڵ لەسەردەمی مۆدێرندا بەرهەمی ئەم جیاکردنەوەیەیە. فۆکۆ بڕوایوایە«ئەوەی عەقڵ لە شێتی جیادەکاتەوە خەسڵەتێکی ناوەکی نییە، واتە ئەو ناشێتێتییە نییە کە وادەزانین عەقڵ خاوەنێتی، بەڵکو زۆر بەسادەیی ئەو جیاکردنەوە ناعەقڵانییەیە کە کولتووری ڕۆژئاوا لەسەردەمی ڕێنسانسدا بە شێوەیەکی دامەزراو لە نێوان عەقڵ و شێتیدا کردی و تا ئێستاش ماوە» (٤٧ ). لە تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفەدا «دەزگایەک دادەمەزرێ بۆئەوەی دەزگایەکی دی بەهێز بکرێت: سۆزانیخانە دادەمەزرێ بۆئەوەی بناغەی خێزان پتەو بکەن، شێتخانە دروستدەکرێ بۆئەوەی بنەماکانی عەقلانییەت پتەوبکەن» (٤٨) و بەمشێوەیە. لێرەوە ئەریک بێرنەر دەڵێ «بەشێک لە ئامانجی فۆکۆ ئەوەیە دەریبخات کە مێژوی عەقڵ هیچ پەیوەندیەکی بە ڕەوتی ڕولەپێشی زانستەوە نییە بەرەو هەقیقەت« (٤٩)، بەڵکو پەیوەندی بەو جیاکارییەوە هەیە کەلەسەرەوە باسمانکرد. خۆی دەڵێ مەبەستم «نووسینەوەی مێژوی ئەو سنورانەیە کە بەهۆیەوە کولتوورێک ڕەدی شتێک دەکاتەوە کەسەبارەت بەو دەرەکیە« ( ٥٠ ).

وەک دەبینین ئەم خوێندنەوەیە ڕاستەوخۆ خوێندنەوەیەکی تازەیە و هەوڵدەدات مێژوی فەرامۆشکراو و شاراوەی باڵادەستی عەقڵ ئاشکرابکات. بێگومان ئەم سەیرکردنەش سەرجەم تێگەیشتنی ڕوشنگەران بۆ چەمکی عەقڵ دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە پرۆژەی فۆکۆ وەک پرۆژەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتییە لە گەڕانەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو چەمکی عەقلانییەتەی ڕۆشنگەران بەرهەمیانهێنا، بەڵکو ئەو تەنها سەیری پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات و سەیری ئەو خزمەتگوزارییە فراوانە دەکات کە ئەو تێگەیشتنە لەعەقڵ بە دەسەڵاتی گەیاند. بۆ فۆکۆ ئەوە گرنگ نییە ئایا چەمکی عەقڵ لای ڕۆشنگەران ڕاستە یان نەء؟ گەر ڕاست نییە ئەوا کەموکوڕیەکانی چین؟ ئایا شێوازێکی تر لەتێگەیشتن بۆ عەقڵ دەتوانێ لەو کەموکوڕیانە ڕزگارمانبکات؟ ئەم پرسیارە ڕەخنەگرانە کە پرسیاری سەرەکی قوتابخانەی فوانکفۆرت بوون، ئەو دەروازە ڕەخنەییە نییە کە فۆکۆ لێوەی بڕوانێت، بەڵکو ئەو دەیەوێت ئەو فەزا دەسەڵاتاویانە ئاشکرابکات کە دەرکەوتنی مرۆڤی عاقڵ خوڵقاندی. بەمانایەکی دی فۆکۆ پرۆژەی مەعریفە و دەسەڵات لەهەرە جومگە پراکتیکیەکانیدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەوە دەبینین فۆکۆ باس لەزیندان دەکات، بەڵام باسی پێشکەوتنی یاساکانی تاوان ناکات... سەرنج لە خەستەخانە و دەسەڵاتی پزیشک دەدات، بەڵام پەرەسەندنی زانستی پزیشکی فەرامۆشدەکات... لە شێتخانە و قوتابخانە دەکۆڵێتەوە، بەڵام گرنگی بە پەرەسەندنی دەرونشیکاری و زانستەکانی پەروەردە نادات. لەلایەکی دیشەوە فۆکۆ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی تازە ناگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری و ئەو چەمکە فەلسەفییانەی ڕۆشنگەری بەرهەمیهێنا، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێکی دێرینتر و ئەو گۆڕانکاریانەی لەفەزای کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردندا هاتەئاراوە. حەفریاتی فۆکۆیی ئەوەندەی لەناو دەزگا وبوار و تەشکیلاتی گوتاریدا کاردەکات ئەوەندە لەناو چەمکەکانی پێشکەوتنی فکردا ڕاناوەستێت. بەشێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین فۆکۆ مێژوی مۆدێرنە لە وتەزا فیکری و فەلسەفییەکاندا ناگرێت، بەڵکو لەپراکتیکی ڕۆژانەی دەزگاکانیدا ڕەخنەی ئاراستەدەکات. خۆی لەوتارێکدا دەڵێت «من ڕێگەیەکی دی بۆ پشکنینی پەیوەندی نێوان عەقلانیبوون و دەسەڵات پێشنیاردەکەم. ڕەنگە ئەوە باشتربێت کە سەرجەم ڕەوتی عەقلانیبوونی کۆمەڵگا یان کولتوور لەبەرچاو نەگرین، بەڵکو ئەم ڕەوتە

لەبواره جیاوازەکاندا شیبکەینەوه کە هەریەکێکیان ئاماژه بۆ ئەزمونێکی بنەڕەتیدەکەن، وەک شێتی، نەخـۆشی، مـردن، تاوان، جنسـیـیـەت و لەمـبـابەته« (٥١). لێـرەوه بەپێـچـەوانەی هـەمـوو چاوەڕوانیـیـەکـانەوه کـاتێک فـۆکۆ بەتایبـەتی قـسـەی لـەسـەر ڕۆشنـگـەری کـرد، سـەیرکـردنێکی زۆر ئیجابیانەی بۆ ڕۆشنـگـەری پێشکەشکرد. ئەو بۆ دەرخستنی گرنگییەکانی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوه بۆ تاوتوێکردنی ئەو وتارەی کانت کە ناوینابوو ڕۆشنگەری چییه؟ لەم ئاراستـەیەشدا بایەخێکی گەوره بۆ پرسـیـارەکـەی کـانت دادەنێ. چونکە بەبڕوای فـۆکۆ «ئەمـە یەکـەمـجـاربـوو کەفـەیلەسـوفـێک نەک لێکۆڵینەوەی سیستـەمـێکی میتـافیزیکی و بناغـەکانی مەعریفەی زانستی، بەڵکو شیکردنەوه لەبارەی ڕووداوێکی مێـژوویی هـاوچەرخـەوه وەک ئەرکـێکی فەلسـەفی پێشنیـاردەکـات. کـاتێک کـانت لەسـاڵی (١٧٨٤)دا پرسی ڕۆشنـگـەری چـیـیـه؟ڕێک مـەبەسـتی ئەوەبوو کـەلەهـەمـانکاتدا چی ڕودەدا؟ چیمـان بەسـەردێت؟ ئەم جـیـهـانه، ئەم سـەردەمـەو ئەم سـاتەوەخـتـە تایبـەتەی کـەتیـایدا دەژین چـیـیـه؟یان بەمانایەکی دی ئێمه وەک ڕۆشنگەر، وەک بەشێک لەڕۆشنگەری چین؟« (٥٢). بێگومان فۆکۆ دەزانێت ئەمـە یەکـەمجار نییـه کە فـەیلەسـوف لەخۆی دەپرسێت من کێم و چیم؟ بەڵام یەکـەمجـاره پرسـیـاری شـوناس هـاوکات لەگـەڵ پرسـیـارکـردن لەساتەوەخـتێکی مـێژوی دیـاریکراو دێته ئاراوه؟. لەهـەمـان ئەو وتارەی سـەرەوەدا پرسـیـارەکـەی کـانت بەراوردەکـات بەپرسـیـارەکـەی دیکـارت و دەنوسێ: «ئەمـە بەراوردبکەن بە پرسیارەکەی دیکارت کەدەپرسێ من کێم؟ من وەک خـودێکی بێهاوتا، بەڵام جیهانی و نامێژوویی [کێم]؟ من لەدیدی دیکارتدا بریتیه لەهەرکەسێک لە هەرجێگەیەکدا ولەهەرساتەوەختێکدا.« (٥٣) لەکـاتێکدا پرسـیـارەکـەی کـانت، پرسـیـارێکە لەشـوناسی مـروڤـەکـان لەسـاتەوەخـتێکی مـێژوی دیـاریکراودا. فـوکـۆ لەهـەمـان ئەو وتـارەی سـەرەوەدا دەڵێ «ئەرکی فـەلسـەفـە وەک شـیـکردنەوەی ڕەخنەگرانەی جـیـهـانی ئێـمـە، شـتـێکە کە گـرنگتر و گـرنگـتـر دەبێ. ڕەنگە بێگومـانتـرین مـەسـەلەی فـەلسـەفـە مـەسـەلەی زەمـانی هـەنوکە بێت، ئەو مـەسـەلەیەی کەئێمـە لەم سـاتـەوەختـەی ئیسـتـادا چین» «ڕەنگە ئیـمـڕۆ ئامـانج دۆزینـەوەی ئەوه نەبێت کـەئێـمـە چین، بەڵکو نەفـیکردن و ڕەدکـردنەوەی ئەو شتەبێت کە ئێمەین« (٥٤).واته ئامانجی ئەمڕۆ دەبێت ڕەدکردنەوەی ئەو شوناسه بێت کەئەمڕۆ ئێمه خـاوەنین، چونکە ئەوشـوناسـەی ئەمڕۆی ئێـمـە، شـوناسی خـۆمـان نییـه و شـوناسـێک نییـه ئێـمـە هەڵمـانبژاردبێ، بەڵکو شوناسێکە کەمێژوو و نەریتێکی دیاریکراو بەسەریدا سەپاندوین. شـوناسی ئێمه ماهییەتێک نییه و لەڕابردومانەوه دروستبوو‌بێت، بەڵکو ئەگەرێکی داهاتوییە کەبەهۆی دەرچوون لەنەریت و ماهییەتی ئێستـا دەتوانین دروستیبکەین. بەڕاسـتیش ڕۆشنگەری لەناوەڕۆکدا بریتیبوو لە ملـملانێیـەکی توندوتیژ لەگـەڵ نەریتدا. فوکۆ بڕوای وایه «کاتێک لە وتاری ڕۆشنگەری چییه؟ی کانت وردده‌بینەوه تێدەگـەین کە مـۆدێرنە سـەردەمێکی مێژوی نییـە بەڵکو ئاراسـتـەوەرگرتنێکە (attiude). فـوکۆ دەڵێت مـەبەسـتم لە ئاراسـتـەوەرگرتـن جۆرێکە لە پەیوەندی بە فـعلیـەتەوه. جـۆرێک هـەڵبـژاردنی ئیرادی کە کەسـانێک ئەنجامیانداوه... شێوەیەکە لە بیرکردنەوه و هـەست« (٥٥). ڕۆشنگـەری جۆرێکە لە هـەڵویست وەرگرتنی ئیـرادەویانەی مرۆڤـەکان لـەئێسـتا و لەهەلومـەرجی باڵادەست.لێرەوه بەبڕوای ئەو جەوهەری ڕۆشنـگـەری پابەندبوون و دڵسۆزی نییـە بۆ ئەو وتەزا فکری و فەلسـەفییەی ڕۆشنگـەری بەرهـەمـیهێنا، بەڵکو ئەو نەریتە ڕەخنەگرانەیەیە کە بانـگهێشتی مرۆڤـەکان دەکات بۆئەوەی بەردەوام ژیانی خـۆیان لەم قـۆناغـە دیاریکراوەی ئێسـتـادا بخـەنـە ژێر پرسـیـار. «فـۆکـۆ ئەو ئەنجـامگـیـرییـەیکرد کەئاراستەوەرگرتنـی ڕۆشنگەری کە پەیوەندیکردن بە زەمانی ئێستاوەی کرد بەکێشـەیەکی فەلسـەفی، خـۆی داوامـان لێدەکات کـەوەک ئاینێک تەماشـاینکەین.» لێرەوه بەبڕوای ئەو پرسـیـارەکە هـەرگیز ئەوه نیـیـە ئایا ئێـمـە لەگـەڵ یان دژی ڕۆشنـگەرین، بەڵکو مـەسـەلـەکە ئـەوەیه «دەبێ بوونی خـۆمـان وەک بوونێکی مـێـژوویی شـیـبکەینەوه کـەتاڕادەیەک ڕۆشنگـەری فـۆرمـەلەی کـردووه. ئـەم شـیـکـردنەوەیەش بەرلەوەی سـەرنج لـە عـەقـڵانیـیـەتی ڕۆشنگـەری بدات، سـەرنج لە سنوورداریـتـیـەکـانی زەرورەت دەدات. واتە سـەرنج لەهـەمـوو ئەو هـۆیانەدەدەات کـەناهـێڵن ئێـمـە ببین بەخـودێکی (سـۆبـژێکت) سـەربەخـۆ« (٥٧).

کاتێک دەگەینە ئەم ئاستەی شیکردنەوه بۆمان دەردەکەوێت ڕۆشنگەری بەرلەوەی کۆمەڵێک وتەزای

فکری و فەلسەفی بێت، هەوڵێکی ڕەخنەییە بۆ ناسینی ئەو دنیایەی کەتیایدا دەژین. ڕۆشنگەری کۆمەڵێک تێزی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی دیاریکراو نییە کەدەبێ پەیڕەویبکەین، بەڵکو ئەو نەریتە ڕادیکالانەیە کە داوا لەمرۆڤەکان دەکات بەردەوام بەدیدێکی ڕەخنەییەوە ئەوسەردەمە بپشکنن کەتیایدا دەژین. کانت دەیگوت «دروشمی ڕۆشنگەری ئەوەیە بائەوەندە ئازابین عە قڵ بخەینەکار». بەکارهێنانی عەقڵ ئازایەتی دەوێت، چونکە تەنها عەقڵە مرۆڤ لەڕوبەرونەوەیەکی ڕادیکالانەدا لەبەرامبەر دنیادا دادەنێ... عەقڵێک کە پابەندبون بە بەهای ئازادی ناچاریدەکات ململانێبکات لەگەڵ سەردەمێکدا کەهەرچی زیاتر تروسکەی ئازادی تیا کزدەبێت. بەکارهێنانی عەقڵ ئازایەتی دەوێت چونکە تەنها لەم بەکارهێنانەدایە مرۆڤ خۆی وەک بونەوەرێکی بەرپرسیار لەبرامبەر دنیادا کەشفدەکات...بەرپرسیاریەک کەناچاریدەکات لەهەموو ئەو ڕووداو و بڕیارو هەنگاوانە بپرسێتەوە کە کەمتازۆر لەخۆشیەوە دورن، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی هەیە. ئەو بەرپرسیارییەی ڕۆشنگەری لە مرۆڤەکانی داوادەکات تەنها بەرپرسیاری نییە لەبەردەم ئەو بوارە تایبەتیانەدا کە مرۆڤەکان کاری تیا دەکەن، بەڵکو بەرپرسیارییە لەبەردەم هەموو بوارەکانی ژیاندا. ترسناکترین شت بۆ هەموو پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری ئەو مانا کۆنەپرستانەیەی پسپۆرییە کە پێیوایە تەنها ئەوکەسانە مافی قسەکردنیان لەبوارێکدا هەیە کە پسپۆڕن تیایدا وبەمەش مافی قسەکردن لەهەموو ئەو کەسانە بسێنێت کە پسپۆرنین لەو بوارەدا. بێگومان ئەم شێوازە لەتێڕوانین، لەجەمسەری دژ بەڕۆشنگەریدا ڕادەوەستێت. چونکە گەر ڕۆشنگەری ئەو پرۆژە مەزنە بێت کە داوا لەمرۆڤەکان دەکات بەدیدێکی ڕەخنەییەوە سەردەمەکەیان بپشکنن، ئەوا چاندنی هەستکردن بە بەرپرسیاری لەناو مرۆڤەکاندا بەرامبەر بەدنیا یەکەم مەرجی پرۆسەیەکی لەمچەشنەیە.

ڕەخنە و بەرپرسیاری ئەو ڕەگەزە سەرەکیانەن کە ڕۆشنگەری لەهەموو مرۆڤەکانی داوادەکات و بە گرنگترین مەرجی هەموو سەیرکردن بۆ واقعێکی دادەنێ. لێرەوە «سەدەی هەژدەهەم وەک ئەرنست کاسیرەر دەڵێ، حەزیدەکرد هەم بەسەدەی فەلسەفە ناوببرێ و هەم بەسەدەی ڕەخنەگرتن«. (٥٨) ڕۆشنگەری پرۆژەیەک نییە وابزانین لەڕێی زیادکردنی کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر و فراوانکردنی زانستەوە دەخوڵقێنرێت (وەهمێک کەلە مێژە گیرۆدەی ڕۆشنبیری کوردی بووە)، بەڵکو ئەو نەریتە ڕەخنەگرانەیە کەداوا لەمرۆڤەکان دەکات بەردەوام پرسیار لەوسەردەم و هەلومەرجەبکات کەتێیدا دەژین. بێبوونی ئەم دیدگا ڕەخنەییەش قوتابخانەکان لەبری لانکەی ڕۆشنگەری دەبن بەلانکەی سەلەفیەت... زانستەکان لەجێی فراوانکردنی ئاسۆکانی ئازادی، دەبن بەکەرەسەیەک بۆ هەرچی زیاتر بەهێزکردنی ئامێرەکانی سەرکوتکردن... دواجار هەموو ئەونەوە خوێندەوارەی کەدەبوو هەڵگری پەیامی ئازادی و خۆشبەختی بن، دەبن بەهەڵگری ئاسۆکانی مەرگ. لەمێژیشە ئەوەی لە واقعی ئێمەدا ئەوەی هەڵگری پەیامی تاریکی و تەقێنەری یەکەم گوللەکانی تۆڵەیە بەرلە نەخوێندەواران، خوێندەوارانن. ئەوانەی لە پێشێلکارییە ترسناکەکانی بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری بێدەنگبوون، بەرلەنەخوێندەواران، خوێندەواران بوون. ئەوانەی بوونە ناوەندێکی پڕوپاگەندە بۆ هەموو ئەو هەنگاو بڕیارە دزێوانەی کەشایەنی پوزشهێنانەوە نین، بەرلەنەخوێندەواران، خوێندەوارانبوون. لەڕاستیدا هەموو ئەمشتانە ناچارماندەکات زوربەی ئەو نەوە خوێندەوارە بخەینە ژێر پرسیارەوە کەبڕیاربوو هێزێکی ڕۆشنگەر بێ و لەگەڵ گەورەبوونیدا ئاسۆکانی ئازادی گەورەبکات. بەڕاستی چۆن و بۆچی خوێندەواری لەبری هێزێکی ڕۆشنگەر دەبێ بەهێزێکی تاریک؟ ئایا هۆی ئەمە ناگەڕێتەوە بۆئەوەی زوربەی هێزی خوێندەواری ئێمە لە سیستەمی پەروەردەی بەعسەوە هاتەدەرێ؟ ئایا سیستەمی پەروەردەی بەعس نەوەیەکی خوێندەواری بەرهەمنەهێنا کەهەرچی زیاتر بێدەنگ، هەرچی زیاتر ملکەچ، هەرچی زیاتر ڕازیبێت؟ گومانی تیانییە سیستەمی پەروەردەی بەعس بە تەکنیکێکی تەواو سەرکوتکەرانە کاریدەکرد: بەعس لەسیستەمی پەروەردەی خۆیدا زانیاری دەدایتێ، بەڵام عەقڵی پێنەدەبەخشیت..زانستی دەدایتێ بەڵام ڕەخنەی تیا دەکوشتی...مێژوی وەک کۆمەڵێ بەسەرهات و ساڵ پێ لەبەردەکردی، بەڵام خەونی ئازادی تیا نەدەهێشتی (لێرەوە ئەو بوچونانە بەوردبین نازانم کەبڕوایانوایە سیستەمی پەروەردەی بەعس سیستەمێکی بێگوناه و دەستسپیە و نابێ

دەستکاریبکرێت. هەستئەکەم هەڵەی ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆشبینە بەرامبەر بەهەموو جۆرە خوێندەواریەک و نازانێت کە خوێندن و زانست چەند دەتوانن ئامێرێکی هەرە ترسناکی تاریککردن و کۆیلەکردنی مرۆڤەکان بن) سیستەمی پەروەردەی بەعس سیستەمێکی تاسەر ئێسقان تاوانبارە و ئەرکێکی خێرا و بەپەلەیە کەبەوردی لەستراتیژیدا، لە جومگە پێکهێنەرەکانیدا، لەشێوەی کارکردن و ئاراستەکردنیدا، بخرێتە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوەوە.

دیارە نابێت لەم ڕستانە واتێبگەین کە دەمانەوێت خوێندەواری لەپرۆژەی ڕۆشنگەری بکەینەدەرێ، چونکە هیچ پرۆژەیەک هێندەی ڕۆشنگەری بە خوێندەوارییەوە گرێنەدراوە، بەڵکو دەمانەوێت سەرنج بۆ ئەوە ڕاکێشین کە ئەگەرچی خوێندەواری یەکێک لە مەرجەسەرەکییەکانی ڕۆشنگەرییە، بەڵام مەرج نییە هەموو خوێندەواریەکیش ببێتە هۆی ڕۆشنگەری. خوێندەواری بۆئەوەی ببێتە کەرەسەیەکی ڕۆشنگەری هەر لەسەرەتاوە پێویستی بەچەند هەلومەرج و فاکتەری سەرەکی هەیە کە گرنگترینیان فراوانبونی ئاستەکانی بینین و ئازادی و خودهوشیارییە. چونکە گەر ڕۆشنگەری ئەو پرۆژەیە بێت کەبانگهێشتی مرۆڤەکان دەکات بۆئەوەی هەرچی زیاتر سەردەمەکەی خۆیان بخەنە ژێر پرسیار، ئەوا هەرلەسەرەتاوە بانگهێشتمان دەکات بۆئەوەی ڕوانینی خۆمان فراوانتربکەین. چونکە بۆئەوەی ژیان بخەینە ژێر پرسیار... بۆئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەو سەردەمە بکەین کەتیایدا دەژین... بۆئەوەی ئەو شوناسە ڕەتبکەینەوە کەئەمرۆ خاوەنین، ئەوا دەبێ هەرچی زیاتر ئاسۆکانی بینین و ڕوانینمان فراوانتربکەین. لەڕاستیشدا ڕۆشنگەری خۆی خولیایەکی گەورەبوو بۆ زیاترکردنی ڕووبەرەکانی بینین. گەر چرکەی ڕۆژهەڵاتناسی ( کەلەدوای سەدەی هەژدەوە بەچڕی دەستی پێکرد) و دەرونشیکاری و ئەنترۆپۆلۆژیا، لەچرکە کاریگەرەکانی پەلامارداني نەبینراوبن، ئەوا سیستەمی پەیوەندی خێرا لوتکەی ئەو پرۆژەیەی (لەمانگی دەستکردەوە بۆ سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت) پرۆژەی بەردەوامی فراوانکردنی ئاسۆکانی بینین هەیە. ڕۆژئاوا لەدوای ڕۆشنگەرییەوە ئیدی نایەوێت کوێربێت و پنتێک هەبێت کەنەیبینێت، چونکە (وەک میشل فۆکۆ دەڵێت) نایەوێت پنتێک هەبێ و کۆنترۆلی نەکات.

دوهەم فاکتەر ئازادییە. کانت لەهەمان ئەو وتارەی لەسەرەوە باسمانکرد دەڵێت «بۆ ڕۆشنگەری جگە لەئازادی هیچیدی مەبەست نییە...ئازادی بەمانا پاکەکەی کە ئەویش قبوڵکردنی بەکارهێنانی ڕاشکاوانەی عەقڵە لەهەموو بوارەکاندا.» (٥٩) ڕۆشنگەری پێویستی بە ئازادی قسەکردن لەهەموو بوارەکاندا هەیە، پێویستی بەنەبوونی تابۆ لەسەر هیچ کێشەیەک لەکێشەکانی کۆمەڵگا هەیە. تا سنورەکانی قەدەغەکردن کەمتربن، ئەگەری ڕۆشنگەری زیاتر و گەورەترە و بەپێچەوانەشەوە. بەڵام چ ئاستەکانی بینین و چ ئازادی پەیوەندیان بەو سیستەمە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە هەیە کەتاکەکەس لەناویدا دەژی. پەیوەندی بەوەوە هەیە تاچەند ئەو ڕۆشنبیریە کەرەسەکانی بینین و ئازادی بۆ تاکەکەس دەستەبەردەکات. لێرەوە باسکردنی ڕۆشنگەری لەواقعی ئێمەدا باسکردنێکی وێڵە گەر لەسەرەتاوە پرسیار لەو سیستەمە ڕۆشنبیرییە نەکەین کە مرۆڤی کورد لەناویدا دەژی.

باسەرەتا لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین کە ئایا ڕۆشنبیری کوردی بەدوای بینیندا گەڕاوە؟ ئایا خولیای بینین خولیایەکی زاڵبووە لەڕۆشنبیری کورددا؟ یان چیرۆکێکی دی لەڕۆشنبیری ئێمەدا لەگۆڕێبووە؟ بەرلەوەی وەڵامی ئەوپرسیارنە بدەینەوە سەرەتا دەبێت بڵێین بۆئەوەی بزانین ڕۆشنبیریەک پرۆسەی بینین ئەنجامدەدا، دەبێت دوو ڕەگەزی سەرەکی لەبەردەمیدا ئامادەبێت (دوو ڕەگەز کە هیچیان بێ ئەویدیان نرخی نامێنێ): یەکەم ڕەگەز نووسینە. چونکە تەنها لەڕێی نووسینەوەیە دەتوانیت پرۆسەی خوێندنەوە و کەشفکردن و ڕاڤەکردنی دنیا پیادەبکەیت. ئەو ڕۆشنبیریەی نانوسێت، ئەو ڕۆشنبیریەیە کە خوێندنەوە و تێگەیشتنی بۆدنیا لەچوارچێوەی ئەفسانە و حیکمەتەکانی باپیراندا ڕاوەستاوە.. ڕۆشنبیریەک کەجگە لەئاسۆی باپیرانی، ئەگەری هیچ ئاسۆیەکی دی بەدیناکات تا بەرەو ڕووی بجوڵێت. لێرەوە ئەو کومەڵگایەی نانوسێ، کومەڵگایەکە لەجێی خۆی ڕاوەستاوە و بێگۆڕان و بێجوڵەیە.

دوهەم ڕەگەز ئامادەبوونی دنیایە لەبەردەم هوشیاریدا وەک کێشەیەک. نووسین بۆئەوی ببێ

بەپرۆژەیەک کەدەیەوێت ئاسۆی بینینی ڕۆشنبیریەک فراوانبکات پێویستە هەرلەسەرەتاوە دنیا وەک کێشەیەک، وەک گرفتێک، وەک پرسیارێک لەبەردەم هوشیاریدا ئامادەبێت. واتە هەرلەسەرەتاوە دەبێت دەرکی ئەوەبکەین کەئەو جیهانەی تیایدا دەژین، ئەو هەلومەرجەی تیایدا گەورە دەبین پڕ لەو کیشە و نهێنیانەیە کەپێویستە قسەیان لەسەربکەین. حەساسیەت بەرامبەر بەکێشە و پرسیارە شاراوەکانی واقعێک، پێشمەرجی سەرەکی هەموو پرۆژەیەکی نووسینە. بەڵام ئایا ئەم دوو ڕەگەزە لەواقعی ئێمەدا ئامادەگی هەیە؟

سەبارەت بە نووسین، ئەوا یەکێک لەدیاردە ترسناکەکانی ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە زۆردرەنگ دەستیکرد بەنووسین بەزمانی خۆی ( تەوەرەیەک کە هەوڵمانداوە لەنووسینی دیدا (٦٠) هەندێک لە دەرەئەنجامەکانی بخوێنینەوە). بەڵام سەبارەت بەڕەگەزی دوهەم پێویستمان بەڕاوەستانێکی تر هەیە. ئایا پەیوەندی ڕۆشنبیری کوردی بەدنیاوە پەیوەندی کەشفکردن و خوێندنەوە و پرسیارکردنە؟ ئایا ڕۆشنبیری ئێمە سەردەمی خۆی و جیهانی خۆی وەک گرفتێک تەماشاکردووە کەناچاریبکات ڕەخنە و پرسیاری ئاراستەبکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئەو ڕاستییە دوبارەبکەینەوە (کە بەختیار عەلی لەوتارێکدا بەدرێژی باسیکردووە) کە ئەویش ئەوەیە ڕۆشنبیری کوردی ئەوکاتە دەستیپێکرد کە لەخۆی دەپرسی بۆچی بەزمانی کوردی نەنوسم. واتە هەرلەسەرەتاوە پرسیار لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوەنەبوو چۆن ببینین و دیدگاگانمان فراوانبکەین، بەڵکو ئەوەبوو چۆن زمانی کوردی بینراوبکەین. بەختیارعەلی لەوتاری «ئیمپراتۆریۆتی وەهم / مانای تازەگەری و پەیوەندی بەمیکانیزمی کارکردنی گوتارەکانەوە دەڵێ «کێشەی گەورە لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ئەوەنییە چۆن جیهان تەفسیربکەین؟ بەڵکو کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە بەچی جیهان تەفسیر بکەین؟... نادیاری یەکەم لای مرۆڤی کورد پانتاییەکی مەعریفی نییە بیدۆزێتەوە، هەقیقەتێک نییە، لابەلاکردنەوەیەکی کۆبەرنیکۆسانە نییە ئاشکرایبکات، بەڵکو نادیاری یەکەم ئەو کەرەستەیەیە کە گوتاری کوردی دادەڕێژێت.. ئەویش زمانە« (٦١). شیعری کلاسیکی کوردیش پڕن لە نموونەی ئەوشیعرانەی بۆبەرگریکردن لەنووسینی کوردی نوسراون. بۆباوانی ئێمە نووسین بۆخوێندنەوەو تێگەیشتن لەدنیا نەهات، بۆ فراوانکردنی ڕوبەرەکانی بینینی مرۆڤی ئێمەنەهات، بەڵکو بۆئەوە هات زمان و کولتوور و ژیانی گەلێک بینراو بکات. بەڵام کاتێک پرۆژەی نووسینی کوردی ئەرکی خۆی لەبری کەشفکردن و بینینی دنیا، کردبەوەی زمانی گەل و کولتوورێک بینراو بکات، ئەوا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هوشیاری کوردی بەدنیاوە دەکرد بەپەیوەندییەکی وەسفی. زمانی وەسفکردنیش دیاردەکان دەخاتە ڕوو و بینراویابدەکات، بەڵام نایخوێنێتەوە، ئاشکرایدەکات بەڵام ڕەخنەی ئاراستەناکات، جوانیدەکات بەڵام دزێویەکانی دەرناخات...ستراتیژێک کەبووە ستراتیژی هەرەزاڵی ڕۆشنبیری کوردی. لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی نووسینی کوردیەوە بۆئەو ساتەوەختەی... ڕوانگەییەکان دەیانویست ببن بە ویژدان و قسەکەری ئازارەکانی گەلێک، ستراتیژێکی بنەڕەتی هەیە کەئەرکی نووسین لەزیاتر بینین و خوێندنەوەی دنیاوە دەکات بە بینراوکردن و وەسفکردنی بوونی گەلێک.... هێمن لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت «من بۆخۆم پێموایە هونەرێکی دیکەم نییە جگەلەوەی کەژیانی میللەتەکەی خۆم نیشانبدەم.. بنوسن هێمن شاعیرێکی لادێی کوردبوو کەفەرهەنگی میللەتەکەی خۆی لەچوارچێوەی شیعردا بەخەڵک نیشانداوە« (٦٢).

بەڵام پرۆژەی بینراوکردنی گەلێک چەند شاعیرونوسەری زیاتری بۆخۆی ڕاکێشا، زیاترو زیاتر دنیا وەک کێشەیەک.. وەک پرسیارێک.. وەک گرفتێک دەشارایەوە. نووسینی کوردی کەدڵخۆشبوو بەو ئەرکە نیشتیمانیانەی دەیبینێ، بێئەوەی بزانێت و مەبەستی بێت ماهییەتی ئەودنیایەی دەشاردەوە کەمرۆڤەکان لەناویدا دەژین. چونکە کاتێک بەریانێکی فراوان لەنوسەرانی کورد وەسفی دنیای کوردیان دەکرد، ئەو تێگەیشتنەیان دەخستەوە کەدنیای ئێمە جگەلە کێشەی ئەوەی دنیا دانیپیانانێت کێشەیەکی دی و هیچ شتێکی تیانییە بۆ بیرلێکردنەوە و ئەندێشەکردن و ڕەخنەکردن. لێرەوە بەردەوام هەموو دیاردەکان لە نووسینی کوردیدا بوون بەو دیاردە ساکارانەی وەسفدەکرێن، بەڵام ڕەخنەناکرێن.. پیشاندەدرێن بەڵام ناخوێنرێنەوەو میکانیزمەکانی کارکردنیان ئاشکرا ناکرێت.

بەکورتی هەموو شتەکان وایانکرد بۆئەوەی دنیای ناوەوەی ئێمە وەک کێشەیەک لەبەردەم هوشیاری مرۆڤەکاندا، ونبێت. بەڵام ونکردنی دنیا بەرلەوەی زیان لەکەسبدات و دەرئەنجامی نێگەتیڤ لەبواری دیدا بخاتەوە، یەکەم دەرئەنجامی نێگەتیڤی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوت. ئەوەی لەژێر زمانی وەسفی ئەو سەدان هۆنراوەو نووسینەدا فەرامۆ'شکراو شارایەوە، بەرلە دنیا دەقە شیعرییەکان بوون. وەک چۆن شیعری کوردی ناسینی دنیای لە تێڕوانینی خۆی فڕێدابووە دەرێ، هەرواش ڕەخنەی کوردی ناسینی دەقە شیعرییەکانی لەکۆڵ خۆیکردەوەو گواستییەوە بۆ گێڕانەوەی ژیاننامەی نوسەر. دەق بوو بەو دانپیانانی ناهوشیارانەی نوسەر کە پەردە لەسەر ژیانی تایبەتی خوی هەڵدەگرێت (لێرەوە لەو وتووێژە توندە تێدەگەین کەلەنێوان هەردی شاعیر و ڕەخنەگرانیدا سەریهەڵدا: پیاوێک کە نایەوێت بەڕاشکاوی دان بەخۆشەویستی خۆیدا بۆ فاتمە بهێنێت و ڕەخنەگرانێکیش کەداوای ئەو دانپیانانەی لێدەکەن).

بەکورتی هەموو شتێک وایکرد بۆئەوەی عەقڵ وەک ڕەگەزێکی گرنگی بیرکردنەوە کەبەردەوام دنیای خۆی دەخاتە ژێر پرسیار و لە هەموو شتێکی بچوک و لاوازیشدا بۆ قولایی دەگەڕێت، ببێت بەئامێرێکی وەسفکەر کەپەیوەندییەکی ڕوکەشانەی بەدنیاوە هەیە. عەقڵێک کە ڕاستەوخۆیە لەئاستی دەربڕیندا و بێ قولاییە لەئاستی دەربڕیندا و دواجار لەهەموو ئەمانەش ترسناکتر ڕازی و بێدەنگە لەبەرامبەر دنیای خۆیدا. درێژیشە چیرۆکی بێدەنگی کوردی، هێندەی درێژی هەموو ئەو تاوان و کەموکوڕیانەی لەبەر دەستوچاویدا ڕودەدەن. لەوەسفەکانی نالییەوە بۆئەمیرەکانی بابان تائەو بێدەنگی و ملکەچییەی ئەمڕۆ زوربەی پانتایی ڕۆشنبیری کوردی داگیرکردووە، چیرۆکی تراژیدی ڕۆشنبیرییەک هەیە کە ئەگەرچی هەموو کەرەسەکانی خۆی بۆئەوە تەرخانکرد بینراوبێت، بەڵام لە ئەنجامدا نەلەلایەن دەرەوە بینراو نەتوانی ناوەوەش ببینێ...ئەوە هیچ بەمرۆڤی دەرەوە نەگەیشت، مرۆڤی ناوەوەشی دۆڕاند.. نەتوانی لەدنیای دەرەوە تێبگات، نەتوانی ناوەوەش ببینی. لێرەوە ئەگەرچی بانگەشەی شاعیرانی ڕۆشنگەری کورد بۆ زیاتربوونی خوێندەواری، کەمتازۆر هاتەدی، بەڵام بێئەوەی هیچیەک لەو خەونانە بێتەدی کەئەو شاعیرانە بەزیادبوونی خوێندەوارەوە دەیاندی. بەپێچەوانەوە ئەو مێژوەی کورد لەدوای بڵاوبونەوەی خوێندنەوە توماریکرد، کەمتر لەو مێژوە خویناویتر و دزێوتر و دڕندانەتر نەبوو کەباوانی نەخوێندەواری ئێمە تۆماریانکرد. مێژوی ئێمە گواستنەوە نەبوو لە ڕادیکالییەتی خۆپیشاندانەکەی سەرای (١٩٣٠)وە بۆ لوتکەکانی ئیرادەگەری، بەڵکو گواستنەوە بوو لەجوانپەرستی گۆران و زانستدۆستی بێکەسەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدانی ڕوانگەییەکان. هەش بەسەر ئەو کۆمەڵگایەش کەشانازییەکانی لەجێی ژیانی مرۆڤە زیندوەکانی، ژمارەی بێشوماری کوژراوەکانی بێت. چونکە ژینگەیەکی وا نەک هەر ڕۆشنگەری تیایدا مەحاڵە بەڵکو کانگایەکی باشە بۆ هەڵقوڵانی سەیان هێزی تاریک و دەیان حیزبی ئیفلیج و هەزاران مرۆڤی سارد و سڕو سڕاوە.

**تێبینی: ئەم باسە لەفستیڤاڵی دووهەمی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژدا پێشکەشکراوە.**

**سەرچاوەکان:**


١) میشل فۆکۆ: کانت و شۆڕش. و: بەختیار عەلی. گۆڤاری ئازادی، ژمارە ٤
٢) ئیمانۆئیل کانت: ڕۆشنگەری چیە. و: بەختیار عەلی. گۆڤاری ئازادی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٤. لەڕاستیدا من زۆرکەم دەستکارییەکی وەرگێڕانەکەی کاک بەختیارم کردووە
٣) لوسیان گولدمان: فلسفه روشنگری، بورژوازی مسیحی و روشنگری. ت: منصوره ( شیوا ) کاویانی. نشر نقره. چاپ اول ١٣٦٦، ل. ٣٢
٤) زكريا ابراهيم: مشكلة فلسفة. مكتبة مصر ١٩٧١، ل. ١٨٥
٥) هـ. س. پ.، ل. ١٨٦.
٦) لوسیان گولدمان: ١٣٦٦، ل. ٢٩
٧) زكريا ابراهيم: مشكلة الحياة. دار مصر للطباعة. ل. ٥٦ .
٨)لوسیان گولدمان. ١٣٦٦، ل. ١٦.
٩) ئیمانۆئیل کانت: ١٩٩٤
١٠) ف. فولغين: فلسفة الانوار. ت:هزييت عبودي. دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت.ل. ١٠٩.
١١)هـ.س.پ.، ل. ١٢٨.
١٢ـ هـ.س.پ. ل. ١٦٣.
١٣ـ وەرگیراوە لە: بابک احمدی: مدرنیته واندیشه انتقادی. نشرمرکز. تهران، چاپ اول ١٣٧٣. ل. ٢٤.
١٤ـ محمد نورالدين افاية: الحداثة والتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة: نموذج هابرماس. افريقياالشرق. الطبعة الثانية ١٩٩٨. ل. ٢٨.
١٥ـ بابک احمدی: خاطرات ظلمت.نشرمرکز، تهران. چاپ اول ١٣٧٦ ل.١٥٠ ـ ١٥١
١٦ـ محمد نورالدين هـ. س. پ.، ل. ٣٠.
١٧ـ بابک احمدی: مدرنیته واندیشه انتقادی. ١٣٧٣،. ل. ١٣١.
١٨ـ هـ.س.پ. ل. ١٣١
١٩ـ بابک احمدی: ١٣٧٦ ل. ٢٥٦
٢٠ـ هـ. استیوارت هیوز: هجرت اندیشه اجتماعی. ت: عزت اله فولادوند. طرح نو. چاپ اول ١٣٧٦، ل. ١٨٥.
٢١ـ بابک احمدی: خاطرات ظلمت. ١٣٧٦، ل. ١٥٣
٢٢ـ بابک احمدی: .مدرنیته واندیشه انتقادی. ١٣٧٣، ل. ١٣٩.
٢٣ـ تئۆدورو ادرنو، ماکس هورکهایمەر: مفهوم روشنگری. ت: مراد فرهاد پور. ارغنون شماره ١٢،١١. ١٣٧٥، ل. ٢١٤
٢٤ـ محمد نورالدين افاية: هـ.س.پ.، ل ٣١
٢٥ـ وەرگیراوە لە: بابک احمدی: خاطرات ظلمت. ١٣٧٦، ل. ١٥٤
٢٦ـ بابک احمدی: مدرنیته واندیشه انتقادی،.١٣٧٣، ل. ١٣٩.
٢٧ـ یوسف اباذری: خردجامعەشناسی. طرح نو، چاپ اول١٣٧٢، ل. ٢٠
٢٨ـ يورگن هابرماس: القول الفلسفي للحداثة. ت: د.فاطمة الجيوشي.منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية السورية ١٩٩٥، ل. ١٨١
٢٩ـ یورگن هابرماس: مدرنیته، پروژەای ناتمام/ مدرنیته دربرابر پست مدرنیته. لە کتێبی: مدرنیته و مدرنیسم. ترجمه و تدوین: حسینعلی نو ذری انتشارات نقش جهان. چاپ اول ١٣٧٩، ل. ١٠٣
٣٠ـ رابرت هولاب: یورگن هابرماس، نقد در حوزه عمومی. ت: دکتر حسین بشیریه. نشرنی. چاپ اول ١٣٧٥، ل. ١٨٤
٣١ـ یورگن هابرماس: ١٩٩٥ هـ. س. پ.، ل. ٥١٨
٣٢ـ بابک احمدی: مدرنیته واندیشه انتقادی. ١٣٧٣، ل. ١٥٩
٣٣ـ رابرت هولاب: یورگن هابرماس. هـ. س. پ.، ل. ١٨٤
٣٤ـ یوشف اباذری: خرد جامعه شناسی. هـ. س. پ.، ل. ٢٥
٣٥ـ بڕوانە: يورگن هابرماس: القول الفلسفي للحداثة، ل.٥٢٢
٣٦ـ بابک احمدی: مدرنیته واندیشه انتقادی. ل. ١٥٩.
٣٧ـ يورگن هابرماس: القول الفلسفي ل. ٤٨٢
٣٨ـ بابک احمدی: مدرنیته.و اندیشه انتقادی. ل. ١٨٤
٣٩ـ انتونی گیدنز: سیاست، جامعەشناسی و نظریه اجتماعی. ت: منوچهر صبوری. تهران، نشرنی. چاپ

اول ١٣٧٨. ل. ٢٧٧
٤٠ـ محمد نورادين افايه: هـ. س. پ.، ل. ٢٤٨
٤١ـ رابرت هولاب: يورگن هابرماس هـ. س. پ. ل. ٢٠٤
٤٢ـ هربرت ماركوزه: پنج گفتار. ت:محمود جزايرى. تهران، موسسه انتشارات امير كبير. چاپخانه كاويان بهمن ماه ١٣٤٩، ل. ٥٢. ئەم وتارەم لەژمارە سێی گۆڤاری ئازادیدا لەژێر ناوی «فەرامۆشكردنی چەمكی فرویدی مرۆڤ»دا كردووە بەكوردی، بەڵام ئیستا «بەجێهێشتن» لە «فەرامۆشكردن» بەڕاستر دەزانم.
٤٣ـ ميشل فوكو: جينالوجيا المعرفة. ت: احمد السطاتى، عبدالسلام بنعبد العالى. مغرب دارالتوبقال للنشر. لطبعة الاولى ١٩٨٨، ل. ٦٥
٤٤ـ ميشل فوكو: لماذا تدرس السلطة، مسألة الذات؟.لەكتێبی: اوبير دريفوس، پول رابينو: مسيرة الفسفية. ت: جورج ابى صالح. مركز الأنماء القومى، ل. ١٨٨. هەروەها وەرگێڕانی فارسی ئەم كتێبە بەم ناوەوە: فراسوى ساختگراى و هرمونتيک. ت: حسين بشيريه. نشرنى، چاپ اول ١٣٧٦، تهران.
٤٥ـ اريک برنر: ميشل فوكو. ت: بابک احمدى. انتشارات كهكشان، نسل قلم. چاپ اول ١٣٧٣، ل. ٤٦
٤٦ـ بابک احمدى: مدرنيته و انديشه انتقادى، ل. ٢١٥.
٤٧ـ اريک برنر: ميشل فوكو، هـ. س. پ.، ل. ٥٢
٤٨ـ وەگیراوە لە: يورگن هابرماس: القول الفلسفى للحداثة،.ل. ٣٦٧
٤٩ـ بڕوانە: دريفوس. پل رابينو: فراسوى ساختگراى و هرمونتيک، ل. ٣٤،٣٤٦
٥٠ـ هـ.س.پ.، ل. ٣٥٣
٥١ـ هـ.س.پ.، ل. ٣٥٣
٥٢ـ هـ.س.پ.، ل. ٣٥٣
٥٣ـ بابک احمدى: مدرنيته و انديشه انتقادى، ل. ٢٤٦
٥٤ـ هـ س پ.، ل. ٢٤٧
٥٥ـ هـ س پ.، ل. ٢٤٧
٥٦ـ هـ س پ ل. ١٤
٥٧ـ ئیمانوئیل كانت: ڕۆشنگەری چیە؟ گۆڤاری ئازادی، ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٤
٥٨ـ بگەڕێرەوە بۆ: ڕیبین هەردی: ونبونی بەرامبەر و مەرگی پەیوەندی. گۆڤاری ئازادی ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٩٤. هەرەها بۆ: باوكی كوردی لە نێوان كوشتن و زیندوبونەوەدا: گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٨، ل. ١٣٤
٥٩ـ بەختیار عەلی: ئیمپراتۆریۆتی وەهم / مانای تازەگەری و پەیوەندی بە میكانیزمی كاركردنی گوتارەكانەوە. گۆڤاری ڕەهەند. ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٨، ل. ٦٤١
٦٠ـ هێمن: چەپكێ گوڵ و چەپكێ نێرگز. لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و ڕوناكبیری گەلاوێژ. چاپی یەكەم ١٩٩٧، ل. ٧٨

# ناسنامە و زمان

مەهاباد قەرەداغی

### ١. دەروازەی باسەکە

گرنگی مەزنی زمان لە گەشەسەندنی مرۆڤدا ڕاستییەکە هەمووان دەرکی پێدەکەن. هەست بەچی دەکەی کاتێ نەتوانی گوزارە لەخۆت بکەیت، یاخود کەسانی تر نەتوانن لێت تێبگەن؟ ئەو مرۆڤانە دەتوانن بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە وەک پێویست نەیانتوانیوە گەشە بە زمانیان بدەن، ئیدی بەهەر هۆکارێک بووبێ لە بەهرە زۆر و هەمەجۆرەکانی زمان بێبەری بوون، یان کەمتر سوودیان وەرگرتووە.

کاتێ دەست بە فێربوونی زمانێ دەکەیت و وشەبەوشە فێردەبی، وەک ئەوە وایە سەرلەنوێ زمان بگری. «هەر وەک ئەو ساتانەیە کە منداڵێکی ساوایت و بۆیەکەمجار زمان دەگری، لاسایی دەنگەکان دەکەیتەوە و هەوڵی بێپایان دەدەیت بۆ وتنی ئەو دەنگانە. زۆرجاران بە شێوەیەکی سەیر دەنگەکان دەردەبڕی و دەبێتە مایەی پێکەنین.» هەندێ جاریش وا گوزارەی لێدەکرێت کە فێربوونی زمانێ وەک ئەوە وایە کە دەریا بە دڵۆپە بگوێزیتەوە.

کە منداڵێکی ساوا ناتوانێ داواکارییەکانی خۆی دەربڕێ و دەوروبەرەکەی لە ویستەکەی ئاگاداربکاتەوە تووڕە دەبێ و دەگری. مرۆڤێکی گەورەش کە نەتوانێ زاڵ بێ بەسەر زماندا و هەست و نەستەکانی خۆی دەربڕێ و بەشداری لەو گفتوگۆ و باسانەدا بکات کە گرنگن بەلایەوە، کار لە دەروونی دەکات و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاڵۆزی دەروونی بۆ پەیدا دەبێ. چونکە زمان ئامرازێکە، نەک تەنها پەیوەندییەکان ئاساندەکاتەوە، بەڵکە ناسنامەی مرۆڤ دیاریدەکات. مرۆڤ هەتا نەیەتەگۆ، ناتوانی بزانی کێیە! بەو بەشداریکردنە چالاکەی زمان دەتوانی لە بەرامبەرەکەتی بگەیەنی تۆ کێیت و ئامانجەکانت چین و ڕێڕەوی ژیانی خۆت چۆن هەڵبژاردووە و دەتەوێ چۆن درێژە بە مەبەستی بوونی خۆت بدەیت.

زمان بەشێکە لە ناسنامەی مرۆڤ و بناغەی گەشەسەندنی. بێجگەلەوەی کە هۆیەکە بۆ پەیوەندی و ڕاگەیاندن، بەکارهێنانی فرەتری هەیە؛ بۆ نموونە دەتوانرێ بە هۆیەوە:

* گوزارە لە ویست و هیوا و داخوازییەکان بکرێ.
* بیرو بۆچوونەکانی پێدەربب‌ڕدرێ.
* زانیاری هەمەجۆر و پێویست بەدەستبخرێ.
* پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێ بنیاد بنرێ و بەهۆی ئەو پەیوەندییەشەوە مرۆڤ دەتوانێ دانپیانراو بێ و ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێ.
* کار لە دەوروبەر بکات و بتوانێ کارتێککراوی دەوروبەر بێ.

زمان، ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە لەخۆتێگەیشتن و لەویتر تێگەیشتن ئاسان دەبێتەوە. دەربڕینی ویست و تێگەیشتن لە ویستەکانی ئەویتر تەنها بەهۆی زمانەوە دەکرێ و لەم بوارەدا دەکرێ زمان بە تاقە ئامرازێک ببینرێ. پەیوەندی و دانوستاندنی کۆمەڵایەتی مەرجێکی سەرەکییە بۆ لەخۆگەیشتن و لە کۆمەڵ تێگەیشتن. بۆ ئەوەی بتوانی«من»ی خۆت بناسێنی بە کۆمەڵ، مەرجە لە ڕێگەی ئەو پردە

کۆمەڵایەتییەوە بێ کە بنیاتت ناوە و لەو بنیاتەشدا زمانت ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی بینییوە.

«لەدایکبوونی کەسایەتی، ئەو کاتەیە کە بە بیرکردنەوە و زانایییەوە مرۆڤ بتوانێ خۆی لە دەوروبەرەکەی جیابکاتەوە. زمان لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی بڕیاردەری هەیە. چۆن لە خۆمان و دەوروبەر تێدەگەین، بە وشە دەریدەبڕین و بەویتری ڕادەگەیەنین.» (١). مەبەست لە جیاکردنەوەی خود لەویتر، هەبوونی بۆچوونی تایبەت بە خودە لە بەرامبەر ئەویتردا لە میانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا. زمان ئامرازی دەربڕینی ئەو بۆچوونە تایبەتییەیە.

تێگەیشتن، بەشێکی گرنگی کەسایەتی و، دەربڕین و تێگەیاندن بەشێکی دیکەی پێکدەهێنێ. دەروونناسەکان جەخت لەسەر ئەم دووخاڵە دەکەن و بە دووبەشی لێکدانەبڕاو و پێویستی دەزانن بۆ گەشەی کەسایەتی مرۆڤ.

لەم باس و لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی سێ پرسیاری گرنگ دەدەین:

* چۆن منداڵ فێری زمان دەبێ و، زمانی منداڵ چۆن گەشەدەکات و،چ میتودگەلێ کاریگەرترن بۆ گەشەسەندنی زمان لای منداڵ؟

* پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە چۆن ڕووندەبێتەوە؟ چۆن بەهۆی زمانەوە کەسایەتی مرۆڤ جێگیردەبێ؟

* زمانی زگماک بۆ مرۆڤ چ گرنگییەکی هەیە و پەیوەندی زمانی زگماک و ناسنامە چۆنە؟ ئایا زمانی کوردی ناسنەمەیەکی کوردی پێکهێناوە؟

### ٢. تیۆرییەکانی زمان و فێرکردنی زمان

لێکۆڵەرەوە و پشکنەرەکانی بواری زمان و فێربوون لە زۆر کات و شوێندا لە وەڵامی ئەو پرسیارە گەڕاون، ئایا توانای زمان لە مرۆڤدا زگماکە، یاخود لە پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەرەوە وەردەگیرێ؟ ئایا گەشەسەندنی زمانی منداڵ خۆڕسکانە ڕوودەدات، یان بە فێرکردنێکی سیستماتیکی و بەرنامەڕێژکراو لە لایەن دەوروبەری ئەو منداڵەوە؟ بەرەنجامی ئەو پشکنین و توێژینەوانەی ئەوان لە چەند خاڵێکدا کۆ دەبێتەوە:

* زۆربەی منداڵان، لە تەمەنی شەش مانگەوە دەست بە گڕوگاڵ دەکەن.

*زۆربەی منداڵان یەکەمین وشەیان لە نێوان تەمەنی هەشت تا هەژدە مانگدا دەڵێن.

* زۆربەی منداڵان یەکەمین پێکەوەبەستنی وشە و ڕستەی بچووک پێکەوەنان لە تەمەنی نزیکی دووساڵییدا دەکەن.

* زۆربەی منداڵان لە تەمەنی پێنج تا شەش ساڵیدا بەسەر سەرەتاکانی بناغەی ڕێزمانی زمانی زگماکدا زال دەبن. (٢)

ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووانەی سەرەوە، هەندێ لێکۆڵەرەوەی زمانەوانی خستە سەر ئەو باوەڕەی کە گەشەسەندنی زمان لەو کەش و دەوروبەر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا دەبێ کە منداڵ خۆی تیا دەبینێتەوە. هەندێکی تر لەو لێکۆڵەرەوانە بەڵگەی خۆڕسکی زمان دەدەن بە دەستەوە و سوورن لەسەر ئەو بۆچوونەی کە توانای زمان زگماکە و مرۆڤ توانایەکی ئۆتۆماتیکی هەیە بۆ فێربوونی زمان و ڕێزمان. گرنگترین ئەو تیۆرییانەی کە لە بارەی زمان و گەشەسەندنی زمانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەمانەن:

## ١:٢ ـ تیۆری ڕەفتار

بە پێی تیۆری ڕەفتار یان تیۆری فێربوون، دەوروبەر ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە فێربوونی زماندا. ڕەفتار و ئاکارەکانی مرۆڤ شتێکی زگماک نین و پەیوەندییەکان و دەوروبەر دەستنیشانی جۆر و شێوەی ئەو ئاکارانە دەکەن. تاک بەرهەمی ئەو دەوروبەرەیە کە تیایدا سەرهەڵدەدات و دەژی و دانوستان دەکات. وروژاندن، لە پرۆسەی فێربووندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ. ب. ف. سکینەر، کە یەکێکە لە ناسێنەرانی ئەم تیۆرییە سەبارەت بە وروژاندنی زمان، پێیوایە کە پاداشت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ فێربوون و سەقامگیربوونی ئەو فێربوونە. بۆ ئەوەی منداڵێک هانبدەی شتێکی نوێ، وشەیەکی نوێ فێر بێ، لە پاش دەربڕینەکەی پاداشتی بدەرەوە. پاداشتیش دەتوانێ لە دوو شێوەدا بێ، یان پاداشتێکی ماددی، بۆ نموونە شکولاتێک، یان پاداشتێکی ورەیی، بۆ نمونە، چەپڵەیەک، پیاهەڵدانێک، ماچێک.. هتد.

یەکێک لەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەم تیۆرییە دەکرێتەوە ئەوەیە، کە ڕونکردنەوە و وەڵامێکی نییە بۆ ئەو پرسەی کە چۆن ڕستە و زاراوە لای منداڵ دروست دەبن. کەمییەکی ئەم تیۆرییە کە جێی ڕەخنەیە ئەوەیە کە خودی منداڵ بە بوونەوەرێکی پاسیڤ دادەنێ و تەنها لە ڕێگەی فێرکردنەوە گەشەسەندنی زمانی منداڵ لێکدەداتەوە. بەڵام زانست و لێکۆڵینەوەی نوێ ئەوە پیشاندەدەن کە منداڵ توانایەکی مەزنی هەیە بۆ ئافراندن. منداڵ بۆ خۆی دەتوانێ وشە بخوڵقێنێ و زاراوە پێکەوەبنێ.

## ٢:٢ـ تیۆری زگماک

بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤ بە توانای گەشەسەندنەوە لە دایکدەبێت. نوام چۆمسکی، ناسێنەر و گەشەپێدەری ئەم تیۆرییە، جەخت لەسەر بۆماوە و قۆناغەکانی پێگەیشتن دەکات بۆ گەشەسەندنی زمان. چۆمسکی پێیوایە کە منداڵ بە ئامرازێکی زگماکی زمانەوە لە دایکدەبێت. سیستەمێکی گراماتیکی خۆڕسکی لەگەڵدایە، کە دواتر بە هۆی پێگەیشتن و تێگەیشتنەوە گەشەی پێدەدات. بەڵگەکانی چۆمسکی بۆ ئەو بۆچوونەی کە زمان توانایەکی زگماکە، ئەمانەن:

١ـ لە هەموو کولتوورەکانی دنیادا، مرۆڤ خاوەنی زمانێکە، هیچ جۆرێکی تری گیانلەبەران خاوەنی ئەو زمانە نین.
٢ـ هەموو زمانانی دنیا، ڕێزمانێکی تایبەتیان هەیە.
٣ـ وا لێکدەدرێتەوە و بۆچوونی وا هەیە کە فێربوونی زمان لە ژێر تەمەنی (باڵقبوون ـ پێگەیشتن) زیاتر لەبارە، وەک لە قۆناغەکانی پاش ئەو تەمەنە.کە ئەوەش پەیوەندی بە پێگەیشتنی مێشکەوە هەی.
٤ـ زۆربەی منداڵان، هەمان شێوەی گەشەسەندنی زمانیان هەیە، وەک ئەوەی فێربوونی زمان هەر لە سەرەتاوە بەرنامەرێژکراوبێ.
٥ـ تیۆری فێرکردن، چۆنێتی فێربوونی سیستەمی ئاڵۆزی زمانی بە بەڵگەوە ڕوننەکردۆتەوە.
٦ـ منداڵ لە چەندساڵێکی کەمی تەمەنی سەرەتایدا فێری زمان دەبێ، بێ هیچ وانەپێوتنەوەیەکی فەرمی. (٣)

کەموکوڕی ئەم تیۆرییەش، کە بوو بە جێی ڕەخنەی لێکۆڵەرەوەکانی زمان ئەوەیە کە چۆمسکی نەیتوانییوە بە تەواوەتی ئەوە ڕونبکاتەوە کە بناغەی فێربوونی زانستەجۆراوجۆرەکان چۆن زگماکە و بە چ شێوەیەک منداڵ فێری ئەو زانیارییانە دەبێ.

### ٢:٣. تیۆری زانین

ناسێنەرو گەشەپێدەری ئەم تیۆرییە، (جان پیاشێت) پێیوایە بیرکردنەوە سەرچاوەی وەرگرتنی زانینی مرۆڤە. منداڵ لەرێگەی بیرکردنەوەوە دەتوانێ ئەو زانیارییە نوێیانە بۆخۆی پەیدابکات کە پێویستی پێیانە. گەشەپێدەرێکی تری ئەو تیۆرییە، ڤیگۆتسکیی یە. ئەو پێیوایە کە زمان پرۆسەی گەشەسەندنی زانین و بیرکردنەوە بەڕێوەدەبات. پیاشێت سەبارەت بە گەشەسەندنی زانین و بیرکردنەوەی مرۆڤ، پێگەیشتنی مرۆڤ بە مەرج دەبینێ. بە هەمان پلەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دانوستاندنی کۆمەڵایەتی دەکاتە مەرجی پەرەدان بە زمان. پیاشێت، زمان دابەشدەکاتە سەر دوو تەوەرەی فێربوون: یەکەمیان تەوەرەی خۆناوەندێتی، ودووەمیان تەوەرەی بە کۆمەڵایەتیکردنی زمان. لە تەوەرەی یەکەمدا منداڵ گرنگی بەوە نادا کە دەوروبەر گوێی لێدەگرن یان نا، لەبەرخۆیەوە دەدوێ و چاوەڕێی وەڵامیش ناکات، منداڵ بۆ خۆی دەدوێ و خۆی ناوەندە. بە هەمان شێوەش توانای گوێگرتنیشی نییە. لە تەوەری دووەمدا منداڵ بۆ کۆمەڵ دەدوێ، گوێدەگرێ و وەڵامدەداتەوە. گەشەسەندنی زمان لە تەوەری خۆناوەندێتیدا بە پێی پیاشێت دابەشدەبێتە سەر سێ جۆر:

١ـ دووبارەکردنەوە (لاسایکردنەوە).
٢ـ مۆنۆلۆگ (گفتوگۆ لەگەڵ خود).
٣ـ مۆنۆلۆگی پێکەوەیی (وتن بۆ ئەویتر، بێ چاوەڕێکردنی وەڵام).

بەڵام گەشەسەندنی زمان لە تەوەری کۆمەڵایتیکردنی زماندا، دابەشدەکاتە سەر پێنج کاتیگۆری:
١ـ زانیاری بەدەستهێنراو.
٢ـ ڕەخنە.
٣ـ فەرمانکردن.
٤ـ پرسیار.
٥ـ وەڵام.

بە پێی ڤیگۆتسکی، گرنگترین ئەرکی «دەروونناسی گەشەکردن» ڕونکردنەوە و دەرخستنی ئەو ڕێڕەوەیە کە لە نێوان بەکارهێنانە ئاسان و سادەکانی زمانەوە کە منداڵێک بەکاریدەهێنێ تا بەکارهێنانە ئاڵۆز و جۆراوجۆرەکانی کە گەورەکان پیشانیدەدەن.

### ٢:٤. مانای یەکەمین وشە

زمان، سیفەتێکی نایاب و بێوێنەی مرۆڤە. ئەو سیفەتەی کە لەگەڵ هیچ بوونەوەرێکی تردا بەشی نەکردووە. بەهۆیەوە توانراوە بیری مرۆڤی ڕابردوو لە ئەمڕۆدا بزانرێ و، بەهۆیەوە دەتوانرێ بیری مرۆڤی ئەمڕۆش بۆ نەوەکانی داهاتوویەکی دوور بگوێزرێتەوە. دایک و باوک بە تاسەیەکی بێپایانەوە چاوەڕێی یەکەمین وشە و دەربرینی منداڵ دەکەن. بۆ منداڵێکی ساوا زمان (کە سەرەتا لە شێوەی گریان دەریدەبڕێ) یەکەمین چالاکییەتی. بۆ ڕاگەیاندنی پێویستییە فیزیکی و دەروونییەکانی دەنگ (زمان) دەبێتە ئامرازی یەکەمینی. بۆ ئاگادارکردنەوەی دەوروبەری لە برسێتی، تینوێتی، ئێش و ئازار یان پێویستی بە هەبوونی سۆز و خۆشەویستی گریان بەکاردەهێنێ. هێدی هێدی گریان دەگۆڕێ بە گڕوگاڵ و سووکە دەنگێکی لە شێوەی وتن. کاتێ دەنگی منداڵ پێدەگات، ئەوسا دەتوانێ وشەکانی بە شێوەیەکی ڕاست دەربڕێ. پرۆسەی گۆڕینی دەنگ و پێگەیشتنی پێویستی بە کات هەیە و لە لای زۆربەی منداڵ تا تەمەنی دەمانگی دەخایەنێ.

وشەکانی سەرەتا، کە منداڵ دەریاندەبڕێ جیاوازییەکی کەمی هەیە لەگەڵ گڕوگاڵی دەنگی و هێندە ڕون نییە. ئەو قۆناغەش هەر بە تەواوکەری قۆناغی گڕوگاڵ دادەنرێ. پاش قۆناغێکی تری پێگەیشتنی زیاتری دەنگ، وشە و دەربڕینەکانی منداڵ لە هی گەورەیەک دەچێ و دەوروبەر دەتوانێ لێیتێبگات.

لاسایکردنەوەی ئاوازی دەنگەکان کە لە دەوروبەرەوە دەیبیستی، هەوڵی سەرەتاو سەرەکی مناڵە بۆ بەکارهێنانی زمانی. قۆناغی لاسایکردنەوە قۆناغێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی زمانی مناڵ. دووبارەکردنەوەی وشەکان، ئاسانتر و خاوتر وتنی و وتنەوەیان لە شێوەی گۆرانی و ئاوازبۆدانانیان ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە سەقامگیرکردن و مانەوەی وشەکان و ماناکانیان لە مێشکی مناڵدا.

یەکەمجار تاکە وشە و دواییش ڕستەی کورت، کورت لای مناڵ دروست دەبێ و دەیڵێتەوە. مناڵ سەرسامە بەرامبەر زۆربەی شتەکان و بۆ ئەو بینینی شتەنوێیەکان سەرنجڕاکێشە و حەزی وردکۆڵی تیا دروست دەکات. لە لای زۆربەی مناڵ، وەک ئەنجامێکی ئەو حەزی زانین و وردکۆڵییە، کورتە پرسیای (ئەمە چییە؟) دروست دەبێ و بۆ بینینی هەرشتێکی نوێ، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی گەورەکان دەکاتەوە. گرنگی دان بە پرسیاری مناڵ و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی ئاسان یارمەتدەرە لە فێربوونی ناوی شتەکان وناساندنی دیاردەکانی دەوروبەری. شەش ساڵی سەرەتای تەمەن گەشەسەندنێکی سەرنجڕاکێش لە زمانی مناڵدا ڕوودەدات. پشکنین و لێکۆڵینەوە ئەمریکاییەکان ئەم گەشەسەندنە بەم شێوەیە دەخەنەڕوو. (٤)

| تەمەن | وشە |
|---|---|
| ١ ساڵ | ٣ |
| ٢ ساڵ | ٢٧٠ |
| ٣ ساڵ | ٩٠٠ |
| ٤ ساڵ | ١٥٠٠ |
| ٥ ساڵ | ٢٠٠٠ |
| ٦ ساڵ | ٢٥٠٠ |

وەک دەبینرێ، گەشەسەندنی زمان لە تەمەنی نێوان یەک تا شەش ساڵی زۆر خێرا ڕوودەدات. بەڵام ئەم گەشەسەندنەش دەتوانێ لە مناڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێ و بگۆڕێ، بە پێی گرنگی دانی دەوروبەری ئەو مناڵە(دایک و باوک و مامۆستایانی باخچەی ساوایان) بە چۆنێتی گەشەدان بە زمانی ئەو مناڵە و کاریگەری ئەو میتودانەی کە بۆ پەرەسەندنی زمان بەکاردەبرێن.

### ٥:٢ ـ ڕۆڵی «خۆشەویستی» لە فێربوونی زماندا

گومان لەوەدا نییە کە گەشەسەندنی فیزیکی و دەروونی مناڵێک، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ سۆز و خۆشەویستی و هەبوونی دەوروبەرێکی دڵنیاییبەخش. گرنگی پاراستنی لایەنی دەروونی مناڵێک کەمتر نییە لە پاراستنی لایەنە فیزیکییەکەی. « ئەو مناڵەی تەنها پێویستییە فیزیکییەکانی تێر دەکرێ و خۆشەویستی نادرێتێ شانسی مانەوەی کەمدەبێتەوە.» (٥)

مناڵ، لە سەرەتادا بوونێکی تەواو وابەستەیە بە بەخێوکەرەکەیەوە. بوونێکی تەواو هەستیارە و خوێندنەوەیەکی وردی هەیە بۆ هەست و سۆزەکانی کەسانی دەوروبەری. مناڵ لەوەش هەستیارترە

کە کەسانی دەوروبەری بیانەوێ فریوی بدەن، بەوەی کە بە زار و وتن وای بۆ دەربڕن خۆشیان دەوێ، بەڵام بە جەستە پێچەوانەی ئەوەی پیشان بدەن. منداڵ لەوانەوە زووتر و باشتر فێر دەبێ کە هەست دەکا زۆرتر خۆشیان دەوێ. خۆشەویستی کلیلێکی بێهاوتای پرۆسەی فێربوونی زمان و گەشەسەندنی منداڵە.

میتودەکانی فێرکردنی زمان زۆرن، دەکرێ هەموویان تاقیبکرێنەوە و لەگەڵ توانا و ئارەزوو و پێداویستییەکانی منداڵدا ڕێکبخرێن. ئەوەی گرنگترین بێ لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە چۆن دڵنیایی و ئارامییەکی دەروونی ببەخشیتە منداڵ و لە سێبەری ئەو دڵنیاییەدا فێری بکەیت.

گرنگیدان بە کەسایەتی منداڵ خۆی لە خۆیدا گرنگدانە بە فێربوونی زمانی ئەو منداڵە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان کەسایەتی منداڵ و چۆنێتی فێربوونی زمان. ڕاهێنانی منداڵ بە ئازادی دەربڕین. سڵنەکردنەوە و شەرمنەکردن بواری وتن و دەربڕین بۆ منداڵ فراوان دەکات. هاندان و پیاهەڵدان، باوەڕی منداڵ بەخۆی پتەو دەکات و جوانتر و ئازادانەتر دەتوانێ خۆی دەربڕێ و ویستەکانی خۆی ڕونبکاتەوە. هیچ وتە و ڕەفتار و کردارێکی خۆڕسکانەی منداڵ مایەی نیگەرانی و شەرم و سڵکردنەوە نین. نابێ منداڵ بەهۆی وشەکانی نابێ و مەکە و عەیبە و هتد شەرمن و ئاڵۆز بکرێت کە ئاکامی نێگەتیڤی دەبێ بۆ سەر کەسایەتی و لە ئاکامی ئەوەش بۆ سەر زمان و هاتنەگۆی. وەکو نالە دەڵێ: هەموو شتێ بۆ وتن دەشێ.

### ٣. پەیوەندی زمان و بیر و ناسنامە

برونەر دەڵێ: «زمان ئامرازێکە کە بەهۆی ورووژێنەرێکی دەرەکییەوە بیرۆکە دەدۆزێتەوە. ئەوە زمانە کە وادەکات مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەبستراکت، سەربەخۆ و ڕەخنەئامێز بیربکاتەوە. زمان دەبێتە مەرجی بیری تاکێکی ئازاد.» (٦)

کەواتە ئەوە زمانە کە بیر هەڵدەسوڕێنێ و لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیدا شێوە دەداتە بۆچوونەکانی مرۆڤ. کەواتە زاڵ بوون بەسەر زماندا زاڵبوونە بەسەر بیردا. زمان چەند گەشەیکردبێ، بڕیاردەرە لەوەی مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە. بەڵگەنەویستیشە کە مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە، ڕەفتارەکانی لەسەر جۆری ئەو بیرکردنەوەیە شێوەدەگرن. ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەشن کە «من»ی مرۆڤ بە کۆمەڵ دەناسێنن، واتە ناسنامەی مرۆڤ پیشانی کۆمەڵ دەدەن. وەک ئیمسن دەڵێ: «زمان ئەو کۆدانەیە کە ئێمە بەکاریدەهێنین لە کاتی بیرکردنەوەماندا. یان بە مانایەکی تر زمان کارکردەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و ئاکامەکانیشی لە ڕەفتارەکانماندا ڕەنگدانەوەی هەیە.» (٧)

گرنگی زمان لە سەقامگیربوونی کەسایەتی مرۆڤدا بێوێنەیە. هەبوونی زمانێکی گەشەسەندوو، هەبوونی دەسەڵاتێکی دەروونییە. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بە ڕونترین شێوە گوزارە لە هەبوونی خۆی بکات، پێویستە خاوەنی ئەو هێزە دەروونییە بێت کە زمانێکی پەرەسەندوو پێی دەبەخشێت. «لایەکی گرنگی گوزارەلەخۆکردن ئەوەیە هەست بکەی کە خاوەنی جۆرێک لە جۆرەکانی دەسەڵاتی.» (٨)

چۆن لە جیهان دەگەیت و چۆن بیری لێدەکەیتەوە، بە پێی ڤیگۆتسکی زمان بڕیار لەسەر ئەوە دەدات. ئەو پێیوایە «زمان ئەو چاویلکەیەیە کە مرۆڤ جیهانی پێ دەبینێ.» (٩) کەواتە ڕۆڵی زمان لەوەش زیاترە کە ئامرازێکی وتن و گوزارەکردن بێ، ئەو پەیوەندی بە هەستەکانی مرۆڤەوە بەجۆرێکە کە بڕیار لەسەر شێوەی بینین و بیستن و وتنمان دەدات. چۆن شتێک دەبینین ؟ ئەمە پەیوەندی بە جۆری بیرکردنەوەمان هەیە. چۆن بیر لە شتێک دەکەینەوە؟ ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە تا چەند بەهرەمەندانە سوودمان لە کارکردە جیاواز و جۆربەجۆرەکانی زمان وەرگرتووە بۆ گەشەدان بە زانینمان. چەندێ دەزانین؟ ئەمە بڕیاردەرە لەوەی چۆن شتێک دەبینین و چۆنی لێتێدەگەین و لێکیدەدینەوە. بە هەمان شێوەش سەبارەت بەوانەی دەیبیستین، یاخود سەبارەت بەو شتانەی کە دەریدەبڕین و ڕایدەگەیەنین. کەواتە وەک ئیمسن دەڵێ: «گەشەدان بە زمان گەشەدانە بە بناغەکانی

بیر». (١٠)
بەم پێیەش لە هاوکێشەی پەیوەندی نێوان زمان و بیردا دەگەینە ئەنجامێک کە بەهۆی زمانەوەیە بیردەکەینەوە و بیرکردنەوەکانمان دەردەبڕین. ئەی هاوکێشەی نێوان زمان و ناسنامە چۆن هاوسەنگ دەبن؟ لێرەدا پەکسەر وتە فەلسەفییە بەناوبانگەکەی دیکارت خۆی دەسەپێنێ: «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم.» کلیلی ئەو بیرکردنەوەیەش زمانە. کەواتە زمان نەک تەنها سەلمێنەری ناسنامەیە، بەڵکە کلیلی بوونە. بەپێی ئەو سەلماندنانەی کە تا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرمانبڕیوە لە پەیوەندی زمان و ناسنامە، مرۆڤ دەتوانێ، پەرە بەو وتەیەی دیکارت بدات و بڵێت: من زمان دەزانم، کەواتە دەتوانم بیر بکەمەوە. من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم. بە یاسای لەبریدانانی ئەندازەش دەتوانین ئەو پەیوەندیە والێبکەین: من زمان دەزانم، کەواتە من هەم.
زمان، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە. مرۆڤ لە تەنیاییدا ناتوانێ گەشە بە زمانی بدا. پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانن کە زەمینە بۆ بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی زمان خۆش دەکەن. ئەو بەکارهێنانانەشن کە خود بە کۆمەڵگا دەناسێنن و پاپەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ تاک دەستەبەر دەکەن. هەبوونی ستاتوویەکی کۆمەڵایەتی، واتە گەیشتنی تاک بە کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆی. کەسایەتییەک کە کاریگەری هەیە بۆسەر دەوروبەری و کەسێکی دانپیانراوە لەلایەن دەوروبەرەوە. ئەمەش هەبوونی ناسنامەیەکی بەرجەستە دەسەلمێنێ. کەواتە کۆمەڵگا لە پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامەدا گرنگ و جێی بایەخە. دیارە مرۆڤ بۆخۆی بنیاتنەری کۆمەڵگایە. «کۆمەڵگا زمانی پێ بەخشیوین و بەم جۆرە هۆشیاری دەبێتە بەرهەمێکی کۆمەڵ.»(١١). کۆمەڵگا نەک هەر زمانی مرۆڤ بنیاتدەنێ بەڵکە وەک سارتەر گوزارەی لێدەکات: مرۆڤ کۆمەڵگا دروستدەکات و کۆمەڵگاش مرۆڤ دروستدەکات. یاخود: مرۆڤ بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی خۆی. (١٢)

## ٤. زمانی زگماک، بناغەی ناسنامە

زمانی زگماک، زمانی دایکیشی پێ دەگوترێت. زمانی نەتەوەیی دایک کە پێویستە زمانی گفتوگۆی ماڵەوەش بێ. زمانی دایک بۆ مرۆڤ وەکو شیری دایک و سۆز و خۆشەویستی دایک پێویستە بۆ گەشەدان بە کەسایەتی منداڵ. گرنگیدان بە زمانی زگماک سەقامگیرکردنی پایە و بناغەکانی ناسنامەیە.
مەرجی فێربوونێکی باشی هەر زمانێکی تری بیانی زاڵبوونی تەواوە بە سەر زمانی زگماکدا. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، کە مرۆڤ لە زمانی زگماکی خۆی کوڵەوار و ناشارەزا بێ، هەرگیز ناتوانێ زمانانی دی بە جوانی فێر ببێ.
لێرە بەدواوە باسەکە تایبەت دەکەین بە زمانی کوردی، کە زمانی زگماکی چل ملیۆن کوردە و بزانین چ ڕۆڵێکی لە ناساندنی مرۆڤی کورد بینیوە، یان ڕونتر بڵێم ئایا بووەتە ناسنامەیەکی بەرجەستەی نەتەوەیی و کار بۆ ئەمە کراوە.

### ١:٤ زمانی کوردی و ناسنامەی کورد

کە زمان ئەو پەیوەندییە زیندوو و بناغەییەی هەبێ بە ناسنامەی تاکەوە و تاکەکانیش بنیادنەری کۆمەڵگا و چین و نەتەوەن. کەواتە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و بڕیاردەر دەبینێ لە دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دا. زمان نەک هەر دەتوانێ ڕۆڵی ناسێنەر، بەڵکە ڕۆڵی پارێزەری نەتەوەکان ببینێ. کەواتە زمان یەکێکە لە ئامرازە خەتەرناکەکان و دەتوانرێ بکرێتە چەکێکی کوشندە بۆ تواندنەوەی نەتەوەیەک. هۆی ئەوەیە لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستەکاندا قورساییەکی زۆر دەدرێتە زمان و شێلگیرانە ڕێ لە گەشەی زمانی نەتەوەی کۆلۆنیکراو دەگیردرێ.

گومانی تیا نییە، کوردستان ئەو وڵاتەیە کە بە ئاڵۆزترین شێوەی سیاسی کۆلۆنیکراوە و کۆلۆنیالیستانی کوردستانیش سێ نەتەوەی جیاوازن، کە هەر یەک بۆخۆیان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان و کەسایەتی نێونەتەوەیی تایبەتی و تایبەتمەندێتی کولتووری خۆیان هەیە. نەتەوەی کورد بۆخۆیشی خاوەنی زمان و کولتووری تایبەتی جیاوازی خۆیەتی، بەڵام بەهۆی کۆلۆنی بوونیەوە نەبووەتە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتی نێونەتەوەیی.

زمانی کوردی، کە ئەمڕۆ زمانی زگماکی زیاتر لە چل ملیۆن کەسە، هەمیشە ئامانجێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ ی سیاسەتی داگیرکارانی کوردستان بووە. ئەو گوریسە ئاگرینە بووە کە بە درێژایی مێژووی کۆلۆنیبوونی کوردستان و بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، لە کێشمەکێش و زۆرانبازی نێوان کورد و داگیرکەرانی بەکارهێنراوە و، کاریگەری ئەو زۆرانبازیانەشی پێوە دەرکەوتووە. قەدەغەکردنی زمانی کوردی لەلایەن هەموو داگیرکەرانی کوردستانەوە و سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر کورددا، ڕۆڵی زۆری بینیووە لە سنوردارکردنی توانای زمانی کوردی. «بەکارهێنانی هەر زمانێ سنووردار بکرێ، توانای ئەو زمانەش سنووردار دەبێتەوە» (١٣) توانا و دەسەڵاتی زمان ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە گەشە و پەرەسەندنی کولتووری هەر نەتەوەیەک. کولتوورێکی خاوەن تایبەتمەندێتی و ستروکتورێکی پتەوی گەشەسەندوو، ستاتوویەک و ناسنامەیەکی بەرجەستە دەداتە نەتەوەی خاوەن ئەو کولتوورە.

کورد، لە نەتەوە دێرینەکانی میسۆپۆتامیایە و لە پێکهێنانی ژیاری ئەو دەڤەرەدا ڕۆڵی سەرەکی بینییوە. هەبوونی ئایینی زەردەشتی و، دەوڵەتی میدیا و کولتوورێکی پەرەسەندووی ئەو دەڤەرە بۆخۆیان ئەو بناغە پتەوەی کولتووری کوردی و زمانی کوردین، کە سەرەڕای ئەو هەوڵە بێوەستانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تواندنەوەی زمان و کولتووری کوردی بە درێژایی قۆناغەکانی داگیرکردنی چ لە لایەن داگیرکەرانی کلاسیک «هەردوو ئیمپراتۆریای سەفەوی و عوسمانی» و چ لە لایەن داگیرکەرانی مۆدێرن «تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران»ـەوە، هێشتاش نەتوانراوە تایبەتمەندێتی زمان و کولتووری کوردی بە تەواوەتی بسڕدرێتەوە.

زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ و خاوەنی کۆمەڵێ سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی و ستروکتوری زمانی کوردی پەیوەندیدارە بە ستروکتوری کۆمەڵایەتی کورد و کەسایەتی مرۆڤی کورد و هەموو ئەمانەش تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و جیایان دەکەنەوە لە نەتەوەکانی دراوسێ و دەوروبەری. بە پێی ڤێلچێڤیسکی «زمانی کوردی لە چەرخی ساسانییەوە زۆربەی ئەو سیما تایبەتییانەی خۆی، کە لە ماوەیەکی درەنگتردا پێیەوەی دیار بوون، هەبوون و لە زمانانی ئێرانی تریان جیادەکردەوە. کەواتە لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمەوە ئێمە دەتوانین وەک میللەتێکی خاوەن زمانی سەربەخۆ باسی کوردان بکەین.» (١٤) بە هەمان شێوەش مینۆرسکی جەخت لەسەر ئەو سەربەخۆییەی زمانی کوردی و تایبەتمەندی و سیما و خەسڵەتە تایببەتییەکانی دەکات، بە پێی مینۆرسکی زمانی کوردی «لە بارەی ئێستاکەیدا زمانێکی تەواو سەربەخۆیە»، هەبوونی دیالێکتی زۆر لە زمانی کوردیدا نەک هیچ تەگەرەیەک بۆ زمانی کوردی دروستناکات، بەڵکە لە داهاتوودا و لەگەڵ ستانداردکردنی زمانی کوردیدا ئەو هەموو دیالێکتە دەبنە مایەی دەوڵەمەندی زمانی کوردی. مینۆرسکی سەبارەت بە هەبوونی دیالێکتی زۆر لە زمانی کوردیدا پێیوایە: «لەگەڵ ئەوەی دیالێکتی زۆر و جۆراوجۆری هەیە، کۆمەڵێک سیما و خەسڵەتی تارادەیەک تایبەتی و چەسپاوی هەیە و دەتوانین لەم دیالێکتانەیدا بیدۆزینەوە». (١٥)

لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و لە لایەن هەر چوار دەوڵەتی داگیرکەرەوە بێ ڕیزپەڕ، زمانی کوردی بە ڕەسمی قەدەغەکراوە و بە پلان و بەرنامەوە هەوڵی سووککردنەوە و پووچتێڕوانینی دراوە و ئەمەش تا رادەیەکی زۆر و لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە رادەی جیاواز کاریگەری لەسەر بۆچوونی کورد خۆیشی بۆ زمانی کوردی داناوە و لە ئاکامیشدا کاریگەری دەروونی کردووە و لە کەسایەتی مرۆڤی کورددا رەنگدانەوەی هەبووە و هەیە. زمان کە مۆرک و پێناسەی نەتەوەکانە، «کورد

و کوردستان» وەک کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ: «ئەو نەتەوە و دەوڵەتەیە کە پێناسەکەی لێزەوتکراوە». (١٦)

### ٢:٤ زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا

کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا گەشەسەندووترە، هۆی ئەو دانپیانان و ئازادییە ڕێژەییەیە کە لە یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە هەبیووە و لە قوتابخانەکاندا بەکارهێنراوە و لە ناوچەکەدا زمانی فەرمی بووە. بە ڕەسمی ناسینی زمانێک بە ڕەسمی ناسینی نەتەوەی خاوەن ئەو زمانەیە. دەوڵەتی عێراق هەر زوو لەو ترسناکییە ئاگادار بووەوە و لە ناوەرۆکی بەیانی ئۆتۆنۆمی پاشگەز بووە و، دووبارە سیاسەتی بەعەرەبیکردنی زمانی قوتابخانەکانی درێژەپێدا. بە ڕەسمی ناسینی کورد و زمانی کوردی لە دەستووری دەوڵەتی عێراقدا تەگەرەی بۆ دروستدەکرد و نەیدەتوانی لە هەموو شار و گوندێکی کوردستاندا زمانی فەرمی قوتابخانەکان بکات بە عەرەبی. بۆیە بەشێکی دیاری شار و شارۆچکەکانی کوردستانی لە کوردستان دابڕی و سیاسەتی بە عەرەبکردنی بە خەستی تیا پەیڕەویدەکرد. زمانی کوردی لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا ئازاد بوو، ئەو ناوچەیەش قەدەغە بوو پێی بوترێ کوردستان و خۆیان ناویان نابوو «ناوچەی حوکمی زاتی». بەڵام نەک تەنها بەوسنووردارکردنە، بەڵکە زمانی کوردی بۆ بەرژەوەندی خۆی و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت «بەعس» و شۆرینەوەی مێشکی مرۆڤی کورد بەکارهێنا. بەوەش گەرەنتی ئەوەی کرد کە ئیدی زمانی کوردی ئەو خەتەرە پێکناهێنێ و ئەگەر ناسنامەیەکیش پێکبهێنێ، ناسنامەیەکی شێواو و ساختەی کوردی دەبێ. بەڵگەیەکی تەواو بەرچاو لەم بوارەدا ئەوەیە کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستاندا، جۆرێک لە ئازادی سیاسی و فەرهەنگی بۆ کورد فەراهەم بوو، حکومەت و پەرلەمانی کوردی دامەزران، دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی ڕۆژانە و مانگانە بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە، بەڵام میتودی قوتابخانەکان هەر هەمان میتودی کۆنن و گوزارە لە ناسنامەی ڕەسەنی کوردی ناکەن. زمانی کوردی لەم بەشەدا گەشەیکردووە و دەکات، کەموکورییەکە لەوەدایە کە هێشتا نەبووەتە ناسنامە و ئەو ترسناکییەی بۆ داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان پێکنەهێناوە، کە دەبوایە پێکیبهێنێ.

### ٣:٤ زمانی کوردی لە باکوری کوردستاندا

نزیکەی بیست ملیۆن، کە نیوەی هەموو کوردە لەم بەشەی کوردستاندا دەژی. لێرەدا سیاسەتی تواندنەوەی نەژادی کورد دەگاتە لووتکە. بەوەی کە دەوڵەتی داگیرکەر لە هیچ دۆکۆمینتێکی ڕەسمی و لەهیچ وتار و گوفتارێکدا دان بە هەبوونی ئەم نەتەوەیە نانێت. کە دان بە هەبوونی نەتەوەیەکدا نەنرێت، دیارە ڕێگە لە هەموو جۆرێکی گەشەسەندنی کولتووری ئەو نەتەوەیەش دەگیرێت.

پێشتریش لەم باسەدا سەلماندمان ڕۆڵی زمان لە سەقامگیرکردنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا چەند بناغەییە. مرۆڤێکی کورد لە باکووری کوردستاندا لە بەر ئەو هەلومەرجە سامناکەی «نکۆڵی لە بوون»ی و، هەوڵی شێلگیرانەی دەوڵەتی داگیرکەر بۆ تواندنەوە و لەبیربردنەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی، کارتێکراو بووە و ئەم کارتێکردنەش لە کەسایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە.

زمان کە کۆدی بیرکردنەوەی مرۆڤە و بڕیاری چۆنێتی بیرکردنەوە و لە ئاکامیشدا ڕەفتاری مرۆڤ دەدات، مرۆڤی کوردی باکووری کوردستان لێی بێبەشە و بە زمانی کەسانی تر «زمانی داگیرکەر» بیردەکاتەوە و بە کولتووری کەسانی تر «کولتووری داگیرکەر» ڕەفتاردەکات. مرۆڤی کورد ڕێگەی لێگیراوە بە زمانی دایکیی خۆی گوزارە لە خۆی بکات. بە زمانێکی بەسەرداسەپێنراو و بە کولتوورێکی بەسەرداسەپێنراو گوفتار و ڕەفتاری کردووە.

دەرککردنی مرۆڤی کورد بە هەبوونی خۆی وەکو تاکێکی نەتەوەیەکی تایبەت لەو ساتەوەیە کە دەرک بکات خاوەنی زمانێکی تایبەتە و دەبێ بەو زمانە بدوێ و خۆی بناسێنێ. یەکێک لە سیماکانی هوشیاری نەتەوەیی، گرنگیدانی ئەو نەتەوەیەیە بە زمانی خۆی و هەوڵدانێتی بۆ گەشەسەندنی ئەو

زمان و ئەو کولتوورەی کە وەک ڕەهەندێکی تایبەت دەیناسێنێ بە دەوروبەری.

لە باکووری کوردستاندا بنەماکانی ئەو دەرک و هۆشیاری نەتەوەییە، لە کۆتایی سالانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دروست بوو، بەڵام دەرککردن بە گرنگی زمان لەو پەیوەندییەدا هاوکات نەبوو. بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستاندا لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە خێرایی گەشەیکرد، بەڵام گرنگترین و بایەخدارترین ئەدەبیاتی نووسراوی زۆربەی پارتە کودییەکان، بە زمانی تورکی بووە. پارتی کرێکارانی کوردستان کە ڕۆڵێکی سەرەکی بینییوە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستاندا، زۆربەی ئەدەبیاتی بە زمانی داگیرکەر نووسیوە. بایەخدان بە زمانی کوردی لە لایەن پەکەکەوە لە سالانی نەوەدەوە هەستی پێدەکرێ و، (مەد تێ ڤی) ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا بینی. بۆیە (مەد تێ ڤی) بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێ لە مێژووی بزوتنەوەی کورد دا.

بە کوردی پەیڤین، بەکوردی بیرکردنەوەش دەگەیەنێت، واتە هەبوونی عەقڵێکی کوردی. پێچەوانەی ئەمەش راستە، پێشتریش لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەمان سەلماند کە زمان و بیرکردنەوە پەیونەییەکی بناغەییان بە یەکەوە هەیە، قسەکردن بە زمانی داگیرکەر، بیرکردنەوەیە بە عەقڵی داگیرکەر.

کەموکوڕی هەرەگەورە ئەوەیە کە زمان ئەو بایەخە شایستەیەی خۆی پێنەدرێ و بە هەند وەرنەگیرێ. وەک چۆن کۆلۆنیالیستان دەرک بە بایەخی زمان دەکەن و لەو کەناڵەوە گورزی کوشندە دەوەشێنن، کوردیش دەبێ دەرک بەو بایەخەی زمان بکات و لەو کەناڵەوە و بە گەشەدان و ڕێزگرتنی زمانی خۆی ناسنامەی خۆی بسەپێنێ.

### ٤:٤ زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەم بەشەی کوردستان، بە تایبەتیش ناوچەی موکریان، سەرچاوەی پاکی و ڕەوانی زمانی کوردییە. ئەگەرچی هیچ زەمینەیەک بۆ گەشەسەندنی کولتوور و زمانی کوردی خۆشنەکراوە و خوێندن لە قوتابخانەکاندا بە کوردی نەبووە، زمانی کوردی پاراوی و ڕەوانی خۆی پاراستووە. بەڵام گەشەی زمانی کوردی لەم بەشەشدا نەگەیشتوەتە ئاستی ئەوەی ناسنامەی کورد و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی بۆ کورد دەستەبەر بکات و هیچ ترسناکییەکی بۆ داگیرکەران پێکنەهێناوە. ڕەنگە دوو فاکتەری مێژوویی ڕۆڵیان بینیبێ لە پاکهێشتنەوە و ڕەوانی زمانی کوردی لەم بەشەدا.

یەکەمیان: چونکە زمانی کوردی و زمانی فارسی سەر بە هەمان چڵی زمانن (زمانە ئێرانییەکان). زمانی کوردی و فارسی نزیکن لەیەکەوە و هەزاران وشەی هاوبەشیان هەیە. بەڵام زمانانی عەرەبی و تورکی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کوردیدا یەکناگرنەوە. «یەکەمین ڕێزمانی کوردی، ساڵی ١٧٨٧ گارتسۆنی چاپی کرد، لەم کتێبەدا جەخت لەسەر زۆر نزیکی زمانی کوردی و فارسی دەکرێت«. (١٧)

دووەمیان: چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئایینی زەردەشتی و ئاڤێستا و گاتاکانە. ئایینی زەردیش ئایینی هاوبەشی نەتەوەکانی ئەو دەڤەرە بوون بە کورد و فارسەوە. ئەو دوو خاڵە هاوبەشەی کە لە نێوان کورد و فارسدا هەن، لە نێوان کورد و توورک و، کورد و عەرەبدا نین.

هەبوونی خاڵی هاوبەش هاوسۆزیش لە نێواندا دروست دەکات، هاوبەش بوونی جەژنی نەورۆز وەکو سەری ساڵی هەردوو نەتەوەی کورد و فارس ( کە بۆ کورد جەژنی نەتەوەییشە)، نزیکی و هاوهەستییەکی کولتووری پێکهێناوە. ئەو هاوهەستییە کولتوورییەش لەلایەن رژێمەکانی ئێرانەوە کەڵکئاوەژووی لێبینراوە. کە ناوی «ڕەسەنترین ئێرانی» لە کورد دەنرێت، داماڵینێتی لە کەسایەتی نەتەوەیی خۆی و دابڕینی لە سیفەتی کوردستانێتی بوونی ئەو. بەم پێیەش تایبەتمەندێتی ئەو لەناو هی فارسدا وندەکرێت و کەسایەتی تایبەتی ئەو وەک کوردێک دەتوێنرێتەوە.

زمانی کوردی، نەبووەتە زمانی فەرمی، تەنانەت لەو ئوستانەشدا کە بە ناوی کوردستانەوە ناودەبرێت. ئێستا چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێک دەردەچن، بەڵام هێندەی مۆرکی دەوڵەتی و کولتووری

دەوڵەتی ئێرانیان پێوەیە، هی کەسایەتی نەتەوەیی تایبەتی کوردی و کولتووری کوردیان پێوە نییە. بە کورتی دەتوانین بڵێین زمانی کوردی لەو هەلومەرجە دژوارەدا کە بە ڕەسمی ناناسرێ، ناتوانێ گەشەبکات و ناسنامەیەک بۆ کورد پێکبهێنێ.

## ٥:٤ زمانی کوردی لە باشووری بچووک

ئەگەر هوشیاری نەتەوەیی لە ئارادا بوایە، بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی ترەوە دەبینرا. کورد نەیتوانیوە سوود لە ئایین وەربگرێ بۆ بەرژەوەندی خۆی، وەک گەلانی تری ناوچەکە. لەبەر گەشەدان بە ئایینی ئیسلام نەبوو، بەڵکو بۆ فراوانکردنی دەسەڵات و درێژەپێدانی حوکمڕانی ئیمپراتورییەکانی خۆیان بوو کە تورکەکان و فارسەکان ئایینیان بەو شێلگیرییە پەیڕەویی دەکرد. مێژوو ئەو گەواهییە دەدات کە ئەوان مەبەستەکەیان پێکاوە و دەسەڵاتێکی فراوانیان لە بەشێکی گەورەی دنیادا بۆخۆیان بەدەستهێنا.

گومان لە کوردبوونی ئەیوبییەکان ناکرێ و، سەلاحەدینی ئەیوبییش هەمیشە وەک قارەمانێکی بەڕەچەڵەک کورد ناودەبرێ. دەوڵەتی ئەیوبی نەک هەر لە باشووری بچووکی کوردستان بەڵکە لە شوێنی ئێستاکەی دەوڵەتی سوریەدا حوکمڕان بووە. بەڵام سەلاحەدین وەک سەرکردەیەکی ئایینی، ئایینی تەنها لە پێناوی ئاییندا پەیڕەوی کردووە و تاقە ئامانجی بووە لە تێکۆشانیدا. هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە گرنگیدانی ئەو بە زمان و کولتووری تایبەتی کورد نییە. دەزانم ناکرێ کەسایەتی سەرکردەیەکی کلاسیکی وەکو سەلاحەددین کە لە نۆسەدە پێش ئەمڕۆ فەرمەنڕەوا بووە بە پێوەری نوێی ئەمڕۆ بپێورێ. بەڵام گرنگیدان بە زمان و کولتوور و ئەدەبیات لە لای فەرمانڕەوا کلاسیکییەکانی پێش مێژووی زایینیش باو بووە.

لە بارودۆخی ئێستایدا، گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا خاوەنی هیچ تایبەتمەندییەکی کولتووری نییە. زمانی کوردی لەژێر کاریگەرییەکی تیژی زمانی عەرەبیدایە. سیاسەتی جیاکاری لەم بەشەدا لە لایەن سیستەمی دەوڵەتەوە تا ڕادەیەکە کە نەک هەر ناسنامەی کوردی بەڵکە ناسنامەی ڕەسمی دەوڵەتی داگیرکەریشیان پێ ڕەوا نابینرێ. زمانی کوردی لەم هەلومەرجەدا نەک هەر گەشەناکات بەڵکە لە مەترسی نەمانەوە نزیکە.

### ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەتوانین لە سەرجەمی تێوری و ڕاوبۆچوونەکان ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەست بهێنین:

١ـ زمان سیفەتێکی تاقانەی مرۆڤە کە لە هەموو بوونەوەرەکانی تر جیایدەکاتەوە و دەیکاتە سەروەری هەموو بوونەوەرەکانی تر. پرۆسەی فێربوونی زمان بە قۆناغی جیاواز و یەک لەدوای یەک بەئەنجامدەگات و ئەو میتۆدانەی کە بۆ فێرکردنی مناڵ بەکاردەبرێن گرنگن لە چەندێتی و چۆنێتی فێربوونی زماندا. خۆشەویستی و دروستکردنی زەمینەی دڵنیایی بۆ منال بڕیاردەرە لە گەشەکردنی توانای جەستەیی و گەشەسەندنی هۆشیاری منال.

٢ـ زمان کۆدی بیرکردنەوەی مرۆڤە. هەڵسوڕێنەری بیر و ڕەفتارەکانی مرۆڤە و بەهۆی زمانەوەیە کە ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ تاک دروست دەبێ. کەسایەتی مرۆڤ بەهی بەکارهێنانی کارکردەکانی زمانەوە سەقامگیر دەبێت. توانای زمانێکی گەشەسەندوو هەبوونی دەسەڵاتێکی دەروونییە. کەسایەتییەکی باوەربەخۆ کاتێ دێتە ئاراوە کە مرۆ هەست بە هەبوونی دەسەڵاتی خۆی بکات. زمان بناغەی ناسنامەی مرۆڤە.

٣ـ زمانی زگماک، زمانی دایکە. زمانی دایک دەبێ زمانی نەتەوەیی و زمانی خێزان بێ. زمانی زگماک ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێ لە پرۆسەی فێربوونی زمانانی تردا. زاڵبوون بەسەر زمانی زگماکدا توانای تاک فراوانتر دەکاتەوە بۆ خۆناساندن و، کەسایەتییەکی چەسپاوی دڵنیای لێ دەروست دەکات.

٤ـ زمان کە ڕۆڵی بناغەیی دەبینێ لە پێکهێنانی ناسنامەی تاکدا، بەهەمان شێوەش ناسنامەی کۆمەڵ و چین و نەتەوە جیاوازەکان پێکدەهێنێ. زمان ئامرازێکی گرنگ و خەتەرناکە. وەک چۆن ناسنامە و هەبوونی نەتەوەیەک پێکدەهێنێ، دەتوانێ ئامرازێکی کوشندەش بێ بۆ لەناوچوونی نەتەوەیەک.

٥ـ زمانی کوردی، کە زمانی نەتەوەیی چل ملیۆن کوردە بەهۆی کۆلۆنیبوونی کوردستانەوە ڕێ لە گەشەسەندنی گیراوە. کۆلۆنیالیساتانی کوردستان هەمیشە هەوڵی تواندنەوەی کورد و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی بەهۆی زمانوە داوە. لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، ڕژێمی داگیرکەری کوردستان زمانی کوردی قەدەغەکردووە و ڕێگەی نەداوە زمانی فەرمی قوتابخانە و دانیشتگا و دامودەزگا هونەری و زانستییەکان بێ. زمانی کوردی کە دەتوانێ چەسپێنەری ناسنامەی کورد بێ، لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەکراوە بەو ئامانجە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو بەشەکاندا هێشتا یان دەرکیان بەو ڕۆڵە بناغەییەی زمان نەکردووە، یان دەرکیان کردووە و گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەداوە کە پێویست بوو بدرێ.

**دواوتە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕون بووەوە کە زمان و بیرکردنەوە پەیوەستن بە یەکترەوە. زمان و ناسنامەش بە هەمان شێوە. دیکارتیش دەڵێ: من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم. واتە بیرکردنەوە پەیوەندی هەیە بە بوونەوە. لەم پەیوەندییانەدا پەیوەندییەکی تر دەدۆزینەوە، ئەویش پەیوەندی زمانە بە بوونەوە. دەڵێین: ( من زمانم هەیە، کەواتە من هەم.).

**سەرچاوەکان**

1- OLOFSSON & SJÖSTRÖM-EXISTENS OCH SOCIALA RELATIONER-STUDENT LITTERATUR-LUND-1993.

2- ANDERSSON, NILSSON & JOHANSSON-MELLAN MÄNNISKOR OCH TING-BOKFÖRLAGET KORPEN-GÖTEBORG-1985.

3- SÖHRMAN INGMAR-SPRÅK, NATIONER OCH ANDRA FARLIGHETER-ARENA-1997.

4-LADBERG GUNNILLA & NYBERG OLA- BARNEN OCH SPRÅKET- STUDENT LITERATUR- LUND-1996.

5- IMSEN GUNN-ELEVENS VÄRLD-STUDENTLITTERATUR-LUND-1992.

6- ARENQVIST ANDRES- BARNS SPRÅKUTVECKLING-STUDENTLITTERATUR-LUND- 1993

7- ASKLUND & ÖDMAN- FÖRÄLDRABOKEN- BERNCES FÖRLAG-MALMÖ-1968.

8. بێشكچی، ئیسماعیل: كوردستان كۆلۆنییەكی نێودەوڵەتییە. و: ڕێبوار رەشید

9. ئۆ.ل. ڤێلچێڤسكی: نەژادی كورد ـ رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی كورد. مۆسكۆ ـ لینینگراد ١٩٩٣، وەرگێڕانی: رەشاد میران. ستۆكهۆڵم.

## پەراوێزەكان

١ـ سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٤٠.
٢ـ سەرچاوەی ژمارە ٦، ل ٢٤.
٣ـ هـ.س.پ، ل ٢٧.
٤ـ سەرچاوەی ژمارە ٧، ل ٢٠٨.
٥ـ سەرچاوەی ژمارە١،ل ٢١.
٦ـ سەرچاوەی ژمارە ٥، ل ٣١٢.
٧ـ هـ.س.پ، ل ٣١١.
٨ـ سەرچاوەی ژمارە١، ل ٢٢.
٩ـ سەرچاوەی ژمارە ٥، ل٣١٤.
١٠ـ هـ.س.پ، ل٣١٤.
١١ـ هـ.س.پ، ل ٣١٤.
١٢ـ سەرچاوەی ژمارە ٢، ل١١٨.
١٣ـ هـ.س.پ،ل ١١٨.
١٤ـ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل ٢٩٦.
١٥ـ هـ.س.پ، ل ٢٠٢.
١٦ـ سەرچاوەی ژمارە ٤، ل ٥٢.
١٧ـ سەرچاوەی ژمارە ٩، ل ١٨٥.

# سیاسەت لە نێوان «ئاڵوگۆڕ» و «لێدان»دا

## ڕێبوار سیوەیلی

(١)

«فلان لێیدرا»، «وریابە لێنەدرێی»، «ئەو ساڵەی کە لە فلانکەس و فیسارە گروپ درا» و هتد. ئەمانە ئەو ڕستانەن کە ئێمە لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا گوێمان لێیان دەبێت و گەلێ جار خودی سیاسییەکانیش بە پیری و لە چاوگێڕانەوەیاندا بە ژیانی سیاسی و پەیوەندی ڕابردووی خۆیان بە حیزبێکی دیاریکراوەوە، ئەم چەمکە بەکاردەهێنن و بە هەناسەیەکی ساردەوە دەڵێن: «ئێمەش... لێدراین».

بەڵام لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا پرۆسەی لێدان هەمان مانای نییە کە ئێمە لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بەکاردەهێنین و لێیتێدەگەین. کاتێ دەڵێین (باوکێ لە کوڕەکەی خۆی دا)، بە مانای ئەوەیە کەسی یەکەم، کە بە پێی سیستەمی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ناوی «باوک»ـە و ئەم باوکەش دەسەڵاتێکی بێسنووری لەو دوو سیستەمەوە وەرگرتووە، هەڵدەستێ بە دەست، یان بە مقاش و هەر شتێکی دیکە پەلاماری جەستەی کەسی دووەم دەدات کە بە پێی ناولێنانی هەمان دوو سیستەمی ناوبراو، بە «کوڕ» ناویدەبرێت. لێرەدا مەبەست لە «لێدان»، لێدانی فیزیکی و بەکارهێنانی زەبری جەستەیەکە بەسەر جەستەکانی تردا، لەگەڵ هەموو ئەو هەڕەشە و سوکایەتی پێکردنانەی لە کاتی خودی لێدانەکەدا، لە ڕێگەی زمانەوە بەسەر لێدراوەکەدا دەبارێن. ئەگەرچی ئەم مانایەی لێدان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هیچ خۆش نییە لە ناو ئەم دوو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا کوڕ بیت و باوکێکی دەستوەشێنت هەبێ و لە کاتی لێداننتدا جوێنت پێبدات، بەبێئەوەی دەستووری زمان پەیڕەویبکات (وە بە بێئەوەی هیچ پسپۆڕێکی زمانزانی ناو زانکۆ، لەمبارەیەوە توێژینەوەیەکی «زمانەوانیی جوێن»ی بۆ نووسیبین).

(٢)

کاتێ لە سیاسەتدا دەگوترێ: «فلانکەس لێیدرا»، یاخود «فیسارکەس و گروپ بەر لێدان کەوتن»، مەرج نییە مانای لێدان لەم بەکارهێنانەیدا لێدانی جەستەیی و شەڕەتفەنگ و کوشتن و تێرۆرکردنی ئەو کەس و گروپ و توێژانە بگرێتەوە، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە ئەگەری ئەم حاڵەتەش لە ئارادا هەیە. هێندە هەیە لێدان لە کەسێ، یان لە توێژێک، یاخود لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و ئیدارەیەک و لە ڕۆشنبیرێک و ڕۆژنامەنووسێ، مەرج نییە هەمیشە بگاتە ئاستی لێدانی جەستەیی. بەڵکو لێرەدا «لێدان» بەو «دەستە نەبینراوە» پێناسەدەکرێت، کە دەچێتە بنکڵێشەی لایەنی لێدەر و دەسەڵاتەوە و بۆ ساتێ «نابینا»ی دەکات تاوەکو هەڵەیەکی پێبکات، کە جێبەجێکردنی خودی پرۆسەی لێدانەکەیە و ئیدی ئەو دەستە دەکشێتە دواوە! واتە ئەو «دەستە نەبینراوە» (کە دەشێ لە کۆمەڵێ کەسانی دڵڕەق و بەرژەوەندتەسک پێکهاتبێ، یاخود لە کەسانێکی نەشارەزاو لێنەهاتوو)، بۆ ساتێ، ئیغراکەرانە خۆی بەدیاردەخات و دەسەڵات دەکاتە «هۆکارێک» بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی و هەموو هێزی لایەنی لێدەر لە مشتی خۆیدا کۆدەکاتەوە تا بیدات بە

سەری کەسێ، دەزگایەک، پرۆژەیەک، یان گروپێکی سیاسیدا، یاخود توێژێکی کۆمەڵایەتی وەک ئافرەتان و ڕۆشنبیران و قوتابیاندا.

کە دەڵێم ئەم دەستە «دەسەڵات دەکاتە هۆکار بۆ تاوێ ئیغرا و نابینای دەکات»، مەبەستم ئەوەیە دەسەڵات لە یاساوە، لە شەرعییەت و وزەیەکی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە، هەڵدەخلیسکێنێ و دەیکاتەوە بە زەبر. واتە لە دەسەڵاتێکی ئیجابییەوە دەیکاتەوە بە وزەیەکی تێکدەر و شەڕانی و دەسەڵاتێکی شەڕخواز و توندڕەو، کە ئیدی نەتوانێ و فرسەتی ئەوەی نابێ ئەو کەس و لایەن و توێژ و دەزگایانەی گومانیان هاتۆتەسەر، بە پێی لێپرسینەوەی یاسایی لە شوێنگەی خۆیان دووربخاتەوە و تەحقیقیان لێبکات. بەڵکو دێت یەکسەر بەبێ ئاگادارکردنەوەی هیچ ئۆرگانێکی یاسایی و پشکنین و توێژینەوەی تایبەت، ئەو کەسایەتی و توێژ و لایەنانەی دەستە ئیغراکەرەکە ئاماژەی بۆکردوون، دەمودەست لە کاردەخات، کارکردی سیاسی و ئیدارییان لێدەستێنێتەوە و لە دەسەڵات نامۆیاندەکات. بە مانایەکی دی: هەموو ئەو مانایانەیان لێدەستێنێتەوە کە تا کاتی پێش لێدانەکە، شوێنی ئەو کەس و لایەن و توێژانەیان لە ناو سەرجەمی سیستەمەکەدا پێناسەدەکرد و ڕووخسارێکی یاسایی و مەدەنییانەیان دەدایە هەمان سیستەمی دەسەڵاتیش. پاش ئەمە، ئەو دەستەی کە لێدانەکە بە دەسەڵات «جێبەجێدەکات» و لە دەسەڵاتێکی بیناکەرەوە دەیکاتەوە بە زەبر و توندوتیژی، «زەمانی دەسەڵات»یش دەگۆڕێ بۆ سەر ئاستی زەمانی فەرمانگەیەکی سەربازیی و وا لە دەسەڵات دەکات کە لەسەر ئیقاعی عەریفێکی سوپا، بە جەندرمەکانی بڵێت: «هێرش بەرن، لێپرسینەوە نییە»، «گوناهەکانیان مەژمێرن، سزایان بۆ ببڕنەوە»، و «گوێ لە پاکەکانیان مەگرن، لەسەریانبدەن»!

(٣)

ئەم تێگەیشتن و کارکردنە بە چەمکی «لێدان» تێگەیشتنێکە، هەروەکو پێشتر نووسیم: سیاسەت لە ئاستی ئیدارەکردنی یاسایی وڵاتەوە دادەبەزێتە سەر ئاستی دەستێکی بەزەبر، کە بۆی هەیە لە هەر فرسەتێکدا لێمانبدات و خودی وشەی «سیاسەت» لە مانا بنەڕەتییەکەی بەتاڵدەکاتەوە. لەبەرئەوە من پێموایە چەمکی «لێدان» لە سیاسەتی هێزە کوردییەکاندا، هەروەکو چەمکی «تێوەگلان» و «پڕوپاگەندەبۆکردن» و «تۆمەتدانەپاڵ» و «ناو و ناتۆرە بۆ دروستکردن» و «پاشقوللێگرتن»، بە پلەی یەکەم زادەی قۆناغی شاخاوییانەی سیاسەتە. واتە قۆناغێ کە هێشتاکو شار/دەوڵەت (Polis)مان نییە تا سیاسەتیش بووبێتە (پۆلیتیکا. politika) واتە بووبێتە مەسەلەی «بەڕێوەبردنی دەوڵەتشار و ئیدارەی بە تەگبیری کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەگەڕخستنی ئاوەز و هووشیارییەوە»، وەک ئەوەی لە یۆنانی کۆندا باوبوو. ئەمەش لەبەرئەوەی سیاسەت لە شاخدا مانەوەی خۆی لەسەر لێدانی بەردەوامی ئەوانی ترەوە دابیندەکات و دەتوانم بڵێم لەم ئاستەشدا هێشتا نەبۆتە سیاسەت، ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لە قۆناغی لێدان و زەبربەکارهێناندا ماوەتەوە و زیاتر لەوەی پلانێکی عەقڵانی بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان، بریتییە لە پەرچەکردارێکی غەریزی و عەفەوی مرۆڤ لە ئاست ئە مەترسییانەدا کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. شاخ، وێرای هەموو لایەنە ئیجابییەکانی دیکەی، شوێنێکە مرۆڤ تیایدا بە پلەی یەکەم گەشەدەداتەوە بە غەریزەکانی خۆی، نەک بە ئاوەز و فەنتازیا خوڵقێنەرەکانی و ئەمەش لە سیاسەتدا، لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ئیمانهێنان بە پرنسیپی لێدان و بۆسەنانەوە و هێرشبردن و تێوەگلاندنی ئەوانی ترەوە، تەعبیر لە خۆی دەکات. لە کاتێکدا سیاسەت لە «شار»دا، پێش هەموو شتێک بریتییە لە (ئاڵوگۆڕ، واتە: کۆمیونیکەیشن)ی نێوان لایەنە بەشداربووەکان لە ئیدارەی کۆمەڵگادا.

«سیاسەت وەک لێدان» لەسەر فیکرەی نەفیکردن و پەلوپۆخستن و سڕینەوەی ئەوانی ترەوە بەندە، لە کاتێکدا «سیاسەت وەک ئاڵوگۆڕ» بریتییە لە قبوولکردنی ئەوی تروەک لایەنێکی یەکسانی

بەشداربوو لەو گفتوگۆیانەدا کە دەبێت بۆ باشتر ئیدارەکردنی کۆمەڵگا لە ئارادابن. لە سیاسەتێکدا کە لە سەر پرنسیپی «لێدان»ـەوە بچێت بەڕێوە، مەساحەیەکی گەورەمان هەیە لە ترس و ڕەهاییگەری و وەستان، چونکە هەمووان دەترسێن لێنەدرێن، لەبەرئەوە هەموو لە شوێنی خۆیاندا دەوەستن! بەڵام لە سیاسەتێکی ئاڵوگۆڕئامێزدا (communicative)، مەساحەیەکی بەرفراوانمان هەیە لە نیسبییەت، ئازادی و جیاوازی و جوڵە و بەردەوامی، چونکە هەمووان دەیانەوێ بەشداربن لە گۆڕانکاریدا بە بێئەوەی بیانەوێ حەق تەنیا بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. لێدان وەک میکانیزمێکی سیاسی، بوونی تاکەکان پووچدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی بوونی ئەو بوونەوەرە بێمتمانە بەخۆیەی، کە هیچ عەشقێک و دڵخۆشبوونێکی بە کارەکەی خۆی نییە و بوونی ئەو (وەک فەردێکی بکەر و داهێنەر) بچووکدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی مووچەخۆرێکی ئاسایی کە لە کار و ژیانی خۆی وەڕسە. لە کاتێکدا سیاسەت وەک ئاڵوگۆڕ، تاکەکان لە مووچەخۆری «ڕۆبۆت ئاسا» و ملکەچ و تۆقێنراوەوە دەکاتە ئەو مرۆڤەی کە هەر بە هۆی بەردەوامیی کارکردنەوە ناسنامەی خۆیان بینادەکەن و گەشە بە کەسایەتی خۆیان دەدەن و ڕەونەق بۆ دەوڵەت و دەسەڵات دەگێڕنەوە.

(٤)

بەڵام یەکێ لە گەورەترین ئەو زیانانەی کە سیاسەتی لێدان دروستیدەکات و پێش هەموو شتێ بەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆشیدا دەشکێتەوە، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و بێماناکردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە تا ساتی پێش لێدانەکە ئیشیان بۆ کرابوو، بەدەستهێنرابوون و خوڵقێنرابوون. سیاسەتی لێدان، دێت تاکو هەموو ئەو وزەیە بەکەم بگرێ و فڕێیبدات و تفیبکاتەوە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانە سەرفمانکردبوو... «لێدان» دێت تاکو دیوارێکی ئەوتۆ دروستبکات کە نەتوانین بەو دەستکەوتانەوە سەرکەوین بەسەریا و خۆمان لە تەنگەژەکەمان ڕزگاربکەین بۆ ئەودیو... بەم پێیەش «لێدان» گێڕانەوەی ئیقاعی ئیشکردنە بۆ سەر پلەی سفری جوڵە، بۆ وەستان و دەستپێکردنەوە لە ئاستێکەوە کە تەنانەت نزمتریشە لەو ئاستەی ڤاری یەکەم دەستمان پێکردبوو... هەموو لێدانێک لەدەستدانی وزەیەکی ئەوتۆیە کە هەرچەند ماوەی هەستانەوەمان کورت و خێراش بێت، هێشتا ناتوانین بە هەمان ڕێژەی وزەی پێشووەوە دەستپێبکەینەوە. ڕاستە کەسی لێدراو، گروپی لێدراو یان توێژی لێدراو، لێدانەکەی بۆ دەبێتە «ئەزموون» و شوێنی سوودلێوەرگرتن. وەلێ ئەوان دەبنە خاوەنی «یادەوەرییەکی تاڵ»یش لەسەر هەمان ئەو ئەزموونە، کە هەموو جارێ بە بیرکردنەوە لێی وەک «ئەزموونێکی تاڵ»، بەشێکی زۆر لە وزەی مەعنەوی و جەستەیی دەڕوات.

کەواتە لێدانی سیاسی هەر ڕووداوێک نییە بۆ ساتەوەختێکی کورت لە ژێر کاریگەری و ئیغرابوونی دەسەڵات بە «دەستە نایارەکە»، ئیشی خۆی بکات و دەستی خۆی بوەشێنێ و هەڵچێت و پاشان هەوڵدات بارودۆخەکە نۆرمالیزەبکرێتەوە، پەشیمان ببێتەوە و تەنانەت داوای لێبووردنیش بکات. لێدانی سیاسی وەستانێکی درێژخایەن، کەئابەیەکی ناخۆش و مالیخولیایەکی پێچاوپێچ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە پێویستی بە «ئیرادە»ـەی گەورەی گروپی لێدراو، کەسی لێدراو یان توێژی لێدراو هەیە تا بتوانێت حەکایەتەکەی، ماجەرا و بەسەرهاتەکەی، ئەوەی لە کاتی لێدانەکەدا بەسەری هات، لە «بیرەوەرییەکی تاڵ»ـەوە بگوێزێتەوە بۆ سەر ئاستی «ئەزموونێکی بەسوود» و بەردەوامبێت دەستپێدەکاتەوە و بە ئامادەیی خۆی لە ناو دەسەڵات و کۆمەڵگادا، ڕێبگرێت لەو دەستە ئیغراکەرەی کە هەمیشە دەیەوێت دەسەڵات نابینابکات لە ئاست جەوهەری بنیاکەرانەی خۆیدا... ئەزموونی شکست لە ژیانی مرۆڤی خاوەن ئیرادەدا، بەو وێرانە کاتییە دەچوێنم کە پاش ماوەیەک دەبینین وا خەندەکی خانووێکی نوێی، بە نەخشەیەکی تازەوە لەسەر هەڵکەندراوە گوڵ و لاسکەگیا سەوزەکانی ئەو ناوەش مژدەی باخێکی خۆش ڕادەگەیەنن...

(٥)

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا: ئێمە تێگەیشتین کە مانای لێدانی باوک بۆ کوڕ، جیاوازە لە مانای لێدانی سیاسییانەی حیزبێک بۆ ئەندامان و دەزگاکانی خۆی، یاخود بەرامبەرەکانی، یان نەیارەکانی و توێژەکانی کۆمەڵگا... بەڵام ئایا لە هەڵوێست و لێکدانەوەی ئێمەدا سەبارەت بە بارودۆخی لێدراوەکان، دەبێت چ جیاوازییەکی بەرجەستە هەبێت؟ بە مانایەکی دیکە: ئایا ئێمە بۆمان هەیە چ پەرچەکردارێ لە ئاست ئەو باوکەدا وەربگرین کە بە ناوی باوکایەتییەوە لە کوڕەکەی خۆی دەدات و دەبێت پەرچەکردارمان چی بێت لە ئاست ئەو لایەنە سیاسییەدا کە سیاسەتی لێدان جێبەجێدەکات؟

بە بڕوای من لە ئاست بارودۆخی یەکەمدا، کاری ئێمە لەوە زیاتر تێپەڕناکات کە «ناڕەزایی» بەرامبەر بە کردەوەی باوکەکە دەرببڕین و لایەنگری لە کوڕەکە بکەین. ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ڕەخنەگرتنمانەوە لەو شێوازی پەروەردەکردنە، باوکەکە ناچاربکەین کە دەست لەو کارە ناشایستەیەی هەڵبگرێ، بەبێ ئەوەی بتوانین ئەمەی بەسەردا بسەپێنین، بە مانایەکی دیکە: ئێمە دەتوانین ئامادەیی خۆمان لە بەرامبەر ئەو دیمەنەی کە تیایدا باوکێ لە کوڕەکەی خۆی دەدات، بکەینە «ئامادەییەکی چالاک» تاکو بتوانین باوکەکە بە خۆمانەوە سەرگەرمبکەین، تا ئەوکاتەی توڕەییەکەی دەنیشێتەوە و دەست لە لێدانی کوڕەکەی هەڵدەگرێ. یاخود لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین «پەیمانێ» لە باوکەکە وەربگرین کە چیدی لە ڕێگەی لێدانەوە پەیوەندی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەستنیشاننەکات، چونکە ئەو پەیوەندییە ئاستێکی نایەکسان و نامرۆڤانەی هەیە و هتد... هەموو ئەمەش مانەوەیە لە ناو ئەخلاقناسیی «کانت»یانەدا، واتە ئێمە بەو جۆرە ڕەفتار دەکەین، کە ڕەفتارەکەی ئێمە ببێتە بنەمایەکی ئەخلاقیی بۆ گشت مرۆڤایەتی و لەم حاڵەتەشدا خۆزگەی ئەوە بخوازین ڕۆژگارێ بێت باوکان دەست لە لێدانی کوڕەکانیان هەڵبگرن. بەم مانایەش ئێمە ناتوانین نۆرمێک، یان یاسایەک بەسەر باوکەکەدا بسەپێنین کە خۆمان پێمان خۆشە، بەڵکو دەتوانین لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ڕەفتاری ئەوەوە لە ئاست کوڕەکەیدا، یەکەمخۆمانی لێجیابکەینەوە، دووەمیش: شێوازێکی دیکەی ڕەفتارکردنی پێبناسێنین و ئاواتەخوازبین کە ئەمەی دواییان پەسەندبکات و لێدان نەکاتە ڕێگاچارەیەک بۆ پەروەردەکردنی کوڕە لاسارەکەی!

کەواتە ئێمە لەم بارودۆخەدا، ڕەفتارێک ڕەتدەکەینەوە، بەوەی خۆمانی «لێبەدووربگرین»، بەوەی «خەسڵەتە بەدەکانی» ئاشکرابکەین و واجار بەوەی «ناڕەزایی» لە ئاستدا دەرببڕین. کاری ئێمە لەمە زیاتر ناتوانێ تێپەڕبکات، ئەگەر بمانەوێ ڕەفتارەکەمان ببێتە سەرمەشق. چونکە هەر هەنگاوێکی دیکە بەرەو بەکارهێنانی زۆر و هێز، ئەو هەنگاوە ڕەفتارەکەی ئێمەش دەخاتە ڕیزی ڕەفتاری باوکەکەوە.

(٦)

سەبارەت بەوەی دەبێت پەرچەکردارمان لە ئاست ئەو لایەنە سیاسییەدا چی بێت، کە سیاسەتی لێدان جێبەجێدەکات، مەسەلە تەواو جیاوازە. ئێمە لێرەدا ناتوانین هەر بە ناڕەزایی دەربڕین و خۆزگەهەڵخواستن و دوعاکردن بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕەفتاری خۆی لە ئاست کەسەکان، دامودەزگا و گروپەکان و تەنانەت نەیارەکانیشیدا بگۆڕێت، دڵمان خۆشبکەین کە گوایە ئەرکی خۆمان جێبەجێکراوە، هەڵەیەکی گەورەیە بێدەنگیی خۆمان بەوە پاساوبدەینەوە، کە گوایە ئەو کەسەی، یان ئەو دەزگایەی لێیدراوە و تەجمیدلکراوە، هی حیزب خۆیەتی و ئێمە بۆمان نییە قسەی تیا بکەین. ئەرکی ئێمە بەوەش تەواو نابێت بەیاننامەیەکی توند دەربکەین و ئەو ڕەفتارە مەحکومبکەین، کە دەسەڵات لە ژێر کاریگەریی دەستە ئیغراکەرەکاندا، بەرامبەر کەسان و لایەنەکان دەینوێنێ. بەڵکو

ئەرکی ئێمە بریتییە لە «هەڵوێستوەرگرتن لە ئاست جەوهەری دەسەڵات» خۆیدا وەک دەسەڵاتێکی بیناکەر و ڕێکخەری یاسایی، کە ئیدارەکردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی لە سەر شانە. پێویستە هەمیشە «جەوهەری سیاسییانە»ی دەسەڵات بە بیری پراکتیزەکارانی دەسەڵات و دەسەڵاتداران بهێنینەوە و بەردەوام جەخت بکەینەوە سەر ئامادەیی ئەو مەشروعییەتەی کە پێویستە لە هەموو ڕەفتار و جووڵەیەکی دەسەڵاتدا هەبێت، تاکو نەبێتە دەسەڵاتێکی زەبروزەنگاوی و وێرانکار. چونکە دەسەڵات لە جەوهەری سیاسییانەی خۆیدا شتێ نییە، ئێمە بتوانین بە هۆی دوعا و ئاواتخواستنەوە، نەهێڵین بەرەو وێرانکاری هەڵخلیسکێ، یاخود وەک ئەو باوکە تەماشایبکەین کە بە مقاش کەوتبووە ئاوێزی کوڕەکەی خۆی و بمانەوێ بە تکا و ڕجا دەستی پێهەڵگرین! بەڵکو دەسەڵات شتێکە پێویستە ئێمە بەردەوام لە ڕێگەی بیرخستنەوەی جەوهەرەکەیەوە، کە پراکتیزەکردنی سیاسەتە (Politika)، یاخود وەک ئەرستۆ گوتویە: هونەری ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانییە، دروستیبکەین و بەرهەمیبهێنین و بەرجەستەیبکەین.

بە مانایەکی دیکە: کاری ئێمە هەر تەنیا ناڕەزاییدەربڕین و نواندنی ڕەفتارێکی نموونەیی نییە لە ئاست هەڵخلیسکان و ساتەکانی زەبری دەسەڵاتدا و بەجێهێشتنی بەو ئومێدەی خۆی بێتەوە سەر ڕێگەی دورست. بەڵکو کاری ئێمە بریتییە لە هەڵوێستوەرگرتن لە دژی ئەو زەبرە وەک مەسەلەیەکی بنەمایی بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵێ پرنسیپ کە بڕوامان پێیان هەیە و دەتوانین بیسەلمێنین کە بەسوودن بۆ کۆمەڵگاکەمان. چونکە لێدانی باوک لە کوڕەکەی خۆی هەرچەندەش کارێکی بەد و زەبراوی بێت، لە بارودۆخی خێزانێک و چەند کەسێ زیاتر ناشێوێنێ و ناتوانێت شیرازەی هەموو کۆمەڵگا تێکبدات. بەڵام لێدانی زەبرئاسا و شاخاوییانەی دەسەڵات بۆ ئەندامەکانی خۆی، بۆ گروپەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دامودەزگا مەدەنی و یاساییەکان و هتد...، پێش هەموو شتێ شێواندنی شیرازەی سەرجەمی کۆمەڵگایە، ئەگەرچی ماوەی لێدانەکەش کەمبخایەنێت و زۆر شاراوەش بێت.

ئەوەی ئێمە پێویستە هەڵوێستی لە ئاستا وەربگرین، پرسیارە لەو پێناسەیەی کە دەسەڵات پێشت لەسەر خۆی بەرهەمیهێنابوو، شانازی پێوەدەکرد و دەیکردە دەرسێکی قوتابخانە و لە ڕاگەیاندنەکانییەوە بانگەشەی بۆدەکرد. واتە ئەو پێناسەیەی کە دەسەڵاتی وەک وزەیەک بۆ بەڕێوەبردنی یاساییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری وڵات و وەک پارێزەری مافی تاکەکان (بەو حوکمەی تاکەکان هاووڵاتین لەو کۆمەڵگایەدا کە دەسەڵاتەکە دەیبات بەڕێوە) دەناساند. چونکە ئەگەر دەسەڵات لە ڕێگەی پرۆسەی لێدانەکانیەوە و بەبێ هیچ پاسادانەوەیەکی یاسایی و مشروع، هەمیشە ئامادەبێت بەسەر ئەندامانی مۆمەڵگا و دامەزراوەکانەوە ببێتە زەبروزەنگی لێدان، ئەوە جەوهەری سیاسییانەی خۆی دەدۆڕێنێ و ئەو کاتەش ڕۆژگاری زێڕینی دەستە ئیغراکەر و هەڵخلیسکێنەرەکان دەستپێدەکات تاکو لەنو شاردا، لەناو ژیانی مەدەنی و بەبەرچاوی دروشمەکانی یاساوە، لەسەر شەقام و ناو باخچە و چێشتخانەکان، غەریزە شاخاوییەکان خۆیان پیادەبکەن.

من پێموایە ئەرکی ئێمە وەک هاووڵاتی و ئەندامی ئاسایی کۆمەڵگا، وەک پیشەیی و پسپۆڕ، وەک ڕۆشنبیر و ڕۆژناموون، وەک سیاسەتمەدا و داوەر و هتد...، بەرگریکتدنی بەردەوام بێت لە جەوهەری سیاسییانەی دەسەڵات و ڕەخنەگرتنی هەمیشەیی بێت لە سیاسەتی لێدان. لەبەرئەوەی تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین «سیاسەتێکی ئاڵوگۆڕخواز» بەرهەمبهێنین و سنوور بۆ ئەو دەستە پڕ لە زەبوانە دابنێین کە لە پشت سەر ئێمەوە بە بێ گوێدانە ئاساییشی گشتی و ڕێزگرتن لە یاسا و تەبایی کۆمەڵایەتی، دەکەونە فسکەفسک بەگوێی دەسەڵاتداراندا و لەو ڕێگەیەشەوە دەسەڵات دەکەنە هۆکارێک بۆ جێبەجێکردنی غەریزە تێکدارەکانی خۆیان و لە ئاست پەیڕەوکردنی یاسادا نابینای دەکەن.

هەولێر، ٢٠٠٠/٨/٣

# کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا
## (بەشی چوارەم)

## نووسینی: گارا

**فوتوریزم**

جوڵانەوەو کات و ووزە

نیشاندانی جوڵاندنەوەو کات و خێرایی بەیەکەوە لەکارێکی هونەریدا ناوەڕۆک و ئامانجی گروپی هونەری فوتوریزم بوو «Futurism»، کە شاعیرو نوسەری ئیتالیایی فیلیپۆ تۆماسۆ مارێنێتی «Filippo Tommaso Marinetti» «1878-1944» ڕابەری سەرەکی و خاوەنی بیرۆکەکەی بوو. فوتوریزم وەک ڕەشەبایەکی توندو تیژ و کورت لە ئیتالیاوە سەریهەڵدا و کاریکردە سەر ئەودوای هونەرمەندان و نوسەرانی وڵاتە ئەوروپییەکان، وەکو بیرۆکە لە ساڵی ١٩٠٨ دا لەلای مارێنێتی دروستبوو، بەڵام لە ساڵانی ١٩٠٩ و ١٩١٠ دا وەکو مانیفێست بە چەند زنجیرەیەک بڵاوبووەوە. یەکەمین و گرنگترین مانیفێستیان ئەوەبوو کە لە ٢٠ ـ ٢ ـ ١٩٠٩دا بە یازدە خاڵ لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی فەرەنسی لافیگارۆدا بڵاویکردەوە، پاشانیش جارێکی دی لە ڕۆژنامەی «Poesia» لە میلانۆی ئیتالیا بڵاوکرایەوە. بەمپێیە ڕۆژی ٢٠ی ٢ ساڵی ١٩٠٩بە یەکەم ڕۆژی ئاشکرابوونی فوتوریزم لە مێژووی هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا دادەنرێت.

فوتوریزم لە بنچینەدا پرۆژەیەکی ئەدەبی بوو. پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٩ دا هەندێ هونەرمەندی بەناوودەنگی ئەوسای ئیتالیا بیرۆکەکەی مارینێتییان پەسەندکردو لە دەوری کۆبوونەوە. ئەوەبوو لەساڵی ١٩١٠دا بە مانیفێستێکی تایبەتی بەشداری هونەری شێوەکاریان لە پرۆژەکەی مارێنێتیدا ڕاگەیاند. ئەو هونەرمەندانەش ئەمانە بوون. « ئەمبەرتۆ بۆچینی Umberto Boccioni»«١٨٨٥ـ ١٩٤٧» «جینۆ سەفەرینی «Gino Severieni» ١٨٨٣ ـ ١٩٦٦ لۆگی روسۆلۆ Lugi Russolo» «١٨٨٥ ـ ١٩٤٧» «کارلۆ کارا Carlo Carra» «١٨٨١ ـ ١٩٦٦» «جیاکۆمۆ بالا Giacomo Balla» «١٨٧١ ـ ١٩٥٨» .

فوتوریزم وەک وەڵامدانەوەیەکی مارێنێتی و ئەو هونەرمەندانەی دی بۆ بارودۆخی ئەوکاتی ئیتالیا هاتە گۆڕێ. بەڵام ئەوان زۆر توندوتیژو سەرپەڕانە بانگهێشتی ڕوخانیان ڕاگەیاندبوو، دەرهەق بە دواکەوتوویی ئیتالیا خۆیان بە لێپرسراو دەزانی. و بڕوایان وابوو بۆ ئەوەی ئیتالیا لەو حاڵەتە دواکەوتوویە ڕزگاریببێت، دەبێ گشت دابو نەریتە کۆنەکان، وەکو سیستمی پەروەردەکردن، دانیشگاکان ، ڕێبازە ئەکادیمییەکان لە ئەدەب و هونەردا، تا دەگاتە مۆزەخانەو کتێبخانەکانیش بڕوخێندرێن. بە مەبەستی دووبارە بونیادنانەوەی و نوێکردنەوەی ئیتالیا. ئەوان ئەوی دەم وەکو بازاڕێکی فرۆشتنی لەنگەو شتی کۆن و ئەنتیک تەماشای ئیتالیایان دەکرد.

بەحوکمی ئەو هەستە نیشتمانپەرست و نوێخوازەیان، کە لەسەر باوەڕێکی پتەو بە نوێکردنەوەی ئیتالیا بونیادنرابوو، گەلەک توند لەگەڵ دیدی مۆسۆلینیدا تەبا سازان، بگرە مارێنێتی لە بیرۆکەی ڕوخاندندا لە مۆسۆلینی تیژڕەوتر و سەرپەڕتر بوو. چونکە لای مارێنێتی دروشمی سەرەکی ڕوخاندن و هەمیشە ڕوخاندن بوو، بەڵام لای مۆسۆلینی بیرۆکەی بیناکردنەوەشی لەتەکدا بوو. بەم

پێیە لە ڕوانگەی سیاسییەوە ناکرێت فۆتۆریزم لە فاشیزمی ئیتالیایی جیابکرێتەوە، بگرە ئەوان لە ئاستێکی قووڵتریشدا کاریاندەکرد کە ئاستی ئەدەب و هونەر و فیکر بوو. لە بۆ داڕشتنی دیدی فوتوریستانەیان سوودێکی زۆریان لە فەلسەفەی سوپەرمانگەرای نیتشەو فەلسەفەی برگسۆن وەرگرتبوو. تەواو دژی هەستی لاوازو ڕۆحی سستی بوون لە مرۆڤدا، ئەم دژایەتیانە بەرەو جێگایەکی هێند تەسکی بردن، دژی خۆشەویستی و ئەڤینی ئافرت وەستانەوە، حەزیان بە چارەی ئافرەت نەدەکرد، پێیان وابوو خۆشەویستی پیاو سست و لاوازدەکات و ئەوەشیان دژ بە ئامانجەکانی فوتوریست لەقەڵەمدەدا. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە فوتوریستەکان ئەگەرچی خۆیان شێوازی تیرۆر و چەکیان نەگرتەبەر، قەناعەتی تەواویان بەوە هەبوو مرۆڤ دەبێت گیانی شەڕانگێزی لە خۆیدا بچێنێت، نەترس بێت، لەگەڵ جەنگدا بێت، بەردەوام ڕۆحی «خەتەر» لە خۆیدا سەوزبکات، هەردەم لە دۆخی پەلاماردان و هێرشدا بێت.

جارێکیان مارینێتی لەسەر تەختی یەکێک لە شانۆکانەوە قسە بۆ خەڵک دەکات و پرەنسیپەکانی فوتوریزمییان بۆ شیدەکاتەوە، گوێگرەکان هێندە توڕەدەبن، دەیدەنە بەر تف ولەعنەت و دەکەونە شوشەبارانکردنی. ئەوکات مارینێتی دەڵێت : «من ئەمەم دەویست، واملێکردن دارو شوشەم تێبگرن، شەڕانگێزبن و گشت پرەنسیپەکانی فوتوریزم پەیڕەوبکەن».

جگە لەو مانیفێستە سەرەکییەی کە باسمانکرد فوتوریستەکان، چەندین مانیفێستی تریان بڵاوکردەوە، لەوانە مانیفێستێکی تایبەت بە مۆزیک، یەکێکیش تایبەت بە ئەدەب و هونەر و یەکێکیش تایبەت بە شێوەکارو مانێفێستێکیش بۆ تەکنیک. ئەم مانیفێستەی دواییان بایەخێکی بێوێنەی بۆ هونەرمەندە شێوەکارەکان هەبوو، چونکە ئەوان بڕوایان وابوو کە ئامڕازە نوێکان کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ هەیە، لاشیان گرنگ بوو هەستەکانی مرۆڤ بۆ کۆمەڵێک هەستی میکانیکی بگۆڕن، ئەو گۆڕانکارییەشیان بە جۆرێک لە پێشکەوتن تەماشادەرکرد، لێرەشەوە بە پێویستیان دەزانی تەکنیک و پیشەسازی پێشبکەوێت. ئەوان گوێیان لە جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتی دەگرت کە هەستی تەکنیکی بدایەتە گوێگر، جۆرە مۆسیقایەک کە خشەخش و جیکەجیکی ئامێرەکانی بگەیاندایە، هەموو ئەم جۆرە پرەنسیپانەشیان لە مانیفێستی تەکنیکدا ڕوونکردبووەوە.

تاساڵی ١٩١٢، ناوبانگی فوتوریزم لە ئیتالیا نەچووبووە دەرەوە، بەڵام کە هێرفارت فالدنی دەرهێنەری گۆڤاری «شتورم» لە بەرلین کەوتە پاڵپشتیکردنیان و لەوێ پێشانگایەکی بۆ کارەکانیان ڕێکخست، ئیدی دەرەوەی ئیتالیاش بە فوتوریزم ئاشنابوو. ئەوەبوو هەمان پیشانگا لە لەندەن، پاریس، دەنهاخ، ئەمستەردام، کۆلن، هەروەها لە نەمساو ئونگارو سویسراش نیشاندرا و کاریکردە سەر گەلەک هونەرمەندی ئەوروپی دیکە، وەکو دیلۆنی، کۆبکا، فرناند لیژی، مارسیل دۆشا، پیت مۆندریان و چەندین گروپی فوتوریستی دیکە لە بەریتانیاو ئونگارو پۆلۆنیا. بەڵام دەبێت بڵێین ئەو گروپە فوتوریستیانەی دی هیچیان هێزی فوتوریزمی ئیتالییان نەبوو.

ئەوەی لێرەدا مەبەست و خواستی منە، دەرخستنی فوتوریزمە لە بواری هونەری شێوەکارد، واتە چۆنێتی بەرجەستەبوونی «وزە، خێرایی، جوڵاندنەوە و کات» پێکەوە لە کارێکی هونەری شێوەکاردا، هەروەها ڕەنگدانەوەی سەرجەمی بیروبۆچوونەکانی مارینێتی لای هونەرمەندە شێوەکارە فوتوریستەکان.

نیشاندانەوەی جوڵان و خێرایی و کات لە تابلۆی هونەرمەندێکی شێوەکاری فوتوریستدا، وەک شێوە لە ژێر کاریگەری کارە کوبیستەکاندا بوو، بەڵام وەکو ڕەنگ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەمپرسونیستەکانەوە، بە تایبەت قۆناغەکانی دوای ئەمپرسونیسیزم و هەندێ لە کاری فوفیستە فەرەنسییەکان و تەعبیرییە ئەڵمانییەکان. بۆ ئەوەی جوانی جوڵاندنەوەو خێرایی ببینرێت، هونەرمەندانی فوتوریست، هەندێجار شێوەکانیان تێهەڵکێشدەکرد، هەندێجاریش شێوەکان بەسەریەکدیدا ڕەسمدەکران، بە شێوەیەک لەهەندێ جێگادا یەکبڕیی «تقاطع» دروستبکەن، هەموو ئەوەش بۆ گەیاندنی هەستی جوڵاندنەوە بوو، لە هەندێ وێنەشدا بۆ دەرخستنی کات و خێرای هەمانشێوەیان لە نزیک یەکدی وێنەدەکرد و دووپاتیاندەکردەوە.

گەر هاتوو کاری فوتوریستەکانمان بەوچاوەوە خوێندەوە وەک ئەوەی هەوڵیاندابێت شێوەکان شیبکەنەوە، ئەوا بەمە هەڵەیەکی دژواردەکەین، لە ڕاستیدا مەبەستی فوتوریستەکان لە وێنەکردنی ئامرازی مۆسیقیی و هەندێ ئامرازی تەکنیکی دیکە، وەکو پاسکیل و تەلەفون و بیناو پرد و شەقام، بەوەفایی ئەوان بۆ بەستنەوەی کارەکانیان بە شارستانییەت و کۆمەڵگای پیشەسازییەوە ئاشکرادەکات «هەروەک چۆن لە بنەما و پرەنسیپە فیکرییەکانیاندا هەبوو«، هەربۆیەش کارەکانی فردیناند لیژی کاریگەرییەکی بینراوی لەسەر فوتوریستەکان هەبوو. فوتوریستەکان گۆڕانی بنەڕەتییان لە شێوەو ڕەنگدا نەکرد، بەڵکو سوودیان لەسەرجەمی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە وەرگرت بۆ نیشاندانی وزەو جوڵاندنەوەو خێرایی لە تابلۆو پەیکەردا.

**کوبۆفوتوریزم**

هونەرمەندە فوتوریستەکانی دەرەوەی ئیتالیا فوتوریستییان وەک خۆی دووپات نەکردەوە، بەڵکو تێکەڵیانکرد بە دەرەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان لە بواری نوێکردنەوەی شێوەدا، هەروەکو لای هونەرمەندانی ڕوس «کازیمیر مالیفیچ Kasimir Malewitsch »و «ناتالیا گۆنجارۆڤاNatalia Gontscharowa» دەبینین. ئەوان هێندەی لە ٨ ی ٣ی ١٩٠٩ دا بەیاننامەکەی مارینێتیان بە ڕوسی لە ڕۆژنامەی «ڤێچا Wetsche» دا خوێندەوە، کەوتنە بەر کاریگەرییەکی قووڵییەوە، ویستیان چەند کارێک دروستبکەن کە تیایدا خێرایی و جوڵە نیشانبدەن، بەڵام ئەوەیان بە شێوەیەکی کوبیزمانە ئەنجامدا، لێرەوە ئەو کارە هونەریانە ناویان لێنرا «کۆبۆ ـ فوتوریزم».
ئەم هونەرمەندە ڕوسییانە جگە لەوەی پێشتر کارە کوبیستەکانی سیزانیان بینیبوو. ساڵی ١٩١٥ بۆ یەکەمجار لە پێترسبورگ چاویان بە پێشانگایەکی فۆتۆریستەکان دەکەوێت، بە ناوی «ترام وای». لەو کاتەدا چەمکی فوتوریزم وەکو وشەیەکی پێشکەوتوخواز دادەنرا و ئەوان شوێنێکی بالای دەدەنێ و جێگایەکی وەک جێگای جارانی تەعبیرییە ئەڵمانییەکانی پێدەبەخشن. کاریگەری فوتوریزم تەنیا لەلای مالیفیچ و گۆنجارۆڤ نامێنێتەوەو چەندانی تریش دەگرێتەوە، وەک «لۆچۆپۆڤ پۆپۆڤا Ljubow Popowa» «ئۆلگارۆ ڕۆزانۆڤا Olga Rosanova » « ناتاشا ئۆدالتشۆڤا Nadescha Udalzowa» کە لەگەڵ مالیڤیچدا پرەنسیپەکانی فوتوریزمیان لە شانۆدا بەکارهێنا و توانیان شانۆیەکی سەنتێتیستانە Synthetetische Theater دروستبکەن. لە ساڵی ١٩١٦ کازیمیر مالیڤیچ شێوازە سوپەرماتیزمەکەی خۆی تێکەڵاو بە فوتوریزم کرد کە بووە هۆی زیاتر ناساندنی فوتوریزم لە ڕوسیا.

**ڕایۆنیزم** ـ Rayonism

ڕایۆنیزم هێند لە کوپۆ فوتوریزم جیاناکرێتەوە، بگرە بە شێکە لەو شێوازە هونەرییە، چونکە هونەرمەندانی دروستکەری ڕایۆنیزم میشائیل لاریونۆڤ و خێزانەکەی ناتالیا گۆنجارۆڤ لە ژێر کاریگەری شێوازی فوتوریزمدا شێوازێکی نوێیان هێنایە گۆڕێ لە ڕەسمکردندا، کە لە ژێر کاریگەری مانیفێستی فوتوریزمدا شێوازێکی نوێیان هێنایە گۆڕێ لە ڕەسمکردندا کە لە شێوەی تیشک «Ray» دا دەبینرا، تێشکێک لە شەبەنگێکەوە هاتبێتە دەرێ، ئەم شێوازە لە نیگارکێشان ئەبستراکتانەبوو، چونکە وێنەی هیچ شتێکی واقیعی تیا نەدەبینرا. تیشکە بە یەکداچووەکان لەم تابلۆیانەدا پتر پێدەچوو لە خەیاڵی هونەرمەندەوە هاتبێتنە دەرێ، زۆریش ڕوکەش و بێ دیدگا«منظور» بوون.
لە ساڵی ١٩١٢ دا لاریۆنۆڤ مانیفێستی ڕایۆنیزمی بڵاوکردەوە، تیایدا هیمەتی خۆی بۆ ڕزگارکردنی شێوەکان لە واقیع ڕاگەیاند. ڕایۆنیزم کەسی ئەوتۆی لە خۆ کۆنەکردەوە، جگە لە دوو

هونەرمەندی ناوبراو، ڤلادیمیر تاتلینیش لێیان نزیکبووەوە، بەڵام شایەنی باسە تاتلین، جێگایەکی ئەوتۆی لەم شێوازەدا جێنەهێشت. لە ساڵی ١٩١٤ دا کە هەردوو هونەرمەند ڕوسیایان بەجێهێشت و سەفەری فەرەنسایان کرد، کار لە شێوازی ڕایۆنیزمدا کۆتاییپێهات.

## چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری فوتوریست

**جیاکۆمۆ بالا** Giacomo Balla

ئەو لە نێو فوتوریستەکاندا لە هەموویان بەتەمەنتر بوو، پتر لە ڕۆما دەژیا نەوەک لە میلانۆ کە وەک «مەڵبەندی فوتوریزم» ناسرابوو. لە تابلۆ زۆر بە ناوبانگەکانی تابلۆی «سەگێک لە ڕۆیشتندا» کە ساڵی ١٩١٢ دروستیکردبوو. بالا لەو وێنەیەدا چەندین جار قاچەکانی سەگێکی لە نزیک یەکەوە دووبارەکردبووەوە، بە جۆرێ شێوەی تایەیەکی وەرگرتبوو و هەستی جوڵان و ڕۆیشتنی لای بینەر دروستدەکرد، شایەنی باسە کە کارەکانی بالا بەر لەوەی بچێتە ڕیزی فوتوریستەکانەوە، گەلەک شاعیریانەو نازک و لە توندوتیژی بە دووربوو.

**گینۆ سەڤەرینی** Cino severinie

سەڤەرینی لە پاریس دەژیا، زیاتر خۆشی بە کاری کوبیزم دەهات و پتر لە گەڵ ئەوەندا گونجابوو، نەوەک فوتوریستەکان. سەرەتا کاریگەری پاریس و ژیانی شەوانەی ئەوێ بە کارەکانییەوە دەبینرا، بەڵام کە تەواو ئاشنای فوتوریزم بوو، ئیدی لە تابلۆکانیدا پەڵەڕەنگی خێرای بەکاردەهێنا تا لەو ڕێگایەوە هەستی جولاندنەوەیان تیا بسازێنێت، ئەو بەلایەوە گرنگ بوو لە ڕێگای ئیشەکانییەوە بیسەلمێنێت ئەو دژی ئیتالیای چەرخی نۆزدەیەو زیاتر پێشکەوتنی بۆ وڵاتەکەی دەوێت.

**کارلۆ کارا** carlo carra

گرینگی کارلۆ کارا لەوەدا بوو کە بووە پردێک لە نێوان فوتوریزم و فیکرەی «پیتورا میتافیزیکای Pittura Metafisica» دی گریکۆ. لە ساڵی ١٩١٢وە کارەکانی کارلۆکارا فاکتەری خێرایی تێکەوتبوو، ئەم کاریگەرییە ئیشەکانی کارلۆ کارای بەرەو کاری سێ ڕەهەندی برد و لە کاری پەیکەرسازیی نزیکیکردەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩١٦ وە کارلۆ کارا تەواو بڕوای بە پیتۆرا میتافیزیکای گریکۆ هێناو بووە یەکێ لە پەیڕەوانی.

**ئەمبەرتۆ بۆچیۆنی** Umberto Boccioni

ئەمبەرتۆ بۆچیۆنی هەموو هونەرمەندە فوتوریستەکانی تر بە هەڵپەو گەرموگوڕتر بۆ فوتوریزم کاریدەکرد، لە هەموویانیش زیاتر لە مارینێتیەوە نزیک بوو. خاوەنی لایەنە تیورییەکەی فوتوریزم بوو لە هونەری شێوەکاردا. کارەکانی بۆچیۆنی بەرلەوەی ببێتە فوتوریست ئەبستراکت بوون، پەیکەرەکانی درێژکراوەی پەیکەرەکانی ئەمپرسیونیزم بوو، بە تایبەت کارەکانی «داردۆ ڕۆسۆ Dardo Rosso». بەڵام پاشان دەستکارییەکی بنەڕەتیانەی کێشە سەرەکییەکانی ناو هونەری پەیکەرتاشی کردو ئەم هونەرەی لە گەلەک پێوانەی ئەکادیمییانە ئازادکرد. ئەو هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ داڕشتنی بنەماکانی پەیکەرتاشی نوێ. نمونەکانی بۆچیۆنی، بوون بە بەرچاوترین کاری پەیکەرتاشی

فوتوریستییانە، هەر خۆشی مانیفێستی پەیکەرتاشی فوتوریستیانەی داڕشت، ئەو مانیفێستەی زۆر لە مانیفێستی فوتوریستیانە بۆ وێنە گرنگتر بوو. بۆچیۆنی لە ئەنجامی قوولبوونەوەی زۆردا لە هونەری فوتوریستییانەدا گەیشتە دۆزینەوەی شێوازی پەیکەری جوولاو « الاسلوب المتحرک». ئەو لە بیناکردنی کارەکانیدا هەر مادەییەک بگونجابایە لەگەڵ بابەتەکەیدا بێ سڵکردنەوە بەکاریدەهێنا، زۆرجار شوشەو قژ و دار و بەردی دەلکاند بە کارەکانییەوە، گرنگترین شت لای ئەوە بوو پەیکەرێک دروستبکات هەستی جوولاندنەوەو خێرایی بداتە بینەر.

بۆچیۆنی نەوەک تەنیا وەک شێوازی هونەری، بەڵکو وەکو کاراکتەریش فوتوریست بوو، ئەوەبوو لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداریکردو برینداریش کرا، دواتر مردنەکەشی هەر فوتوریستیانە بوو، کاتێ لە کاتی ئەسپسواریدا و لە گەرمەی غاردا بەربووەوەو مرد.

هەرچەند جەنگی جیهانی ڕۆڵێکی گەورەی لەکۆتاییهێنان بە فوتوریزمدا بینی، بەڵام ساڵی ١٩١٩ مارینێتی خۆی بە ڕستەیەکی بە ناوبانگ کۆتایی بە فوتوریزم هێنا کاتێک گووتی « سیاسەت خۆی بەسەر هونەردا سەپاند..». گەرچی مارینیتی و مۆسۆلینی بۆ یەک ئامانج کاریاندەکرد، بەڵام مارینیتی بە هەڵەیەکی گەورەدا چووبوو کاتێک باوەڕی بەوەهێنا کە دەشێت سیاسەت و هونەر بەیەکەوە کاربکەن، ئەگەرچی ئامانجەکانیشیان هەمان شت.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان فوتوریزم و بزاوتە هونەرییەکانی تردا سەرەنجیبدەین، ئەو جیاوازییە گەورەیەیە سەبارەت بە پەیوەندی بە کولتوورەکانی دەرەوە، لە کاتێکدا کوبیزم و فوفومیزم و ئەکسپرسیونیزم لە دیالۆگدا لەتەک کولتوورەکانی دەرەوەدا سەریانهەڵدا و گەورەبوون، فوتوریزم ڕێبازێکی تەواو خۆرئاوایی بوو، بگرە لای ئەوان ئیتالی لەپێش هەموو ئەوروپاشەوە بوو، وشەی «ئیتالیا» لای ئەوان لەسەروو وشەی ئازادیشەوە بوو.

فوتوریستەکان تەواو بیریان لای ڕوخاندنی داب و نەریتە کۆنەکان بوو. ئەخلاق و دین جێگایەکی ئەوتۆ گرنگیان لە جیهانی ئەواندا نەبوو. هەرچەند وەکو بیروڕای سیاسی فاشیستی بوون، بەڵام ناکرێت ئەوان لە دیدێکی سیاسی ڕووتەوە هەڵسەنگێنین، چونکە بەر لە هەر شتێک هونەرمەندبوون و تەنیا بە تیورەو کاری هونەری و لە ڕێگای سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەوە، بە چەکی مۆزیک و تابلۆو شانۆ کاریاندەکرد.

کاراکتەری مارێنیتی ڕۆڵێکی سەرەکی لەسەرجەم فوتوریزمدا دەبینی، ئەو چەند جارێک هونەرمەندانی لەسەر حیسابی خۆی دەبرد بۆ پاریس و مەسرەفی چالاکییەکانیانی لە گیرفانی خۆی دابیندەکرد. بۆ هونەرمەندانی فوتوریستی دەرەوەی ئیتالیاش ڕوکاری فاشیستیانەی بزوتنەوەکە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەوان بایەخیان بەو نوێکاریانە دەدا کە بزاوتەکە لەگەڵ خۆیدا هێنای.

فوتوریزم دوای تەواوبوونی لە ساڵی ١٩١٩داو بە ڕەسمی لەسەر دەستی مارێنیتی خۆیدا، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی دوای خۆی بە جێهێشت، ئەم کاریگەرییە لە ئاستی کارتێکەریدا لە هونەرمەندانی کۆبۆفوتوریزم و ڕایونیزمی ڕوسیدا نەمایەوە، بەڵکو لە ئەڵمانیا کاریگەری قووڵی لای «ئۆگۆست مەکە»، «فرانز مارک» ، «لیونیل فایننگەر»، «ئۆتۆ دێکس»، «گیۆرگ گروس» کە ئەوسا لە دەوری گۆڤاری «Sturm» کۆبوبوونەوە بەجێهێشت، بگرە فوتوریزم کاریگەری لەسەر قوتابخانەی باوهاوسیش هەبوو، بە جۆرێک هەندێ لە مێژونووسانی هونەر قوتابخانەی باوهاوس بە درێژکراوەی فوتوریزم لەقەڵەمدەدەن.

لە ساڵی ١٩٨٦دا لە شاری ڤینیسیا پێشانگایەکی گەورەی هونەریی بۆ کارە گرینگەکانی فوتوریزم کرایەوە، ئەم پێشانگایە دەریخست کە کاریگەری فوتوریزم لە دوای خۆی و لەسەر کۆی بەشەکانی هونەر لەوانە مۆسیقاو شانۆش ئێجگار گەورەبووە. ئەم پێشانگایە تەواو ئەوەی ئاشکراکرد کە هونەرمەندانی دوای جەنگی جیهانی دووەم زۆر لە ژێر کاریگەری ناوەڕۆکە فیکرییەکەی مارینێتی دا بوون سەبارەت بە «وزەو جوولاندنەوە». ئەم کاریگەرییە درێژبۆتەوەو تاسەر

کەسانی وەک «لۆچیو فۆنتا« و «کۆرت شڤیتەر» و «یۆزێف بۆیز»یش گەیشتووە. گەر سەیری تەوەرەکانی وەک «کاریگەری تەکنیک لەسەر هونەر» یاخود « هونەرو ژیان» یاخود «هونەرمەندو دەسەلات» بکەین، دەبینین کە سەرچاوەکانی فوتوریزم لەم ئاستانەوە کاریگەرییەکی قوولی لەسەر ئەو هونەرمەندانەی دی جێهێشتووە.

## سەرچاوەکان

1. Volkmar Esser: Klassische Moderne von Matisse und Picasso bis Klee. Herrsching.
2. Karl Ruhrberg: Die Malerei unseres Jahrhunderts.
3. Horst Richter: Geschichte der Malerei im 20 Jahrhundret. Köln, 1985.
4. Thomas Suppe: Über Futurismus und Religion.

ئەم وتارە لە چوارچێوەی سیمینارێکدا لە ژێر ناونیشانی
Gestaltung von Aggression und Gewalt in Psychotherapie und bildende Kunst des 20 Jahrhunderts.
لە (زانکۆی کۆلن)، لە ساڵی ١٩٩٨دا پێشکەشکراوە. شایانی باسە ئەم سیمینارە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (A. von Geraevenitz.) براوەبەڕێوە.

5. H.H: Arnason: The History of modern art.
6. Erich Müller: Moderne Malerei. Sehen und Verstehen.

**دوو تێبینی بۆ ئەو نوسەرە ئازیزانەی بابەت بۆ ڕەهەند دەنێرن:**

**١ ـ تکا لە هەموو ئەو نووسەرانە دەکەین کە بابەت بۆ ڕەهەند دەنێرن، بابەتەکانیان پێشتر لە هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی دیکەدا بڵاونەکردبێتەوە.**
**٢ ـ ڕەهەند تا ئەو ئاستەی بۆیکرابێت، هەوڵیداوە پەیڕەوی ڕێنووسێکی تایبەت بکات. بۆیە بە مافی خۆی دەزانی ڕێنووسی ووتارەکان لەگەڵ ڕێنووسی گۆڤارەدا یەکبخات. گەر دەستکارییەکانیش فۆرمی کورتکردنەوە یان پێشنیاری تری لەخۆیگرت، پەیوەندی بەنووسەرەکانەوە دەکرێت. بۆیە تکا لەو براو خوشکانە دەکەین کە دەیانەوێت ڕەهەند لە داهاتوودا، لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان هیچ جۆرە دەستکارییەکی نووسینەکانیان نەکات و کۆی بابەتەکانیان وەک خۆی بڵاوبکاتەوە، بەنامەیەک لەگەڵ نووسینەکانیاندا ئاگادارمانبکەنەوە.**

**ڕەهەند**

# گەڕانەوە بۆ بناغەی میتافیزیک
# مارتن هایدگەر

وەرگێڕانی لەدەقە عەرەبییەکەوە بە بەراورد بە دەقە ئەڵمانییەکە:
**بەکر عەلی**

دیکارت بۆ پیکۆ کە کتێبی پرنسیپەکانی فەلسەفەی بۆ فەرەنسی وەرگێڕا، دەنووسێت: «هەموو فەلسەفە وەکو درەختێک وایە، ڕەگەکەی میتافیزیکیایە و قەدەکەشی فیزیک، ئەو لقانەشی لەقەدەکەی دەبنەوە بریتین لە زانستەکانی تر... »(دیکارت، چاپی ئادەم و تنری. بەرگی نۆهەم، لاپەڕە ١٤)

بەپێی ئەم وێنە ڕوونکەرەوەیە، ئێمە دەپرسین : ڕەگی درەختی فەلسەفە لە چ زەوییەکدا خۆی دەبینێتەوە؟ لەچ بناغەیەکەوە ڕەگەکان و لەڕێی ئەمیشەوە هەموو دەرختەکە خۆراک و هێزی پێویستی گەشەکردنی خۆی وەردەگرێت و بەدەستی دەهێنێت؟ ئەو توخمە پەنهانەی ناو زەوی چییە کە دەچێتە ناو ڕەگەکانەوەو تیادەژی ، ئەو ڕەگانەی پاڵپشتی درەختەکە دەکەن و گەشەی پێدەکەن؟ چییەتی «ماهیة» میتافیزیک لە کوێدا خۆی متکردوەو لە کوێشدا خۆی دەبزوێنێت؟ میتافیزیک لە ڕوانین لە بناغەکەیەوە چییە؟ بە شێوەیەکی گشتی بناغەی میتافیزیک چییە؟ بریتییە لە بیرکردنەوە لە بوونەوەر وەک بوونەوەر. لەهەر کوێیەکیشدا پرسیار لە بوونەوەر بکرێت ئەوا بوونەوەر وەک ئەوەی هەیە دێتە بەر دیدەمان. وێناکردنی میتافیزیکیش بۆ ئەم بینینە قەرزارباری «ڕووناکی بوونە». خودی ڕوناکییش کەبیرکردنەوە وەک ڕوناکی ڕایدەگەیێنێت، ئیدی لەناو بواری بینینی ئەو بیرکردنەوە میتافیزیکییەدا نەماوە. چونکە میتافیزیکیا هەمیشە بوونەوەری وەها پێناسەکردوە کە بەتەنیا بوونەوەرەو بەس.

لەم دیدەگایەشەوەیە کە بیرکردنەوەی میتافیزیک بەشوێن بن و بنچینەی بوونەوەرو بەشوێن کانگای ڕووناکیشدا دەگەڕێت. بەڵام خودی ڕووناکیش تەواو وەک ڕووناکی بەخشێک وایە، هەر ئەوەندەی زانیمان، ئێمە کاتێک تەماشای بوونەوەردەکەین ئەوا لەڕێی ئەوەوە تەماشادەکەین.

ئەو شێوازەی کە هەمیشە بوونەوەری پێ لێکدراوەتەوە، هەرچییەک بووبێت. چ گیان «ڕۆح» بێت بەپێی ڕێبازی گیانپەرەوەران، یا مادە بووبێت بەپێی ڕێبازی مادەگەری، چ وەک گۆڕانبوون «صیرورة» و ژیان، چ وەک هزرو ویست، چ وەک جەوهەر «سوبستانس»، چ وەک بابەت «زوبێکت»، چ وەک توانست «ئینێرگی»، یاخود وەک گەڕانەوەی هەمیشەیی هەمان شت، «العودة الابدية Ewige Wiederkehr des Gleichen» لەهەر یەکێک لەمانەدا بوونەوەر وەک بوونەوەر لەبەر ڕووناکی بووندا دەردەکەوێت. لەهەر کوێیەکیشدا میتافیزیک بوونەوەر وێنابکات ئەوا لەویادا بوون ڕووناکدەکاتەوە، ئەوا بوون گەیشتۆتە ناو خۆئاشکراکردنەوە و بووە بە ناپەنهان «Unverborgenheit». بەڵام دووشت هەن هێشتا ڕووننەبوونەتەوە، داخۆ بوون ئاشکراییەک و ناپەنهانییەکی لەو جۆرە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوەو چۆن؟ ئایا بەو پێیەی خۆی میتافیزیکە خۆی لەناو میتافیزیکدا ئاشکرادەکات؟ وە چۆن؟

بوون لە جەوهەرە ئاشکرابووەکەیدا، واتە لە هەقیقەتی خۆیدا بیری لێنەکراوەتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک میتافیزیک وەڵامی پابەند بە بوونەوەر دەداتەوە، بە ئاشکرا دەربارەی شاراوەیی بوون دەدوێت «١». لێرەوەیە دەشێت هەقیقەتی بوون بەو پێیەی کە ڕەگی درەختی فەلسەفەیە، بەو بناغەیە دابنێین کە میتافیزیک تیا نیشتەجێیەو خۆراکیشی لێوەردەگرێت.

لەبەر ئەوەی میتافیزیک لێکۆڵینەوەیە لە بوونەوەر وەکو بوونەوەر، ئەوا تەنیا بایەخی بەوەداوەو چ ئاوڕێکی لە بوون بەوپێیەی بوونە نەداوەتەوە. بەو پێیەی ڕەگی درەختەکەشە، ئەوا هەموو خۆراکێک کە وەریدەگرێت دەینێرێت بۆ قەدو لقەکان. ڕەگیش بە زەویدا پەلوپۆی لێدەبێتەوە تا درەخت بتوانێت سەری لێوە دەربکات، واتە گەشەبکات و بەجێی بهێڵێت. درەختی فەلسەفەش لەو خاکەوە سەر دەردەهێنێت کە تیایدا میتافیزیک ڕەگی خۆی داکوتاوە. بناغەو زەوی ئەو توخمەن کە ڕەگی درەختی تیا دەژی، بەڵام کە درەخت گەشەدەکات و گەورەدەبێت هەرگیز لەگەڵ خۆیدا زەمینە ڕەگاوییەکەی بەرزناکاتەوە و گەشەی پێنادات، بەڵکو وەک بەشێک لە درەختەکە دەیشارێتەوە، واتە بەپێچەوانەوە ڕەگەکان تەنانەت وردترین ڕیشاڵیشیان ڕۆدەچێتە زەوییەوە. کەواتە بناغە بریتییە لە بناغە بۆ ڕەگەکان و تیاشیدا ڕەگەکان لە پێناوی درەختدا خۆیان لەیاددەکەن. ڕەگەکان هەتا لەو کاتەشدا کە بە شێوەیەکی دیاریکراو خۆیان دەدەنە دەست توخمی زەوی، هەر موڵکی درەختەکان. ڕەگەکان خۆیان و توخمەکەش بۆ درەختەکە تەرخاندەکەن، ئەوان وەکو ڕەگێک ئاوڕ لە زەوی نادەنەوە مەگەر بە لایەنی کەمەوە لەو ڕووەوەبێت کە ژیانیان بە تەنیا لەو توخمەدا گەشەپێدەدەن و هەر لەوێشدا درێژدەبنەوە، توخمیش هیچ کاتێک نابێتە توخم گەر ڕەگەکان لە ناویدا نەژین.

میتافیزیک هێندەی بیری لە بوونەوەر وەک بوونەوەر کردۆتەوە، هێندە بیری لە بوون خۆی نەکردۆتەوە، فەلسەفەش لەسەر بناغەی خۆی خۆی کۆناکاتەوە، بەڵکو ئەو هەمیشە بەهۆی میتافیزیکەوە بناغەی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناتوانێت لەو بناغەیە هەڵبێت و لێیدەربازبێت. هەر بیرکردنەوەیەکیش بکەوێتە سەر ڕێگای ناسینی ڕیشەکانی میتافیزیک، بەو پێیەی کە بۆ بیرکردنەوەیە لە هەقیقەتی بوون «die Wahrheit des Seins»، نەوەکو بۆ وێناکردنی بوونەوەرە تەنیا وەک بوونەوەر، ئەوا ئەو بیرکردنەوەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان میتافیزیکی بەجێهێشتووە. هەڵبەت لە ڕوانینی میتافیزیک خۆیەوە ئەم بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر بناغەی میتافیزیک. بەم ڕوانینە ئەوەی هێشتا وەک بناغە دەردەکەوێت زۆرجار لە کاتی خۆگوزارەکردن و خۆڕاگەیاندندا بریتییە لە شتێکی تر، شتێکی تر کە هێشتا نەگووتراوە، بە پێی ئەوەش جەوهەری میتافیزیک دەبێتە شتێکی تری جیاواز لە میتافیزیک.

بیرکردنەوەیەکی ئاوەهاش کە بیر لە هەقیقەتی بوون دەکاتەوە، ئیدی بە میتافیزیک قایل نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دژی میتافیزیک بیرناکاتەوە. ئەگەر لەسەر ڕۆشنای وێنەکەی سەرەتاش قسەبکەین، ئەوا دەڵێین میتافیزیک ڕەگی فەلسەفە هەڵناکێشێت، بەڵکو زەمینەو بناغەی بۆ خۆشدەکات و زەویش بۆ ئەم ڕەگە دەکێڵێت. کەواتە میتافیزیک وەک سەرەتاگەی فەلسەفە ماوەتەوە، بەڵام دەستی بە سەرەتاگەی بیرکردنەوەدا «Denken» ڕاناگات. ئێمە ساتێک میتافیزیک تێدەپەڕێنین کە بیر لە هەقیقەتی بوون بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین جەخت لەوە بکەین کە میتافیزیک بریتییە لە هەڵسانگاندنی پەیوەندییەکانی بوون و دیاریکردنێکی بنبڕانەی هەموو پەیوەندییەکە بە بوونەوەرەوە بەو پێیەی بوونەوەرە. هەڵبەت ئەم تێپەڕاندنەی میتافیزیک پارسەنگی بەلاوەنانی میتافیزیک نییە، چونکە تا مرۆڤ وەک گیانەوەرێکی ژیر «عەقلانی» «das animal rational» بمێنێتەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا گیانەوەرێکی میتافیزیکییشە «das animal metaphysicum». تاوەکو مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ژیر «عەقلانی» لە خۆی تێبگات، ئەوا بە ووتەی کانت، میتافیزیک گرێدراوی سروشتی مرۆڤ دەبێت. بەڵام گەر بەخت یاریدەی بیرکردنەوەی دا و توانی بگەڕێتەوە بۆ بناغەکانی میتافیزیک، ئەوکات دەبێت ڕێگا بە گۆڕانی جەوهەری مرۆڤیش بدات کە هەمان شێوەو شان بە شانی گۆڕانی میتافیزیک بچێت بەڕێوە.

کەواتە گەر هاتوو لە کاتی پرسیارکردندا لە «هەقیقەتی بوون » قسەمان لە تێپەڕاندنی میتافیزیک کرد، ئەمە مانای بیرمان لە خودی بوون خۆی کردۆتەوە «Andenken an das Sein selbst». ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەش لە بوون، تێپەڕاندنی ئەو دۆخەیە کە تا ئێستا بیر لە بناغەی ڕەگی فەلسەفە نەکراوەتەوە ئەوەشی لە کتێبی «بوون و کات ـ ١٩٢٧ » دا هەوڵی بۆدراوە بریتییە لە گرتنی ڕێگایەک کە ڕێگا بۆ بەزاندنی میتافیزیک خۆشدەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوەی جۆرە بیرکردنەوەیەکی

ئاوەها دەخاتە سەر ڕێ جگە لەوەی لە بیرکردنەوەدایە هیچی دیکە نییە. خودی بوون خۆی و ئەوشێوازەی بیرکردنەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو بوونەدا دەکات، هەرگیز وەک ڕەگەزی یەکەمین و سەربەخۆ لەبەردەم بیرکردنەوەدا دەرناکەوێت. بوون و شێوەی دەرکەوتنی لە بەردەم بیرکردنەوەدا، ڕاچڵەکاندنێکی ئەوتۆ دەدەنە بیری مرۆڤ وادەکەن بیرکردنەوە بوروژێت و بەرەوەی ئەوەی دەبەن کە لە بوونەوە هەڵدەقووڵێت و بیر دەکەنە هاودەنگی بوون بەوپێیەی بوونە.

بەڵام بەزاندنی میتافیزیک بۆچی دەبێت کارێکی هێند پێویست بێت؟

ئایا کێشەکە تەنیا بە پاڵپشتکردنی یەکێک لەم دیسپلینانەی فەلسەفە، کە تاوەکو ئێستا ڕەگێکی هەبووە، بە گۆڕینەوەی بە دیسپلینێکی تری سەرەکیانەتر، دیاریدەکرێت؟ ئایا ئەم کێشەیە پابەندە بە گۆڕینی سیستەمی فێرکردنی فەلسەفەوە؟ نەخێر. یاخود ئەوەتا هەوڵی گەڕانەوە بۆ بناغەی میتافیزیک دەدەین، تاکو ئەو گریمانە بەر فەلسەفییە ئاشکرابکەین، کە تاوەکو هەنوکە فەرامۆشکراوە. ڕاستتر ئەوە ڕوونبکەینەوە کە فەلسەفە هێشتا لەسەر بنکەیەکی جێگیر ڕانەوەستاوەو لەبەر ئەمەش ناشێت ببێتە زانستێکی ڕەها. نەخێر.

ئەوەو یان شتێکی تر کە بە ئامادەبوون «Ankunft» یاخود بزربوون و نائامادەگی «Ausbleiben» هەقیقەتی بوون دەکەوێتە ناو گەمەو مەترسییەوە: نەک هەر دۆخی فەلسەفەو نەک هەر خودی فەلسەفەش خۆی، بەڵکو کێشەکە بریتییە لە دووری و نزیکی ئەو شتەی فەلسەفە لێوەی چییەتی«ماهییەتی» پێویستی خۆی دەهێنێت، هەڵبەتە فەلسەفە وەک وێناکەری بیرکردنەوە لە بوونەوەر وەکو بوونەوەر. ئەوەی پێویستە ئێستا یەکلابکرێتەوە بریتییە لە : ئایا لە توانای بوون خۆیدا هەیە لەڕێی هەقیقەتە تایبەتییەکەیەوە، ڕێگا بۆ پەیوەستی بوون بە چییەتی مرۆڤەوە خۆشبکات؟ یا داخۆ میتافیزیک بە ئاوڕدانەوەی لە بناغەی خۆی، ڕێگە دەگرێت لە پەیوەندی بوون بە مرۆڤەوە لەوەی بگاتە ڕۆشناییەک کە لە خودی ئەم چییەتیەوە دەرچووبێت، ڕۆشناییەک کە مرۆڤ دەخاتە ناو پەیوەستی بوونەوە.

میتافیزیک بەرلەوەی وەڵامی پرسیاری بوونەوەر وەک بوونەوەر بداتەوە، پێشتر هزری بوونی کردووە. ئەو بەبەردەوامی سەبارەت بە پێویستی بوون دەدوێت، کەچی میتافیزیک خودی بوون خۆیی نەخستۆتە زمان، لەبەرئەوەی بیری لە هەقیقەتی بوون و لە هەقیقەت وەک خۆ ئاشکراکردن «Unverborgenheit» و لە چییەتی «ماهییەتی» ئەم خۆئاشکراکردنە نەکردۆتەوە. چییەتی هەقیقەتیش هەمیشە بۆ میتافیزیک تەنیا وەک وێنەیەکی وەرگیراوی لاوەکی دەردەکەوێت، وێنەی هەقیقەتی زانین و هەقیقەتی ئەو کێشانەی بۆمان دەبنە زانین «Erkenntnis».

هەرچۆنێک بێت، لەسەرەتادا دەشێت خۆئاشکراکردن وەک «ڕاستی» بێت لە مانای وشەی«Veritas»دا دەشێت ئەم وشە گریکییە «ئەلیتیا: Alithea» ـ ئاشکرایی، ڕاستی ـ تائێستا ئەو وشە تێبینی نەکراوەبێت کە ئاماژەدەدات بەو چییەتییەی بوون «esse» کە هێشتا بیری لێنەکراوەتەوە.

ئەگەر وابێت، ئەوا ئەو بیرکردنەوەیەی پێناسەی میتافیزیک دەکات هەرگیز ناتوانێت خۆی بگەیێنێتە ئەم چییەتییەی هەقیقەت، چەندێکیش بە گووڕو تینەوە تێبکۆژێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەربارەی فەلسەفەی پێش سوکراتی «Vorsokratisch» لێرەدا کێشەکە بریتیی نییە لە بوژاندنەوەی بیرکردنەوەی هەر یەکێک لە بەر سوکراتییەکان، وە هەر مەبەست و هەوڵێکی لەمجۆرەش بێهوودەو بێمانا دەردەچێت، بەڵکو بە مانایەکی دی شتی داواکراو ئەوەیە، ئاگاییەکی کەم هەبێت لەسەر ئەو ئامادەبوونەوەی چییەتی ئاشکرایی کە تاوەکو ئێستا نەگوتراوە، چونکە بوون هەروا خۆی ڕاگەیاندووە.

هەقیقەتی بوون بە درێژایی مێژووی خۆی، هەر لە ئەناکسیماندەر تا وەکو نیتچە بۆ میتافیزیک بە شاراوەیی مابووەوە. بۆچی میتافیزیک بیر لە هەقیقەتی بوون ناکاتەوە؟ ئایا فەرامۆشکردنی بیرکردنەوەکە بە تەنیا دەکەوێتە سەر چەند جۆرێکی بیرکردنەوەی میتافیزیکی؟ یاخود ئەوە

نیشانەیەکی دیاری چارەنووسی ئەو میتافیزیکەیە کە لە بناغەکەی خۆی دووربکەوێتەوە، چونکە چییەتی بزربوون «خۆشاردنەوە» لەگەڵ دەرکەوتنی ئاشکراییدا بزردەبێت و لەبەردەم ئەو ئاشکراییەدا دەڕەوێتەوە کە لە وێنەی بوونەوەردا خۆی دەردەخات.

لەگەڵ ئەوەشدا میتافیزیک ئێستا بەبەردەوامی و لەبارودۆخی جیاجیاشدا سەبارەت بە بوون دەدوێت و خۆیشی وا دەنوێنێت و جەختیش هەر لەسەر ئەوە دەکات کە پرسیار لە کێشەی پابەند بە بوونەوە دەکات و وەڵامیشیدەداتەوە.

هەڵبەت میتافیزیک هەرگیز وەڵامی پرسیاری سەر بە هەقیقەتی بوونی نەداوەتەوە، چونکە هەرگیز ئەو پرسیارەی نەکردووە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی ئەو لە بوون لە بوونەوەردا وەک بوونەوەر بەرجەستە بووە. میتافیزیک بریتییە لەسەرجەمی بوونەوەرو قسەکردن دەربارەی بوون.

میتافیزیک ناوی بوون دەهێنێت و مەبەستی لە بوونەوەرە وەک بوونەوەر. کێشەکانی میتافیزیک هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەکەونە ناو ئەو لێگۆڕین و لێتێکچوونە هەمیشەییەی لە نێوان بوونەوەرو بووندا هەیە. بێگومان دەبێت ئەم گۆڕینە وەک ڕوداوێک وەربگیرێت نەک وەک هەڵەیەک و بە هیچ جۆرێکیش نابێت بخرێتە ئەستۆی فەرامۆشکاری بیرکردنەوە یاخود ڕاکردن لە دەربڕینی. ئیدی بە هۆی ئەم تێکەڵکردن و گۆڕینەوە پێناسەکە دەگاتە لوتکەی جیاوازی لەو کاتەی کە مرۆ ئەوە ڕادەگەێنێت کەوا میتافیزیک پرسیاری بوون دادەنێت.

واپێدەچێت میتافیزیک بە هۆیی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی لە بوونەوەر هەیبووەو پێشی نەزانیوە، بریتی بێت لەو کۆسپەی کەهەر لەسەرەتاوە ڕێگە دەگرێت لە نێوان مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ بە چییەتی مرۆڤەوە «Menschenwesen». چی دەبێت کە سەردەمی نوێمان بەبزربوونی ئەم پەیوەندییەو بە لەیادکردنی ئەم بزربوونە دیاریکرد؟ چی دەبێت، گەر بزربوونی بوون بەشێوەیەکی تایبەت مرۆڤی نووقمی بوونەوەر کردبێت و مرۆڤی لەهەر پەیوەندییەک بە چییەتی خۆیەوە دوورخستبێتەوەو بەجێیهێشتبێت و لە هەمان کاتیشدا ئەم بەجێهێشتنەش بە شاراوەیی مابێتەوە؟ چی دەبوو گەر ئاوەهابووایە و ئەگەرچی زۆر لە مێژە هەر وابووە؟ چی دەبێت گەر ئەو ئاماژانەی لەوێدا هەن بەو مانایە بێت کەوا ئەم بزربوونە لە داهاتوودا بنبەستتر دەبێت؟

ئایا چ دەرفەتێک هەیە بۆ بیرکردنەوە لەو چارەنووسەی تیاییدا بوون گەشە دەکات و گەورە دەبێت؟ ئایا هێشتا دەرفەتێکی دی هەیە، گەر ئەمە هەڵوێستی ئێمەبێت، کە تیایدا بوون گەشەدەکات و گەورەدەبێت؟ ئایا هێشتا دەرفەتێکی دی هەیە گەر ئەمە هەڵوێستی ئێمە بێت کە تیایدا خۆمان بە ئەندێشە هەڵخەڵەتێنین و نووقمی گەشانەوەیەکی دەستکردانە بین؟ وە ئەگەر فەرامۆشکردنی بوون «Seinverlassenheit » کە لێرەدا باسمان کردووە ڕاستەقینە بێت، ئایا ئیدی لەوێدا دەرفەتێکی تەواو هەیە بۆ بیرکردنەوەیەک کە بەترسێکی ڕەسەنەوە بیر لە بوون بکاتەوە؟ بیرکردنەوە لەوە زیاتر چیدی پێناکرێت، کە ئەم چارەنووسەی بوونی ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ کردۆتەوە، کەسەرەتا بەر لە هەر شتێک بیرکردنەوە لە «بوونلەیادکردن ـ Seinsvergessenheit»یش بەرەو پەرتبوون دەبات؟ «٢» بەڵام بیرکردنەوە چۆن دەتوانێت ئەمە بەدیبهێنێت مادامەکی ئەو دڵەڕاوکێیە چارەنووسسازە بریتییە لە بارو کەشوهەوایەکی دەروونی «Stimmung »؟ چارەنووسی بوون «Seingeschick» لەم دڵەڕاوکێیەدا «Angst » لەگەڵ زانستی دەروونی و شیکردنەوەی دەروونیدا «Psychoanalyse» چی پێدەکرێت؟

ئەگەرشیمانەی ئەوەمان کرد کەوا بەزاندنی میتافیزیک هاوتایە لەگەڵ هەوڵی فێربوونی چۆنێتی بایەخدان بە لە یادکردنی بوون، بە نیازی ئەزموونکردن و قبووڵکردنی ئەو ئەزمونەی لەوەی چەندێک پەیوەندی هەیە لە نێوان بوون و لە نێوان مرۆڤدا، گەر ئەمەمان شیمانەکرد ئەوا پرسیاری «میتافیزیک چییە؟» لەبەردەم لە یادکردنی بووندا لەوانەیە وەک پێویستیترین پێویستی بوون بمێنێتەوە.

کەواتە هەموو شتەکان پابەندی ئەمەن بیرکردنەوە لە کاتی خۆیدا دەبێت بیرکەرەوە «Denkender » بێت. ئەمەش ئەوساتە دێتەدی کە بیرکردنەوەمان لەبری پلەیەکی بەرزی هەوڵدان،

ڕووبکاتە خاڵێکی تری بنەڕەتی. پاشان ئەو بیرکردنەوەیەی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەناسێت، کە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هزرگەریانەیەو ڕۆشنکەرەوەی ئەم ڕێگایەشە، دەبێت جۆرێک لە بیرکردنەوەی جیاواز تەواویبکات کە بە خودی بوون خۆیدا گوزەربکات، تاوەکو بیر لە بیستنی بوون بکاتەوە.

هەموو ئەو هەوڵانە پووچەڵدەکەونەوە کەوا دەکەن بیرکردنەوەی هزرگەریانە، کە تاکو ئێستا میتافیزیکیانەو تەنیا میتافیزیکیانە دەرکەوتووە، کاریگەری و کەڵکی بۆ سەر چالاکی ڕاستەوخۆ لە ژیانی گشتی وڕۆژانەدا هەبێت. تاوەکو بیرکردنەوەمان زۆر بیرکەرەوەتر بێت و گونجاوتریش بێت لە پەیوەندی بە بوونەوە، ئەوا بیرکردنەوەش خۆی بۆ کاری گونجاوی ئەو پاکژدەکاتەوەو بیر لەوەدەکاتەوە کە جێی بیرکردنەوەیەو لەبەرئەوەش بیری لێدەکرێتەوە.

بەڵام کێ بیر لە بیرکراوە دەکاتەوە؟ خەڵکێک داهێنان بکات. ئێمە بیرکردنەوەمان دەخەینە سەر ڕێگایەک کە لێوەی پەیوەندی هەقیقەتی بوون بە چییەتی مرۆڤەوە دەبینرێتەوەو ڕاڕەوێکیش بۆ بیرکردنەوە دەکەینەوە کە ڕەنگە لێوەی بیر لە خودی بوون لە هەقیقەتی خۆیدا بکاتەوە. گەر ئەمەمان کرد، واتە ئەو بیرکردنەوەیەی لە کتێبی «بوون و کات»دا هەوڵمان بۆ داوە بیرکردنەوەیەکە بەم ڕێگایەدا ڕێدەکات. واتە لە خزمەت پرسیاردایە دەرهەق بە «هەقیقەتی بوون».

شتێکی پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین و بیر لە چییەتی مرۆڤ بکەینەوە، چونکە ئەزموونی لەیادکردنی بوون کە هەرگیز باسنەکراوە، پێویستی بە سەلماندنێک هەیە کە شیمانەیەکی یەکلاکەرەوە لە خۆ بگرێت، بە نیازی ئەوەی پەیوەندی بوون بە چییەتی مرۆڤەوە، لە ڕووی ئاشکرایی بوونەوە، بریتییە لە ئاماژەیەکی دیاری بناغەیی بۆ خودی بوون خۆی.

بەڵام ئەو شیمانەیەی لێرەدا دەیگوزەرێنین، چۆن بۆی دەرەخسێت ببێتە پرسیارێکی ڕاشکاو لەبەردەم هەر هەوڵێک بۆ ئازادکردنی پێناسەی چییەتی مرۆ کە لە چەمکی خودگەریی و لە چەمکی گیانەوەری ژێر«das animal Rational»دا درابێت؟ کاتێکیش ئێمە بەتاکە وشەیەک باس لە هەریەک لە پەیوەندی بوون بە چییەتی مرۆڤەوە و پەیوەندی بناغەییانەی مرۆڤ بە کرانەوەوە دەکەین واتە بە تاکە وشەی «ئەوێ ـ Da»ی بوون وەکو بوون. ئەوا بۆ ئەو کایەیەی تێیدا مرۆڤ وەک مرۆڤ هەیە، ناوی «بوونئارا ـ Dasein» مان هەڵبژاردووە. ئەم زاراوەیە ـ تەنانەت لە میتافیزیکاشدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەکارهاتووە کە شیاوی گۆڕینەوەیە بە زاراوەی تر، وەک زاراوەی «دەربوون ـ existentia»، یاخود زاراوەی «ڕاستی ـ Wahrheit» وە «ڕاستەقینە ـ Realität»، هەروەها «بابەتگەری ـ Objektivität» تەنانەت ئەم زاراوە باوەی «بوونئارایی مرۆڤ ـ Menschen Dasein» هەر بە مانا میتافیزیکیەکەی وشەکە بەکارهاتووە. لەبەرئەوە هەر هەوڵدانێک بۆ بیرلێکردنەوە لە کتێبی «بوون و کات» دواجار بە خامۆشبوون و دامرکاندنەوە دواییدێت، تا مرۆڤ لەو بڕوایەدا بێت کە زاراوەی «بوونئارا یان ئارابووم ـ دەزاین» لە بری «هۆشیاربوون ـ Bewußtsein » بەکارهاتووە. هەروەک ئەوەی شتەکە هەروا بە سانایی بریتی بێت لە بەکارهێنانی وشەی جۆراوجۆرو هەروەک ئەوەی ئەو شتە تاک و تەنیایەی لێرەدا ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، بریتی نەبێت لەو شتەی هاندەری خەڵکی بێت بیر لە پەیوەندی «بوون» بە چییەتی مرۆڤەوە بکەنەوە. بەواتای ئەوەی بە دیدی ئێمە بەر لەهەر شتێک پێشکەشکردنی ئەزموونی چییەتی مرۆ، ڕەنگە بەسبێت بۆ جڵەوکردنی باسەکەمان. زاراوەی ئارابوون ـ دازاین جێگەی زاراوەی «هوشیاربوون» ناگرێتەوە، هەروەها جێگای زاراوەی «بابەت/ شت Sache»یش ناگرێتەوە کەوەکو ئارابوون بەکاردەهێنرێت، لەبری ئەوەی مرۆ لەبری زاراوەی هۆشیاربوون هزربیکات. زۆرجار زاراوەی بوونئارا ـ دازاین ـ بە شوێن «Stelle» دەگووترێت، واتە جێ نشینگەی هەقیقەتی بوون، لە ڕاستیشدا هەر دەبێت بەم جۆرە وەربگیرێت و بیریلێبکرێتەوە.

وشەگەلی «بوونئار ـ دازاین» لە کتێبی «بوون و کات» دا و لە لاپەڕە ٤٣دا بەمشێوە گوزارشتە هاتووە؛ چییەتی دازاین«ماهییەتی» دەکەوێتە ناو دەربوونییەوە«Das Wesen des Dasein liegt in

seiner Existenz». «٤» ئەوەی شوێنی قسەو مشتومڕ نییە ئەوەیە کە لە زمانی میتافیزیکدا وشەگەلی «دەربوون ـ Existenz » بەهەمان ئەوشتە دەگووترێت کە دازاینیش مەبەستێتی، واتە هەردووکیان ئاماژەن بۆ ڕاستەقینەی شتێکی هەقیقی، ئیدی لە یەزدانەوە بیگرە تا دەگاتە سەر دەنکە لمێک. واتە مادام ئەو ڕستەیەی سەرەوە ڕووکەش و سەتحییانە تێگەێنراوە ئەوا مەسەلەکە لەوە تێناپەڕێت کە گرانی و قورسایی کێشەکە لە وشەیەکەوە گواستراوەتەوە بۆ وشەیەکی تر، لە وشەی بونئاراوە بۆ وشەی دەربوون. زاراوەی دەربوونیش لە کتێبی «بوون و کات» دا بەتایبەت وەک ئاماژە لەسەر بوونی مرۆڤ بەکارهاتووە.

ئیدی بەم پێیە هەر کات وشەی دەربوون بەدروستی تێگەێنرا، ئەوکات دەکرێت بە کراوەیی بیر لە چییەتی دازاینیش بکەینەوە.

بوون خۆی دەردەخات و خۆیشی پەنهاندەکات، خۆی درێژدەکاتەوەو و دەشچێتەوە ناو خۆی. لە هەمانکاتدا هەقیقەتی بوون لە «بوونئارا ـ دازاین» خۆی ڕاناگرێت، بە ئاسانیش ناتوانێت لەگەڵیدا یەکبگرێت، ئەمەش بەپێی دیدی ئەو جۆرە میتافیزیکیایەی دەڵێت: هەموو بابەتگەرییەک وەک ئەوەی هەیە بریتییە لە خودگەری« alle objektivität ist als solche subjektivität » .

بەڵام لە کتێبی بوون و کاتدا دەربوون «ئێگزستنس» چی دەگەێنێت؟ ئەم زاراوەیە بە جۆرێک لە بوون دەگووترێت، بە تایبەت بوونی ئەو بوونەوەرەی بە کراوەیی بۆ کرانەوەی ئەو بوونەی تێیدا ڕاوەستاوە، ڕادەوەستێت. ئەم ڕاوەستانەش « Ausstehen » لە ژێر ناوی غەم یان پەژارەدا «Sorge » ڕادەگەێنرێت و دەناسرێت. ئەم چییەتییە دەرچووەی دەزاین تەنیا لەڕێێ پەژارەوە دەناسرێت، کەچی پەژارە بەپێچەوانەوە هاوڕێ لەگەڵ ئەودا خۆی ڕاناگرێت، بەڵکو تەنیا لەڕێگای چییەتی «ماهییەت» ـە دەرچووەکەی خۆیەوە خۆی دەناسێت. ئەم لەگەڵدا ڕاوەستانەی کە بەمشێوەیە بەرجستەدەبێت بریتییە لەو ماهییەتە دەرچووەی کە دەبێت بەتەواوی بیریلێبکرێتەوە. . لێرەوەیە چییەتی دەرچووی دەربوون «Existenz» تا هەنووکە تەواو ڕوونەبۆتەوەو دوور لە تێگەیشتن ماوەتەوە، تا مرۆش بەجۆرێک هزیبکات کە گوایە بریتییە لە «دەرەوە ڕاوەستان» و بەس، دەرەوەش بەجۆرێک لێکبداتەوە کە «دوور لە...» هەناوی هاوتایی ڕۆح و هۆش بێت. کاتێکیش بوون ئاوا تێگەێنراوە هەر لەبەرئەوە دەربوون هەر لەسەرەتاوە لەڕێی خودگەریی«Subjektität » و جەوهەرەوە «Substanz » دەناسرێت، لە کاتێکدا دەرەوە « das Aus » دەبێت وەک کرانەوەی «Offenheit» «٥» بوون خۆی لێکبدرێتەوە.

دیارە ئەمە شتێکی سەیرە، کە ئەوەی لەدەرەوەدایە بەندە لەسەر ڕاوەستان لەناو «دەرەوە ـ Aus» و «ئەوێ ـ Da »ی ئاشکرایی ، کە تێیدا بوون خۆی ئامادەدەبێت، مەبەستیش لە دەربوون لە ڕەوتی باسەکەدا ئەوەیە کە لە هەقیقەتی بوونەوە هاتووەو بەرەو ئەویش ئاڕاستەکراوە، کە دەشێت بە مانایەکی جوانتر و دروستتر بە وشەی «لەناودا ڕاوەستان ـ Inständigkeit » ئاماژەی پێبدرێت. هەرچۆنێک بێت دەبێت لەهەمانکاتدا بیر لە ڕاوەستان لە ناو کرانەوەی بوون بکەینەوە، هەروەها بیر لە ئازارەکانی ئەم ڕاوەستانە بکەینەوە لە ناو پەژارەو هانایشی بۆ بەرین، هەروەها لە هەمانکاتدا بیرکردنەوە لە زاڵبوون بەسەر ئەوپەڕی ڕێژەی «بوون بۆ مردن ـ Sein zum Tode » چونکە ئەمانە هەموو پێکەوە لەتەک یەکدا چییەتییە تەواوەکەی «دەربوون» پێکدەهێنن.

ئەوبوونەورەی لەسەر شێوەی «بوونئارا » یاخود «دەربوون» هەیە، بریتییە لە مرۆڤ. بە تەنیا مرۆڤە کە هەبوونی دەرەکییانەی هەیە. بەرد هەیە بەڵام هەبوونێکی دەرەکییانەی نییە. ئەسپ هەیە، بەڵام هەبوونێکی دەرەکییانەی نییە. پادشا هەیە، بەڵام هەبوونێکی دەرەکیانەی نییە، یەزدان هەیە، بەڵام هەبوونێکی دەرەکیانەی نییە. ئەو کێشەیەش کە وادەدوێت و دەڵێت «بەتەنیا مرۆڤ هەبوونی دەرەکییانەی هەیە» بەهیچ جۆرێک ناکاتە ئەوەی تەنیا مرۆڤ بە ڕاستی هەبوونی هەیەو ئیدی سەرجەم بوونەوەرانی تر ناڕاستن و تەنیا دیمەن و هزرێکن و مرۆڤ وێنایان دەکات.

کێشەی «مرۆڤ هەبوونی دەرەکی (ئارایی) هەیە». بەواتای مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە هەبوونی بە کراوەیی ڕاوەستان لەناو خۆ ئاشکراکردندا دەناسرێتەوە. بوونەوەرێکە بەوە دەناسرێتەوە کە لە

بوونەوەیەو لەناو بوونیشدایە. چییەتی بوونئارایی مرۆ ئەوەمان لائاشکرا دەکات کە بۆچی مرۆ دەتوانێت بونەوەر وەک بوونەوەر وێنابکات وە بۆچی دەتوانێت هۆشیاریشی پێ هەبێت. هەموو هوشیاریەک ئەگەرێکی پێشینە گریمانەدەکات و بەشێوەیەکی دەرەکی ئامێزانەش تێگەیشتنێک بۆ بوونی دەرەکی گریمانەدەکات کە گوایە ئەوە چییەتی مرۆڤە. مانای چییەتیش واتە مرۆڤ ئامادەیە مرۆڤ بێت. بەڵام خودی هوشیاری خۆی کرانەوەی بوون دروستناکات و هەر لەوێشەوە نییە کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ کراوەی بۆ بوونەوەر ڕابوەستێت. ئەگەر لە ناو «ڕاوەستان لەدەرەوە» دا بریتی نەبێت لە چییەتی مرۆڤ، ئەوا لە کوێداو لە کوێوە و لە چ ڕەهەندێکی سەربەستدا دەبێت هەموو مەبەستگەراییەکی «Intentionalität» بجوڵێتەوە؟ ئەگەر ئەوە ڕەخساو یەکێک بیری لەوە کردەوە کەوا وشەی بوون«Sein»ی ئەڵمانی دەبێت لەم وشانەی تردا چ واتایەکی تری هەبێت: «هوشیاربوون Bewußtsein» و «بەخودهوشیاربوون Selbst-bewußtsein » ئەگەر ئاماژەنەبێت بۆ هەقیقەتی بوونئارایی ئەوەی لەشێوەی بونئارادا هەیە؟ ئەگەر ماناکەی «خود ـ Selbst » بگرێتەوە، ئەوا ئەمەش خەسڵەتێکە بۆ چییەتی ئەو بوونەوەرەی لە شێوەی بوونئارادا هەیە، بەڵام بوونئارایی تەنیا لەوەدا ڕاناوەستێت کە بریتی بێت لە خود، وە ناشکرێت بەپێی بنەمایەکی لەمجۆرە دیاریبکرێت. پێشتر ئەوەمان خستە ڕوو کە بیرکردنەوەی میتافیزیکی لە بنەمای «جەوهەر»ەوە یاخود لە بنەمای «خود»ەوە «کە هەردووکیان یەکێکن » لە خودێتی مرۆڤ تێگەیشتووە. لەبەر ئەم هۆیە، یەکەم ڕێگا کە لە میتافیزیکەوە بەرەو هەقیقەتی مرۆڤی «بوونئارایی دەرەکیانە» دوورماندەخاتەوە، دەبێت بەسەر دیاریکردنی میتافیزیکیانەی «هەبوونی خودگەرایانە»ی مرۆڤدا بمانبات. «بوون و کات. ٦٤،٦٣ ».

لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارکردن لە بوونئارایی هەمیشە دەکەوێتە ناو خزمەتی تاکە پرسیاری بیرکردنەوەوە، پرسیاری سەر بەهەقیقەتی بوون، بەوپێیەی ئەم پرسیارە بناغەی شاردراوەی میتافیزیکە، ئەگەرچی هێشتاکە خودی ئەم پرسە نەبۆتە تێزێکی ئاشکرا. لەبەرئەوەیە ناونیشانی باسەکە کاتێک هەوڵیداوە ئاماژەبدات بە ڕێگای گەڕانەوە بۆ بنەچەکانی میتافیزیک بریتی نەبوو لە «دەربوون و کات ـ Existenz und Zeit » یان «هوشیاری و کات»، بەڵکو بریتییە لە «بوون و کات ـ Sein und Zeit» ناونیشانێکی ئاوەهاش ناکرێت وەکو شتە باوەکان بیری لێبکرێتەوە. وەک «بوون و گۆڕانبوون ـ Sein und werden »، «بوون و دیاردە ـ Sein und Schein» «بوون و بیرکردنەوە ـ Sein und Denken» وە «بوون و پێویستبوون ـ Sein und Sollen » چونکە بوون لەهەموو ئەم دۆخانەدا دیاریکراودەبێت، هەروەک ئەوەی گۆڕانبوون و دیاردەو بیرکردنەوەو پێویستبوون شتگەلێک بن پەیوەندیان بە بوونەوە نەبێت، لە کاتێکدا وەک ئاشکرایە ئەوانە هیچ نین و سەربەبوونیشن. بوون لە «بوون و کات»دا، جگە لە کات شتێکی تر نییە، بەوپێیەی کات وەک پێشناوێک خراوەتە سەر هەقیقەتی بوون، ئەم هەقیقەتەش وەک چۆن بریتییە لە ئامادەیی بوون ، بریتییشە لە خودی بوون خۆی، بەڵام ئێستا کات و بوون لەبەرچی؟ بیرکردنەوە لەسەرەتاکانی مێژوو، کاتێک «بوون» لە بیرکردنەوەی گریکییەوە هاتەئاراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە گریکییەکان هەر لە زووەوە لە بوونی بوونەور وەک ئامادەگی ئامادەبوو «Anwesenheit des Anwesenden» تێگەیشتبوون. کاتێک ئێمە وشەی« $\varepsilon\iota\nu\alpha\iota$ » ی گریکی وەک بوون وەردەگێڕین، ئەوا وەرگێڕانەکەمان لە ڕووی زمانەوانییەوە دروستە، هەرچەند ئەمە تەنیا گوڕینەوەی چەمەد دەنگێکە بەیەکتری، بەڵام کاتێک خۆمان دەپشکنینەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە ئێمە بیرمان لە « $\varepsilon\iota\nu\alpha\iota$ » وەک ئەوەی لای گریکەکان هەیە نەکردۆتەوە، هەروەها بیرمان لە تێگەی ڕوون و مانای هاوشێوەی ئەو نەکردۆتەوە. کەواتە ئێمە چی دەڵێین کاتێک لە بری وشەی « $\varepsilon\iota\nu\alpha\iota$ » «بوون» دەڵێین، وە لە بری وشەی «بوون» وشەی « $\varepsilon\iota\nu\alpha\iota$ » ی گریکی و وشەی «esse » ی لاتینی بەکاردەبەین؟ لە ڕاستیدا ئێمە هیچمان نەگووتوە. وشە گریکی و لاتینی و ئەڵمانییەکەش لە هەمان شێوازدا بە لاڵی و بێزمانی دەمێننەوە. تا ئەو کاتەی ئێمە سەرقاڵی بەکارهێنانە باوەکانی زمان بین، جگەلەوەی خۆمان فریودەدەین و دەیخەڵەتێنین هیچمان نەکردووە، چونکە بەوە دەبینە گەورەترین دروستکەری شتی پوچگەرا، ئەمەش لە ناو

بیرکردنەوەی مرۆڤدا ڕەوتیکردووەو تاهەنووکەش هەر بەردەوامە.

وشەی « εɪναℓ » مانای ئامادەگی دەگەێنێت. چییەتی« ماهییەتی» ئەم ئامادەگییەش لە ناو قووڵایی ناوە سەرەتاییەکانی بووندا خۆی متکردووە. بەڵام هەردوو وشەی « εɪναɪ » و « ουσɪα » بۆ ئێمە وەک هەردوو وشەی « τɪαρℓ » و « ατɪοστα » بەر لەهەر شت بەم واتایانە دێن: ئامادەبوون« Anwesen » بە شێوەیەکی نەزانراوو پەنهان، هەنووکەیی «Gegenwart» و بەردەوامی «Andauer » کات دەگەێنن. بەیەک وشە واتە «کات» دەگەیەنن. لێرەوە ئیدی بوون وەک ئەوەی هەیە بە هۆی کاتەوە ئاشکرابووە. بەڵام ئەوکاتەی لێرەدا دەبێت بیری لێبکرێتەوە لە میانەی ڕەوتی گۆڕاوی بوونەوەرەوە پێینازانرێت. لەبەرئەوە ئاشکرایە کات چییەتێکی تەواو جودای هەیەو ئێمەش هێشتا لەڕێی تێگەی میتافیزیکەوە بیرمان لێنەکردۆتەوە، تەنانەت ناشبێت بەم شێوەیە بیری لێبکرێتەوە، ئیدی کات دەبێتە پێشناوی هەقیقەتی ئەوبوونەی کە دەبێت خۆی ڕابگەێنێت. وەک چۆن چییەتێکی شاردراوەی لە ناوە دێرینەکانی میتافیزیکای بوونەوە پەیڤیوە. بەهەمان شێوەش لە ناوەکانی دواتریشدا، ئەمە ڕویداوە«٦»، کە بریتی بووە لە گەڕانەوەی هەمیشەیی هەمان شت «ewige Wiederkunft des Gleichen ». مێژوی بوون لەسەردەمی میتافیزیکدا«٧» لەلایەن چییەتییە«ماهییەتە» بیرلێنەکراوەکەی کاتەوە ئامادەبووە، ئەم کاتەش لەپاڵ شوێندا«Raum» نییەو ناشچێتە ڕیزییەوە.

ئەگەر هەوڵێکیش بدرێت بۆ گواستنەوە لە وێناکردنی بوونەوەرەوە وەکو بوونەوەر، بەرەو بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون، دەبێت هەوڵێکی لەمجۆرە کە لەم خۆ وێناکردنەوەوە دەستپێدەکات، بەمانایەکی دیاریکراو هەقیقەتی بوون بنوێنێت. هەر وێناکردنێکی لەم چەشنەش، هێندەی وێناکردنە، لە ڕووی ناچارییەوە، دەبێت وەک چەشنێکی تری بیرلێکردنەوە لەتەواو خۆگەیاندنی خۆیدا کورتبهێنێت. ئەو پەیوەندییەشی کە لە میتافیزیکەوە دەردەچێت و هەوڵدەدات بچێتە ناو هەقیقەتی بوون بە چییەتی بوونەوە، بە تێگەیشتن «verstehen» ناودەبرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا لێرەدا «تێگەیشتن» لە ڕووی ئاشکرایی بوونەوە تەماشایدەکرێت. تێگەیشتنیش پرۆژەیەکە «فرێدراوەتە بەردەم»، واتە کەوتۆتە ناو بوارێکی کراوەوە، ئەو بوارەی کە فرێدراوەتە شوێنێکی کراوەوە تاوەکو شت کە «لێرەدا بوونە» وەکو شت «لێرەدا بوون لە خۆئاشکراکردنەکەیدا» تیایدا دەربکەوێت، ئەو بوارە پێیدەگووترێت «مانا ـ Sinn» «بوون و کات ل، ١٥١». ئیدی بەم پێیە مانای بوون و هەقیقەتی بوون ئاماژەن بۆ هەمان شت.

گریمان کات بەشێوەیەکی پەنهان و شاردراوە پابەندی هەقیقەتی بوونە، ئیدی ئەوسا دەبێت هەموو پرۆژەیەک ڕاشکاوانە هەقیقەتی بوون لە ئامێزبگرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکانیش وێنای تێگەیشتنی بوون بکات، دەبێت وەها باس لە کات بکات وەک ئاسۆی هەر تێگەیشتنێکی شیاوی بوون. «بون و کات. بەندەکانی ٣٤،٣١، ٦٨»

لاپەڕەی یەکەمی پێشەکییەکەی بوون و کات بەم ڕستانە تەواو دەبێت: پێشکەشکردنی کارێکی کۆنکرێتی سەبارەت پرسیارکردن لە مانای «بوون» مەبەستی ئەم باسەیە، وە ڕاڤەکردنی کات وەک وەک ئاسۆیەکی بۆ هەر هەوڵدانێکی شیاو لە تێگەیشتنی بوون ئامانجێکی کاتییەتی.

بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرا لەسەر توانای لە یادکردنی بوون ئەوەیە کە هەموو فەلسەفەیەک دەکەوێتە ناوی. ئەمەش بۆتە داوایەکی چارەنوسیانەی بیرکردنەوە لە کتێبی «بوون و کات» دا و هەرواش ماوەتەوە، فەلسەفەش بەسانایی نەیتوانیوە بەڵگەیەکی ڕوونتر سەبارەت ئەم لەیادکردنەی بوون پێشکەشبکات، ڕوونتر لەوەی کە بەڵگەیەکی بنەبڕی ئەوتۆی پێداوین بە ڕادەیەک لەو پرسیارە تاقانەو ڕاستەقینەی کتێبی «بوون و کات» لە خۆی گرتووە بێئاگایکردوین.

ئیدی ئەوەی لێرەدا توشی مەترسی دەبێت زنجیرەیەک بەدحاڵیبوون نییە لە کتێبی «بوون و کات» بەڵکو وازهێنانمانە لە بوون. میتافیزیک پرسیار لە: بوونەوەر چییە وەک ئەوەی بوونەوەرە، دەکات. ئەو گووتەیەکمان سەبارەت بوونەوەر بۆ دەهێنێت. ئەو ناونیشانەشی دواتر هاتە ئاراوە کە بریتییە لە

«ئۆنتۆلۆگی»، چییەتی ئەوە دەستنیشاندەکات، بەو پێیەش کە ئێمە لەڕێی ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەیەوە ناسیومانە« نەوەک بە مانا قووتابخانەییە بەرتەرسکەکەی» ئەوا میتافیزیک لە ناو کایەی « ονηον » بوونەوەر وەک بوونەوەردا دەجوڵێتەوە. ئەو پێناسەی بوونەوەر وەکو بوونەورە دەکات، بەوشێوەیە میتافیزیک وێنای پێناسەی بوونەوەر وەک ئەوەی بە تەواوەتی هەیە دەکات. ئەو «هەبوونێتی هەبوون ـ die Seinheit des Seinden» پێناسدەکات، بەڵام میتافیزیک بە شێوەیەکی دوولایەنی پێناسەی «هەبوونێتی هەبوون» دەکات: جارێک سەرجەمی بوونەوەر وەک ئەوەی لە مانای ڕوخسارە گشتیەکەیەوە دیارە « δυ χαϑδλου ، χοιυδυ » وێنادەکات، بەڵام لە هەمانکاتشدا جارێکی تر سەرجەم بوونەوەر وەک ئەوەی لە مانای بوونەوەری باڵادا هەیە وێنادەکات، واتە «بوونەوەری یەزدانی» « δν χαϑσλου، αχℓδτατου » خۆئاشکراکردنی بوونەوەر وەکو بوونەوەر لەم شێوە دوولایەنەدا، بەشێوەیەکی تایبەت لە میتافیزیکی ئەرستۆتالیسدا هەیە. لەبەرئەوەش میتافیزیک پێناسەی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەکات، ئەوا هەردوو لایەنەکە دەبنە یەکشت، کە بریتییە لە هەقیقەتی بوونەوەر لە شێوە گشتییە باڵاکەیدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بریتییە لە ئۆنتۆلۆگی لە مانا تەسکەکەیدا، واتە بریتییە لە تیۆلۆگی. ئەم چییەتییەی «ئۆنتۆ ـ تیۆلۆگی Onto - theologie» بۆ فەلسەفەی سەرەتا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگایەی تیایدا بوونەوەر « δν » وەکو بوونەوەر « δν » دەردەکەوێت.

کارەکتەری تیۆلۆگیانەی ئۆنتۆلۆگی لەسەر ئەوە بەند نییە کە میتافیزیکی گریکی دواتر لەلایەن تیولۆگی کەنیسەیی کریستانییەوە قۆسترایەوەو لەڕێی ئەمیشەوە شێوەیەکەی گۆڕدرا، بەڵکو پتر بەندە لەسەر ئەوە شێوازەی بوونەوەر وەکو بوونەوەر، لەسەرەتای خۆ ئاشکراکردنیدا وەریگرتووە.

ئەم خۆ ئاشکراکردنەی بوونەوەر هەلی بەخشییە تیۆلۆگی کریستیان تاوەکو فەلسەفەی گریکی لە ئامێز بگرێت، جا تیۆلۆگیستەکان چ بۆ چاکە یاخود بۆ خراپە بەکاریانهێنابێت، ئەوانیش لە ئەزموونی کریستیانییەوە ڕێزدەگرن کە لە پەیامەکەی پاولۆسی پێغەمبەرەوە بۆ خەڵکی کۆرنتۆسدا هاتووە، کە گووتویە: «ئەرێ یەزدان واینەکردووە دانایی ئەم جیهانە گەمژەیی بێت؟»«نامەی یەکەم بۆ کۆرنیتیەکان». هەرچۆنێک بێت بەپێی دروستگای «٨»یەکەم، ئایەتی ٢٢ ، دانایی جیهان ئەوەیە کە گریکەکان بەدوایدا وێڵن، تەنانەت ئەرستۆ بەجۆرێکی تایبەت فەلسەفەی سەرەتا بەوەی بەدوایدا وێڵبووە ناودەنێت.

میتافیزیک بەوپێیەی بریتییە لە هەقیقەتی بوونەوەر وەکو بوونەوەر، خەسڵەتێکی دوو لایەنی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو لایەنییە سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت، هێشتا لە ڕووی میتافیزیکیدا بە داخراوی ماوەتەوە، ئەمەش شتێکی هەڕەمەکی نییە و بە تەنیاش بۆ فەرامۆشی ناگەڕێتەوە. میتافیزیک ئەم خەسڵەتە دوو لایەنییەی هەیە، چونکە ئەو بریتییە لەوەی کە هەیە: وێناکردنی بوونەوەر وەک بوونەوەر.

میتافیزیک بێچارە دەمێنێتەوە، ئەو لەبەر چییەتیەکەی « ماهییەتەکەی» خۆی لە ئەزموونی بوون دەردەکەوێتەوە، چونکە ئەو هەمیشە بە تەنیا لەو ڕووەوەو وێنای بوونەوەر دەکات کە بوون وەک بوونەوەرێکی ئەم نیشاندەدات.

هەڵبەت میتافیزیک هەرگیز ئاگاداری ئەوە نەبووە کەچی لە ناو ئەم بوونەوەرەدا هێندەی کە ئاشکرابووە، خۆی شاردۆتەوە. لەبەر ئەوە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی ئەوە بدرێت تا بزانین بوونەوەر « δν » یاخود وشەی (زایندە)ی «Seinde» ئەڵمانی بەچی شتێک دەگووترێت؟ بەم پێیە پرسیارکردن لە بوونەوەر دووبارە هێنراوەتەوە ناو بیرکردنەوەوە «بوون و کات» «پێشەکییەکەی» بەڵام ئەو دوبارەکردنەوەیە بریتی نییە لە دووبارەکردنەوەیەکی ڕووتی پرسیارە ئەفلاتوونی و ئەرستۆیەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە پرسیار لەوە دەکات کە لە ناو هەبووندا خۆی دەشارێتەوە. میتافیزیکیش لەسەر ئەم خۆشاردنەوەیە لە ناو هەبووندا « δν » خۆی دادەمەزرێنێت، مادامەکی ئەو پێناسەی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەکات. ئەو هەوڵەشی هەر بە شوێن ئەو شتەدا دەگەڕێت کە لێرەدا خۆی

حەشاردراوە. لە دیدی میتافیزیکەوە ئەوە بناغەی ئۆنتۆلۆگی ڕادەگەیێنێت. لەبەر ئەمەیە ئەم هەوڵدانەمان لە بوون و کاتدا لاپەڕە« ١٤ » ناوناوە ئۆنتۆلۆگی بناغەیی«Fundamentale Ontologie » کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ناونیشانە وەک هەر ناونیشانێکی تر بە نەگونجاو تەماشاکراوە. بێگومان ئەو لە دیدی میتافیزیکەوە شتێکی دروست دەڵێت، بەڵام لە ڕووی وردەکارییەوە چەواشەکەرە. چونکە ئەوەی ڕوودەدات تەنیا بریتییە لە گواستنەوە لە میتافیزیکەوە بۆ بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون، وە تاوەکو ئەم بیرکردنەوەیە وەک ئۆنتۆلۆگی بناغەیی ئاماژە بە خۆی بدات، ئەوا بەم ناولێنانە ڕێگە تایبەتییەکەی خۆی دەخاتە بەر کۆسپەوەو تەمومژاویشی دەکات. ئۆنتۆلۆگیای بناغەیی بریتییە لە هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون، نەک هەقیقەتی بوونەوەر وەک ئەوەی هەموو ئۆنتۆلۆگیاکان کردویانە. دیارە ئۆنتۆلۆگی بناغەیی خۆیشی هێشتا بریتییە لە جۆرێک لە ئۆنتۆلۆگیا. لێرەوەیە بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون وەک گەڕانەوە بۆ بناغەی میتافیزیک، هەر لەیەکەم هەنگاوییەوە بوار بۆ گشت ئۆنتۆلۆگیایەک دادەنێت. بەرامبەر ئەمەش هەر فەلسەفەیەک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هزری باڵندەگی «Transzendenz» بگەیێنێت، ئەوا ئەویش بەپێویست لە ناو مانا جەوهەرییەکەی ئۆنتۆلۆگیادا دەسووڕێتەوە، جاچ بناغەیەکی نوێی ئۆنتۆلۆگی دابمەزرێنێت، یاخود بخوازێت بەرپەرچی ئۆنتۆلۆگییەکی داڕێژراو بداتەوە کەوەک مانایەکی وشک و ڕەقهەڵاتوو تاقیمانکردبێتەوە.

ئێستاش بە شێوەیەکی ئازادانە، ئەو بیرکردنەوەیەی هەوڵی بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون دەدات، بەوجۆرەی کە لە نەرێتە باوەکەوە سەرچاوەی گرتووە، نەریتی هزرکردنی بوونەوەر وەک بونەووەر، لەم بارەدا بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ گواستنەوە لە هزرکردنەوە «vorstellenden» بەرەو «بیری بیرکەرەوە ـ das andenkende Denken» خۆشکەین، ئەوا هیچ شتێک بە ئەندازەی پرسیاری: میتافیزیک چییە؟ پێویست نییە.

لەوانەی داهاتوودا ڕانانی ئەم پرسیارەش دەمانگەیێنێتە پرسیارێکی تر«٩». ئەو پرسیارەی کە بە پرسیاری بناغەیی میتافیزیک ناودەبرێت، پرسیاری: بۆچی بە شێوەیەکی گشتی بوونەوەر هەیەو ئیدی نەبوون نییە؟ لە میانەی ئەم وانەیەشەوە، خەڵکی دەربارەی دڵەڕاوکێ و نەبوون / هیچ« das Nichts» زۆر دووان، کە ئەم دووانەش لەوانەکەدا هاتوون. کەچی کەسێک نەهاتووە لە خۆی بپرسێت بۆچی دەبێت وانەیەک کە بیرکردنەوە لە هەقیقەتی بوون بەرەو نەبوون دەیجوڵێنێت، لەوێشەوە هەوڵی بیرکردنەوە لە چییەتی میتافیزیک بدات، بۆچی دەبێت ئەم پرسیارە وەک پرسیاری بناغەیی میتافیزیک وەربگیرێت. گوێگری وریا چۆن بۆی دەرەخسێت هەست بە نیمچە گومانێک بکات، گرنگتر بێت لە هەموو ئەو کۆششانەی دژی دڵەڕاوکێ و نەبوون دراون؟ لە ڕێی ئەم پرسیارەی دواییەوە ئێمە خۆمان لە پێش ئەم گومانەدا دەبینیەوە کە پێی وایە، ئەو باسەی هەوڵی بیرکردنەوە لە بوون بدات لە ڕێی نەبوونەوە، ئەوا ئەویش دووبارە ڕووەوە پرسیارکردن لە بوونەوەر دەگەڕێتەوە. جگە لەوەی ئەم پرسیارە خۆیشی بە شێوازێکی میتافیزیکی باو ڕەوتدەکات، چونکە بەوشەی بۆچی «هۆکار ـ کاوسال» دەستپێدەکات. ئیدی ئەو هەوڵەی بۆ بیرکردنەوە لە بوون دەدرێت لە پێناوی ناسینی هزریانەی بوونەوەر لەسەر بناغەی بوون، پووچ دەبێتەوە.

بۆ پتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەش دەڵێین، شتێکی ئاشکرایە کە پرسیاری دوایی بریتییە لەو پرسیارەی کە لایبنتزی میتافیزیکگەر لە کتێبی « پرەنسیپەکانی سروشت و میهری خوداوەندی» دا باسیکردوە و بە «بۆچی شت هەیە و هیچ نییە» دایڕشتووە. کەواتە ئایا وانەکە لە گەیشتندا بە مەبەستەکەی خۆی کورتیهێناوە؟ پاش ئەو هەموو شتە، لەبەر دژواری گواستنەوە لە میتافیزیکەوە بەرەو جۆرێکی تری جیاواز لە بیرکردنەوە، پێدەچێت ئەوە شیاوبێت.

ئایا بەو پرسیارە میتافیزیکیەی لایبنز کۆتایی بەوانەکە بهێنین، کە بریتییە لە پرسیارکردن لە هۆکاری باڵای « die Oberste Ursache» هەموو ئەو شتانەی کە هەن؟

کەواتە لەبەر چی ناوی لایبنز نەهاتووە، کە ناوهێنانی شیاوتردەبوو؟ یان ئەوەیە بە مانایەکی تەواو

جیاواز پرسیار لە کێشەکە کراوە؟ خۆ ئەگەر پەیوەندی بە بوونەوەرەوە نەبێت، بەڵکو گەڕان بێت لە هۆکاری سەرەتایی بوونەوەران، ئەوسا دەبێت پرسیارەکە لەوەوە دەستپێبکات کە بوونەوەر نییە. ئەمە ناو لە کێشەکە دەنێت و بە پیتی گەورەش وشەی «نەبوون ـ das Nichts» دەنووسێتەوە. ئەمەش تاکە بابەتی وانەکەیە. ئێستا پێدەچێت مەبەستی داواکراو لێمان نزیکببوبێتەوە، کە بریتیە لە بیرکردنەوە لە کۆتایی وانەکە، دیارە لە میانەی ئەو ڕوانگەیەوە کە سەرجەمی وانەکە دیاریدەکات.

ئەوەی بە پرسیاری بناغەیی ناومانناوە لە دیدی ئۆنتۆلۆگیای بناغەییەوە، بریتییە لەو پرسیارەی کە لە بناغەی میتافیزیکەوە دێتەدەرو هەر پرسیاریش لەو بناغەیە دەکات. بەڵام گەر وانەکەمان ناچارکرد لە کۆتاییدا بیر لە ئەرکە تایبەتییەکەی خۆی بکاتەوە، ئیدی چۆن لەو پرسیارە دەگەین؟ پرسیاری ئەوەی : لەبەرچی بوونەوەر بەگشتی هەیەو نەبوون نییە؟

بەو پێیەی ئیدی ئێمە لە ڕێی میتافیزیکەوە ناچینە ناو شێوازی میتافیزیکیانەی باوەوە، بەڵکو لە چییەتی و لە هەقیقەتی میتافیزیکەوە بیر لە هەقیقەتی بوون دەکەینەوە، لێرەدا دەشێت ئەم پرسیارە بکرێت: ئەوە لە کوێ هاتووە کە بوونەوەر لە هەموو جێیەک پێشڕەویی هەبێت و مافی بوون بۆ خۆی داوا بکات، لە کاتێکدا ئەوەی بوونەوەر نییە، واتە نەبوون، کە وەک خودی بوون خۆی تێگەێنراوە، بە لە یادکراوی ماوەتەوە؟ ئەوە لە کوێوە هاتووە ئەوەی لەگەڵ بووندایە لە ڕاستیدا بریتی نییە لە نەبوون، هەروەها نەبوونیش لە ڕاستیدا هەبوونی نییە؟ ئایا ئەمە لەوەوە هاتووە کە ئەوەی لە تەواوی میتافیزیکدابە چەسپاوی ماوەتەوە، ئێمە وەک گریمانەیەک وەرمانگرتووە، کە بریتییە لەوەی بوون شتێکی قابیلی تێگەیشتنەو لە ئەنجامیشدا تێگەیشتن لەنەبوون لە بوونەوەر ئاسانتر دەبێت؟ لە ڕاستیدا ئەمە دۆخەکەیە کەسەبارەت بە بوون و نەبوون هەیە. ئەگەر ئەو دۆخەش ئاوەها نەبێت و بەجۆرێکی تر بێت، ئەوا لایبنتز لە جێگەی ناوبراودا بە مەبەستی ڕوونکردنەوە نەیدەتوانی بڵێت : چونکە نەبوون لە هەموو شتێکی ئاسانتر و سادەترە، چی لەوە مەتەڵئاساترە کاتێک دەگووترێت : بوونەوەر هەیە، وەیان کاتێک دەگووترێت : بوون هەیە؟ یاخود ئەوەتا ئەم تێڕامانە خۆشی ناتوانێت لەو مەتەڵەی گەمارۆی بوونی بونەوەری داوە نزیکمانبخاتەوە؟

وەڵامەکە هەرچییەک بێت ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لە ڕێی وانەی « میتافیزیک چییە؟» کە ڕووبەڕووی شالاوێکی زۆر بووەوە، بۆ جارێک لە کۆتاییەکەیەوە بیریلێبکرێتەوە، دەڵێم لە کۆتاییەکەیەوە نەوەک لە شتێکی دییەوە کە بەهزر وێناکرابێت.

**سەرچاوەکان**


دەقی عەرەبی:

العودة الی اساس المیتافیزیقا. فصل من کتاب «ماالمیتافیزیقا؟». ترجمة الدکتور : محمود رجب. دار الثقافة بالقاهرة ١٩٧٤

دەقی ئەڵمانی:

Der Rückgang in den Grund der Metaphisik
Einleitung von (was ist' Martin Heidegger. Vittorio Klostermann GmbH.1998
Metaphysik)

## پەراوێزەکان

١ـ عیبارەکەی هایدگەر لێرەدا دەڵێت « میتافیزیک... لە ڕوانگەی فەرامۆشکردنی بوونەوە وەک کرانەوە دەدوێت». واتە میتافیزیک کاتێک قسە لە بوونەوەر دەکات، ئەوە فەرامۆشدەکات کە قسە لە بوونەوەر هەڵگری قسەکردنە لە بوون و ئاشکرابوونی بوون لە ڕێگای بوونەوەرەوە یاددەکات.

٢ـ لەوەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا دێڕی١٨ ،١٩ی لاپەڕە ٨٣ تەواو نەهاتوون.

٣ـ لە عەرەبییەکەدا بە شێوەیەکی دیکە داڕێژراوە.

٤ـ لەبەرئەوەی بون بریتییە لە خۆئاشکراکردن و خۆنیشاندان و خۆوەدەرخستن بۆ دەرەوە، ئەوا شتێکی شیاوە لەبەردەم هەبوونی مرۆڤدا، زاراوەی دەربوون بەرابەر ـExistenz ـ دابنێین. لەوەوبەر لە جێگای تردا کارمان بەم زاراوەیە کردووە. بڕوانە گۆڤاری بوون ژمارە ١،٢

٥ـ لەوەرگێڕانە عەرەبییەکەدا لەبری کرانەوە بناغە هاتووە، ئاشکراشە جیاوازییەکان گەورەیە.

٦ـ لەدەقە عەرەبییەکەدا ئەم ڕستەیە جۆرێکی ترە.

٧ـ ئەم سەردەمە «Epoche » بریتییە لەسەرجەمی مێژوی بوون. ئەم ڕستەیە کە لە پەراوێزی دەقە ئەڵمانییەکەدا هاتووە، لەگەڵ چەند پەراوێزێکی تریشدا لە دەقە عەرەبییەکەیدا ئاماژەی پێنەدراوە.

٨ـ وشەی دروستگام بەرابەر ە «الاصحاح» ی عەرەبی و کۆریکتوری ئەلمانی، یاخود دروستتر لاتینی بەکارهێناوە، ئەگەر شیاوبێت.

٩ـ لێرەدا هایدگەر ئاماژە بە وانەی «میتافیزیک چییە؟» دەدات، کە ڕاستەوخۆ پاش ئەم وانەیە دێت. لە ڕاستیدا ئەم بابەتەی ئێستا لەبەردەستتاندایە، هایدگەر وەک پێشەکی و ڕوونکردنەوە بۆ ئەو وانەیە نوسیوویەتی.

# پێشانگای ڕەگەزپەرستانە ئەوروپییەکان شەیدادەکات ئینسان لە باخچەی ئاژەڵانی کۆماری داگیرکەر *

**نیکولا بانسێل، باسکال بلانشار، ساندرین لومێر (١)**

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: **ئەحمەدی مەلا**

ئەمە چۆن ڕوویدا؟ ئایا ئەوروپییەکان توانای ئەوەیان هەیە بەرامبەر بە «ئینسان لە باخچەی ئاژەڵان» کە کولتوور و عەقلییەت و ناهۆشیاریی و کۆ ـ پسیشیسییان ئاشکرادەکات، ئیجرائات وەرگرن؟ لە موزەخانەی لۆڤەر، لە پاریس، ئەم دوو پرسیار قووتدەبنەوە.

ئینسان لە باخچەی ئاژەڵاندا کە بە پێشانگای ئێتنۆلۆژیک یا گوندی قولەڕەشەکان دەناسرێتەوە، بابەتی ئاڵۆزن بۆ ئەو وڵاتانەی کە یەکسانی ڕەگەزی مرۆڤ دەخەنە هەرە پێشەوەی گرینگییەکانیان. لە هەقیقەتدا، باخچەی ئاژەڵان بۆ مرۆڤ، بۆ ئەوانەی کە بە «ئێگزۆتیک» (٢) لە قەڵەمدەدران و لە تەنیشت ئاژەڵی کێوی، بۆ سەیر و سەفا لە ناو قەفەز دادەنران، لە بنیاتنانی ئیمپراتۆرە کۆلۆنیالەکاندا دەبێتە سەلماندنێکی ڕوونی جوداوازیی نێوان قسە و کردار.

> «کانیباڵە ئوسترالییەکان بە نێرو مێیانەوە. ڕەگەزێکی کێوین، دەگمەن و غەریبن، شێواو و دڵڕەقن، کە هەرگیز لەمەو پێش مرۆڤ چاوی پێنەکەوتوون. هەرە نزمترین ئاستی ئینسانییەتیش پیشاندەدەن» (٣)

فیکرەی ڕەواجدانی پێشانگای باخچەی ئاژەڵان کە مرۆڤی ئێگزۆتیک بخاتە سەر شانۆ و عەرزیبکات لە گەلێ لە وڵاتانی ئەورووپی، هەر لە ساڵی ١٨٧٠ دا دێتەئاراوە. سەرەتا، لە ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٨٧٤، کارل ئاگینباک ناوێک، کە سەرەتا ئاژەڵی کێوی دەفرۆشت و پاشانیش دەبێتە یەکێ لەوانەی کە ڕەواجی باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤی دەکات و بریاری ئەوە دەدات کە سامۆزا (٤) و لاپۆنەکان (٥) وەکو کۆمەڵگای «تەواو سروشتی» بکاتە پێشانگا بۆ ئەوانەی کە لە دیمەنی سەیر دەگەڕێن لە پێناوی ئەوەی جۆش و خرۆشی نوێ بدۆزنەوە. سەرکەوتنی ئەم پێشانگایە پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی کە هەر لە ساڵی ١٨٧٦ بە دواوە، یەکێ لە یاریدەدەرەکانی بۆ سوودانی میسری ڕەوانبکات، بۆ ئەوەی ئاژەڵ و نۆبییەکان لە گەڵ خۆیدا بهێنێ و پێشانگای تریان پێبکاتەوە. ئەم پێشانگایانەش سەرکەوتنی چاکیان لە سەرتاپای ئەوروپادا بەدەستهێنا، چونکە لە پایتەختەکانی وەکو پاریس و لەندەن و بەرلین سازدەکران.

## بلیتی ملیۆنێ بینەر

بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی وا، بێگومان، کارێکی زۆری کردە سەر یەکێکی وەکو ژێوفری دو سان ـ ئیلێر، بەڕێوەبەری باخچەی ئاووهەوای دەسکرد، دەیویست سەرەرای ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕاکێشێ، هەروەها بارودوخی ئابووری دامەزراوەکەشی پێڕاستکاتەوە. لە ساڵی ١٨٧٧ بریاری ئەوە دەدات دوو «عەرزی ئێتنۆلۆژیک» سازکات کە تیایا نۆبیەکان و ئەسکیمۆکان بە پاریسییەکانی نیشاندات. سەرکەوتنێکی عەجایب بە دەستدەهێنێ. بینەرانی ئەو باخچەیە لە چاو ئەوانەی پێشوو دوو قات دەوستێ، بەم پێیە، ئەو ساڵە ژمارەی بلیتی فرۆشراو دەگاتە ملیۆنێک... پاریسییەکان بە هەڵپە ڕووی تێدەکەن، چونکە ڕۆژنامە گرینگەکانی ئەو سەردەمە، ئەو پێشانگایانە بە «ئاژەڵ گەلێکی سەیروسەمەر لە گەڵ بوونەوەری وەک ئەوان عەجایب» دەکاتە ناونیشانی بابەتەکانیان. لە نێوان ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩١٢، نزیکەی سێ «عەرزی ئێتنۆلۆژیک»ی لەم تەرحە، لە پاریس، لە باخچەی ئاووهەوای دەسکرد دا سازکرا و هەمووشیان سەرکەوتنی چاکیان بەدەستهێنا.

لە شوێنی تریش، هەر خێرا هەوڵی کردنەوەی پێشانگای لەو بابەتە درا و هەندێکیشیان لە دیدەنیگایەکی سیاسییەوە بەکاریاندەهێنا، لەوانە، پێشانگا جیهانییەکانی پاریس کە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨ تا ١٨٨٩ (بە بۆنەی کرنەوەی بورجی ئیڤل کرایەوە) کە «گوندێکی قولەرەشیان» عەرز کرد کە تیایا ٤٠٠ کۆمبارسیان تیایا عەرزکرد کە لە پاڵ ئەوەی ساڵی ١٩٠٠ کە پەنجا ملێون بینەر سەریان لێدا، جێی سەرنجراکێشانی دانیشتوانی پاریس بوون. هەروەها دیورامای (٦) زیندوو لە بارەی مەدەغەشقەر، دواتر، پێشانگا جیهانییەکانی مەرسای، کە لە ١٩٠٦ و ١٩٢٢، هەروها کە لە پاریسیش لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٣١ کرانەوە.

ئەم دامودەزگایانە لە شێوەی گەمە دروست دەبوون هەر وەکو ئەو عەرزە بەرنامەییانەی کە لە شان دو مارس، یا لە فۆلی بێرژێر، یا لە ماژیک سیتی دا سازدەکرێن. هەروەها نیشاندانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە کە لە وڵاتانی داگیرکراو دا ڕوویاندابوو، وەکو ئەوەی شانۆی پۆرت سان مارتان، یا ئەو شەڕە دۆڕاوانەی کە بەهانزان بەرامبەر بە لەشکری فەرەنسی تووشی دێن... نیشاندەدات.

لە پێناوی ڕەواجدانی پێداویستییە ئابوورییەکاندا، دامەزرێنەری ئەم پێشانگایانە دەچنە بەرەوپیری داواکارییەکانی ناوچەکانی تر. بەم پێیە ئاهەنگەکانی گوند و فوارەکانی هەرێمە جوداوازەکانی فەرەنسا دەبنە جێی عەرزکردنی ئەم پێشانگایانە. لە نێو ئەم دینامیزمەدا، تیپی تایبەتی کۆچەر دروستدەبن، لە پێشانگایەکەوە بۆ پێشانگایەکی دی دەچن، ئا لێرەوە زاراوەی «گوندی قولەڕەش» یا «گوندەکانی سەنگیال» واتا وەردەگرێت، وەکو ئەوەی کە لێون، لە ساڵی ١٨٩٤ دا سازکرا. ئیتر، گوند نییە لە فەرەنسا گوێی لەم پێشانگایانە نەبێ. زۆر بە شێنەیی، فەرەنسییەکان بە دیداری ئەو پێشانگایانە شاددەبنەوە. کەس نییە ئیتر، لەو پاش نێوەڕوانە گەرم و خۆشانەدا، لە دەوری ئەو نیشاندانەوەیەکی کۆمپلێتی ئەو ناوچە دوور و کێوییانەدا، کە پڕی لە مرۆڤی سەیر و دەعبای سەمەرن، دوای نوێژی یەکشەمووانە، یا پیاسەی قەراغ دەریاچەکان، شاد و شوکر نەبنەوە.

بە ملێونەها خەڵکی فەرەنسی، هەر لە ساڵی ١٨٧٧ ـەوە تا ساڵانی سی سەدەی بیستەمدا، ئا بەم جۆرە دەچنە پیری ئەویتر. «ئەویترێک» کە دەخرێتە سەرشانۆ و لە قەفەزدا دادەنرێت. جا خەڵکی «غەریب»بن یا ئەندیژێنی (٧) ئیمبراتۆر بن، بە نیسبەت هەرە زۆری فەرەنسییەکانەوە، ئەمە بە یەکەمین کۆنتاکت دەناسرێتەوە کە لە گەڵ «ئەویتردا» دروستیبکەن. ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەم سپێکتاکلانە (عرض) لە دروستکردنی وێنەی ئەویتر گەلێ گرینگە. ئەمەش هاوتەبا لە گەڵ گشت ئەو پرۆپاگەندانەی کە کۆلۆنیالیزم پەخشیدەکاتەوە یەکدەگرێ (چ لە دوو تۆی وێنەسازیدا، چ لە

تێکستەکاندا) (٨) کە بە قووڵی ڕۆڵی دروستکردن و سەقامگیربوونی خەیاڵی فەرەنسییەکان دەدات. سەبارەت بەمەش، ئەم باخچەی ئاژەڵانانەی مرۆڤ هیچ ئاسارێکی لە کۆیادوەریدا جێنەهێشتووە.

سەرهەڵدان و گەشەکردن و بە هەڵپەچوون بۆ باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ لە دەوری سێ دیاردەدا چەق دەبەستێت: یەکەمیان دوستبوونی خەیاڵی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەویتر (داگیرکراو یا نەء)؛ دووەمیان، تیۆریزەکردنێکی زانستیانەی «توێژەکانی ڕەگەزێ مرۆڤ» ئەویش لە ژێر سایەی گەشەکردنی ئەنترۆپۆلۆژی فیزیکی، سێیەمیان، بنیاتنانی ئیمپراتۆرییەتی داگیرکەر کە لەوپەڕی گەشەکردنیدا بوو.

گەلێ پێش تەواو بوونی داگیرکردنەکانی کۆماری سێیەمی ساڵانی ١٨٧٠–١٩١٠ کە بە تەواوی سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە جێگیر دەبێت، لە پاریسدا ئارەزووی ئێگزۆتیسم لە گەشەکردندایە و لە هەمان کاتیشیدا، لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییە جوداوازییەکانیش خیتاب لە سەر «ڕەگەزی» نزم لە خەملاندندایە. بێگومان، دروستبوون شناسنامە هەموو شارستانییەکان بەرامبەر بە وێنە ئەویتر دروستدەبن ـ وەکو ئاوێنە ـ لەو ڕێگایەوە خۆدەبینین و شوێن خۆ لە جیهان دیاریدەکەین.

ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژئاواوە هەیە، هەر لە ئەنتیکیتێیەوە، واتە لە یۆنانێ کۆنەوە، دیاردەیەکی لەم جۆرە سەریهەڵدەدا. (پۆڵینکردنی «بەربەر» (٩) و «مێتێک»ەکان (١٠) بە نیسبەت بە هاوولاتیان)، ئەم فیکرەیە جارێکی تر لە شەڕی خاچپەرستاندا سەرهەڵدەداتەوە، دواتریش لە سەردەمی کەشفە نوێیەکان و حەملەکانی داگیرکردنی سەدەکانی شانزە و حەڤدە. بەڵام تاکو سەدەی نۆزدەم، ئەم وێنەکێشانی ئەویترە لاوەکی بوو، مەرج نییە نیگەتیڤ بووبێت و هەروەها ڕۆنەچووبووە قوڵایی جەستەی کۆمەڵەوە.

لە گەڵ پێقایمکردنی ئیمپراتۆرییەتەکانی کۆلۆنیال، قورسایی وێناندنی ئەویتر لە سیاقی سیاسیدا واتایەکی جوداواز وەردەگرێت، ئەویش هاوشان لەگەڵ ڕەوتی بڵاوبوونەوە مێژووییەکان کە بە دیاردەیەکی نوێ، لە جیهان بە قەڵەمدەدرێت. لەم وەرچەرخانە جەوهەرییە، داگیرکردن دیاردەیەکی بنەڕەتییە، چونکە دەیەوێ بە کورتی دەست بە سەر ئەویتردا بگرێت، کەوی و دەستەمۆیکات و لە کۆتایشدا بینوێنێ (١١).

لە پاڵ «کۆواتاکانی کێوی»، کە ئەویترمان لە شێوەیەکی نێگەتیڤ نیشان دەدا، بوژانەوەێ ئەفسانەی «کێویەکێ باش»یش زیندوو دەبێتەوە، کە پاشماوەی بۆچوونە رۆسۆوییەکانە (١٢)، دیدەنیگایەکی ناشرین لە بارەی میللەتانی «ئێگزوتیک» بەرقەراردەبێت. ئا لێرەوە بە نزمبینینی میللەتانی داگیرکراو دەبێتە میکانیزمی کۆلۆنیال و ئەم وێنەیەش دەکەوێتە ڕەوت. لەم غەزووە ئەندیشەئامێزانەی ئەوروپییانەیە، باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ بە بەدترین حوکمدانی چەواشە دەژمێردرێت کە دژ بە میللەتانی داگیرکراو دروستبوویێت. بەڵگەکان وا لە پێش چاون: ئەوانە کێوین، وەکو کێوی دەژین و هەر وەکو ئەوانیش بیردەکەنەوە. مەسخەرەی مێژووە، ئەو خەڵکگەلەی کە سەرتاپای ئەوروپا (بگرە ئۆقیانووسی ئەتلەسیش) تەی دەکەن، دە ساڵ بەڵکو هەندێ جاریش پانزەساڵ لە وڵات و زێدی خۆ دووردەکەوتنەوە و ئەم بە خستنەسەر شانۆیەیان بەرامبەر بە هەندێ پارە... قبوڵدەکرد. بۆ ئەوانەی کە ئەم عەرزانەیان پێشکەشدەکرد، ئا ئەمە دیوەکەی تری دیمەنی باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤە: کێوی، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، داوای موچە دەکەن ! (١٣)

هاوتەریبیش، ڕەگەزپەرستنێکی میللی شوێن خۆی، چ لە سەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکاندا، چ لە نێو خەڵکدا دەکاتەوە، وەکو باگراوندێکی ئەو دیمەنەی کە غەزووە کۆلۆنیالییەکان دەیکێشن. لە سەرتاپای

میدیا، بە تایبەت لەو ڕۆژنامە باوانەی کە بە وێنە دەرازاندرانەوە، بۆ نموونە (لە پتی پاریزیان یا لە پتی ژورنال) لە بڵاوکراوانەی کە بۆ زانست تەرخان دەکران، وەکو (سروشت یا زانست بۆ پێکەنین)، سەرەرای ئەو گۆڤارانەی کە بۆ سەفەر و دۆزینەوەکان تەرخاندەکران، وەکو، (بە دەوری جیهاندا، یا ڕۆژنامەی سەفەر)، تیایانە میللەتی ئێگزۆتیسم، بە تایبەت ئەوانەی لە ژێر زەبرۆزۆری داگیرکردندا بوون، وەکو پاشماوەی حاڵاتە سەرەتاکانی مرۆڤایەتییان بە قەڵەمدەدا.

ئەو وشەگەلە ئابرووبەرانەش کە بۆ وەسفکردنی کێوێتی بەکاردەهێنران وەکو ـ ئاژەڵایەتی، چێژی خوێنڕشتن، بتپەرستییەکی تاریکئامێز (وثنية ظلامية)، گێلێتییەکی زگماک ـ لە پاڵ وێنەگەلێکدا کە توندوتیژی تیایا زاڵە، تەرحی فیکرەی نیمچەئینسان، ئەو مرۆڤانەی کە لە دوا ناوچە داگیرکراوەکانەوە دۆزراونەتەوە کە لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا (١٤) دەژین، تەرحدەکات.

## ڕەگەزی سپی بە شێوەیەکی سروشتی باڵاترن

هاوشان، بەنرمزانینی «ئێگزۆتیکەکان» کە بە پاڵپشتی سێکوچکەی، بارودخسازی (پۆزیتڤیسم -الوضعية)، پێشکەوتنخوازی (تطورية) و ڕەگەزپەرستی بەرقەراردەبێت. ئەندامانی کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆژی ـ ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٥٩ دا دامەزرا، کە لە هەمان ساڵدا باخچەی ئاوهەوای دەسکردیش لە پاریس کرایەوە، ـ ئەندامانی دەچوونە ئەو پێشانگایانە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان لە مەڕ ئەنترۆپۆلۆژی فیزیکی کۆبکەنەوە. هەر وەک دەزانرێ هاجیسی ئەم زانستەش جوداوازییە لە نێوان میللیەتان و پۆلێنکردن و توێژاندنە؛ مەفهومی «ڕەگەز» کارەکتەرێکی باڵا وەردەگرێ لە ڕاڤەکرن و لێکدانەوەی جوداوازییەکانی ئینسان. لە ڕێگای باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤیشەوە، دووچاری بنیاتنانی پۆلێنکردنی «ڕەگەز» دەبین و لێرەوە پەیژەیەک کە لە سەر تاقە هێڵێکدا دروستبوو کە پێشکەوتنی ئینسانی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبینی.

بۆیە، کۆنت ژۆزێف یو گۆبینۆ، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەکەی لە سەر نایەکسانی ڕەگەزەکانی ئینساندا بوو، (١٨٥٣–١٨٥٥)، پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە نایەکسانی ئەسڵی ڕەگەزەکان بە پێوەری زۆر سوبژێکتیڤ دەپێوێ وەکو «جوانی شێوە، هێز و زیرەکی»، لێرەوە بۆچوونەکانی «ڕەگەزە باڵاکان» و «ڕەگەزە نزمەکان» دەستنیشاندەکات. هەر وەکو زۆربەی خەڵکیش، پێست سپێتی دەداتە پاڵ ڕەگەزباڵاکان کە بە خاوەن ئەو سێ پێوەرەی سەرەوەیە و یارمەتی ئەوەشی دەدا کە پێست ڕەشەکان لە خوارەوەی پەیژەکە ببینێ و پێست سپیش لە سەرەوەی پەیژەکە و ئەوەی دەمینێتەوەش دەکەونە نێوان ئەو دووانە.

ئەم پۆلێنکردنە لە بەرنامەی باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤەوە کە لە پاریس سازدەبوو، دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی ڕوونیش ئایدیولۆژی بنبەستی ئەم سپێکتاکلانەش ئاشکرادەکات. بۆ نموونە، کاتێک کۆزاکەکان داوەتی ئەم باخچانە دەکەن، باڵیۆزی ڕوسیا ئامادەدەبێت بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کە لە گەڵ قولەڕەشەکانی ئەفریقیادا تێکەڵنەکرابێتن و کاتێکیش بویفالۆ بیل خۆی «مێگەلەکەی» دێن، بێ سێ و دوو خۆی شوێنی لە باخچەی ئاژەڵاندا دەبینی ئەویش لەبەرئەوەی «هیندییەکان» ئامادەبوون. هەروەها، کاتێکیش، لیلیپوتیانەکانیش (١٥) پێشکەشدەکرێن، بێگرفت لە پاڵ ئەوانەی کە جوداواز و وەحشەتناک و ئاژەڵ دەناسرێن، پۆلێندەکرێن.

**لە داروینیزمی کۆمەڵایەتییەوە بۆ کۆلۆنیالیزم**

داروینیزمی کۆمەڵایەتی، لە هەمان سەدەدا لە سەر دەستی گوستاف لە بۆن و ڤاشێر لاپوژ سەر لە نوێ تەفسیرکراو ئاسانکرایەوە. ئەم تەفسیرکردنەش، مرۆڤ دەخاتە دوو خانەوە: «ڕەگەزی سەرەتایی» و «ڕەگەزی شارستان» کە لەپێشانگای ناوبراودا، لە پێش چاو ئەم دوو خانەیە نیشاندرا، کە خەسلەتێکی ئێتنۆلۆژیان کردبوو بە بەرا. ئەم لێکۆڵەرەوانەی کە لە مەڕ نایەکسانییەوە ئیشیاندەکرد، لەو باخچەی ئاژەڵانەی کە بۆ مرۆڤ تەرخانکرابوو، ئێحتیاتێکی نەوعییەتە بەشەرییەکانییان کەوتەبەردەست، کە لەوەو پێش مەحاڵ بوو دۆزینەوەی، بە تایبەتی لە شارێکی وەکو پاریس.

ئەنترۆپۆلۆژی فیزیک و ئەنترۆمێتری (١٦) کە تازە لە دایکدەبوو، دەبنە ڕێبازێک بۆ ناساندنی ڕەگەزە جوداوازەکانی مرۆڤ کە هەر لە ساڵی ١٨٦٧ ـەوە لە لایەن کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە سیستەماتیزەکران کە بێگومان تەنها «خەسلەتی سۆماتیک» (١٧) دەخەنە ژێر ڕۆشنایی؛ ئەمە و دامەزراندنی لابۆرێک کە لە تەنها بۆ لێکۆڵینەوەی کەللەی مرۆڤ تەرخانکرابوو، دەکۆڵییەوە و لە پاڵ گەشەکردنی فرێنۆلۆژییەوە (١٨)، پشتگیرێی لەو پێشانگایانە دەکەن و ڕەواییان بۆ دەدەن. هەروەها پاڵ بە زاناکانەوە دەنێ بۆ ئەوەی پشتگیریی ئەم بەرنامانە بکەن، ئەمەش لە بەر سێ هۆی پراکتیکی: خستەپێش دەستی زانایانەوە «ماددەیەکی» دەگمەن (لە ڕووی جوداوازی ژمارەو لە هەمان کاتیش هەمیشە نوێ دەکرانەوە...)، سوودمەندی خەڵکیش بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە، ئەمەش وا دەکات کە کارەکانیان خێرا ڕەواجی پێدرێ و لە سەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکانیشدا بڵاوببنەوە و سێیەم خاڵیش، پیشاندان و پاڵپشتی خیتابی ڕەگەزپەرستانە، ئەویش بە هێنانەوەی بەڵگەی ئەو جوداوازییە شکلییانەی ئەو «کێوێ»یانەی کە لەو پێشانگایانە عەرزدەکران.

ئا لەم مەنزوورەوە کە پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی ـ کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەخاتە سەر هێلێکی ڕاستەوە (واتە هێڵی ئاسۆیی)، واتە ئەو شارستانییانەی کە دەکەونە دەرەوەی جوغزی ئەوروپاوە و ئەم خستنە سەر شانۆیانەش کە مرۆڤ لە تەنیشت ئاژەڵ دەبینی، ئەو دواکەوتنە ڕووندەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا پەنجەنومای ئەوە دەکات وەکو ئەوەی جۆرە سەڵماندنێکی داگیرکردنیان بێت و لە هەمان کاتیشدا تەرحی ئیمکانییەتی بە شارستانیکردنیان دەخاتەڕوو. کارەکان بە بەڵگەن. یەکگرتووی (تەلازومی) ئەم پێشانگایانە، دەبێتە کارێکی زانستییانە و بەڵگەهێنانەوەیەکی ڕووتی ئەو بیردۆزانەی کە لە بارەی ڕەگەزەوە دەدوێ و کە تازە دەهاتنەکایەوە، یەکسەڵادەبێتەوە. لێرەوە، لەشکرە داگیرکەرەکانیان دەکردە خاوەن پەیام و بە شارستانیکردنی میللەتانی ئەودیو ـ دەریایان بە واجیب دەزانی. زانا و ئەندامانی جالییەی کۆلونیال و ئەوانەی کە پێشانگاکانیان دادەمەزراند لەم ڕەوتە یەکیان دەگرت.

تەتبیقکردنی بۆچوونە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، بە تایبەت ئەوانەی کە لە سەر بنەما «داروینیەکان»ی زانیاری سیاسی چەقیدەبەست و ئەو پیشانگایانەش دەبوونە بەڵگەو لە هەمان کاتیشدا ڕەنگێکی جەماوەریی دەدایە، هەر خێرا دەچێتە پیری پرۆژەکانی ژۆرژ ڤاشێر دو لاپوژ کە بە «ئیوژینیست» ناوزەدکرا. ئەم پرۆژەیە پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەکرێ نەوعییەتی ویراسەیی مرۆڤ لە ڕێگای هەڵبژاردنی بەردەوام و بەویست چاک بکرێت. زۆر بە ڕوونی، پێشاندانی ئەم «دەعبایانە» (کورتە بنەو لیلپتویانی باخچەی ئاوهەوای دەسکرد، لە ساڵی ١٨٠٩، قەمبوور یا ئەو کەسانەی لە ڕادەبەدەر درێژ و گەورەن کە لە سەیران و ئاهەنگە جەوالەکان پێشاندەدران، سەرزل یا «قولەڕەش» و ئەلبینۆسەکان (١٩) کە لە پاریس لە ساڵی ١٩١٢ پێشاندران، سەرکەوتنێکی زۆر تایبەت بەخۆوە دەبینن و بە ڕاستی سەرکەوتنی باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ دەناسێنێ. لەم ڕووەوە ، سێ بۆچوون دەرژێنە یەک

جۆگەوە: یۆژینیسم و داریونیسمی کۆمەڵایەتی و تونژاندنی ڕەگەز. بێگومان، بەرامبەر بەویتر تووشی هەمان ڕاڕایش دێن، ڕاڕاییەک کە تاقە مەنفەزی عەقلاندنی نایەکسانی ڕەگەزەکانی مرۆڤە کە بە «دواکەوتوو» و «ئەندیژێن» دەناسرێن، دەخاتەڕوو.

باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ لە گەڵ ڕەگەزپەرستییەکی میللی لە لایەک و لە لایەکی دیش، بە بابەتکردن و خستنە ژێر لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەویش بە تونژاندنی ڕەگەزەوە، هەردووک لە تەک پرۆژەی کۆلۆنیالیدا یەکدەگرنەوە. شتێکی سەرنجراکێشە، ڕەواییپێدانی «پێشانگا ئێتنۆلۆژیێ»یەکانی باخچەی ئاووهەوای دەسکرد لە لایەن کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە و تەقریبەن، لە لایەن تەواوی کۆمەڵگای زانایانی فەرەنسێشەوە پالپشتی لێدەکرا. هەرچەندە، لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠ و ١٩٠٠ ـەوە، کۆمەڵەی ئەنتروپولۆژی، پێ لە سەر کارەکتەری «زانستیانەی» ئەم پێشانگایانە دادەگرێ و دڵخۆشی خۆشی ئاشکرادەکات لەوەی کە بینەرانێکی زۆر سەر لەو پێشانگایانە دەدەن کە بوار بۆ ئەوان خۆشدەکات کە بەردەوام بن لە سەر لێکۆڵینەوەکانیان.

دەبێ ئەوەش بوترێ کە ئەم لەم پێشانگانیانە، ئەوانەی کە لە شام دو مارس یا لە فولێ بێرژێر سازکران، بە ئەنقەست بەرنامەکانیان لە دەوری فیکرەی «کێویتێ» چەقیدەبەست: جلوبەرگی سەیرو سەمەرە، سەمای هیستریایی، شەڕی خوێناوی، یا «کەشی کانیبالیسم» و لە سەر لاپەڕی پرۆپاگەندەکانیش، «توند و تیژی»، «بەربەری»، «داب و نەریتی نائینسانی» (قوربانکردنی ئینسان...) دەخوێنینەوە.

## لە نێوان «ئێمە» و «ئەوان»دا سنوورێکی ئەستوور هەیە

لە نێو ئەم بە ئاژەڵکردنە هەرە وەحشەتناکەدا، رۆڵی بینەران شتێکی سەرسووڕێنەرە. لەو ماوەیەدا، واتە لەو ساڵانەی کە پێشانگاکانی تیاسازدەکرا، رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و زانایانی زۆر کەم لە ڕووی هەلومەرجی پاک و خاوێنی و تەندروستی ئەو شوێنانەیان دەکۆڵییەوە ـ کە لە ڕادەبەدەر خراپ بوون ـ کە ئەو ئینسانانەیان تیا دادەنا. جگە لەوەی چەندین کەس گیانی دابەدەستەوە، بە تایبەت کاتێ لە ساڵی ١٨٩٢، لە پاریس هیندییەکانێ کالینیا عەرز دەکرێن ، کە ئاووهەوای پاریس (٢٠) بۆ ئەوان زۆر ناهەموار بوو.

چەند حیکایەتێکیش پەنجەمۆمای ئەو ناڕەزاییە دەکات کە بینەران بەرامبەر بەو پێشانگایانە دەریانبڕێ. لە هەمان کاتیشدا، بابەتی رۆڵی بینەران زۆر سەدماوی نەبوو: هەندێ لە بینەران خواردنیان بۆ فڕێدەدان یا تەتکەو پەتکەیان بۆ فڕێدەدان، توانج تێگرتنێش دەربارەی شێوەی فیزیونۆمیان، کە بە مەیموونیان دەچوان، جێی ئاماژەکردنە. یا تریقەی پێکەنین لە ڕووی ئەفریقییەکی نەساغ کە لە ناو قەفەزەکەیدا، وەکو دار بی هەڵدەلەرزی. ئەم وەسفانە ـ هەرچەندە کەم وکوڕن ـ بەڵام بەسن بۆ ئەوەی ئەو نیشانبدەن، ئەویش لە بواری «ڕەگەزاندنی داپلۆسراوی زیهن» ـ «عنصرة مکبوتة للاذهان ـ racilaisation latentes des esprits» لە لای خەڵکی. ئا لەم سیاقەدا، ئیمپراتۆرییەت، بە ئاشکرا ئەو دەردەخات کە جیاوازی لە نێوان ئێمەو ئەوان دا هەیە و لەمەوە نایەکسانی لەڕووی دادوەریی و سیاسیی و ئابووری شێوەیەکی ڕەسمی وەردەگرێت. لەمەوە ڕەگەزپەرستییەکی زگماکی سەریهەڵدا، چونکە بە نیسبەت فەرەنسییەکانەوە، ئەوانەی ئەوێ، دەمێک نییە لە چەرخی تاریکیی و کێوێتی ڕزگاریانبووە.

بێگومان، ئەم باخچەی ئاژەڵانەی کە بۆ مرۆڤ تەرخانکرابوون، هیچ شتێکمان لە بارەی ئەو

مـیللـەتانەوە پێنـاڵین. بەڵام، بە شـێـوەیەکی غـەریب، ئاداتێکی شـێکردنـەوەی عـەقڵـیـیـەتی سـەدەی نۆزدەهەمـان تاکـو سـاڵانی سـی بۆ ڕووندەکـاتەوە. لـە جـەوهـەردا، باخـچـەی دەسکرد و پێـشـانگاو باخچەی ئاژەڵان، ئەوەیان کەوتبووە سەرشـان، کە دەگمەن و غـەریب و فزوولی و تەعبیری نامۆ بکاتە شێوەی زمانیان، ئەمانەش هەمووی دژی ئەو بنیاتنانە عەقڵانیانە بوون کە پراتیکی ئەوروپی دروستی دەکرد (٢١).

ئایا ئـەم گەمـە دزێو و جـێی قـێـزلێـهـاتنەوانـە، وێنەیەکی بـەرەواژی توندوتیـژیی نین کـە غـەزووە کۆلۆنیالییەکانمان بۆ ئاشکرادەکات ؟ ئایا ئەمە ئاشکراکردنی ئەو ئیرادەیە نییە ـ جا بە ئەنقەست یا داپلۆسراو ـ کە شەرعییەت بداتە گشت ئەو زەبروزۆرانەی کە ڕوویانداو بە ئاژەڵکردنی ئەویترمان بۆ سـاغکاتەوە ؟ لەم بـە ئاژەڵکردنە، پاشـەکـشـێی بـەهاکـان و دابونـەریتـەکـانیش دەگـرێتـەوە کـە شارستانییەت دەبێتە داینەمۆی.

لە بواری پیرۆزیشـدا، دابونەریتی پراتیکی جینسی، بێگومان لە خانەی هەرە پێشەوەیە. ژن زۆری خاڵیکی بنەڕەتییە کە دابونەریتی خێزانی مەسیحی رەفزیدەکات و پەیوەندی بە بواری کۆمەڵایەتی ـ ئاینییەوە هەیە. لەمەوە، کاتێ باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ، بۆ تەماشاکردن، خێزانی تەواوی عەرزدەکرد و سـەرۆکخـێـزانیش پـیـشـاندەدا کـە لە گـەڵ چەندین هاوسـەردایە، خـۆی لە خـۆیدا دەبوووە جـێی لێـوردبوونەوە. یـەکسـەر، بەرەو رووی دیاردەیەکی غـەریب و نامـەفـهـوومـی دەکـردنەوە و بـەرەڵایی ئاژەڵیشمان دەخاتەوە یاد. لە نێو تەماشاکردنەکانیشەوە، پرسیارێکی بێ وەڵام دەخوێنینەوە، ئەویش ئەو تینوێتـیـە فـەنتـاسـمـاویەیە کـە لە ناو چاوی ئەوروپیـەکـاندا دەخـوێنرایەوە کـە دیوێکـی تری موحەرممان بۆ دەخاتەڕوو.

بابەتی سیکسـوالیتی بە تێروتەسـەلی لەسـەری گـیرسـاونـەتەوە. بۆ پێست ڕەشـان، ئەفسـانـەی سێکسوالێتییەکی ئاژەڵانە، شکل وەردەگرێت (٢٢). لەم ئەفسانـەیـەدا، جەستە ڕۆڵی تایبەتی خـۆێ دەبینـێ ( گـەرم و گـوڕی ژنیـان و هـەراشـیـی کـێـری پیـاویان، هەروەها لـە ڕادەبەدەر چوست و چالاکیشن) ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەدرێنە پاڵ ئـەوانەی کە لە سـەر سنووری ئینسـان و ئاژەڵدا دەژین، دەبێتە جێی سـەرسوڕمان. ئەم چوست و چالاکیەی سێکسی ژن و پیاو دەدرێتە پاڵ زلی جەستە. ئەم دیاردەیە لە ڕێگای ئەو وێنانەوە دەردەکەوێ کە لـە ڕۆژنامـەکاندا بڵاودەبووەوە. بەرەو ڕووی لەشکری داگیرکەر، هۆزی نیمچە ڕووت و قووت دەبینن کە چۆن جەنگاوەرانە شەڕدەکەن. هەروەها جەستەی ئەو جـەنگاوەرانە تـایبـەتمـەندێتی پێـدراوە. ئەم شـەیدابوونـەی ئەوروپیـیـەکـان بۆ ئەو جـەسـتـە توندوتۆڵانەوە، دوودڵی و رارایی ئەوروپییەکان دەردەخـات، بە تایبـەت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کە هـەست «بە ئینحیلالی بیۆلۆژێ» دەکەن (٢٣).

### پاش داگیرکردن «حەملەی بە شارستانیکردن»

لە بواری پاشـەکشـەی پیرۆز، بـابەتی ئەنترۆپۆلۆژی دیاردەیەکی کەشـفـئامـێزە. لەو کاتەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم شتێکی ئەوتۆ لە مەڕ پراتیکی کۆمەڵایەتی لە ئەفریقای سوبساریان کە لە دەوری کەشە تایبەتییـەکان دەخولێتەوە نازانین، وێنەی «کێوییە ئەنترۆپۆلۆژییـەکان» گشت دەزگاکانی مێدیا داگیردەکەن و وەکو ئەنجەتیش لە باخچـەێ ئاژەڵی مرۆڤیش بەکاردەهێنرێن (تاکو پێشانگای کـۆلونیـالی جیـهـانیی لە سـاڵی ١٩٣١ و ئامـادەبوونی لاوەکـیش کـەناکەکـان) (٢٤). کـانیبـالیـسم تابوویەکی گـەورە دەشکێنێ: ئیـتـر فـیکرەی نزیکبـوونەوە لە جیـهـانی ئاژەل خـۆی دەسـەپێنێ. لە پێـشـانگا یا لە سـالۆنەکانی عەرز دا خـستنەسـەر شـانۆ ئەم بابـەتە تەحریزییانـە خۆی لە خـۆیدا

مەسەلەیە کە زۆر شتمان بۆ کەشفدەکات.

هەر لە پێشانگای جیهانییەوە کە لە ساڵی ١٨٨٩ دا سازکرا، تا سەرەدەمی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، ئەم جورە عەرزە کۆلۆنیالانە لە گەشەکردندان. لە تێکرای ئەم پێشانگایانەدا، بابەتی «گوندی قولەڕەشان»، «هیندییەچینییەکان»، «عارەب»، «کناکەکان» دەبنە جێی سەرنج و فزوولێیەتی بینەران. لە هەمان کاتیشدا، زاراوەکانی گوندی «قولەڕەشان»، هی «پێستڕەشان»، یا هی «سەنغالییەکان»، ـ لە بەرەبەیانی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئاماژەی پێشکەوتنی دەلالەتەکاتی ئەم وشانە دەگەیەنن ـ، دەبنە جێی سەیران و رابواردنێکی سەربەخۆ، چ لە هەرێم و ناوچەکانی فەرنسا، چ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

عەرزەکان یەک لە دوای یەک پێشکەشدەکرێن، هەروەها سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیش بەدەستدەهێنن، تێکرای تیپەکانیش، تەنها چوار پێنج تیپ زیاتر نەبوون. لەم شار بۆ ئەو شار دەگەڕان، دەچنە ئامیان، ئەنژێ، نانت، رانس. ٢٠٠ هەزار تا ٣٠٠ هەزار بینەرانیش لە سەرتاپای ئەوروپا بە هەڵپە بەرەوپێشەوازی ئەم باخچەی ئاژەڵی مرۆڤانە دەچوون. بۆ نموونە شارانی وەکو نیس، کلێرمۆن ـ فێران، لیۆن، لیل، نۆژەن، ئۆرلیان، ئەمە لە فەرەنسا، لە شارە ئەوروپیەکانیش وەکو هامبورگ، ئەنڤێر، بەرسەلۆنە، لەندەن، بەرلین، میلانۆ.

ئەم خستنە سەر شانۆیانە زیاتر خەسلەتی «ئەتنۆگرافیان» هەیە و هەر وەکو دێکورە هولیودییەکانیش «گوندەکان» بە کارتۆن دروست دەکران، وەکو ئەوەی لە «ئەفریقیای سەیروسەمەرە»دا دەبینرێت (٢٥). خەڵکی ئیعجابی زۆریان بۆ ئەو بەرهەمە خۆماڵی و «پیشەییانە» هەبوو، (بە تایبەت سەرنجی خەڵکی بۆ «هونەری قولەڕەش» ڕادەکێشرێت کە هونەرمەندان نیازیان وابوو سەرنجی بینەرانی سادە ڕاکێشن!). لێرە هەست بە شتێک دەکرێت کە پێشاندانی ئەو ڕابردووە پەیوەندی بە رابردووی داگیرکەرانەوە هەیە و پێویستیشە لە یادبکرێت. پیشاندانەوەی فەنتازیانەی ئەم دیمەنانە وەکو «سەمای ئەندیژینەکان» و بەشە مێژووییەکان وردە وردە بە لاوەدەخرێن و ئیتر دووبارەناکرێنەوە.

شتێکی تایبەت روویدا: «کێوی» خەسڵەتی نەرم ونیان و هەرەوەز وەردەگرێت؛ لێرەوە، واتە، کەمێ پێش جەنگی جیهانی دووەم، ئیمپراتۆرییەت دەیەوێ وێنەیەکی تر پێشانبدات کە ئەویش ئەوەیە کە ئیتر خۆی وەکو ئاسایش پەرەوەر پیشانبدات. ئا لەو سەردەمەدا، سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەت دیاریکراو بوون. دوای داگیرکردنیش قوناغی «بە شارستانیکردن» دەستپێدەکات و ئیتر دەبێتە زمانحاڵی ئەوانەی کە ئەو پێشانگایانەش پێشکەشدەکەن. لەشکرو سەرباز جێ بۆ بەرێوەبەران خۆشدەکەن. ئەویش لە ژێر کارلێکردنی «سوودمەندانەی» فەرەنسای تەنویری، «ئەندیژێنەکان» کە لە خوارەوەی پەیژەی شارستانی دادەنران، ئەو بابەتانەی کە لە سەر ڕەگەز دەدوان، بەرەو سڕانەوە و نەمان دەچوون. گوندەکانی قولەڕەش جێ بۆ باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤ خۆشدەکەن. بێگومان، ئەندیژێن بە نزم سەیردەکرێن، بەڵام، «کەوی دەکرێن» و هیوای بە شارستانیکردنیان تیادەبینین و لێرەوەش داگیرکردن و دەستەمۆکردنیان بە ڕەوادەبینێ.

ئەم بۆ چوونە نوێیە، واتە باس لە ئەندیژێنێکی تر کردنە، لە پێشانگای کۆلۆنیالی جیهانی لە (ڤینسێن)دا لە ساڵی (١٩٣١)دا کرایەوە، ڕۆلێکی گەورە دەبینێ. ئەم پێشانگایەش یەکێک بوو لە پێشانگایە هەرە مەزنەکان و پەیامی بە شەرستانیکردن بوو بە دروشمی و لێرەوە دەیەوێ نیازپاکی ئیستیعار و پەیامی کۆمارییەکان بخاتەڕوو.

واتە باخچەی ئاژەڵی مرۆڤ، بە دیاردەیەکی کولتووری گرینگ دەناسرێت ـ تا ئێستەش ئەم مەسەلەیە بە لاوەخرابوو ـ چونکە لێرەوە دەتوانرێ بزانرێ چۆن فەرەنسای ئیستیعمار و یا ئەوروپا بە گشتی، چۆن پەیوەندی لە گەڵ ئەویتردا قەوارە وەردەگرێت و دەخەملێ. ئایا، گشت ئەو ئارکێتیپانەی (٢٦) وەک باخچەی ئاژەڵی مرۆڤ دەیەوێ بیخاتە سەر شانۆ، رەگێکی لە کۆ ـ ناهوشیاریدا نییە کە ئەو هەموو سەدانە بەشداربوون لە دروستکردنی و ئیتر پێویستە هەڵوەشێندرێنەوە ؟ (٢٧ )

* **ئەم وتارە لە (لومۆند دیپلۆماتیک، ژمارە،٥٥٧، ئاب/٢٠٠٠)دا وەرگیراوە.**

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١ـ لێپرسراوانی کۆمەڵەی زانیاری لە مەڕ مێژووی ئەفریقای هاوچەرخ (ئەشاک–ACHAC) (bdm@easynet.fr). لە بڵاوکراوەکانیان: وێنە و کۆلۆنیال (١٩٩٣)، ئەویتر و ئێمە (١٩٩٥)، وێنەکانی ئیمپراتۆرییەت (١٩٩٧). یەکەمیان موحازیرە لە دانیشگای پاریسی شەش (ئۆرسای)، دووەمیان، خەریکی ئامادەکردنی نامەیەکی دکتۆرایە لە ئەنیستیتووی دانیشگای ئەوروپی (فلۆرەنسا)، سێیەمیان، بەرێوەبەری ئاژانسی: بنیاتنەرانی زاکیرەیە (پاریس).

٢ـ مەبەست لەو بێگانانەن کە سەر بە شارستانییەتی ئەوروپی نین و لە وڵات و هەوارە دوورەکانەوە هاتوون. جگە لە مرۆڤ، دارودرەخت و خواردەمەنی ئیگزۆتیکیشی هەیە. (وەرگێڕ).

٣ـ Plakate, 1880-1941, Historiches Museum, Francfort.

٤ـ کۆمەڵە دورگەیەکن دەکەونە ناوچەی ئیستواوە.(وەرگێڕ).

٥ـ مەبەست لەو میللیەتانەیە کە لە هەرە پۆڵی باکووردا دەژین.(وەرگێڕ).

٦ـ diorama جۆرە تابلویەکی رەنگینی گەورەی شاقوولییە، دیمەنی سروشت، یا مرۆڤی تیایا دەردەکەوێت، هونەرێکی باوی سەدەی نۆزدەهەمە.(وەرگێڕ)

٧ـ (indigène) دانیشتوانی سروشتی ئەو وڵاتانەیە پێش داگیرکردن.(وەرگێڕ).

٨ـ بۆ زیاتر ئاگاداری لەم بابەتە بڕوانە کتێبی "الشرق المؤنث او عری عربی: بطاقات بريدية و صور فوتوغرافية منذ سنة ١٩٠٠"، ١٩٩٢، شركة الارض المحدودة ـ ليماسول ـ قبرص. شاكر لعيبى. (وەرگێڕ)

٩ـ وشەی «بەربەر» یۆنانییە، بە لاتینی (باربارۆس)ـە، بە گشت ئەوانە دەوترا کە زمانی یۆنانیان نەدەزانی. پاشان ئاماژەی ئەوانە دەکات کە شارستان نین و کێوین. لە رەچەڵەک دا وشەیەکی ئۆنۆماتۆپیە (واتە لە سەر بناغەی فۆنۆتیک دامەزراوە، بۆ نموونە چۆڕەی ئاو، یا خوڕەی ئاو، ئەم دوو وشەیە لە دەنگی ئاوەوە وەرگێڕاوە؛ وشەی بەربەریش وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکەن لە بلا..بلا..بلا وە وەرگێراوە، واتە ئەو کەسەی قسەدەکات بە بێئەوەی شتێکی مەفهووم بڵێت). وەکو وشەی «ئەعجەمیّ» لای عارەبان، کە بەوانە دەوترا کە عارەب نەبوون، هەمان وشە لە زمانی کوردیدا، زیاتر بە رەگەزی ئێرانی دەوترێ و لە ئێرانیش دا بە ئازەرییەکان دەوترێت.(وەرگێڕ)

١٠ـ مێتێک لە مێستێک وەرگێراوە، رەچەڵەکێ ئەویش: (مێتۆیکۆس)ـە، کە لە دوو وشە پێکهاتووە: (مێتا) و (ئۆیکۆس) ( meta/oikos): لە یۆنانی کۆندا بەو کەسە دەوترا کە خانووی نەبوو، بە کورتی بە بێگانەکانی شار دەوترا کە مافی هاوشارییان نەبوو. (وەرگێڕ)

١١ـ نواندن لێرە لە جیاتی (représenter) بەکاردەهێنین، بە واتای شکڵپێدانێ ئەویتر لە زیهندا .(وەرگێڕ).

١٢ـ سەبارەت بە تێزەکانی ژان ژاک رۆسۆیە.(وەرگێڕ).

گشت ئەوانەی بە زۆرەملێ دەهێنران، هەمان بارودوخی کۆمەڵایەتیان نەبوو. بۆ نموونە فوژییەکان، کە لە سەر خاکی ئاگریندا دەژیان، لە دوا باشووری کێشوەری ئەمەریکای باشوورەوە دەگوازرانەوە، هەر وەکو جۆرێ لە ئاژەڵ سەیردەکران، بەڵام گۆشوس، وەکو هونەرمەند بە قۆنتەراتی تایبەتەوە دەهاتن، ئاگاداری

تەواوی ئەو بە خستنە سەر شانۆیانەیان هەبوو کە پێشکەشی بینەرانیان دەکرد.

١٤ـ نیکۆلا ئەنسێل، باسکال بلانشار، لۆران ژێرڤیرۆ، داگیرکەر و وێنە، ئەشاک ـ BDIC پاریس ١٩٩٣.
١٥ـ ولاتێکێ خەیاڵیە، گویلڤیە، لە سەفەری یەکەمیدا باسیدەکات. بە ئینگەلتەرایەکی بچووککراوەی دەچوێنێ کە مرۆڤەکانی ناگەنە شەش قولانج. (وەرگێڕ)
١٦ـ زانستێکە خۆێ بە پێوانی لەشی فرۆڤ و ئەندامەکانییەوە خەریکدەکات. (وەرگێڕ)
١٧ـ کە پەیوەندێ تەنها بە جەستەوە هەیە. (وەرگێڕ)
١٨ـ جۆرە زانستێکە کە زیرەکیی و خەسلەتیی زاڵ دەداتە پاڵ شێوەی کەللەی سەر. (وەرگێڕ)
١٩ـ مەبەست لەوانەیە کە فیزیونۆمی مرۆڤی پێست ڕەشیان هەیە، بەلام پێست سپین. ئەم دیاردەیە زیاتر لە ئەفریقای رۆژئاوا دەردەکەوێت. (وەرگێڕ)
٢٠ـ ژێرار کۆلۆمب، «وێنە و دەبڵەکەی. کالینیا، مافی تەماشاکردنی ئەویتر»، لە گۆڤاری ئەویتر و ئێمە، سیرۆس ـ ئەشاک، ١٩٩٥، ل ١٥١–١٥٧.
٢١ـ ئان میککلینتۆک، ئیمپێریالی رووت. ڕەگەز و میرات و سیکسوالیتی، لە گۆڤاری سیاقی کۆلۆنیالی، رووتلێج، لەندەن، ١٩٩٤.
٢٢ـ تاکو ئیمرۆش لە کۆ ـ هوشیارییدا، وا هەستدەکرێت کە لەم ڕووەوە، پێست ڕەشەکان، چ لە ڕووی فیزیکییەوە، چ لە ڕووی هەشەرییەتەوە، لە پێست سپییەکان جیاوازترن. (وەرگێڕ).
٢٣ـ کریستیان پوسیلۆ و دانیال دێنیز، لە قوتابخانەێ سەرچڵییدا، (P.U.F.) ڤوارۆن، ١٩٩٩.
٢٤ـ دیدیە داینینکیخ، کانیبال، گالیمار (لە بلاوکراوەکانێ فولیۆ)، ڤێردیێ، ١٩٩٨.
٢٥ـ ناوێ تیپێکە کە لە باخچەی ئاووهەوای دسکردا بەشداردەبوو.
٢٦ـ ئارکێتیپ (archétipe) یونگ بە بنەمایەکی گەردوونی دادەنێ کە لە کۆ ـ ناهوشیارییەوە سەرهەڵدەدا. ئەمەش چ لە ئەفسانە، چ لە حیکایەت، یا لە هەموو بەرهەمێک کە خەیاڵ ڕۆڵی ئافراندنی تیا ببینی، دەردەکەوێت. ئارکێتیپ لای مرۆڤێ ئاسایێ و عوسابێ و پسیکوتیک (ئەو کەسەی تووشی بسیکۆز دێت)دا دەردەکەوێت. لای ئەفلاتونیش پرۆتۆتیپی (پرۆتۆ بە مانای ئەسلێ دێت و [تیپ] یش دەکرێ بە مۆدیل پچوێندرێت. وەک دەوترێت کە کرمانجی ژووروو پرۆتۆتیبی زمانی کوردییە) واقیعە بینراوەکانی جیهان دەناسرێتەوە. (وەرگێڕ)
٢٧ـ نیکۆلا بانسێل و باسکال بلانشار، لە ئەندیزێنجەوە بۆ موهاجیر، گالیمار، دێکوڤێر، پاریس، ١٩٩٨.

# ڕۆشنبیر و میر (*)

د. سعدالدين ابراهيم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: **هەڵکەوت عەبدوڵا**

## یەکەم/ چەند سەرەتایەک

«خوایە گوێڕایەڵ و ملکەچی تۆ... ئەوەتا من هەڵدەستم بە پێوان؛ بەڵام ئەو شتە چییە کە هەڵدەستم بە پێوانی... دەشێ خوای مەزن پێمی ڕابگەیەنی»

(قەدیس ئۆگۆستین)

«پردرێژیی دەلاقە»ی نێوان «بیریارەکان» و «بڕیارسازان» ئەو بابەتەیە، کە ئەم توێژینەوەیە بایەخیپێدەدات. بابەتەکە لە سەرەتادا خۆی ئاسان دەنوێنێ و پێدەچێ جگە لە خستنەبەرچاوی کۆمەڵە «پێویستە»یەک، کە هەندێکیان لەئەستۆی بیریارەکانە جێبەجێیانبکەن، هەندێکی دیش لە سەرشانی بڕیارسازانە بەئەنجامیانبگەیەنن و هەندێکی دیکەشیان دەکەوێتە ئەستۆی هەردووکیان بەیەکەوە. بەڵام مەسەلەکە بەو ئاسانی و ڕوونییە نییە، چونکە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە وەک کۆمەڵێک «سەلمێنە» سەیری زۆربەی مەسەلەکان دەکات، کە لەواقیعدا ئیشکالیاتن و پێویستییان بە یەکالاکردنەوە یان ڕێکەوتنی کاتی هەیە، بۆ ئەوەی بەڕێگەدا ڕێ نەکەین کە پڕە لە مینی چەمکیئامێز. سەلمێنەیەکی ناوتوێژ هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە لەسەر پێناسەی چەمکی «بیریار» و چەمکی «بڕیارساز» تەباین. سەلمێنەیەکی دی بوونی «دەلاقە»یەکە لە نێوانیاندا، کە پەسەند نییە و پێویستە «پردرێژ» بکرێ. هەروەها سەلمێنەیەکی ناوێژەی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پردرێژیکردنی دەلاقەکە لە بەرژەوەندیی بیریار، بڕیارساز و کۆمەڵگادایە. لێرەدا دەمەوێ وەک ئیشکالیەت نەک سەلمێنە تاوتوێی ئەو مەسەلانە بکەم، هەندێ لەو ئیشکالییەتانە دەستەواژەئامێز و چەمکئامێزن، هەندێکی دیکەیان گوتەن (Propositions) کە دەشێ بسەلمێنرێن یاخود ڕەتکرێنەوە، بەشی سێیەمیش «داوەریکردنی بەهائامێز»ن (Value-Judgments) کە شیاوی ڕێکەوتن و جوودایین. ئێمە لێرەدا بەڕیز دەستیان پێدەکەین.

### ١ـ چەمکی بیریار:

لە زمانی عەرەبی و زمانە زیندووەکانی دنیادا وشەی «بیریار» چەندین واتا دەگەیەنێت. یەکێک لەوانە ئەو کەسەیە، کە بیردەکاتەوە یان خاوەن هۆشە، بەم واتایەش زۆربەی زۆری خەڵک (جگە لەوانەی لەبەر هۆی ئۆرگانیکی یاخود دەروونی شێتبوون) بیردەکەنەوە یاخود خاوەن هۆشن. پێم وانییە ناونیشانی بابەتەکە مەبەستی ئەمە بێت. وشەکە واتایەکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بیریار کەسێکە پیشەسازیی بنچینەیی بیر یان ڕۆشنبیرییە، کەسێکە بڕێکی زۆری ووزەی خۆی بۆ کارکردن لەگەڵ بیر و ڕۆشنبیریدا بەکاردەبات. لەوانەیە ئەم واتایە نزیکتربێت لە ناونیشانی بابەتەکەوە.

لە کەلەپووری عەرەبی ـ ئیسلامیدا چەندین وشە بۆ هێماکردن بۆ ئەو واتایە بەکارهاتوون، بۆ نموونە: «خاوەن قەڵەم»، «زانای ئایینی»، «علامە»، «شاعیر»، «فەیلەسووف»، «دانا» و «شێخ». لە سەردەمی نوێشدا وشەگەلی وەک «خوێندەوار»، «ڕۆشنبیر»، «ئەدیب»، «زانا» و «هونەرمەند» بەربڵاو بە هەمان واتا بەکارهێنراون.
هەروەها لە زمانە نوێیە ئەوروپییەکانیشدا چەندین وشە بەکارهێنراون بۆ هێماکردن بۆ ئەو کەسەی پیشەسازیی بنچینەیی بیر و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییە، لەوانە: خوێندەوار (Educated)، خوێندکاری شارەزا (Scholar)، ڕۆشنبیری بەئاگا (Cultured) و ڕۆشنبیری چالاک (Intellectual). ئەم وشەیەی دوایی بەربڵاوترین و نزیکترینیانە لە زاراوەی «بیریار» یاخود «بیریاران»ەوە. لە زمانە ئەوروپاییەکاندا وشەی بیریار (Intellectual) و ئینتیلیجینسیا (Intelligentsia) لە زۆربەی نووسینەکاندا تێکەڵ بەیەک دەکرێن. لە وەرگێڕانە عەرەبییەکانیشدا هەندێ جار ئەو تێکەڵاوکردنەی نێوان دوو وشەکە دەگوێزرێتەوە. لەڕاستیدا، ئینتلجینسیا واتایەکی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە و هێما بۆ ئەو خوێندکارانە دەکات، کە خاوەن خوێندنێکی باڵان لە ڕوسیا و ئەوروپای خۆرهەڵات، وەک: پزیشکەکان، پارێزەرەکان، ئەندازیارەکان، مامۆستایان، ڕۆژنامەنووسان، نووسەران و زاناکان، جا تەنیا سەرقاڵبن بە بیرەوە یاخود بایەخپیدانی گشتیان هەبێ لە دەرەوەی بواری پیشە و شارەزایی خۆیان. (١)
جا ئەگەر ئێمە «بیریاران»مان وەک هێماکردن بۆ ئەو وشەیە بەکارهێنا کە هاوتای وشەی (Intellectuals)ـە لە زمانە نوێیە خۆرئاواییەکاندا(بە ڕوسی Intelligenty، بە ئەڵمانی Intelligenz، بە فەرەنسی Intellectuels)، ئەوا چەند پێناسەیەک بۆ ئەو زاراوەیە بەدیدەکەین، لەوانە: (٢)
ـ «بیریارەکان کۆمەڵە کەسێکن، کە ڕووخسارە تایبەتیەکانیان توانای ئەوەیان پێدەبەخشێ خۆ بگەیەننە ئەو دەستکەوتانەی بەهایەکی ڕۆشنبیریی مەزنیان هەیە» (ماکس ڤێبەر).
ـ «بیریارەکان ئەوانەن، کە شارەزان لە مەسەلە ڕۆشنبیرییەکانداو بایەخپێدانەکانی ئەو مەسەلانە لە سەرووی بایەخپێدانە کۆمەڵایەتیە ڕۆژانە دووبارەوەبووەکان ڕادەگرن» (تالکوت بارسونز).
ـ «بیریارەکان ئەو خوێندەوار و پیشەکارانەی چینی ناوەڕاستن کە جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی خەریکی کاری پیشەسازی و بازرگانین و سەر بە چینە باڵاکان و چینەکانی ژێرەوەن» (لویس فویير).
ـ «بیریارەکان ئەو نووسەر و مامۆستا و هونەرمەندە خاوەن شوێنەوارە ئەدەبی و زانستییە بەرزەن، کە لە مەسەلە سیاسییە گشتییەکاندا دەربڕی ویژدانی نەتەوەن» (برونيتيير Brunetiere).
ـ «بیریاران ئەو کەرتەی خوێندەوارانن، کە خواستی سیاسیان هەیە؛ یا ڕاستەوخۆ بە کۆششکردن بۆ ئەوەی ببنە فەرمانڕەوایانی کۆمەڵگاکانیان، یان ناڕاستەخۆ بە کۆششکردن بۆ داڕشتنی ویژدانی کۆمەڵگاکانیان و کارکردنە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە وەرگرتنی بڕیارە مەزنەکاندا» (ئیدوارد شیلز).
ـ «بیریاران ئەو کەسانەن، کە خاوەنی مەعریفەن؛ لەسەر بناخەی ئەم مەعریفە بابەتییە و بەپێی وێناکردنە خودییەکانی خۆیان داوەرییەکانی خۆیان لەمەڕ واقیع دادەڕێژن، بێ ئەوەی ئەم داوەرییانە ڕاستەخۆ یان بە پێویست لە شارەزاییە هەستییەکانی خۆیانەوە بەدەستبێن»(ڕۆبرتۆ میشێل).
ـ «بیریارەکان ئەو خوێندەوارانەن، کە خاوەنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەی فەلسەفین و بەکاریدێنن بۆ پێداچوونەوەی ڕابردووی خۆیان و وێناکردنی ئێستایان، بۆ ئەوەی پایەبەرزی مرۆڤانە لێکبدەنەوە و ڕێگا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان ڕۆشنکەنەوەو ڕێنماییان بکەن ڕووەو ڕێگەی ڕاست» (جمال الدين الافغاني).
ئاشکرایە زۆربەی ئەم پێناسانە لە هەندێ خاڵی جەوهەریدا یەکدەگرنەوەو دەشێ پێناسەیەکی سازانکار بۆ «بیریار» دابنێین کە ئەم توخمانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێ: مەعریفەی گشتی یاخود تایبەتمەند، بایەخدان بە مەسەلەکانی ڕۆشنبیری، بایەخدان بە مەسەلە گشتییەکانی تری کۆمەڵگاکەی کە دەکەونە دەرەوەی بواری شارەزایی ئەو، دەربڕینی ئەو بایەخپێدانە گشتیانە

بەمەبەستی کارکردنە سەر کۆمەڵگا و دەسەڵات.
ئەم توخمانە ـ ئەگەر لەسەریان ڕێکەوتین ـ ڕۆڵی جیاکارەی بیریارەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا، پەیوەندییە گرژەکانیان هەندێ جار لەگەڵ یەکدێ و زۆربەی جاران لەگەڵ دەسەڵاتدا لێکدەداتەوە. لە هەمان کاتدا ئەوانە ئەوە لێکدەدەنەوە بۆچی لە ڕوانگەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە هەندێکیان پاڵەوان بوون و هەندێکی دیکەشیان نەفرەت لێکراو؛ هەندێکیان «بەکرێگیراو» بوون و هەندێکیشیان «شەهید» و زۆربەشیان «چارەڕەش».
گرنگە، بەر لەوەی پێناسەی بیریار و بیریارەکان جێبێڵین، باسی چەند ئیشکالیەتێکی دیکە بکەین. لەوانە، تەنانەت ئەو توخمە پێکهاتوانەی لای سەرەوە دەرمانبڕیون هەمیشە ڕێکەوتن لە سەریان لە گۆڕێ نەبووە، چونکە پێناسەی بیریار لە سەدەی پێشوودا چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە (٣). هەروەها ئیشکالیەتێکی دیکە سەبارەت بەوەی بیریاران چینێکی جیاکارە یان توێژێکی دیارکراو لە نێو چینێکی دیاریکراودا پێکدێن، یاخود گرامشی وتەنی هەر یەکێک لە تاکەکانی نوێنەری چینێکە کە بە ناوییەوە قسەدەکات و دەربڕی بەرژەوەندییەکانیەتی و ناویدەنێ «ڕۆشنبیری ئۆرگانیکی» (Organic Intellectual).
ئەمانە و چەندین ئیشکالیاتی دیکە، کە ناکرێ لێرەدا یەکلاکرێنەوەو تەنیا هێما بۆ کردنیان بەسە.

**٢ـ چەمکی «بڕیارساز»:**

دەستەواژەی بڕیارساز (یان بڕیارسازان) زاراوەیەکی نوێیە لە بیست ساڵی پێشوودا هاتۆتە نێو زمانی عەرەبییەوە و وەرگێڕانی هاوتا ئینگلیزییەکەیەتی «Decision Maker». دەستەواژەکە، لە ڕێڕەوی کۆمەڵگایی خۆرئاواییانەیدا، ئەوە لە خۆ دەگرێ کە بڕیار، وەک پرۆسەیەکی نەشونماکردنی ئاڵۆز، زیاتر لە لایەنێک بەشداری تێدا دەکات، ئەگەرچی لە کۆتاییدا یەک لایەنی بەرپرسیار دەریدەبڕێ، کە دەشێ لێی بپرسرێتەوە و هەڵسەنگێنرێت. سادەترین شێوەی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاردا ئەوەیە، کە دوادەربڕ پشت بەو داتا و زانیارییانە دەبەستێ، کە دەزگا تایبەتمەندەکان یا یاریدەدەرەکانی دەیخەنە بەردەستی. ئەم وێنەیەش لە هەندێ باردا ئاڵۆزتردەبێ، کاتێک بڕیارساز پشت بە بیروڕای ئەو ڕاوێژکارانە دەبەستێ، کە دەشێ دژ بەیەک بن. ئینجا وێنەکە ئاڵۆزتردەبێت، کاتێک چەند شەریکێک لە گۆڕێدەبن و پێکەوە بەرپرسیاریی بەکۆمەڵ بەرامبەر بە بڕیاردانەکە و ئەنجامەکانی وەردەگرن. ئەمە وێڕای بوونی دامەزراو و دەسەڵاتی لێک دابڕاو و تەریب، کە پێویستە بەر لەوەی «بڕیارەکە» ببێتە سیاسەت یان یاسا یاخود یاسادانانێکی دەستوری، پێویستە پەیوەندیی پێوە بکرێ، وەک زۆربەی دیموکراتیەکانی خۆرئاوا.
بۆ سازدانی بڕیارەکان لە ڕێڕەوی کۆمەڵگایی خۆرئاواییدا، کە دەستەواژەکەمان لێوە هاوردوە، چەندین ئاستی جۆراوجۆر و خانەبەندیی لە گۆڕێیە: ئاستێکی جێبەجێکاری باڵا هەیە، کە سەرۆکی دەوڵەت هێمای بۆ دەکات، چەند ئاستێکی تۆزێک خوارتر هەن بەپلەی وەزیرەکان، ئینجا سەرۆکەکانی بەش و دەستە و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان. هەمان شتیش لە بواری بڕیاردان لە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادکاریدا (ئاستەکانی دادوەری و دادگاکان) جێبەجێدەکرێ. ئەمە وێڕای ئەوەی لە هەندێ کۆمەڵگا ناناوەندی یان فیدراڵی و کۆنفیدراڵیەکاندا تەریبی هاوشێوە و ئاستە خانەبەندە هاوشێوەکان بۆ بڕیاردان لە گۆڕێن (٦).
لەبەر ئەوەی دەستەواژەکە لە ڕێڕەوێکی ژیواری ـ سیاسیی جیاوازەوە هاتۆتە نێو ڕێڕەوی عەرەبیەوە، بۆیە دەستەواژەکەمان بە «ئیشکالیەت» دانا نەک تەنیا سەلمێنەیەکی زاراوەیی، چونکە لە کەلەپووری عەرەبی ـ ئیسلامیدا وشە و دەستەواژەی تر هەن، کە هێما بۆ هەندێ نەک گشت ئەو لایەنانە دەکەن، کە دەستەواژەی «بڕیارساز» لە خۆیان دەگرێ، لەوانە وشەکانی «خەلیفە»، «حوکمڕان»، «سوڵتان» و «میر». ئینجا ئەوانەی بەشێک لە پرۆسەی «بڕیارسازدان» لەخۆ دەگرێ، وەک وشەی «شورا»، «فەتوا» و «اهل الحل و العقد». ئەمە وێڕای هێنانە ئاراوەی پاشناو و دەستەواژەی نوێ لە کۆمەڵگای عەرەبدا لەماوەی ئەم سەدەیەدا، وەک «سەرەک کۆمار»، «سەرەک وەزیران»، «وەزیر»، «پارێزگار» و «لیژنە

میللییەکان و ناوچەییەکان»، کەچی ناوەڕۆکی پراکتیکیی سیاسی هێشتا زۆر گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو هەتاکو ئێستا ئۆتۆکراتیە ـ چونکە دەسەڵات لە دەستەی جێبەجێکاردا چڕبۆتەوە. لە نێو ئەمەی دواییشدا بڕیارسازان لە لوتکەی دەسەڵاتدا، واتە حوکمڕان یان میر یاخود سەرۆکدا، چڕدەبێتەوە (٧).

ئەوەی دەمانەوێ پوختەیکەینەوە ئەوەیە، کە چەمکی «بڕیارساز» لە ڕێڕەوی مێژوویی و هاوچەرخی عەرەبیدا تا ڕادەیەکی زۆر مانای دەستەبژێری حوکمڕانە یاخود دەسەڵاتی فەرماندەرکردنە، کە زۆرداره و بەدووره لە پرسیارلێکردن و لێپرسینەوە، ئەگەر بە کەمترین ڕادەش ڕێگە بە پرسیارلێکردن و لێپرسینەوە بدات، ئەوا بە شێوەیەکی ڕواڵەتکارانە دەبێ. هەروەها لە نێو ئەم دەستەبژێرە حوکمڕانەدا دەسەڵاتی بڕیاروەرگرتن و فرماندەرکردن سەبارەت بە مەسەلە مەزنەکان لە تاکەکەسێکدا چڕدەکرێتەوە، ئەویش حوکمڕان یان سەرۆک یاخود میرە. جا ئەگەر ئێمە سووربین لەسەر بەکاهێنانی چەمکی «بڕیارسازان»، ئەوا ئێمە تاقە دەستکارییەکمان هەیە بۆ ئەوەی تەبابێت لەگەڵ ڕێڕەوە مێژوویی و هاوچەرخە عەرەبیەکەدا، ئەویش ئەوەیە وەک «بڕیارساز» یان «فەرماندار» بەکارببرێ. لێرەشدا مەبەست تەنیا داتاشینی زمانەوانی «تاک» لە «کۆ» نییە، بەڵکو بۆ ددانپیانانی واقیعێکی ئەزموونگەریی سیاسییە، ئەویش «یەکتایی» فرماندەرکردنە سەبارەت بە مەسەلە مەزنەکان. جا ئەگەر شیاوبێ وشەی «بیریار» و «بیریارەکان» لە هەر وڵاتێکی عەرەبیدا بەکاربێنین، ئەوا دەشێ تەنیا قسە لەسەر یەک بڕیارساز، یاخود وردتر «میرێک»، بکرێ، کە هەموو گوێڕایەڵی فرمانەکانی ئەون، جا لە بڕواوە بێ یاخود لە ترسدا. میریش بەم مانایە دەشێ پاشا یان سوڵتان یاخود سەرۆک بێت.

**٣ـ دەلاقەی نێوان بیریار و میر:**

میر بە شێوازە نموونەییەکەی (Ideal type)، بە واتا ڤێبەرییەکەی، پیشەسازییەکەی حوکمکردن، فەرماندەرکردنی ڕاستەوخۆیە بۆ یاریدەدەرەکانی، سەپاندنی گوێڕایەڵی یان هەڵهێنجانیەتی لە حوکمکراوەکان، ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەستوپێوەندەکان و مامەڵەکردنە لەگەڵ گیروگرفتە ڕۆژانەکانیاندا، ڕەتدانەوەی پیلانی بەربەرەکارەکانی ناوخۆ و ئەو چاوچنۆکانەیە، کە لە دەرەوەی وڵات چاویانبڕیوەتە حوکمڕانیەکەی. یەکەمین خەمی میر مانەوەیە لەسەر دەسەڵات بێ هیچ بەربەرەکارێک؛ جگە لەمە هەموو مەسەلەکانی دیکە لاوەکین و لە بنچینەدا لەبەر پەیوەندیی پۆزەتیڤانە یاخود نێگەتیڤانەیان لەگەڵ خەمی سەرەکیدا بایەخیان پێدەدات. بۆیە میر مامەڵە لەگەڵ «ڕەهاکان» و «ئەبسترکتەکان» و «ئایدیالیستیەکان» و «مەبەستە درێژخایەنەکان» ناکات، ئەگەر بەجۆرێک لە جۆرەکان بایەخ بەو مەسەلانەش بدات، ئەوا وەک خولیا نەک پیشەگەری بایەخی پێدەدات. میر مامەڵە لەگەڵ «ڕێژەکارییەکان»، «هەستپێکراوەکان»، «بەهانەئامێزەکان» و «مەبەستە کورتخایەن و مامناوەندخایەنەکان»دا دەکات (٨).

بیریار بە شێوازە نموونەییەکەی، مرۆڤێکە پیشەسازییەکەی بیرە، دیالۆگە لەگەڵ هاوتاکانی خۆیدا، کۆشکردنە بۆ فراوانکردنی بازنەی موریدەکان یان ئەوانەی باوەڕیان بە بیری ئەو هەیە، مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشە مەزنەکاندا، بەکارهێنانی ژیرییە بۆ شیکردنەوەیان، داتایە بۆ داڕشتنیان و ئەندێشەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان. ئەگەر بیریار بایەخ بە شتە بچووکەکان بدات، ئەوا لە پێناو پێکەوەبەستن و گەیشتن بە پێودانگە گشتییەکاندایە، ئەگەر بایەخ بە کێشەکانی ڕۆژانە بدات، ئەوا بۆ بەڵگەهێنانەوەیە بۆ کێشە مەزنەکان، ئەگەر بایەخ بە شتە ڕواڵەتکار و هەنوکەییەکانیش بدات، ئەوا لە پێناو ئەوەدایە بیانگێڕێتەوە بۆ ڕیشەیی و قووڵ مەوداکان. بۆیە بیریار تەنانەت لە کاتی مامەڵەکردنیشدا لەگەڵ ڕێژەیی، هەستپێکراو، بەهانەئامێز و کورتخایەندا، کۆششدەکات بۆ «ڕەها»، «ئەبسترکت»، «ئایدیالیستی»، «نەمر» و «گەردوونی» (٩).

بەکورتی، پیشەی میر «هونەری دەستدان»ە و پیشەی بیریار «هونەری ئەوەیە کە پێویستە ببێ»یە.

یەکەم پیاوی ئیش و کردارەکانە و دووەم پیاوی ئاخاوتن و بیرەکانە. ئەمەش ناوەڕۆکی جیاوازیی نێوان ڕوانینی بیریار و میرە: جیاوازیی هەنگاوهەڵهێنان، جیاوازیی مەبەست و جیاوازیی ئامراز، بەڵام جیاوازیی نییە لە بابەتدا، چونکە ئەو بابەتەی بیریار و میر بایەخی پێدەدەن یەکە، ئەویش مەسەلەکانی مرۆڤ و خەڵک و کۆمەڵگایە. جا ئەگەر دەلاقەیەک لە نێوان میر و بیریاردا لە گۆڕێبێت، ئەوا لە ڕوانینی هەریەکێکیاندایە بۆ بابەتەکە، ئەگەر گرژییەکیش لەنێوانیاندا بێت، ئەوا لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیاندایە لەگەڵ بابەتەکەدا.

مەبەستی ئەم شێوازکارییە ئایدیالیستیە بۆ هەریەکێک لە میر و بیریار بەپێی میتۆدی ماکس ڤێبەر ئەوەیە وێنەیەکی نقومبوو لە پاکژی و توندڕەویدا سەبارەت بە هەریەکێکیان بخرێتە ڕوو. چونکە زۆربەی هەر زۆری میرەکان لە دنیای واقیعدا خاوەنی هەموو ئەو ڕوخسارانە نین، بەڵکو خاوەنی زۆربەین. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری بیریارەکانیش خاوەنی ئەو ڕوخسارانە نین، کە باسیان لێوە کرا، بەڵکو خاوەنی زۆربەین.

لە مێژوودا نموونەی زۆری بیریارەکان بەدیدەکرێن، کە لە ڕوخسارەکانیاندا لە میر نزیکبوون (وەک ئەرستۆ، ئیبن خەلدون و میکافیلی)، نموونەی دیکەی میرەکان بەدیدەکرێن، کە بە ڕوخسارەکانیان لە بیرارەکان نزیکبوون (وەک ئەسکەندەری گەورە، مەئموونی خەلیفە و ناپلیۆن)، هەندێ نموونەی دەگمەنیش لە گۆڕێن، کە هەمان کەس ڕۆڵی میر و بیریاری لە هەمان کاتدا کۆکردۆتەوە، ئەمانەش لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا زاراوەی «پیاوی مەزن The Great Man» یان پێ بەخشراوە. دەشێ مەزنترین کەسێک بۆ ئەمجۆرەی دوایی محمد بێت (درودی خوای لێ بێ) و لەسەردەمی نوێشدا نموونەی ئەوە لە کەسایەتیەکانی وەک جیڤەرسۆن، لینین، گاندی و ماوتسی تۆنگ دا (١٠) بەدیدەکەین. لە هەموو ئەم بارانەدا بە جیاوازیی ئاستەکانیانەوە، جا خاڵی دەستپێکردن بیر بێت یاخود میرنشین، کەسایەتیەکان توانای داهێنانی بیرەکان و وەرگێڕانی بۆ وشەکان و گۆڕینی بۆ کارەکان پێکەوە کۆدەکەنەوە؛ هەروەها توانای «هونەری دەستدان» بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێستا، هونەری داڕشتنی «ئەوەی پێویستە ببێ» بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتووداو توانای ئیحاکردن بۆ دەستوپێوەندەکان، کە ئەوان توانای هەنگاوهەڵهێنانیان هەیە لەواقیعی دەستدانەوە بۆ واقیعی ئەوەی پێویستە ببێت» پێکەوە کۆدەکەنەوە.

لەم بابەتەدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕیزپەڕە مێژوویيەکاندا ناکەین، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ شێوازە هەرە باوەکەی میر و بیریاردا دەکەین. لێرەشدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەو دوانە لەڕووی فرمان و ئامرازەکانەوە ڕۆڵی جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازییەش سەرچاوەی گرژیی شیاو یان بەکردەوە، مات یان دەرکەوتووی نێوانیانە، جا ئەوانە بانگەشە بۆ هەرشتێکی تر بکەن یان هەر بڕوایەکی دیکە بۆ خۆیان دروستبکەن.

میر فەرمانی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە؛ ڕێکوپێکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و برەوپێدانی ئاسایش لەناوخۆدا و بەرگریکردن لێی لە دەرەوە. بیریاریش فەرمانی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، چونکە تاکەکەس و کۆمەڵگا تەنیا بە نان ناژین و پێویستە کەسانی وا هەبن، کە داهێنانی ڕۆشنبیریی دێننەئاراوە بۆ تێرکردنی ویژدانی بەکۆمەڵ، هەبوون و مێژوو بۆ هەموو نەوەیەک لێکدەدەنەوە، واتا و مانا دەبەخشنە ژیانی خەڵک و چاوڕۆشنیاندەکەن بەرامبەر ئەو نەریتانەی دەبێت جێگیربن و بەرامبەر ئەو ئامانجانەی دەبێ کۆشش بۆ هێنانەدیيان بکەن و بەو ڕێگە و ئامرازانەی جێبەجێکردنیان مسۆگەردەکەن.

واتە ئێمە ڕووبەڕووی دوو فەرمانی کۆمەڵایەتی بووینەتەوە کە ڕەوان، بەڵام جیاوازن. یەکێک لەو فەرمانانە پێویستیی بە سەقامگیری و بەردەوامی هەیە، ئەویش فەرمانی میرە، فەرمانەکەی دووەمیش کۆششی بەردەوام بۆ گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردن گەرەکە، ئەویش فەرمانی بیریارە. یەکەم دیسپلینی ڕەفتار لە گشت دەخوازێت و دووەمیش سەربەستی هەمەڕەنگیی بیر لە هەموو داوادەکات، بەڵام هەریەکێک لەو دوانە بە تەنگ سەربەخۆیی و سەربەستی خۆیەوەیە؛ میر سوورە لەسەر سەربەخۆیی لە دەسەڵاتدا و ئازادیی لە جووڵانەوەدا، بیریاریش سوورە لەسەر سەربەخۆیی

بیرکردنەوە و ئازادیی دەربڕین. میر خوازیاری ئەوەیە بەهۆی سەربەخۆیی و ئازادیی جووڵانەوەی خۆی و دیسپلین و یەکپارچەیی ڕەفتاری دەستوپێوەندەکانیەوە سەقامگیری و بەردەوامی بێنێتەدی، بیریاریش خوازیاری ئەوەیە بەهۆی سەربەخۆیی بیرکردنەوە و ئازادیی دەربڕینەوە ویستی گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردن لەنێو جەماوەردا بوروژێنێ.

بوونی ئەو دوو فەرمانە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا و بەدرێژایی مێژوو مانای ئەوەیە ئەوانە نەک تەنیا دوو فەرمانی ڕەوان، بەڵکو دوو فەرمانی پێویستیشن. بەڵام لەبەرئەوەی جیاوازن، بۆیە خاوەنەکانیان ناتوانن یەکتر بخەنە پشتگوێ، ئەگەرچی بانگەشە بۆ ئەوەش بکەن یاخود وا بیخەنە ڕوو، ئەمەش جیاوازیی «بیریار» و «پێغەمبەر»ە. جا ئەگەر هەندێ لەو پێغەمبەرانەی، کە بەتەنگەوەهاتووی دواڕۆژن داوا لە موریدەکانی خۆیان بکەن «ئەوەی هی قەیسەر بدەنە قەیسەر و ئەوەی هی خوایە بدەنە خوا» و قەیسەر هیچ کاتێک ئەم ئامۆژگارییە مسۆگەرنەکات و بەرامبەر ئەنجامەکانی بەگومان بێ، ئەی چۆن بیریار، کە خۆی سەرقاڵکردووە بە مەسەلەکانی دنیاوە نەک دواڕۆژە، جێی متمانەی قەیسەر دەبێ و چۆن قەیسەر دڵنیادەبێ بەرامبەر ئەو بێلایەنییەی بیریار بانگەشەی بۆ دەکات؟ لە بەرامبەر ئەمە، هەموو بیریارێک تێڕوانینی هەیە بەرامبەر میر، کردارەکانی و ئەو کۆمەڵگایەی میر فەرمانڕەواییدەکات و کاروبارەکانی دەباتە ڕێوە ـ جا چۆن خۆی دەربخات یان بانگەشە بۆ هەرشتێکی تر بکات. ئینجا لەبەر ئەوەی بیریار گۆشەگیریی تەواوەتی هەڵنابژێرێ و سوورە لەسەر ئەوەی ئەوانی دی گوێی لێبگرن، بۆیە ڕوودەکاتە ستایشکردن یان بەدبێژی، هەڵڕشتن یان هێماکردن؛ «کلیلە و دمنە» یان «ڕەوشتەکانی ئیستیبدا»، «پێشەکی» و «میر» یان «هاملێت» و «دکتۆر زیڤاکۆ»، «بەهەشتی لەدەستچوو» یان «بەهەشتی بەڵێنپێدراو»، «بێدەرەتانەکان» یان «مانیفێستی کۆمۆنیزم»، «لێرەوە دەستپێدەکەین» یان «چەند نیشانەیەک لەسەر ڕێگا» دەنووسێ.

بەکورتی جیاوازی، دەلاقە، گرژی و خۆگێل نەکردن لە نێوان میر و بیریاردا هەیە، بەڵام هیچ کۆمەڵگایەکی بێ میر و بیریار لە گۆڕێ نییە و پەیوەندیی نێوانیان دەشێ هاوکارییەکی گرژ بێت یان دابڕانێکی گرژ، هەروەها دەشێ ململانێیەکی وێرانکەر یان ململانێیەکی داهێنەرانە بێت. مێژوو، بە کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و نوێیەوە، پڕە لە هەموو ئەو شێوازانەی پێوەندیی نێوان میر و بیریار.

## ٤ـ پردڕێژیی دەلاقەی نێوان بیریار و میر:

دوا ئیشکالیەتی ئەم چەند سەرەتایە تایبەتە بە «پردڕێژیی دەلاقە»ی نێوان بیریار و میر. پرسیاری یەکەم بریتییە لە: ئایا پردڕێژیی دەلاقەکە مەسەلەیەکی ویستراوە؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە: ئایا ئەم پردڕێژییە شیاوە؟ پرسیاری سێیەم: چۆن؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، بە بڕوای ئێمە وەڵامەکە بە «بەڵێی مەرجدار»ە، چونکە لەبەر ئەوەی میر و بیریار هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی دوو فەرمانی کۆمەڵایەتی پێویست، کە لێک جیاناکرێنەوە. بۆیە لە بەرژەوەندیی خۆیان و کۆمەڵگادایە پێکەوە ژیان بەرنەسەر، بەرەو یەکتر تەواوکردن بچن و هەر یەکەیان دەست لەوە هەڵگرێ ئەویدی پشتگوێبخات یان ڕەتیبکاتەوە یاخود ڕزگاییێت لە دەستی، چونکە ئەو هەوڵدانانە، هەرچەند ویستراو و شیاوبن، لە ڕابردوودا بوونە هۆی بەفیڕۆدانی وزەی بێشوماری کۆمەڵگا و لە ئێستا و داهاتووشدا هەمان ئەنجامی دەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو هەوڵدانانە هەمیشە دووچاری تێکشکان دەبن، جا زوو بێت یاخود درەنگ. کاتێک میر هەوڵدەدات بیریار زیندەبەچاڵکات یان ڕەتیکاتەوە یاخود پشتگوێی بخات، ئەوا لەواقیعدا هەوڵدەدات یاساکانی مێژوو تێکبشکێنێ. هەروەها کاتێک بیریار پێی وایە دەتوانێ لە میر ڕزگارییبێت یان بۆ ڕزگاربوون لە میر هەوڵدەدات (ئەنارشستی بەواتای پڕاوپڕی وشەکە)، ئەوا لە واقیعدا هەڵدەدات یاسا کۆمەڵایەتیەکان تێکبشکێنێ، چونکە لە سێدارەدانی سوکرات یان سوتاندنی گالیلۆ یان دوورخستنەوەی ١٥٠هەزار ڕۆشنبیری لیبرالی بۆ سیبریا لەلایەن نیقۆلای یەکەمەوە دەشێ بۆ ساوەختێک مێژوویان دواخستبێ، بەڵام نەیانتوانی ڕێوەچوونی مێژوو بوەستێنن. هەوڵدانەکان بۆ ڕزگاربوون لە میر، لە ڕووی فیکری یان پراکتیکییەوە، دەشێ هاندەرانە و شیاوبێ لە نێو دەستەیەکی

مرۆڤانەی ئێرە و ئەوێ، لە گرتبوونەوەی خەوارجەکان یان قەرامتەکان یان کۆمۆنەی پاریس یاخود بیابانەکانی ئەریزۆنادا، بەڵام بەردەوامی و بڵاوبوونەوە بۆ هیچ یەکێکیان نەنووسرا و زۆری نەبرد جەستەی کۆمەڵایەتی گەورەتر گەمارۆیدان و کردنییە ... بەو جۆرە ئەگەر بەشێوەیەکی جیدی مامەڵەمان لەگەڵ یاساکانی مێژوو و کۆمەڵگادا کرد، ئەوە هەڵدێنجین کە هەموو یەکتر تەواوکردنێک، تەنانەت ئەگەر بەری دیالیکتیکی دژەکانیش بێت، مەسەلەیەکی بنیاتنەرانە و ویستراوە، چونکە ئەڵتەرناتیڤی ئەم یەکتر تەواوکردنە بە فیرۆدان یان کاولکارییە. بەڵام ئەو مەرجەی وا دەکات ئەم پردڕێژییە ویستراو بێت ئەوەیە کە، هیچ یەکێک لە فەرمانەکان لەسەر حسابی ئەوی دیکە وەژێرەوەنەنرێ یان نەشێوێنرێ یاخود لە نێو خۆ نەگیردرێ. لەوانەیە دەستەواژەی «پردڕێژیی دەلاقە» بێ مەبەست هاتبێتە گۆڕێوە، بەڵام لەواقیعدا وردکارییەکی چەمکئامێز لە خۆ دەگرێ، چونکە لە دووتوێی خۆیدا ددان بەوەدا دەنێت کە، هەر یەکێک لە میر و بیریار لەسەر دوو زەمینەی بەرز ڕاوەستاون و دەڕواننە زەمینەی سێیەم کە لێکیان جیادەکاتەوە، ئەگەرچی هەریەکێکیان بەشێوازی خۆی بە زەمینەی سێیەمەوە بەستراوە. پردڕێژیی دەلاقە بەم واتایە مانای گۆڕینی بارودۆخەکەیە بۆ سێ گۆشەیەکی لا لێک ئاڵۆزکاو (میرـ کۆمەڵگاـ بیریار).

سەبارەت بە پرسیاری دووەم: ئایا پردڕێژیی دەلاقەی نێوان بیریار و میر شیاوە؟ ئەوا وەڵامەکە لێرەشدا بە بەڵێیە. بۆ ئەمەش پشت دەبەستین بە چەندین شایەتێکی مێژوویی نزیک و لە سێ کۆمەڵگای جیاوازدا. شایەتی یەکەم لە یابانەوەیە، کە ڕێنسانسی نوێی خۆی لەسەر بناغەی هاوکاری و یەکتر تەواوکردنی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە قۆناغی سەرەتای فەرمانڕەوایی میجیدا دامەزراند. بڕبڕەی پشتی دەستەبژێری ڕۆشنبیر چینی سامۆرایەکان بوو، کە خۆشەویستی ئاگاییخواستنی فیکری و زانستی قووڵ سەبارەت بە فەلسەفە، سیاسەت، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری، زانستە پزیشکییەکان و مەسەلەکانی بەرگری لە خۆرئاوا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بزواندبووی. ئینجا خۆشەویستی ئاگاییخوازی گۆڕا بە خرۆشان بۆ فێربوون و بە بەری خۆداکردنی ئەو زانست و هونەر خۆرئاواییانە. بۆیە کاتێک حوکمڕانیی میجی ساڵی ١٨٦٨ هاتەوە سەر کار، زەمینە لەباربوو بۆ هاوکاریی داهێنەرانەی نێوان دوو دەستەبژێرەکە و بانگەوازی هەردووکیان پێکەوە بۆ کۆششکردن بوو لەپێناو خوڵقاندنی «مرۆڤێکی یابانی نوێ»دا (١١) و هەردووکیان پێکەوە، هەر یەکێک بەشێوازی خۆی، هەنگاویان هەڵهێنا ڕووەو ئەو ئامانجە هاوبەشە. ئەوەش هەنگاوهەڵهێنانێکی کەتە بوو، وێڕای نسکۆی کاتیی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، هەتاکو ئێستا بەردەوامە.

شایەتی دووەم لە بەریتانیای مەزنەوەیە، لە کۆتای سەدەی پێشوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا و لە کۆمەڵەی فابیەکاندا خۆی دەنوێنێ، کە زۆربە و دیارترین بیریارەکانی بەریتانیای ئەو کاتە بوونە ئەندام تیایدا. فابیەکان بە جۆشبوون بۆ گۆڕینی گۆمەڵگاکەیان و شکاندنی ڕەقهەڵاتنی موحافەزەکارانە سەبارەت بە مەسەلەی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەش ڕێگەیەکی ڕەخنەگرانەی سەرسەختانەی ئارامیان گرتە بەر و شەڕیان دژی میر ڕانەگەیاند، بەڵکو مامەڵەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کرد کە لە دەوروبەری بوون، لە دەزگای خزمەتگوزاریی شارستانیەوە بگرە تا زانکۆکان و ڕۆژنامەگەری، لە وەزیرەکانەوە بگرە تاکو ئەندامەکانی ئەنجومەنی گشتی و لۆردەکان. ئەمەش لەڕێگەی دیالۆگ، فێرکردن و تێگەیاندنەوە، جارێک بەهۆی گوتاربێژییەوە و جارێکی دیکە بەهۆی کاریکاتۆرەوە، جارێک بە توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراوەوە و جارێکی دیکە بەهۆی شانۆ و ڕۆمانەکانەوە. کۆمەڵەی فابیەکان توانی لە ماەی نەوەیەکدا گۆڕانکارییەک و ئاڵوگۆڕێکی وەها لە کۆمەڵگای ئینگلیزدا بێنێتە ئاراوە، کە بە شۆڕشێکی خوێناوی قەبە دابیندەکران (١٢).

شایەتی سێیەم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوەیە. دەستەی یەکەمی بنیاتنەرانی سەربەخۆیی پێکهاتبوو لە هاوکاری و هاریکاریی نێوان بیریارەکان و سیاسییەکان، واتە خاوەن قسەکان و خاوەن کردارەکان. ئەوە بوو دەستەبژێری ڕۆشنبیر پیاوانی وەک تۆماس جیڤەرسۆن، بنیامین

فرانكلین و ئالبێرت وبستەری لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردەوە. بە دوابڕانی ئەم نەوەیە ڕۆڵی بیریارەکان بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گۆشەگیربوو. بەڵکو وشەی «بیریار» وای لێهات مانای ناجیدیبوون و بێڕێزیی لە دووتوێی خۆیدا هەڵدەگرت، ئەمە جگە لە گومانپێکردن و سوکایەتیپێکردن. ئەوەی پشتگیریی ئەم تێڕوانینە نێگەتیڤەی دەکرد ئەوە بوو کە، زۆربەی ئەوانەی بە کاری بیر و ڕۆشنبیرییەوە سەرقاڵبوون کۆچکردووە نوێکانی ئەڵمانیا و ئەوروپای خۆرهەڵات بوو کە لە ئاخاوتنی ئینگلیزیدا خۆیان لە لەکنەی زمانە بنەڕەتیەکانی خۆیان ڕزگارنەکردبوو، هەروەها لەبەرئەوەی ژمارەیەکیان خاوەن ڕەوتی سۆسیالیستانە، مارکسیستانە و ئەنارشیستانە بوون. کاتێک لە بیستەکاندا بێبازاڕی مەزن باڵی بەسەر وڵاتە یەککگرتووەکاندا کێشا و ئاسەوارەکانی هەتا سییەکان بەردەوامبوو، دەستەبژێری سیاسی هەستی بە تەنگوچەڵەمەی سیستەمی سەرمایەداری و گرفتی مێژوویی کوشندە کرد و کەوتە گەڕان بەدوای بیرێکی نوێدا، یاخود دەسیتکردە پیاچوونەوەی بیری پایەدار بەڵام پەراوێزکراو کە لە ترسدا یاخود بۆ سوکایەتیپێکردن ماوەیەکی درێژ خۆی بەرامبەری گێلکردبوو، پشتگوێیخستبوو و بەگژیداچووبوو. فرانكلین ڕۆزفلت پەنای بە بیریارەکان برد، بەتایبەتی ئەکادیمیستەکان، بۆ هێنانە گۆڕێی بیرێکی نوێ یان بیرێک کە بتوانی نەریتەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ پێداویستییەکانی لایەنی کەمی دادوەریی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکانی بزواندنی ئابووریی ئەمریکیدا بگونجێنێ. ئەوەبوو گروپێکی گەورەی بیریارە ئەمریکیەکانی ئەو کاتە بەدەنگ بانگەوازەکەیەوە هاتن و سەردەمێکی نوێی هاوکاریی گرژی نێوان دەستەبژێری فەرمانڕەوا و دەستەبژێری ڕۆشنبیر دەستیپێکرد. ئەم هاوکارییە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جۆن کەنەدیدی و لیندۆن جۆنسۆندا لە شەستەکاندا گەیشتە پۆپە و لە بیست ساڵی دواییشدا لە هەڵبەزودابەزدا بووە، بەڵام هیچ کاتێک ڕانەوەستاوە. لێرەشدا هەمووومان ناوی ئەو بیریارانەمان دێتەوە یاد کە لەسەردەمی بەڕێوەبەرایەتیە ئەمریکیە بەدوای یەک هاتووەکاندا لەسەر زار بوون، وەک: ماکجۆرج بندی، واڵت رستو، وکینث گالبێرث، جۆن بادو، جۆرج پۆوڵ، دانیاڵ مونیهان، هنری کیسینجەر، بریژینیسکی و چەندینی دیکە (١٣).

بێگومان ئەم سێ شایەتە بۆ دەستدانی پردڕێژیی دەلاقەی نێوان بیریار و میر لەو کۆمەڵگایانەوە هەڵهێنجراوە کە ڕابوون و گەشەیانکردوە. لەوانەیە گشتگیریی لێرەدا شیاونەبێ، بەڵام ئەوە ڕەچاودەکرێ کە هەموویان لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا و لە قۆناخی جیاوازی پێگەیشتن و گەشەکردنیاندا ڕوویانداوە. نموونەی هاریکاریی نێوان دوو دەستەبژێرەکەی یابان لە سەرەتای هەنگاوهەڵهێنانی سەرمایەداریدا بوو، بەڵکو هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو هەنگاوهەڵهێنان؛ لە بەریتانیا لە قۆناخی مامناوەندیی گەشەکردنی سەرمایەداریی پیشەسازیدا بوو و قووتاریکرد لە تەقینەوەی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکە؛ کەچی لە وڵاتە یەککگرتووەکان لە قۆناخی پێگەیشتنی سیستەمی سەرمایەداریدا بوو و هاریکاریی دوو دەستەبژێرەکە وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو تەنگوچەڵەمە ئابوورییە کوشندەیەی، ئەگەر هاریکارییەکە نەبوایە، خەریکبوو سیستەمەکە بەگشتی لەناوبەرێ.
لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شۆڕشی سۆسیالیستی مارکسیستانەیان بەخۆوە دیوە، پێوەندیی نێوان دەستەبژێری سیاسی و فیکری بە چەندین قۆناخێکدا تێپەڕیوە. لە قۆناخی ئامادەکاریدا بۆ شۆڕش هاریکاریی نێوان نارەزا فیکرییەکان (١٤) و نارەزا سیاسیەکان (دەستەبژێری ئەڵتەرناتیڤ) لەوپەڕیدا بوو. ئەوەبوو بیریارەکان هەستان بە برەوپێدانی ئەو نارەزاییە و بزواندنی هەستی جەماوەر و توندوتیژانە ڕەخنەیان لە سەردەمی کۆن گرت و دزێوییەکان و بۆگەنی و پاشکەوتووییان خستەڕوو، مزگێنی کۆمەڵگایەکی نوێیان ڕاگەیاند کە ئازادی و دادوەری و یەکسانی تیایدا باڵادەستن. هەروەها خەڵکیان وروژاند و هانیاندان بۆ ڕوخاندنی سەردەمی کۆن و کۆششکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێ. هاریکاریی نێوان هەردوو دەستەبژێری فیکری و فەرمەنڕەوای نوێ لە سەرەتای سەردەمی شۆڕشدا بەردەوامبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو مانگی هەنگوینی نێوانیان کۆتاییپێهات و بەسەرچوو و قۆناخی سێیەم دەستیپێکرد کە گرژیی مات زاڵبوو بەسەریدا، ئینجا

قۆناخی چوارەم هات کە گرژیی ئاشکرا زاڵبوو بەسەریدا. ئەمەی دوایی لە یەکێتیی سۆڤیەت هێما بۆ باسترناک و سولژ نیتسن و ساخارۆف و ئەوانەی دیکە دەکرێ، کە واژەی «جیابوونەخواز» یان بەسەردا دابڕاوە.
سەبارەت بە وڵاتانی جیهانی سێیەم.. (ئێمە ئێستا لە ناوەڕۆکی باسەکەمان نزیکدەبینەوە) ئایا پردڕێژیی دەلاقەی نێوان بیریار و میر شیاوە؟ جارێکی دیکە بە بەڵێ وەڵامدەدەینەوە، ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان دوو دەستەبژێرەکە بە چەندین قۆناخی تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەو قۆناخانەدا تێپەڕیوە کە، ئەو وڵاتانە بەخۆیانەوە دیون کە شۆڕشی سۆسیالیستی مارکسیستانە تیایاندا ڕوویداوە. جیاوازیی بنچینەیی ئەوەیە، زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم (جگە لە کەمایەتیەک) شۆڕشی سۆسیالیستی مارکسیستانەیان بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو ڕاپەڕینی نیشتمانی و ناسیونالیستانە بۆ ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزمی بێگانە و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئەوەبوو لە سەردەمی خەباتدا بیریارەکان ڕۆڵێکی بنچینەییان بینی، بەڵکو زۆربەیان بوونە سیاسەتمەدار بۆ ڕابەریکردنی ئەو خەباتە. هاریکاریی نێوان ئەو دوو دەستەبژێرە بەدرێژایی ئەو قۆناخە و قۆناخی دوای سەربەخۆیی بەردەوامبوو، ئینجا گرژیی و دواییش دابڕان و دواتریش ململانێی نێوان دوو دەستەبژێرکە دەستیپێکرد (١٥).

**دووەم/ ڕووە و پردڕێژیکردنی دەلاقەی نێوان میر و بیریار**

ئەم بەشەی بابەتەکە ڕاگەیاندنی ئەو کۆمەڵە «پێویستە»یە کە دەبێ میر بیانکات، بیریار بیانکات و هەردوو پێکەوە بیانکەن...
ئێمە بە دەوری خۆمان لە چەند سەرەتایەکی تیۆری و تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵگا و بیریار و میردا لە نیشتمانی عەرەب هێمامان بۆ سروشتی تەنگوچەڵەمەی ئیمڕۆی پەیوەندیی نێوان بیریار و میر کرد. مەبەستیشمان لەوە دەستنیشانکردن و دانانی ئیشکالیەتی ئەم بابەتە بوو لە ڕێڕەوێکی کۆمەڵگایی گەورەتردا، پێش ئەوەی باسی ئەو «پێویستە»یانە بکەین کە زۆرجار لە کۆنگرە و کۆڕە عەرەبیەکاندا (١٦) دووبارەدەکرێنەوە، بێ ئەوەی کەسێک لەوانەی مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگە ئاوڕیان لێ بدەنەوە. ئەگەرچی کورتکردنەوەی ئەو «پێویستە»یانەی ئەوانی دیکە دەریانبڕیوە یان پێشنیارکردنی هەندێکی تر ئاسانترین کارە، بەڵام قورسترینیانە لەسەر دڵی نووسەری ئەم بابەتە.
با بەو «پێویستە»یانە دەستپێبکەین کە زیاتر خواستراون و نموونەییترینیانن، ئینجا پلەبەپلە بەرەو لایەنی کەم (واقیعیترینیان) دەچین، بەو هیوایەی کەسانێک هەبن گوێبگرن، هۆشمەندبن و کاربکەن. ئەوانەشمان لە شیکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی گەلانی دیکە و تاقیکردنەوەی هاوچەرخی خۆمانەوە هەڵهێنجاوە.

**١- پردی ئاڵتوونی:**
لە ناخی تەنگوچەڵەمەی ئابووریی جیهانیدا، کە بە «بێبازاڕی مەزن» ناسراوە، هەندێ گەشبین لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ویستیان دووبارە هیوا لە نێو گەلەکەیاندا بچێننەوە، لەکاتێکدا کە هێشتا کەس خانوویەکی خاکی بنیات نەنابوو، ئەو گەشبینانە هەڵسان بە نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی یەکەمین ئاسمانبڕ لە مێژووی ئەمریکادا، کە بەناوی (ئیمپایەر ستەیت) (The Empire- State Bilding) ناونرا. بەر لەوەش بە چەند ساڵێک، لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە نێو ڕەشبینی و کاولی و بێهیواییدا هەندێ خەونخۆش زاتی ئەوەیان کرد بیر لە «کۆمەڵەی نەتەوەکان» بکەنەوە، پاش ئەوەش بە چەند ساڵێک و لەناوجەرگەی جەنگێکی جیهانی دڕندەتر و وێرانکەرتر لەوەی پێش خۆی هەندێکی تر زاتی خەونبینینێکی نوێیان کرد، ئەویش «دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان» بوو.
ئێمە ئەوە دەڵێین، کاتێک لە نێو واقیعێکی عەرەبی دڵتەنگدادین، بۆ ئەوەی بەهانە بۆ پێشنیاری

نموونەییترین پردڕێژیی: «پردی ئاڵتوونی»، نێوان بیریار و میر بکەین، ئەگەرچی تەوباویش بێ. خاڵی سەرەتا دەرککردنی هەریەکێک لە میر و بیریارە نەک هەر بە قووڵیی و سروشتی تەنگوچەڵەمەکەی خۆیان، بەڵکو بە قووڵیی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵگاکەشیان، هەروەها دەرککردنی هەردووکیانە بەوەی ڕزگاربوونی هەر یەکێکیان گرێدراوە بە دیالۆگەوە لەگەڵ ئەویدی لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەی دەربازبوون لەو تەنگوچەڵەمەیە، ئەم گفتوگۆیەش شیاو و ویستراوە.
پاش ئەم دەرککردنە دوولایەنە، هەریەکێکیان هەڵدەستێ بە چاککردنی پشێویی نێوان خۆی و کۆمەڵگا.

A ـ چارەسەرکردنی پشێویی نێوان میر و کۆمەڵگا پێویستی هەیە بە:

(١) بنیاتنانی ڕەوایەتیەکی ڕاستەقینە لە ڕێگەی تواناداان بە گشت هێزە کۆمەڵایەتیەکان، تەنانەت ئەگەر شێواو یاخود نەرمەلیقەش بن، بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە خۆیان ڕێکبخەن، ئەگەر ویست و توانایان هەبوو، خۆیان دەربڕن و بەشداریی لە دەسەلاتدا بکەن. بەکورتی، دواکراو لێرەدا ئەوەیە کە هاوڕێکیی نێوان پەیکەری کۆمەڵگا و پەیکەری سیاسیی دەوڵەتدا قایمکرێت، ئەمەش دەتوانێ کۆتایی بەو دابڕانەی ئێستای میر و گەلەکەی بهێنێ.
(٢) دەستپێکردنی دیالۆگێکی ئازادانە، کە هەموو هێزە کۆمەلایەتیەکان بەشداری تێدا بکەن، سەبارەت بە دیاریکردنی ئامانجە هەنوکەیی و درێژخایانەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت. لەم دیالۆگەشدا پێویستە هانی بیریارەکان بدرێ بە سەربەستیەکی تەواو بە بیروڕاکانی خۆیان بەشداریبکەن، تەنانەت ئەگەر زیندووترین مەسەلە بەلای میرەوەش بگرنە خۆ.

B ـ چارەسەرکردنی پشێویی نێوان میر و بیریار پێویستیی هەیە بە:

(١) ڕاوەستاندنی هەموو جۆرەکانی زۆرلێکردن کە، میر دەرهەق بە بیریار کاریپێدەکات، جا زۆرلێکردنەکە ڕاستەوخۆ بێت (وەک زیندان، ئەشکەنجەدا و برسیکرد) یاخود ناڕاستەوخۆ بێت (وەک گەمارۆدان، کەنارگیرکردن و ڕێگەگرتن لە خۆ دەربڕین لەڕێگە ئەو ئامڕازانەی پەیوەندییەوە کە دەوڵەت زاڵە بەسەریاندا).
(٢) دەرفەت ڕەخسان بۆ ئەوەی بیریار دامەزراو و پەیوەندگە فیکرییەکانی خۆی بخوڵقێنێ بۆ خوڵقاندنی «کۆمەڵێکی فیکری»، بەڵکو پێشکەشکردنی داکۆکیکردنی ئەدەبی و ماڵی بێ مەرج بۆ ئەم مەبەستە.
(٣) هاندانی بیریار بۆ پێشکەشکردنی پوختەی بیر و هەوڵدانەکانی خۆیان بە میر، ئەمەش یان بەهۆی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و کتێبی سەربەستەوە یاخود لەڕێگەی دامەزراو و ئەنجومەنی تایبەتمەندەوە کە تەواو سەربەخۆن، وەک ئەنجومەن و ئەکادیمیاکانی بەریتانیا یان لیژنەی نەخشەدانانی هیندستان یاخود پەیمانگەی شیکردنەوە و نەخشەکاریی سیاسەتەکان لە ولاتە یەکگرتووەکان، وەک پەیمانگەی هدسۆن، پەیمانگەی پرۆژەی ئەمریکی (American Interprise Institute)، پەیمانگەی سیمثۆنیۆن و بروکنگر و ئەوانی دیکە.
(٤) بایەخدانی جیدیی میر بەو شتانەی بیریارەکان بە وتە یان کردەوە دەریدەبڕن. بێگومان ئەمە بە پێویست مانای ئەوە نییە هەموو ئەو شتانە جێبەجێبکات کە بیریارەکان پێشکەشیدەکەن، بەلام پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەوانەش بکات کە وەریان ناگرێ. لەوانەیە سودبەخشترین ئامراز بۆ سەلماندنی ڕاستبێژیی میر لەم بارەیەوە ئەوە بێت پێشنیارەکانی بیریاران بە شێوەی پرۆژەی سیاسی یا یاسا بخاتەڕوو کە، لە ئەنجومەنە میللییە هەڵبژێردراوەکاندا گفتوگۆیان لەسەر بکرێ یان دەرببڕدرێن بۆ دەنگدانی میللی بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە.

C ـ چارەسەرکردنی پشێویی نێوان بیریار و کۆمەڵگا ئەوە لە بیریار دەخوازێ کە:

(١) دابەزینە سەر زەوی واقیعی کۆمەڵگایی بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەو تێگەیشتنی و دەربڕینی ئەوە بەشێوەی کاری زانستیی جێبەجێکارانە (ئەگەر بیریارەکە پسپۆڕ بێت) یان کاری داهێنەرانە (ئەگەر بیریارەکە هونەرمەند یان ئەدیب بوو) یاخود هەنگاوهەڵهێنان لە واقیعەوە ڕووەو ڕوانگەی داهاتووئامێز و سروشئامێز (ئەگەر بیریارەکە پسپۆڕ و داهێنەر بوو لەهەمان کاتدا).
(٢) ڕێکەوتن لەگەڵ بیریارەکانی دیکەدا لە ڕێگەی دیالۆگ و کارلێکردنەوە، واتە کۆتاییهێنان بە نەخۆشی «دەشتنشینی فیکری»** کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆمەڵی ڕۆشنبیریی عەرەبی سەرقاڵکردبوو. لێرەدا داواکاری ئەوە نییە «شیخی فقیە» یان «زانای پۆزەتیڤیستی عیلمانی» یان «بیریاری ناسیونالیست» یاخود «بیریاری سۆسیالیست» دەستبەرداری زەمینەی پەسەندکراو یان بیروباوەڕ یاخود هەڵبژاردە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بێت، بەڵکو داواکاری ئەوەیە بڕوا بە پێکەوە ژیان و ڕەوایەتی فرە فیکری، وەک دەربڕێکی هەمەڕەنگیی کۆمەڵایەتی و فرە سیاسی، بهێنێ.
(٣) دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگادا وەک هەنگاوێکی دووەم و هاوشانی دیالۆگی بیریار لەگەڵ ئەوانی دی. ئەمە پێویستی بەوە هەیە وردەوردە و ماوەنەماوە لە بورجی عاجی خۆی بێتە خوارەوە بۆ ئاستی زۆربەی گەلەکەی. ئەمەش لەڕێگەی ڕێزگرتنی شتە پیرۆزەکانی جەماوەرەوە دەبێت، تەنانەت ئەگەر تێبنی یان ڕەخنەشی لەسەریان هەبێت. هەروەها دەبی بیریار ئەوەی لەیادبێت، تەنانەت ئەگەر لە تێڕوانین و چاوڕونیشدا لە پێش جەماوەرەوە بوو، نابێ لە گوتاری خۆیدا هێما بۆ ئەو بکات دەلاقەی نێوانیان چەندەها میل و هەنگاو درێژە، بۆ ئەوەی تووشی بێهیوایی نەبن بەرامبەر پێراگەیشتنی ئەو. هەروەها دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگا ئەوە دەخوازێ زمانی گوتار ئاسانبکرێ و لە ڕووی دەستەواژە و ماناوە ئاڵۆزنەکرێ و لە کارە داهێنەرییەکاندا نقومی ڕووتکاری نەبێت.
(٤) دامەزراندنی پرۆژەیەکی ژیاریی نەتەوەیی، وەک بەرهەمێکی زانستی بیریار. هێڵی نادیاری جیاکەرەوەی «بیریار» و «خوێندەوار» ی خاوەن خوێندنی باڵا ئەوەیە هەریەکێکیان «مەعریفەی تایبەتمەندانە»ی بەدەستەوەیە، بەڵام بیریار مەعریفە تایبەتمەندەکەی تەنیا لە خزمەتی کۆمەڵگادا ناخاتە گەڕ، بەڵکو بۆ پێکەوە گرێدانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ژیاندا، بەو پێیەی تێڕوانینێکی گشتی یان «پرۆژەیەکی فیکری» کامڵی لا دروستببێ، ئەمە بەبێ گوێدانە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەوانی دی یان ڕەتکردنەوەیان بۆی. بۆ قسەکردنمان لەسەر مەسەلە گەورەکان کە، لە سەردەمی ڕفاعە تەهتاوییەوە تاکو ئێستا بیریارەکانیان سەرقاڵکردووە شەش مەسەلەی گەورەمان دەستنیشانکردوە:

- ڕەسەنایەتی بەرامبەر بەخۆرئاواییبوون (بایەخپێدانەکانی بیریاری فەقیە).
- دیموکراتیەت بەرامبەر ئیستیبداد (بایەخپێدانەکانی بیریاری لیبرالی).
- پەرەسەندن بەرامبەر پاشکەوتن (بایەخپێدانەکانی بیریاری پسپۆڕ)
- یەکگرتن بەرامبەر پارچەپارچەبوون (بایەخپێدانەکانی بیریاری ناسیونالیست).
- دادوەریی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەکاربردن (بایەخپێدانەکانی بیریاری سۆسیالیست).
- سەربەخۆیی بەرامبەر باڵادەستیی بێگانە و زایۆنیزم (بایەخپێدانەکانی گشت بیریارەکان).

گرنگ لێرە، بێ گوێدانە خەمی بنچینەیی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی بیریارەکان (لەوانەیە جۆری دیکەش هەبن، وەک ناوچەگەر و تایەفەگەر)، ئەوەیە بیریار تێڕوانینێکی هەمەلایەن سەبارەت بە هەنگاوهەڵهێنانی بنەڕەتیی بۆ پێنج مەسەلەکەی دیکە بخاتە ڕوو، چونکە بەوە نەک هەر خۆی لە دەردی «پارچەگەری» و ڕواڵەتکاری دەپارێزێ، بەڵکو زەمینە بۆ بیریارەکانی دی و ڕۆڵەکانی تر خۆشدەکات دیالۆگی لەگەڵ سازکەن، جا بەرەو ڕێکەوتن بچێ یاخود جیاوازی.

D ـ چارەسەرکردنی پشێویی نێوان بیریار و میر پێویستی بەوەیە بیریار:

(١) دەرک بەوە بکات کە «میرنشین» (دەسەڵات) وەک ئەو فەرمانی کۆمەڵایەتی هەیە کە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناتوانێ دەستبەرداری بێت. لێرەشدا داوا لەو نەکراوە تەقەبەستی لەگەڵدا بکات یاخود دەست لە ڕەخنەگرتن لە پراکتیکەکانی هەڵگرێ، چونکە بەوە زیان بە ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگا دەگەیەنێ کە، لە هەموو بارێکدا گرنگیی پلە یەکیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا گومانی تێدا نییە میریش مرۆڤە و خەمی یەکەمی بەردەوامبوونە لەسەر دەسەڵات، بۆیە لایەنی کەمی ڕێزگرتن و پاکخوویی لە قسەکردن لەگەڵ میر و میرنشیندا هەبێت، ئەگەر میر چاوەدێریی لایەنی کەمی ئەرکەکانی بەرامبەر کۆمەڵگا و بیریار جێبەجێبکات، لێرەشدا ڕێزگرتن لە دەسەڵات مانای مەرایکردن و ملکەچکردن نییە.

(٢) دەرک بەوە بکات میر هەمیشە وەڵام و چارەسەری پراکتیکی دەوێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دابینکردنی پێداویستییەکانی، بیرفراوانی و دووربینی میر هەرچەندێک بێت، ئەوا لە کۆتایی ڕۆژدا دەیەوێ مامەڵەی لەگەڵ کێشەکان کردبێ بۆ ئەوەی ئارام بنوێت. بۆیە پێویستە ڕۆشنبیر وەرزشی «کورتخایان» بکات بێ ئەوەی بە پێویست دەست لە پەیامی «دوورخایان» هەڵگرێت، هەروەها وەرزشی «ڕێزگرتنی وردەکارییەکان» بکات بێ ئەوەی دەست لە پێویستیی تێڕوانینی هەمەلایەن یان پرۆژەی ژیواریی کامڵ هەڵگرێت.

ئەمە بەکورتی ئەو «پێویستە»یانەی پردی ئاڵتوونییە، کە نموونەییترین پردرێژیی نێوان بیریار و میرە، هەروەها نێوان ئەوان و کۆمەڵگایە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی میرەکان و بیریارەکان پیاوچاک نین، بۆیە با بە «پردی زیوین»ی نێوان بیریار و میر ڕازیبین.

**٢ـ پردی زیوینی نێوان میر و بیریار:**

ئەم پردە دەشێ بە بەشێک لە تێچووەکانی پردی ئاڵتوونی دابمەزرێ. بەکورتی، دەشێ دەلاقەکە بە بەشێک لەو ڕاسپاردانەی پێشوو، نەک هەمووی پێکەوە، پردرێژیبکرێ. واتە بیریار دەشێ ئەوانە وەرگرێ کە، ویژدانی ئارامدەکەن، میر ئەوانە وەرگرێ کە، بەرژەوەندییەکانی دابیندەکەن.

جا لەبەر ئەوەی بیریار هەمیشە و لە هەموو بارودۆخێکدا سەربەستی دەوێ، نەک تەنیا بۆ بیرکردنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بیری خۆشی دەربڕێ، کەواتە با ئەوە بە لایەنی کەمی ئەرکەکانی میر بەرامبەر بیریاردابنێین لەم پردەدا، واتە ڕێزگرتنی بیریار.

لەبەر ئەوەش کۆمەڵگا هەمیشە خوازیاری دادوەری و پیاوچاکییە، نەک تەنیا بۆ ئەوەی لە میر ڕازیبێ و لایەنی کەمی ڕەوایەتی پێ ببەخشێ، بەڵکو بۆ ئەوەی بدات و بەرهەمبهێنێت، کەواتە با ئەوە بەلایەنی کەمی ئەرکەکانی میر بەرامبەر کۆمەڵگا دابنێین لەم پردە زیوینەدا. لێرەدا مەرجی دیموکراتیەت و بەشداریکردنی سیاسی لە گۆڕێ نییە لە بری ئەوەی میر هەڵسێت بە جێگیرکردنی ڕاستپەروەری و دادپەروەری و بەگژاچوونی بۆگەنی (بەلای کەمەوە ئەوەی بەرچاوە).

لە بری ئەو دوو مەرجەی پێشوو (دوو ئەرکی میر) ئەرکی سەرشانی بیریارە داهێنان بهێنێتە ئاراوە و ژیانی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمەڵگا دەوڵەمەندبکات، چاندنی هیواو بەگژاچوونی ڕەشبینی دووپاتبکاتەوە و هوشیاری لای نەوەکانی میللەتەکەی بەناخدا بەرێت، بەو هیوایەی لە قۆناخێکی تردا پردی زیوین بگۆڕێ بۆ پردی ئاڵتوونی.

بەڵام بەرامبەر میر، پێویستە بیریار ڕاوێژ بداتە میر ئەگەر داوایکرد و هەرکات پێی باشبوو پێشنیاری ڕاوێژکردنی بۆ بکات و ڕێزی دەسەڵاتی میر بگرێت. ئەگەر ناچاریش بوو ڕەخنە لە پراکتیکەکانی میر بگرێ، ئەوا با بەو شێوەیە بێ کە پێی دەوترێ «ڕەخنە بیناکار»، ئەگەر ڕەخنەکەش «ڕەخنەی بیناکار» نەبوو ئەوا با بە کەناڵی تایبەتی بۆ میری بنێرێت، بۆ ئەوەی جەماوەر لە دژی میر نەوروژێت. ئەگەر بیریار دەستەوەستاوبوو لە ئاست هەموو ئەوانەدا، ئەوا با لەسەر شێوازی «كليلة و دمنة» پەنا بە «نادیار و شاراوە» بەرێت بۆ ئەوەی «موی مەعاوییە» لەگەڵ میردا نەپسێنێ.

سەبارەت بە «بیریارە پسپۆڕەکان»، ئەوانە بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ دامەزراندنی پردی

زیوین. ئەو ڕۆڵەش دوولایەنەیە، یەکێکیان بەڕێوبەرانەی تەکنیکییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی میر لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کورتخایەنەکاندا، دووەمیش نەخشەکارانەی مامناوەند و درێژخایانە (بەپێی پلەی ڕووناکبینی میر). ئەو بوارانەی دەچنە خانەی ئەمەی دوایی بریتین لە یارمەتیدانی میر بۆ دەستنیشانکردنی زانستیانەی هەڵنژاردنە دەرفەت پێدراوەکان لە بوارەکانی پەرەسەندن، تەکنۆلۆژیا و سیاسەتە پەروەردەیی و زانستییەکاندا... بۆ مسۆگەرکردنی بەجێهێنانی ئەم ڕۆڵە ئەو ئەنجومەنە تایبەتمەندانە پێویستن کە لە «پێویستە»یەکانی پردی ئاڵتونیدا هێمایان بۆ کراوە.

**٣- پردی دارینەی نێوان میر و بیریار:**

لە کۆتاییدا دێینە سەر لایەنی کەمی «پێویستە»یەکان کە بەشێک نەک هەموو ڕاسپاردەکانی «پێویستە»کانی پردی زیوین لەخۆ دەگری.

سەبارەت بە میر پێویستە دەست لە چۆکدادان بە بیریارەکان هەڵگرێ و لایەنی کەمی ئاسایشی جەستەیی، ئازادیی گوێزانەوە لەناوەوە و هاتوچۆ بۆ دەرەوە و بەرهەمهێنانی فیکری و ڕۆشنبیریان بۆ مسۆگەربکات، لەگەڵ ئینتیقائیەت لە ڕەخساندنی ئامڕازەکانی دەربڕین لە نێو کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا بۆ ئەو مەسەلانەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆی نین یان زیان بەخۆی ناگەیەنن، ماوە نەماوە دیدەنیان بکات بۆ ئەوەی گوێ بۆ پێشنیارەکانیان ڕابگرێ بێ ئەوەی ناچاربێت جێبەجێیان بکات، ڕێگەبدات بە بیریارەکان پەیوەندگەی خۆیان دامەزرێنن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی بکەن، مادام گفتوگۆکردنەکەیان ناگاتە جەماوەر و هەڕەشە بۆ دەسەڵاتەکەی دروست ناکات یان فشارێکی ڕاستەوخۆ ناخاتە سەری.

سەبارەت بە بیریار، لەبری ئەو لایەنە کەمەی لای سەرەوە، هەرکاتێک میر داوای لێکرد بە بیر و شارەزایی خۆی یارمەتیبدات، مادام مەسەلەکە دژایەتی ترسناک بۆ وێژدانی و دەستبەرداربوونی ئەرکەکانی بەرامبەر کۆمەڵگا لەخۆناگرێ، ئەگەر ئەو دژایەتیە لە گۆڕێبوو، ئەوا بە ماقووڵی و بێ هاژوهوژی ڕاگەیاندن لێبوردنخوازی بهێنێتەوە.

لەم پردە دارینەیەدا «بیریاری پسپۆڕ» گەورەترین ڕۆڵی هەیە بۆ یاریدەدانی میر بۆ:

ا- خەملاندنی سیاسەتەکان بێ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، کە مافی میرە بە تەنیا، کۆکردنەوەی هەڵبژاردە دەرفەتپێدراوەکان بۆ جێبەجێکردنی هەر یەکێکیان و حسابکردنی تێچووی مادی و مەعنەوی هەر هەڵبژاردەیەک.

ب - ڕێنوێنیکردنی بڕیارە جێبەجێکارەکان لە ڕووی کات دیاریکردن و دەرهێنان و تەباییدا لەگەڵ بڕیارەکانی پێشوو یان بڕیارە چاوەڕوانکراوەکاندا و خۆ ئامادەکردن بۆ کۆسپە چاوەڕوانکراوەکان.

ج - بەخشینی جۆرێک لە ڕەوایەتی بەو سیاسەت و بڕیارانەی میر لەنگەریان لەئاستدا دەگرێ، بۆ ئەوەی قبوڵکردنیان لەلایەن جەماوەرەوە ئاسانبێت، ئەمەش بە لێکدانەوەو بەهانەهێنانەوە بۆ ڕای گشتی سەبارەت بەوەی ئەوانە بە چاکترین ئامڕازی زانستی و بابەتی بەدەستهاتوون.

بۆ دڵنیایی، ئەم پردە دارینەیە لایەنی کەمی ڕێکەوتنی نێوان میر و بیریارە لەسەر حسابی لایەنی سێیەم کە کۆمەڵگایە، ئەمەش تاڕادەیەک باشترە لە ململانێ و نەبوونی پرد لە نێوان سێینەی میر و بیریار و کۆمەڵگادا. بێ بوونی ئەم لایەنە کەمە پەیوەندیی نێوان میر و بیریار هەر بەو جۆرەی ڕۆژگاری ئیمڕۆ دەمێنێتەوە.

## پەراوێزەکان

(*) ئەم بابەتە پێشکەشکراوە بە یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجوومەنی گشتیی دیداری بیری عەرەبی کە لە عمان/ئۆردون لە کۆتایی نیسان/ئەپریلی (١٩٨٤)دا بەستراوە.
(**) دەشتنشینی فیکری: مەبەست لەم زاراوەیە ئەوەیە کە هەر بیریارێک، ئاگایانە یاخود نائاگایانە، بیریارانی دیکە بە سەر چەند هۆزێکدا، هەر هۆزێکیش بەسەر چەند عەشیرەتێکدا، هەر عەشیرەتکیش بەسەر چەند ئاقارێکدا دابەشدەکات و بیریار لە کاتی دیالۆگدا لەگەڵ هۆز و عەشیرەت و ئاقارەکەی خۆی هەست بە سۆز و گەرمی خۆشەویستی دەکات، لە بەرامبەر بیریاری هۆز و عەشیرەت و ئاقارەکانی دیکەشدا هەڵوێستی پشتگوێخستن و گرژی و دوژمنکارانەی دەبێ. (ئەم ڕوونکردنەوەیەم لە بەشی دووەمی بابەتەکەوە وەرگرتووە ـ وەرگێڕ) .
١ـ سەبارەت بەم جیاکارییە بڕوانە:

Aleksander Gella,ed.,The Intelligentsia and the Intellectuals: Theory, Method and Case Study.(New York: Sage Studies in International Sociology, 1976), pp. ٩-٤٦.

٢ـ ئەم پێناسانە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە، بەتایبەتی:

Lewis Feuer, "What is an Intellectual?",in:Ibid. pp. 47-58.

هەروەها لە:

Sayed H.Alatas, Intellectuals in Developing Societies(London: rank Cass, 1977), pp. 8-٢٤.
E. Shil,"The intellectuals in the Political Development of the New States,"in:John Hans Kautsky,ed., Political Change in Underdeveloped Countries: Nationalism and Communism (New York: John Wiley and Sons, 1962), pp.190-198, and Roberto Michels,"Intellectual," in: Encyclopedia of the Social Sciences (New York: Macmillan, ١٩٤٩).

پێناسەکەی (ئەفغانی)مان لەمەوە وەرگرتووە.
٣ـ سەبارەت بەم گەشەکردنە لە ناوەڕۆک و بەکارهێنانی چەمکی بیریارەکان بڕوانە:

Tibor Huzer, "Changes in the Concept of Intellectuals,"in: Gella,ed., The Intelligentsia and the Intellectuals: Theory Method and Case Study,pp.79-109.

٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٣ـ١٠٤.
٥ـ سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە:

Antony Orum, Introduction to Political Sociology (Englewood Cliffs,N.J.: Prentice-Hall, 1978), pp.103-194.

٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨ـ١٩٠.
٧ـ سەبارەت بە سروشتی دەسەڵات لە نیشتمانی عەرەب بڕوانە بابەت و گفتوگۆکانی: مركز دراسات الوحدة العربية، دیداری تەنگوچەڵەمەی دیموکراتیەت لە نیشتمانی عەرەب، لیماسول، قوبرس، ٢٦ـ٣٠/نۆڤەمبەری ١٩٨٣ و ئەم سەرچاوەیە:
Michael C. Hudson, Arab Politics: The Quest for Legitimacy (New Haven,Conn.: Yale University press, 1976).

٨ـ کلاسیکەکان سەبارەت بەم بابەتە ئەم دوو کتێبەیە:
* ابو زيد عبدالرحمان بن محمد ابن خلدون: پێشەکیی ئیبن خەلدون (بيروت: دار القلم، ١٩٨١)، بەتایبەتی بەشەکانی ١١ـ٥١.
* میکافیلی: میر، لە هەریەکێک لە چاپە جۆراوجۆرەکانیدا بێت.
٩ـ ئەم نیشانانە لە کەلەپوورێکی بەرفراوانەوە سەبارەت بە بیریارەکان هەڵهێنجراوە، ئەمانەی خوارەوە هەڵساون بە کورتکردنەوەو و بەشبەشکردنی:

Gella,ed., The Intelligentsia and the Intellectuals: Theory, Method and Case Study, and Alatas, Intellectuals in Developing Societies.
Eric Hoffer, The True Believer, and Orum, Introduction to political Sociology, pp.317-319. ـ١٠

١١ـ سەبارەت بە تاقیکردنەوەی هاریکاریکردنی نێوان دەستەبژێری ڕۆشنبیری و دەستەبژێری سیاسی لە یابان، بڕوانە:

Herbert Passin, "Modernization and the Japanese Intellectuals: Some Comparative Observations, in: Marius Jansen,ed., Changing Japanese Attitudes toward Modernization (Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1965), pp.460-467 and Dore, Education in Toukugawa Japan (London:Routledge and Kegan Paul, 1965).

١٢ـ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فابیەکان، بڕوانە:

Lewis Coser, Men of Ideas (New York: Free press,1965), pp.88-140.

١٣ـ سەبارەت بە ڕۆڵی بیریارەکان و پەیوەندییان لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی فەرمانڕەوا لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە کە باسی گەشەکردنی مێژوویی ئەو پەیوەندییە دەکات و ڕواڵەت و هۆکارەکانی ئەو هاریکارییەی نێوان دوو دەستەبژێرەکە لە شەستەکاندا دەخاتەڕوو:

- Seymour Martin Lipser, The Political Man:The Social Bases of Politics (Garden City,N.Y.: Doubleday, 1960).
- David Halberstam, The Best and the Brightest.

١٤ـ Feuer, "What is an Intellectual?",pp. 53-57.

١٥ـ سەبارەت بە گەشەکردنی پێوەندیی نێوان دوو دەستەبژێرەکە لەجیهانی سێ بڕوانە:

Shils,"The Intellectuals in the Political Development of the New States,"; Alatas, Intellectuals in Developing Societies, and Samuel Huntingon, Political Order in Changing Societies (New Haven,Conn.: Yale University Press, 1968).

١٦ـ بۆ نموونە بڕوانە: «دیداری المستقبل العربی: ڕۆشنبیری عەرەب و ئەرکە هەنوکەییەکانیان»، کە خیرالدین حسیب بەڕێوەبردوە و لە گۆڤاری «المستقبل العربی»دا ساڵی شەشەم/ ژمارە ٥١ (ئایار/مای ١٩٨٣) ل ١١٠ـ١٣٠ دا بڵاوکراوەتەوە و د. سلیم الحص، د. غسان سلامة، د. قسطنطین زریق و د. نادر فرجانی بەشداریان تێدا کردووە. هەروەها بڕوانە: العروی: «ئایدیۆلۆژیای عەرەبی هاوچەرخ»؛ «تەنگوچەڵەمەی ڕۆشنبیرانی عەرەب: تەقلیدییە یاخود مێژوویی؟ الحبابی:«چارەنووسێکی نادیار و عەرەب بە چەمکە نادیارەکان بەرەنگاریدەبنەوە»؛ طیبی: «نووسەرە تازەگەرەکانی عەرەب و تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵگا عەرەبییەکان»؛ علی الدین هلال: «تەنگوچەڵەمەی گروپی ڕۆشنبیری لە میسر»؛ یسین: «ڕۆشنبیری عەرەب وەک ڕەخنەگر، بەهانەهێنەرەوە و تەماشاکەر» و ابراهیم: «سەرچاوەکانی ڕەوایەتی لە سیستەمەکانی فەرمامڕەوایی عەرەبیدا».

**سەرچاوە و تێبینییەک:**

ئەم بابەتە لە ژمارە ٦/١٩٨٤ی گۆڤاری «المستقبل العربی» وەرگیراوە کە «مرکز دراسات الوحدة العربیة» لە بێروت/لوبنان بڵاویدەکاتە.

لێرەدا بەچاکی دەزانم هێما بۆ ئەوە بکەم کە ئەم بابەتە لە واقیعدا لە سێ بەش پێکهاتووە: یەکەم/چەند سەرەتایەک، دووەم/تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵگا و بیریار و میر لە نیشتمانی عەرەب، سێیەم/ ڕووەو پردڕێژیکردنی دەلاقەی نێوان میر و بیریار. من تەنیا بەشی یەکەم و سێیەمم وەرگێڕاوە، چونکە بەشی دووەم تایبەتە بە مەسەلەکە لە نیشتمانی عەرەبدا و سوودێکی ئەوتۆی بۆ خوێنەری کورد نییە.

# کێشەی ژن لەنێوان گوتاری ڕێنیسانس و گوتاری تایەفەگەریدا

**نووسینی: نەسر حامد ئەبوزێد**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: **جەمال غەمبار**

گەلێک گۆشەنیگای جیاواز هەن دەکرێ لێیانەوە بڕوانینە کێشەی ژن و لە بارەیەوە بدوێین، بەتایبەتی لە لایەکەوە بەهۆی ئاڵۆزبوونی بونیادی هاوچەرخی کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە پێبەپێی تێکچڕژان و بەیەکداچوونی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان لەم سەردەمە نوێیەدا. کێشەی ژن لەنێو هەر بونیادێکی کۆمەڵگاییشدا هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری و فیکرییە، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێک ڕەهەندی ئینسانیشە کە سنووری بونیادە تایبەتەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەبەزێنن. وێڕای سەرجەمی ئەم بەیەکداچوون و تێکچڕژان و ئاڵۆزبوونەش، کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵگا عەرەبییە ئیسلامیەکاندا، (هەروەک کۆمەڵگا ئیسلامییە غەیرە عەرەبیەکانیش ـ وەرگێڕ)، ڕەهەندێکی تر دەبێتە سەرباری ئەوان، کە ڕەهەندی ئاینە. ئەم ڕەهەندە تا ئێستاش شانبەشانی مەرجەعییەتە ئەخلاقیی و ڕۆحییەکەی خۆی نوێنەری مەرجەعییەتێکی شەرعی و یاساییش دەکات.

بێگومان گەڕانەوە بۆ لێدوان و باسکردنی کێشەی ژنان لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا لەو دیاردەیە جیانابێتەوە کە هەندێک ناویان ناوە (سەحوەی ئیسلامی) و هەندێکی تر (ئوسولییەتی ئاینیی).

لەم نێوەندەدا ئەو وەسف و خەسڵەتە جیاجیایانەی دەدرێنە پاڵ دیاردەکە، جا چ نێگەتیف یان پۆزەتیف، هەرچییەک بن، ئامادەبوونی دیاردەکە بۆخۆی ئامادەبوونێکی سەرەکییە و دەبێتە مایەی وروژاندنی پرسیارگەلێک کە پێشتر واماندەزانی ئەو پرسیارانە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کێشەی ژنەوە هەیە، لە گوتاری ڕێنیسانسدا یەکلایی کراونەتەوە.

دەکرێت لێرەدا ئەو مەسەلەیە دووپات بکەینەوە کە لەلای هەمووان ئاشکرایە، مەسەلەی قەیرانی بوونی عەرەبی ئیسلامیی، بەتایبەتی ئەو سەردەمەی قەیرانەکە لە شکستی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا گەیشتە چڵەپۆپەی. خودی ئەو قەیرانە سەرەتای خاڵێک بوو بۆ چاوگێڕانەوە بە سەرجەم ئەو دۆخانەدا کە مۆرکی نەگۆڕیی و کۆکبوونی دەستەجەمعییان لەخۆگرتبوو. بەمجۆرەش بزاوتی لێپرسینەوە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە لەسەر هەموو ئاستەکان دەستیپێکرد و تا ئێستاش بەردەوامە و لەو بڕوایەشدا نین هەرگیز ڕابوەستێت. ئەو هۆیەشی کە دەشێت لە سۆنگەی قەیرانەکەوە بیخەینە ڕوو ئەوەیە کە دەرەنجامەکانی شکستی حوزەیران بەشێوەیەکی یەک بە دوای یەکدا دێن و دەماودەم دەکەن، وایان لە عەقڵ کردوە لە دۆخی هەمیشەیی ماندووبوون و هەناسەسواریدا بێت و نەتوانێت لەو پرسیارگەلەی لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد وردبێتەوە و دواتر وەڵامیان بداتەوە.

عەقڵی عەرەبی لەوەدا بوو کە لە شکستەکە تێبگات و زەنی ئەوەبکات کە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵیدا هەیە ـ ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ نموونەی ئەمەیە، بەڵام هێندەی نەبرد دەرکەوت چەندین شکستی تر لە بۆسەدان بۆ ئەم عەقڵە؛ داگیرکردنی بەیروت، شەڕی یەکەمی کەنداو، گەردەلولی بیابان، داگیرکردنی باشووری لوبنان، هەتا گەیشت بە ئاشتییەکی زەلیلانە و.... هتد. ئەم دەماودەمکردنە لەسەر ئاستی شکستە سیاسییەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕەوتی تایەفەگەریی ئەتنی بەرتەسک کە هەندێکجار شێوەی ناوچەگەرێتی وەردەگرن و دەگەنە ئاستێک کە تاکەکەسێک ـ پیاو

بێت یان ژن ـ لەنێو سنووری دەسەڵاتێکدا زیندانی بکەن و لەو سنوورەدا ئەویدی قابیلی سڕینەوە و نەفیکردن بێت.

ئەگەر توخبەکانی بارودۆخی عەرەبی ببەزێنین و دوور لەو بارودۆخە بەشوێن ناوچە و هەلومەرجی تردا بگەڕێین، بەئاسانی دەبینین ئەو لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە سیاسییەی کە دووچاری قەوارەی سیاسیی یەکێتی سۆڤیەت بوو، خۆی لە خۆیدا «شکستێک» بوولە شەڕی بوونی ئینسانیدا. ئەم شکستەش تا ڕادەیەک هەمان ئەو ئاکامانەی هەبوو (ئاکامەکانی بارودۆخی عەرەبی ـ وەرگێڕ). بەڵام ئەمجارەیان لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتیی، مەبەستم لەمە زاڵبوون و باڵادەستیی دیاردەی تایەفەگەری و ئەتنییە نەک بەتەنێ هەر لەو کۆمەڵگایانەی کە بە کۆمەڵگای سیستمە تۆتالیتێرەکان ناسراون، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگای ئەوروپیدا. لە ڕاستیدا ئەگەرچی دیاردەی تایەفەگەری و ئەتنییەتی بەرتەسک لە شوێنێکی وەک یۆگسلاڤیادا شێوەی «شەڕی خوێناوی تایەفەگەری» لەخۆگرت، کەچی چیکۆسلۆڤاکیا بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەش بەش بوو، بەڵام زاڵبوونی زەینییەتی تایەفەگەری بەتەنێ لە سنوورەکانی ئەم دوو کۆمەڵگایەدا نەوەستا. ئەگەر واز لە چەمکی یەکێتی ئابووریی و سیاسیی پرۆژەی «بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی» بهێنین بەوپێیەی مەغزای کولتووری و فیکریی لە ناواخندایە، ئەوکات دەبینین ئەو پرۆژەیە هەڵگری مانای حەساربەندیش «التسوير» دەگرێتەخۆی. بەواتە ئەم پرۆژەیە حەسار یان شورایەکی جیاکەرەوە لەخۆدەگرێت لەنێوان گەلانی ئەوروپایی و گەلانی غەیرە ئەوروپاییدا. ئەم چەمکە بە ئاشکرا لە مامەڵەکردن بە پێوانەی ناهاوسەنگ لەگەڵ کێشە هەلایساوەکانی ناوچە جیاجیاکانی دنیادا، خۆی دەردەخات: دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا، ئەوروپا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ وەدیهێنانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی، لەبەرامبەردا سستی نواندن و چاونووقاندن لە ئاست ئەو شەڕی جینۆسایدو سڕینەوە ئەتنییەی دژ بە موسڵمانانی بۆسنە و هەرسک ئەنجامئەدرێت. دەخاڵەتی خێرا و بەپەلە لە کێشەی سومالدا و بێدەنگبوونی تەواو لەسەرجەم ڕەفتارە پڕ لە سەرکوتکردنەکانی ڕژێمی ئیسرائیلی دژ بە فەلەستینییەکان. (لێرەدا دەکرێت نموونەیەکی دیکە ئیزافەبکەین و بڵێین؛ دەخاڵەتکردن لە کێشەی کورد لە باشووردا و بێدەنگبوون یان ڕاستتر بەشداریکردن لە سەرکوتکردنی هەمان کێشە لە باکووردا ـ وەگێڕ). ئەم دۆخە نێودەوڵەتییە زەمینەیەکی باشتر بۆ بوژاندنەوەی تایەفەگەریی ئەتنی لە بارودۆخی عەرەبییدا دەڕەخسێنێت، ئەو تایەفەگەرییە ئەتنییەی کە نەخشەیەک نادۆزێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی ڕاستەقینە کە بریتییە لە دواکەوتن و دیکتاتۆرییەت و هەیمەنەی ئیمپریالییانە ـ بۆیە سەرەنجام تایەفەگەریی ئەتنی لەخۆی هەڵدەگەڕێتەوە. (لێرەدا نووسەر مەبەستێتی بڵێ کە گوتاری تایەفەگەری لەباریدا نییە بچێتەوە بەگژ فاکتەرەکانی دواکەوتنی کۆمەلایەتیی و دیکتاتۆریی و هەیمەنەی زلهێزەکانی دنیادا، بۆیە دواجار بەردەبێتەوە گیانی خۆی و ئەو شەڕە نێوخۆیی و ئیقلیمییانە بەرپادەبن کە هەمیشە لە دروستبووندان، بگرە زیاتر لەوەش ئێمە پێمانوایە لەزۆر حاڵەتدا تایەفەگەریی دەبێتەوە بە دەستکێشی هێزە دەرەکییەکان خۆیان ـ وەرگێڕ). ئەی مەگەر ئەو هەموو دەستدرێژییە دڕندانەی کە کرانە سەر هەزاران کچ و کوڕی موسڵمانی بۆسنە و هەرسک و تەنانەت کار گەیشتە ڕادەیەک کە لەهەندێک تاقیکردنەوەی کارگەییدا ڕەحمی هەندێکیان پڕکران لە تۆ و یان سپێرمی ئاژەڵان، مەگەر هەموو ئەو دڕندەیەتییە، ڕژانی بەنزین نەبوو بەئاگری ئەو تووڕەییەی کە گوتاری ئیسلامی هەڵیگیرساندوە، ئەی دواتریش هەموو ئەم شتانە کاری نەکردە سەر دنیای عەرەبی ئیسلامی؟ ئەو تووڕەبوونەی ـ نەک بەتەنێ دژ بە ئەوروپا و ئەوروپییەکان ـ هەڵیگیرساندووە، بەڵکو دژ بەهەموو شارستانێتی و کولتووورێک کە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی حەلاڵکردوە!

بەگوازارەیەکی تر دەکرێت بڵێین ئەگەر گوتاری ئیسلامی لە ڕەوتی ئوسوڵییەتگەرایی خۆیدا و لەئاکامی ئەو شکستەدا (شکستی حوزەیران) زیاتر خۆی کۆک و تۆکمە کردبێت، ئەوا هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکە کارێکی وای کردوە کە دۆخی «سەنگەربەندیی» ئوسوڵییەتگەرایی قووڵتربێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ هەقیقەتی ئەو خواستە ئەمریکییە ـ ئەوروپییە ناکەین کە دەخوازێت «ئیسلام»

بکاتە دوژمنێکی ئایدیۆلۆژیی و وەک ئەلتەرناتیڤێک بەکاریبهێنێ و لەڕێگەیەوە بتوانێت هێزەکانی خۆی بەمەبەستی پاراستنی ئەو یەکگرتوویيە بەکاربهێنێت کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، لەوڵاتانی موسڵمان بەگشتی و عەرەب بەتایبەتی، دەپارێزێت. ئەم مەسەلەیە لە هەقیقەتی خۆیدا پابەندە بە سووربوونی ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر توانای گەمەکردن بەهەموو هێزە سیاسییە حوکمڕانەکان و هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان لەیەککاتدا. ئەم گەمەکردنە زامنی ئەو کۆنترۆڵ و هەیمەنەیە دەکات کە دەبێتە هۆی زیاتر پەرتەوازەیی و لەتوپەتبوون، هەروەها دەبێتە مایەی زیاتر خۆشکردنی ئاگری ململانێکان لەهەناوی کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا تا ڕادەی نزیکبوونەوە لەشەڕی ناوخۆ، تەنانەت جیا لەشەڕی چەکداریی، لەسەر ئاستی شەڕ وپێکدادانی فیکریشدا.

### ۱ـ تایەفەگەریی: دابەشبوونی تاک

تایەفەگەری کردەیەکی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەیە (واتە پرۆسەیەک کە لێکهەڵوەشاندن و دابەشبوون و پەرتبوون بەرهەمدەهێنێت ـ وەرگێڕ)، ئەم کردەیە کە دەستپێکرد لەخاڵێکی دیاریکراودا ناوەستێت. دەشێت لەخاڵێکەوە دەستپێبکات، بەڵام هێندە نابات بەجۆرێک دەتەقێتەوە کە گەمارۆدانی بەخێراترین ئامراز کارێکی گران و زەحمەت دەبێت. ئەوکاتەی تایەفەگەری لە ئەوروپای فاشیزم و نازیزمدا تەقییەوە، ئەگەر ئەو بەرەنگارییە سەرتاسەرییە نەبوایە کە لەجەنگی دووهەمی جیهانیدا ڕوویدا، ئەوا تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند.

ئێمە لێرەدا کارمان بەوەوە نییە کە لەدنیای عەرەبیدا خاڵی سەرەتای تایەفەگەریی دیاریکەین و بڵێین: ئایا خاڵی سەرەتا لەناوەوە دەستیپێکرد یان لەدەرەوە، لەڕاستیدا خاڵەکانی کرانەوە و پێککەیشتن زۆرن. گرنگ ئەوەیە ئەم تایەفەگەرییەی کە لە دەرکەوتنە سەرەتاییەکانی خۆیدا، ساتەوەختی قەیرانی شکستەکەدا (سەرنجی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەیلول و قەسابخانەکانی ئەو دەمە بدەن، هەموویان دوای چەندساڵێک وەک پاشبەندی شکستەکە ڕوویاندا) پرۆسەی خۆی لە لێکهەڵوەشاندنەوەی هەرشتێک کە بونیاد و سیستم بێت، پیادەدەکات تا دەگاتە تاکەکەس خۆی و دواجار ئەویش لەتوپەتدەکات. هەروەک چۆن ناوکی ئەتۆمیی کەرتدەبێت و لەو ناوکەوە ئەلیکترۆن جیادەبێتەوە و ئەوسا ئەگەر ئەو ئەلیکترۆنە لە بازنەی کۆنترۆڵ دەربازبێت، وزەیەکی ترسناک دەخوڵقێنێ، بەهەمانشێوە تایەفەگەرییش مرۆڤ دەکاتە دوو لەتەوە؛ نێرو مێ، لە پەیوەندیەکدا کە نێر دەسەڵات و هەیمەنەیەکی تەواوی بەسەر مێدا دەبێت. شتێکی لەمجۆرە ڕاستەوخۆ لەدوای شکست ڕوویدا و بەرە بەرە گەشەی کردو بڵاوبووەوە تا گەیشتە ڕادەی دوولەتبوونی مرۆڤ خۆی وەک تاکەکەس. لەسەرەتادا گروپەکان بەرەو بنەچە و ڕەگوڕیشەی خۆیان گەڕانەوە، بەرەو ئەو «کولتوور»ـەی کە لەلای هەندێک چەتری پاراستن بوو لە چۆڵەوانیی شکستدا و، لەلای هەندێکی تر بابەتێک بوو (یاخود ڕاوگەیەک بوو ـ وەرگێڕ) بۆ تێرامان و تۆژینەوە و پرسیارکردن.

لەگەڵ گەشەکردنی هەڵوەشاندندا کە تایەفەگەریی پیادەیکرد، هەر تەوژمێک لەو تەوژمانە بەرەو پووکانەوە دەڕۆیشت و لەسەنگەری گوتارێکی داخراودا یەک ئیعتیرافی بەویدی نەدەکرد و نەدەچوونە دیالۆگی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ یەکدیدا. بەم شێوەیە و ـ لەگەڵ هەندێک سادەکاری پێویست و لەهەمانکاتدا ناتەواودا ـ دەکرێت بڵێین؛ لەم نێوەدا دوو سەنگەری فیکری هاتنەگۆڕێ:

یەکەمیان ئوسوڵیەتگەرایی ئیسلامی بەهەموو تەوژم و ئاراستەکانیەوە، دووهەمیان ئاراستە و تەوژمە عەلمانییەکان بە جیاوازیی توێژ و پلە و ئاست و باڵەکانیانەوە.

زەینییەتی ئوسوڵییەتگەرایی ـ کە لێرەدا بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی پێئەدەین ـ لەدوولاوە کەوتە بەرپاکردنی شەڕەکانی لەدژی دوژمنی سەرسەختی خۆی: لایەنی یەکەمیان لە تێکشکاندن یان لەشێواندنی چوارچێوە مەرجەعییە فیکریی و کولتوورییەکانی دەرەوەدا خۆی دەنوێنێت کە کران بە هی ئەو دوژمنە سەرسەختەی هۆکاری کارەساتەکانە. نموونەی ئەم لایەنە گوتاری «سید قطب» بوو

لە میسردا، وەک ئاشکرایە ئەم گوتارە درێژکراوەی یان ئیلهاموەرگری گوتاری بیریارێکی ئوسوڵی دیکەیە کە ناوی «ابو علی اللمودودی»یە. ئەم گوتارەی دواییان بەرهەمهێکە لە بەرهەمەکانی ئەو «ئاژاوە تایەفەگەرییەی» کە ئیستیعماری ئینگلیزی تۆوەکەی لە هیندستاندا لەنێوان موسڵمانان و هیندۆسەکاندا چاند، ئەو ئاژاوەیەی کە لە ئەنگێزەیدا تێکۆشەری هیندی «مەهاتما گاندی» ژیانی خۆی لەدەستدا. «سید قطب» خۆی زۆر سەرقاڵی کێشەی ئافرەت نەکرد تەنها لەو لایەنەوە نەبێت کە پەیوەندی بە سێکس و سفوریی و ئەو تێکەڵاوبوونەوە هەیە کە ژیانی ئەوروپایی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا ڕێگەی پێئەدات. ڕەخنەکانی ئەو، لەبنەڕەتدا ئاراستەی شێوەژیانی ئەوروپایی دەکران، ئەو ژیانەی کە تێیدا ئاین و ژیان لێکدی جیاکراونەتەوە و لە میتۆدی یان لە ڕێڕەوەی خودا دوورکەوتەوە و ملکەچی ڕێڕەوی بەشەر بوو. لێرەوە ڕەخنەی ئەو لە فرۆیدیزم ئەوەبوو کە بە خانەی «زەلکاوی سێکس»ی دادەنا و ڕەخنەشی لە داروینیزم، کە شیکردنەوەی سێکسیی چالاکیی مرۆڤی لەسەر دامەزرابوو، هێندە توندوتیژ بوو بە «زەلکاوی ئاژەڵ»ی لەقەڵەمئەدا، دواجار ڕەخنەگرتنیشی لە مارکسیزم هیچی کەمتر نەبوو لە ڕەخنەگرتنی لە فرۆیدیزم و داروینیزم. ڕەخنەگرتنی «قطب» لە ئەوروپا ـ لەلایەنێکدا کە دەشێت گرنگترین لایەنی بێت ـ ڕەخنەگرتن بوو لە گوتاری عەلمانییەتی عەرەبی بەگشتی و میسری بە تایبەتی، ئەو گوتارەی کە لە بنەما و ڕەگوڕیشەدا دەچووەوە سەر گوتاری ئەوروپیی. ئەمەش یەکەمین دەرکەوتی هەوڵدانی ئوسوڵییەتگەراییە بۆسڕینەوەی ئەوانەی بەخۆی ناکۆک و دژن.

لایەنی دووهەمیش خۆی لە ڕەخنەگرتن لە گوتاری ڕێنیسانسی عەرەبی بەگشتی و میسری بەتایبەتی دەبینێتەوە، بەو بەهانەیەی گوایە گوتاری ڕێنیسانسی «کولتوور»یی مێژوویی گوتاری هاوچەرخی عەلمانییەتە. مەبەستیش لە گوتاری ڕێنیسانس ئەو گوتارەیە کە لە کتێبی «تخلیص الابریز» ی «رفاعة طهطاوی»یەوە دەستپێدەکات هەتا گوتاری «زکی نجیب محمود» لە دۆخە لۆژیکییەکەیدا. قوتابیانی «سید قطب» ئاڵاهەڵگری ئەم ڕەخنەگرتنە بوون لە کولتووری عەلمانی هەر لە «صالح سرية» (کۆمەڵەی تەکفیر و هیجرەتەوە) هەتا دەگاتە شێخ عبدالرحمن و لایەنگرانی. ئەم ڕەخنەگرتنە پشت بە ووتەزاکانی «سید قطب» دەبەستێ سەبارەت بە مەسەلەی «حاکمیەت» و «جاهیلیەت»ی ئەو سیستمانەی کە لە هەموو دونیادا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. چونکە ئەو سیستمانە لەباتی پشتبەستن بە حاکمییەتی خودا، پشت بە حاکمییەتی بەشەر ئەبەستن. لێرەوە ئەم ڕەخنەیە بە ئاراستەیەکدا کاردەکات هیچ سڵ لەوە ناکاتەوە کە سەرتاپای گوتاری ڕێنیسانس، ئەو گوتارەی کە تەها حوسەین و سەلامە موسی و عەلی عەبدولڕەزاق هەڵگریبوون، بە کوفر و ئیلحاد عەیبداربکات.

هەندێک لە قوتابی و لایەنگرانی ڕەخنەگرتن دژ بە ڕێنیسانس، بەهۆی لەچاپدانەوە و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی ڕۆشنگەرییەوە لەلایەن «الهیئة المصرية العامة للكتاب» لە میسر و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی لە ژێر دروشمی «ڕووبەڕووبوونەوە»دا و بەنرخێکی هەرزان و چاپێکی میللی، لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا دەپرسن: ئەگەر بەڕاستی ئێوە ڕۆشنگەریتان مەبەست بوو، بۆچی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبانەدا، ئەو کتێبانەشتان بڵاونەکردەوە کە لەوەڵامی ئێوەدا نووسراون و ناوەرۆکی کتێبەکانی ئێوەیان پوچەڵکردۆتەوە؟... بۆچی وەڵامی «شەهید قطب» تان بۆ تەها حوسەین لە ڕەخنەگرتنیدا لە کتێبی «پاشەڕۆژی ڕووناکبیری لە میسردا»... بڵاونەکردەوە؟

هەر ئەو لایەنگرانە سەرنج و تێبینی تریش لەسەر پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە دەرئەبڕن و دەڵێن: «ئەوان دەیانەوێت فو لە ژیلەمۆی ئاگرێک بکەن کە خەریکە دادەمرکێتەوە و بەنزینیش بە ئاگرەکەدا بکەن بۆئەوەی بیروباوەڕی موسڵمانان بسووتێنێت، بەڵام پەیامی خودا، پەیامێکی جێبەجێکراو و گەیشتووە». زیاتر لەوەش ئەوان بەدواداچوونی خۆیان هەیە بۆ ئەوانەی چەند ئەڵقەیەکن لە زنجیرەی کوفر ( بێگومان بەبۆچوونی خۆیان ـ وەرگێڕ) و وایدەبینن کە تەها حوسەین مەشخەڵی تەسلیمی «امین خولی» کردوە و ئەمیش داویەتە دەست «محمد احمد خلف الله» و دواجار ئەوکەسەی بە «نەسر ئەبوزێد» ناودەبرێت، دوا ئەڵقەی ئەو زنجیرە دەگرێتەوە» (١).

ئەم گوتارە پڕ لە پیلەبازییە لە جەوهەریدا، کردەی «تالانکاریی» دژی ئەو کولتوورە مێژووییە ئەنجامداوە کە لایەنە دژەکەی بەرامبەری خاوەنیەتی، هەروەها کردەی شێواندنی ئەو بنەچە ئەوروپییانەی ئەنجامداوە کە دەکرێت سەرچاوەیەکی گریمانەیی بن بۆ گوتاری دژ. لێرەوە ئەم کردەی «تالانکارییە» بەدەر نییە لە پرۆسەی ناوەکیی و دەرەکیی کەرت و پەرتبوونی تایەفەگەریی، ئەو پرۆسەیەی کە لەیەکەمین هەنگاودا گوتاری تایەفەگەریی بەرهەمهێنا لەدژ و پێچەوانەی ئەو گوتاری عەلمانییەتەی کە لەسەروبەندی خەباتی کۆمەلایەتی و سیاسیدا لە دژی ئیستیعمار و دەرەبەگ لە ساڵی ١٩١٩ زایینییدا، پرنسیپی «ئاین بۆ خودا و نیشتیمانیش بۆ هەمووان»ی پەسەند و جێگیرکرد. لێرەوە کێشەی کەمینە ئاینییەکان خرۆشا، ئەو کێشەی کە بە ڕووداوەکانی «ئاژاوەی تایەفەگەریی» لە میسردا و لەسەرەتای هەشتاکاندا ناوزەدکراوە، هاوزەمان لەگەڵ گوتاری تایەفەگەریدا دژ بە کەمینە مەسیحییەکان، گوتاری تایەفەگەریش دژ بە ئافرەت یاخود ژن هاتە ئاراوە و ئەم گوتارە بانگەشەی ژنی دەکرد بۆ ناو چواردیواری ماڵەوە و پۆشینی حیجاب و وازهێنان لەو دەسکەوتانەی کە ژن بە دەستی هێناون، تەنها بوارێ کە گوتاری تایەفەگەریی دژ بە ژن ڕێگەی پێدابوو بواری خوێندن بوو، بەلام ئەم بوارەش سنووربەند کرابوو بەوەی ژن دەبێت لەو بوارانەی خوێندندا بخوێنن کە بەتەنێ لەگەڵ سروشتی مێیینەی ئەودا گونجاون (٢). بەمشێوەیە دوولەت بوون لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا دەستیپێکرد و پاشان ئاستی تاکیشی گرتەوە و ئیتر لەمەبەدوا ئینسان بوو بە دوو لەتەوە: نێر و مێ، تاکە پەیوەندیش کە ئەم دوو لەتە پێکەوە دەبەستێتەوە ئەو پەیوەندییەیە کە لە ئامانجی زاووزێ و پاراستنی جۆردا کۆدەبێتەوە ئەویش بە مەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە «خودا حوکمی بکات نەک بەشەر».

## ٢. گوتاری ڕێنیسانس: بەرگری لە دژی دابەشبوون

ئەوکاتەی پرنسیپی «ئایین بۆ خودا و نیشتیمان بۆ هەمووان» هاتەئاراوە، بۆ ئەوەبوو تا کۆمەڵگا لەو تایەفەگەرییە بپارێزێت کە لەدەرەوەڕا هەڕەشەی لێدەکرد. ئەوەش ئەو کاتە بوو کە موسڵمانەکان و مەسیحییەکانی کۆمەڵگای میسریی ئەو پرۆژەیەیان ڕەتکردەوە کە ئیستیعماری بریتانی لەژێر پەردەی «پاراستنی کەمینەکان ـ حماية الاقليات»دا ڕایگەیاندبوو، هەمان ئەو پرۆژەیەی یان ئەو پرنسیپەی کە ئیستیعمار پایە و کۆڵەکەکانی تایەفەگەریی لە نیمچە کیشوەری هیندیدا بەهۆیەوە بەهێز و چەسپیو کردبوو. کاری ڕێکەوتیش نەبوو کە ڕووداوەکانی شۆڕشی ١٩١٩ هاوزەمان بوون لەگەڵ بانگەشەی ئازادیی جلوبەرگ پۆشینی ژناندا، پاش ئەوەی ژنیش بەشداری پیاوی لە خۆپیشاندان و هوتافکێشان دژ بە ئیستیعمار کرد و هاوشان لەگەڵ پیاودا بەرە و ڕووی هێزەکانی بەریتانیا ڕاوەستا. بانگەشەکەی قاسم ئەمین بۆ ڕزگاربوونی ژن، ئەگەرچی خۆی و کتێبەکەشی کەوتنە بەر شاڵاوی کۆنەپارێزان و ئەوانەی گۆڕانکارییان ڕەتدەکردەوە، بەلام ئاسەوەری خۆی هەبوو.

ئەم پەیوەستەی نێوان «یەکبوونی نیشتیمانی» و «ئازادی ژن» پەیوەستیی و بەیەکداچوونێکە، بەلایەنی کەمەوە جەخد دەکاتە سەر ڕەهەندی تایەفەگەرییانەی کێشەی ژن لە گوتاری هاوچەرخی ئیسلامیدا. ئەو شاڵاوەشی کە دژ بە گوتاری ڕێنیسانس وەک هەوڵدانێک لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ زەفەربردن بە ڕێنیسانس دەکرێ، زیاتر لەو لایەنەی گوتاری ئیسلامیدا دەبینرێ کە پەیوەندیی بە ئافرەتەوە هەیە و بە ئاراستەیەکدا ڕێدەکات، کە بواری گومانلێکردن و خۆشکاندن و سووکایەتیپێکردن دەگرێتەوە. دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین کە ئەو ڕەگەی لە زەمینەی واقیعدا ئاوی ئام شاڵاوە دوولایییە دەدات، ڕەگێکە لە واقیعێکی قەیراناویی و پڕشکستدا ئامادەیە و لەوێدا هەستیپێدەکرێت، ئەگەرچی بەڕووکەش کێشەکە وەک ململانێی نێوان دوو گوتار خۆ دەنوێنێ کە هەریەکەیان لە هەوڵی خۆدەربازکردنایە لە بارودۆخێکی قەیراناویی.

خاڵی جیاوازیی لە نێوان گوتاری ڕێنیسانس و گوتاری هاوچەرخی ئیسلامی، خاڵی جیاوازین لە

نێوان کۆکردنەوە و پەرتکردندا . لە نێوان چەمکی نیشتیمان کە پشت بە یەکپارچەیی خاک و یەکێتیی مێژوو و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەبستێت و چەمکی خێڵ کە پشت بە یەکێتی باوەڕ (عەقیدە) دەبەستێ. ئەمەیان لەسەر ئاستی کێشە ناوخۆییە نیشتیمانییەکان، لەسەر ئاستی بەستنی پەیوەندیش بە ئەویدیی ئەوروپییەوە، گوتاری ڕێنیسانس گوتارێکی کراوەیە و ئەویدی لە پێشکەوتن و عەقلانیەتی خۆیدا دەبینێتەوە، سەرەڕاش دەرک بە تەماع و نیازە ئابووریی و سیاسییەکانی ئەو ئەویدییە دەکات، بۆیە لێوەی فێردەبێت و بەهەمان چەک بەرەنگاری دەبێتەوە.

گوتاری ئیسلامی لەیەکەم خاڵەوە هەڵوێستێکی ڕەهای دوژمنکارانە دژ بە ئەوروپا وەردەگرێت، ئەگەرچی ئەم دوژمنکارییە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم نوێنەرانی سیاسیی ئەو گوتارەدا کە پشت بەهێنانی تەکنۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی پارەوپول لە بانکەکانی ڕۆژئاوادا یان پشت ئەستوورە بەو کولتوورە ئەوروپییەی کە بۆتە کراسی ئاودامانی «شووناس» و «تایبەتمەندێتی» و مانای جیاگەرایی دەگەیەنێت. هەرچی هەڵوێستی گوتاری ڕێنیسانسیشە سەبارەت بە کولتوور، بریتییە لە هەڵوێستی ڕامان و پرسیارکردن و پشکنین و ڕەتکردنەوەی تەماهیکردن لەگەڵ ئەو کولتوورە ئەوروپییەدا یان لەگەڵ یەکێک لە تەوژم و ئاراستەکانی ئەو کولتوورەداپاش دەرککردن بە ڕەهەندی فرەیی و مێژووکردەیی ئەو تەوژم و ئاراستەیە.

دەکرێت ئەو جیاوازییانە لەو بوارەی گوتاری ڕێنیسانسدا هەستپێبکەین کە پەیوەندی بە کێشەی ژنانەوە هەیە، لەو بوارەدا گوتاری ناوبراو بەرەو دوو ڕەهەند کەمەنکێش دەبێت کە هەردوکیان لە بونیادی گوتارەکە جیانابنەوە: ڕەهەندی یەکەمیان؛ کاریگەریی پەرەسەندنە کە لەخۆی لە تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا ئەوروپییە پێشکەوتووەکاندا دەبینێتەوە. ئەم تێکەڵاوبوونەش یان لەڕێگەی ناسین و ئاشنابوون بە دەسکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگایانەوە لە زێد و دەوروبەری ڕەسەنی خۆیاندا و پاشان ناسینی یان ئاشنابوون بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی دانیشتوان لە وڵاتەکانیاندا دێتە دی، یاخود لەڕێگەی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئەوێدا لە هەرێمەکانی نیشتیمانی عەرەبدا، دێتە دی.

هەرچی ڕەهەندی دووهەمە، بریتییە لە ڕەهەندی ئەو خوو و نەریەت و کولتوورەی کە لە سەرەتاکانی ئیسلام و تەشریعەکانیدا هەن. قاسم ئەمین ئاماژە بۆ ڕەهەندی یەکەمیان دەکات؛ واتە ڕەهەندی تێکەڵاوبوون و ئەو کاریگەرییانەی کە لێیکەوتوونەتەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی کە ئەو تێکەڵاوبوونە واقیعێکە و پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە نەک لێیڕابکەین و پشتگوێیبخەین، هەروەها ئەو تێکلاوبوونە بۆخۆی واقیعێکە باری پۆزەتیڤی خۆی هەیە، هەروەک چۆن باری نێگەتیڤیشی هەیە، بۆیە لە سۆنگەی ئەوەشەوە پێویستە چارەسەری بارە نێگەتیڤەکەی بکەین نەک قوربانیی بەبارە پۆزەتیڤەکە بدەین. لەم هەڵاوێرییەی نێوان باری نێگەتیڤی و باری پۆزەتیڤیدا ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر بارودۆخی ئافرەتدا هات لە ئازادیی جلوبەرگ پۆشین و تێکەڵاوبوون بە پیاو، وای لە قاسم ئەمین کرد کە هێندەی نەمابوو هەمان تێز و دیدەکانی رفاعة طهطاوی سەبارەت بە ژنی پاریسی دووبارەبکاتەوە کە وێڕای سەراسیمەیی یان ئیعجابی ئەو بە چاپووکیی و بوێریی ژنانی پاریس، بەڵام مەسەلەی لە ئامێزان و جووڵەی ژنانی لەگەڵ پیاواندا لەکاتی ئەنجامدانی سەمادا بە قێزەون تەماشادەکرد. قاسم ئەمین دەڵێت: «هەندێک ڕووداو لە دەرگای وڵاتەکەی داوین، لە ناوماندا تەرزێک یان جۆرێک تێکەڵاوبوون هەیە لەگەڵ گەلانی ڕۆژئاوادا، ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان ئێمەوە ئەواندا هاتوونەتە گۆڕێ، فێریان کردووین کە ئەوان لە ئێمە پێشکەوتووتر و بەهێزیتریشن. ئیدی چۆن دەکرێت زۆربەی زۆری خەڵکی ئێمە لە دیاردە نەریتئامێز و خوڕەوشتییەکانی ئەواندا لاساییان بکەنەوە بەتایبەت ئەو لاساییکردنەوەیە تێرکردنی ئارەزوویەک یان خۆداماڵینبێت لە کۆتێک. ئەوەتانێ زۆربەی پیاوماقوڵانمان کارئاسانی بۆ ژنەکانیان و بۆ ئەو ژنانە دەکەن کە پەیوەندییان پێوە دەبەستن و ڕێگەیان پێدەدەن بچنە پارک و سەیرانگە و ئامادەی تیاترۆخانەکان و ئەوجۆرە شوێنانە بن و ژمارەیەکی تری زۆری ئافرەتانیش لاسایی ئەوانەی پێشخۆیان دەکەنەوە. ئەم بارودۆخە جۆرە فەسادێکی لە خوڕەوشتدا خولقانووە.. لەپشت ئەو

دۆخەوە، ئەو هۆیانە هەن کە باسکران و دواتریش ئەو ئەنجامانەی لێکەوتنەوە کە ڕوونکرانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە و بگرە ناشتوانین ئەم بارودۆخە بسڕینەوە و بگەڕێینەوە بۆ زاڵکردن و توندکردنی حیجاب، بەڵکو لە ئاقاری کاروباری ئێمەدایە کە پارێزگاری لەو بارودۆخە بکەین (واتە بارودۆخی ئازادیی بەرگپۆشین و تێکەڵبوونی ژن بە ژیانی مەدەنی ـ وەرگێر). بەڵام هاوکات خۆ لەو زیانانە بپارێزین کە لێیکەوتوونەتەوە، هەرئەوەشە کە لەتوانای ئێمەدایە کە ئەنجامیدەین». بەمجۆرە دەبینین گوتاری ڕێنیسانس دەرکی بە یاساکانی سۆسیۆلۆژیای بەشەری کردووە، ئەو یاسایانەی کە ئیبن خەلدون دایمەزراندوون. یەکەمین پرنیسپێکی ئەو یاسایەش ئەوەیە کە بەرژەوەندی و جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندییە بکرێتە پرنسیپێکی سەرەکی. دووهەمیان ئەوەیە کە داگیرکراو یان ژێردەستە هەمیشە لاسایی داگیرکەر یان سەردەستە و سەرکوتوو لە ڕەوشت و نەریەت و جلوبەرگدا دەکاتەوە، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە تێرکردنی هەوەس و ئارەزوو یاخود خۆدەربازکردنەوە هەیە لە کۆت و پێوەند. پرنسیپی سێهەم کە لێرەدا دەبێتە گۆشەنیگای ئەم شیکردنەوەییەی ئێمە، ئەوەیە کە گۆڕانکاریی، هەندێ دزێویی یان خراپەکاری (المفاسد) لەگەڵخۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەم دزێوی و خراپەکارییانە نابێت وامانلێبکەن دژ بە بە گۆڕانکاریی بوەستیینەوە، بۆئەوەی کۆمەڵگا بێبەشنەکەین لە لایەنە پۆزەتیڤ و باشەکانی گۆڕانکاریی. لێرەدا و لە پرنسیپی سێهەمدا تێبینی ئەوە دەکەین کە کە گوتاری ڕێنیسانس دژ و پێچەوانەی پرنسیپێکی گرنگی پرنسیپەکانی گوتاری ئایینی بە کۆن و تازەیەوە، دەوەستێتەوە. ئەو پرنسیپەش ئەوەیە کە هەندێک لە ئایینگەران دایانڕشتوە و ناوەرۆکەکەشی ئەمەیە: «بەلاوەنانی دزێوی و خراپەکارییەکان چاکترە لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان ـ درء المفاسد مقدم علی جلب المنافع ـ (ئەم پرنسیپە ڕێسایەکی چەسپیوی ناو تەشریعاتی عەرەبییە بە عێراقیشەوە، بۆ نموونە یاسای مەدەنیی عێراقی کە لە دادگاکانی کوردستانیشدا پیادەدەکرێت ئەم ڕێسایەی ناساندوە و کارییپێدەکات ـ وەرگێڕ ).

گوتاری ڕێنیسانس لەسەر بنەمایەک دژ بەم پرنسیپە کاردەکات کە بریتییە لە بنەمای چارەسەرکردنی دزێوییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دزێوییانە بە ڕێگەچارە دادەنێت نەک ڕاگیرکردنی یان وەستاندنی ئەو بای گۆڕانکارییەی کە لەهەناوی خۆیدا کۆمەڵێک شتی هەڵگرتووە و سەرجەم بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و تاک و هەروەها پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکەن. ئەو ڕێگەچارەییەی بەشێوەیەکی گشتی گوتاری ڕێنیسانس بەشێوەیەکی گشتی پێشنیاری دەکات بۆ بنەبڕکردنی ئاسەوەرە لاوەکییەکانی ئەو پێشکەوتنەی کە بارگاوییە بە فەساد بریتییە لە هەردوو پرۆسەی ئەو پەروەردە و فێرکردنەی کە دەکرێت لە سایەیاندا نەک تەنها ژن، بەڵکو پیاویش لەو ئاسەوەرانە بپارێزن (٤). لەبورای قسە و باسکردنیشدا لە بارەی ئەم پرنسیپەی دواییەوە، گوتاری ڕێنیسانس دەچێتە پانتایی ڕەهەندی دووهەمەوە کە لەڕووی بونیادەوە لەگەڵ ڕەهەندەکەی پێشوودا، واتە لەگەڵ ڕەهەندی ئایین و نەریەت و کولتووردا کەمەندکێش دەبن. بۆ گوتاری ڕێنیسانس نەدەلوا کە قسەوباس لەبارەی کێشەی مەرجەعیەتی شەریعەتەوە بەرپابکات، نەخوازەڵا لەکاتێکدا بونیادی ئەو گوتارە لەسەر بنەمای «عدم التعرز» ی نێوان پێشکەوتن و ئەو مەرجەعیەتە دینییە دامەزرابوو. گرنگترین تێزی گوتاری ڕێنیسانس ـ وەک لای محەمەد عەبدە خۆی دەنێێت و بەمامۆستای ڕاستەوخۆی قاسم ئەمین دەژمێردێرت ـ ئەو تێزەیە کەپێیوایە «ئیسلام» ئایینی ئازادی و مەدەنیەت و پێشکەوتنە. ئەو ناکۆکییەی لەنێوان ئەو پێشکەوتنەی لەلایەکەوە ئەوروپا نوێنەریەتی و لە نێوان ئیسلامدا لەلایەکی دیکەوە، لەو نەزانینەوە نەشونما دەکات کە لەبارەی ئیسلامەوە هەیە و هەروەها لەئاکامی ئەو نەریەت و سوونەتە کۆنانەوەیە کە بەهەڵە دراونەتە پاڵ ئیسلام. لێرەوە قاسم ئەمین دێتەپێشێ بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت کە کێشەی ژن لە کۆمەڵگا عەرەبییە ئیسلامیەکاندا و سەپاندنی حیجاب و کۆتوپێوەند بەسەریدا چ تەفسیرێکی لە ئیسلامدا نییە، بەڵکو تاقە تەفسیرکردنی ئەم مەسەلانە ئەو دۆخی «دواکەوتنەیە» کە ئەو کۆمەڵگایانە تێییدا دەژین.

بەپێچەوانەی گوتاری ئایینیەوە کە «دواکەوتن» بە دووربوون لە پێودانگ و پرنسیپەکانی ئیسلام لێکدەداتەوە، قاسم ئەمین ڕای وایە کە دووربوون لە پێودانگەکانی ئیسلام لە نەزانین و دواکەوتنەوە

سەرچاوەی گرتوە، ئەمەشە وادەکات کەتێگەیشتنمان بۆ ئیسلام تێگەیشتنێکی دواکەوتوانە بێت. نەزانینیش کۆمەڵێک هۆکاری لەپشتەوەیە کە لە واقیع و مێژووی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا جێگیرە، قاسم ئەمین ئەو هۆکارانە لە جەور و ستەم و دیکتاتۆریەتدا کۆدەکاتەوە و هەمان قسەکانی ئەفغانی و محمەد عەبدە و کەواکیبی دوبارەدەکاتەوە (٥).

هۆکارگەلێکی زۆر هەن کە بزوێنەری نەتەوەن بۆئەوەی بەرە و پێشکەوتن و مەدەنیەت بچێت. هەرەها چەندەها هۆی دیکەش هەن دەبنە مایەی دواکەوتن و دڕندەیەتی. ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە و خۆیان لە خۆیاندا کاردەکەنە سەر خودی «ئایین» خۆشی، واتە کاردەکەنە سەر پرۆسەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئایین. «لە سۆنگەی ئەم پەیوەندییە گشتیەش کە لەنێوان خوونەریەتی هەر نەتەوەیەک و پایەی ئەو نەتەوەیەدا لە هەمبەر مەعریفە و مەدەنیەتدا دەیبینین، دەسەڵاتی خوونەریەت لە هەر دەسەڵاتێکی دیکە کاریگەرترە، هەر ئەو خوونەریەتەشە کە سەختترین و تۆکمەترین شتێکە بەو نەتەوەیەوە لکاوە و گۆڕینی کارێکی دژوارە، نەتەوەش ناتوانێت لێیاندەربازبێت و هیچ چارێکی نییە هەردەبێت ملکەچیان بێت. تەنها لەو دۆخەدا نەبێت کە کەسیفەتەکانی نەتەوە بەپێی ئاستە عەقڵییەکانی خۆیان لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدابن. بۆیە دەبینین کە مەسەلەی خوونەریت هەمیشە لەسەرو هۆکار و کاریگەرییەکانی ترەوەن، تەنانەت لەسەروی یاساکانیشەوە، ئەوەشی ڕاستی ئەو ڕایەمان دەسەلمێنێت ئەوەیە ڕۆژانە لە وڵاتەکەماندا دەبینین کە سەرجەمی ئەو یاسا و لائیحانەی کە بەمەبەستی چاکسازیی بارودۆخی نەتەوە دادەنرێن چۆن بەزویی هەڵدەگەڕێنەوە و دەبنە ئامرازێکی تازەی فەساد. ئەمەش وەنەبێت شتێکی نامۆبێت، ئەوەتا زۆرجار خوونەریتەکان بەسەر خودی ئایینیشدا زاڵدەبن و بەجۆرێک ئایین لێکدەدەنەوە و دەیشێوێنن کە ببێتە مایەی نکوڵیلێکردنی ئەوانەشی کە ئاینزانن» (٦). (مەبەستی سەرەکی ئەم پەرەگرافە ئەوەیە کە زۆر خوونەریت وعادەتی کۆمەڵایەتی هەن ئەوەندە بەهێز و جێگیرن دەبنە یاسای کۆمەڵایەتی و بە ئاراستەیەکدا کاردەکن کە زۆربەهێزترن لە ئاراستە یاسایی و تەنانەت خودی پرنسیپە ئاینییەکان خۆشیان. هەرلێرەوەیە هەندێک جار لە ئاییندا شتێک پەیدادەبێت کە پێیدەگوترێت (بدعة). یان هەندێکجار یاسای دانراو شتێک دەڵێت و بەڵام خوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی دیکە، بۆیە زۆربڕگەی یاسایی هەن گەرچی لەلایەن دەسەڵاتیشەوە دانراون، بەڵام لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکە پەکخراون... وەگێڕ).

بەمجۆرە - لەوەڵامی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا - ئیسلام لەوە بێبەریدەکرێت کە بەشێوەیەکی گشتی ئۆباڵی دواکەوتن بخرێتە ئەستۆی و بەشێوەیەکی تایبەتیش ئۆباڵی میحنەت و بێدەرەتانی... بارودۆخی ژنان بخرێتە ئەستۆی. بەڵام ئەم بێبەریکردنە زەمینە بۆ گوتاری ڕێنیسانس خۆشدەکات بتوانێت خوێندنەوەی خۆی بۆ ئیسلام و دەقە ئیسلامییەکان فەراهەمبکات. ئەم خوێندنەوەیەش خوێندنەوەیەکە دژ و پێچەوانەی ئەو خوێندنەوەیەیە کە سەلەفییەت و ئوسوڵییەت پیادەیدەکەن. گوتاری ڕێنیسانس ئەوە زەقدەکاتەوە کە ئەو مافانەی ئیسلام بەخشیویەتی بە ئافرەت، لەهەندێ لایەنیدا زیاترە لەوانەی ژنانی ئەوروپا لە دوای ڕێنیسانسەوە (واتا ڕێنیسانسی ئەوروپی - وەرگێڕ) دەستەبەرکراون: «بەڵام مەخابن ! هەندێک ئاکاری خراپ بەسەر ئەم ئاییەنە جوانەدا زاڵبوون، ئەم ئاکارانە بەمیرات لەو نەتەوانەوە بۆمان ماونەتەوە کە ئیسلامیان تێدا بڵاوبۆتەوە، ئەو ئاکارانە کە هەڵگری کۆمەڵێک نەریت و وەهم بوون، ئەوکاتەی هاتنە نێو ئایینەکەوە لەگەڵ خۆیاندا سەرجەمی ئەو نەریت و وەهمانەیان هێنا (ئاماژە بە تورکان) و لەو کاتەشدا چاکەخوازی ئەو نەتەوانە نەگیشتبووە ئەو ئاستەی کە ئافرەت بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە شەریعەت بۆی دیاریکردبوو. گەورەترین هۆکاریش کە لەپشت بەردەوامبوونی ئەم کارانەوە بوو، بەدوایداهاتنی دەسەڵاتی حکومەتە ستەمگەرەکان و بەردەامیی ئەو دەسەڵاتە بوو لە حوکمکردنی ئێمەدا » (٧).

ئەم کەمەندکێشییەی نێوان هەردوو ڕەهەندی: (ئەویدی ئەوروپی) کە نوێنەری پێشکەوتن و مەدەنیەتە لەلایەک و «ئایین» کە چوستوچالاکی دەبەخشێتە گوتاری ڕێنیسانس لەلایەکی ترەوە، هەروەها ئەو کۆششە بۆ پێکەوەگونجاندنی هەردوو ڕەهەندەکە - بەچاوپۆشین لە ئاکام و دەسکەوتەکان - هەردوکاری کەمەندکێشی و پێکەوەگونجان، خەسڵەتی کۆکردنەوە (الجمع)

دەبەخشێتە گوتاری ڕێنیسانس و دواتر لەو تایەفەگەرییەی دووردەخاتەوە کە بەدەوری خود خۆیدا تەوەربەندی دەکات و بە خەسڵەتە چاکەکانی ئەو خودەدا هەڵدەڵێ و دواتریش ئەو خودە لە ئەغیار جیادەکاتەوە. دەکرێت گوتاری گردکۆیی ـ الخطاب التجميعي ـ کۆشش بۆ لێکنزیکبوونەوە بکات، بەپێچەوانەی گوتاری تایەفەگەرییەوە کە کۆشش بۆ پەرتبوونەوە و دابەشبوون دەکات.

سەبارەت بە کێشەی ژن، گوتاری ڕێنیسانس دەکۆشێت بۆئەوەی پەرتپەرتبوو و پەرشوبڵاویی مرۆڤ لە گشتێکی یەکگرتووی گونجاوی تەبادا کۆبکاتەوە ـ ئیدی ژن بێت یان پیاو. ڕەنگە بگوترێت ئەو ئامانجەی کە گوتاری ڕێنیسانسی دەبزواند، ئامانجێکی قازانجگەرایی بوو «غاية نفعية»، لەڕێگەی بەشداریکردنی ئافرەتەوە هەوڵی چالاککردنی وزەی بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵدا ئەدا (٨)، هەروەها ڕەنگە بگوترێت گوتاری ڕێنیسانس خواستی بەدیهێنانی پێکەوە گونجاندنی هەبوو، بەڵام دواجار بەرەو کۆکردنەوەی بەزۆر «تەلفیق» چوو (٩) لە گۆشەنیگای ڕەخنەوە هەموو ئەوانە ڕاستن. بەڵام ئەوەش بۆخۆی ڕاستە کە گوتاری گردکۆیی گەلێ ئەنجامی زۆر گرنگی لێکەوتەوە بە تایبەتی لە کێشەی ژندا. ئەو ئەنجامانەش وەک ئەو تۆوە شارراوانە وابوون کە زەمینەییەکی چاکیان دەستنەکەوت تاکو لەباوەشیان بگرێت، بۆئەوەی بڕوێن و گوڵ بگرن. ئەگەر گوتاری قاسم ئەمین لە سنوورەکانی بێبەریکردنی ئیسلام لە تۆمەتی جینایەتکردن دژ بە ژن وەستابێت، ئەوا (الطاهر الحداد) لۆژیکی بەرگریی و بێبەریکردنی بەزاند و بەرە و خستنەڕووی تێگەیشتنێکی نیمچە مێژوویی بۆ دەلالەتی ئەو دەقە ئاینییانە هەنگاوی نا کە تایبەتن بە کێشەی ژن.

### ٣. الطاهر الحداد: تێپەڕاندنی دوالیزم . تجاوز الثنائية

ئەگەر ئەو ڕاڤەکردنە عەقڵگەرایییەی کە محەمەد عەبدە دایمەزراند دەروازەی تێگەیشتنی ڕێنیسانسخوازەکان بووبێت بۆ ئیسلام، ئەوا ئەم ڕاڤەکردنە خۆی لە خۆیدا هەوڵدانێک بوو بۆ هێانە قسەی ئیسلام بەزمان و پێودانگەکانی پێشکەوتن و مەدەنییەت و شارستانیەت. لێرەوە قاسم ئەمین ، وەک قوتابییەکی محمد عەبدەی مامۆستای، وایدەبینێت کە عەقڵ لە تێگەیشتنیدا بۆ ئاین پێویستی بە پرنسیپەکانی زانست و مەدەنیەت دەبێت: «ناشێت سوود لە زانستە ئایینیەکان و ئایینگەرایی وەربگیرێت ئەگەر پێشتر شارەزایی پەیدانەکرێت لە مەعریفەکان و پرنسیپە زانستییەکاندا... ئەی مەگەر تەوحید پایان و پوختەی سەرجەم زانستە ئایینیەکان نییە؟ یان مەگەر ئایینگەرایی فیقە بۆخۆی زانستی شەریعەتی هەر خودێک نییەلە پەیوەستیدا بە خالقەکەی و هەروەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم مرۆڤەکانی دیەدا؟ ئەی مەگەر هەردوو زانستە ئایینییەکان و ئایینگەراییش ئاتاجی زانینی سایکۆلۆژیا و ئەناتۆمی و ماتماتیک و مێژوو زانستە سروشتییەکان و زانستەکانی تر نین، ئەو زانستانەی کە فیکریان پێ زاخاو ئەدرێت و عەقڵیان پێ ڕۆشن دەکرێتەوە؟ ئەی هەقیقەت بۆخۆی لەو درەختە ناچێت کە لق و چڵی لێبۆتەوە و سەرجەمی ئەو لق و چڵانە پەیوەستەگییان بەیەک ڕەسەنەوە هەیە و لەسەر یەک ڕەگ دەژین و خزمەتی تاقە ژیانێک دەکەن و یەک بەروبووم دێننە بەرهەم ئەویش بریتییە لە زانینی هەقیقەتی هەرشتێک لە بووندا» (١٠). ئەم وێناکردنە بۆ یەکێتی مەعریفە، وێڕای فرە زانستی و فرە بەشی خۆی، و دواتر ڕەگاژۆبوونی سەرجەم ئەو زانست و بەشانە لە نێو عەقڵدا، وایکردوە کە «زانستە ئایینییەکان» ببنە بەشێک لە سیستەمی مەعریفەی مرۆیی، واتە ئەوانیش زانستگەلێکن دەبێت بخرێنە ژێر ڕکێفی هەمان ئەو میکانیزم و کارە میتۆدییانەوە کە لەتێگەیشتن و شیکردنەوەی بەشەکانی دیکەی مەعریفەی مرۆییدا بەکاردەبرێن. لێرەوە جارێکی دیکە گوتاری ڕێنیسانس توانای خۆی دەسەلمێنێت بەوپێییەی کە گواتارێکە بۆ کۆکردنەوە، التجميع، نەک گوتارێکبێت بۆ پەرتکردن، چونکە سەلەفیەت وەک دژە گوتاری ڕێنیسانس دید و بۆچوونێک بنیاد دەنێت کە «زانستە ئایینییەکان» لە «زانستە دنیاییەکان» و لەسەر ئەو بنەمایەی جیادەکاتەوە گوایە یەکەمیان بنەمایان لەناو باوەڕدا ڕەگاژۆ بووە و دووهەمیشیان بنەمایان

لەناو «عەقڵ»دا ڕەگاژۆ بووە (١١).

بێگومان ئەم جیاکردنەوە مەعریفییەی نێوان کایە زانستییەکان ڕێک لەگەڵ ئەو خەسڵەتەی گوتاری سەلەفییەتدا دێتەوە کە گوتارێکی تایەفەگەرییە بەهەردوو مانا فیکریی و عەقڵییەکەیەوە. لێرەوە جارێکی دیکە ڕووبەڕووی مەسەلەی «کۆمەڵەیەتیبوونی» مەعریفە دەبینەوە، هەروەها مەسەلەی ئەوەی ستەم و دیکتاتۆرییەت، بەوپێییەی کە دیارترین سیستمی فاسیدی حوکمڕانین، بەرپرسیارن لە نەزانین و دواکەوتن و بارودۆخی میحنەتباری ژن. لەوەش گرنگتر ئەو بەرپرسیارێتییەیە لە دواکەوتنی کۆمەڵایەتی، بەرامبەر دواکەوتنی عەقڵیی و هەروەها بەرپرسیارێتیی دواکەوتنە عەقڵییەکە بەرامبەر دارمانی پێودانگە ئایینییەکان. قاسم ئەمین لە ووتەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «لەڕاڤەکردنی مەسەلەیەکدا کە لای هەمووان ئاشکرایە و پێویست ناکات درێژەی پێبدەین، واتە مەسەلەی دارمانی ئایین لەمرۆکەدا لەسەرجەم سیماکانیدا و تەنانەت لە کاروبارەکانی پەرستنیشدا. بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت ڕوونیبکەینەوە ئەوەیە، دارمانی ئایین پاشبەند و ئاکامی دارمانی عەقڵەکانە و عیللەت و دەردی یەکەمیش کە سەرچاوەی عیللەت و دەردەکانی تری غەیری خۆیەتی و بوونەتە هۆی دابڕان لە نێوان ئێمە و پێشکەوتندا، بریتییە لە پشتگوێخستنی لایەنی پەروەردە لە هەردوو ڕەگەزی پیاوان و ژناندا» (١٢). ئەم شیکردنەوەییەی کە لە کۆمەڵەوە دەستپێدەکات بەوپێییەی کۆمەڵگا سیستمێکی گشتگیرییە نەک تەنها کۆمەڵە بەشێک، ئەم شیکردنەوەیە، وێڕای ئەوەی وێناکردنێکی سەرەتاییە، ئەو پرنسیپە نیشانئەدات کە مەسەلەی یەکێتی مەعریفەی لەسەر بنیادنراوە، لەوێدا دەبینین کە مەعریفەی ئاینیی وەک سەرجەم مەعریفەکانی تر ڕادەوەستێتە سەر عەقڵ.

ئەگەر ئەم چەمکانە بە پەرشوبلاوی لە گوتاری ڕێنیسانسدا هەبن بەشێوەیەک کە کارێکی سەختبێت سەمتێکی گشتگیر پێکبهێنن، ئەوا گوتاری التاهر الحداد لەبارەی ژنەوە کە دوای قاسم ئەمین بەنزیکەی سی ساڵ (١٩٢٩) سەریهەڵدا و توانی تا ڕادەیەک مەسەلەی «دژە تەئویل» یاخود خوێندنەوەی تری ئیسلام و دەقەکانی تێپەڕێنێ و چەمکێکی تر بۆ شییکردنەوەی ئەحکامی ئیسلام سەبارەت بە ژن بخاتە ڕوو، ئەویش چەمکی ڕێژەگەرایی و مێژووگەرایی بوو. ئەو حوکمانە، وەک تاهیر الوتار، دەیبینێت کۆمەڵێک ئەحکامی کۆتایی نین، بەڵکو هەڵقولاوی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەن کە تێییدا هاتونەتە خوارێ، ئەویش کۆمەڵگایەکە تێیدا بارودۆخی ئافرەت لە دۆخی کۆیلەیەتییەوە نزیکبووە تا هەر دۆخێکی دیکە: «لەڕاستیدا ئیسلام حوکمێکی یەکلاکەرەوەی لەبارەی جەوهەری ئافرەتەوە لە خودیخۆیدا وەک ئافرەت نەداوینەتێ، ئەو حوکمەی کە زەمەن و قۆناغەکان نەتوانن دەستی گۆڕانکاری بۆ ببەن و پاشان لە دەقەکانیدا شتێکی ڕاشکاوانە بەم مانایە بەدیناکرێت، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە لاوازی و دواکەوتنی ژنی وەک خستنە بەرچاوی دۆخێک کە لەئارادابووە، بەیان کردوە، لە سۆنگەی ئەوەشەوە نەفەقە و دابینکردنی گوزەرانی سەپاندووە بەسەر پیاودا و هاوشانی ئەوەش هەندێک حوکمی تر لەسەر ئەو بنەمایە بنیادنراون، ئاینگەرایانیش نایەکسانیی ژنیان لەڕووی میرات وەرگرتنەوە لە پیاو، بەوە شیکار و هۆبەندی کردوە کە بژێویی و گوزەرانی ئافرەت، ئەرکی سەرشانی پیاوە. لەم ڕووەشەوە شتێک نییە وامانلێبکات کە بڕوا بە نەمریی و هەتاهەتاییبوونی ئەم حاڵەتە بکەین بەبێ هیچ گۆڕانێک، لەکاتێکدا (لەڕووی ئابوورییەوە ـ وەرگێڕ) خودی ئیسلام خۆی توخبی ئەم دۆخەی کە لەبەردەمیدابووە بەزاندوە و لەزۆر لە حوکمەکانیدا باسی پێداویستیی گۆڕانکاریی ئەو حوکمانەی لەگەڵ گۆڕانی زەمەندا کردوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەڕووی کاسبی و گەشەپێدانی سەروەتی پارەوپووڵەوە بەبازرگانیی و مامەڵەی تری داراییشەوە بڕیاری ئەوەی داوەئافرەت لەوەدا ئازاد بێت و تەنانەتە لە ڕووی زیمەوە (مەبەست لە پێگەی داراییە یاخود الذمة المالية ـ وەرگێڕ) ئەوەی بۆ ئافرەت دەستەبەر کردوە کە دەتوانێت مامەڵە بکات و لەهەمانکاتیشدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەش ئافرەت هانبدات بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانەی کە پێشتر پێی ڕانەهاتووە و لەو سەروبەندو چەرخەشدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئامادەبوون لەوجۆرە کارانە و دڵنیابوون لەسەرکەوتنیان لە ئارادانەبووە» (١٣).

کارێکی شیاویشە کە هاوشان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و باشبوونی دۆخی ژن لە

کۆمەڵگادا، خوێندنەوە بۆ دەقە ئاینییەکان لە دەلالەتە مێژووییەکانیاندا بکرێت لە پێناوی هەڵهێنجانی دۆخە جەوهەری و نەگۆڕەکان لەپشت دۆخە ڕاگوزەر و گۆڕاوەکانەوە. بەتەنێ خوێندنەوەی حەرفیە کە دەبێتە ڕێگر، چونکە ئەو تەرزە خوێندنەوەیە ئاقاری کۆمەڵایەتیی هاتنەخوارەوە (التنزیل) و پاشان ئەو حوکمانەی لەخۆیگرتوون، فرێئەداتە لاوە. لێرەوە الحداد قسەوباسی ئایینگەرەکان دەربارەی سنووردارێتی دەقەکان و ڕەهایی ڕووداوەکان دەکاتە خاڵی دەستپێکی قسەوباسی خۆی، بەڵام ئەم وەک ئەوان لە سنووری پێوانەکاری «القیاس»دا بەمانا فیقهییەکەی ناوەستێ: پێوانەکاری واتە ئەو ڕووداوانەی کە تازە و دوای دەقەکان ڕوودەدەن، لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکاندا بەهۆبەندی عیللە و لێکچوون یان هەڵهێنجانی عیللەی حوکمەکە لێکبدرێنەوە و... هتد بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لەزانستی (بنەماکانی فیقە ـ اصول الفقە)دا هاتوون. تاهیر الحداد، جۆرێک لە تێڕامانی خۆی بۆ دیاردەی نەسخ، واتە گۆڕانی حوکمەکان، لەدەقە ئاینییەکندا هەیە (نەسخ. واتە سڕینەوەی حوکمێکی پێشین بە حوکمێکی دوای خۆی، بە حوکمی پێشوو دەگوترێت مەنسوخ و بە حوکمی دوای ئەو دەگوترێت ناسخ ـ وەرگێڕ).

الحداد لە ئاقاری ڕاستەقینەیاندا لە دەقەکان تێدەگات و دەلالەتە مەترسیدارەکانیان هەڵدەهێنجێنێت: «ژیان تەمەنێکی زۆر درێژی هەیە و بەقەد درێژی خۆیشی پڕە لەو قۆناغانەی کە تەعبیر لە جەوهەری مانای ژیان و خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەکەن و نزیکەی بیست ساڵیش لە ژیانی پێغەمبەر لە دامەزراندنی ئیسلامدا، بەسبوو، نا بەڵکو ئەوەی پێویستکرد کە دەبێت دەقێک بە دەقێکی تر و، حوکمێک بە حوکمێکی تر بسڕێتەوە، ئەویش بە حیسابکردن بۆ سونەتێکی ئەزەلیی. ئیتر چۆن دەتوانین بێین و بە ئیسلامی نەمرەوە لەبەردەم نەوەکان و سەدە یەک لەدوای یەکەکانی داهاتوودا، بەبێ هیچ دابڕانێک بوەستین و هیچ گۆڕانکارییەک بەسەرخۆماندا نەهێنین» (١٤). دەقەکان ناتوانن باوەش بە هەموو ژیاندا بەو درێژخایەنی و فرەقۆناغی و جیاوازییانەوە بکەن، نەخوازەڵا خودی ئەو دەقانەی کە لە دەلالەتی خۆیاندا مۆرکی زەمەنی خۆیان هەڵگرتووە و دواتر دەلالەتی ڕاستەوخۆی خۆیان بە ئاراستەی واقیعی ژیانێکدا ـ واقیعی کۆمەڵایەتی ـ دا دەبەن کە دەقەکانیان تێدا هاتوونەتە خوارێ. لێرەوە لەناو دەلالەتی ئەو دەقانەدا پێویستە جیاوازیی لە نێوان شتی «جەوهەریی» و «ڕاگوزار» و لەنێوان «نەگۆڕ» و «گۆڕاو» دا بکەین.

تاهیر الحداد جارێکی تر لە سنووری مەبەستەکاندا، المقاصد، ڕاناوەستێ بەو مانایەی لای ئاینگەرا و ئوسوڵییەکان دیاریکراوە وەک پاراستن یان ڕاگرتنی نەفس و سەروەت و ئایین و شەرەف و ... هتد. ئەو سنووری ئەم چەمکە فیقهییەی مەبەستەکان دەبەزێنێ و بەرە و مەبەستە گشتگیرییەکان هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی دادپەروری بکات مەبەستێکی گشتگیریی بنەڕەتیی و سەرجەمی بەشەکان وشتە وردودرشتەکان لەخۆبگرێت، لەوانەش باوەڕ و ڕەوشت (العقیدە و الاخلاق): «دەبێت ئەو جیاوازییە لەبەرچاوە بە هەند بگرین کە لە نێوان ( سێ تەوەرەدا هەیە ـ وەرگێڕ)، لەلایەک ئەوەی کە ئیسلام هێناویەتی و وەکی تریش ئیسلام لە پێناویدا هاتوە ، ئەوەش کە جەوهەر و مانای ئیسلامە و دواتر لەگەڵ نەمریی ئیسلامدا ئەویش بە نەمریی دەمێنێتەوە وەک باوەڕی تەوحید و لایەنە باڵاکانی ڕەوشت و ڕاگرتنی تەرازووی داد و یەکسانیی لە نێوان خەڵکدا. لەلایەکی ترەوە، ئەوەی کە لەچوارچێوەی ماناکانی ئەم بنەمایانەدا هاتووە. لەلای سێهەمیشەوە، ئەو بارودۆخەی کە هاتە بەردەم ئیسلام وەک بارودۆخی دژواری مرۆڤایەتی و ئەو ئاکار وفەرهەنگە سایکۆلۆژییەی کە پێش ئیسلام و لەسەردەمی جاهیلیەتەوە کەڵەکە بووبوو بەبێئەوەی پێشوەخت مەبەستێ بووبێت لە مەبەستەکانی ئیسلام. لەم بارەدا ئەو حوکمانەی کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا وێکدێنەوە و دەبنە چوارچێوەیەک بۆ ئیقرارکردن پێیان، ئەو حوکمانە هاوشان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەمێننەوە و بەنەمانی بارودۆخەکە حوکمەکانیش نامێنن و لەم بارەدا بە نەمان و بەسەرچوونی هەم بارودۆخەکە و هەم حوکمەکانیش چ زیانێک بە ئیسلام ناگات، نموونەش وەکو کێشەی کۆیلەکان و ( زیندەبەچاڵکردنی کچان ـ وەرگێڕ) و کێشەی تری لەوجۆرانە کە ناکرێت تەنانەت ئەو دۆخە خراپانە وەک بەشێک لە ئیسلام بدرێتە قەڵەم» (١٥). (ئەوەی من تێیبگەم نووسەر لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا

دەیەوێت بڵێت، هەندێک حاڵەت لە سەردەمی خۆیداحوکمی تایبەتیان لە ئیسلامدا بەرامبەر هەبووە و بە نەمانی حاڵەتەکەش حوکمەکەش نەماوە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە خراپ ڕاڤەکردن کارێکی وای کردوە کە چەندین بارودۆخی خراپ بدرێنە پاڵ ئیسلام و بەناوی ئەوەوە رەواجیان پێبدرێت. ـ وەرگێڕ).

گەڕان بەدوای «مەبەست» دا لە بواری حاڵەتی ڕاگوزەر و گۆڕاوەوە، دەستەبەری ئەوە دەکات کە خوێندنەوەیەکی لەبار و گونجاو بۆ دەقە ئایینیەکان پێشکەشبکرێت، خوێندنەوەیەک کە بنەمای ڕێژەگەرایی مێژوویی، بابەتیانەبێت. بۆ ئەوەش لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و ئاڵۆزییەکانی ژیاندا ـ بە دەربڕینی تاهیر الحداد واتە شێواز و قۆناغەکانی ژیان ـ ئێمەش پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، پێویستمان بەوەیە بنەمایەکی چەسپیو، کە ئەویش «مەبەست ـ المقصد»ی جەوهەریی شەریعەتە بکەینە خاڵی دەستپێکی خوێندنەوەکەمان. لێرەوە ئەو پرسیارانەی کە تاهیر الحداد لە خۆی و ئێمەشی دەکات و مۆرکێکی تەقریریان هەیە، ڕەوایی خۆیان وەردەگرن لەوەدا کە کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەریین بۆ کەشفکردنی حاڵەتی نەگۆڕ لە دەلالەتی دەقەکاندا. دەکرێت لێرەدا پرسیارکردن داڕشتنێکی گشتی وەربگرێ: «ئایا ئیسلام لە پێناوی فلانە شت و فیسارە شتدا هاتووە... » لە سۆنگەی ئەوەشەوە بڵێین، ئایا ئیسلام بۆ خاوێنکردنەوەی دەروونی تاوانباران لەگیانی شەڕانگێزیی و تاوان هاتووە بەجۆرێک کە چەند رێگەیەکی داناوە بۆ ئەو خاوێنکردنەوەیە، یان بۆ ئەوە هاتووە تاکو تۆڵەیان لێبکاتەوە لەڕێی سزادانیانەوە و بۆ ئەوەی خۆیان و کردوەکانیان بکاتە پابەند و عیبرەت بۆ ئەوانیدی؟ ئایا ئیسلام بۆ ئەوەهات کە یەکسانیی بخاتە نێوان بەندەکانی خودا و خودا پەرستانەوە تەنها لەوەدا نەبێت کە هەرکەسە و بەپێی کاری خۆی حیسابی لەگەڵدا دکرێت، یاخود بۆ ئەوەهاتوە تاکو ئافرەت بە مێینەیەتی خۆیەوە پلەیەک لەخوار پیاوەوە بە نێرینەیی خۆیەوە، لە ژیاندا بێت؟ ئایا ئیسلام بۆ ئەوەهات تاکو کارئاسانیی بۆ زەواج لەپێناوی بەرگرتنی ئاسودەیی خێزان و نەشونمای ئوومەتدا بکات، یاخود بۆ ئەوەهات کە دەستی پیاو لە تەڵاقدا واڵابکات بۆ ئەوەی خودی تەڵاق ببێتە پەروپۆی دەم ڕەشەبا؟

بێگومان هەرکەسێک کەمەکێک لە ئیسلام وردەبێتەوە جیاوازی ئاشکرا لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەبینێتەوە. بەمشێوەیەش دەکرێت تۆژینەوە لە بارەی ئیسلامی پوخت ( ڕۆحی ئیسلام ـ وەرگێڕ) ئەنجامبدەین و دواتریش جیایبکەینەوە یان هەڵاوێردی بکەین لەو مەبەستانەی کە دەوریان داوە و خۆمان لە تێکەڵوپێکەڵکردنیان بپارێزین» (١٦).

بەڵگەنەویستە کە ئەم کۆمەڵە پرسیارەی بە مەبەستی گەیشتن بە «جەوهەر» ی ئیسلام دەوروژێنرێن بەتەنێ پەیوەندییان بەو دەقانەوە نییە کە تایبەتن بەژن، بەڵکو پەیوەندییان بەسەرجەم ئەو حوکمانەوە هەیە کە لە دەقەکاندا هاتوون. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەم کۆمەڵە پرسیارە پابەندن بە سروشتی ئەو چوارچێوە سۆسیۆ ڕۆشنبیریی و فیکرییەی کە پرسیارەکان دیاریدەکەن، بۆیە دەکرێت پرسیارەکان بگۆڕدرێن و هەروەها دەکرێت پرسیارگەلی تازە بوروژێنرێن. ئەمەش مانای وایە کە «جەوهەر»ی ئیسلام دراوێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو جەوهەرێکە هەمیشە و بە پێی پەرەسەندنی هۆشمەندیی مرۆیی قابیلی هەڵهێنجان و دووبارە پەیبردنە. بەمجۆرە ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ڕەگە ئەسڵییەکە، ئەویش ڕەگی یەکێتی مەعریفەیە لە گوتاری ڕێنیسانسدا، کە ڕێگا ئەداتە عەقڵ هەمیشە لە جوڵەیەکی ئازاددابێت بەبێ دانانی هیچ سنوورێکی دابڕا و جیاکەرەوەی نێوان نەگۆڕ و گۆڕاو، یاخود لەڕووی مەعریفیەوە لە نێوان دنیایی و ئایینییەوە. ئەگەر گەڕان و تۆژینەوەش لە مەسەلەی ڕەچەڵەک، ئەسڵ، شتێکی پێویست و حەتمیبێت، ئەوا لە گوتاری ڕێنیسانسدا مەسەلەی «دنیایی» کە دواتر دەبێتە مەسەلەی «کۆمەڵایەتی» و ئەمیش دەبێتە مەسەلەیەکی «مەعریفیی»، پەیوەندیگرتن، پەیوەندیەکی دیالێکتیکی ئاست نزم نییە، بەڵکو پەیوەندیەکی جەدەلی ڕاستەقینەیە. ئەم حاڵەتە، دابەشکردنی کتێبەکەی تاهیر الحداد لەنێوان «شەریعەت» و «کۆمەڵگا» مان بۆ ڕاڤە دەکات. الحداد کاتێ لەبەشی «شەریعەت»ەوە دەستپێدەکات بۆ ئەوەیە تاکو ڕوونیبکاتەوە کە

ئەحکامی شـەریعەت ڕەگاژۆیی خـۆی لە کۆمـەڵگادا دەبینێتـەوە. ئـەمـە لەلایەک و لەلایەکی تریشـەوە دەستـپێکردن لە شـەریعەتەوە بۆی هەیە فـەرشـەکە لەژێرپێی ئەوانە ڕاکێشێت کە نوێنەری گـوتاری دژن، ئەوانەی شــەریعــەت وادەبینن کــە کــۆمــەڵێک حـوکـمــە و داوا دەکـەن بـە خـاڵ و فـاریـزەشـەوە جێبـەجێبکرێن، هەرئەوەش بە شـاڕێگای فـەریادڕەسـیی و دەربازبوون لـە قـەیرانەکـە دەزانن. بەڵام لەڕاسـتـیـدا ئەوان بەم دژەگـوتـارەیان و لەڕێگەی جـێگـیـرکـردنی بارودۆخـەکـە بەهۆی خـوێندنەوەی بەهەڵەی دەقەکانەوە، بەشداریی لە قووڵکردنەوەی قەیرانەکەدا دەکەن: «بۆ بەختڕەشیی موسڵمانان ـ نەک ئیسـلام ـ زۆربەی زانایان و ئاینگەرانی ئەوان لـەوەدا ئیسـلامـیـان بێسـەرپەرشت کـردووە کـە بەشێوەیەکی لەسـەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو ئەو کەموکوڕییەی کە بەئافرەتەوە لکێنراوە پڕبکەنەوە و دواتریش ئامادەگی پیاو بەرامبەر پێگەیشتن و کـامڵبوونی ژن برەخسێنن. بەڵکو ئەوان بواری ئەوەیان ڕەخسـانـدووە ئـەو کـەمــوکـوڕییــە گـەورەتربێت بۆئەوەی پانتـایی جـیـاوازیی نێـوان ژن و پیـاو لە حوکمـەکاندا فراوانتربێت و جیاوازی نێوان سروشت و خولقیان لە ژیاندا هەڵایساوتربێت. لێرەدا ئەوە بەڕوونیی دەردەکەوێت کە سایکۆلۆژیای مێژوویی عـەرەب و سـەرجـەمـی موسـڵمانان بەرامـبـەر بە ڕێز یان ڕێزگـرتنی ئافـرەت زاڵتـرە لـەو ڕێزگـرتن و سـۆزەی ئیسـلام بۆ ژنـی دەخـوازێت ( نووسـەر دەیەوێت بڵـێت ئەو سـایکۆلۆژیایـەی کـە لەلای کـۆمــەڵگا کـەڵەکـە بووە و ئـافـرەت بە پلەی دووەم سـەیردەکات، سـایکۆلۆژیایەکە لەدەرەوەی ئاراسـتـەی ئیسـلامدا کـاردەکات. یان لەهەندێک دۆخـدا ئەو سـایکۆلۆژیایە هەوڵیـداوە هەندێک حـوکـم کـە لەزەمـەنێکی دیاریکراو و لە کـۆمـەڵگایەکی دیاریکراودا ئیسلام هێناویەتی، بەو ئاراسـتـەیەدا بەرێت کە خـۆی دەیخوازێت ـ وەگێڕ). ئەمەش وەنەبێت یەکەمین و تاقـە مـەسـەلە بێت کە لەلایەن زانایانـی ئیسـلامـەوە بەپێچـەوانەی ویست و ئامـانجی ئیسـلامـەوە ماجەرای خۆی وەرگرتبێت» (١٧).

بەمـشـێـوەیە پەی بـەوە دەبەین کـە کێـشـەی ئافـرەت و ئـەو دەقـە ئایینیـیـانەی کـە پەیوەنـدیان بەو کـێـشــەیەوە هەیە، هانـدەربوون ـ دیارە لە چـوارچێـوەی چەندین هاندەری تردا ـ بۆ ئەوەی گـوتاری ڕێنیسـانـس لە سنوورەکـانی بـەرهەمــهێنانی هۆشـمـەندیـیـەکی زانسـتـی لەبارەی ئایین و لـەڕێگەی دەلالەتی دەقەکانییـەوە، نزیکبێتەوە. هەڵەی ئایینگەرانی موسـڵمانیش بەبۆچوونی ئەم گوتارە لەوێوە سـەرچاوەی گرتووە کە نەیانتـوانیـوە بگەنە ئاسـتی ئەم هۆشـمـەندییـە، هـەڵەی ئەوان لەمـەسـەلەی ئەو حـوکمانەی کە تایبـەتن بە ژن تاقـە هەڵە نییـە، ئەوە هەڵەیەکە لەیەک مـەسـەلەدا، بەڵام نموونەیەکە بۆ هەڵەیەکی گشتی کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایینگەرایی لە دنیاگەرایی (فصل الدینی عن الدنیوی) لەڕووی مـەعـریفـیـیـەوە، ( بەومـانایەی کـە دەڵێت بنەمــای ئایینگەرایی باوەڕە لەکـاتێکدا بنـەمـای دنیاگەرایی عەقڵە)، ئەمـە لەکاتێکدا وادەخوازرێت لە ڕووی سیاسییـەوە نێوانیان یەکلایی بکرێتەوە، لەم ناوەدا جیـاوازیەکە کە دەگاتە ڕادەی دژ و پێچەوانەبوونەوە ئەوە کە دروشـمی سیـاسیی ـ ئیسـلام دین و دنیــاشــە ـ ئامــانجی ئەوەیە کــە دنیــاگــەرایی ملکەچی ئایینگەرایی بکات، بەواتە سـەپاندنی تیۆکراتییەت. تیـۆکراتیەتیش مـانای دڕندەترین جۆری دیکتـاتۆرییەت، چونکە ئەم جـۆرە دیکتاتۆریەتە دیکتــاتۆریەتێکە ڕای جــیــاواز لە خــۆی بە ئیلحــاد و زەندەقــە و ســزادانی هــەڵگەڕانـەوە و... هتــد لەقەڵەمئەدات.

لە گـوتاری ڕێنیسـانسـدا خـاڵە پەرتوبڵاوەکان کـۆدەبنـەوە، لەدەوەی کۆسـیـسـتـمێکدا، بەش چ ئەرزشێکی نییە و هـەر لەم گوتارەدا سوکایەتییکردن بە ژن، سووکایـەتیکردنە بە ئینسان، ئینسانیش لە کۆمـەڵگایەکدا دووچاری سووکایەتـی پێکردن دەبێت کە دەسـەڵاتێک حوکمیبکات، جاری کۆمـەڵێک مـافی مـیـتـافـیـزیکیـیـانـە بدات: «کـاتێک ئێـمـە سـووکـایەتی بە ژن دەکەین و هـیچ گـوێ بەو مـیـحنـەت و ڕەزالەتە نادەیـن کـە ئافـرەت تێـیـدادەژی، ئەوە وێنەیەکە لـە سـووکـایەتیکردنـی خـۆمـان بـە خـۆمـان و ڕازیبوونمانە بەو میحنەت و ڕەزالەتەی کە خۆمانـی تێدا دەژین. بەپێچـەوانەشەوە ئەگـەر ئێمـە ژنمان خۆشـدەوێت و ڕێزیـدەگرین و هـەوڵـئەدەین کـە خـودی خـۆی گـەشـەدار و کـامڵکات و یـەکیـخـات، ئەوە وێنەیەکە لە خۆشـەویسـتی و ڕێزی خۆمان بۆ خۆمان و هەوڵدانمانە بۆ پێکەوەنان و کامـڵبوونی خودی خۆمان» (١٨). «هیچ عـەقڵانیـەتێکیش لەوەدا نییـە کە ئـافرەت لە نزمـییدا و پیاویش لە بەرزییدا بێت،

ئەمە ئەو هەقیقەتە ڕۆشنەیە کە هێشتاکە لە زەینی ئێمەدا جێگەی نابێتەوە» (١٩).

ئەمە وێنەیەکی بچووک کراوەی گوتاری ڕێنیسانسە، ئەم وێنەیە، هەتا ئێمە بەدواچوونی زیاترمان هەبێت بۆی و جوانتری بکەین، ئەویش گەورە و فراوانتر ئەبێت بۆئەوەی دژ بە هەڵاوێردن لەسەر بنەمای ئایین و ئەتنییەت و تایەفەگەرێتی بوەستێت. بەڵکو لەوەش زیاتر گەورە و فراوان دەبێت تا ئەو ڕادەیەی دژ بە دوالیزمی من و ئەویدی ڕادەوەستێت، دوالیزمێک کە دوو جەمسەری دژ بەیەک پێشنیاردەکات، ئیسلام دژ بە ئەوروپا، ئیسلام من و ئەروپا ئەویدی.

لە گوتاری تایەفەگەرییدا، کە دروشمی ئیسلامبوونی هەڵگرتووە و دژ بە گوتاری ڕێنیسانسە، هەموو وێنەکان پێچەوانە دەبنەوە، وێنەی من بۆ قەرەبووکردنەوەی زەلیلی و شکست و پاشکۆیەتی، پف دەکاتە خۆی و زل و قەبە خۆی دەنوێنێت، لەم دۆخەدا شووناس لەسەر بنەمای ئایین دیاریدەکرێت و چەوساندنەوەی ئەوانیدی پیادەدەکرێت و ژنیش لەناو حیجابدا گەمارۆ دەدرێت... هتد.

ڕاڤەکردنی ئێمەش بۆ گەشەکردنی گوتاری تایەفەگەریی لەسایەی گۆڕانکارییەکانی دنیادا و کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر دۆخی بەردەوامی شکست هەر لەساڵی ١٩٦٧ ـەوە ، ئەم ڕاڤەکردنە ڕۆڵی شیکردنەوە دەبینێ و بەهیچشێوەیەک نایەوێت بگاتە ئاستی پاساودان و بەهەنەهێنانەوە.

ئەگەر گوتاری ڕێنیسانس، پێشتر و ئێستاش لەژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەی باسمانکرد دووچاری گەمارۆدان هاتبێت، ئەوە مانای ئەوە نییە کە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو گەمارۆیە، سازشکاریی و تەنازولات بەهەرجۆرێکبێت، بکات، بەڵکو پێویستە لەسەری کە یاخیبوون و ڕابوونی زیاتر بەرەو دەسکەوتی زۆرتر بەرپابکات و لەوەشدا پشتبەستوو بێت لەلایەکەوە بە «جەوهەر» ی ئەو دەسکەوتانەی کە نەوەکانی پێشخۆی دەستەبەریکردوون، لەلایەکی تریشەوە پشتبەستوو بێت بەو دەسکەوتانەی کە عەقڵی ئینسانیی لەسەرجەم بوارەکانی زانستدا بەدەستیهێناون.

**پەراوێزەکان**

١ـ اسماعیل سالم: نقد متاعن نصر ابوزید فی القران و السنة و السحابة و ائمة المسلمین، دار المختار الاسلامی، القاهرة، ١٩٩٣، لاپەڕە ١٠ ـ ١٢.

٢ـ بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی نووسەر: المراة البعد المفقود فی الخطاب الدینی، گۆڤاری القاهره، ژمارە ١٣٢، فەبرایەری ١٩٩٣.

٣ـ تحریر المراة، الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة، ١٩٩٣، ل ٨٤.

٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣١ و لاپەڕەکانی دوایی.

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٧

٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٤

٧ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٦ـ٢٧

٨ـ بڕوانە: فرج بن رمضان: قظیة المراة فی الفکر النهظة، دار محمد علی الحمامی، سفاقس، تونس، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، ل ١٥.

٩ـ بڕوانە لێکۆڵینەوەی نووسەر: مشروع النهظة بین التوفیق و التلفیق، گۆڤاری القاهرة، ژمارە ١٢٢، یەنایەری ١٩٩٣.

١٠ـ تحریر المراة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

١١ـ سەبارەت بەم دابەشکردنە، یەکەمین تەعبیری تەواو بۆی لە نووسینەکانی ابی حامد الغزالی دا

بەدیدەکەین، بەتایبەتی لە مەوسوعەکەیدا «احیاێ علوم الدین» هەروەها بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی نووسەر بەناوی: مفهوم النص، دراسة فی علوم القران، المركز الثقافی العربی، بیروت. دار البیضاء، چاپی یەکەم، ١٩٩٠، الباب الثالث.

١٢ـ تحریر المراة، ل ١٠١.

١٣ـ امراتنا فی الشریعة و المجتمع. الدار التونسیة للنشر، ١٩٩٢، ل ٣١.

١٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

١٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ـ١٣.

١٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

١٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

١٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥ ی پێشەکییەکەی.

١٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩.

سەرنجی وەرگێڕ:
هەندێ وشە و زاراوە لە دەقە ئەسڵەیەکی ئەم وتارەدا هاتوون کە لەبەر نەبوونی مانای تەواویان لە زمانی کوردیدا؟ بەتایبەتی هەندێ وشە و زاراوە کە لە زانستە شەرعییەکاندا هەن ـ ناچاربووین یان وشە و زاراوەکان وەک خۆیان دابنێینەوە، یاخود لەگەڵ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مانایەکی نزیک لە خۆیانەوە، وشە و زاراوە ئەسڵییەکەش بنووسینەوە. دواتر، لە وەرگێڕانی وتارەکەدا بۆ سەر زمانی کوردی، هەوڵماندداوە لەگەڵ پاراستنی چوارچێوە و ناوەرۆکی فیکرییدا، بە کوردییەکی ڕەوان کە ببێتە مایەی تێگەیشتنی خوێنەر، دایڕێژینەوە.

ئەم وتارە لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی:
**گۆڤاری (مواقف) ژمارەی ٧٣ ، ٧٤ ی پایزی ١٩٩٣ ، زستانی ١٩٩٤ ل ٥٣،٣٩. ئەم ژمارەیە تایبەتە بە کێشەی ژن.**




---

**تێبینی:**
**ئەم سێ ووتارە لە دووتوێی کتێبێکدا لە ژێر هەمان ناونیشاندا، لە لایەن نێوەندی رەهەندوە لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. لەبەر گیروگرفتەکانی گەیاندنی کتێب و بڵاوکراوە لە وڵاتەوە بۆ دەرەوە، وامان بە باشزانی لە چاپی ئەوروپای رەهەندا، دووبارە بڵاویانبکەینەوە. شایانی باسە چاوپێکەوتنەکەی (شیلان ئەحمەد) لەگەڵ (بەختیار عەلی)دا پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.**

# چاوپێکەوتنێک و پاشکۆیەک
# دەربارەی
# پەیوەندی نێوان حیزب و ڕۆشنبیران

**شیلان: ڕۆشنبیر دەتوانێ چ گوتارێک ئاڕاستەی جەماوەر و حیزب بکات و تاکو ئێستا نەیکردووە؟**

**بەختیار عەلی**: سەرەتا بەرلەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، حەزدەکەم کەمێکم دەربارەی پەیوەندی ڕۆشنبیر و حیزب و ڕۆشنبیر و جەماوەر قسەبکەم. پێموایە بەرلەوەی بڵێین ڕۆشنبیر دەیتوانی چیبکات و نەیکردوە، دەبێت پرسیارەکان بگوێزینەوە بۆ هەندێ ئاستی تر؛ بپرسین ئایا توانای کۆمەڵگای ئێمە لەسەر ئیشکردن بە گوتاری ڕۆشنبیری و توانای بۆ کارلێک لەگەڵ فیکردا چەندە؟ بەر لەوەی بپرسین ڕۆشنبیر چیکردوە، دەبێت لە توانای کۆمەڵگای ئێمە بپرسین بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیر، ئایا بە ڕاست ئێمە کۆمەڵگایەکین توانای بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیر و قبوولکردنی ڕۆشنبیرمان هەیە؟ ئایا شوناسی ئەو ڕۆشنبیرانە چین کە کۆمەڵگای ئێمە بەرهەمیاندەهێنێت؟

سەرەتا بۆ خۆلادان لە هەر گرفتێکی تیۆری، دەمەوێت بڵێم وشەی ڕۆشنبیر بە مانا گرامشییەکەی بە کارناهێنم، لێرەوە ناتوانم بە کادێری حیزبی و بە مامۆستاکانی ئاموزشکار بڵێم ڕۆشنبیر، ناتوانم بە ئەندازیارێک کە ڕێگا دەکێشێت و پیاوێکی ئایین کە پێشنوێژی دەکات، بڵێم ڕۆشنبیر، بەحاکمێک کە لە دادگا حوکمدەدات و مامۆستایەک لە ئامادەیی یان زانکۆ وانە دەڵێتەوە، سیاسەتمەدارێک خوتبەدەدات و تەبلیغ و تەحریز دەکات بڵێم ڕۆشنبیر. هیچ یەکێک لەمانە تەنیا بەحوکمی وەزیفەکەیان، تەنیا بە حوکمی ئیشکردنیان لە دەستگایەکی مۆدێرندا نابنە ڕۆشنبیر، دەشێت قازییەکان و پارێزگاران و ئەندازیاران و پیاوانی ئایین و مامۆستایانی زانکۆ ڕۆشنبیری خۆیان هەبێت، نوخبە و هەڵاوێردی خۆیان هەبێت کە گەشە بە بوارەکانیان دەدەن، کە وردتر و لەپێشتر لەوانی دی شارەزای کایەکانی خۆیانن و بوێرانە بیر لە تازەکردنەوەی دەکەن، بەڵام بەودیویشدا دەشێت بوارێکی ئۆرگانی ژیانمان هەبێت، پڕبێت لە کادێری مامناوەندی و لێوان لێوبێت لە فەرمانبەری بچوک کە کۆی دەزگاکانی دەبەنبەڕێوە کەچی یەک ڕۆشنبیری تیانەبێت.

لێرەدا کە دەڵێم ڕۆشنبیر، مەبەستم لە دوو شێوە مرۆڤە. یەکەم: مەبەستم لە مرۆڤێکە کە دیدێکی تایبەتی بۆ هەندێ کێشەی جەوهەری هەیە لە کایەیەک لە کایەکاندا و ئەو دیدەشی درێژکراوەی هەمووی ئەو سامانە میتۆدی و فیکرییەیە کە پێش ئەو لەو کایانەدا هەبوون و ئەو بە ناسینی قووڵ و تەفسیرکردنەوەی نوێ دەوڵەمەندیاندەکات، یان لە ڕوی تیۆرییەوە گەشە بە هەندێ چەمکییان دەدات یان لە ڕوی پراکتیکییەوە کایە و شوێنی تازە دەدۆزێتەوە بۆ تەتبیقی هەندێ لەو چەمکانە. دووەم: مەبەستم لە پیاوێکی داهێنەرە کە بێئەوەی تیۆریزەبکات، دەتوانێت لەڕێگای بەرهەمە ئەدەبیی یان هونەرییەکانییەوە هەستی تازە بخوڵقێنێت، هوشیاری نوێمان دەربارەی شتەکان تیا دروستبکات، لەهەندێ گۆشەوە بمانبات کە لە کاتی ئاساییدا ناتوانین لێیانەوە بچینە ژورێ، چاوی ترو زمانی ترمان بداتی، واتە بەکورتی داهێنەر بێت. بۆ ئەوەی قسە لە ڕۆشنبیر بکەین، دەبێت قسە لە مانای وشەکە بکەین. هەندێ جار گوێم لە قسەی هەندێ نووسەر دەبێت، هەندێ تێکست دەخوێنمەوە کە بە شێوەیەک وشەی ڕۆشنبیر بەکاردەهێنن، وەک ئەوەی هیچ کێشەیەک لە ماناکەیدا نەبێت و پێشوەخت هەموو بزانین کێ ڕۆشنبیرە و کێ ڕۆشنبیر نییە و هەموو کۆنگرەیەکمان بەستبێت و لە خوارەوە سیفەت و فەرمانەکانی ڕۆشنبیرمان مۆرکردبێت. هەندێ لەو نووسەرانە چۆن وشەگەلی وەک «قاپ،

تەنەکە، خورما... هتد» بەکاردەهێنن، بەوشێوەیە وشەی ڕۆشنبیر بەکاردەهێنن، وەک ئەوەی سەد دەر سەد نیاز و مەبەست و مانا و وەزیفەی ئاشکرابێت. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە چەندین تێکست هەیە بۆ قسەکردن لەم وشەیە و گەیشتن بە هەموو ماناکانی. بۆیە لەسەرەتاوە هیودارم ئاگاداربیت لای من وشەی ڕۆشنبیر لە دوو تەوەر جیانابێتەوە، یەکەمیان وزەی تیۆریزەکردن و ڕاڤەکردن و پراکتیکی مەنهەجییانەی چەمکی زانستی و فەلسەفی لە بوارە جیاوازەکاندا، ئیدی سیاسەت بێت، یاساناسی بێت، ڕەخنەی ئەدەبی بێت، یاخود هەر کایەیەکی دی. دووەمیان، داهێنان، بە مانای بەرهەمهێنانی ئازادانەی هەقیقەت و جوانی، لە پرۆسەیەکی پشت ئەستووردا بە توانای زمان، ئەرگومێنتی داڕێژراو، ڕەخنە و خوێندنەوەی تیژبینانە بۆ دونیا.

دیارە کەرەسەکانی داهێنان لە هەر بوارەدا شتێکە و لەهەر کایەیەدا شێوەیەکە، بۆ نموونە: لە هونەری شێوەکاردا شتێکە و لە ڕۆمان یان مۆسیقادا شتێکی دیکەیە، بەڵام مانای داهێنان لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە، لێرەوەیە ڕۆشنبیر لە هەر بوارێکدا ڕەنگێکی هەیە و بەرگێکی لەبەردایە، بەڵام لە پشت ئەو بەرگە جیاوازانەوە ئامانجی وەک یەک هەیە، کە شکاندنی ستاتیکییانەیە بۆ ئەوەی هەیە و باڵادەستە، ڕاتەکاندنی ستاتیکییانەیە لەو شوێنانەدا کە خەریکە دۆگما و وشکبوونەوە و پیری دایاندەگرێت، توانایە لەسەر دیاریکردنی ئەوەی دەبێت بمرێت و ئەوەی دەبێت لە دایکبێت.

واتە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە سەختترین و ئاڵۆزترین و وەردەکارترین پرۆسە کە ئەویش بەشداریکردنە لە دیاریکردنی مانای وشەی «کۆن» و «نوێ» دا لە هەمو بوارەکانی ژیاندا، تەنیا ڕۆشنبیرە دەتوانێت ئەو جورئەت و بوێرییە بداتە کۆمەڵگا کە سیستەمە کۆنەکانی خۆی، بیرکردنەوە کۆنەکانی خۆی، هەستە پیرەکانی خۆی و موقەدەسە زیانبەخش و لەکارکەوتوەکانی خۆی جێبهێڵێت وبیانشکێنێت. نە ڕۆشنبیر لەم وەزیفەیە جیادەبێتەوە و نە ئەم وەزیفەیەش لە ڕۆشنبیر جیادەبێتەوە.

لەسەرەتاوە پرسیارەکەی ئێوە ئیشکالییەتێکی هەڵگرتووە، ناکۆکییەکی جیدی تیایە، دەکرێت ئەو پرسیارە وردبکرێتەوە بۆ چەند پرسیارێکی تر. ١ ـ ئایا کەس بۆی هەیە بۆ هیچ ڕۆشنبیرێک، نووسەرێک، شێوەکارێک، مۆسیقارێک دیاریبکات چی گوتارێک ئاڕاستەی دەرەوە بکات؟ ٢ ـ ئەی ئایا نووسەران و داهێنەران وەزیفەی کۆمەڵایەتییان هەیە و بەرپرسیارن لەو وەزیفانە؟ ٣ ـ دواجاریش کە دەپرسن ڕۆشنبیر چ گوتارێکی ئاڕاستە نەکردوە کە دەبایە بیکردبایە؟ ڕەوایە پێش ئەو پرسیارە بپرسین ئایا حیزب و جەماوەر بەڕاست کەرەستەی «گرتنەوە ـ التقاط» ی گوتارە ڕۆشنبیرییەکانیان هەیە، ئایا نامۆبوونەکە لەوەوە دەستپێناکات کە وەرگرەکانی دەرەوە تائێستا شێوە نزم و لەکارکەوتووەکانی فیکر و هونەر ئیستیهلاکدەکەن و پێویستییان پێیەتی.

من پێمولیە جگە لە یاسا ناوخۆییەکانی فیکر و داهێنان، هیچ کەس بۆی نییە بە نووسەران و داهێنەران بڵێت چی بەرهەمبهێنن و چی ئاڕاستەبکەن و چی ئاڕاستەنەکەن، واتە ئازادی لە نووسین و داهێناندا مەرجێکە نابێت قسەی لەسەربێت... هەرشتێک بڵێین، دەبێت لە پشت ئەو مەرجەوە دەستپێبکەین. بەڵام نووسەران و داهێنەران چۆن مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە تێکستدا، ئاوهاش مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە ژیاندا، چۆن مەحکومن بە شکاندنی تابۆو قەدەغە و حەرامی کایە ئەدەبی و هونەرییەکان، مەحکومیشن بە ململانێ دژی هەموو قەدەغە و حەرامێک کە ڕووبەڕێک لە هەقیقەت و ئازادی لەدەرەوە و لە ژیاندا زەوتدەکات، چۆن هیچ قەڵەمێک ناتوانێت پارچەیەک ناشیرینییمان بە جوانی پێبفرۆشێت، چۆن کەسمان قبووڵمان نییە و توڕەدەبین «دیارە هەر کەس لە نیگا و تێگەیشتنی خۆیەوە» کە نرخی تێکستێکی ناشیرین، شیعرێکی کۆن، تابلۆیەکی دزێو بەسەر تێکست و شیعر و تابلۆی جوان و قووڵدا بەرزتر ڕابگیرێت، ئاوهاش لە جەوهەری مۆراڵ و ژیاندایە کە سیاسەتێکی دزێو، ڕاگرتنی ڕەوتی ژیان، مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی قەبووڵنەکرێت. ئایا ڕۆشنبیری ئێمە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چۆن ناشیرینی و ئیبتزال لە هونەرو ئەدەبدا قبووڵناکات لە ژیان و سیاسەت و کۆمەڵگاشدا قبووڵیاننەکات؟ دیارە

كەمایەتییەكی جوان لە هەمو شوێنەكان و لە هەمو بوارەكاندا هەن، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر كەمایەتی نییە، بەڵكو قسەمان لەسەر زۆرایەتی و هێزی كارتێكەرانەی ڕۆشنبیرە لەسەر ڕەوتی شتەكان. ئەمڕۆ بەرەیەک هەیە دەیەوێت شەرعییەت شەرعییەت بداتە ناشیرینی، شەرعییەت بداتە بەها بەسەرچووەكانی ئەدەب و فیكر، بەرەیەک لە ژیاندا بێدەنگە لە هەموو كەموكورتییەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و لە بواری داهێنانیشدا پاسەوانی هەموو ئەو سیستمانەیە كە ڕۆژی مردنیان هاتووە، واتە چۆن ناشیرینیان لە ئەدەب و هونەردا قبووڵە و لە بەرگی داهێناندا دەیفرۆشن و بازاڕی بۆ پەیدادەكەن، ئاوەها لە ژیان و كۆمەڵگاشدا قبووڵییانە. ئەم دۆخە وایكردووە هاوپەیمانییەكی سروشتی و مێژویی لە نێوان ئەو جۆرانە لە سیاسی و ئەو جۆرانە لە ڕۆشنبیردا دروستببێت، ئەو شێوەیە لە ڕۆشنبیران بۆ  سایە و پەنای سیاسی و ئەو جۆرەش لە سیاسیان بۆ سایە و پەنا و قەڵەمی نووسەران بگەڕێن. بەئەندازەیەک هەندێ كادێری سیاسی ناڕاستەوخۆ فەتوای ئەوەدەردەكەن و لە هەوڵی ئەوەدان بەسەرماندا بیسەپێنن، بە هەڵە بڵێین دروست، بە جەهل بڵێین زانست، بە درۆ بڵێین ڕاست. بە ئاشكرا بانگەشەی ئەوەدەكەن ڕێزی جەهل بگرین، بەدەمییەوە پێكەنین و بڵێین نەزانینی ئێوەش ڕایەكی تایبەتییە، بڵێین قوربان تێنەگەیشتنی ئێوەش هەر جۆرێكە لە تێگەیشتن، هەڵە زانستییەكانی جەنابیشتان هەر جۆرێكە لە ڕاستی و زانست... ئەم كۆمیدیا (عەزیز نەسین)ییەی كە هەندێ كادێری سیاسی دەیانەوێت بیسەپێنن، لە جەوهەردا یەكانگیری و ئۆرگانییەتی ئەو پەیوەندییە ئاشكرادەكات كە لە نێوان سیاسی و پاسەوانە نووسەرەكانیاندا لەلایەک و لە نێوان نووسەر و پاسەوانە سیاسییەكانیاندا هەیە لە لاكەی تر. ئایا لە واقیعی وادا ئەمە بەس نییە باوەڕبهێنین كە ڕووبەرێكی بەرینی ئەندامان و كادێرانی حیزب ئیستیهلاكی ڕۆشنبیرییەكی ئیستیهلاككراو دەكەن، ئایا شوێنی خۆی نییە بپرسین حیزب و هوشیاری گشتی لە كۆمەڵگای ئێمەدا چەندە گەشەیكردوە بۆ پێشوازیكردنی گوتاری فیكرییانەی ڕاستەقینە كە خاوەنی میتۆد و قووڵایی ڕەسەنی فیكر بێت؟

لێرەدا پرسیارەكەی تۆ دابەشدەبێت؛ ئەگەر مەبەستت ئەو ڕۆشنبیرانەیە كە گوتاری دەم بە پێكەنین و ڕووخۆشانە بۆ حیزب و جەماوەر دەنێرن، ئەگەر مەبەستت ئەو جۆرە گوتارانەیە كە ستایشی ئێستا و ئیجابیاتەكانی دەكەن، ئەوا ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكان پڕن لەو جۆرە گوتارانە، بەڵام ئەگەر مەبەستییشت ئەو جۆرە گوتارانەیە كە گومان دروستدەكەن، كە هێمنی و ئارامی و خەواڵوێتی دونیا دەشێوێنن، كە ئەو شتانە بیردەخەنەوە كە لە بیركراون، كە پێكهاتی كۆمەڵایەتی دەبزوێنن تا نەخەوێت و لە ئاستی گەشەی دونیادا بێت، كە هوشیاری ڕادەچڵەكێنن و ڕەنگی تر دەخەنە سەر سفرەی ڕەنگە فیكرییەكان و ئەو مافانە بە یاددا دەهێننەوە كە نابێت بیركرێت، ئەوا ئەمایان ڕووبەرێكی زۆر تەسكی ژیانی فیكری ئێمەی داگیركردووە. واتە پرسیارەكە ئێستا ئەوەیە «ئایا كورد ئەو ڕۆشنبیرەی هەیە «جورئەتی كۆمەڵایەتی» دروستبكات، یاخود هیچ نەبێت «جورئەت» بە مانا ستاتیكی و ڕەخنەییەكەی دروستبكات؟» ئەو جورئەتەی مەرگی كۆمەڵێک نەرێت و بڕوا و دۆگمای سیاسی و ستاتیكی و ئەخلاقی ڕابگەیەنێت و لەبری ئەوان مەنهەجییەتی تازە بۆ بیركردنەوە و ژیان پێشنیاربكات؟ ئەگەر هەیەتی، كامانەن؟ ئەگەر نییەتی، كێن ئەوانەی یەک سەدەیە لە ژێر ناوی ڕۆشنبیردا كاردەكەن و پەیوەندیشیان بەم ناوەوە نییە؟ ئەگەر نیشیەتی بۆ نییەتی؟ وەک دەبینی هەر یەكێک لەو پرسیارانە دەرگای دنیایەكی خەتەرمان لێدەخەنە سەر پشت كە بەشی ئەوەدەكات ئەوەی وەڵامیانبداتەوە، بەشی هەموو ژیانی دوژمن پەیدابكات؛ بەداخەوە من یەكێكیشم لەو كەمانەی هەمیشە لەسەر تەوەری ئەو جۆرە پرسیارانە كارمكردووە. لێرەوە ئەو هەموو شاڵاوی درۆ و پەلامارانەی بە وەرزی و لە چەندین لاوە ئاڕاستەی من دەكرێت، دەرەنجامێكی سروشتی ئیشكردنە لەسەر دەمارە نازكەكان، دەرەنجامێكی سروشتی كردنەوەی ئەو دەرگایانەیە كە خاوەن ماڵەكان كردنەوەیان قەدەغەكردووە.

با نموونەیەكی ڕوونترت بۆ بهێنمەوە. یەكێک لە حكایەتە كۆنەكان باس لە كچێک دەكات كە

دەچێتە کۆشکێکی گەورەوە، خاوەنماڵ کلیلی کۆی ماڵەکەی خۆی دەدات بەکچە و پێیدەڵێت تۆ بۆت هەیە دەرگای هەموو ژوورەکانی کۆشک بکەیتەوە، تەنیا یەک دەرگا نەبێت. ڕۆشنبیری کورد کتومت لەو کچە دەچێت، کلیلێکی پێیە و دەرگایەکی داخراو، کۆی نهێنییەکانی ئەو سیستمەش لەودیو ئەو دەرگایەوەیە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەرگا قەدەغەکە دەشکێنێت ودەیکاتەوە. دیارە دەرگا قەدەغەکان لەواقیعی ئێمەدا بێشومارن، بەر لەوەی کێشەکەش لە قەدەغەکردنی قانونی و سیاسیدا بێت کێشەکان لە هوشیاریماندایە، واتە دۆخەکە تەنیا ئەوەنییە حیزبێک یاسایەکی ئاشکرای دەرکردبێت و هەندێ بابەتی قەدەغەکردبێت «کە دیارە ئەمەشیان هەیەو چالاکانەش لە کاردایە»، بەڵام شەڕکردن لەگەڵ قەدەغە ئاشکرا و بێپەردەکاندا ئاسانترە لە شەڕکردن لەگەڵ ئەو حەرامانەدا کە حەرامی نادیارن، حەرامن لە نائاگایی مەعریفیماندا، حەرامن چونکە لەسەرەتاوە کەرەسە مەنهەجییەکانی نزیکبوونەوەمان پێنییە لەو دیاردانە، حەرامن چونکە هەژاریی ڕۆشنبیریمان ناهێڵێت ئەو کێشانە ببینین، حەرامن چونکە بۆ ئاشکراکردنیان دەبێت هەموو سیستمی ڕوانینی خۆمان نوێبکەینەوە، هەژاری ئەو سیستمە ڕۆشنبیرییە ئاشکراکەین کە بە هۆی دەستکورتی ئەوەوە چاومان ناگاتە ئەوەی بە ڕوونی کێشەکان ببینین. ئەمەیە کێشە گەورەکە، ئەمەیە ئەو تراژیدیا گەورەیەی ڕۆشنبیریی و دۆخی کەینونییانەی کوردی تیاچەقیوە، ئێمە ناتوانین یەک هەنگاو لە ئاستی ڕۆشنبیریدا بچینە پێشەوە، بێئەوەی جەوهەری ئەو دەستکورتییە دیارینەکەین و نوێنەرەکانی و پاشاکانی و پاشکۆکانی ڕووتنەکەینەوە. بە مانایەکی تر شێواندنی مانای وشەی ڕۆشنبیر لە شێواندنێکی پێشترەوە دەستپێدەکات کە شێواندنی مانای وشەی مەعریفەیە. کە تۆ دەپرسیت کامە گوتارە دەبایە ڕۆشنبیر ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری بکات و نەیکردووە؟ من دەڵێم ئەو پرسیارەیە کە گومان لە حیزب دەکات و دەیخاتە بەر خوێندنەوەی وردەوە، کە گومان لە سیستمی ئیشکردنی دەکات، لە مێژووی، لە تەکتیک و ستراتیژەکانی، لە چۆنێتی یاریکردنیدا بە شەرعییەت، چۆنێتی پاوانکردنی بۆ ئابووری، چۆنێتی پارچەپارچەکردنی بۆ ستراکتوری کۆمەڵایەتی، چۆنێتی زیانگەیاندنی بە پرۆسەی بە نەتەوەبوون و بە کۆمەڵگابوون، چۆنێتی قەمتەرکردنی بۆ نەوە تازەکان، چۆنێتی مۆنۆپۆڵکردنی بۆ دەسەڵات، چۆنێتی یاریکردنی بە وشەی دیموکراسییەت و نەتەوە و ئازادی، چۆنێتی یاریکردنی بە زمان و میدیا و ڕۆژنامەگەری، دەیان و سەدان بابەت و تەوەری تریش کە سەدەیەکە دەبایە ڕۆشنبیر بیکردایە و نەیکردووە. کە دەشپرسێت چ گوتارێکی ئاڕاستەی جەماوەر نەکردووە، دەڵێم ئەو گوتارەی ڕەخنە لە خۆشباوەڕی جەماوەر دەگرێت، ئەو گوتارەی گومان لە هوشیاری و موقەدەسە نادروستەکانی دەکات، گومان لە ئەفسانە و خورافەتەکانی دەکات، گومان لە هێز و حیکمەتی دەکات، گومان لە توانای دەکات لەوەی لەو دۆخەی ئێستایدا ئازادبێت؛ ئەو گوتارەی هەر لە ترسەکانی جەماوەر خۆیدا و لە پێکهاتی دەروونی ئەودا بۆ ڕەگوڕیشەی ئیستبداد و فاشییەت دەگەڕێت، ئەو گوتارەیە کە وشەی جەماوەر ناگرێت و بیکات بە موقەدەسێک و بەدەوریدا هەڵپەڕێت، ئەمانە و دەیان و دەیان تەوەری دیکەشە کە دەبایە ڕۆشنبیران کاری لەسەربکەن و نەیانکردووە. واتە ئەو گوتارەی کە ڕۆشنبیری کورد ناتوانێت ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری بکات، ئەو گوتارانەیە کە  سیستمی بەرهەمهێنانی مەعریفی ئێمە پێشوەخت خۆی واڕێکخستووە، کەرەسە مەعریفی و فەرهەنگی چەمکەکان و زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی وا بەستۆتەوە کە نەگاتە سنووری ئەو گوتار و پرسیارانە، چونکە ئەوانە کۆی ئەو گوتارانەن کە بەر هێڵە سوورەکان و سنوورە قەدەغەکانی حیزب و کۆمەڵگا و جەماوەر دەکەون.

ئەو گوتارانەی ڕۆشنبیری کورد ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری ناکات، هەموو ئەو گوتارانەن کە حیزب و جەماوەر بە درۆ دڵخۆشناکەن، ڕازیانناکەن و مجامەلەی درۆیان لەگەڵدا ناکەن، هەموو ئەو گوتارانەیە کە دەکەونە حاڵەتی جەنگ و بەرخوردەوە لەگەڵ حیزب و جەماوەردا، دەکەونە بەرخوردەوە لەگەڵ هەموو ئەو گوتارانەی تردا کە حیزب و جەماوەر وەک کولتووری تایبەت بە خۆیان تەماشایانکردووە.

ئایا کەی ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەوە بکات؟ بە بۆچوونی من ئەوکاتەی خودی وشەی ڕۆشنبیریی و

ڕۆشنبیر لەو کولتووری شێواندنە درێژخایەنە پاککرایەوە کە چەندەها ساڵە لەسەری باردەکرێت، هەر کاتێک مانای وشەی مەعریفەمان ڕاستکردەوە و وامان لێکرد کادێرێکی حیزبی تەنیا بە حوکمی وەزیفە حیزبییەکەی نەتوانێت خۆی وەک مەرجەعێک و سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری بسەپێنێ، بەڵکو بە حوکمی تێگەیشتنی لە فیکرو زانست و فەلسەفە، بەحوکمی ئەو سامانە فیکری و فەرهەنگی و زاراوەییەی کە بەرهەمیهێناوە، ببێتە سەرچاوە. بە کورتی و بە گشتی ئەوەی ڕۆشنبیری ئێمە نایکات ڕاستکردنەوەی مانای وشەی مەعریفەیە، چونکە هەر کاتێک ئەو شێواندنەمان چاککردەوە کە بەسەر مانای وشەی مەعریفەدا هاتووە، ئەوکات ئەو شێواندنانەش چاکدەکەین کە بەسەر مانای وشەی ڕۆشنبیردا هاتووە، هەر کاتێک دیاریمانکرد کامە مەعریفەیە و کامە مەعریفە نییە، ئەوکات بە ئاسانی دەتوانین ئەوەش دیاریبکەین کە کێ ڕۆشنبیرە و کێ ڕۆشنبیر نییە.

بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو پرسیارانە بکەین کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون، پێویستیمان بە ڕاستکردنەوەی ماناکانی ڕۆشنبیر و مەعریفە هەیە، پێویستیشمان بە کۆمەڵگایەک و ستراکتورێکی سیاسی هەیە، ئەو ڕاستکردنەوەیە لە ئامێزبگرێت و ڕۆشنبیر وەک ڕاوێژکار یان کەرەستەی جوانسازی و ڕازاندنەوەی گۆڤارەکان و ئێستگەکانی تەماشانەکات، بەڵکو ڕۆشنبیر وەک ئەو مرۆڤە تەماشاکات کە دەتوانێت شتەکان ڕووتبکاتەوە، درۆ و ئەفسانەکان بشکێنێت، هەموو ستەمە ورد و درشتەکان بخوێنێتەوە، هەموو کەلەبەرەکانی ناو ئاکاری کۆمەڵایەتی ئاشکراکات، دەسەڵاتی ڕابردوو ڕووتبکاتەوە، خراپ بەکارهێنانی موقەدەساتەکان و قوربانییەکان بخاتەڕوو، ئەو میکانیزمانە ئاشکراکات کە ئایدۆلۆژیاکان کاری پێدەکەن بۆ گووتنی نیوەی ڕاستی و شاردنەوەی نیوەکەی دی. ئەو تاوانانە ئاشکرابکات کە کراون و لە بیرکراون، ئەو تاوانبارانە ئاشکراکات کە بە دەمامکی ترەوە دێنە سەر شانۆ، سنووری یاساکان گەورەبکات بۆ دابینکردنی ئازادی زۆرتر، سنووری یاساکانیش تەسکبکاتەوە بە جۆرێ پلەوپایەی سیاسی نەبێتە مایەی دادگایینەکردنی هیچ کەس. هوشیارییەک دروستبکات کۆمەڵ لەسەر بچوکترین بڕ لە سامانی خۆی بتوانێت یەخەی لێپرسراوەکانی بگرێت، هەموو ئەوانە بەرێتە بەر دادگا کە لە مافی خۆیان زیاتر دەفڕێن. ڕووبەری دەوڵەت و حیزب و دەسەڵاتداران بچوک و ڕووبەری دەزگا مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گەورەبکات.

دیارە دەکرێت چەندین لاپەڕەی دی لەسەر ئەو وەزیفانە بنووسین کە وەزیفەی جەوهەری ڕۆشنبیرن و بەڵام ڕۆشنبیر لە واقیعی ئێمەدا پێیهەڵناستێت و ناتوانێت پێیهەڵستێت، ئیدی لەوەزیفەی فیکری ومەعریفییەوە بیگرە تاوەزیفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام دواجار هەموو ئەو وەزیفانە پابەندی گۆڕینی سەیرکردنمانە بۆ مانای وشەی مەعریفە و وەزیفەکانی، گەر ڕۆشنبیر نەتوانێت میتۆدەکانی بیرکردنەوەی بگۆڕێت ناتوانێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەر و حیزبدا بگۆڕێت، ناتوانێت بڕبڕەی پشتی خۆی کەمێک ئەستوربکات، بە جۆرێک نەچەمێتەوە بۆ هەموو ئەو جەبرە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ئایدۆلۆژیا و حیزب و ئەفسانەکانی خەڵکی بەرهەمیاندەهێنێت.

**شیلان: ئایا ڕۆشنبیر توانیویێتی تا ئێستا لە دەرەوەی حیزبە شەڕکەرەکانی کوردستان قسە لەسەر گرفتە ناوخۆییەکان بکات؟**

**بەختیار عەلی**: کێشەکە تەنیا ئەوەنییە ئایا تۆ لە ناوەوەی حیزبی یان لەدەرەوەی حیزبیت؟ کێشەکە ئەوەیە پێناسەمان بۆ گوازەرەی «کێشە ناوخۆییەکان» چییە... ئایا کە قسە لە کێشە ناوخۆییەکان دەکەین قسە لە چی دەکەین... کامەیە کێشەی سەرەکی لە ڕیزی کێشە ناوخۆییەکاندا؟ بەچی دەڵێین کێشە و بەچی ناڵێین کێشە؟ ئایا ئەو کێشانەی ئەمڕۆ وەک شاکێشە دەخرێنەڕوو، پەردەپۆشیکردن نییە بۆ شاردنەوەی هەندێ کێشەی تر؟ بۆ نموونە: کە ئەمڕۆ دانیشتنە سیزیفییەکانی «لیژنەکانی ئاشتی» دەبێت بە کێشە، ئایا ئەم کێشەیە بۆ خۆی نیشانەی ئەوە نییە ئێمە لە گرفتە ڕاستەقینەکانەوە بازدەدەین بۆ گرفتی تر کە دروستیاندەکەین تا ئاڕاستەی سەیرکردنمان لە شوێنی

برینەکانەوە بگوازینەوە بۆ جێگای تر. ئەگەر تەنیا لە ئاستی سیاسیدا تەماشای گرفتەکانمان بکەین، ئاستێکی سیاسی ڕۆژانە، ئاستی ئەو کێشە ڕاستەوخۆیەی ئەمڕۆ کوردستانی پارچەپارچە کردووە، «مەبەستم کێشەی شەڕی ناوخۆ و حیزبە بەرامبەرەکانە لە شەڕی ناوخۆدا» ئەوا لەسەر ئاستە ڕۆژنامەگەرییەکەیدا ڕۆژانە بە تەن قسە و باس و هەڵوێستی ڕووکەشبین و خوێندنەوەی ڕووکەشبین لەسەر هەموو ئەو شتانە هەیە، بە ئەندازەیەک سوڕاندنەوە لە ناو جوغزی ئەو کێشانەدا و جوینەوەیان و دووبارەکردنەوەیان بۆتە تەوەرێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد و نووسەری کورد. ئەگەر لە ئاستی ڕوکار و دیوی دەرەوەی کێشەکاندا بوەستین و بپرسین: «ئایا ئێمە قسەمان لەو کێشانە کردووە؟»، ئەوا دەتوانین سەیری ڕووبەری هەرە گەورەی ژیانی ڕۆژانە و چاپەمەنی و بڵاوکراوە بینراو و بیستراوەکان بکەین لە ناوەوە و لە دەرەوە، تا ببینین هەرچی ڕەنگێک لە شەبەنگی سیاسیدا مومکینە هەبێت، لە دونیای چاپەمەنی ئێمەدا هەیە، ئیدی لەو نووسەرۆکە و شاعیرۆکانەوە بیگرە کە بە نووسینی جنێونامە بۆ حیزبەکان دەیانەوێت بیسەلمێنن هێشتا نەمردوون و ماون و زیندوون و هەڵوێستیان هەیە، تا ئەوانەی ستایشی هەموو کردەیەکی نارەوادەکەن و بوونەتە مامۆستا لە هونەری خۆچەماندنەوەدا. دیارە لەو نێوەندەشدا ژمارەیەک ڕۆژنامەوان و نووسەر هەن کە بە ئەرگومێنتی داڕێژراو تەعبیر لە هەڵوێستی خۆیان دەکەن، دیدێکی ڕوونیان بۆ کێشە سیاسییەکان هەیە و لەوێوە هەڵوێست وەردەگرن، ئەمانە دەبێت جیابکرێنەوە لەو دوو دەستەیەی دی، ئەگەرچی من پێموایە ڕاڤەی سیاسی تەنیا و دابڕاو لە ڕاڤەی سۆسیۆلۆژی و کولتووری بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت تەفسیری واقیعی ئێمە بکات... پێشموایە ئەو زەمانە لە مێژە بەسەرچوو سیاسەت بە سیاسەت یان تەنیا بە ئابووری تەفسیربکرێت.

تەفسیری سیاسی موجەرەد، تا واقیع پارچەپارچە نەکات مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، ڕووداوەکان دابەشدەکاتە سەر چەند ڕووداوێکی لێکدابڕاو، کێشەکانی ئەمڕۆ لە دوێنێ جیادەکاتەوە و کێشەکانی دوێنێ لەمڕۆ دادەبڕێت، ئەوەی لە سیاسەتدا ڕوودەدات جیایدەکاتەوە لەوەی لە دیندا ڕوودەدات، ئەوەی بەسەر منداڵدا دێت جیایدەکاتەوە لەوەی بەسەر گەورەدا دێت، ئەوەی بەسەر گەنجدا دێت جیایدەکاتەوە لەوەی بەسەر پیردا دێت، ئەوەی هەڵەی سیاسەتە جیایدەکاتەوە لەوەی هەڵەی مەعریفە و کولتوورە، ئەو فەسادەی لە دەزگا سیاسییەکاندا ڕوودەدات جیایدەکاتەوە لە تێکچوونی مۆڕاڵی گشتی کۆمەڵگا، گۆڕینی سیستمی ئەو تاوانانەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن جیایدەکاتەوە لەو تاوانانەی کە دوێنێ ڕوویانداوە. ئەوەی فەرامۆشکراوە جیادەکاتەوە لە زەبری ئەوەی خۆی سەپاندووە، ئەوەی دەشێوێنرێت جیادەکاتەوە لەوەی کە پراکتیکی شێواندن دەکات، ئەوەی سەرمایەی ڕەمزی هەیە جیایدەکاتەوە لەوەی کە لێی حەرامکراوەو... هەتا دوایی. کێشەکە لە دیدی مندا بە شێوەیەکی ترە، پەیوەستێکی ئەستوور لە نێوان هەموو بەشەکانی واقعی ئێمەدا هەیە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو واقعەی لە پۆست مۆدێرنەدا هەیە، کە هەلاهەلابوونی واقیع یان بوونی بە «تۆز» بە پێی گووتەی «بۆدریلارد» ڕاستییەکی تەواو بەرچاوە. لەواقعی ئێمەدا زنجیرێکی ئەستوور هەمو شتەکان بەیەکەوە شەتەکدەدات، ئەوەشی لە جێگایەکدا ڕوودەدات پەیوەندیدارە بە هەموو شتەکانی دیکەوە لە هەموو جێگاکانی دی. هەژاری سیاسەت لە هەژاری ڕۆشنبیری جیاناکرێتەوە و تێنەگەیشتنی سیاسییەکان لە تێنەگەیشتنی ڕۆشنبیرەکان جیاناکرێتەوە، کەموکورتی لە ستراکتوری سیاسیدا لە کەموکورتی لە هوشیاری گشتیدا جیاناکرێتەوە، نەبوونی گەشە لە ئاستی سیاسیدا لە نەبوونی گەشە لە ئاستەکانی تردا جیاناکرێتەوە. کە دوو سیاسی لە سەر مێزێک دادەنیشن و بەیەک ناگەن، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە کاراکتەری ئەو دوو سیاسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کۆی ستراکتوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەوە هەیە. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم قسەکردنە لەسەر باڵادەستی ستراکتورێکی عەقڵی و مەعریفی کە هەوڵی مەزنمان دەوێت بۆ شیکردنەوە و وردکردنەوەی ڕەگەز و میکانیزمەکانی. گرنگ نییە تۆ لە کوێی؛ لە ناو حیزبدایت یان لەدەرەوە، لە ناو پارتیدایت یان یەکێتی، کۆمۆنیستی یان ئیسلامی، لە خۆرئاوای یان لە گوندێکی کوردستانیت، گرنگ بوون و هەڵگرتنی ئەو ستراکتورەیە کە بە چەندەها میکانیزمی ئاڵۆز هەمیشە ئەم سیستمە سیاسی و مەعریفییەی ئێستا

بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەمە ئەو یەکێتییە ناوەکییەی بەخشیوەتە واقعی ئێمە و کردوێتی بە یەکەیەکی چەقبەستوو لە دەوری هەندێ تەوەری نەگۆڕو هەمیشەیی، ئەم ستراکتورە عەقڵییەیە وادەکات لە هیچ جێگایەکی پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا پڕۆژەیەکی نوێکردنەوەی ڕادیکال و گرنگ پیادەنەکرێت، یاخود گەر پیادەشکرا، هەر زوو گەمارۆبدرێت و بگێڕدرێتەوە بۆ ناو هەندێ سنووری تەسک و لە شوێنی خۆیدا بوەستێنرێت.

قسەکردن لەسەر گۆڕینی واقیع بێ تەفسیرکردنی، یان قسە لە تەفسیرکردنی بەبێ گۆڕینی کەرەستەکانی تەفسیرکردن و میتۆدەکانی ڕاڤەکردن... ئەمەیە ئەو تراژیدیای گەورەیەی ڕۆشنبیریی ئێمە تیاچەقیوە. هەموان داوای گۆڕان دەکەن، لە بەدترین سیاسییەوە تا بەدترین نووسەرۆکەی ناو خراپترین ڕۆژنامە، لە باشترین سیاسیشەوە تا باشترین و قووڵترین داهێنەری ئێمە، بەڵام چۆن دونیا دەگۆڕیت کە تۆ سەر لەنوێ تەفسیری نەکەیتەوە، سەرلەنوێ نەچیتەوە ناو هەموو پێکهاتەکانی، لە پەروەردەکردنی منداڵ لە ناو بێشکەوە تا سستمی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە باڵادەستترین دەزگا حیزبییەکاندا نەیخەیتە بەر ڕەخنە و خوێندنەوەوە، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە تۆ کەرەسەکانی بیرکردنەوەت لە واقیع هەر هەمان ئەو کەرەسانەبن کە ئەو واقیعەی دروستکردووە و ڕایگرتووە، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە تۆ زانستێکت نەبێت پێت بڵێت واقیع چییە و ئاڵۆزییەکانی چییە و لۆچ و توێ و گرێ ناوەکییەکانی چییە؟ کە تۆ زەمینەی زانستی تەفسیرکردنی بچوکترین یەکەی واقیعت پێ نەبێت، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە لە هەموو ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە وانەوە کە لە ڕووی سیاسییەوە ئەکتیڤن یان وەک کادێری ئایدۆلۆژی حیزب چالاکن، کتێبێک یان ئیجتیهادێکیان نییە لەسەر مانای «گۆڕان»، چۆن دونیا دەگۆڕیت کاتێک تۆ نەزانیت «گۆڕان» مانای چییە، ئیجتیهادی فیکری گەورەت تیا نەکردبێت. چۆن دونیا دەگۆڕیت کە تائێستا سەرچاوەکانت بۆ دامەزراندن و خەوبینین بە گۆڕانەوە هەر کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای دیسپۆت و ستەمکارانەبن. چۆن واقیع دەگۆڕیت، لە کاتێکدا تۆ کۆی ئەو تەفسیر و میتۆدانەی خزمەتی گۆڕینی واقیع دەکەن وەک گوتاری نوخبە و گوتاری خۆرئاواخوازی و گوتاری دژەکورد تاوانباردەکەیت؟ کێشەکە ئەوە نییە تۆ لە کوێدایت لە ناو حیزبدایت یان لەدەرەوە، لە ناوەوەی یان لە مەنفا، بەڵکو لەوەدایە تۆ لە کوێی ئەو قەیرانەدایت کە ناهێڵێت دیدی خۆت بۆ واقیع بگۆڕیت، لە کوێی تێگەیشتن و ئیشکردندایت بەرابەر ئەو ستەمەی ئەو جۆرە ستراکتورە عەقڵییە سەپاندوێتی، لە کوێی ئاشکراکردن و ڕووتکردنەوەی ئەو میکانیزمانەدایت کە لە ژێروە و بە نەبینراو پرۆسەی بیرکردنەوەی ئێمەیان جڵەوکردووە، لە کوێی هەڵوێستدایت لەو شێواندنە مێژوویەی وشەگەلی وەک «مەعریفە»، «ڕۆشنبیر»، «گۆڕان» لەواقیعی ئێمەدا بەسەریاندا هاتووە.

ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوێتی لەسەر ئەوانە قسەبکات؟ ئەم پرسیارە لای من بە مانای ئەوەیە، ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوێتی شێواز و میتۆدەکانی تەفسیرکردنی دونیا لە چنگی ئایدۆلۆژیا باو و مردووەکان ڕزگاربکات و بەش بەش و هەرێم هەرێم هەندێ چەمکی تازە بخاتە پراکتیکەوە؟ گومان نییە ئەمڕۆ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بچوک هەیە، گومان نییە کە ئاڕاستەکان و قورسایی پرسیارەکان هێدی هێدی لە هەندێ زارەوە دەگوازرێنەوە بۆ هەندێ زاری تر، گومانیش نییە ئەو ستراکتورە تەقلیدییە تا سەرئێسقان لەو گۆڕینە ڕۆشنبیرییە دەترسێت و هەموو چەکە ناشیرینەکانیش بەکاردەهێنێت بۆ وەستاندنی ئەو بیرکردنەوەیە، بەڵام ئەوەی شوێنی تێڕامانە ئەوەیە نوێنەرەکانی ئەو پێکهاتە عەقڵییە لە ناوەوەبن یان لە دەرەوە، لە حیزبدابن یاخود لەدەرەوە هەمیشە بە یەک جۆر شەڕدەکەن، شەڕی تەشهیرپێکردن و بوختان دروستکردن و پەلاماردانی شەخسی و شێواندنی بەرنامەڕێژکراو. ئەم عەقڵییەتە لە بەرامبەر هەموو شتێکی نوێدا کە بزانێت مەترسی لەسەر شەرعییەتی پەیدادەکات شەڕێکی فیکری ناکات، چەمکی نییە بەرامبەر چەمک قسەبکات، فەرهەنگی فیکری نییە بەرامبەر فەرهەنگی فیکری ڕایبگرێت، تەفسیری نییە بەرامبەر تەفسیر، بەڵکو شەڕێک دەکات لە سیاسەتەوە فێری بووە، شەڕی ترۆکردن و شێواندن و ناوزڕاندن و تادوایی لەو شێوازانەی ئەمڕۆ ڕۆژانە دەیبینیت. بە هەر حاڵ پێمwایە زۆربەی ئەو نەوە تازانەی ئەمڕۆ لە

دایکدەبن، هاوارێکی تووڕە و نرکەیەکی ناڕەزایی لە ناویاندایە، دەشزانن بۆ ئەوەی فێربن بە دروستی قسە لە دونیای خۆیان بکەن، دەبێت ئەو زمان و شێواز و سیستمانەی بیرکردنەوە و تەعبیرکردنە بگۆڕن کە ئەمڕۆ باڵادەستە، هەموو ئەو سیستمانەی لە ئاستی بیرکردنەوە و دەربڕیندا باڵادەست بوون، لە ئاستی ئەو کێشانەدا نین کە ئەمڕۆ زمانی تازە و بیرکردنەوەی تازەیان دەوێت. بەڵام ئایا ئەم دەنگە، ئەم نرکەیە، ئەم تووڕەییە دەبێتە شتێکی دی، دەبێتە ڕێگایەکی تر بۆ تەفسیرکردنی دونیا و بە هێزێکی فشار بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی مێژوویی سیاسی و فەرهەنگیمان، ئایا ئەم ناوکە تازەیە دەکرێت لەزەمینی کۆمەڵایەتیدا بچێنرێت و هوشیارییەکی دی دروستبکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیان لای ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو لای کۆمەڵگایە بەگشتی، یاخود دەتوانم زیادەڕەوی بکەم و بڵێم پابەندی کۆی پرۆسەی مۆدێرنکردنەوەیە لە ناوچەکەدا کە پڕە لە ڕەگەزی ئومێدبەخش و پڕیشە لە ڕەگەزی نائومێدکەر، پرۆسەی نوێکردنەوە لە دونیای ئێمەدا تا ئەندازەیەکی زۆر گرێدراوی هەموو پرۆسەی تازەگەرییە لە خۆرهەڵاتدا، تۆ بە چاوی خۆشت دەبینیت کە چۆن تەنیا تێکستێک هەندێ جار هەموو ئەو سیستمە دەلەرزێنێت، ئەزمونی ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمخوازی ئێرانی باشترین نمونەیە، ئەمڕۆ گۆڕینی قانونی ئەحوالی شەخسی کە گرنگترین و جوانترین شتێکە واقیعی ئێمە دوای ڕاپەڕین چاندبێتی لە هەوڵی جیدییانەی هێزەکانی مۆدێرنکردن جیاناکرێتەوە، بەڵام چۆن ئەم یاسایە لەسەر کاغەزەوە دەگوازیتەوە و دەیکەیت بە یاسایەکی ڕاستەقینە «کێشە گەورەکە ئەمەیانە». لێرەوەیە جەغت لەسەر ئەوەدەکەم کە کۆمەڵگای ئێمە یەک یەکەیە و دابڕاندنی کێشەکانی لەیەکتر و دابڕاندنی پرۆسە ناوەکییەکانی لەیەکتر دەرەنجامی کوشندەی هەیە. ڕزگارکردنی ژن لە کوشتن، پابەندی ڕزگارکردنی مرۆڤی ئێمەیە لە سیستمێکی بیرکردنەوەی دیاریکراو، یاسایەکی نوێ لە فەزایەکی کۆنزەرفاتیڤدا ناتوانێت بژی، یان گەر بشتوانێت بژی دوای ماوەیەکی کورت هەموو مانا ڕادیکاڵەکانی خۆی لەدەستدەدات، گۆڕینی یاسایەک بەبێ گۆڕینی تێگەیشتمان لە دونیا و تەفسیرکردنەوەمان بۆی، دەرەنجامی نابێت، دەشێت هەر ژنان خۆیان کە لە ڕۆحی مۆدێرنانەی یاساکە تێناگەن لە کۆی مانا قووڵەکانی خۆی جیایبکەنەوە.

تا پرۆسەکانی نوێکردنەوە لە هەندێ جومگەی ورد و لە هەندێ دەماری نازکدا چالاکانەتربن، کۆمەڵگایەکت دەبێت پتر گوتاری ڕۆشنبیرانە و تەفسیرکردنی دی بۆ دونیا قبووڵدەکات، واتە کێشەکە تەنیا ئەوە نییە ئایا ڕۆشنبیر قسەیکردووە یاخود نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە گوێ لە ڕۆشنبیر بگرێت، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە ڕۆشنبیر دەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خۆی تیا ببیستێتەوە، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە وەک یەک فرسەت بداتە هەموو ڕەنگەکان، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە لە جیاوازیی ساختە و وەهمی و خوێناوییەوە بگوازێتەوە بۆ جیاوازی ڕاستەقینە و هێمن و دیالۆگساز. تەنیا لەو جۆرە کەش و هەوایەدا قسەی ڕۆشنبیر ماناو هێزی هەیە و شایستەی پرسیارلێکردن بەدواداچوونە.

**شیلان: ئایا بێدەنگی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە، بۆ بێئومێدی ڕۆشنبیران یاخود بۆ هۆی دیکە؟**

**بەختیار عەلی**: لەوەڵامی پرسیاری پێشووتاندا زۆر بە کورتی و خێرایی قسەم لە سەیرکردنی خۆم کرد بۆ مانای گوزارەی «کێشە ناوخۆییەکان»... بە کورتی گووتم کێشەی سەرەکی لە واقیعی ئێمەدا، دواکەوتنی ئەو کێشانە نین کە سیاسییەکان ڕۆژانە بەرهەمیدەهێنن، بەڵکو کێشەی هەرەگەورە نەبوونی وێنەیەکی فیکری ڕوونە بۆ خودی واقیع، وێنەیەک تەنیا هاوکێشەکان و گەمەکانی سیاسەت بەرهەمیاننەهێنابێت، بەڵکو زانستەکان و تیۆرەکان و کایە زانستییەکانی خوێندنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەرهەمیانهێنابێت. واتە نەبوونی تەفسیرێکە بۆ مانای واقیع و مانای گۆڕانی واقیع.

ئاماژەشم بەوەدا کە بەبێ چاککردنی مانای وشەگەلی وەک مەعریفە و ڕۆشنبیر ئەستەمە قسە لە لەدایکبوونی ئەو دیدە بکەین.

بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە جگە لەم قەیرانە سەرتاسەری و جەوهەرییە، ڕستێک هۆکاری دیکە هەن کە وادەکات ڕۆشنبیر پشت لەو کێشە ڕاستەوخۆیانە بکات، لە هەندێکیاندا هەق تەواو بە ڕۆشنبیرانە و لە هەندێکی تریشدا بایەخنەدان بەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ خەلەلێکی جەوهەری لە سەیرکردنی ڕۆشنبیردا بۆ شوێنی خۆی و وەزیفەی خۆی و مانای خۆی. حەزدەکەم ئەو هۆکارانە بە شێوەیەکی کورت و خێرا چڕبکەمەوە.

واقیعی سیاسی ئێمە لە مێژە هیچی تازەی بەرهەمنەهێناوە، لە مێژە کێشە مێژووییەکانی خۆی بە شێوەیەکی بازنەیی دووبارەدەکاتەوە، لە مێژە ئەو داواکارییانەی کە دەکرێت بە ڕاستەوخۆ بخرێنە بەردەمی سیاسییەکان خراون، لە مێژیشە بچوکی توانا و دەسەڵاتی ستراکتوری سیاسی ئێمە لەسەر ئیشکردن بۆ ئەو ویستانە ئاشکرابووە. لەبەرئەوە قسەکردن بەو ئاراستانە جگە لە دووبارەکردنەوە زیاتر هیچی تر نییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بخشێنیت، دەزانیت کە ژمارەیەکی باش هەن لە قەڵەمبەدەستان بەردەوام ئەو بابەتە کۆنانە دەجوونەوە و بەوەرزی دەچنەوە سەری و لە گەڵ هەموو ڕووداوێکدا هەموو حکایەتەکان سەر لەنوێ لە نووکەوە دەگێڕنەوە. واتە ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسی تەقلیدیی ئێمەدا پێیدەگووترێت «کێشە ناوخۆییەکان» قەڵەمی خۆی هەیە کە ڕۆژانە بابەتەکانی دەجوونەوە. بەڵام ئەگەر بە گشتی ڕۆشنبیران پشتیان کردبێتە ئەو بابەتانە حاڵەتێکی ئاساییە. لە کاتێکدا دەبینین هەموو ئەو قسانە کاریگەرییەکی جیدیان نییە لەسەر ئەوانەی بڕیاری سیاسی گەورەیان بەدەستەوە. زۆرجاریش ئەو بەدواداچوونانە بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی بەکاردەهێنرێن، یان تەنیا ستوونی ڕۆژنامەکانی پێپڕدەکرێتەوە یان تەنیا هەڵوێست تۆمارکردنێکە لەسەردەمێکدا. ئەو جۆرە لە هەڵوێست تۆمارکردن لەو هەڵوێستانە دەچێت کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ تەکاندنی تۆزی عەیبەیەک لەسەر شانمان وەریدەگرین، کاتێک دەچین بۆ پرسەی دۆستێک یان بۆ سەردانی نەخۆشێک. مەحمود دەروێش لەیەکێ لە چاو پێکەوتنەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو ترسەکرد کاتێک قسەکردن لە سیاسەت دەبێتە هونەرێکی موبتەزەل. پێموایە مەحمود دەروێش لەسەر هەق بووە، هەندێ قۆناغ هەیە سیاسەت تیایدا هەڕەشە لە هەمو جیدییەتێک دەکات.

کاتێک دەبینیت هیچ تەرەفێک لەسەر هەق نییە، کاتێک دەبینیت قسەکردن لە سیاسەت لەبری ئەوەی قسەکردن بێت لە پرۆژە و خەون و یۆتۆپیا و خوێندنەوەی ستراتیژەکان، بۆتە دواکەوتنی هەواڵی وردەکاری ململانێکان و هەواڵی داڕزان و هەلاهەلابونی مۆراڵی سیاسی، کاتێک دەبینیت پڕوپاگەندە نەک فیکر، ڕاگەیاندن نەوەکو هەقیقەت هەمو گەمەکە دەباتەڕێوە... لێرەدا تاکە هەڵوێست شەڕکردنە لەگەڵ ئەو ناجیدییەتەدا کە سیاسەت دەیچێنێت. گەورەترین مەترسی قۆناغی دابەشبوونی کوردستان بۆ دوو قەوارە، گەورەبوونی ڕووبەری ناجیدییەتە لە ژیانی سیاسیماندا، هەموو دەزانین تا پارتی و یەکێتی یەکنەگرنەوە هیچ ناکرێت، هەمووش دەزانین پارتی و یەکێتی لە هەلومەرجی ئێستادا هەنگاوێک لەو دۆخەی ئێستا زیاتر ناچنە پێشێ، لێرەوەیە هەموو شتەکان کاتی و نادیار دێنە پێشچاو، ناجیدییەت ئەوەیە لە ستراکتورێکی سیاسیدا بژیت پاشەڕۆژی نەبێت. کاتێک جیدی نەبیت لە بیرکردنەوەدا لە سبەینێ، جیدی نابیت لە ڕێکخستنی ئەمڕۆدا. سیاسەت هیچ شتێک نییە جگە لە داڕشتنی ئێستا و دروستکردنی پاشەڕۆژ، بەڵام کە ژیانی سیاسی ئێمە لەوەدا گیریخواردبێت چۆن دوو لایەن ڕێکخەین کە ڕێکناکەون. لێرەوە قسەکردنی بەردەوام یان مەحکومبوون بە قسەکردنی بەردەوام لەسەر ئەم کێشەیە، جگە لەوەی بەرەو دووبارەبوونەوەیەکی موبتەزەلمان دەبات بەرەو هیچی ترمان نابات. نیشاندانی ڕۆشنبیران وەک توێژ و تاقمێک کە کاریان ئەوەبێت شەو و ڕۆژ بیر لە ڕێکخستنی یەکێتی و پارتی و پ ک ک و ئەوانی دی بکەنەوە، مەحکومکردنیانە بەبیرنەکردنەوە... سیاسەتمەدارانی کورد لە دوای ڕاپەڕین دەیانتوانی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە دەیان جار خێراتر و چالاکتر پیادەبکەن، بەڵام نەیانکرد. کاتێکیش

دەسەڵاتداران بڕیاردەدەن نەگۆڕێن، فەنتازیاکردن لەسەر هەندێ پڕۆژە هیچ مانایەکی نییە، دۆخەکە وای لێدێت وەک ئەوەی بیرکردنەوە و خەونەکانی ڕۆشنبیر کۆمەڵێک خەیاڵپڵاو بن، لێرەوەیە دەڵێم ئێستا لە ناجیدیترین قۆناغی مێژووماندا دەژین، ناجیدییەت ئەوەیە هەموو پردێک لە نێوان فەنتازیای ڕۆشنبیران و پڕۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بپچڕێت.

ئێمە لە قۆناغێکداین پەیوەندی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران کۆسپی کوشندەی تێکەوتووە، لە هەندێ ئاستدا پەیوەندییەکی پاشکۆیەتی تەواوەتی هەیە، لە هەندێ ئاستیشدا پەیوەندییەکی تێکەڵ بە تەشهیرپێکردن و پەلاماردان و ڕاونان کە لە بەری ئەوبەر هەندێ ڕۆشنبیران بە جنێو و شێوازی هیجای سەدەکانی ناوەڕاست وەڵامدەدەنەوە. لە هەندێ ئاستی تریشدا بێدەنگی تەواوەتی بەرقەرارە؛ نە ڕۆشنبیران کاریان بە پڕۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە نە سیاسییەکانیش کاریان بەوان هەیە. دیارە پەیوەندی ئیدیال لە نێوان ڕۆشنبیر و سیاسیدا ئەوکات بەرقەرار دەبێت کە دیالۆگێکی ڕاستەقینە لە نێوان خەیاڵی سیاسییەکان و خەیاڵی ڕۆشنبیراندا بەرقەرار بێت، سیاسییەکان نەڵێن ئێمە نان و ژیانتان بۆدابیندەکەین ئێوەش شیعر و چیرۆکی خۆتان بنووسن، ڕۆشنبیران نەڵێن ئێمە دەزگاکانتان بۆدەبەینبەڕێوە ئێوەش ژیانمان مسۆگەربکەن... ئەمە پەیوەندییەکی دروست نییە، دیارە من بڕوای تەواوم هەیە دەبێت ژیانی هەموو یەکێک نووسەر و نانووسەر، ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر دابینکرێت، تەواو بە ڕاستیشی دەزانم ڕۆشنبیر لە دەزگاکاندا کاربکەن، بەڵام نەوەک بە سیفەتی فەرمانبەر یان کادێر، بەڵکو بە سیفەتی یەکێک کە بیردەکاتەوە و پڕۆژەی هەیە و خەونی هەیە و دەزگا مەدەنییەکان بۆ پیادەکردن و جوڵاندنی ئەو خەونانە بەکاردەهێنێت. بەداخەوە ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە خراپترین دۆخیایەتی، لە ناجیدیترین ساتەوەختیایەتی، ئەو قسەیەی بۆ سلێمانی دەیکەیت بۆ هەڵەبجە دەستنادات، ئەو خەونەی لە هەڵەبجە دەیبینی لە ڕانییە مانای نامێنێت، ئەو پڕۆژەیەی بۆ هەولێر بیری لێدەکەیتەوە لە چەمچەماڵ دەبێتە قسەیەکی بێمانا، کێشەکە لەوەدایە ڕۆشنبیران کە لە جێگایەکی بچوکدا دەوەستن و دەیانەوێت تەنیا بە لۆژیکی ئەو شوێنە بچوکە بیر لە ژیان بکەنەوە، بیر لە گۆڕان بکەنەوە خەون و فەنتازیاکانیان مانایەکی نامێنێت. هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد ناتوانێت بە تەنیا خەون بۆ سلێمانی یان هەولێر یان هەڵەبجە ببینێت، کە تەسلیمی ئەوەش بوو شوناسی خۆی وەک ڕۆشنبیر دۆڕاندووە، کە تەسلیمی ئەوەبوو خەونە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەزگایەکدا گەمارۆبدات، لە هەرێمی شارێکدا کورتیانبکاتەوە، ئیدی لەوە دەکەوێت خەونی هەبێت... ئەمەیە ئەو دۆخەی ناویدەنێم «ناجیدییەت». چ شتێک ناجیدیتر و نائومێدکەرترە لەوەی بزانیت پەرت پەرتبوونی سیاسییەکان بۆتە مایەی پەرت پەرتبوونی خەونەکانی تۆش، بۆتە مایەی ئیفلیجبوونی توانات لەسەر بیرکردنەوە. سیاسییەکان نایانەوێت ڕێکبکەون، نایانەوێت دەسەڵات بەشبکەن، لەبەر ئەوە هەریەکەیان پاکسازی لە هەرێمێکدا کردوە و دەیەوێت لەویادا مۆدێلێکی تایبەت دامەزرێنێت و تا دوا ئاستیش کۆنترۆڵیبکات، دیارە بچوککردنەوەی هەرێمەکانی دەسەڵات و دابڕاندنیان لەیەک جەبرێکە پەیوەندی بە توانای حیزبەکانی کوردستانەوە هەیە کە هەریەکەیان لە هەرێمێکی بچوکدا نەبێت ناژین و لەو دیو ئەو هەرێمەوە بوونیان نامێنێت، ئەم دابەشکردنە بە چاک گەڕاوەتەوە بۆ سیاسییەکان لەبەرئەوەی ئێستا ناوچەی خاوێنیان لەبەردەستدایە، ناوچەیان لەبەردەستدایە کە قورسایی ئەوی دی تیانەماوە و فشاری ئەوی دی خەونەکانیان ناشێوێنێت و لە ململانێی ڕاستەوخۆ دووری خستوونەتەوە، دیارە گەر سیاسەتمەدارێک دەتوانێت یەک شار کۆنترۆڵبکات و بیباتبەڕێوە و لەویاشدا بە ئەندازەی سنووری شارەوانی شارەکەی خەون ببینێت و بیربکاتەوە، ئەوا ڕۆشنبیر ناتوانێت سنووری خەونەکانی خۆی ببەستێتەوە بە سنووری بەلەدیەی سلێمانی یان هەولێر یان هەر جێگایەکی تر؛ سنووری خەونەکانی ڕۆشنبیر گەورەتر و باڵادارتر و لە ئاستی زەمەنیشدا دوورفڕترە. کێشەکە لەوەدایە هێندە دەستەمۆببین بە تەنیا خەون بۆ شارێک یان بۆ چەند ڕۆژێک یان بۆ تەنیا دەزگایەک ببینین. کێشە ترسناکەکە لەوەدایە کە سیاسەتمەداران دەیانەوێت ڕۆشنبیران لە دروستکردنی ئەو مۆدێلەی ئەواندا و لە بەخشینی شەرعییەتدا بەو مۆدێلە و لە ڕازاندنەوەی ئەو

مۆدێلەدا بەشداربن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش پرۆسەیەکی بەراورد پیادەبکەن و هەر یەکەیان بەپێی هەواداری بۆ یەکێ لە لایەنەکان غەزەل بەسەر نموونە و مۆدێلەکەی ئەودا هەڵدات. ئەگەر سەرەنجبدەیت لە هەموو مێژووی هاوچەرخی کوردیدا بە ئەندازەی ئەم قۆناغە نرخی ڕۆشنبیران بەرز نەبووە، هێندە ڕۆشنبیران لەلایەن پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تریشەوە ڕێزیان لێنەنراوە و ژیانیان مسۆگەر نەکراوە «دیارە لای من ئەمە خاڵێکی تەواو پۆزەتیڤە»، بەڵام لە پشت پرۆسەی ئەم حورمەتە زۆرەوە، پرۆسەیەک نییە ناوی پرۆسەی حورمەتی فیکر و پرۆسەی بەخشینی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و پرۆسەی کەمکردنەوەی تۆتالیتارییەتی حیزب بێت، پرۆسەیەک نییە وا لە ڕۆشنبیران بکات لە دروستکردنی ڕایەکی سیاسی گشتی ئازاددا بەشداربن، پرۆسەیەک نییە دەستی ڕۆشنبیری لە ئاست سیاسییەکاندا، لە ئاست حیزبدا، لە ئاست کۆمەڵدا، لە ئاست ئەو مێژووە درێژەی دوای ڕاپەڕیندا کە پڕە لە تاوانی گەورە و تاوانباری گەورە ئازادکردبێت. من پێموایە یەکجۆر لە حورمەتگرتنی ڕۆشنبیر هەیەو بەس، ئەویش بەخشینی هێزە بە ڕۆشنبیر بچێتە ناو هەموو نهێنییەکانی کۆمەڵەکەیەوە، لەوانە نهێنییە ناشەرعییەکانی حیزب و نهێنییە ناشەرعییەکانی سیاسییەکانیش، وە یاسایەکی داڕێژراویش هەبێت بتوانێت بە هێزی ئەو یاسایە ئەو نهێنیانە بە دەرەنجامە دروست و قانونییەکانی خۆی بگەیێنێت. هەر کاتێکیش ئەمە نەبوو هەموو حورمەتگرتنێکی ڕۆشنبیر بۆ بێدەنگکردنێتی و بۆ دانانی یاسای «نان بەرامبەر بێدەنگی»یە. ئەم حورمەتە زۆرە حورمەتە لە کاتێکدا کۆمەڵگا لە سەروو حیزبەکانەوە هێزێکی بڕیاردەری تیانەماوە لە ڕووی (نەتەوەیی، ئەخلاقی، یاسایی، پەیوەندیی سیاسی، قودرەتی چالاکبوون، ڕەفتاری سیاسی، پەیوەندی لەگەڵ فاشییەت و ڕژێمدا، پەیوەندی بە کۆنەپەرستی ناوچەکە و بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە... هتد) سیاسەت هەڵسەنگێنێت. ئەمڕۆ کێ گەورەترین ژمارە ڕۆشنبیر کۆبکاتەوە مصداقییەتی زیاتر بۆ مۆدێلەکەی مسۆگەردەکات، لە کاتێکدا دەبێت هەموو خەباتی ڕۆشنبیران قەبووڵنەکردنی ئەو دابەشبوونانە و ئەو مۆدێلانە بێت، قبووڵنەکردنی ئەو ناجیدییەتە بێت کە کەرت کەرتبوون دروستیکردووە، گەورەکردنەوەی ئاسۆی خەونەکان بێت و گەورەکردنەوەی جوگرافیای ئەو خەونانە و ئەگەری هاتنەدیان بێت. دیارە من لەسەر هەریەک لەو پرسیارانە قسەی زیاترم هەیە، بەڵام لەبەر کێشەی پانتای و ڕووبەر ناتوانم لەوە زیاتر بدوێم و هیوادارم هەل و دەرفەتی دیکەمان هەبێت بۆ گفتوگۆ و سوپاس بۆ پرسیارەکانت.

* * *

پاشکۆیەکی کورت

دیموکراسییەت و وەبیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەی بنەما نەگۆڕەکانی

# دیموکراسییەتی زۆر و دیموکراسییەتی کەم
# دیموکراسییەتی گەنج و دیموکراسییەتی پیر

بەختیار عەلی

دیموکراسییەت لە مانا هەرە گشتییەکەیدا بریتییە لە ملکەچکردنی دەسەڵات بۆ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەرەوەی خۆی. لەمەش گرنگتر ڕێگانەگرتنی دەسەڵاتە لەبەردەم دروستبوون و کامڵبوونی ئەو سانسۆرەدا. کۆمەڵگای دیموکراسی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە کۆمەڵێک حیزب و دەزگا لە هەناوی خۆیدا و لە ژێر یەک سەقفدا کۆدەکاتەوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەیە کە حیزبەکان و دەزگاکان و ڕۆشنبیرەکانی دەتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن ببینن و دەتوانن بە ڕاستی دیدەگایەکی تر بۆ بینینی کێشەکان و بینینی واقیع پەرەپێبدەن.

دیموکراسییەت بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا زیندووانەیە کە دەتوانن جیاوازی بەرهەمبهێنن.

تا توانای کۆمەڵگا لەسەر گەشەکردن گەورەتر بێت، پێویستییەکانی دیموکراسییەت زیاتر و گەورەترن. چونکە گەشە لەتەک خۆیدا هەمەڕەنگی دەهێنێت. هەمەڕەنگیش پێکەوەژیانی ڕەنگە جیاوازەکان دەسەپێنێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، قەیرانی دیموکراسییەت تەنیا لەو مەیلە دیکتاتۆرییانەوە هەڵناقوڵێت کە حیزبە باڵادەستەکان نیشانیدەدەن، بەڵکو لە بێتوانایی هێزەکانی ترەوە هەڵدەقوڵێت لەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆڵی هەڵگری پرۆژەی تر ببینن.

دیموکراسییەت ئەوەیە کۆمەڵێک پرۆژەی جیاواز لە ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بژین و ئەو ململانێیەش هەرگیز نەچێتە ئاستی ململانێی چەکدار. لە کۆمەڵگاکانی وەک ئێمەدا، لەو کۆمەڵگایانەدا کە دواکەوتنی سیاسی سیفەت و سیمای سەرەکییە، بە پێچەوانەوەی کۆمەڵگای دیموکراسییەوە، ململانێی چەکدار و پارچەپارچە بوونی نیشتیمان بۆ کۆمەڵێک میلیشیای شەڕکەر و دابەشبوونی نیشتیمان بەسەر چەند جوگرافیایەکی سیاسییدا هەیە، بێئەوەی هەمەڕەنگی ڕاستەقینەی فیکری هەبێت و بێئەوەی دابەش دابەشبوونی سیاسی لە جەوهەریدا ئاوێنەی ئامادەگی کۆمەڵێک پرۆژەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازبن.

بە کورتی دیموکراسییەت پێکەوەژیانی جیاوازییەکانە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای نادیموکراسی و خێڵەکی و حیزبکوێر بریتییە لە کۆمەڵگای شەڕی هێزە وەک یەکەکان، شەڕی ئەو هێزانەی کە تەنیا قازانجی تەسک و کورتبڕی دەسەڵات و ئابووری لەیەکیان جیادەکاتەوە.

کێشەی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی، ئەوە نییە کە دیموکراسی نییە، کێشەکانی دیموکراسییەت زنجیرەیەک گرفتی دیکەیە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت ئێمە خەباتی بۆ بکەین فەراهەمکردنی زەمینە سەرەتاییەکانی دیموکراسییەتە.

کۆمەڵگای ئێمە تا ئەمڕۆ بە چەندین فرسەخ لە پیادەکردنی بنەما سەرەکی و سادەکانی دیموکراسییەتەوە دووره. کۆمەڵگایەکە کە جیاوازی نێوان باڵە سیاسییە جیاوازەکانی، سیفەتی جەنگی خێڵەکییانەی بەرنەداوە، هەموو کێشە سیاسییە بچوکەکان، یەکەمجار بە جەنگ چارەسەردەکرێن. کۆمەڵگای ململانێی ئاشتیخوازانەی هێزە جیاوازەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵگای جەنگی خوێناوی هێزە وەک یەکەکانە. کۆمەڵگایەکە حیزب و میلیشیا، حیزب و حکومەت، ئابووری حیزب و ئابووری حکومەت، سیفەتەکانی سەرۆکی سیاسی و سیفەتەکانی کاریزمای خێڵەکی لەیەکدی نەترازاون و لەیەکدی جیانەبوونەتەوە. حیزب هێزی سیاسی خۆی تەنیا لە دەزگا سیاسییەکاندا بەرجەستە ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەیگۆڕێتە سەر هێزێکی سەربازی و میلیشیایی. ئەوەشی کە مانەوە و باڵادەستی حیزب دەچەسپێنێ، خودی پرۆسەیەکی دیموکراسی سەرتاپاگیر نییە، کە تیایدا ئاڵوگۆڕی ئازادانەی دەسەڵات، تەنیا زامنی مانەوەی سەرۆک و هێزی حیزب بن، بەڵکو ئەوەی مانەوە و باڵادەستی حیزب زامندەکات، گەورەیی میلیشیا چەکدارەکەیەتی. ئەوەی عومری حیزب درێژ دەکاتەوە، توانا و هێزی بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نییە، بەڵکو سیحری کاریزمای سەرۆک و توانایەتی لەسەر تازەکردنەوەی «ولاء» و وەفاداری کادێرە سیاسییەکانی دەوروبەری. دروستکردنی هێزی جەماوەرییانەی حیزبیش، کەم و زۆر پەیوەندی بە دروست و نادروستی سیاسەتەکانیانەوە نییە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا لۆژیکی سیاسی لەو ئاستەدا نییە کە بڵێین، حیزبی گەورە بە هۆی بە هێزی مەنتیق و توانای ئایدۆلۆژییەوە بۆتە حیزبی گەورە و حیزبە بچوکەکان بەهۆی خراپی بەرنامەی سیاسییانەوە بچوکن. «ئەم ڕاستییە بۆ هەموو کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکانی دەوروبەری ئێمەش دەستدەدات». ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئەمڕۆ ڕۆڵی گەورە دەبینێت، سیستمێکی وەلائی سیاسییە کە ڕاستەوخۆ لە سیستمی وەلائی خێڵەکییەوە داتاشراوە. سیستمێکە شانداەداتە سەر سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکی ناعەقلانی لە نێوان حیزب و ئەندامەکانیدا.

هێزی حیزبی سیاسی ئێمە لەوەوە دێت چەندە دەتوانێت ئەو هێزە سیاسییەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا و لەیەکێک لە وێستگە سیاسییەکاندا بەدەستیدەهێنێت، بگۆڕێتە سەر هێزێکی سەربازی و ئابووری کە دواتر بە لاچوون و نەمان و مردنی هەلومەرجە سیاسییەکان، حیزب لە ڕێگای ئەو هێزە سەربازییەی یەکەمجارییەوە درێژە بە بوونی خۆی بدات. لەم دۆخەشدا حیزب لەبەرئەوە ناژی کە دروستتر بیردەکاتەوە و بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری تری هەیە و کادێرەکانی بلیمەتترن لە کادێری حیزبەکانی تر، بەڵکو لەبەرئەوە دەژی کە توانایەکی سەربازی هەیە و ئەو توانایەش دەگۆڕێتە سەر توانای مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و ئیداری.

هێزی حیزبی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە پابەندی توانایەتی لەسەر پاوانکردنی زیاتری ئابووری و ئیدارە و هێزی میلیشیایی بۆ خۆی. واتە خودی هێزی حیزبەکان، ئەو هێزەیە کە لە کۆمەڵگای دەدزن، چونکە ئابووری موڵکی کۆمەڵگایە و موڵکی حیزب نییە، هەر کاتێکیش ئابووری حکومەت لە ئابووری حیزب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسییەت، نوکتەیەکی گەورەیە. لە جەوهەریشدا شەڕی ناوخۆی کوردستان ئەو جەوهەرە نادیموکراتە ئاشکرادەکات کە لە ناو حیزبە کوردییەکاندا خەوتووە، چونکە بەشێکی شەڕی ناوخۆ هۆکەی دەگەڕێتەوە، بۆ جیانەبوونەوەی ئابوری حیزب لە ئابووری دەوڵەت، لەم حاڵەتەدا خودی ئابوری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەت دەبێتە «غنیمە» یەک کە حیزبەکان شەڕی لەسەربکەن.

کە دێینە سەر دیموکراسییەت بە مانا سەرەتاییەکەشی، دیموکراسییەت و میلیشیاتی حیزبی لەهیچ ئان و زەمانێکدا پێکەوە کۆنابنەوە؛ مەرجی سەرەکی دیموکراسییەت ئەوەیە حیزبەکان میلیشیای چەکداریان نەبێت. چونکە کە هێزی سەربازی یەکێک لەوی دی بەهێزتر بوو، ئەوکات ئەو بڕیارەکان دەدات، ئەو نەخشە دادەنێت، ئەو قانون دەنوسێت، ئەو ڕاگەیاندن و ڕایگشتی دروستدەکات؛ سیاسەتێک دواجار بە مۆدێلی ئیماراتی حیزبی دوایی دێت. بەم پێیە هەر هێزەو لە سنووری تەقەی تفەنگەکانی خۆیدا حوکمدەکات. مۆدێلی ئیماراتی حیزبی، مۆدێلێکە لەسەر ئەوە

دروستبووە کە سنووری دەسەڵاتی سیاسی حیزبی گرێدراوە بە سنووری تەقەی تفەنگەکانییەوە. لە کوێدا تفەنگەکانی سواربوو لەویادا حوکمدەکات و لە کوێدا تفەنگی بەزی لەویادا دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی دوایی دێت. ئەوەشە ئەو مۆدێلەی هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانەی کەرەمی حیزب نوقمی کردوون ناویدەنێن دیموکراسییەتێکە... سنووری تەقەی تفەنگەکان، سنووری ئیمارەتە حیزبییەکان دروستدەکەن؟ لە ڕاستیدا سوپا و هێزی چەکدار لەیەککاتدا شەرعییەتی هەیە، ئەوکاتەی بەرگری لە نەتەوە دەکات، بەڵام کە هێزی چەکدار وەزیفەکەی بووە بەرگریکردنی تاک و تەنیای حیزب لە خۆی، بووە ئەو پایەیەی دەسەڵاتی حیزب بەسەر کۆمەڵگادا ڕادەگرێت، لێرەدا هیچ کەس ناتوانێت بەمجۆرە مۆدێلە بڵێت «دیموکراسی». لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتییدا، یەک ڕۆشنبیر و بیریار نادۆزیتەوە بە مۆدێلی میلیشیایی و مۆدێلی ئیماراتی حیزبی بڵێت «دیموکراسی». چونکە سەرەتاییترین ڕێسا و سادەترین یاسای دیموکراسییەت ئەوەیە، لە کوێدا میلیشیای چەکدار هەبوو لەویادا دیموکراسییەت نییە، لە دایکبوونی دیموکراسییەتیش پابەندی مەرگی مۆدێلی ئیماراتی حیزبییە و پابەندی مەرگی حیزبی میلیشیاییە. لەسەرەتای ڕاپەڕیندا ئەو دەرفەتە مێژووییە هەبوو کە ستراکتوری سیاسی کوردی لە ستراکتوری میلیشیاییەوە بگوازێتەوە بۆ ستراکتوری مەدەنی، بەڵام شەڕی ناوخۆ سەلماندی کە حیزبەکانی ئێمە بوون و مانەوەی خۆیان ناخەنە ژێر ڕەحمی دیموکراسییەتێکی مەدەنییەوە، بەڵکو تا دوا نەفەس بەرگری لە قەوارەی میلیشیایی خۆیان دەکەن. چونکە لە ڕێگای ئەو هێزە چەکدارەوە دەتوانن بەردەوامی بە مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و مۆنۆپۆڵکردنی ڕاگەیاندن و مۆنۆپۆڵکردنی پۆستە ئیدارییەکان بدەن و لە پەراوێزیشدا نووسەرانی پاسەوان دروستبکەن، کەکاریان نیشاندانی ئەوانی دیکەیە وەک گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و نامۆو تا دوایی لەو قسانەی کە چڵەپۆپەی حیکمەتی ئەو فەرهەنگە هەژارەیە کە ئەو نووسەرە حیزبییانە شاندەدەنە سەری.

ئەوەی لە مرۆی کوردستاندا بە دیموکراسییەت ناودەنرێت بریتییە لە دەسەڵاتی موتڵەق و تاک حیزبی یەک هێز بەسەر هەرێمێکی داپچڕاودا لە کۆی بەشەکانی تری کوردستان و کۆکردنەوەی هەندێ حیزبی بچوکی تر کە توانای هەستانیان نییە بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی بەرەنگاری و ئۆپۆزیسیۆن بۆ خولقاندنی شانۆگەرییەکی دیموکراسی.

دیموکراسییەت ئەوە نییە، یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا ڕێگا بە و وردە حیزبانە بدەن کە هەندێکییان لە ماسی بێدەنگترن. ئەوە نییە پارتی و یەکێتی ئەم حیزبانە قبووڵبکەن، بەڵکو سەرەتای هەنگاونان بۆ دیموکراسییەت ئەوەیە پارتی و یەکێتی یەکتر قبووڵبکەن. ئەلف و بێی دیموکراسییەت ئەوەیە، پارتی و یەکێتی بتوانن ململانێی سیاسی دیموکراسییانە بکەن و لە کولتووری زەلیلکردنی یەک بچنەدەرێ، لەو عەقڵییەتە بچنەدەرێ کە هەرکامێکیان لە شارێکدا سەد ئەندامی لەوی تریان زیاتر بوو بیرلەوەبکاتەوە، لایەنی بێهێز لە مافە سیاسییەکانی مەحرومبکات... ئەمە هێندە عەجیبە کەس شتی وای لەم سەر زەوییە نەبیستبێت؟

ئەوەی کە سەرەنجبدات دەبینێت لە ماوەی دواییدا، هەموو ئەوانی بەرهەمی فەرهەنگی ئیمارەتە حیزبییە تازەکانی کوردستانن، «ئەو قەڵەمانەی بەناوی خۆشەویستی کوردەوە واقیعی دابەشبوونی کوردستان زیاتر دەچەسپێنن» ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆشدەکەن، ڕۆشنبیران بەوە گوناهباردەکەن کە داوای دیموکراسییەتی زۆر دەکەن و بەو دیموکراسییەتە کەمە ڕازی نین کە ئەورۆ هەیە. یەکێ لەوانە دەڵێت ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد داوایدەکەن «لە سوید داوا نەکراوە»!

هیچ خوێندەوارێک نییە ئەمرۆ نەزانێت کە کێشەی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی کود ئەوە نییە داوای زۆر دەکەن، بەڵکو کێشەی هەرە گەورە ئەوەیە ڕۆشنبیرانی کورد داوای هیچ ناکەن.

ئایا ئەوەی بتەوێت مۆدێلی ئیماراتی حیزبی نەچەسپێت و نەبێتە هەقیقەت، ئەمە داوایەکە لە داوای ڕۆشنبیرانی سوید قورسترە؟ یان بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەم داواکارییە نەتەوەییە سادەیە بە ئەفسانە لەقەڵەمدەدا، ڕۆشنبیرێکە سوود لە واقیعی پارچە پارچەبوون دەبینێت و لە پەراوێزی

قازانجەکانی دابەشبووندا حەساوەتەوە؟

ئایا ئەوەی داوای دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەکات، کە وەزیفە سەرەکییەکەی سانسۆرکردنی ڕەفتاری حیزب و حکومەتە، شتێک داوادەکات لە سوید داوانەکراوە؟ ئایا مردنی حوکمڕانی میلیشیایی داوایەکی هێندە سەیرو نامۆیە بەم ئەستێرەیە، لە سویدیش نەبیستراوە؟ بێگومان یەکێکی بێئاگا و هاوولاتییەکی سادە ئاگای لە خۆی نەبێت و وریانەبێت بەرامبەر بەو ناڕاستییانە واتێدەگات، میلیشیای چەکدار سویدی خواردووە و حوکمی میلیشیات هێندە ئاسایی و بەڵگەنەویستە هەموو دونیای تەنیوەتەوە و ئەوە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردن، کە نامۆن بە واقیع و بێئاگان لە دونیا، لە ساتێکی غەفڵەتەدا بە خەیاڵیاندا هاتووە شتێک داوابکەن کە لە سویدیش خەڵک بە خەیاڵیدا نایەت. لە ڕاستیدا ئەمە چەندە شایستەی پێکەنینە، شایستەی گریانیشە. شایستەی گریانە نەک بۆ خوێندەوار، بەڵکو هەتا نەخوێندەوارێکیش لەو ئاستەدا بێت دوای سالانێک ژیان لە خۆرئاوا، جۆرە دیماگۆگییەتێکی سیاسی لەمشێوەیە بەرێتەوە ناو کۆمەڵگای خۆی.

ئایا ئەوەی ڕۆشنبیران لە گوناهەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیان بێدەنگ نەبن، نەبنە فەرمانبەر و شایەر و نەکەونە دەرەوەی ئەو ویژدان ئینسانی و نەتەوەییەی شوێنگەیان (مەوقیعییەتیان) وەک ڕۆشنبیر دەیسەپێنێت، لە سوید داوانەکراوە؟

ئایا پێتوابێت دیموکراسییەت ئەوە نییە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر قبووڵبکەیت و لەسەر بیروڕاکانیان نەیانکوژیت.

لە ڕاستیدا من حەزدەکەم ڕوونتر بدوێم و بڵێم: شتێک نییە لە کوردستاندا ناوی دیموکراسییەت بێت تا بشوبهێنرێت بە هیچ دیموکراسییەتێکی تر، دیموکراسییەتیش بە کیلۆ و هۆقە ناپێورێت، تا قسە لە دیموکراسییەتی زۆر و کەم بکەین. دیموکراسییەت کۆمەڵێک بنەمای جەوهەرییە لەسەرو هەموویانە حوکمی یەکسانی قانونییە بەسەر هاوولاتی و حیزب و سەرکردەدا. لەکوردستاندا تا ئەمڕۆ شەڕی ناوخۆ هەیە، هەموو ماوەیەک جارێک یەکێک لە حیزبە بچوکەکان دەکەونە بەر شالاوی سیاسی و سەربازی ئەوانی تر، بەشی هەرە زۆری نالەکانی قسە و ڕاگەیاندن بەدەست حیزبەوەیە و بە سیاسەتێکی سەد دەر سەد کۆنترۆلکراو ئاڕاستەی ڕایگشتی دەکرێت، سەرجەمی ئابووری کوردستان و کەنالەکانی بازاڕوبازرگانی لە ژێر کۆنترۆلی قوتبەکانی حیزبدایە، سەرجەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەرخانە بۆ شەڕی ناوخۆ، ئاموزشی سیاسی و ئەخلاقی ئێمە لە بری ئەوەی بە ئاڕاستەی سڕینەوەی ڕق و کینەی حیزبیانە ئیشبکەن، لەبری ئەوەی ئەو تەشویهە سیاسی و ئەخلاقییە بسڕنەوە کە شەڕی ناوخۆ دروستیکردووە، لەبری چاندنی بنەماکانی ئاشتبوونەوەی کۆمەلایەتی «بەر لە ئاشتبوونەوەی سیاسی» ڕۆژ دوای ڕۆژ هەندێ لە قەڵەمەکانی ئیعلامی حیزبی پتر کینە و پارچەپارچەبوون دەچێنن. نەوەیەکیان دروستکردووە کە ڕق و کینەی سیاسی باوان دووبارەدەکاتەوە، نەوەیەکیان دروستکردووە، هەموو ژیان و بوونی لە نێوان بەرداشی ململانێی پارتی و یەکێتیدا دەهاڕدرێت و هەمان ئەو ژیانە عەقلی و ڕۆحییە دەژین کە باوانیان لە شەستەکانەوە تیادەژین. نەوەیەک کە یان ناچارە گەمەکان وەک خۆیان بکات و بچێتەوە ناو هەمان ئەو دونیا دووبارە و سەد بارەوە کە ڕق گۆشەکانی ڕەسمکردووە، یان خۆی بداتە دەست قەدەرێکی نادیار و سەرهەڵگرێت بۆ مەنفایەکی نادیار. ئەمانە هیچی کەش و هەوایەکی سەرەتایی و دروست بۆ دیموکراسییەت دروستناکەن. بڕی دیموکراسییەتیش بە بڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و حیزب ناپێورێت، بەڵکو بە بڕی پێکەوەژیان و قبوولکردنی دوو نەیار، بە شێواز و میکانیزمەکانی ئالوگۆڕی دەسەلات، بە سانسۆری دەسەلات لەلایەن میدیا و سیستمی قەزاییەوە دەپیورێت. لەدەرەوەی ئەمانەش هیچ پێوانەیەک نییە بۆ دیموکراسییەت. کە تۆ نەیاری سەرەکیت کردە دەرەوە، ئیدی دواتر سەد ڕۆژنامە و گۆڤار لە هەرێمەکەی خۆتدا دەرکەیت، پەیوەندی بە دیموکراسییەوە نییە. ئەوەی واقیعی سیاسی دەگۆڕێت، داماڵینی ئەو دەمامکی دیموکراسییەتەیە کە ئەمڕۆ بۆتە پردی سەرەکی بۆ چەسپاندنی مۆدێلی ئیماراتی حیزبی. ئەمە چ دیموکراسییەتێکە کە دەیان هەزار یەکێتی لە ناوچەکانی پارتیدا لەهەموو مافێک مەحرومکرابن. ئەمە چ دیموکراسییەتێکیشە کە دەیان هەزار پارتی لە ناوچەکانی

یەکێتیدا لەهەموو مافە سیاسییەکانیان مەحرومکرابن... ئەمە جگە لەسەدان دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و قانونی کە هیچ یەکیان کەم و زۆر پەیوەندییان بە دیموکراسییەتەوە نییە.

لەواقیعێکی وادا، ئەوەی پێویستە ئێمە خەباتی بۆ بکەین، تۆخکردنەوەی نەرجسییەتی حیزبیانە نییە کە ئەمڕۆ هەندێ قەڵەم بە حاڵەتێکی ڕەوای دەبینن و درۆی بۆ دەتاشن. نەرجسییەتی حیزبی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابووردوەوە ئامادەبووە و لە داهاتوشدا ئامادەدەبێت، ئەوەی گرنگە قەڵەمی جیدی و خەباتگێڕی جیدی لەناوەوەی حیزب و لەدەرەوەی حیزبدا، لەناو دەسەڵات و لەدەرەوەیدا، نەکەونەوە گەمەی دزێوی تۆخکردنەوەی ئەو نەرجەسییەتە. سەرەتای دەرچوونیش لە گێژەنی شەڕی ناوخۆ، لە ڕەخنەگرتن لەو کولتووره سیاسییەوە دەستپێدەکات کە دواجار لەشەڕی ناوخۆدا دەگاتە بنبەستی سیاسی و ئەخلاقی خۆی. ئەمە پیلان نییە لە هیچ کەس، ئەمە هەقیقەتێکی سادەیە کە قەیرانی ئەخلاقی سیاسی کوردی سەپاندوێتی، کە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گۆڕی بۆ شکستی پارچەپارچەبوون. دەرچوون لە شەڕی ناوخۆ و کۆتاییهێنان بەشەڕی ناوخۆ، جیانییە لە دابەزین لە غرورو نەرجسییەتی حیزب. ئەوە وەزیفەی ڕۆشنبیرانی حیزبیشە، لە کاڵکردنەوەی ئەو نەرجسییەتەدا بەشداربن، ئامادەبن ڕابردوو بخوێننەوە، مەلەفە داخراوەکان بکەنەوە. ئەمڕۆ عەقڵییەتە حیزبییە تەسکوتروسکەکان، پرۆژەیەکی بەرنامەڕێژیکراویان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی فۆبیا لە فیکر و ڕۆشنبیریی و هەر فیکرێک ئەو سیستمە سواوەی ئەوان دووبارەنەکاتەوە بە نامۆ و نائاسایی لەقەڵەمیدەدەن، فیکرو میتۆدی ئاساییش لای ئەو عەقڵییەتانە ئەوەیە لەناو ڕق وکینەکانی ئەواندا دیلبیت و چاوانی ئەوان قەرزبکەیتەوە بۆ بینینی دونیایەک کە ئەوان نایبینن. میتۆدی ئاسایی ئەوەیە عەقڵی خۆت توڕدەیت و عەقڵی حیزب لەسەرکەیت و گەرووی خۆت توڕدەدیت و هەموو ئەو شتانە دووبارەبکەیتەوە کە ڕاگەیاندنی حیزبی بەپێی ئاشتی و شەڕە مەوسمییەکانی حیزب دەرخواردت دەدات. ئەگەر گووتیشت نا بۆ دابەشکردنی کوردستان، نا بۆ میلیشیات، نا بۆ قانونێک کە تەنیا بەسەر هاووڵاتیانی سادەدا پراکتیکبکرێت، نا بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی تاکحیزبی لە ڕێگای کۆمەڵێک جەنگی مەوسمییەوە کە هەر جارە گروپێک و هێزێکی سیاسی دەکاتە قوربانی خۆی، نا بۆ بەکارهێنانی ئابووری کۆمەڵگا لە پێناوی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی یەک هێزی سیاسییدا... ئەوا تۆ لەم حاڵەتەدا نامۆیت و کوڕی وڵاتی خۆت نیت، چونکە لە مەنتیقی ئەم ڕۆژنامەنووسانەوە، تۆ کاتێک نامۆنیت کە بەڕووی شتەکانەوە پێبکەنیت و ستایشی درۆبکەیت و سەر تابینەقاقا لەناو تەقلیدییەتدا نووقمبیت و خەریکی فۆڵکلۆر و ستایشی گەورەپیاوانی کورد و جەژنە دینی و نەتەوەییەکان بیت!

بونبەستی واقیعی سیاسی ئێمە، بونبەستێکی مێژووییە، دەرچوونیش لەو کولتوورەی ئەو مێژووە خوڵقاندوێتی، سەرەتای دەرچوونە لەم قەیرانەی ئەمڕۆ.

ڕەخنە لە مۆراڵی سیاسی ئەمڕۆ، سەرەتای کردنەوەی دەرگایەکی بچوکە بۆ بیرکردنەوە لە شێوەیەکی تری ژیان و لە شێوەیەکی تری ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەوەی هێندە لە ڕەخنە بترسیت و بڵێیت، ئەوەی ڕۆشنبیران داوایدەکەن، لەم سەر زەوییەدا نییە و کەس بەچاو نەیدیوە، دەرگای «فۆبیا لە ڕۆشنبیران» دەخاتە سەرپشت و شەرعییەت دەداتە ئەو هوشیارییە سیاسییە بێئاسۆیەی ئەمڕۆ باڵادەستە و شەرعییەتیش دەداتە هەر کارێکی توندوتیژ کە دژ بە فیکرو ئازادی بکرێت.

ئەو کۆمەڵگایەی داوادەکات ڕۆشنبیرەکانی ستایشی فەزڵەکانی بکەن، دەوری واعیزی مزگەوتی بۆ ببینن، کۆمەڵگایەکە لەوە دەترسێت، ڕۆشنبیرێک لە دایکبێت، ئاوێنەیەکی بۆ دانێت و ڕوخساری خۆی ببینێت. بە داخەوە دەبێت بڵێین ئەمڕۆ دواکەوتنی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێمە لەوە ترسناکترە بەرگەی ئەم کات بە فیرۆدانە بگرێت. لە دونیای ئێستادا ئەوەی کۆمەڵگاکان وێراندەکەن، قەڵەمە ستایشکارەکانن، نەوەک قەڵەمە ڕەخنەگرەکان. ئەو دۆستانەش کە دەڵێن «ئەرکی ڕۆشنبیران ڕەخنەگرتن نییە» دەیانەوێت وێنەیەکی سلبی بدەنە ڕەخنە، لە کاتێکدا ڕەخنە تاکە هۆکار و کەرەسەیە بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردی. من بەشبەحاڵی خۆم ناتوانم ئەو ڕایە قبووڵبکەم کە

دەڵێن، واقیعی کوردی زۆر باشە و هەموو شتێک تەواوە و هیچ گرفتێکمان نییە و شتەکان لەسەر سکەی سروشتی خۆیان دەڕۆن. ناتوانم ئەو ڕایانەش قبووڵبکەم کە هۆی تراژیدیاکە دەگێڕنەوە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان و قورسایی قەیرانەکە لە ناوەوە دەبەنە دەرێ، دیارە لەوەوبەر بە درێژی لەسەر ئەو خاڵانە قسەمکردووە، لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە، پێداگرتنە لەسەر لێکجودانەبوونەوەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر و ڕەخنە لەیەکدی، ئەوانەی کە نایانەوێت ڕەخنەگربن «ڕەخنە بە مانا قووڵ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنسازەکەی، ڕەخنە وەک چەکی ڕاڤەکردن و چەکی بینین و ئامرازی گۆڕان» ئەوانەن کە دژی گۆڕانن لە هەموو ئاستەکاندا، دژایەتیکردنی ڕەخنە ناوێکی شەرمنە بۆ دژایەتی گۆڕان. ئەوانە شەرمدەکەن لەوەی ڕاستەوخۆ بڵێن ئێمە دوژمنی گۆڕانکاری ڕادیکالین، لەبەرئەوە، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای دژایەتیکردنی ڕەخنەوە دژایەتی گۆڕان دەکەن.

«طرابیشی» لە دوا چاوپێکەوتنیدا بەمجۆرە ڕۆڵی ڕەخنە هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: «چەمکی ڕەخنە خۆشەویستترین چەمکێکە لەلام، چونکە لە دۆخگەلێکیی دژواردا، وەک دۆخی ئەمڕۆی عەرەب، ڕەخنە تاکە ئامرازی گۆڕانکارییە... لای من ڕەخنە ئامرازێکی ناوازەی ڕینیسانسە، وەختە سەردەمی ڕینیسانسیش سەرتاپا سەردەمی ڕەخنەبێت، خوێندنەوەی کەسانی وەک کەواکبی و ئەفغانی و قاسم ئەمین و طە حوسەین تەواو ئەوەمان بۆ ساغدەکاتەوە، ڕۆڵی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیرە گەورە و ڕینیسانسکارانە ڕەخنەبووە». جا ئەگەر ئەمە بۆچوونی یەکێک لەهەرە گەورەترین ڕۆشنبیرانی عەرەب بێت لەسەر واقیعی عەرەبی و ڕۆڵی ڕەخنە تیایدا، ئەی واقیعی کوردی کە هەزاران جار لە واقیعی عەرەبی ناهەموارتر و دژوارترە، دەبێت چۆن بەبێ ڕەخنە بخوێنرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە مەسەلەکە ترس نییە لە ڕەخنە بەتەنیا، بەڵکو ترسە لە ستراکتورێکی ڕۆشنبیری ئیفلیج کە لەگەڵ لەدایکبوونی ڕەخنەی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی قووڵدا هەرەسدەهێنێت... ترسە لە دیدێکی تایبەتی بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری کە بە گۆڕانی گەلەک ناو دەمرێت و گەلەک بتی ساختە دەشکێت. لێرەوە گۆڕینی وەزیفەی ڕۆشنبیر بۆ وەزیفەیەکی تەقلیدی مردوو، سیاسەتی هەندێ لە ڕەمزەکانی ناو ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆیە، بۆیە بەرابەر هەمو هاوارێکی نوێکردنەوە، ئەوانە هەوڵدەدەن، دووبارە وەزیفەی ڕۆشنبیر بخەنەوە قاوغە دێرینە و مردووەکەی جاران. ئەوەتا تراژیدیاکە لە ئاستێکدایە، سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک داوادەکات، ڕۆشنبیران بایەخ بە بۆنە ئاینییەکان بدەن... بەڵێ، لە ناو ئەو هەموو تەحەدایەدا، کە هەر چەمکێکی دەگونجێت قورسایی مان و نەمانی بۆ کورد هەبێت، ئەو قەڵەمانەی کە خۆیان خەوتوون و خۆشحاڵیش دەبن هەموو قەڵەمەکانی تری دونیا وەک خۆیان بخەون، داوای ئەوەدەکەن، ببن بە تایبەتمەند و پسپۆڕ لە شەوی بەرات و لەیلەتولقەدرا. من دڵنیام ئەم عەقڵە دەتوانێت دەیان ساڵ کورد بەرێتە دواوە، بەڵام ناتوانێت ڕۆژێک پێشیبخات.

یەکێکی دی لەو پەردەپۆشییانەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە، قسەکردنە لە دیموکراسییەتی پیر و گەنج. کۆڵەکەی بەرگری ئەو عەقڵییەتانە لە دۆخی دژواری ئێمە و لە دۆخی ئیماراتی حیزبی ئێستا لەسەر ئەوە بەندە بڵێن: دیموکراسییەتی ئێمە، دیموکراسییەتێکی ساوایە؛ لێرەوە دەبێت ڕووکارە دیکتاتۆرییەکانی قبووڵبکەین و بەئاسایی وەریبگرین. لە ڕاستیدا ئەم بەهانەیە کە بە ڕووکەش و دابڕاو لە هەموو ڕەوتە مێژووییەکان وەریبگرین، کەمێک دروست دێتە بەرچاو... بەڵام لە قووڵاییدا پڕە لە ڕوانینی ترسناک بۆ دیموکراسییەت و بۆ دەسەڵات و بۆ کۆمەڵگا. خاوەنی ئەم گوتارە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای ئەو گووتەیەوە کۆمەڵێک دیدی ترسناکمان بەسەردا دەسەپێنێت. کە بەمشێوەیەی خوارەوە کورتیاندەکەمەوە.

کاتێک دەڵێن، کۆمەڵگاکانی دی سەدان ساڵیان ویستووە بۆ بوونە دیموکراسی و ئێمە ماوەیەکی کورتە دەسەڵاتمان بەدەستە، لەبەرئەوە نابێت داوای دیموکراسییەتی زۆر بکەین ئەم ڕستەیە لە جەوهەریدا پڕە لە ژەهری ئایدۆلۆژی. سادەترین ئیحایەک کە دروستیدەکات ئەوەیە پێماندەڵێت

کۆمەڵگاکانی تر پێنج سەد ساڵیان ویستووە، کەواتە ئێمە کە حاڵمان لە حاڵی ئەو کۆمەڵگایانە بەدترە، ئەوا لە پێنج سەد ساڵ زیاترمان نەوێت کەمترمان ناوێت، کەواتە ئێمە تا پێنج سەد ساڵی تر دەبێت داوای دیموکراسییەت نەکەین، تا پێنج سەد ساڵی تر دیموکراسییەتی شەکلی و ڕوخسارە نادیموکراسەکانی دەسەڵات قبووڵ بکەین. بەڵێ... ئەمە فەلسەفەی ئەم دیموکراسییەتەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا جاڕی بۆدەدرێت. فەلسەفەی خۆکۆکردنەوە بۆ دیموکراسییەتێک پشت بە خوا لە پێنج سەد ساڵی داهاتوودا دەیبینین. ئەمەیە ئەو ئەزمونە دیموکراسی و فیکرییەی، پیاوە دیموکراسەکانی کورد لە خۆرئاواوە دەیبەنەوە بۆ کوردستان.

١. ئەم دیدە بە جۆرێکی شێواو مێژووی دیموکراسی لە ئەزموونی میللەتانی دیدا وێنادەکات، وا نیشاندەدات کە پرۆسەی دیموکراسی لە پنتێکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات و بەرزدەبێتەوە و تا دەسەڵات گەنج بێت دیکتاتۆرترە و تا پیر بێت دیموکراسیترە، چونکە خودی پرۆسەی دیموکراسییەت هێڵێکی بەرزەڕووی «تصاعدی» هەیەو تا زیاتر لە کاتدا بچینە پێشێ، زیاتر لە دیموکراسییەتیشدا دەچینە پێشێ. بەڵام ئەم وێنەیە بۆ دیموکراسییەت نەوەکو دروست نییە، بەڵکو شێواندن و بە ئەنقەست وێرانکردنی وێنەی دیموکراسییەتە.

دیموکراسییەت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا پنتێکی نەگۆڕی سەرەتایی نییە، وەک چۆن لە هیچ کۆمەڵگایەکی دونیاشدا هێڵێکی بەیانی بەرزەڕووشی نییە، دیموکراسییەت لە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا تەحەدایەکی ڕۆژانەبووە و هەمیشەش وەک تەحەدایەکی کراوە دەمێنێتەوە، واتە دیموکراسییەت بەردەوام قابیلی گەشەو قابیلی نوشووستە، بەردەوام هێز هەن دیموکراسن و هێزیش هەن دژی دیموکراسییەتن، هێزهەن سنووری ئازادییەکان گەورەکەن و هێزهەن سنوورەکانی بچوکدەکەنەوە. هیچ کۆمەڵگایەک نییە سەرتاپا دیموکراسی بێت، چونکە خودی ئەم تێگەیشتنە لە دیموکراسییەت، شایستەی پێکەنینە. دیموکراسییەت قۆناغێک نییە تیادا بگەیتە کۆتایی، بەڵکو پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامە و کۆمەڵێک ڕوخساری بنچینەیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام چەسپینی ئەو ڕوخسارانە کۆتایهێنان نییە بە پرۆسەی دیموکراسی. پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا، لەپاڵ ڕوکارە چەسپیوەکانیدا، نەبۆتە سیستمێکی داخراو، دیموکراسییەت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا دوایینایەت، وەک چۆن لەگەشەیەکی بەردەوامیشدا نییە، بەردەوام قابیلی شکست و نوشوستییە. لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئەڵمانیدا، دیموکراسییەت بە دەیان جەنگ و هەستانەوە و نووشوستدا تێپەڕیوە، ئەم جەنگە تائەمڕۆش بەردەوامە، دیموکراسییەت دەشێت دوای دەیان ساڵ لە دیکتاتۆرییەت بێت و بە خێرایی گەشەبکات و خۆی بچەسپێنێت، وەک چۆن ئەمڕۆ لەهەندێ لە وڵاتانی کۆنی بلۆکی کۆمۆنیستدا دەیبینین، دەشێت بە خێراییش بشکێت و بگەڕێتەوە و بکەوێتەوە ناو بەربەرییەت، وەک سەرکەوتنی فاشیزم و نازییەت لە ئەوروپای سییەکاندا. زۆر دووریش نەڕۆین لە ئەوروپای ئێستادا کەسانگەلی لەبابەت (یۆرگ هایدەر)، هەڕەشە نەوەک لە دیموکراسییەت دەکەن، بەڵکو هەڕەشە لە خودی چەمکە ئینسانییە سادەکان دەکەن. واتە دەشێت دیموکراسییەتێکی دێرین لە قۆناغێکدا نوشووستی بهێنێت و بە ماوەیەکی کورت هەڵگەڕێتەوە سەر فاشیزم و دیکتاتۆرییەتێکی بەدیش بەماوەیەکی کورت هەڵگەڕێتەوە و بتوانێت بنەما و سەرەتا گرنگەکانی دیموکراسییەت بچەسپێنێت.

ئەوەی لەم پرۆسەیەدا مەحەکە، دیموکراسییەتە لە کایەی سیاسییدا، واتە دروستکردنی سیستمێکی ئاڵوگۆڕو هێنان و لابردنی دەسەڵاتە، دەشێت دیموکراسییەت لەچەندین ڕوکاردا نەچەسپیبێت، دەشێت دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا دەیان فێڵ و تەڵەکە لە خودی دیموکراسییەت بکات، دەشێت ڕوکەشێکی دیموکراسی و جەوهەرێکی فاشستی کۆبکاتەوە، وەک تورکیا، دەشێت سیستمێکی دینی و هەندێ میکانیزمی ئیدارەی دیموکراسی لەیەکبدات، وەک ئێران، دەشێت ئازادی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ حوکمی سەربازیدا تێکەڵبکات، وەک پاکستان. بەڵام هەریەک لەم مۆدێلانە قسەی خۆی هەیە و بەشێوەی تایبەتی خۆی دەخوێنرێتەوە. بەڵام هیچ سیستمێک ناتوانێت بەبێ ئاڵوگۆڕی ئازادی دەسەڵات، بەبێ ملنان بۆ سندوقەکانی هەڵبژاردن ناوی

خۆی بنێت دیموکراسییەت. واتە دیموکراسییەت گەشەدەکات، لە کایەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەخزێتە ناو کایەیەکی تر، دەشێت لەهەموو جێگاکاندا و لە ناو هەموو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو یەک گەشە نەکات. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دیموکراسی سیاسی و شەفافییەت لە سیستمی زانیاریدا و شەفافییەت لە پەیوەندی یاسادا بە سیاسەتەوە مەرجی سەرەکی و سەرتایی هەموو دیموکراسییەتێکە، دەکرێت دیموکراسییەت لە سیستمی خوێندندا نوقسانی هەبێت، بڵێین، ئەم کێشەیە لەگەڵ زەمەن و بەگەشەی هۆشیاری پڕدەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی وڵاتێک لە شەڕی ناوخۆدا بژی، حیزبەکانی لەوسەری ئەوسەری دونیاش لەگەڵ یەکدا ڕێنەکەون، زمانی هەڕەشە و تەشهیر و جەنگ تاکە زمانی دیالۆگ بێت، هیچ کەس «جگە لەوانەی کە قازانجیان لە چاونووقاندندایە» ناتوانن بە دۆخی وا بڵێن دیموکراسی.

چارەنووسی دیموکراسییەت لە کوردستاندا بەستراوە بە چارەنووسی ئاشتییەوە. بەبێ ئاشتی ڕاستەقینە، قسەکردن لەسەر دیموکراسییەت سەفستەیەکی بێمانایە. کە وادەڵێم، مەبەستمە بڵێم: شەڕ یەکسانە بە نادیموکراسییەت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاشتی یەکسان نییە بە دیموکراسی، بەڵکو ئاشتی سەرەتا و مەرج و پێشخانی یەکەمی هەنگاونانە بۆ دیموکراسی. بەردەوامی جەنگ و بەردەوامی دابەشبوون، مانای ئەوەی لەکوردستاندا تا ئەمڕۆ جەنگ «نەوەک میکانیزمە دیموکراسییەکان» تاکە شێوەی بەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی حیزبە بەسەر ژیانی سیاسیدا. لێرەوە ئەو قسەیەی کە عەیبەکانی سیستمی سیاسی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ منداڵی و گەنجی سیستەمەکە، لە جەوهەردا گوتارێکی نادروست دەهێنێتە گۆڕێ، چونکە لە جەوهەردا دیموکراسییەت دەستپێنەکردووە تا ئێمە تەمەنی بپێوین. هۆکەش بە سادە و ساکاری ئەوەیە مەرجی سەرەتایی دیموکراسییەت دوورکەوتنەوەیە لە جەنگ و مۆنۆپۆڵکردنی سەرچاوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ملنانی تەواوە بۆ ئاشتی. بەڵام مێژووی چل ساڵەی حیزبە کوردییەکان پێماندەڵێت، شەڕ بەشێکی ئۆرگانی و ناوەندی بەرهەمهێنانی هەیمەنەی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبانەیە. واتە شەڕ ڕەگەزێکی تێپەڕ و ناوەخت نییە، بەشێک نییە لە تێکچوونی کاتی هەندێ لە هاوکێشە سیاسییەکان. بەڵکو بەشێکە حیزب ناتوانێت دەستبەرداری بێت، چونکە جەنگ تاکە بەڵگەی هێزی حیزب و تاکە کەرەستەی باڵادەستییەتی بەسەر کۆمەڵگادا. ئەو قسەیەش کە دەڵێت گوایە هەندێ ڕۆشنبیر دژی حیزبن، لە ڕاستیدا خاوەنی ئەو قسانە خۆیان لەوە دەدزنەوە، کە گفتوگۆ لەسەر جەوهەری کێشەکان بکەن، شتەکان لە سیاقی خۆیان دەردەهێنن و ئەوسا لەسەری دەدوێن، هیچ کەس دژی حیزب نییە بە موجەرەدی، واتە دژی حیزب بیت وەک حیزب، دەشێت ڕۆحت وادروستبووبێت نەچێتە ناو دیسپلینی حیزب و سیستمی فەرمان و سیستمی پروپاگەندەی حیزبەوە، بۆ نموونە من خۆم هەرگیز نەچوومەتە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە و لە داهاتووشدا دڵنیام کە ناچمە ناو هیچ حیزبێکەوە، بەڵام ئەوەی من دژی حیزبم بە موجەرەدی، دژی حیزب بم تەنیا لەبەرئەوەی حیزبە، ئەمە جگە لە قسەیەکی بێبناغە زیاتر هیچی تر نییە. ئەوەی من دژیم سیستمێکی دیاریکراوە لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لەناو حیزبە کوردییەکاندا گەورەبووە، سیستمێکە پڕە لە تەمتومانی ئایدۆلۆژی، پڕە لە توندوتیژی خوێناوی و لە تەسکبینی فیکری و حیزبکوێرییەکی خوازرا و لە دەمارگیری خێڵەکییەوە، کولتوورێکە تەنیا بەجەنگ هەیمەنەی سیاسی خۆی دەسەپێنێت، بە پاوانکردن و پاکسازی جوگرافی دەتوانێت حوکمبکات، قبووڵی هیچ هێزێکی گەورەی تر ناکات لەدەوری خۆی، بەڵام پێویستییەکی گەورەی بەهێزی بچوک بچوک هەیە، بۆ ئەوەی شانۆی دیموکراسییان لەگەڵدا سازبکات و دواتریش لە کاتی پێویستدا هەندێکیان بکاتە ئەو دوژمنە درێو و ناشیرینە، کە لەناوبردنیان ڕێگای مۆبیلیزەکردنی ئەندامان و وەفاداران و لایەنگرانی حیزبە... «ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە و بەردەوام دووبارەیدەکەمەوە، بوونی حیزبی بچوک پێداویستییەکی جەوهەرییە بۆ یارییەکانی حیزبی گەورە، واتە بوونی هەندێ حیزبی بچوک کەم و زۆر پەیوەندی بە دیموکراسییەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حیزبی بچوک دوو گەمە بۆ حیزبی گەورە سازدەکات، یەکەم گەمەی دۆست و ئەوی تریان گەمەی دوژمن، واتە لە کاتی پێویستدا حیزب دەنگیان وەکو دەنگی

زولاڵی دۆستان نیشاندەدات و ئەو ئیحایە دەداتە خۆی کە هێزێکە ڕەزامەندی هەموو هێزە سیاسییەکانی تری وەدەستهێناوە، لە کاتی دوژمنایەتیشدا وێنەی دوژمنیان لێدەتاشێت و بە کۆنترۆڵکردن و چاوترساندنیان هەیمەنەی سەربازی خۆی دوبارەدەکاتەوە کە مەرجی سەرەکی هەیمەنەی سیاسییەتی.»

٢ـ کە دەڵێین کەموکورتی دیموکراسییەتی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی ئەو دیموکراسییەتە، تەمەنی ئەزموونی دیموکراسی دەبەستینەوە بە تەمەنی ئەزمونی حوکمکردنەوە، واتە لەو ڕۆژەوە دیموکراسییەت دەپێوین کە حوکمڕان تیا هاتۆتە سەر کورسی دەسەڵات و حکومەت دەکات. لێرەدا مافی ئەوەمان هەیە بپرسین ئەی ئەو تەمەنە درێژەی خەبات بۆ دیموکراسییەت، چی بەسەردێت؟، ئەو قۆناغە درێژەی شەڕکردن لە ژێر ناوی دیموکراسییەتدا چی بەسەر دێت، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم هێزانە خەباتیان بۆ دیموکراسی کردوە، بەڵام نەیانزانیوە دیموکراسی چییە؟ ئایا ئەمە گاڵتەکردن نییە بە عەقڵ و مێژووی حیزبەکان خۆیان؟ ئەی ئەو مێژووە درێژە کە تەمەنی لە سەرووی نیوسەدەوەیە دەچێت بۆ کوێ؟

ئایا دەکرێت بڵێین قۆناغی خەبات بۆ دیموکراسییەت و ئەزموونی دیموکراسی لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتدا دەستپێدەکات. لە ڕاستیدا ئەمە نوکتەیەکی گەورەیە، چونکە بەم پێیە بێت، لەگەڵ گۆڕینی هەموو دەسەڵاتێکدا ئەزموونی دیموکراسی دەگەڕێتەوە سەر سفر و دەبێت لە سەرەتاوە دەستپێبکەینەوە. لە ڕاستیدا تەمەنی دیموکراسییەت بە تەمەنی دەسەڵات ناپێورێت، بەڵکو بەتەمەنی سیاسی حیزب و سەرۆک و کادیرەکانی دەپێورێت، چونکە دیموکراسیبوون لەو ڕۆژەوە حیسابناکرێت کە تۆ دەسەڵات وەردەگریت، بەڵکو لەو ڕۆژەوە حیسابدەکرێت کە تۆ بەناوی دیموکراسییەتەوە دەستدەکەیت بە خەباتی سیاسی. ئەگەر وردتریش قسەبکەین بەتەمەنی کۆی ئەزموونی دیموکراسی و خەبات بۆ دیموکراسی لەو ناوچەیەدا دەپێورێت. هیچ دەسەڵاتدارێکی دیموکرات و هیچ مرۆڤێکی دیموکراسی لە خۆیەوە دەستپێناکاتەوە، بەڵکو لە کۆی ئەزموونی دیموکراسی و لە کۆی مانا جەوهەرییەکانی دیموکراسییەوە دەستپێدەکات. لێرەوە گرێدانەوەی ماهییەتی دیموکراسییەت بە تەمەنی حوکمڕانییەوە، جگە لە خۆدزینەوەیەکی گەورە زیاتر هیچی تر نییە لە کۆی ئەو ئیلتیزاماتانەی دیموکراسییەت دەیسەپێنێت.

٣ـ کە تۆ دەڵێیت دیموکراسییەت پابەندی تەمەنی حوکمڕانییە، دەکەویتە هەڵەیەکی کوشندەوە، چونکە دەشێت تەواو بە پێچەوانەوە دەشێت دەسەڵات تا زیاتر ڕوو لە خۆسەقامگیری و نەگۆڕان و تەمەندرێژی و پیری بکات، نادیموکراتتر بێت. لەهەموو کۆمەڵگاکاندا دیموکراسییەت بە پلەی یەک خواست و ئامانج و دروشمی ئەو هێزانەیە کە پیر نەبوون و لە ناو پرۆسەی دەسەڵاتدا نەچوونەتە تەمەنەوە. چونکە دەسەڵات تا پیرتربێت، تا زیاتر بچێتە ساڵەوە، تا قەناعەتەکانی چەسپیوتربێت، تا کۆنترۆڵکردنی بۆ سیاسەت بەهێزتربێت، کەمتر دیموکراسی و کەمتر ئازادیخوازە.

بەڵام جگە لەم موفارەقە گەورەیە، دیوێکی کۆمیدی تری ئەم بەهانەتاشییە ئەوەیە کە ئەوەی لەبیرچۆتەوە، جەوهەری دیموکراسییەت ئەوەیە، کە ڕێگا نەدات دەسەڵاتی تەمەندرێژ دروستبێت، جەوهەری دیموکراسییەت ئەوەیە کە هیچ کەس لەسەر دەسەڵات کڕنەکەوێت.

ئەوەی کە دەڵێت: «هۆی نوقسانییەکانی ئێمە ئەوەیە کە چەند ساڵێکی کەمە دەسەڵاتمان گرتۆتە دەست»، ڕاستەوخۆ دەڵێت: «ئەگەر کۆمەڵێک ساڵی تر لەسەر حوکم بین و باشتر خۆمان بگرین ئەوا دیموکراسیتردەبین». خودی ئەم ڕستەیە گەورەترین شاهید و گەواهی ئەوەیە کە خاوەنی ئەم مەنتیقە عەقڵێکی نامۆیە بە دیموکراسییەت و بەهەزار فەرسەخ لە دیموکراسییەتەوە دوورە، عەقڵێکە زمانحاڵی دەڵێت: «من نۆ ساڵە لە دەسەڵاتدام، بەڵام ئەم ماوەیە بۆ من زۆر کەمە و بەشمناکات، ئەگەر دوو نۆ ساڵی تر لەدەسەڵاتدابم ئەوکات دیموکراسیتر دەبم». لێرەدا پێویستە بەم پیاوە «زۆر دیموکراسە!!» بڵێین، بەڵام بەڕێز وەزیفەی دیموکراسییەت ئەوەیە کە تۆ نەتوانی بەبێ وەگەڕخستنی تەواوی هەموو مافە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان بیست و هەشت ساڵ لەسەر حوکم چاوەڕوانت بکەین، بزانین دەبیت بە دیموکراسی یان نا، دیموکراسی ئەوەیە میللەت لە دوو ساڵەوە تا چوار ساڵ

بداتە حیزبێکی سیاسی و دواتر ببینێت چەند دیموکراسییە؟ کە تۆ بیست و هەشت ساڵ لەسەر حوکم بوویت، ئەوکات تۆ و درێوترین دیکتاتۆرەکان جیاوازیتان چییە؟ ئەو گوتارە هێند ناکۆکە منداڵێکی ساواش ناکۆکییەکانی دەبینێت، ئەو دەڵێت «لەسەرم بوەستن، تا من باشتر خۆم دەگرم و خۆم دەچەسپێنم، کە خۆم چەسپان دەبم بە دیموکراسی»، بەڵام خودی دیموکراسییەت ئەوەیە تۆ خۆت نەچەسپێنی، سیستمی خۆچەسپاندنی دەسەڵاتێکی سیاسی، واتا سیستمێکی نادیموکراسی، کە تۆ خۆت چەسپان و لەدەسەڵاتدا پیربویت، مانای دیموکراتی نیت. دیموکراسیەت ئەوەیە لەهەموو وێستگەیەکدا، لەبەردەم هەموو کێشەیەکدا، تۆ ئامادەگیت تیابێت، حوکمڕانی خۆت بخەیتەوە بەر تاقیکردنەوەوە. ئامادەگیت تیابێت، درێژەدان و درێژەنەدانی دەسەڵاتی خۆت بدەیتە دەست خەڵک و ئەوانیش لە سیستمێکی سیاسی تەواو ئازادا ئەو بڕیارەبدەن کە ئایا تۆ بۆت هەیە، تەمەنی دەسەڵاتت درێژبیت، یان نا. دیموکراسییەت ئەوە نییە تۆ خۆت بڕیار لەسەر کورت و درێژی تەمەنی خۆت بدەیت، بەڵکو ئەوەیە، خەڵک بڕیار لەسەر ئەو کورت و درێژییە بدات. بەداخەوە ئەم دیدە، تەواو هەمان ئەو گوتارە تەواودەکات، کە دەڵێت: «ئێمە بۆیە هاتووین تابمێنینەوە». هەڵگری ئەم دوو گوتارە هەردووکیان سوورن لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی فەرمانڕەوایی لەسەر حیسابی دیموکراسییەتی ئێستا. دیموکراسییەت ئەوەیە تۆ لە ڕێگای دیموکراسییەوە بمێنیتەوە. نەوەک لە ڕێگای وەعدی دیموکراسییەوە بۆ داهاتووی دوور، ئەوەیە تۆ ئێستا دیموکراسی بیت، نەوەک بەیانی.

من بۆخۆم باوەڕی تەواوم هەیە کە پارتی و یەکێتی دوو هێزی سیاسین، کە لە ئێستا و داهاتووشدا مێژووی ئێمە دروستدەکەن لە داهاتووی نزیکیشدا لە دایکبوونی هیچ هێزێکی سێهەم لە ئاسۆکاندا نابینم. لەم ڕەوتەدا هەر هەڵەیەک کە لەم دو حیزبەدا دەچەسپێت دەرەنجامی کوشندەی لەسەر پاشەڕۆژی هەموو نەتەوە هەیە، باوەڕیشم وایە، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەلات و دیموکراسییەتدا لە هەردوو ئەم حیزبەدا بە ڕێگایەکدا دەڕوات کە تەواو قابیلی پیاچوونەوەیە. من ڕامولیە دەبێت وشەی دیموکراسی لەهەردووک ئەم دوو مۆدێلە بکەینەوە تا خودی ئەم وشەیە نەبێتە ئەو سەرمایە ڕەمزییەی دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی کوردستان دەچەسپێنێت. سەرەتای هەنگاونان بۆ دیموکراسییەت ئەوەیە ئەمڕۆ کوردستان یەکبگرێتەوە. ئەوەیە هەنگاوبنێین بۆ کۆمەڵگایەک کە شتەکان بە دروست و ڕوونی دەخاتە ڕوو، کۆمەڵگایەک ژیانی سیاسی و فیکری شفافییەتی هەبێت. شێواندنی وێنەی دیموکراسییەت، گەورەترین زیان لە کورد خۆی دەدات. بەگەڕخستنی کولتووری جەنگ و کولتووری قەدەغەکردن و کولتووری گڵۆپی سوورو کولتووری ئیتهامکردن و تەعنکردنی نیشتیمانپەروەری یەکتر، بەهانەیەکە هەموو ڕژێمەکانی دەوروبەر دژی ڕۆشنبیرانی ناوچەکە و دژی کورد خۆی بەکاریانهێناوە، ئەوەی دەوێت لەسەر هەمان تەوەر یاریبکات، دەبێت چاوی لەچارەنووسی ئەو ئەزمونانە بێت. ئەوەی دەڵێت، کە لە ئەمریکا حیزبی کۆمۆنیست قەدەغەکراوە، جا با ئێمەش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری قەدەغەبکەین، یەکێکە دەیەوێت لە دەرگا ناشیرین و ڕەشەکەوە بچێتە ناو مێژوو، من بەو برایە دەڵێم، ئایا ئەم مەنتیقە کورد سوودی لێدەبینێت یان دوژمنانی؟ ئایا ئەمە بەهانە نادانە ڕژێمگەلێکی وەک تورکیا و بەعس بڵێن، لە ئەمریکا هێندە سوورەکان قڕانکراون با ئێمەش کورد قڕانبکەین. بڵێن لە ئەڵمانیا جووەکان سوتێنراون با ئێمەش بیانسوتێنین. ئایا بەڕاست ئێمە تامەزرۆی دووبارەکردنەوەی بەشە ڕەشەکەی مێژووی میللەتانی ترین، یان دەمانەوێت جۆرە مێژوویەکی تر لەو ناوچەیەدا بەرقەراربێت کە ئێمەش تیایدا وەک نەتەوەیەکی ئازاد بژین. ئەگەر ئەو نووسەرە ئازیزانە بەدوای نموونەی ناشیرینیدا دەگەڕێن لە مێژووی دیموکراسی ئەوروپی و لە مڕۆی ئەو دیموکراسییەتەدا، ئەوا نموونە زۆر زۆرە، بەڵام ئەوەی گرنگە نەچەسپینی ئەو دیوە ناشیرینانەیە وەک ماناگەلی دیموکراسییەت. دەکرێت بەناوی دیموکراسییەتەوە هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ڕووبەرەکانی دیموکراسییەتدا بهێنیت، بەڵام ئاخۆ ئەمە دیموکراسییەت دروستدەکات؟ گەورەترین مەترسی لە سەر دیموکراسییەت لە ئێستادا ئەو پێناسە شێواوانەیە کە بۆ دیموکراسییەت دەکرێت، لەم بوارەشدا هەندێ قەڵەم ڕۆڵێکی

ترسناکدەبین لە دروستکردنی مانایەکدا بۆ دیموکراسییەت کە بکرێت لە سایەیدا هەموو دیموکراسییەتێک پێشێلبکرێت. گەورەترین خەتەر لەسەر دیموکراسییەت بێماناکردنێتی، گۆڕینێتی بۆ وشەیەکی ئینشایی بێناوەڕۆک کە هیچ کەس نەزانێت دروست چی دەگەیێنێت، بۆ وشەیەک کە تەنیا سەروتاری ڕۆژنامە و خوتبەکانی پێبڕازێنرێتەوە.

دوا هەواڵی شێواندن بیدعەی تێکدانی مانای دیموکراسییەت، ئەو ڕستەیەیە کە یەکێک لە نووسەران لە پێناسەکردنیدا بۆ دیموکراسییەت نووسیویە و دەڵێت: «دیموکراسییەت ماف نییە». مرۆڤایەتی لە زەمانی یۆنانەوە هەوڵدەدات چەمکی دیموکراسییەت بە مافەوە گرێبدات، هەموو فەیلەسوفەکانی بیری سیاسی لە کۆنەوە تا ئێستا لە پەیوەندی جیانەکراوەی چەمکی ماف و چەمکی دیموکراسییەت قسەدەکەن. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستانێکدا کە لە هەر شوێنێکی تری دونیا زیاتر پێویستی بە گرێدانەوەی چەمکی مافە بە چەمکی دیموکراسییەتەوە؛ دەنگێک کە نوقمی تەسکبینی سیاسی و حیزبییە بەرزدەبێتەوە و دەیەوێت ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئۆرگانییە بپچڕێت، کە زیانی هەرە گەورەی ئەم پچڕاندنە لەسەر سبەینێی کورد خۆیەتی لەبەردەم داگیرکەرانیدا. هەوڵدان بۆ ترازاندنی چەمکی ماف لە چەمکی دیموکراسییەت تەنیا هەڵەیەکی تیۆری نییە کە نووسەرێک لە وتارێکدا تێیکەوتووە، بەڵکو سیاسەتێکی گشتی و ڕۆژانەیە. چونکە ئامادەبوونی سیستمێکی دیاریکراوی ماف، ڕێگرە لە بەردەم هێزی گەورەدا «هۆی گەورەییەکەی هەرچییەک بێت» مافی هێزە بچوکەکان و مرۆڤە سادەکان و دەنگە پەراوێزەکان پێشێلبکات. ئەوەی دەڵێت «دیموکراسییەت ماف نییە» بێئاگایی خۆی تەعبیر لە ڕۆحی نادیموکراسی ئەم قۆناغەی ئەمڕۆمان دەکات، چونکە تەنیا لە ژینگەیەکدا کە دیموکراسییەت و ماف لەیەکدی ترازێندراون، تەنیا لە ژینگەیەکی وادا جەنگی بێڕەحمانەی سیاسی و ئابووری دژی یەک، جەنگی چەکدا و مەوسمی دژ بە هێزە بچوکەکان دۆخێکی ئاسایی وەردەگرێت و شۆکێکی سیاسی و ئەخلاقی دروستناکات.

دواجار دەبێت ئێمە دڵنیابین، مان و نەمانی ئێمە لەو ناوچەیەدا گرێدراوە بە مانا جەوهەری و ڕاستەقینەکانی دیموکراسییەتەوە، نەوەک بەمانا کارتۆنی و کلێشەییەکانییەوە، لێرەدا هەرەسی دیموکراسییەت لەم ئەزموونەی ئێستادا هەرەسی مانای بزاوتی ڕزگاری نەتەوایەتی ئێمەشە. سبەی هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێت لە کوردستانێکی دیکتاتۆرەوە، داوای دیموکراسییەت بۆ عێراق بکات... لێرەوە گاڵتەکردن بە وشەی دیموکراسییەت و ملبادانی بە جۆرێک لەگەڵ قازانجە وەختی و کاتییەکانی حیزبدا بگونجێت لە قووڵایی و جەوهەردا یاریکردنە بە مان و بوونی کورد لەو ناوچەیەدا.

# ڕۆشنبیران لە نێوان بەرهەمهێنانی مەعریفە و کۆکردنەوەی ئیمزادا

مەریوان وریا قانیع

## ڕۆشنبیر کێیە؟

لە هەموو لێدوانێکدا لەسەر ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا پێویستە پێشوەخت مەبەست و بۆچوونمان سەبارەت بە چەمکی ڕۆشنبیر ڕوونکەینەوە. گەر ئەم چەمکە بە وردی دەستنیشاننەکەین و مانا جیاوازەکانی تاووتوێنەکەین، ئەوکات نازانین باسی چی و کێ و کام هێز و سیاقی مێژوویی ئەکەین. ڕاستە هەموو پێناسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە خیانەت لەو بابەتەی کە پێناسیدەکات، چونکە هیچ پێناسێک ناتوانێت کۆی ئاڵۆزییەکانی ئەو دیاردەیە نیشاندات کە دەخوازێت پێناسیکات، بەڵام پێناسکردن وەک زۆر لایەنی تری کاری مەنهەجی ناچارییەکە و ناتوانین دەستبەرداری بین.

وەک سەرەتا لەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەوە دەستپێدەکەم، کە ناکرێت پێناسێکی جێگیر و هەمیشەییمان بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر هەبێت، پێناسێکی میعیاری کە بۆ هەموو کات و سات و هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بشێت. بە سەهووداچوونێکی گەورەیە پێمانوابێت دەتوانین ماناکانی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە، دەستنیشانکەین. ڕۆشنبیران بە حوکمی ئەوەی لە قۆناغی جیاجیادا ئەرکی جیاجیایان لەسەرە، بۆیە لە بەردەمی هەلومەرجە مێژوویە جیاجیاکانیشدا مانای جیاواز دەگرنەخۆ. بۆ نموونە ڕۆشنبیرێک کە لە بەردەم پرسیاری داگیرکردنی ئایندا بۆ ژیان وەستابێت و فەتوای ئاینی بەرهەمهێنی هەقیقەت بێت، ئەرکێکی لەسەرە جیاواز لە ئەرکی ڕۆشنبیرێک کە لە بەردەم پرسیاری داگیرکردنی تەکنیکدا بۆ ژیان ڕاوەستابێت و عەقڵانییەت لە پەلاماردانی بنکە ڕۆحییەکانی ژیاندا بێت. ڕۆشنبیرێک لە سەرزەمینێکدا بژی حیزب تێیدا ماناکانی نیشتیمان و نەتەوە و هاووڵاتیبوون دەستنیشانکات، حیزب خاوەنی ئابووری و میدیا و لەشکر بێت، حیزب بۆ کۆمەڵگا و لەباتی کۆمەڵگا و لەسەرەوەی کۆمەڵگا بدوێت، جیایە لە ئەرکی ڕۆشنبیرێکی دیکە کە لەبەردەم دەوڵەتێکی دیموکراسی خۆشنوودگەرادابێ و خودی کۆمەڵگا خۆشی خاوەنی ئیرادە و هێزێکی گەورەی لێپرسینەوە و چاودێریکردن و تەعبیر و پیادەکردنی گۆڕانکارییبێت. ئەرکی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا تێیدا هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرکردەیەکی سیاسی، یان مەکتەبی سیاسی حیزبێک، یان لەدەستی خێزان و بنەماڵەیەکی دیاریکراودا کۆکرابێتەوە، جیاوازە لەئەرکی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاکرابنەوە و یاسا و دەزگای یاسایی سەروەربێت و کۆمەڵگا توانای لێپرسینەوە و چاودێری هێزە سیاسییەکانی هەبێت. ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا سایکۆلۆژیای دیکتاتۆرێک لە شوێنی یاسا کاربکات، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار دەبێتەوە جیاواز لەوەی لە وڵاتێکدا بژی دەستوور حوکمی بکات. لە وڵاتێکدا کە کارمەندبوون لە دەزگا گشتییەکاندا پرنسیپەکانی هاوڵاتیبوون و لێزانی و چالاکبوون بیانبات بەڕێوە، ڕۆشنبیران ئەرکێکیان لەسەرە جیاواز لەوەی لە وڵاتێکدا ئینتیمای حیزبی تێیدا سەرچاوەی دابەشکردنی کارە گشتییەکان و بەرەوپێشەوەچوونی وەزیفی بێت. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەرکی ڕۆشنبیر لە ناوەندێکی فیکری و ڕۆشنبیریدا کە تاڕادەیەکی زۆر چۆڵەوانییەکی گەورە بێت و فیکر لە غیابی مەنهەج و غیابی دەزگای زانستی و غیابی کۆمەڵێک

بەها و نۆرم و تەکنیکی کارکردنی زانستییانەی جیدیدا بژی، زۆر جیاوازە لە ئەرکی ڕۆشنبیر لە ناوەندێکی دیکەدا کە دەیەها دەزگای لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و نووسین و بەرهەمهێنانی مەعریفی و فیکری هەبێت و خودی کایە ڕۆشنبیرییەکانیش هەڵگری زەخیرەیەکی مەنهەجی و فەلسەفی و زانستی گەورەبن.

وەک دەبینین ناکرێت و لە ڕاستیدا هەڵەشە بەشێوەیەکی ڕەها پێناسی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین. بەڵام وەک گووتمان بۆئەوەی بتوانین قسە لەسەر ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین ناچارین پێناسێکمان هەبێت، پێناسێک لەگەڵ ڕۆحی ئەم ساتەوەختەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمەدا بگونجێت. دەڵێم لەگەڵ ڕۆحی ئەم ساتەوەختەی ئێستادا، چونکە بەبۆچوونی من ماناکانی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە ئێستای گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگای ئێمەدا هەمان ئەو پێناسەیە نابێت کە لە شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا بۆ ڕۆشنبیرمان هەبووە، قۆناغی دوای ڕاپەڕین و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کوردی قۆناغێکە لەڕووی نەوعییەوە جیاوازە لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین و خەباتی چەکدار، لە یەکەمیاندا حەماسەت یاسای سەرەکییە و لە دووەمیاندا عەقلانییەت، بێگومان زۆر جیاوازی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی دیکەش هەن کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نین. بەهەرحاڵ نەبوونی پێناس وادەکات نەتوانین سنووری ئەو دیاردانە دەستنیشانکەین کە دەمانەوێت لەسەریان بدوێین، کە ئەمەشمان نەکرد دەکەوینە ناو تێکەڵ و پێکەڵییەکی بێبڕانە و هەمەلایەنەوە کە هەر قسەکردن و گوفتارێک لەناویدا بێمانا دەردەچێت، بۆ نموونە گەر پێناسێکمان بۆ ڕۆشنبیر نەبوو، ئەوکات مەلەوانێک و ڕۆشنبیرێکمان لێدەبێت بەیەک و بەم بەسەهووداچوونە گەورەیەش هەم سەر لە خۆی و هەم سەر لە خوێنەران و هەم سەر لەو کۆمەڵگایەش دەشێوێنیت کە دەخوازێت تاک و گروهە جیاجیاکانی ناو هەناوی خۆی و ئەرکەکانیان بناسێت و بەم ناسینەشی ئەگەر و سنوورەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی خۆی بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانبکات. بۆ خۆلادان لەم بێسەروبەرییە مەعریفییە با سەرنج لەم چەند خاڵەی خوارەوە بدەین:

سەرەتا من چەمکی ڕۆشنبیر لە چەمکی خوێندەوار جیادەکەمەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ ئەوە نییە پێمناوابێت یەکێکیان لەویدیکەیان باشتر یان گرنگتربێت، بۆ نموونە پێموابێت ڕۆشنبیران لە خوێندەواران گرنگترن یان بەپێچەوانەوە. نا مەسەلەکە مەسەلەی مەنهەجە و وابەستەی ئەو دیدە سۆسیۆلۆژییەیە کە دەخوازێت سنووری گروهەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگایەک بە یەکدی تێکەڵنەکرێت و لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بشێت بتوانین قسە لەسەر هێزە جیاجیاکان بکەین. بێگومان ڕۆشنبیران بە تەنها خوێندەوارانی ڕۆژگاری خۆیان نیین، بەڵکو لەیەککاتدا خوێندەوار و شتێکی دیکەشن. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، مەبەست لەم بۆچوونە ئەوە نییە واینیشاندەین ڕۆشنبیران زیرەکتر، ووشیارتر یان هەر ترێکی دیکەن لە پەیوەندیاندا بە خوێندەوارانەوە؛ نا ئێمە لێرەدا کە باس لە ڕۆشنبیر دەکەین باس لە هەموو خوێندەواران ناکەین، بەڵکو لەسەر جۆرێکی تایبەتی خوێندەوار دەدوێین کە بە ڕۆشنبیر ناونووسیدەکەین. دەشێت ئێمە کەسێکمان هەبێت زۆر خوێندەواربێت، بەڵام ڕۆشنبیر نەبێت، واتە نەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو پێناسەوە ئێمە بۆ ڕۆشنبری دەکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین قسە لە ڕۆشنبیر بکەین بەبێ بوونی خوێندەوارییەکی پتەو. ئەم جیاکارییە گرنگە نە لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیران لە خوێندەواران گرنگتر یان پێویسترن، هەروەها مەسەلەکە مەسەلەی باشتربوون یان خراپتربوون نییە، مەسەلە مەسەلەی جیاکردنەوەی هێزە جیاجیاکان و ئەرکە جیاجیاکان و پێناسە جیاجیاکانە لە یەکدی، مەسەلە مەسەلەی توانای شیکارگەری کۆمەڵایەتی و ناونانی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگایە هەرکەس بەپێی شوێن و جێ و مانای خۆی. ئێمە ناتوانین هەموو قەڵەمبەدەستێک بە ڕۆشنبیر نانووسکەین، چونکە گەر ئەمەمان کرد ئەوکات چەمکی ڕۆشنبیر ئەوەندە بەرفراواندەبێت کە هیچ نرخێکی ئیجرائی و مەنهەجییانەی نامێنێتەوە و بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی هیچ مانایەکی سۆسیۆلۆژی و فەرهەنگی نابێت. بۆیە من لێرەدا ڕۆشنبیران بەو

گروهە تایبەتە پێناسەدەکەم کە کاریان بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی مەنهەجی و ڕەخنەییانەیە لەڕێگای بەگەڕخستنێکی ڕەخنەگرانەی عەقڵ و فانتازیایەکی پشتئەستوور بە دەسکەوتە گەورەکانی عەقڵ. خاڵی هەرە سەرەکی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە ناتوانین تەنانەت بەوانەش کە عەقڵ بەتەنها بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە بەکاردەهێنن بڵێین ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر لەم پێناسەدا ئەو کەسەیە کە عەقڵ بەشێوەیەکی ڕەخنەیی بەکاردەهێنێت، ڕەخنەییبوونی عەقڵ مەرجێکی بنەڕەتی و سەرەکی ڕۆشنبیربوونە. گەر ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونکەینەوە دەکرێت بڵێین ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە عەقڵ وەک چالاکییەکی گومانکەر بەکاردەهێنێت، وەک پەلاماردەرێکی بەردەوام بۆ سەر پایە تەقلیدی و نا دیموکراتی و ناجیدییەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت، وەک تێکشکێنەری تەرزە باوەکانی چێژ و ئیستاتیکا، وەک ڕەخنەگرێکی سەرسەختی دەسەڵات و شێوازەکانی کارکردنی دیسپلینئامێزانەی دەسەڵات، وەک داواکەرێکی دادپەروەری یەکسانی نێوان نێر و مێ، هتد... بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە با سەرنجێک لەم نموونەیە بدەین:

کەسێکمان هەیە بەرنامەی حیزبێکی سیاسی دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگ بباتەوە؛ ئەم بەرنامەیەش وا دادەڕێژێت ئەو حیزبە بتوانێت کاربکاتە سەر دەنگدەران و وایانلێبکات دەنگ بۆ حیزب و لایەنەکانی دیکە نەدەن. بێگومان ئەم کەسە لە دانانی ئەم بەرنامەیەدا چەندەها حیساباتی عەقڵیی ورد دەکات و سەیری فاکتەرە جیاوازەکانی بردنەوە، لە سایکۆلۆژیاوە بۆ سۆسیۆلۆژیا و لە فانتازیاوە بۆ عەقڵ و چەندەها شتی دیکەش دەکات. بەڵام بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە ناکرێت ئەوکەسە بە ڕۆشنبیر ناوببەین و ناشتوانین ئەو ڕۆڵەش کە دەیبینێت بە ڕۆڵێکی ڕۆشنبیرانە بدەینە قەڵەم. بەڵام کەسێکی دی کە ئەرکی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەو بەرنامەیە دەگرێتە ئەستۆی و لەدیدێکی ڕەخنەییەوە سەیری خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو بەرنامەیە، سەیری ڕەهەندە تاریک و ڕووناکەکانی و سەیری دەرەنجامەکانی بۆسەر ژیانی تاک و گروهەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات، ئەو کەسە دەشێت بە ڕۆشنبیر ناوببەین و ئەو ڕۆڵەشی دەیبینێت بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر ناوزەدکەین. بێگومان مەبەست لەم جیاکارییە ئەوە نییە ئەنجامگیری بکەین و بڵێین کەسی یەکەمیان، کەسی بەرنامەداڕێژ، کەسێکی گرنگ نییە و کۆمەڵگا پێویستییەکی زۆری پێنییە، بەڵام کەسی ڕۆشنبیر گرنگە و کۆمەڵگا بێئەو ناژی. بەپێچەوانەوە کەسی یەکەمیان، کە دەشێت ناویبنێین لێزان، واتە خەبیر، کەسێکە گرنگییەکی گەورەی هەیە و ڕۆڵ و توانا و کارەکانی لەزۆر ڕووەوە لە ڕادەبەدەر گرنگن، بەڵام گرنگییەکانی ئەم کەسە جیاوازن لە گرنگییەکانی ڕۆشنبیر، دەڵێم جیاواز ناڵێم باشتر، ڕۆشنبیر لەم سیاقەدا ماناو ئەرک و ڕۆڵی تری هەیە کە جیاوازە لە مانا و ڕۆڵ و ئەرکی لێزانێکی بەرنامەداڕێژ. بەکورتی دەبێت خوێندەوار لە لێزان و هەردوکیشان لە ڕۆشنبیر جیاکەینەوە. ئەمانە سێ گروهی جیاوازن و لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە تێکەڵیانکەین.

محەمەد ئارکۆن دەڵێت، ناکرێت قسە لە ڕۆشنبیر بکەین بەبێ ئیرادەی پراکتیکردنی مەنهەجە ڕەخنەییەکان بەسەر هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیان و بووندا، لە دیاردە سیاسییەکانەوە بیگرە بۆ ئاین، لە ئەدەبەوە بۆ میدیای هاوچەرخ ، لە شێوازی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ خوێندنەوەی پێکهاتە کولتووری و سیمبولی و ڕۆحییەکانی کۆمەڵگا. مەرجی ڕەخنەییبوون و مەرجی ئامادەگی و توانای پراکتیککردنی مەنهەجە ڕەخنەییەکان لەسەر هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، مەرجێکی سەرەکی ڕۆشنبیربوونە. ئەم ئامادەگی و توانا مەنهەجییەیە، بۆ نموونە، ڕۆشنبیر لە زانایەکی ئاینی جیادەکاتەوە. ڕۆشنبیر ئامادەیە مەنهەجە ڕەخنەییە کۆن و تازەکانی فیکری بەشەری بەسەر هەموو دیاردەیەکدا پراکتیک کات و نیشانیدات کە لە بەردەمی زانست و مەنهەجی زانستیدا هیچ حەرامێک بوونی نییە. لە بەراوردکردنیدا بە زانایەکی ئاینی، ڕۆشنبیر، سڵ لەوە ناکاتەوە پێمانبڵێت لە پشتی هەموو موقەدەسێکەوە پرۆژە و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێمانبڵێت ئاین بە پلەی یەکەم پرۆژەیەکی سەرزەمینی و کۆمەڵایەتییە، ئینجا زادەی هەوڵی ئینسانە بۆ ڕێکخستنێکی کۆسمۆلۆژیی و بەخشینی سیستمێک بە بوون. جیاوازی ڕۆشنبیر لەگەڵ زانایەکی

ئاینیدا لەم خاڵانەدایە. زانا ئاینییەکان، کە بێگومان دەشێت خوێندەواری گەورەبن، نەک نایانەوێت مەنهەجە ڕەخنەییە تازەکان لە خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکاندا بەکاربهێنن، بەڵکو بەهیچ جۆرێک هیچ پرسیارێک ڕووبەڕووی پیرۆزی دەقەکانیش ناکەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆشنبیر بە پرسیاری ڕەخنەییەوە دەچێتە سەرزەمینی دەقە پیرۆزەکانەوە.

هەرلێرەدا و لە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و زانا ئاینییەکاندا واباشە پێ لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی دیکە داگرین، ئەویش هەڵەی بەیەکدی شوبهاندنی ڕۆشنبیران و مەلا ئاینییەکانە. لە کوردستاندا مەلاکان لە ڕۆژگارێکی تایبەتدا بەشێوەیەکی گشتی هەم خوێندەواران و هەم ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێمە بوون و ئەوانەبوون دەستنیشانی ئەوەیان کردوە هەقیقەت چییە و کامەیە. بەڵام ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگایەکی تەواو جیادا دەژین و تێکەڵکردنی ئەم دوو گروهە یان شوبهاندنی ڕۆڵی یەکێکیان بە ئەویدیکەیان، یاخود وێناکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە ئێستادا لە سەر مۆدێلی ئەو ڕۆڵەی کە مەلاکان لە قۆناغەکانی پێشتردا بینیویانە، کارێکی ناڕاستە و لەڕووی مەنهەجی و فیکری و زانستییەوە هەڵەیە. وێناکردنی ڕۆشنبیر وەک «مەلایەکی تازە» یان «مەلایەکی هاوچەرخ» هەڵەیەکی مەنهەجی و سۆسیۆلۆژی گەورەیە. ڕۆشنبیران، بەو مانایەی لە سەرەوە بە چەمکی ڕۆشنبیرمان دا، گروهێکی تازەن و لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەرهەمی قۆناغی ئاڵۆزبوونی هەرچی زیاتری کۆمەڵگای ئێمە و بەرفراوانبوونی خوێندەواری و دروستبوونی گروهی جیاجیای خاوەن قەڵەم و خاوەن کاری نەک جەستەیی، بەڵکو فیکرین. لەڕووی فەلسەفیشەوە ڕۆشنبیران هەڵگری هەقیقەت نین وەک مەلاکانی جاران هەڵگری بوون و ئەم دوو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە لەناو دوو سیستمی جیاوازی تەماشاکردنی هەقیقەت و بەرهەمهێنانی مانادا ئامادەن. گەر مەلا ئاینییەکان وەڵامی هەموو شتێکیان لابووبێ و دەربارەی هەموو مەسەلەیەک ڕاو بۆچوونی تایبەتیان هەبووبێت و ئەم ڕاو بۆچوونانەشیان وەک هەقیقەتێکی موتڵەق پێشنیارکردبێت، ئەوا ڕۆشنبیران ئەو گروهەن کە زەمینەی بەرهەمهێنانی مانای جیاواز خۆشدەکەن و لەدەرەوەی هەقیقەتی موتڵەق و تیورەی تاقە ڕاستییەوە قسەدەکەن. لە کاتێکدا مەلاکان هەم نە خشەی ئەم دنیا و هەم نەخشەی ئەو دنیایان پێبووە، ڕۆشنبیران ئەو گروهەن کە هەڵگری هیچ نەخشەیەکی ئایدیۆلۆژی نین، تاقە نەخشەیەک بتوانن بەردەوام بەرگری لێبکەن نەخشەی جوگرافیا ئاڵۆزەکانی ڕەخنەیە.

کەواتە ئەو هێڵە گشتییەی کە دەشێت مانا و ئەرک و کارەکانی ڕۆشنبیری لەم قۆناغە تایبەتەی گەشەکردنی کۆمەڵگای ئێمەدا پێ دیاریکەین، ئەو دیدە ڕەخنەییە، کە لەئێستادا بەرامبەر دنیا و دیاردە و ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە هەیەتی. بەم مانایە ڕۆشنبیر هەڵگری مەعریفەیەکی نوێیە، مەعریفەیەک پشتئەستوورە بە مەنهەجی زانستی، بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ئەو دنیا کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، بەنیشاندانی ڕووە تاریک و ناشیرینەکانی واقیع و گەڕان بەدوای ئەو ئەگەرە نادیارانەشدا کە دەشێت واقیع وەک بوونێکی ناوەکی هەڵگریبێت. ڕۆشنبیر کەسێکە هەڵگری ووشیارییەک کە پێیدەڵێت واقیع بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوە و ناسین و گۆڕان و تازەکردنەوە هەیە، تازەگەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و فیکرییە کە دەخوازێت پانتاییەکانی بەردەمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی گەورە و گەورەتر کاتەوە. گەر ئێمە ڕۆشنبیر بەم مانایە ببینین و بەم مانایە لە واقیعی خۆماندا بەدوایدا بگەڕێین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە لە هەژارییەکی فیکری و ڕۆشنبیریی گەورەدا ئەژین، ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چ لەناو حیزب و چ لەدەرەوەی حیزبدا غیابێکی ترسناکی ڕۆحییەتی مەنهەجی و عەقڵی و ڕەخنەیی لەئارادایە. گەر دڵڕەقانەتر قسەبکەم دەتوانم بڵێم واقیعی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر واقیعێکە بێ ڕۆشنبیر، واقیعێکە چەندەها دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ڕەوشتی و سایکۆلۆژی جیاجیا و ئاڵۆز بەرهەمدەهێنێت، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەناو پرۆسەیەکی گەورەی نەخوێندنەوەدا بەجێهێڵراون. لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەی زاڵە خوێندنەوەی دنیای بەردەمی سیاسەت و کۆمەڵگا و هێزەکان نییە، ئەوەی هەیە ڕۆچوونێکی مەعریفی نییە بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگا و سیاسەت و کێشەی تاک و گروهەکانی ئێمە، بەڵکو ڕستێکی درێژە لە تۆمەت و گومان و ترس لە هەر تەماشاکردنێکی جیدییانەی واقیع و

مێژوو و دیاردەکان. لە دنیای ئێمەدا و لە پەیوەندیدا بە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییەوە گوتارێکی ئیعلامی باڵادەستە کە یەکەم دنیا لە دیدی حیزبەکانەوە دەبینێت، دووهەم هەموو هەوڵێکی دەرەوەی حیزب لە دەلاقەی بیرۆکەی لەگەڵ یان دژی مندا تەماشادەکات، سێیەمیش هەموو کار و پرۆژە و هەڵوێستێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بەسەر ئەو ململانێ سیاسیانەدا دابەشدەکات کە ئەمرۆکە لە کوردستاندا لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا لەئارادایە. لە دنیای ئێمەدا سیاسەت و ئیعلام لێناگەڕێن فیکر بدوێت. بەمەش غیابی مەعریفەیەکی ڕاستەقینە، غیابی مەنهەج و غیابی زەخیرەیەکی فیکریی گەورەی ڕەخنەیی، کە سیفەتی هەرە سەرەکی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەیە کە کۆمەڵگای ئێمە تێیدا دەژی، بەردەوام بەرهەمدەهێنرێتەوە و پایەداردەکرێت. لە زانکۆکاندا، لە مزگەوتەکاندا، لە ناو حیزبەکاندا بەردەوام خوێندەواری بێفیکر دروستدەبێت. خوێندەوارێک بێ چەمک و بێ دەزگای فیکریی و بێ دەوڵەمەندییەکی مەنهەجی کە بتوانێت لەڕێیەوە دنیا و دیاردەکان بخوێنێتەوە. هەموو ئەمانەش لە ڕۆژگارێکدا سەرلەبەری ڕەهەندەکانی بوونی مێژوویی ئێمە بۆ خوێندنەوەیەکی مەعریفی و مەنهەجی ڕاستەقینە دەقریشکێن.

وەک دەبینین کێشەکە بە پلەی یەکەم لەوەدایە کە ئێمە ڕۆشنبیرییەکمان نییە بتوانێت لەسەر کۆمەڵگا و دیاردە ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵگا قسەبکات، ڕۆشنبیرییەکمان نییە لەدەرەوەی گوتاری حەماسەت، گوتاری تەبریرهێناوە، گوتاری تاوانبارکردن، گوتاری ڕەخنەیەکی جنێوئامێز، گوتاری دووبارەکردنەوەی دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان و گوتاری یەکسانکردنی فیکر بە ڕاگەیاندن، گوتاری موهاتەراتی سیاسی، گوتاری گوناهبارکردن، کاربکات. بۆیە بە باوەڕی من ئەرکی یەکەم ئەوەیە کە سەرەتا گوتارێکی ڕەخنەییمان دەربارەی کایەی ڕۆشنبیریی خۆی هەبێت، گوتارێک تێیدا یەکسانکردنی فیکر بە ئینشانووسین، بێبایەخکردنی مەنهەج، نەبوونی پۆلێن و بەسووکگرتنی فیکر لەناوببات.

من لێرەدا و لەپەیوەندیدا بەم بەشەی باسەکەمەوە تەنها پێنج گوتار باسدەکەم کە دەشێت ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی بکرێنەوە.

گوتاری یەکەمیان، گوتاری بەردەوام دابەشکردنی دەسەڵات و کۆتایی ڕاگەیاندنی کاریزمایە، ئیدی چ کاریزمای تاکەکەسی، یان ئەو کاریزمایەی، وەک ماکس ڤێبەر دەڵێت، بووە بە ڕۆتین و لە سەرۆکەوە گواستراوەتەوە بۆ خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی سەرۆک، یان بۆ ئەو گروهە بچوکەی لەپاڵ سەرۆکدا سەرکردایەتی حیزب دەکات. بێگومان ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکە بەبێ ئەکتیڤکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی حیزب و بەبێ هێنانەکایەی هەلومەرجێکی سیاسی، فەرهەنگی، سایکۆلۆژی کە تێیدا میکانیزمەکانی ترساندن، گوناهبارکردن، مۆنۆپۆلیزەکردن، بە موتڵەقکردن تا ڕادەیەکی زۆر لاوازکرابێت، کارێکی مەحاڵە.

گوتاری دووەمیشیان، گوتاری جیاوازییە. گوتاری جیاوازی گوتارێکە پێشنیاری سیاسەتێکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی هەقیقەت دەکات و کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تاک هەقیقەتییەوە دەکاتە کۆمەڵگایەکی فرەهەقیقەت. لەم گوتارەدا هەقیقەت لە پێدراوێکی پێشینەوە دەگواسترێتەوە بۆ بەرەنجامی گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، هەقیقەت شتێک نابێت سەپێنراو لەلایەن ئیرادەی دەسەڵات و ئیرادەی نوخبە باڵادەستەکانەوە، بەڵکو دواهەمین دەرەنجامی ئیرادەی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان دەبێت. بێگومان کاتێک هێزێک لە هێزەکان، جا چ هێزێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی بێت، دەبێتە هەڵگری پرۆژەی بەڕەهاکردنی (بەموتڵەقکردن) هەقیقەتە سیاسییەکان و هەقیقەتە فیکرییەکان و هەقیقەتە ئاینییەکان و هەقیقەتە ئەخلاقییەکان، لەوکاتەدا ئێمە لەبەردەم پرۆژەیەکداین کە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو چەندەها شەڕی ڕانەگەیەنراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە ئەبات، کە جگە لە وێرانە هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە.

سێیەمین گوتار، گوتاری بەرگریکردنە لە کۆمەڵگا لەبەرامبەر حیزب و سەرکردەکانی حیزب و ئەو لەشکرە لە سیاسی جۆراوجۆردا کە مەوقیعی حیزب و مەوقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان لە کۆمەڵگا و قازانجی گشتی کۆمەڵگا بەگرنگتر دەزانن. بێگومان ئەم گوتاری بەرگریکردنە لە کۆمەڵگا گوتاری جنێوفرۆشی و موهاتەراتی سیاسی نییە، بەڵکو گوتاری بەخشینی قوورساییەکی تایبەتە بە کۆمەڵگا و کردنەوەی دەرگاکانی سیاسەت و دەسەڵاتە لەبەردەم کۆمەڵگادا بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا، لەهەمانکاتدا ئەم گوتارە دەبێت گوتاری بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و بەرقەراری عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن لە پەیوەندییەکی یەکسانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک بێت.

گوتاری چوارەم، گوتاری سەرلەنوێ بنیادنانەوەی یادەوەری و پێشنیارکردن و بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی دیکەی بیرچوونەوە و بیرهێنانەوەیە. چی وەبیربهێنینەوە و چی لەبیربکەین یەکێک لە گرنگترین پرسیارە ڕۆشنبیرییەکانی ئێستای کوردستانە. ئەمڕۆکە نەوەیەک لە کوردستاندا لە دروستبووندایە ناتوانێت لەسەر یادەوەری حیزبەکان بژی، ئەم نەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەعس ناناسێت و دەساڵی دەسەڵاتی کوردیش وێنەیەکی ئاشکرای خودکوژیی نەتەوەیی و ململانێی بەرتەسک و شەڕ و پێکدادانی هێزە کوردییەکانی پێبەخشیوە. کۆچیش وێنەی بەهەشتێکی وونی بۆ دروستکردوە کە سەرەتا و کۆتایی ئەو بەهەشتە لە هەرشوێنێکدابێت ئەوا لە کوردستاندا نییە. زەحمەتە ئەم نەوەیە لە ڕێگای «مەجدەکانی» ناو ڕابردووی حیزبەوە بهێنرێتە ناو کاری کۆمەڵایەتی و بنیادنانی ئایندەوە، بەپێچەوانەوە ئەم نەوەیە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەک هەیە ڕوو لە ئایندە بێت و موژدە و بەڵێنی واقیعیانەی پێبدات. بەکورتی ئەم نەوەیە پێویستی بە سیاسەتێکی نوێی بنیادنانەوەی یادەوەری (زاکیرە) هەیە کە تێیدا «ئایندەدۆستی» بچێتە شوێنی «ڕابووردوپەرستی».

گوتاری پێنجەم بریتییە لە گوتاری شیکردنەوە و خوێندنەوەی بونیادە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی خۆی. لێرەدا ڕۆشنبیران پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی گوتار هەیە، پێویستیان بە ئاشکراکردنی ستراتیژەکانی بێدەنگکردن، هەڵاوردن، بە پەراوێزکردن، حەرامکردن و باڵادەستکردن هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە پێویستییەکی حەیاتی بە کرانەوەیەکی بەردەوامی سنوورەکانی خۆیەتی بەسەر دەسکەوتە فیکری و مەنهەجییە جیاجیاکانی فیکری بەشەریدا.

## ڕۆشنبیران و خوێندەواران و هەقیقەت

لە ڕاستیدا ناکرێت لە قسەکردنماندا لەسەر ڕۆشنبیران لە کوردستاندا قسە لەو گروهە بەرفراوانەی خوێندەواران نەکەین کە لەناو دەزگا جیاجیاکاندا کاردەکەن، جا چ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بێت یاخود دەزگاکانی حیزب. مەبەستم لەوانەش ئەو ژمارە زۆرەی خوێندەوارانە کە لەناو ئەو دەزگایانەدا کاری فیکری یان کارگێڕی یان دەزگایی دەکەن. وەک پێشتریش گووتم من ئەم گروهە بە ڕۆشنبیران ناونانێم و پێموایە ئەم گروهە ئەرکی دیکە و پەیامی دیکەیان هەیە جیا لە ئەرک و پەیامی ڕۆشنبیران. باڵام قورسایی سۆسیۆلۆژی ئەم گروهە لە قورسایی ڕۆشنبیران گەورەترە و لەڕووی عەمەلییەوە ئەم گروهە لە دوای سیاسییەکانەوە لە هەمووان زیاتر کاریگەریان لەسەر واقیعی کوردی هەیە، چونکە ئەمانەن دەزگاکانیان لەبەردەمدایە و لەناو دەزگاکانیشدا دەستنیشانی ئەوە ئەکەن چی بگوترێت، چی بنوسرێت، چی فێربکرێت، چۆن بنووسرێت، چۆن فێربکرێت، کێ فێرکەربێت، کێ لابرێت و چی فێرنەکرێت... بێگومان قورسایی کۆمەڵایەتی ئەمانە و کاریگەرییەکانیان لەوەدا نییە ئایا ئەو کارانەی جێبەجێیدەکەن چەند داهێنەرانە و چەند سەربەخۆ و

چەند دەوڵەمەندکەری ڕۆحییەتی ڕەخنەییانەی ئینسانی ئێمەن. بەپێچەوانەوە قورسایی ئەمانە لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگا کاردەکەن و فۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتیشی پێدەبەخشن. کێشەکەش لەوەدایە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو ئەو دەزگایانەدا جۆرێکی تایبەت لە ئینسان بەرهەمدەهێنرێت کە لەسەر قبووڵکردنی ملکەچی و ناڕەخنەییبوون و بێخەیاڵی و بێخەونی ڕاهێنراون. ئەم دەزگایانە تا ڕادەیەکی زۆر کارخانەی بەرهەمهێنانی گوێڕایەڵی و ترس و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی کاریزمی و دەسەڵاتی باوکانە و نایەکسانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک و لەهەمووشیان خراپتر بەرهەمهێنانەوەی سیستمی تاکڕەهەندی هەقیقەتن. ئەمە جگە لەوەی ئەم دەزگایانە بەشێکی گەورەی ڕۆحییەتی ڕەخنەیی دەکوژن و دیوارێکی گەورە لەنێوان ڕۆشنبیرییەکی جیدی و خەڵکدا دروستدەکەن، دابڕانێک کە ڕێگرە لەبەردەم هەر پرۆژەیەکی نوێکردنەوەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگادا.

ئەو چوارچێوە گشتییەی لە کوردستاندا فیکر و ڕۆشنبیریی لە هەناویدا کاردەکەن و ئامادەن، چوارچێوەی داڕشتن و دروستکردن و بنیادنانی حیزبە بۆ کۆمەڵگا. لە کوردستاندا، وەک لە زۆر بەشی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە کۆمەڵگا نییە کە حیزب و دەوڵەت دروستدەکات و فۆرمێکی تایبەت و میکانیزمێکی دیاریکراوی بڕیاردان و گەشەکردن و لێپرسینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەردا دەسەپێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوە حیزبە لەسەرەوەڕا دەستنیشانی ئەوەدەکات، کام هێز چ ڕۆڵێک و کام کەس چ مافێک و کام ناوچە چ پرۆژەیەک و کام ڕۆشنبیر چ پلەیەک و کام ڕۆژنامە چ پەیامێک و کام دەزگا چ ئەرکێک، بەڕێوە ببات. کێشەکەش لەوەدایە حیزب مامەڵەیەکی ئینتیقائی، لەگەڵ کۆمەڵگا و کەرتە کۆمەڵایەتییەکان و هێزەکانی ناویدا دەکات. ئەم مامەڵەیەشی تا ئەم قۆناغی ئەمڕۆمان لەسەر بنەمای قازانجە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و ستراتیژێکی نەتەوەیی هاوبەش نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی حیزب و نوخبە حاکمەکەی ناویەتی. لەم مۆدێلەدا کۆمەڵگا و هەندەسە کۆمەڵایەتییەکەی ڕاستەوخۆ لە لایەن حیزبەوە و لەسەرەوەڕا دادەڕێژرێت. ئەم داڕشتنەش داڕشتنێکی گشتگیرە، چەند ژیانی کرێکاران دەگرێتەوە بەهەمان ئەندازەش ژیانی ڕۆشنبیران دەگرێتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ژیانی خوێندەواران کە حیزب تاقە کڕیارێکی ئەو بەرهەمانایە کە ئەوان ئەتوانن بەرهەمیبهێنن. لێرەوە حیزب تا ڕادەیەکی زۆر پاناتاییەکی دەرەکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە ئینسان بتوانێت تێیدا بەسەربەخۆیی لە حیزب بژی و بدوێ و بنووسێت. بێگومان لەهەمووشوێنێکدا پەراوێز هەر هەیە و هەر هەبووە، هیچ مێژوویەک نییە بێ پەراوێز و هیچ هێزێک نییە بتوانێت هەموو فەزای دەرەوەی خۆی سەد دەر سەد کۆنترۆڵ و دیسپلین کات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هێزی ئەم پەراوێزانە بەو ڕادەیە نیین جەوهەری ئەو میکانزمانەی سەرەوەیان بۆ بگۆڕدرێت.

سیستمی هەقیقەت لە کوردستاندا سیستمێکی حیزبییە، ئەوەی هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت حیزبە نەک کۆمەڵگا، ئەوەی ماناکان ئاراستەدەکات حیزبە نەک هێزە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە ڕۆشنبیران لە کوردستاندا بەشێک نین لە سیستمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت، ڕۆشنبیران بەشدارنین لە دروستکردنی هەقیقەتە سیاسییەکاندا، ئەو هەقیقەتە سیاسییانەی تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی زۆربەی هەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش دەستنیشاندەکەن. نەک هەر ڕۆشنبیران بەڵکو خوێندەوارانیش بەشدارنین لە بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا، کاری خوێندەواران سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەقیقەتە پێشتر بەرهەمهێنراوەکانە. ئەوان مەسەلەی بڵاوکردنەوە و پیادەکردنی یاسا و جەبرەکانی ئەو هەقیقەتانەیان لەسەرشانە کە بۆیان بەرهەمهاتووە. لە کوردستان سیاسییەکان هەقیقەت دروستدەکەن و کۆمەڵگا ناچار بە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی ئەو هەقیقەتانە دەکەن. بەشێکی گەورەی کێشەکەش لەوەدایە سیاسەت کە هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت ئەوکات هەموو کۆمەڵگا لەپاڵ خەتی ئەو هەقیقەتەدا ڕیزدەکات و ناونیشانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە گوێرەی دوور و نزیکی هێزەکان لەو هەقیقەتەوە دابەشدەکات. خوێندەوارانیش کە حیزب بەتەواوی جڵەویکردون بەمدیوئەودیوی خەتەکانی ئەو هەقیقەتە سیاسییەدا بەشیاندەکات، ئەم خوێندەوارانە

بەهۆی ئەوەی کە هیچ ئامرازێکی سەربەخۆبوونی کۆمەڵایەتییان لەدەرەوەی حیزبدا بۆ نەماوەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە سەربەخۆیی ئابووری، بۆیە ناچار تەسلیم بەو هەقیقەتانە دەبن، یان لانیکەم لە بەشێکی گەورەی لایەنە ترسناکەکانی ئەو هەقیقەتانە بێدەگدەبن. بەم کارەش بەهێزترین هێزی سۆسیۆلۆژی دوای سیاسییەکان دەردەکرێتە دەرەوەی سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی. لێرەوە بەبێ دوودڵی دەکرێت بڵێین: شوێنی بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە کوردستاندا ناو ژووری داخراوی کۆبوونەوە سیاسییەکانە، نەک فەزای گشتی و کراوەی کۆمەڵگا خۆی، بڕیاردەر و بەرهەمهێنەرەکانی هەقیقەت سەرکردە سیاسییەکان و پیاوانی ڕیزی یەکەمی حیزبن، نەک هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.

## لە حەماسەتەوە بۆ ڕەخنە

خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێت لە پەیوەندی نێوان حیزب و ڕۆشنبیراندا لێیبدوێین، مەسەلەی کۆتاییهێنانە بە قۆناغی حەماسەت و قۆناغی پاساوهێنانەوەی ڕۆشنبیریی بۆ دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە دزێوەکان. کاتی ئەوە هاتووە هەموو ئەو بۆچوونانەی ڕۆژگارێکی درێژە لەژێر ناونیشانی ئەوەی ئێستا کاتی ڕەخنە نییە و با ڕەخنە هەڵگرین بۆ قۆناغی دوای چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ داگیرکەراندا و با دان بەخۆماندابگرین و بێدەنگبین، بدرێتە بەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە و قووڵ و تەماحە کۆمەڵایەتییەکانی پشتی ئەو جۆرە بۆچوونانە ئاشکراکرێن.

ئەم وەهمە سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە کە داوای هەڵگرتنی ڕەخنە دەکات بۆ ئایندەیەک کەس نازانێت کەی و چۆن و بەچ شێوەیەک دێت، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە تێکشکان و تەفکیکردن هەیە. ئازادی پرۆژەیەکە ناکرێت تەئجیلکرێت، سەرکەوتن پرۆسەیەکە هەنگاو بە هەنگا و خشت لەسەرخشت بنیادئەنرێت. ئێمە چۆن سەرکەوتن بەدەستبهێنین لە کاتێکدا واقیعێکمان دروستکردبێت تێیدا ئیرادەی ئینسانی ئێمە و بوونی نەتەوەییمان و بوونی هەر ئیجماعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری تێیدا وێرانکرابێت. چۆن ناکۆکی سەرەکیمان لەگەڵ داگیرکەراندا چارەسەر بکەین گەر ئێمە ئیرادەی چارەسەرکردنی بچوکترین ناکۆکی ناوخۆییمان نەبێت. نیشتیمانێک کە پارچە پارچە کرابێت و ئینسانێک کە مەحکومکرابێت بە گەمەی هەڵبژاردن و دانەپاڵی هەریەکێک لەو پارچانە و ئازادی جوڵە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ڕاستەوخۆ بەو دابەشکردنە بچووکانەوە بەسترابێتەوە، ئینسانێک حیزب نانی نەداتێ بمرێ و حیزب داینەمەزرێنێ بێئیش بێ و حیزب خۆشی نەوێت هەتیوکەوێت، چۆن دەتوانێت پرۆژەی ئازادی بێت.

ئەو ئینسانەی بخوازێت بەشداریکەری دامەزراندنی سەرزەمینی ئازادی بێت، ئینسانێکە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، ئیرادەیەک حیزب داگیر و بەشبەش و ئیفلیجی نەکردبێت. بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە خەڵک نەبن بە ئەندامی حیزبەکان و بۆ حیزب ئیشنەکەن، نا من هەرگیز ئەم بۆچوونە ناسەلمێنم، ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا جەغدی لەسەربکەم، مەسەلەی بەرگریکردنە لە فەزایەکی گشتی ئازاد کە هیچ هێزێک بۆی نەبێت مۆنۆپۆلیزەی بکات، فەزایەک تێیدا ئازادی دەرەنجامی گفتوگۆ و بڕیاری عەقڵانی و هەڵبژاردنی ئیرادەگەرانەبێت، نەک مەسەلەیەک حیزب وابزانێت بە دیاری بەخشیویەتی بە کۆمەڵگا.

**ڕۆشنبیر و کاریگەرییەکانی**

با سەرەتا ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە دەنگی ڕۆشنبیران کاتێک لە کۆمەڵگادا دەبیسترێت کە لانیکەم لەو کۆمەڵگایەدا دوو مەرجی سەرەکی ئامادەبێت:
یەکەمیان: بڕیاری سیاسی کراوەبێت بەڕووی دنیای دەرەوەدا، واتە بڕیاری سیاسی تەنها لەناو ژووره داخراوەکاندا و بەدابڕاوی لە کۆمەڵگا بەرهەمنەهێنرێت و بکرێت لەدەرەوەڕا کاری تێبکرێت.
دووهەمیان: ڕایگشتی بوونی هەبێت و کەناڵەکانی کارکردنە سەر ئەم ڕایەش کراوەبێت.
لەڕاستیدا ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیر دەپارێزێت و هەلی ئامادەبوون و کاریگەربوونی پێدەبەخشێت ئەو دوو مەرجەی سەرەوەن، کە ڕایگشتی کوژرا لەگەڵیدا یەکەمین شتێک کە دەکوژرێت دەسەڵاتی ڕۆشنبیرانە، کە سیاسەت لە ژووره داخراوەکاندا بەرهەمهات ئەوکات نەک ڕۆشنبیران، بەڵکو هیچ هێزێکی دیکە کاریگەری نامێنێت. بەڵام داخۆ ئەو میکانیزمانە چین کە لە ڕێیانەوە ڕایگشتی دەکوژرێت و سیاسەت لە ژووره داخراوەکاندا نیشتەجێدەکات. من لێرەدا دەمەوێت تەنها هێما بە چەند میکانیزمێک بکەم:
یەکەم: میکانیزمی ترساندنی تاک و گروهەکانی ناو کۆمەڵگا.
دووەم: مۆنۆپۆلێزەی ئابووری و دەستگرتن بەسەر بژێوی کۆمەڵگادا، یاخود کردنی کۆمەڵگا بە فەرمانبەر لای حیزب.
سێیەم: مۆنۆپۆلیزەی میدیا و ئامرازەکانی دیکەی تەعبیرکردنی کۆمەڵگا لەخۆی.
چوارەم: بوونی لەشکرێک لە ڕۆشنبیرانی گەمۆکە، یان لەعابە، کە هەم خۆیان یاریان پێدەکرێت و هەم ئەوانیش یاری بەهەمووشتێک دەکەن، (ڕۆشنبیری گەمۆکە چەمکێکە لە بیریاری ئەمریکی «چۆمسکی»یەوە وەرگیراوە). ئەم لەشکرە گەمەکەر و گەمەپێکراوە دەبنەهۆی کوشتنی هەموو پرسیارێکی جیدی و بێنرخکردنی هەموو مەسەلەیەکی ڕاستەقینە، بەجۆرێک کە کاری ئەمانە وادەکات ڕایگشتی بێبەشبێت لەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەی کە دەشێت یاریدەدەری ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگبێت.
کێشەی سەرەکی واقیعی ئێمە لە پەیوەندیدا بە ڕۆشنبیرانەوە چەندە کێشەی بوون یان نەبوونی ڕۆشنبیرانە بەو مانایەی لە سەرەوە باسمکرد، لە هەمانکاتیشدا کێشەی شوێن و جێ و کاریگەری ڕۆشنبیرانە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی و لەناو کۆمەڵگای سیاسی کوردیدا بە تایبەتی. یەکێک لە کێشە گەورەکانی واقیعی ئێمە لە ئێستادا لەوەدایە کە ئێمە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان نییە ڕۆشنبیریی و فیکر یەکێک لە بناغەکانی بنیادنانی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆی بێت. ڕۆشنبیریی لەدنیای ئێمەدا لەناو پرۆگرامی هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا جێنشین نییە. کۆمەڵگای سیاسی ئێمە بەتەنها داخراو نییە بەڕووی ڕۆشنبیراندا، بەڵکو داخراوە بەڕووی ڕۆشنبیریشدا. لە هەندێک شوێن و جێ و ناوەندی دیاریکراودا ڕۆشنبیران هەن، بەڵام ئەو واقیعە سیاسییەی لەناویدان داوای پرۆژەی ڕۆشنبیریان لێناکات، بەڵکو داوای بوونی ئەوان دەکەن وەک تاکەکەس لە پاڵ یان لە ناو حیزبدا. حیزب دەخوازێت ڕۆشنبیران جێیەکیان هەبێت لەناو دەزگاکانی خۆیدا، یاخود لەناو ئەو مۆدێلانەدا کە حیزب دەیەوێت دروستیانکات. حیزب دەخوازێت ڕۆشنبیران لەناو خەریتەکانی ئەودا بتوێنەوە و مەسافەیەکی ڕەخنەیی نەهێڵنەوە لە نێوان خۆیان و ئەو خەریتە و مۆدێلانەدا کە حیزب هەڵگریەتی. لەڕاستیدا حیزب دەیەوێت ڕۆشنبیران ببنە نووسخەیەکی کاربۆنی و فۆتۆکۆپییەکی خراپی سیاسییەکان. بەڵام هەمووان دەزانین ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی مەحاڵە و سیاسی و ڕۆشنبیر ناکرێت ببن بە یەک، بەدەر لەم ویستەی حیزب جیاوازی گەورە لەنێوان کەسی سیاسی و کەسی ڕۆشنبیردا هەیە، وەک چۆن جیاوازی گەورە لە نێوان ئەرکی هەریەکێکیشیاندا هەیە. سیاسی ئینسانێکە ئەرکی سەرەکی ئەو کارکردنە لەنێو خەڵکدا بەمەبستی ڕێکخستن و مۆبیلێزەکردن و ڕاکێشانی خەڵک بەلایخۆیدا، بەڵام کاری ڕۆشنبیر بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە ئیشکردن لەنا و بیر و مەنهەج و تیۆرە جیاجیاکاندا. سیاسی بەدوای ئەودا

ناگەڕێت داخۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەڕووی مەعریفی و مەنهەجی و فەلسەفییەوە ڕاستە یان نا، ئەو بە پلەی یەکەم تەماشای ئەوە دەکات داخۆ چەند هێز و لایەنی کۆمەلایەتی و خەڵکانی خاوەن نفوز و دەسەلات پشتگیریی لەو بیرۆکەیە دەکەن، لە کاتێکدا مەسەلەی سەرەکی لای ڕۆشنبیر مەسەلەی ڕاستی یان ناڕاستی بیر و ئایدیا و مەنهەجەکانە بێئەوەی بیر لەوەبکاتەوە چەندکەس پشتگیری ئەو بیر، ئایدیا یان مەنهەجی کارکردنە دەکات. بێگومان ئەم دەستنیشانکردنانە بەهیچشێوەیەک دەستنیشانکردنێکی ڕەها نین و لە واقیعدا، چونکی زۆر سیاسی هەن کە مەیلی ڕۆشنبیری و زۆر ڕۆشنبیریش هەن کە مەیلی سیاسیان هەیە، ئەمەی لێرەدا من باسیدەکەم هەوڵدانی لێکدیجیاکردنەوەی دوو گروهی سۆسیۆلۆژی و دوو ڕۆڵی کۆمەلایەتی جیاوازن کە کۆمەڵگا هەردوکیانی تا سەر ئێسقان پێویستە.

ئەرکی سیاسی بریتییە لە هێمنکردنەوە و دڵنیاکردنی خەڵک، ئەو دێت تاپێمان بڵێت مادامەکی ئەو ئامادەیە و دەسەلاتدارە، کەواتە دونیا و پەیوەندییەکان و کۆمەڵگا لە بەرەوباشچووندان. بەلام ڕۆڵی ڕۆشنبیر چاندنی گومانە بەرامبەر ئەو ئارامییەی سیاسییەکان پێمان ئەدەن، بەتایبەتی لە ولاتێکدا کە بەردەوام لەسەر لێواری شەڕی ناوخۆ وەستابێت. ئەڵبەتە ئەم بۆچوونە هەوڵدانی دابڕان دوورخستنەوەی خەڵک نییە لە حیزب، لێکدانەوەیەک کە دەشێت لۆژیکی حیزب و حیزبایەتی بۆ ئەم قسانەی منی بکەن، نا ئەم ووشانە هەوڵدانی هێنانەکایەی ووشیارییەکە کە نەهێڵێت دەسەلات بە خراپی و بە شێوەیەکی وێرانکەر بەکاربهێنرێت. چەند خەڵک ووشیار و ڕەخنەیی بێت، چەند ڕۆشنبیران بەگومانبن، ئەوەندە چۆنایەتی کاری سیاسی و شێوازی کارکردنی سیاسییەکان جیدیتر و لێپرسراوانەترو لەوێشەوە باشتر دەبێت. لێرەوەیە من پێموایە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ڕۆشنبیر چاندنی گومانە لەهەموو ئەو شوێنانەدا کە وادیارە شوێنی گومان نین. بۆ نموونە لەکاتێکدا ئوسوڵییەکی دینی مەزهەبەکەی بە سەرزەمینی دواهەمین یەقین تێدەگات و سیاسییەکیش بەرنامەی حیزبەکەی بە دواهەمین ئامرازی ئازادیی دەزانێت، دروست لەوکاتەدا ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە گومان لە هەردوکیان بکات و فەزایەکی کراوەتر لەبەردەمی هەقیقەت و ئازادیدا بکاتەوە. لەکاتێکدا شێوەیەکی نووسین، تەرزێکی دیاریکراوی ئیستاتیکا و چێژێکی تایبەت لە چێژەکان خۆیان بەدواهەمین و تاقە تەرز و تاقە چێژ دەزانن، کاری ڕۆشنبیر بەرگریکردنە لە کۆتایی نەهاتنی شێوازەکانی تەعبیر و جۆرەکانی چێژ و سنوورەکانی ئیستاتیکا. بە کورتی وەک نووسەری ئیتالی (ئەنتۆنیۆ تابووشی) دەڵێت، لەکاتێکدا زاناکانی ئاین و دیکتاتۆرەکان و هەموو ئەوانەش کە باوەڕیان بە فیکرێکی شمولی هەیە و پڕوپاگەندە بۆ بوونی کەماڵ دەکەن، لەوکاتەدا کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە گومان لە شمولییەت و لە بوونی کەماڵ بکات. لەسەرێکی دیکەشەوە ڕۆشنبیر خۆی چەندە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مانایە بە هەمانئەندازەش سەرقاڵی هێنانەکایەی هەلومەرجێکی کراوەی بەرهەمهێنانی ماناشە. ماناکان دەگۆڕێن، ئەوەی دەبێت بەردەوام نەگۆڕبێت بەرهەمهێنانی بارودۆخێکە کە هەمیشە مانای تازەی تێدا بەرهەمبهێنرێت، بارودۆخێک هیچ کەسێک و هیچ لایەنێک بەناوی هیچ هەقیقەتێکی ڕەهاوە نەتوانێت مۆنۆپۆلیزەی بکات.

جێیخۆیەتی لێرەدا لەو ڕاستییە بدوێین کە لە ڕۆژئاوای سەدەی نۆزدەهەمدا دەستەواژەی ڕۆشنبیران لە کۆتایی سەدەکەدا وەک جنێو وابووە، لەو ڕۆژگارەدا کەس نەیویستووە بە ڕۆشنبیر ناوببرێت، چونکە ڕۆشنبیر بەو کەسە گوتراوە کە هیچ پەیوەستبوونێکی کۆمەلایەتی نەبووە. لەو ڕۆژگارەدا ڕۆشنبیر وەک ناو و ناتۆرە وابووە و بەو کەسانە گوتراوە کە بانگێشەی ئەوەیان کردووە دەیانەوێت گرفتە گەورە و ئاڵۆزەکانی دنیا لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە چارەسەربکەن. ئەمانە بەناوی هەقیقەت، پێشکەوتن و دەسەلاتی عەقڵەوە قسەیانکردوە و پێشیان وابووە ئەوەی بەناوی ئەم مەسەلانەوە قسەبکات کەسیدی ناچەوسێنێتەوە و ڕەگەزپەرستی و هەلاوێردنی کۆمەلایەتی و ئیدانەکردنی ئەتنی و ئاینی و نەتەوەیی بەشێکنابێت لە هەڵسوکەوت و تێفکرین و تێڕامانی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسێک لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە بۆ چارەسەری مەسەلەکان هەوڵبدات، نەک لە ڕوانگەی قازانجی تاکەکەسی یان دەستەیی بەرتەسکەوە، ڕێدەگرێت لەوەی دەسەلات بەشێوەیەکی

خراپ بەکاربهێنرێت. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران پرنسیپەکانی پێشکەوتن، عەقڵانییەت و هەقیقەتیان بە نیشتیمانێکی نەتەوەییەوە نەبەستۆتەوە و پێیانوابووە ئەم پرنسیپانە پرنسیپی گەردونین و ناکرێت بەناوی نیشتیمان و نەتەوە و سوود و قازانجە تایبەتەکانەوە پشتگوێخرێن بۆیە تۆمەتی یەکەم کە درابێتە پاڵیان، تۆمەتی خیانەت بووە لە نیشتیمان.

فەیلەسوفی هۆڵەندی (لۆلێ ناوتە) لەم ڕووەوە دەڵێت: «ڕۆشنبیران هەر لەسەرەتاوە بەوە تاوانبارکراون کە نیشتمانی خۆیان خۆشناوێت». سەرەتای ئەم تۆمەتەش دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی داکۆکیکردنی (ئەمیل زۆلا) و چەند ڕۆشنبیرێکی دیکەی فەرەنسی لەو ئەفسەرە جولەکەیەی گوایە خیانەتی لە نەتەوەی فەرەنسی کردوە. (ئەمیل زۆلا) و هاوڕێکانی بەرگرییەکی سەرسەختیان لەو ئەفسەرە کردوە لەکاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای فەرەنسی ئەو ئەفسەرەیان بە خائین و ناپاک داوەتە قەڵەم. مانا ئیجابییەکانی دەستەواژەی ڕۆشنبیران زۆر دواتر دروستدەبێت و تا وای لێدێت لە گەشەی خۆیدا بەومانایانە گەیشتوە کە ڕۆشنبیرانی بە ڕزگارکەر شوبهاندوە. بێگومان ڕۆشنبیران نە ڕزگارکەرن و نە دەشتوانن ڕۆڵی ڕزگارکەر ببینن، ئەوەی کە دەبێت ڕزگارکەربێت خودی کۆمەڵگا خۆیەتی. ڕۆشنبیران لە باشترین دۆخدا دەربڕی ویژدانی کۆمەڵاییەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراون و وەک سارتەر دەڵێت، خۆیان بەوشتانەوە خەریکدەکەن کە پەیوەندی بەوانەوە نییە.

بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەمان هەمیشە لەبەرچاوبێت کە ڕۆشنبیر دەرزیی یان لوقاح یان دەرمانێکی دیاریکراوی دژی خیانەت، دژی دیکتاتۆرییەت، دژی ئوسوڵییەت، دژی فەسادی ئیداری، دژی بێقانونی، دژی چەوساندنەوە و کوشتنی ئافرەتان، دژی ناهەقی دەرهەق بە منداڵان و پیران، دژی پەیوەندی ناهاوسەنگی نێوان نێر و مێ، دژی کاریزما، دژی ڕۆحییەتی خێڵ، دژی بەحیزبیکردنی دەزگا گشتییەکان، دژ بە بەشبەشکردنی نەتەوە، پێ نییە. ڕۆشنبیر، وەک ڕێجیس دۆبرێە دەڵێت، سەدایەکە یان لەباشترین حاڵەتدا هاوارێکە دەشێت ببیسرێت و دەشێت نەشبیسرێت. ڕەنگە گرنگترین جیاوازی نێوان کۆمەڵگا جیاجیاکان لەوەدابێت هەندێک کۆمەڵگا هاواری ڕۆشنبیران دەبیستن و هەندێکی دیکەیان هیچ مەرجێکی بیستنی ئەو هاوارانەیان تێدا نییە.

لەدنیای ئێمەدا کۆمەڵێک وەهمی دیاریکراو بەرامبەر کاری ڕۆشنبیر و هەڵوێستی ڕۆشنبیران لەئارادان، کەمنین ئەوانەی دەخوازن ڕۆشنبیران بەردەوام لەناو هەموو بۆنە و ڕووداو و ئاهەنگ و تازیەیەکدا ئامادەبن. گەر بۆشیان بکرێت ئەرکەکانی پۆلیس، پاراستن، دابینکردنی موچە و پشوو و خۆشگوزەرانیش دەخەنە سەرشانی ئەوان. ئەم ئامادەبوونە گشتگیرەش بەجۆرێک لە شۆڕشگێڕییەتی و ئیلتیزام لەقەڵەمئەدرێت و داوا لە هەمووان دەکرێت هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە بە کۆی ئەو مەسەلانەوە سەرقاڵبێت. بەبۆچوونی من ڕۆشنبیر مەحکوم نییە بەوەی بەردەوام و بیست وچوار سەعات لە ڕۆژێکدا هەڵوێستی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەی هەبێت بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگایەکدا ڕوودەدەن. هیچکەسێک ناتوانێت خاوەنی ئەم هەموو هەڵوێست و ئامادەگییە گشتگیرەبێت و لەهەمانکاتیشدا ڕۆشنبیربێت. من لێرەدا لەگەڵ دۆبریە دەڵێم: «ڕۆشنبیر ئەبێت لەژوورەکەی خۆیدا دانیشێت و کاربکات. تەنها لەوکاتانەدا بێتە دەرەوە کە شار خەریکە ئاگری تێبەردەبێت. کاتێک شتە هەرە جەوهەرییەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە». بێگومان من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ڕۆشنبیر نابێت هەڵوێستی هەبێت و نابێت بەشداربێت لە ململانێ سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا، نا من هەرگیز ئەم قسەیە ناکەم و ئەم بۆچوونە ناسەلمێنم، بەڵام من تاڕادەیەکی زۆر هەڵوێستی سەرەکی ڕۆشنبیران لە نووسین و بەرهەمی عەقڵی و ڕەخنەیی و داهێنانی ئەواندا دەبینم، نەک لە بەشداربوون یان نەبوون لە هەموو خۆپیشاندان و بۆنەیەکدا. هەڵوێستی ڕۆشنبیر تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی داهێنان و بەرگریکردن لەو دنیایەیە کە سەرلەنوێ لە نووسین و بەرهەمەکانیدا بەرهەمیدەهێنێتەوە، دونیایەک تێیدا ماناکانی ئینسان و ماناکانی ژیان جوانتر و فراوانتر و ئینسانیتر بکات. بێگومان وەک چۆن کاری ڕۆشنبیر ئەوە نییە بەردەوام وەک ئەکتیڤیستێکی سیاسی لەسەر جادەکان بێت و خەڵک بۆ یاخیبوون بانگبکات،

بەهەمانشێوە کاریشی ئەوە نییە هەمیشە لە ژوورەکەیدا دانیشێت و بەسەر کتێب و قەڵەمەکەیدا خەویلێکەوێت. ڕۆشنبیر دەچێتە سەرجادە، بەڵام ئەوکاتە دەچێت کە ڕێزگرتنی ژیان و کەرامەتی ئینسان بکەونە بەر مەترسی و پێلێنانەوە، کاتێک هێزێک لە هێزەکان، ئایدیۆلۆژیایەک لە ئایدیۆلۆژیاکان، ڕاڤەکردنێک لە ڕاڤەکردنەکان دەخوازێت هەموو ئەوانی دیکە بێدەنگبکات و بەناوی هەمووان و لەباتی هەمووان بدوێت، کاتێک شتە جەوهەرییەکان بریندار دەکرێن یان بەر هەڕەشەی بریندارکردن دەکەون، ئەوکات ئەویش وەک هەمووان لەسەر جادەکانە. بەڵام تەنانەت لەوکاتانەشدا بەشداری ڕۆشنبران، وەک دۆبریە دەڵێت، بەشدارییەکی ڕەمزییە و ئەوان هەرگیز ناتوانن وەک ئەو ئەکتیڤیستە سیاسییانە دەستبەکاربن کە بەردەوام خەریکی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی ئیمزا و ناردنی نامەی بەردەوامن بۆ دەربڕینی نارەزایی. دۆبریە ڕاستدەکات کە دەڵێت ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان کەسایەتی شۆڕشگێڕ و کەسایەتی ڕۆشنبیردا هەیە. تۆ یا بەردەوام لەسەر جادەکانی و خۆپیشاندان و کاری عەمەلی دیاریکراو و بەرجەستە ئەنجام ئەدەیت یان لەناو کتێبخانەکەی خۆتدایت و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە و کاری فیکریت. لێرەوە ئەو کۆمەڵگایەی بەردەوام ڕۆشنبیرەکانی ناچارن بچنە سەر جادەکان و بەشداربن لە خۆپیشاندانندا کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، کۆمەڵگایەکە ڕۆژانە بەها جەوهەرییەکانی پاراستنی ژیان و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی تێدا وێراندەکرێت. بەم مانایە دەبێت چوونە سەرجادەی ڕۆشنبیران وەک دیاردەیەکی باش تەماشا نەکرێت، وەک ئیلتیزامێک کە دواتر مایەی شانازیکردنبێت، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەم مەسەلەیە مایەی شەرمێکی گەورە و نائومێدییەکی قووڵبێت. ئا لەم خاڵەدایە جیاوازی نێوان بەشداربوونی ڕۆشنبیران و بەشداری ئەکتیڤیستە سیاسییەکان لە خۆپیشاندان و نارەزاییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەردەکەوێت.

هەرلێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاوبێت کۆمەڵگا چەندە پێویستی بە ئەکتیڤیستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بەهەمان ئەندازەش پێویستی بەکاری لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەکانی ڕۆشنبیران هەیە. لەهەموو حاڵەتێکدا، وەک دۆبریە دەڵێت، نابێت لێکدانەوە عەقڵانییە ڕەخنەییەکان، کە گرنگترین ئەرکی ڕۆشنبیرن، لەگەڵ ئەو غەریزەی شۆڕشەی لەناو هەریەکێکماندایە تێکەڵبکرێت، ڕۆشنبیر کەسێکە ڕێ بەتێکەڵبوونی ئەم دوو ڕەهەندە نادات، بەڵام نکوڵی لەهیچ کامێکیشیان ناکات. بەبۆچوونی من لەڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستانداچەند پێویستمان بە ئەکتیڤیستی سیاسی هەیە ئەوەندەش پێویستمان بە ڕۆشنبیری عەقڵانی هەیە.

بەڵام داخۆ بە ئومێد یان نائومێدم بەرامبەر ئەو دونیاییەی ئەمڕۆکە کۆمەڵگای ئێمە تێیدا دەژی، دەڵێم هەم ئومێد و هەم نائومێدی بەشێکی دانەبڕاوی ژیان خۆین. ڕۆشنبیران بۆئەوەی بتوانن بنووسن و بتوانن بەردەوامبن، دەبێت پێیەکیان لەناو ئومێد و پێیەکەی دیکەیان لەناو نائومێدیدابێت، لەتێکی ڕۆحیان لە مەمەلەکەتی گەشبینیدا نووقمبووبێت و لەتەکەی دیکەشیان لێوانلێوبێت لە نا ئومێدی، هەم ئومێدی زۆر و هەم نائومێدی زۆر ئینسان بەهەڵەدادەبەن. ژیان خۆی چییە جگە لە سەفەرێکی بەردەوام لە ئومێدەوە بەرەو نا ئومێدی و لە نائومێدیشەوە بەرەو ئومێد.

# ڕۆشنبیران لە نێوان «ڕووداو» و بەرهەمهێنانی «گوتار»دا

ئاراس فەتاح

گومانی تێدا نییە وەزیفەی ڕۆشنبیر زیاد لە مانایەک لە خۆیدەگرێت. ماناکانی ڕۆشنبیر تەنها بیرکردنەوە نییە لە «ڕووداو»، یان پێشبینیکردنی ڕووداو نییە، بەڵکو گۆڕانی خودی بیرکردنەوەکانیشێتی بۆ «ڕووداو». کردەی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفی یان هونەری دەشێت ببن بە «ڕووداو» و لەوێشەوە ببن بە گوتار، جاری واش هەیە هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن. هەندێ جاریش ڕووداومان هەیە کە کاریگەریی جەوهەریی بەسەر مێژووی کۆمەڵگادا بەجێدەهێڵێت، بەڵام ڕۆشنبیر لێی بێدەنگدەبێت و نایکات بە گوتار. لەم گۆشەنیگایەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ڕووداو و گوتار و ڕۆشنبیردا هەیە.

لە سەرەتادا مەبەستمە جەغد لەسەر دوو خاڵ بکەم یەکەمیان ئەوەیە، کاتێک لەسەر زاراوەی «ڕووداو» قسەدەکەم، مەبەستم تەنها ئەو مانا پراکسیسییە نییە کە هەموومان پێی ئاشناین، بەڵکو پتر مەبەستم لە مانا فیکری و ئیستاتیکی و ڕۆحییەکانێتی، بۆ نموونە دەرچوونی کتێبێک یان ووتارێک، پارچە موزیکێک، گۆرانییەک یان کاسێتێک، تابلۆیەک یان پێشانگایەک، یاخود داهێنانێکی زانستی هتد.، هەر یەک لەمانە دەشێت ببن بە ڕووداوێکی ڕۆشنبیری و چەندان مشتومڕ و گفتوگۆی فرەڕەهەند بخەنەوە. خاڵی دوەمیشیان ئەوەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر دروستبوونی گوتاری فیکری و سەربەخۆ و ڕەخنەیی بدوێین، دەبێت ژینگەیەکی کولتووری یان سیستەمێکی ڕۆشنبیریمان هەبێت کە گوتاری ئازاد تیایدا بتوانێت بێ ستراتیژی کۆنترۆلکردن و ئاراستەکردن ئیشبکات، ئەگینا زەحمەتە باس لە بوونی ئەو جۆرە گوتارە بکەین، چونکی لە دونیایەکی دیسپلینکراودا، یەک چەشنە گوتار باڵادەستە و لە دەرەوەی ڕووداوەکانی گوتاری باڵادەستیش بەدەگمەن ڕووداوی تر بەرهەمدێن؛ گەر گوتاری سەربەخۆ و ڕەخنەیی دروستیش بێت، ئەوا لە دەرەوەی ئەو جوگرافیایەیە کە دەسەڵات تیایدا نیشتەجێیە. سیستەمە تۆتالیتێرەکان نموونەیەکی بەرچاوی ئەم شیکردنەوەیەمانن. دیارە لە سیستەمە تۆتالیێرەکاندا بە بەردەوامی گوتار بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام کۆی ئەم گوتارانە بە کەناڵەکانی فیلتەرکردن و سانسۆردا تێپەڕدەبن، واتە سیستەمێکمان هەیە کە هەقیقەت لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری بەرهەمدەهێنێت، ئەوەی کە فۆکو بە «سیستەمی هەقیقەت»ی ناویدەبات و هەیمەنەی (هیگۆمۆنی) خۆی لە ئاستە جیاجیاکاندا بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێ. بەم شێوەیە دەبینین کە گوتار لەناو ئەم جۆرە سیستەمە ڕۆشنبیرییەدا دیسپلینکراو و ئاڕاستەکراوە. لێرەشەوە کۆی ئەو گوتارانەی لەناو ئەم شێوە سیستەمەشدا بەرهەمدێن، خەسڵەتی تاکڕەهەندی و یەکڕەنگی لەخۆدەگرن. ئەزموونی بەعسیزم لە دروستکردنی «ڕووداو» و پاشان کردنیان بە گوتار یەکێکە لەو ستراتیژە ڕۆشنبیرییانەی ئەم سیستەمە کاریپێدەکرد و تا ئەمڕۆش وەکی ستراتیژێکی ڕۆشنبیریی پیادەیدەکات. لەخۆڕا نییە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەم سیستەمە ڕۆشنبیرییە دەبن بەو ئامرازە تەکنەلۆژییانەی دەسەڵات تیایدا ڕووداوەکانی حیزب و سەرۆک دەکات بە تاکە گوتاری بینراو و بیستراو و خوێندراوەی جیهانی ژیانی تاک و کۆمەڵگا، وەکی ئەوەی لەم جیهانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کولتوورییەی ئەو کۆمەڵگایەدا جگە لە ڕووداوەکانی حیزب و سەرۆک، هیچ شتێکی تر ڕوونەدات تاوەکو بکرێن بە ڕوودا و پاشان ببن بە گوتاری ناو کۆمەڵگا. بۆیە سانایە کە گوتار دەبێتە چەمکێکک لە بەرهەمهێنانی «خوتبە» و ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت، لە کاتێکدا لە دونیای فیکردا ئاشکرایە کە گوتار ئاڕاستەی جەماوەر ناکرێت، بەڵکو

بەرهەمدەهێنرێت.

ئەو دەرئەنجامەی لێرەدا مەبەستمانە پێیبگەین ئەوەیە؛ بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی زمان و بیرکردنەوە و نووسین و بوون بە دەق و ئێستاتیکا وێنەکانی خۆیان وەربگرن، پێویستیمان بە بوونی ژینگەیەکی ئازادە بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری مەعریفی سەربەخۆ و ڕەخنەیی. ئەم حاڵەتەش ئەو پەیوەندییە گوتارئامێزانەی (دیسکورسیڤانەی) نێوان «قسەکردن» و «قسەلەسەرکراو» یان «نووسین» و «لەسەرنووسراو»مان بۆدەردەخات.

خاڵێکی تر کە جەوهەری «ڕووداو» دیاریدەکات، بریتییە لە ئامادەبوونی دوو خەسڵەت: یەکەمیان «بیرکردنەوە»یە (التفکیر) و دووەمیشیان «بیرلێکراوە»یە (المفکر فیە). بە مانایەکی دی ئێمە لە پەیوەندی نێوان خود و بابەتدا هەموو ئەو دونیایەی کە دروستدەبێت و لە ڕووداودا بەرجەستەدەبێت لەو مەسافانەدا دەیبینین کە فیکر تیایدا دەتوانێت تەدوینیان بکات. بیرکردنەوە بەبێ بیرلێکراوە ناتوانێت مانایەکی بوونییانەی (وجودییانە) هەبێت، بیرلێکراوەش مانایەکی شوناسییانەی نابێت گەر یەکێک بیری لێ نەکاتەوە و بەیانی نەکات. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە وەیادبخەینەوە کە مەرج نییە هەموو بیرکەرەوەیەک یان «قسەکەر ـ نووسەر»ێک ڕۆشنبیر بێت و هەموو بیرلێکراوەیەک، یان «قسەلەسەرکراو ـ لەسەرنووسراو»ێکیش بابەت بێت. ئێمە چەندە ڕووبەڕووی چەندان نووسراو دەبینەوە کە نووسین نین و پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرییەوە نییە، چونکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە تیایاندا ئامادە نییە؛ ئەوەندەش لەناو جیهانی قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداو، ڕووبەڕووی دیاردەیەکی تر دەبینەوە، ئەویش وەکو «بۆردیۆ»ی سۆسیۆلۆگ دەڵێت، کایەی «ناڕووداو»ە (اللاحدث) و کردنێتی بە بابەت و گوتار. (بۆردیۆ: ١٩٩٨) لێرەوە ئەو حاڵەتە ترسناکە دروستدەبێت کە لە دووتوێیدا بابەتی قسەلەسەرکراو یان لەسەرنووسراو وەکی تاکە ڕاستییەکی گەورەی ناو ڕووداوەکان بەیاندەکرێت. بۆ نموونە داگیرکردن و پڕبوونی ڕووبەری ڕۆژنامەکانی جیهان و بەتایبەتی ئەوروپی بە بابەت لەسەر مردنی (دیانا) ـ ئەمیرەی جوانەمەرگی بریتانیا ـ دەچێتە ناو پانتایی «ناڕووداوە»وە. بە کورتی دەشێت ڕووداوێکمان هەبێت و لە بەرابەریدا بیرکردنەوەمان نەبێت، بەم پێیە غیابی بیرکردنەوە ڕووداو دەکات بە ناڕووداو. یان دەشێت گوتارێکمان هەبێت کە بەزۆر ڕووداو دروستدەکات و بۆخۆی دەبێت بە خوڵقێنەری بیرکەرەوە و بیرلێکراوە. خەسڵەتێکی تر لە خەسڵەتەکانی «قسەکردن ـ نووسین» ئەوەیە کە دەشێت مانای دووبارەکردنەوە یان تەقلید لەخۆبگرێت، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە بەشێکی گەورەی پێچ و پەناکانی کردەی «بیرکردنەوە».

بەم جۆرە دەکرێ بگووترێت، ئەو کەرەسانەی ڕۆشنبیر وابەستەیەتی، بریتین لە زمان و ئەو زەمینەیەی کە زمان تیایدا لە بزاوتێکی هەمیشەییدایە، واتە پەیوەندییەکانی ناو سیستمی زمان و سیستمی پەیوەندیی (کۆمۆنیکاسیۆن) ناو جیهانی ژیان؛ بۆ نموونە لە کۆمەڵگا یان سیاسەت یاخود ئەدەب، هونەر... هتد. بۆیە دەتوانین بڵێین: گوتار بەشێکی دانەبڕاوی گراماتیکی ژیانی مرۆڤە. با بە هەندێ نموونە ئەم بۆچوونانەی سەرەوەمان دەوڵەمەندبکەین، تاوەکو مەبەستمان ڕوونتربکەینەوە.

لە کۆمەڵگایەک یان لە کۆمەڵەیەک کە پانتایی گوتارەکان لەلایەن کەسانێکی دیاریکراوەوە یان دەسەڵاتێکەوە پاوانکرابێت یان داگیرکرابێت، دەبینین کە هەوڵی تاک تیایدا هەندێ جار شێوەیەکی کۆمیدییانە، خودکوژییانە یان بێهوودەییانە دەگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆی بکات بە بابەت، واتە بە کەسی قسەلەسەرکراو یان لەسەرنووسراو. بوون بەبابەت، واتە مانابەخشین بە بوون یان ئامادەبوون لەناو بوون، یاخود بە مانایەکی تر فۆرمێکە لەجەغدکردن لەسەر «لەناوجیهاندابوون». با ئەمجارە نموونەیەکی ناو کۆمەڵگای خۆمان بهێنمەوە. کاتێک کابرای گوندەکی هەڵدەسێ بە سووتانی شەخسی گوندەکەیان، تەنها لەبەرئەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی قسەوباس، یان ڕووداو و پاشان گوتاری ناو خەڵکی گوندەکە. بۆیە لێرەوە چیرۆکی ئەم کابرایە دەبێتە بابەت و ڕاستییەکی ناو مێژووی ئەو گوندە. ئەمەش دۆزینەوەی ڕاستییەکی جەوهەرییە لە هەناوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو گوندەدا، بۆیە ئەوەندەی ئەو کردەیە بووە بە ڕووداو، دەبینین هیچ

کردەیەکی تر نەبووە بە ڕووداوی هەمان گوند، تاوەکو ئێمە لێرەدا باسیبکەین. لێرەدا ئەو پەیوەندییە جەوهەرییەی نێوان دەسەڵات و گوتارمان بۆ ڕووندەبێتەوە.

گومانی تێدا نییە هەموو کۆمەڵگایەک لیستێک لە موحەڕەماتی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەندامەکانی دەبێت ڕێزی لێبگرن، هەموو دەوڵەتێک یاسای تایبەتی بەرامبەر ئەو کردە قەدەغەکراوەکانە هەیە کە هاونیشتمانییەکانی بۆیان نییە بیکەن، هەموو حیزبێک ڕێککەوتنێکی کۆیی هەیە کە بە پرنسیپەکانی ناو حیزب ناونووسدەکرێت و ئەندامەکانی بۆیان نییە لێی لابدەن. بەکورتی هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یان دەسەڵاتدارێتی یاخود دەزگایی پابەندی چەند ڕێسا و یاسایەکی تایبەتە کە ئەندامەکانی تیایدا بۆیان نییە ئەو تابویانە بشکێنن، وەکی دی ڕووبەرووی سزا دەبنەوە. فۆرمەکانی سزاش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەوی دی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام بەگشتی کردەی (عملیة) سزادان بۆخۆی لە هەموو کات و شوێنێکدا دەبێتە تەکنیکێک لە تەکنیکەکانی مومارەسەی دەسەڵات و بەرگریکردن لە دەسەڵاتدارێتی؛ یەکێک لە فۆرمەکانی ئەو تەکنیکەش وەکی فۆکو دەستنیشانیدەکات، بریتییە لە «دابڕاندن». (فۆکو: ١٩٩٩) ئامانجی ئەم تەکنیکە بریتییە لە دوورخستنەوە و بێبەریکردنی ئەو تاکە یان ئەو گروپە لە کۆمەڵگا یان لەو کۆمەڵە. بۆ نموونە لە ناو کۆمەڵە مرۆییەکاندا فۆرمی سزادان لە باشترین حاڵەتدا دوورخستنەوەی ئەو کەسەیە لەو ژینگەیەی کە تیای دەژی، لە دەوڵەتدا زیندانیکردنە، لە حیزبدا دەرکردنە، لە خێزاندا لێدانە... هتد.

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بە نموونەیەکی تر بابەتەکەمان دەوڵەمەندتربکەین، ئەویش کارەساتی پەروەردەکردنی ئەوتۆریتێرانە (سوڵتەوییانە) و گەڕانەوەیە بۆ پیادەکردنی زەبروزەنگی جەستەیی و سایکۆلۆژی دژ بە قوتابیان، بەتایبەت منداڵان، وەکی میتۆدێکی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی عەقڵیی. ئەم دۆخە لە کوردستاندا بە جۆرێکی ترسناک باڵیکێشاوە و دەبینین چۆن گوتاری زەبروزەنگ و فەزای جەنگیش ئەم سیستەمی پەروەردەییە پتر دەوڵەمەنددەکات و دووبارەبەرهەمیدەهێنێتەوە. بۆیە قسەکردن لەسەر زەبروزەنگ بەرامبەر قوتابیان، بە پێویست بە کەناڵەکانی سیستمی مومارەسەی دەسەڵات لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا تێپەڕدەبێت. لەم پنتەوە وەزیفەیەکی گرنگی گوتاری ڕۆشنبیریی بریتی دەبێت لە کارکردن لەسەر ئەو هەقیقەتانەی کە بەپەراوێزکراون، فەرامۆشکراون، نەبینراون، نەبیستراون، نەیارن یان هەن و (پەی)یانپێنابرێت یان کۆنترۆلکراو و ئاراستەکراون

لێرەوە دەچینە ناو گرنگترین کایەی گوتار، ئەویش قسەکردن و نووسینە لە سەر هەردوو کایەی هەقیقەت و دەسەڵات. بۆیە سانایییە بڵێین کە یەکێک لە وەزیفە جەوهەرییەکانی ڕۆشنبیر ئامادەبونێتی لەناو کۆی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سروشتی و کولتوورییانە (فیکر، ئەدەب، وێنەکێشان، موزیک...هتد) کە ئەو لە ڕێگای زانستە جیاجیاکان و میتۆدەکانیانەوە ڕاڤەیاندەکات، یان لە ڕێگای زمان و ڕەنگ و ئێستاتیکاوە بەیانیان دەکات.

## ڕۆشنبیر و گوتاری بەرگریکردن

بە گرنگی دەزانم لەسەرەتادا هێما بۆ ئەو دەرئەنجامە بکەم کە دەکرێت لە پاشکۆی ئەم چەند سەرنجەی سەرەوەدا دەستمانکەوێت؛ ئەویش ئەوەیە کە کاری ڕۆشنبیر تەنها ڕەخنەگرتن نییە، وەکی هەندێک بە چەوتی ئەم تەفسیرە بە پۆزەتیف و نێگەتیف دەخەنە پاڵ ڕۆشنبیرەوە، چونکی ڕۆشنبیر لەو چرکەساتەی لە ڕاستییە ئەپستراکتەکان دەکۆڵێتەوە و بەیانی میکانیزمەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکات یان هەڵوێستێکی ڕەخنەیی مرۆڤدۆستانە وەردەگرێت کاتێک دەسەڵاتداران داواکارییەکی ترسناکی لێدەکەن، یاخود لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەگاتە دەرئەنجامێک کە دژ بە تابووە سیاسی یان ئایینییەکانە هتد...، ئا لەم دۆخانەدا ڕۆشنبیرە کە ڕاستەوخۆ بە ڕووی ئەو دەسەڵاتەدا دەتەقێتەوە، کە بانگەشەی پاوانکردنی ڕاستییەکان دەکات. بۆیە ئەو شەڕە ئەبەدییەی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات لەسەر هەقیقەت، بە مۆدێلە (ئەفلاتون)ییەکەشی نەک هەر کۆتایی نایەت،

بەڵکو دەکەوێتە قەیرانێکی قووڵی ڕەوایەتیشەوە (شەرعییەت)، کاتێک کە دەسەڵاتداریتی دەداتە دەست فەیلەسوفان. کێشەی سیاسی جەوهەریی بۆ ڕۆشنبیر لەوەدا نییە بەدوای ئەو ئایدۆلۆژیا ڕاستەقینەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی زانست لە تەنیشتیەوە ئیشبکات، بەڵکو کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە سیاسەتی هەقیقەت و ئێستاتیکا بناسێنێ و بسەلمێنێ. سیاسەتی هەقیقەت مانای گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە ناگەیەنێت وەکو ئەوەی لای هەموو ئایدۆلۆژیستێک دەبینرێت، کاتێک دەخوازێت ببێت بە ماشینێکی کولتووری بۆ دروستکردنی «مرۆڤی نوێ»، واتە مرۆڤێک لە وێنەی خۆی، بەڵکو پتر مانای گۆڕینی ئەو سیستەمی بەرهەمهێنانی هەقیقەتە دەگەیەنێت کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و دەزگایی و ئابووریدا هەقیقەتی نەگۆڕ بەرهەمدەهێنن. لێرەدا یەکێکی وەکو فۆکو لەو ئاڵۆزییەی وەزیفەی ڕۆشنبیر ئاگادارمان دەکاتەوە دەڵێت: «بێهوودەیە گەر کاری ڕۆشنبیر لەوەدا بەرجەستەبکەین و بڵێین وەزیفەی ڕۆشنبیر بریتییە لە ڕزگارکردنی هەقیقەت لە دەسەلات، چونکی هەقیقەت بۆخۆی دەسەلاتە...». (هـ. س. پ. لاپەڕە ٢٩) کاتێک دەسەلاتداریتی فەزای هەقیقەت لە ڕێگای یاسا و دەستوورەوە کۆنترۆڵدەکات، ڕۆشنبیر لە ڕێگای ئێتیکی (ئەخلاق) پیادەکردنییەوە هەوڵدەدات ئامادەبێت و بەرگری لێبکات، کاتێک دەسەلات بە ناوی بەرژەوەندی نەتەوە و دەوڵەتەوە ناڕەواترین تاوان بەرامبەر بە تاک و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات و دەرگاکانی ڕەخنە دادەخات، ڕۆشنبیر لەپەنجەرەی بەرگریکردن لە بەها و نۆرم و نرخە جیهانگەراییەکانی مرۆڤەوە دێتەژوورەوە. ئالێرەدا ئەو ڕۆڵە ڕەخنەییەی ڕۆشنبیر بەرجەستەدەبێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەمان چیرۆکەکەی (تۆلستۆی) لەگەڵ کابرای ئەفسەردا بهێنینەوە. جارێکیان ئەفسەرێک، بە تێهەڵدان و ئیهانکردن سزایەکی توندی سەربازێک دەدات، چونکی لەکاتی ڕێپێواندا لە ڕیزەکەدا دەردەچێت و بەو جۆرە ڕێکوپێکی ڕیزەکە تێکدەدات. تۆلستۆی پرسیارێک ئاڕاستەی ئەفسەرەکە دەکات و لێیدەپرسێ: تۆ بۆچی ئەم کارە بەرامبەر بە برایەکی مرۆڤی خۆت دەکەیت؟ ئایا نازانیت کە ئەم کردەیە دژ بە پرنسیپەکانی ئایین و خۆشەویستییە بۆ مرۆڤ...؟ ئەفسەرەکەش لە وەڵامدا لە تۆلستۆی دەپرسێ: ئایا جەنابتان ڕێساکانی لەشکرتان نەخوێندۆتەوە؟ (بڕوانە ڤۆلفگانگ م. ف: ١٩٩٥، لاپەڕە ٨)دەشێ ئەم نموونەیە ئەو حاڵەتەمان بۆ بەرجەستە بکات کە ڕێساکانی دەسەلات و بەهاکانی مرۆڤ هەمیشە لە نێوان دوالیزمی سنووربۆدانان و بێسنووریدا هاموشۆدەکات. لە کاتێکدا دەسەلاتێک بۆ بەرگریکردن لە ڕێکخستنی خۆی، پەنادەباتە بەر پرنسیپگەلێکی دیاریکراو کە دەشێت ماناکانی مرۆڤبوون تیایدا پێشێلبکرێت، بەرامبەر بەوەش بەهایەکی جیهانگەرایی دێت و ئەم پرنسیپە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک یەکێکیان لە فۆرمی نەتەوەیی، سەربازی یان حیزبی دێت و بەرگری لە سنوورەکانی بەرژەوەندی خۆی دەکات، ئەوسا لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، یان دەزگایی یان ئایدۆلۆژی، دەبینین بەرامبەر بەمەش ڕێسا و نۆرم و بەهای ترمان هەیە کە لە دەرەوەی ئەم سنوورانە بەرگری لە بەهاو نرخەکانی مرۆڤ دەکەن. واتە دەتوانین بڵێین ئەو بەهایانەی کە ڕۆشنبیران بەرگری لێدەکەن «بێ ـ کات» و «بێ ـ شوێن»ن و لە هەموو سەردەم و لە هەموو شوێنێکدا دەتوانرێت بخرێنە گەڕ و بکەونە ململانێوە لەگەڵ بەها و ڕێسا سنووردارەکان. (بڕوانە: هـ. س .پ، لاپەڕە ٧ بۆ ١٩)

ڕۆشنبیری ڕەخنەیی کەسێکە کە دەشێ ئەو چرکەساتانە باشتر بناسێت کە دەسەلات تیایاندا ترسناک و ڕوخێنەرە یان بەرهەمهێنەر و بنیاتکەرە. ئەو بۆ ئایدیۆلۆژیستەکان و ئەندازیارانی دەسەلات ئەو گێرەشێوێنەیە کە شەرعییەتی پاوانکردنی هەقیقەتیان لێدەسەنێتەوە، چونکی بەرگری لە فرەکولتووری و فرەدەنگی سیاسی و فیکری و ئێستێتیکی ناو کولتووری کۆمەڵگا دەکات، کاتێکیش دیکتاتۆرێتی و تۆتالیتاریزمیش کەناڵەکانی ئازادی تاک و گروپەکان دەخنکێنێ، ئەو دەبێتە وێژدانی ئەو میللەتە لە زیندان یان لە هەندەران. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، وەکی سارتەر دەڵێت کە «سوء ئیستیفادە لە ناوداریتییەکەی دەکات»، و «خۆی تێکەڵ ئەو شتانەش دەکات کە ئەو کاری

بەسەریانەوە نییە»، بۆیە ڕۆشنبیران هیچ کاتێک جێگای متمانە نین بۆ دەسەڵاتداران و لە ڕیزی یەکەمی ئەو کەسانەن کە لە سیاسەتی پاکژکردنەوەی کۆمەڵگادا، سەر و قەڵەمیان دەقرتێنرێت. ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤە سەربەخۆیەیە کە پێمان دەڵێت: لەکوێ ململانێی فیکریی کراوە هەبێت، لەوێندەر گوتاری بەرپرسیارێتی هەیە، لە کوێ کێشە هەبێت، لە وێندەر چارەسەر هەیە. ڕۆشنبیر ئەو زەنگەیە کە دوالیزمی شادی و ترس لێدەدات. ئەو لە دەمی (برێشت)ـەوە پێماندەڵێت: «گێلێتی کەی ئاستێکی گەورە و سامناکی لە خۆیگرت، ئەوکاتە دەبێتە حاڵەتێکی نادیار و نەبینراو». ئەو لە زمانی (پاسکال)ـەوە ئاگادارماندەکاتەوە و دەڵێت: «گەر دەتەناوێ بەعەقیدەبن، ئەوکات دەبێت خۆتان گێلبکەن»... هتد. واتە کەی گێلێتی بوو بە گوتاری باو، کەی بەعەقیدەکردنی کۆمەڵگا بۆ بە ستراتیژی یەکڕەنگکردنی بیرکردنەوە و بڕوا، گێلێتی بەرهەمدێت. سەروەرێتی ئەم دۆخەش لە نەبوونی ڕەخنەدایە، واتە گەر ڕەخنەگرتن ئامادەنەبێت ئەم حاڵەتی گێلێتییە، یان گێلکردنە چەندە ڕەهەندێکی گەورە لەخۆیبگرێت ببێت بە بڕوایەکی کۆیی، ئەوەندەش نەبینراو و نادیار دەبێت و بەوجۆرەش مۆرکێکی ئاساییبوون بەخۆی دەبەخشێت. بۆ نموونە سەرتاپاگیربوونی ئایدۆلۆژیای نازیزم لە ناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا ئەو حاڵەتە ترسناک و نادیارەی گێلێتیمان بۆ بەرجەستەدەکات، کە عەقیدەی نازیزم لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا چاندی. بۆیە دەبێت لەگەڵ (بۆردیۆ)دا بڵێین ڕۆشنبیر چاودێریکەرێکی ڕەخگرانەی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگایە. گەر ئەم خەسڵەتەشی نەبوو، ئەوا گێلانە ئەچێتە ناو عەقیدەکانەوە، وەکی چەندان ڕۆشنبیری گەورە لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکاندا کردیان و بوون بە «پێشڕەوی چینایەتییان». سەرەڕای ئەم خەسڵەتە چاودێریکەرەشی، ڕۆشنبیر خاوەنی پیشەیەکیشە کە (بۆردیۆ) بە کردەی «مامان»ێتی ناونووسیدەکات. با بزانین «مامانێتی» لە دیدی بۆردیۆدا مانای چییە؟ مامانێتی ئەو چرکەساتەیە کە ڕۆشنبیر تیادا لەو حاڵەتە (سۆکرات)ییە ئاگادارماندەکاتەوە کە «مامان» دەشێت خۆشی منالی ببێت، بۆیە دەبێت لەبوارەکەی خۆی پسپۆڕبێت، ئەگینا «ڕۆشنبیر ـ مامان» دەشێت هەم مناڵەکە و هەم دایکەکەش بکوژێت. (بڕوانە: بۆردیۆ. ١٩٩١) بۆیە پسپۆڕێتی دەبێتە ئەو بوارەی کە ڕۆشنبیر دەتوانێت تیایدا بەدەسەڵات بێت. دەسەڵاتیش لێرەدا لە پێناوی دروستکردنی ژیان و ئیستاتیکای بووندا بەکاردەهێنێ.

کەم نین ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە لە هەناوی خۆیاندا قینێکی قووڵیان بەرامبەر بە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتیی هەڵگرتووە. بزوتنەوەی نازیزم لە ڕۆژئاوا و بەعسیزم لە دونیای خۆمان دەکرێت بە بەرجەستەترین حاڵەت لەقەڵەمبدەین. دیارە ئەم قینە هەمیشە لەپشت فۆرم و گوتاری ڕۆشنبیرئامێزانەوە خۆی دەشارێتەوە. بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایانە ڕۆشنبیر ئەو چاویلکە لەچاوەیە کە هیچ ڕەگێکی قووڵی لەناو «گەل»دا نییە، نەیارە بە خواستەکانی گەل؛ ئەو شتانەشی باسی لێوەدەکات و لەسەریان دەنووسێ کەس لێیان تێناگات و دوورن لە ڕۆحی گەل و نەتەوەوە... لەم گۆشەنیگایەوە ئەم بوونەوەرە دەبێتە وێنەیەک کە هەڵگری هەموو توخمێکی ترسناکییە، دەشێت ببێتە شێوێنەرێکی بەها پاکژەکانی نەتەوە و هێنەری بیری نەیار و نامۆ بە واقیعی کولتووری و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی. بەم جۆرە لە دوادەرئەنجامدا وێنایەک (تصور) بۆ ڕۆشنبیر دروستدەکرێت کە دەکرێت لە هەموو چرکەساتێک بە خائین و بێگانەپەرست و لە کۆتاییشدا وەکو دوژمنێک ببینرێت. کاتێک ڕۆشنبیر دەبێتە ئەو بوونەوەرە وێناکراوە، ئەوسات دەبێت بە ئامانجێک لە ئامانجەکانی دژایەتیکردن و تۆقاندن و ڕاونان. یەکێک لە سیاسەتە ڕۆشنبیرییەکان کە لە سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا پیادەدەکرێت بریتییە لە بێماناکردنی فیکر و ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتیی. لەم جۆرە سیستەمانەدا ئەندامی حیزب، ئەمنێک، ئیستیخباراتێک یان سەربازێک پایەیەکی بڵندتر و بەرچاوتر لە ڕۆشنبیر وەردەگرن. لێرەوە ڕۆشنبیر دەچێتە ناو خانەی ئەو «کەمایەتی»یانەی (ئەوسا ئەتنی بێت یان ئایینی یاخود زمانەوانی یان ڕەگەزیی... هتد) کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی «زۆربە»دا (لە دیدی دەسەڵاتداردا) یەکناگرنەوە. ئەو دەبێتە ئەو ڕەگەزەی کە ڕیزەکانی گەل و یەکێتی نەتەوە تێکدەدات (گەل و نەتەوە وەکو ئەو چەمکەی کە فاشستێک یان نازیستێک یاخود بەعسیستێک کاریپێدەکات). ئەو شێوێنەری ئەو

گەمانەیە کە ئایدۆلۆژیستەکان بۆ کۆمەڵگای دادەنێن. شێوێنەری ئەو ڕێسایانەیە کە ماناکانی مرۆڤی تێدا پێشێلدەکرێت. پێکۆڵکەری ئەو سیستەمەیە کە بەها گەردوونییەکانی تێدا دەسڕدرێتەوە. بە مانایەکی دی ڕۆشنبیر ئەو بوونەوەرەیە کە بە هەردوو کایەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە (تەدخول ـ Intervention) دەکات. (فۆلفگانگ م. ف: هـ. س. پ)

لەو نموونەیەی تۆلستۆیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تەدەخول لە شێوەی پرسیار و وەڵام لەسەر بریندارکردنی مافی مرۆڤ، دەبێتە ئەو پیشەیەی کە دەدرێتە پاڵ ڕۆشنبیر و مرۆڤی خاوەنهەڵوێست. کاتێک ڕۆشنبیر دەبینێت کە مافی مرۆڤێک یان گروپێک پێشێلدەکرێت، ئەو ڕاستەوخۆ خۆی بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە دەزانێت. ئەو پرسیار ناکات لەوەی ئایا ئەم مرۆڤە کوردە، جووە یان ئەمازیقی، لیبرالە یان ئیسلامییە یاخود مارکسی، چونکی بە تەنێ بریندارکردنی مافەکانی ئەو مرۆڤە یان ئەو گروپە لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود ئایینییەوە، گەواهی ئەوەن کە هەندێ ڕێسای گەردوونیی هەیە و دەسەڵاتداران نایانەوێت بیبینن و ڕێزیلێبگرن.

بە دوو نموونەی ناو مێژووی سیاسی نوێی کوردستان بەرجەستەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەم. دیارە هەڵوێستی هەندێ لە ڕۆشنبیران لە (٣١)ی ئاب و داگیرکردنی هەولێر چەندە لە دیدی حیزبییەوە ناوی پەرچەکرداری لێبنرێت، لای ڕۆشنبیرێک دەبێت بە بەشێکی ترسناکی گوتاری بەرگریکردنی حیزب لە سەروەری خۆی و کەوتنی مانای ئیجماعی سیاسی نەتەوەیی، لای یەکێکی دی دەبێت بە کوشتنی یادەوەری مرۆڤی کورد... هتد، واتە دەبێت بە گوتارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی دەتوانێت خۆی لە گوتاری حیزبی جیابکاتەوە. یان هەڵوێستی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد لە شاری سلێمانی، بەرامبەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی دژ بە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری دەچێتە ناو ئەو خانەیەی کە ڕۆشنبیران لە ئاستی جیاجیای بیروباوەڕی فیکری و ئایدۆلۆژی، کە هەندێکیان وەکی فیکر یان ئایدۆلۆژیا بە دوور یا نزیک لەگەڵ ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستەکاندا تەبا نین، بەڵام بەرامبەر کردەی کوشتنی چەند ئەندامێکیان، پشتئەستوور بە بەها دیموکراسییەکان، هەڵوێست وەردەگرن. بەگشتی دەبینین تەدەخولی ڕۆشنبیران لەسەر بریندارکردنی مافی مرۆڤ و ڕووداوە چارەنووسسازەکان پێشێلکردنی مافە دیموکراسییەکان هەمیشە دەبێتە خاڵێکی نارەحەتکەر بۆ دەسەڵاتداران.

گوتاری تاکحیزبی گوتارێکی ئەشیعە ئاسایە و دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە، گوتاری ڕۆشنبیری سەربەخۆش گوتارێکی بەرگریکەرانەیە لە فرەدەنگی کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنی و کولتووره هەمەڕەنگەکەی.

## چەند تێبینییەک لەسەر ئیشکالییەتی پێناسی ڕۆشنبیر

فۆکو لە چاوپێکەوتنێکدا بەم جۆرە لەسەر ڕۆشنبیر دەدوێت.

«پرسیار: دەتوانن بڵێن کە ئەمڕۆ ڕۆشنبیران قسە زۆر دەکەن؟ لە هەموو بۆنە و نابۆنەیەکدا بە گوتارەکانیان گوتارباراتمان دەکەن؟

فۆکو: من وای بۆدەچم کە ڕۆشنبیر، ووشەیەکی غەریب بێت. ڕۆشنبیر ـ من تاوەکو ئێستا شتێکی لەو بابەتەم نەبینیوە. من خەڵکم بینیوە کە ڕۆمان دەنووسن، کەسانی ترم بینیوە کە لەگەڵ نەخۆشەکاندا کاردەکەن. خەڵکانێک، کە لێکۆڵینەوەی ئابووری دەکەن و هەندێکی تریان موزیکی ئەلیکترۆنی دادەنێن یان دەنووسن. من خەڵکانێکم بینیوە کە دەرس دەڵێنەوە، وێنەدەکێشن، خەڵکانێکی تریشم بینیوە کە تێیان نەگەیشتووم ئایا ئەوانە هیچ شتێک دەکەن. من ئەمانەم بینیوە، بەڵام ڕۆشنبیرم هەرگیز نەبینیوە. لەم بەینەشدا خەڵکانێکی زۆرم بینیوە کە دەربارەی ڕۆشنبیران دەدوێن. لە دوتوێی گوێگرتنێکی زۆرە توانیم وێنەک دروستبکەم، تاوەکو بزانم ئەم بوونەوەرە دەبێت چی بێت. ئەمەش کارێکی سەخت نییە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە تاوانی هەیە. تاوان لەسەر هەموو

شتێک: تاوانی قسەکردن، بێدەنگبوون، هیچ نەکردن، خۆهەڵقورتاندن لەسەر هەموو شتێک... بەکورتی، لەو جێگایەی گەڕان لەدوای هەقدا هەیە، لەو شوێنەی حوکمدەرێت، سزادەرێت و دابڕاندن دروستدەکرێت ڕۆشنبیر ئامادەیە. من وای نابینم کە ڕۆشنبیر زۆر قسەدەکات، بۆ من ئەو بوونی نییە.» (بڕوانە فۆکو: ١٩٩٩، لاپەڕە ١٤ )

وەکی ڕوونە فۆکو لەم وەڵامەیدا ئیشکالییەتی پێناسی ڕۆشنبیرمان لە ڕۆژئاوادا بۆ دەردەخات. لە ڕۆژئاوادا ڕۆشنبیری جیهانگەرایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو ڕۆشنبیرانەن کە پێکهاتێکی مێژویی تایبەتیان هەبوو، ئەو کەسانە بوون کە پڕ بە مانای ووشەکە (نووسەر) بوون و بەس. لەم گۆشەنیگایەشەوە وەکی کەسێ کە بەرگری لە دادپەروەری دەکات یاخود وەکی پیاوی یاسا و بەها جیهانییەکان دەناسرا یان خۆی دەناساند، واتە ئەو کەسەی دژ بە دیسپۆتیزم و بەکارهێنانی ناڕەوای دەسەڵات بوو وە جیهانگەرایی داد و یەکسانی لە فۆرمی ئایدیالەکەیدا بەرامبەر بە تەعەسوفییەتی دەسەڵات دادەنا. فۆکو ڕای وایە کە ڕۆشنبیر بە مانا سیاسییەکەی نەبا بە مانا سۆسیۆلۆژی و پیشەییەکەی، (واتە ئەو ڕۆشنبیرەی کە زانستەکەی و پسپۆڕێتییەکەی دەخاتە گەڕ بۆ خەبات لە پێناوی بەرگریکردن لە هەقیقەت)، لە سەدەی هەژدەهەمدا لە هەناوی یاساناسەکانەوە دەردەچێت. ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە مانا جیهانگەراییەکەی یاسا دادەنێن و یەکسانی مرۆڤ بەرامبەر بەو بەهایانە دەبینن. دیارە کەسایەتییەکی وەکو (فۆلتێر) بەڕای فۆکو ئەو نموونەیەیە کە دەچێتە ناو خانەی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرەوە. سەدەی بیست و بە سیاسیبوونی ژیانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی جیهانی و دروستبوونی کایەی کۆمەڵایەتی نوێ، سەدەی ماڵئاواییکردنە لە فۆرمی ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیری گەردوونیی. لەم دیدەوە مانای ڕۆشنبیر بەگشتی ئەو بوونەوەرە دەگرێتەوە کە لە خەباتدایە بۆ بیناکردنی «سیستەمێک لە هەقیقەت» یان بەلایەنی کەمەوە نزیکبوونەوەیە لە هەقیقەت. بە ڕای فۆکو (هەقیقەت) بە مانای کۆی ئەو شتانە نایەت کە دەبێت بدۆزرێنەوە، بەڵکو بە مانای ئەو ڕێسایانە دێت کە هەڵە لە هەقیقەت جیادەکەنەوە و بەو هەقیقەتیەش دەسەڵاتێکی تایبەتمەند دەبەخشێت. بەم چەشنە کێشەی سیاسیی ڕۆشنبیر لە زاراوەی (زانست/ئایدۆلۆژیا) نییە، بەڵکو لە زاراوەی (دەسەڵات/هەقیقەت)دایە. ئەمەش ئەو «ڕۆشنبیرە تایبەتمەندە» بەرهەمدەهێنێت کە لەم سەدەیەدا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتووە. واتە گەر جاران زاناکان یان نووسەران تاکە ڕۆشنبیر بووبن کە لەناو بازنەی دەسەڵاتدا دەخولانەوە، ئەوا لە سەردەمی نوێدا گۆڕانکاری لە کۆی ئەم چەمکەدا ڕوودەدات و دەزگاکانی بەرهەمهێنانی فیکر بە تەنها لەو بازنە تەسکەدا ناخولێنەوە، بەڵکو دەچنە ناو دەزگا نوێکانی بەرهەمهێنانی زانست، وەکی لە نموونەی زانکۆدا بەرجەستە دەبێت یان لە سەردەمی ئێستاماندا لە فۆرمی ڕێکخراو و دەزگا کولتووری و فیکری و زانستی و هیومانییەکاندا بەرجەستەدەبێت و ئامانجیان بەرگریکردنە لە بەها دیموکراسییەکان و ماف و دادپەروەری و پێشکەوتن.

بە لەدایکبوونی ئەم چەشنە لە ڕۆشنبیر ماناکانی ڕۆشنبیر گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردادێت. فۆکو ئەم چەشنە لە ڕۆشنبیران بە (ڕۆشنبیرانی تایبەتمەند) (spezifische Intellektuellen) ناونووسدەکات و بەرامبەر چەشنە کلاسیکییەکەی ڕۆشنبیران دایدەنێت کە ئەو لە زاراوەی (ڕۆشنبیرانی گەردوونی یان جیهانگەرا)دا (universelle Intellektuellen ) بەرجەستەیدەکات.

بەم جۆرە ئێمە بەرامبەر بە کێشەیەکی ترین لە کێشەکانی وێنابەخشین بە ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر بەم مانایە پتر ئەو بوونەوەرە دەگرێتەوە کە لە کایەی سیاسەتدا ئامادەیە. لەو چرکەساتەوە لەدایکدەبێت کە زانستەکەی دەخاتە خزمەتی هەقیقەت و بەرگریکردن لە هەق و بەها و مانا گەردوونییەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە لەو چرکەساتەوەی کە زانکۆ لەوە دەدەچێت کە لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتێکی سیاسی کاربکات، ڕۆشنبیری تایبەتمەند بەرهەمدێنێت. هەموو ئەو بوارانەی زانست دەشێت لە چرکەساتی بەرپرسیارێتییان و بەرگریکردندا هەڵوێستی ڕۆشنبیرانە وەربگرن. بەم شێوەیە چیدی شەڕی دەسەڵات بەتەنها لەگەڵ یەک یان دوو نووسەر ـ ڕۆشنبیردا نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆی ئەو هێزە

کۆمەڵایەتییە لۆکالانەیە کە ئەم هێزە فیکرییانە کاری تیادادەکەن و لە خەباتدان بۆ گەورەکردنەوەی شانسی ژیانیان.

فۆکو ڕای وایە یەکەم ڕۆشنبیر کە لەسەر زانستەکەی ڕووبەڕووی سزادانی سیاسی بوویێتەوە بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی زانستێکی تایبەتمەندە و پسپۆڕە لە بوارێکی تایبەتی زانستیدا و هەڵوێست وەردەگرێت، (ئۆپنهایمەر)ی زانای فیزیک بوو. لە کاتێکدا ئۆپنهایمەر هەڵدەستێت بە ڕەتکردنەوەی خواستی دەوڵەتی ئەمریکی بۆ برەوپێدانی بۆمبی هایدرۆجینی و بەم جۆرەش ئامادە نابێت بەم کارە ترسناکە هەڵسێت، چونکە پەی بە ئاکامەکانی ئەم کارە هیولاییە بۆ سەر دواڕۆژی مرۆڤایەتی دەبات و لەسەر ئەم بناغەیەش بەرپرسیارێتییەکەی وەکو زانایەک، لە ڕووی ئێتیکی (ئەخلاق) و سیاسییەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بە ئەرێ وەڵامدانەوەی بۆ ئەم داواکارییەی دەسەڵاتدارێتییە سیاسییەکە. بۆیە لە سەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەیدا دادگاییدەکرێت و بە کۆمۆنیست تاوانبار دەکرێت. ئەم هەڵوێستە لە ڕووی زانستی و ئێتیکییەوە (ئەخلاق) کاریگەرییەکی سیاسی گەورە بەسەر مێژووی دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و کۆی ئەو مانایانەش دەگۆڕێت کە دەشێت ڕۆشنبیر هەڵگری بێت.

فۆکو سێ چەشنمان لە تایبەتمەندێتی بۆ دیاریدەکات کە بەڕای ئەو ڕۆشنبیر هەڵگرێتی: یەکەمیان تایبەتمەندێتی چینایەتییەکەی (بۆ نموونە ئەو ڕۆشنبیرەی کە لە خزمەتی کاپیتالدا کاردەکات، یان ئەو ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەی کە خۆی بە ڕۆشنبیری پرۆلیتاریا دادەنێت). دووەمیان تایبەتمەندێتی ژیان و دۆخ و مەرجەکانی کارکردنە کە ڕۆشنبیرێک ئیشی تێدا دەکات (شوێنی دیراسەکردن، تاقیگە، لە زانکۆ... هتد). سێیەمیان تایبەتمەندێتی سیاسەتی هەقیقەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا. (بڕوانە فۆکو: ١٩٩٩، لاپەڕە ٢٢ بۆ ٧٣)

بە پێی ئەم بەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا ئایدۆلۆژی ـ دەزگاییەکەی، ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا سۆسیۆلۆژییەکە و پیشەییەکەی، ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا ئەپستیمییەکەی. لەم گۆشەنیگایەوە ڕۆشنبیر مانایەکی سیاسی لەخۆیدەگرێت، بەبێ ئەوەی سیاسەت بکات، ئەو بوونەوەرەیە کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاردا.

ئەمە بەکورتی و بە چڕی کۆی ئەو وێناکردنە پراکسیسییەیە کە ڕۆشنبیر لەئاستی بەرهەمهێنانی گوتاردا دەتوانێت هەڵگریبێت. بەڵام با بپرسین ئایا شوێنگە و خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیرێتی کوردیدا چییە؟ ئایا ڕۆشنبیری ئێمە گوتاری تایبەت بەخۆی بەرهەمهێناوە؟ ئایا لە واقیعی ڕۆشنبیریی ئێمەدا دەتوانرێت گوتاری ڕۆشنبیری لە گوتاری سیاسی جیابکرێتەوە، یان گوتاری ڕۆشنبیر لە گوتاری حیزب جیابکرێتەوە؟

### چەند سەرنجێک لەسەر ئیشکالییەتی بەرهەمهێنانی گوتار لە ڕۆشنبیریی کوردیدا

کاتێک دێینە سەر بابەتی دیاریکردنی شوناسی ڕۆشنبیری کورد، ڕووبەڕووی زیاد لە پێناسێک دەبینەوە. ڕاستییەکی زمانەوانی نەشاراوەیە لەناو کولتووری ئێستای کوردیدا، کە زاراوەی ڕۆشنبیر یان ڕۆشنفکر مانایەکی پۆزەتیڤ لەخۆیدەگرێت. ئەم دەستکەوتەشی ئاکامی هەندێ هۆکار و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسین. بۆ نموونە ئێمە لە سەردەمێکدا شێخ و مەلا و میرزامان هەبوو کە تاکە خوێنەوار و پێشڕەوی ئایینی و سیاسی و ئەدەبی ناو کۆمەڵگای کوردی بوون. لە کۆتایی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە چەشنێکی نوێمان لە ڕۆشنبیران بۆ دروستدەبێت کە چیدی لە مزگەوت و حوزەی ئایینییەکانەوە دەرناچن، بەڵکو لە دەزگاگەلێکی نوێوە کە بەرهەمی مۆدێرنەیە، وەکو قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە نوێ و تایبەتمەندە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، هێدی هێدی جێگا بە ڕۆشنبیری تەقلیدی چۆڵدەکات و دەبێتە «گروپێکی

ستراتیژی» نوێ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. واتە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکی کۆمەڵگای کوردی، (شێخ و مەلا و فەقێ و میرزا) تاکە خوێنەوارانی ئەم میللەتە بوون، بۆیە نەک بەتەنها وەکو ڕۆشنبیری کۆمەڵگا تەماشادەکران، بەڵکو ڕۆڵێکی ستراتیژیشیان لە ئاستە سیاسییەکەیدا هەبوو. بەڵام کاتێک خوێندەواری دەبێتە بەشێک لە سیستەمی خوێندن و منداڵانی دەوڵەمەند و هەژارانیش توانای خوێندنیان دەبێت، ئیدی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان خوێندەوار و ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەپچڕێت. واتە هەموو کۆلکە خوێندەوارێک بە پێویست شوناسی ڕۆشنبیری پێنابەخشرێت، وەکی لە ڕابردوودا هەیبوو.

لە ئاستی سیاسییەکەشیدا ئێمە ڕەچاوی ئەو دیاردەیە دەکەین کە بە دروستبوونی ئەم گروپە ستراتیژییە نوێیە لە شاری کوردی، گوتاری نوێش بەرهەمدەهێنرێت و دەزگای مۆدێرنیش دروستدەکرێت بۆ ئەوەی بەرجەستەی خواستە نوێیەکاننی تێدا بکرێت؛ ئەوسا لە ئاستی فیکریدا ڕۆژنامە و چاپەمەنی دروستدەبێت، لە ئاستی هونەریدا گروپ و ڕێکخراوی نوێ دروستدەبێت، لە ئاستە سیاسییەکەشیدا، گەر بڕێکی زۆری درێژکراوەی ئەم دوو کایەیە نەبێت، ئەوا لەناو دەزگای کۆمەڵە و حیزبی مۆدێرندا خۆی بەرجەستەدەکرد.

لێرەوە ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی گوتاری نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانی تایبەتمەند و پسپۆڕ دروستدەبێت. ڕۆشنبیر (ئەدیب، هونەرمەند، نووسەر، دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان... هتد) دەبن بە هەڵگری گوتاری نوێگەریی و پرۆسەی بەسیاسیکردنی فەزای ژیان دەخەنەگەڕ و دەبن بە نووسەر و قسەکەری خواستەکانی میللەت، دەبن بە دروستکەری فۆرمی نوێ لە دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری.لەم چرکە ساتەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان ڕۆشنبیر و بە سیاسیکردنی ڕۆشنبیرێتی دەستپێدەکات.

من وایدەبینم ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تاوەکو ئێستا ڕۆشنبیرە سیاسییەکانی حیزبیی بە بەدگومانییەوە تەماشای ئەو دەرکەوتە فیکریی و فەلسەفییانە بکەن کە لە لایەن ڕۆشنبیرانی نوێوە دروستدەبن و ترسی دوژمنایەتیکردنی دەسەڵاتیان تیادادەبینن، بەوەی کە لەو ئاستەدا نەمێنێ و هەنگاو بەرەو بەسیاسیبوون بنێت. ئەمە ترسێکە و سەرچاوەکەی لەو وەزیفە سیاسییەدا بەرجەستەدەبێت کە ڕۆشنبیر لە مێژووی سیاسی ئێمەدا هەڵگری بووە. دیارە من لە شوێنی تر لەسەر مانا سۆسیۆلۆژی و ڕۆڵە سیاسییەکان و ململانێی هەردوو «گروپی ستراتیژی شار و لادێ»، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا قسەمکردووە، بۆیە مەبەستمە لێرەدا بەم چەند سەرنجە لەسەر پێشکەوتنی مانای ڕۆشنبیر بوەستم، چونکی وایدەبینم بابەتێکی سەربەخۆیە و پێویستی بە توێژینەوەی مێژوویی و سیۆسیۆلۆژی گەورەتر هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پتر مەبەستمە، دیاریکردنی هەندێ سێمای هەنووکەیی ڕۆشنبیر و دۆخی ڕۆشنبیریی کوردییە.

بە گشتی دەتوانم بڵێم، دوو حاڵەتی سامناک ڕووبەری ڕۆشنبیریی کوردیی پاوانکردووە. یەکەمیان بریتییە لە نەبوون یان غیابی ئیشکالییەتی فیکریی. دووەمیشیان بریتییە لە داگیرکردنی کایەی ڕۆشنبیریی لەلایەن سیاسەت ـ حیزبەوە، یان بە مانایەکی دی بەسیاسیکردنی کایەی ڕۆشنبیریی و مۆنۆپۆڵکردنی لەلایەن حیزبەوە، واتە ستراتیژی پەلکێشکردنی هەموو گوتارەکان بۆ ناو گوتاری ململانێکانی حیزب. هەردوو ئەم حاڵەتەش یەک بەرهەمیان هەیە، ئەویش ونبوونی بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆی زانستییە. ئەم دۆخەش وادەکات ئەو ئیشکالییەتانەی دروستدەکرێن یان هەن، دوور و نزیک پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە نەبێت. با چاوێکی خێرا بە هەندێ لەو ئێستگایانەدا بخشێنین کە لە مێژووی نوێماندا کەم تا زۆر بوونەتە ڕووداوی ڕۆشنبیری. لە ڕۆشنبیریی کوردییدا، وێنەی چەندان گفتوگۆمان هەیە کە بە هیچ کلۆجێک ناکرێت بە بەرهەمهێنیی مەعریفی و دروستکەری گوتاری زانستیی لەقەڵەمبدرێن، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە شەڕی ناوخۆیی کوردستان چەندان «نووسەر ـ ڕۆشنبیر» بەرهەمدەهێنێ،

ئەوانەی کە «هەڵوێست» بەرامبەر بە حیزبەکان وەردەگرن. دیارە لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە خودی هەڵوێستوەرگرتن کردەیەکی نادروستە، بەڵکو مەبەستم لەوەیە کە درامای ئەم جۆرە کەسانە لەوەدایە کە خودی «ڕووداو»ەکە خۆی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئەو فیگورانەی کە سیفەتی «نووسەر»یان پێدەدرێت، نەک نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان. پاشان ئەو حاڵەتی هەڵوێستوەرگرتنە کە ئەوان تیایدا کاردەکەن زۆربەیان بەرهەمێنی «گوتاری جنێو»ن (گەر بتوانین ئەم زاراوەیە بەکاربهێنین) بە سەرکردە سیاسییەکان یان موهاتەراتی سیاسی و شەڕفرۆشتنە بە هێزە سیاسییەکان و هەندێ جاریش هەڕەشەی دروستکردنی هێزی ئەڵتەرناتیڤیان لێدەکردن، وەکی ئەوەی کوردی بەدبەخت حیزبی کەم بێت! لەڕاستیشدا ئەم چەشنانە لە «نووسەر» لە گەمەی پێشبڕکێی پۆلگیری (ئیستیقتاب) «ڕۆشنبیران» لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییە جیاوازەکان، بە جۆرێکی مشەخۆرانە سوودیان وەرگرتووە و هەر ئەم ململانێیەش دروستیکردوون. من وایدەبینم دیاردەی دروستکردنی ڕۆشنبیر لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیریی حیزبییەوە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر ئەم حاڵەتە کارەساتاوییەی ڕۆشنبیریی کوردی دروستکردووە. بۆ نموونە لە قۆناغێکدا کە شەڕی ناوخۆیی کوردستان بازدەداتە ناو سنووری شەڕی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ حیزبی پارچەکانی دی، دەزگایەکی وەکو تەلەفیزیۆنی «مێد. تی. ڤی.»یش دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنی «ڕۆشنبیری خاوەنهەڵوێست» و سەکۆیەک بۆ «خوتبەدان» نەک بەرهەمهێنانی «خیتاب ـ گوتار»، وەکو هەندێ لە تێنەگەیشتنەوە تێکەڵاویاندەکەن. لە سەرەتادا شەڕی نێوان پ.ک.ک. و هێزە کوردییەکان و پاشان وەکو هەموو دەزانین، هاوکێشەکان دەگۆڕێن و دەبێت بە شەڕی نێوان پ.ک.ک و پ.د.ک. ئەم دەزگایە لە قۆناغی جیاجیادا چەندان «ڕۆشنبیر ـ ڕۆژنامەنووس»ی دروستکرد، بۆ ئەوەی بێنە سەر تەلەفیزیۆنەکەیان و لە قۆناغی یەکەمدا قسە بە هەردوو حیزبەکەی کوردستانی باشوور بڵێن و لە قۆناغی دواییشدا لایەنی لایەکیان بگرن و لایەنەکەی تریش ناوزڕبکەن. ئەم ڕووداوە تراژیدییانەی نێوان حیزبە کوردییەکان بەردەوام «ڕۆشنبیری بەپەلە»یان بۆ بەرهەمدەهێنایین بۆ ئەوەی شەرعییەت بە کردە سیاسییەکانیان و پڕوپاگەندە حیزبییەکانیان بدەن.

جگە لەم جۆرە «نووسەر»انە، ڕۆشنبیریی ئێمە خاوەنی چەشنێکی تری تراژیدییانەی «نووسەر ـ ڕۆشنبیر»ـە. ئێمە خاوەنی نووسەرگەلێکین کە ڕادەی ڕۆشنبیرێتییان لە بیرکردنەوە و ئیجتیهاد گەیشتۆتە ئەوەندە ئاستێکی «پەپوک»ییانە (بائس) کە لە پێناوی بەشداربوونیان لە بەرهەمهێنانی «ڕووداو»دا پێشنیاری دروستکردنی «کارەسات» دەکەن، بۆ نموونە تەقلیدکردنی فۆرمی «خۆسووتاندن» وەک کەرەسەیەک بۆ هەڕەشەکردن و لە هەمانکاتیشدا نائومێدییەک بەرامبەر بە شەڕی ماڵوێرانکردنی ماڵی کورد لەلایەن «حیزبە شەڕانگێزەکان»ییەوە، هەروەکو هەندێ ڕۆشنبیر لە شاری هەولێر پێیهەڵسان. ئەمە ئەو دیوە دراماتیکییە کاریکاتۆرییەی نەتوانینی ڕۆشنبیری ئێمەیە لە قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداوەکان، یان نەتوانینی خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان بەرجەستەدەکات. بۆیە لەبری دروستکردنی گوتارێک لەسەر ئەو ڕووداوە، لەبری قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداو، لەبری بەرهەمهێنانی فەنتازیای «شەڕی مەدەنی» دژ بە «شەڕی چەکداری» و لەبری خوڵقاندنی لۆژیکی دیالۆگ بەرامبەر بە لۆژیکی شەڕ، دەبینین ئەوانە خودی خۆیان دەکەن بە گوتاری ڕووداوێک، بە قسەلەسەرکراوێک، کە لە هەڕەشەی خۆسووتاندندا بەرجەستەدەبێت. ئەمە ئەو بەدحاڵیبوونەیە کە ڕۆشنبیری کوردی تیادەژی.

با لەسەر ڕوویەکی تری نوێی ئەو تراژیدیایەی نووسەر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی قسەبکەین. دیارە کۆی ئەم بابەتە قسە لەوە زۆرتر هەڵدەگرێت لەوەی لە دووتوێی ئەم چەند سەرنجەدا باسی لێوەدەکەم. ئێمە لە کوردستان لەشکرێکی گەورەمان لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی حیزبی هەیە؛ ئەوەی بابەت نییە بۆ ئەم ستافە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگایە وەکو گشتێک و سنووربەندکردنی دەنگوباسەکانە لەناو جوگرافیای دەسەڵاتدارێتی حیزبدا، وەکی ئەوەی بەتەنها ئەوانە ڕووداوبن کە لەناوچەکانی خۆیان بیریان لێدەکرێتەوە و دەکرێن بە بابەت و نووسین، چونکی ستراتیژی

ڕۆشنبیریی حیزب پێیاندەڵێت: ڕووداوەکانی دی دەبێت بخرێنە ناو ڕەفەکانی بابەتە فەرامۆشکراو و لەیادکراوەکانەوە. بۆیە ڕۆژنامەگەریی ئێمە ئەوەندەی تەعبیر لەو پێچ و پەنایانەی بیرکردنەوە دەکات، کە بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی گوتاری حیزب خۆیەتی لەنێو کۆمەڵگا، ئەوەندە تەعبیر لە خودی کردەی بیرکردنەوە ناکات لەسەر بیرلێکراوەکان و بابەتەکان یان ڕووداوەکان. بیرلێکراوەکان لای ئێمە هەمیشە «ئەوی دی»یە یان «حیزبە نەیارەکە»ی ئەولا یان ئەملایە. بۆیە «بیرلێکراوە» و «ڕووداو» ئەوەندی کایەیەکی گوتارئامێزیی حیزبییە، هێندە کایەیەک نییە لەناو کایەکانی ناو کولتوور و کۆمەڵگا. هەواڵی ڕووداو یان ڕووداوەکان لە ناوچەی سلێمانی، هەولێر یان دهۆک لە کەناڵەکانی تری دەنگوباسەوە، یان لە ڕێگای ڕۆژنامەی (الزمان) یان (الحیاة)ـەوە دەگات یان دەگەیەنرێت بە ناوچەکانی یەکدی، لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسمان هەیە کە بە قاچاغ دەچێت (یان دەنێردرێت؟) بۆ لوبنان، بۆئەوەی ڕاپۆرت لەسەر بەیروت بنووسێت! ئایا ئەم حاڵەتانە بەرجەستەی ئەو تراژیدیایە ناکەن کە ڕۆژنامەگەریی نەتەوەیی کوردی تیای دەژی؟! خۆ گەر تەماشای یەکێک لە دەرئەنجامە کارەساتاوییەکانی ئەم جۆرە سیستەمە لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی حیزبیش بکەین، دەبینین لە دەستکاریکردنی زمان و کردنی بە زمانێکی حیزبیدا بەرجەستەدەبێت. بۆ نموونە لە وێنەی بوونی ڕەگەزی مێ لە لایەکیان بە «ئافرەت» و لەلایەکی تریان بە «ژن»... یان لە کوردستانی باشووردا سالانی ساڵە زاراوەی (ڕاپەڕین)مان هەیە بۆ دخێکی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی، کەچی حیزب لە بەشی باکووری کوردستان دێت و زاراوەی تایبەت بە خۆی دادەتاشێت و دەقاودەق لە تورکییەکەوە وەریدەگێڕێت و ناویدەنێت (سەرهەڵدان)... هتد.!

دیارە نموونەکان لەوە زۆرترن کە ئێمە بتوانین یان مەبەستمان بێت لێرەدا ڕیزبەندیانبکەین. بۆ ئەوەی لەم چەند سەرنجەدا ڕێگا لە تێفکرینی هەڵە بگرم، بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم: باسکردنی ئەم ڕاستییانە کەمکرندنەوەی کاری ڕۆژنامەگەرێتی حیزبیی نییە، بەڵکو جیاکردنەوەی ئەو ڕاستییە زۆر سانایەیە لەناو جیهانی ڕۆشنبیریدا کە ڕۆشنبیرێتی و ڕۆژنامەگەریی حیزبی، بە حوکمی ستراتیژی ڕۆشنبریی حیزب، ناتوانێت وەزیفەکانی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ پڕبکاتەوە و ببێتە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا وەکو دەربڕێکی ڕایگشتی و گوێزەرەوەیەکی بابەتییانەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگا. گەر هاتوو ئەم بانگەشەیەشی کرد، ئەوا دەبێت باس لە چەندان ئەگەری ترسناک بکەین کە ئێرە جێی مشتومڕیان نییە. ئەو وەهمەی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب بۆ ڕایگشتی دروستیدەکات بەوەی کە کەناڵەکانیان دەبڕی ڕایگشتی کوردییە، لەسەر ئەو سنوورە وەهمییانە کۆتایی پێدێت کە خۆیان لەناو خاکی کوردستانی ئازاددا دروستییانکردووە. لێرەوە حیزب و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی دەبێتە بکەرێکی هەمیشەئامادەبوو لەناو گراماتیکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە و دەتوانێت هەیمەنەی ڕۆشنبیریی خۆشی بەسەر فەرهەنگی کۆمەڵگادا بسەپێنێ و ئاڕاستەکانیشی دیاریبکات. خۆ ئەگەر تەماشای زۆربەی ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وولاتیش بکەین، دەبینین تەنها ژمارە و ڕۆژی دەرچوونەکانیان تازەیە، وەکی دی زۆربەی ئەو شتانەی کە تیایاندا بڵاودەکرێنەوە، دەتوانیت لە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان یان لەو ڕۆژنامانەی کە لە ڕۆژئاوا دەردەچن (عەرەبی فارسی...)، پێش هەفتەیەک یان دووهەفتە بیانخوێنیتەوە. بە مانایەکی دی یەکێک لە کارەساتەکانی ئەو ڕۆژنامەگەرێتییەی دەرەوەی وولات، ئامادەنەبوونێتی لەناو ڕووداوەکان، غیابی «بابەت» و نەبوونی «بیرلێکراوە»یە تیایدا. ئەمەش وادەکات بۆ یەکێک کە ئاگای لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بێت و لە ڕێگای کەرەسە نوێکانی پەیوەندییەوە (بۆ نموونە ئینتەرنێت و فاکس... هتد) باشتر ئاگاداری دەنگوباسەکانی کوردستان بێت، وەک لەو پەڕە ڕەشکراوانە کە بەداخەوە تەمەنی خوێندنەوەیان و ئامادەبوونیان لە چەند چرکەساتێکی چاوپیاخشاندن زیاتر هەڵناگرن.

## ڕۆشنبیری حیزبی و ونبوونی گوتاری ڕەخنەیی

ئێمە لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا بە کەسانی ناپسپۆڕ لە بوارەکانی خۆیاندا گەمارۆدراوین. ئاساییە مرۆڤ لە دونیای فیکر بێئاگابێت و بە هەڵە لەسەر مەسەلەیەک قسەبکات، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە ئەو هەڵانە وەکی ڕاستییەکی فیکریی بەیانبکرێن و بین بە نووسین و موسیبەتەکەش لەوەدایە دەزگا و دەسەڵاتیش هەبێت ڕەوایەتی بەو جۆرە «نا ـ دیدانە» بدات و نووسەرمان بۆ دروستبکات. کارەسات نییە مرۆڤ دەرئەنجامگیریی هەڵەی هەبێت یان لێی پەشیمان بێتەوە، بەڵام کارەساتە ڕۆشنبیرێتییەکمان هەبێت، «ڕۆشنبیریی سەرلەقاندن» بەرامبەر نووسینی ناپسپۆڕانە بەرهەمبهێنێ و هەڵەی مەعریفی وەکو یەقین قبووڵبکات و ڕۆشنبیر دروستبکات کە نەزانیی وەکی مەعریفە بفرۆشێت و لەپاڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە کێشە گەورەکانی تاکی کوردی و لەتبوونی جەستەی کۆمەڵگاکەی بێدەنگ بێت. ئەم جۆرە گەمانە دەکرێت لە شوێنی تردا یاریزانی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام لەناو سیستەمی ڕۆشنبیرییەک کە هەڵگری گوتاری فیکریی و مەعریفیی جیاوازجیاواز بێت، جێگەی نابێتەوە. چونکی دونیای فیکر دونیایەکە فێری چەمکی تەسامولحمان دەکات، بەڵام بەزەیی بە نەزانیندا نایەتەوە، فێری دیالۆگمان دەکات، بەڵام دەزانێت ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەی لۆژیکی دیالۆگی فیکری پێنەبێت، ئەگەری پەنابردنە بەر لۆژیکی هەڕەشە و ترساندن و شکاندنەوەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لەناو ئەو جۆرە سیستەمەدا هیچ فیکرێک و دیالۆگێکی فەلسەفی یان ئەدەبی بەرهەمنایەت، ئیشکالییەتێک پێکنایەت، ڕامانێک دروستنابێت. ئەوەی ئەو حاڵەتە «نا ـ دیالۆگە» دروستیدەکات بریتییە لە ڕستەی: «دیموکراسییەت ئەوەیە کە ئاڕاستەی گوتارەکان لە بەرژەوەندی مندا بێت». ئەم تەکنەلۆژیایەی بەرهەمهێنانی دەسەڵات مانای «نا ـ گوتار» دەگەیەنێت کە لە دوادەرئەنجامدا ڕۆدەچێتە ناو حاڵەتی «نا ـ گۆڕان» ـەوە. ئەوەی ئەو سیستەمی ڕۆشنبیرییە بەرهەمیدەهێنێت بریتییە لە ڕۆشنبیری فەرمانبەر کە پاسەوانێتی سەرمایە ڕەمزییەکانی حیزب و پەلاماردانی هەموو ئەو دەنگە ئازاد و ڕەخنەییانەی کە لەدەرەوەی گوتاری حیزب بەرهەمدێن و تاوانبارکردنیان بە موئامەرە دژی حیزب... نەک خوێندنەوەکانیان بخوێنێتەوە و بکەوێتە مشتومڕ لەگەڵیان و گوتارێکی ڕۆشنبیریی بەرهەمهێنەر دروستبکات. من سەیرم پێدێ تاوەکو ئێستاش لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا گوێمان بە دوالیزمی «ئەوانەی دڵسۆزی دەسەڵاتن و ئەوانەی دژی دەسەڵاتن» قانگدەدەن، ڕۆشنبیر دەترنجێنرێتە ناو هەردوو هاوکێشەی «یان شۆڕشگێڕی بەو مانایەی ئێمە بۆ شۆڕشگێڕێتی هەمانە» و «یان خائینی بەو پۆلێنکردنەی ئێمە بۆ خائین دامانناوە»، یاخود دەبینین چۆن مۆدیلە تۆتالیتێرەکەی بەندکردن و دیسپلینکردنی فیکر و ڕۆشنبیران بەرهەمدەهێنرێتەوە لە نێوان «ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن و ئەوانەی لەگەڵ ئێمەن»... هتد. ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن مەرج نییە ئەوانە بن کە لەدەرەوەی ئەو سنوورانەن کە دەسەڵاتی لۆکالی (ناوچەیی) حیزبی تیایدا سەروەرە، بەڵکو ئێستا پەڕیوەتەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە دەرەوەی وڵاتیشن. بۆیە ناکرێت لەگەڵ کەسانگەلێکدا، کە لەخۆیانەوە و بەبێ هیچ پاشخانێکی فیکری، دێن و بە ئارەزووی خۆیان فیکری بەشەری قەسابکاری دەکەن و وێنەی ڕۆشنبیر بەپەراوێز و تەهمیشدەکەن و ئەوانەی دیموکراسییەت بە بەخشندەیی حیزب دادەنێن بۆ ڕۆشنبیران، بکەویتە ململانێی فیکرییەوە. لە دیدی ئەواندا تەنانەت ڕەخنەگرتنی زانستییانەش لە کێشەکان لەم «قۆناغە ناسکە»دا، بەتەنها لە «خزمەتی دوژمنەکانی کوردی داماودا» دەکەوێتەوە. لێرەوە تەئجیلکردن دەبێتە ئەو پرنسیپە نەزۆکەی کە لە ئەزموونەکانی دی جیهانی سێدا بەردەوام دووبارەدەبنەوە. من بەگومانم لەوەی کە ستراتیژەکە ئەمە بێت، چونکی سەیر لەوەدایە خودی سیاسەتی کوردی هەڵگری ئەم گوتارە نەبووە و نییە بۆ یەکالاکردنەوەی ململانێ حیزبییەکانیان و لە پێناوی دانانی سەوابتی نەتەوەییدا دەستبەرداری بەرژەوەندییە لۆکالی (ناوچەیی) و حیزبییەکان بێت، کەچی بە ڕۆشنبیرە سەربەخۆکانیان دەڵێن لەمێستادا ڕەخنەگرتن لە خزمەتی لایەنەکانی دیدایە، یان هێزە ناوچەییەکان گلەییمان لێدەکەن وە لە باشترین حاڵەتیشدا پێماندەڵێن ئێوە نامونەسیفن، چونکی باشییەکانی

ئێمە بەرامبەر بە خراپییەکانی ئەولا دەرناخەن... هتد؛ ئیدی بە جۆرێک ڕووبەرەکانی بەرهەمهێنانی گوتار تەسکدەبێتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئاراستەکردنی حیزبییانەی هەموو گوتارەکان و ستایشکردنی دەسەڵاتیش دەبێتە گەواهی بۆ نیشتمانپەروەرێتی و شۆڕشگێڕێتی ڕۆشنبیر. ئەو وەهمە کوشندەیەی ڕۆشنبیرە حیزبییەکان دەیانەوێت بۆمان بکەن بە هەقیقەت ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا جیاوازییەک لە نێوان «دەسەڵاتی حیزبی» و «دەسەڵاتی نەتەوەیی» نابین، چونکی چیدی بۆ ئەوان ئەوە لێبڕاوەیە کە هەر یەکێک لەو دوو حیزبە حکومەتی خۆی هەیە، واتە خاوەنی دەزگا و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیەتی! بۆیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیش ئەوەی رەخنە لەو چەشنە ڕێکخستنەی کۆمەڵگای سیاسی کوردی بگرێت دەچێتە ناو خانەکانی دژایەتیکەرانی دەسەڵاتی «حکومەت یان دەوڵەتی حیزب» و «نەتەوەی حیزبی»یەوە. نەک هەر ڕۆشنبیر، بەڵکو هەموو کەسێکی سەر جادەش دەزانێت کە کورد پێویستی بە دوو حکومەت و نیو نییە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەڕێوەببرێت و پێویستی بە زیاتر دابەشکردنی خاکەکەی نییە، چونکی ئەمە دەنگی لە هیچ شوێنێک زیاد ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەنگەکانی پەرتەوازەتر و هێزەکانی بێتواناتردەکات.

سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی چەندە بە مانا (هۆبز)ییەکە «خەمی دەسەڵات»یان هەیە، چەندە تاکتیکە دوور و نزیکەکانیان لەپێناوی گەورەکردنەوەی دەسەڵاتدایە، کە ئەمە شەرعییەتی گەمەی سیاسییشە، ڕۆشنبیری رەخنەیی یان سەربەخۆش بەدیوی ئەودیودا خەمێکی ئەخلاقییانە (ئێتیک) و ڕۆشنبیرانەی بەرامبەر بە گەمەکان و بزاوتەکانی دەسەڵات هەیە لەناو کۆمەڵگادا، چونکی ئەو دەزانێت کە دابەشبوونی دەسەڵاتی کوردی و نیشتمانەکەی مانای گەورەبوونی ئازادی نییە و لەوەش کەمتر مانای فراوانتربوونی بازنەکانی دیموکراسییەت ناگەیەنێت. ئەو دەزانێت کە کەڵەکەبوونی دەسەڵات بە بێ بوونی سیستەمێک کە بتوانێت دابەشیبکات و پیرۆزێتی لێبسەنێتەوە و دەسەڵاتی شەخسی و دەسەڵاتی گشتی لەیەکتر دابڕێنێت و جیایبکاتەوە و بەدەزگایی مەدەنییانەی بکات و لەژێر کۆنترۆلی یاسادا دایبنێت... هتد بە بێ بوونی ئەم جومگە سەرەکییانە مومارەسەی دەسەڵات دەشێت بە کارەساتی نەتەوەیی و سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و پاشان فیکری کۆتاییپێبدێت. ئەمە سەرەتاکانی ئەو خەمە فیکرییانەیە کە ڕۆشنفکرانی قۆناغی ڕۆشەنگەری هەیان بوو، نەک «پۆست ـ مۆدێرنە»!!

ئەم پاشاگەردانییە لە نەبوونی گوتارێکی سەربەخۆی بابەتی و زانستی لەنێوان خوێنەر و نووسەر، لەنێوان ڕۆژنامە و جەماوەر، لە نێوان ڕۆشنبیر و حیزب وا دەکات کە ڕۆشنبیریی کوردی و کولتووری ڕۆژنامەگەریی کوردی پڕ بێت لە نووسەری ناکارا و ناپسپۆڕ لەو بوارانەی کە کاری تیادادەکەن، ئەمەش هێندەی بەرهەمی ئیشکالییەتی دەسەڵاتدارێتی حیزبییە، ئەوەندە بەرهەمی دۆخێکی پێشبڕکێ و ململانێی ڕۆشنبیریی نییە. حیزب بۆئەوەی شەڕە لۆکاڵییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریدا پیادەبکات، تەنانەت سڵ لەوەش ناکاتەوە پەنابەرێتە بەر ئەو «نووسەر» و «پسپۆڕ»انەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی تۆتالیتاری (شمولی) بەعسیزمدا داستانی درامییان بۆ دیکتاتۆر و جەنگەکانی دەنووسی و ئێستاش لە ژێر سایەی دەسەڵاتی لۆکالی کوردیدا باس لە مانا جوانەکانی دەسەڵاتی قۆناغی «پۆست ـ شۆڕش»ی کوردی دەکەن. ئەو قۆناغەی کە دۆزینەوەی «ڕاستییە ڕۆشنبیرییەکان»ی داوەتە دەستی ئەو «نووسەر و ڕۆشنبیران»ـە بۆ ئەوەی «دز»یی ئەو نووسەرە سەربەخۆیانە دەربخەن کە هەموو فەنتازیا و کۆی چالاکییە فیکرییەکانیان لە پێناوی مرۆڤانەکردنی جیهانی ژیانی تاک و گروپەکانی کوردستاندا خستۆتەگەڕ. تراژیدیاش لەوەدایە کە بەناوی مافی ڕادەربڕینەوە داوامان لێدەکەن بەشداری ئەم «نا ـ گوتارە» بین و نووسینەکانیان وەکی «بیرکردنەوە» و کەشفکردنی «هەقیقەت» بخوێنینەوە. ئەو جۆرە «نووسەر»انە کاتێک لەسەر «شۆڕش و حیزب» دەنووسن، گەر ناوی حیزبەکە نەخەنە پاڵی، خۆ نازانیت باس لەچ حیزبێک دەکەن، بەجۆرێک مرۆڤ وادەزانێ ئێستاش لەسەردەمی گوتارەکانی بەعس بۆ نووسین لەسەر پیرۆزی

شۆڕش و سەرکردەکانی دەژی. بۆیە سانایییە کە ئەو ڕۆشنبیرە شابلۆنانە خۆیان و نووسینەکانیان لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شوێنێکدا جێگایان ببێتەوە.

نەبوونی ئیشکالییەت لەوەدا بەرجەستەدەبێت کە تاوەکو ئەمڕۆ یەک لێکۆڵینەوە، ڕەخنەیەکی زانستی نەبووەتە بابەتی گوتارێ لە نێوان حیزب و ڕۆشنبیر، یان ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان و ڕۆشنبیرانی حیزبی، یان تەنانەت لە نێوان ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان خۆیان. حیزب ئەوەندە پێویستی بە ڕۆشنبیر هەیە، تا ئەو کاتەی کە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی هەیمەنەی سیاسی - جوگرافی - کولتووریی خۆی، چونکی یەکێک لە کارەساتەکانی دەسەڵاتدارێتی لای ئێمە نەبوونی مەعریفەیەکی قووڵە تا لە پشتی دەسەڵاتەوە کاربکات، ئاگادارنەبوونە لە دونیای فەلسەفی و سیاسی و پشت بەستنە بە دونیای ئەزموونی حیزبی و شەخسی و ڕاوێژی تاکتیکە بچووکەکان. ئەم سیستەمەش پێویستی بەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەییە نییە کە جیهانی لەسەر بناغەیەکی زانستی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵکو پێویستی بەو ڕۆشنبیرەیە کە دونیاکانی ئەو دەرازێنێتەوە و بەهاکانی دیوانی سەروەر ناخاتە ژێر پرسیارەوە و خەوی دەسەڵاتدارەکان نازڕێنێ. ئەوان لەو ڕستانە دەترسن کە فەیلەسوفانی وەک فۆکۆ دەڵێت: «مرۆڤ دەبێت سەری پاشا لێبکاتەوە: ئەم کارە هێشتا لە تێۆری سیاسیدا نەکراوە»، چونکی تێنەگەیشتنیان لە قووڵایی مانای ئەم جۆرە ڕستانە وایان لێدەکات کە بە بانگەوازێک تەفسیری بکەن بۆ شۆڕشکردن دژی سەرکردە و دەسەڵاتی کوردی و لەوەش کاریکاتۆرتر بۆ دروستکردنی حیزبی تازە.

گومان لەوەدا نییە کە هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی وەکو گرامشی دەڵێت «ڕۆشنبیری ئۆرگانی» خۆی دروستدەکات و تا سەر ئێسکیش بەرگری لە نۆرم و بەها و کولتووری ئەو دەسەڵاتدارێتییە دەکات. بۆیە کاتێک حیزب ڕۆشنبیری خۆی دروستدەکات، دەبێت وەکی حاڵەتێکی سۆسیۆلۆژی - سیاسی تەماشابکرێت. بەرامبەر بەمەش حاڵەتێکی سانایی تریشمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگا ڕۆشنبیری ڕەخنەگر و سەربەخۆش بەرهەمدەهێنێت، ئەو ڕۆشنبیرانەی ئیفلیجبوونی کۆمەڵگا لە نەبوونی ململانێی دیموکراسیدا دەبینن، شەلەلی کۆمەڵگا لە ونبوونی شەرعییەتی دەزگا بەرامبەر بە شەرعییەتی حیزبدا دەبینن، هەژاری کولتووری سیاسی لە ونبونی کایەی مەعریفەدا دەبینن... هتد. کاتێک ڕۆشنبیرێک خوێندنەوەیەکی زانستی ڕەخنەگرانەی دەبێت بۆ دونیای سیاسەت و کۆمەڵگا لە کوردستان، نەیار نییە کە ڕووبەڕووی هەگبەی زاراوەکانی ڕۆشنبیرانی حیزبی دەبێتەوە کە پڕە لە توانجی ئەخلاقی و بێئاگایی لە کایە جیاکانی زانستە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکان. تراژیدیاکە لەوەدایە ئەوەندەی ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیرانی حیزبی بکوژی خودی حیزبن و زیانی لێدەدەن، ئەوەندە حیزبە نەیارەکەی خۆیان، لەڕووی فیکرییەوە ترسناک نین بۆ هەمان حیزب. هۆیەکەشی گەلێک ساکارە، ئەو حیزبەی نەتوانێت زانست بکاتە کەرەسەی سیاسەتکردن و حکومەتکردن، دیموکراسییەت نەکاتە پرنسیپی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتەکان لەیەکتری جیانەکاتەوە و ڕێزی فرەکولتووریی سیاسی و فیکری نەگرێت و ڕۆشنبیری ڕیفۆرمیستی نەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام خۆی تازەبکاتەوە، دوور یان نزیک دەبێتە جەستەیەکی سیاسی دۆگما و مردوو لەم چەرخەدا. ڕۆشنبیری ڕەخنەگری سەربەخۆ بۆیە گوتاری فیکریی نوێ بەرهەمدێنێت، چونکی دەیەوێت دڵەڕاوکێی ئەوە دروستبکات کە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی نییە فێرمانبکات کە وەستان تیایدا بکرێت بە کولتوور و گوتاری شۆڕشگێڕێتی حیزبی بۆ کوشتنی گوتارە سەربەخۆ و تازەکان بهێڵرێتەوە و لەوێشەوە ببێتە یەقینێک و بەپیرۆزڕابگیرێت. بەڵکو ووروژاندنی بەردەوامی پرسیاری نوێ و گەورەکردنەوەی پەراوێزەکانی ئازادی تاک و گروپ و کولتووری دیموکراسی ئەو ژینگەیەیە کە ڕۆشنبیر تیایدا کاردەکات و دەژی. ڕۆشنبیر ئەو «مامان»ـەیە کە هەمیشە بەشدارە لە لەدایکبوونی گوتاری نوێ. مەرجەعییەتی ڕۆشنبیری سەربەخۆ مەرجەعییەتی زانستە جیاجیاکانە، نەک عەقیدە جیاجیاکان، هەروەکو ڕۆشنبیرەکانی حیزب تاوەکو ئێستاش ئەو ڕێبازە فەلسەفی و فیکرییە جیاجیایانە بە عەقیدە تەماشا دەکەن و ڕاڤەکردنەکانیان

لەو کتێبانەوە وەرگرتووە کە جاران لە نموونەی «چۆن دەبیت بە شۆڕشگێڕ» و «دوژمنەکەت بناسە»دا هەبوو. من لێرەدا حەزدەکەم نموونەی حوجەتولاّیەکی سیاسەتمەداری وەکو (خاتەمی) بۆ ئەو جۆرە ڕۆشنبیر و سیاسییانە لە کوردستان بهێنمەوە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ زاراوە و ڕێبازە فیکری و فەلسەفییەکان وەکی دەنکی تەزبیحەکانیان دەکەن و بە دوو پەلەپیتکە ئاودیوی فەنابوون و فەشالەتیان دەکەن و تەنانەت توانجی بەدواخستنی ڕۆژئاواگەراییش دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەش کە پشتیان پێدەبەستن چ جای دەگاتە تۆمەتی بێپێز و ناشرینی تر. بە ڕاشکاوی و بەداخیشەوە دەڵێم، ئەگەرچی تا ئێستا نووسینی کەسێکم نەخوێندۆتەوە کە ڕاست و ڕەوان بانگەشەی پشتبەستن بە ڕێبازێکی دیاریکراو لە دونیای فەلسەفی بکات، چونکی خۆناساندن بە لایەنگرێکی ئەو ڕێبازانە جیایە لە بەکارهێنانی هەندێ چەمکی تایبەتی بۆ ڕاڤەکردنێکی فیکری ـ فەلسەفی یان سۆسیۆلۆژی یان سیاسی. سەرباری ئەوەش، حەزدەکەم بەو «نووسەران»ـە بڵێم کە فۆبیایەکی ترسناکیان بەرامبەر بە فیکر و ڕێبازە فەلسەفییەکان هەیە، کاشکیا چەند پۆست مۆدێرنیستێک و چەند ستروکتورالیستێک و چەند فێمینیزمێکمان... هتد هەبایە و لەپاڵ ئەمانەشدا چەند کەسێکیشمان هەبایە کە بە مەنهەجی تیۆری ڕەخنەیی یان هێرمانۆیتیک... هتد کاریاندەکرد، چونکی کارەساتی ڕۆشنبیریی ئێمە ئەوەیە، کاتێک باس لەو ڕێبازانە دەکات وەکی ترسناکییەک بۆ گەل و ئاسایشی نەتەوەیی و گەنجان و ئەخلاقی کۆمەلاّیەتی دەیانفرۆشێ!! من بڕوای تەواوەتیم بەوە هەیە گەر لەناو ڕۆشنبیریی کوردی، چەند ململانێییەکی فیکری لەو بابەتانەمان هەبایە، ئەوکاتە دەمانتوانی خۆمان بە ئیشکالییەتەکانی فیکرەوە خەریک بکەین و سکالاّی نائیشکالییەت و ئامادەنەبوونی ململانێی فیکریی نەکەین لە ڕۆشنبیریی کوردیدا. با بگەڕێمەوە سەر نموونەکەی (خاتەمی). ئەو لەم سەفەرەی دواییدا بۆ ئەڵمانیا، لە دووتوێی کۆنفرانسە ڕۆژنامەگەرییەکەیدا، هێمای بۆ گەورەیی بیریاران و فەیلەسوفان و ڕێبازە فیکرییەکانی خۆرئاوا بەگشتی و بەتایبەتیش ئەڵمانی کرد. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گووتی، ئێمە قەرزارباری فەیلەسوفانی ئەڵمانین لە کۆششیان بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕەخنەیی مۆدێرنە، وە هەر ئەوانیش یەکێکن لە بنیاتنەرە سەرەکییەکانی ڕێبازی پۆست ـ مۆدێرنە. ئەڵبەتە لێرەدا مەبەستم لە بەراوردکردنی خاتەمی بەوان نییە، بەڵکو دەڵێم: من سەیرم پێدێت کاتێک دەبینم ئەمە عەقلی بەناو مەلایەکە و ئەوەش عەقلی ڕۆشنبیرە عەقلانییەکانی کوردە کە ئالاّی جەنگی عەقیدەیی و حیزبییان دژ بە فیکر و فەلسەفەی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە هەڵگرتووە، وەکی ئەوەی ئەو میتۆدە زانستی و ڕێبازە فەلسەفی و فیکرییانە هێندە ترسناک بن کە ئیتر کورد دەبێت دژایەتییان بکات، یان بەسەرچووبن و چیدی کورد پێویستی پێیان نەمابێت، نا نەخێر ئەوەندە کتێبمان بە کوردی لەسەریان هەیە کە چیدی ئەو برادەرانە بێتاقەتبوونە لە خوێندنەوە و بیستنی ئەو ناوەکانیان. لە کاتێکدا کە کتێبخانەی کوردی هەژار لە قەحتیکی گەورەدایە، دەبێت بڵێم کە زانکۆکان و کتێبخانەکانی ڕۆژئاوا خۆشیان، بەبێ کتێبی ئەو بیریارانە و ئەوانەشی لەسەریان نووسیون یان ڕەخنەیان لێگرتوون، لایەکی گەورەی دەبێتە کەلاوە؛ لەوەی لای خۆمان خراپتر. ئەوەی خەمی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی بێت، دەبێت لە پێش هەموو شتێک خەمی ئەوەی بێت کە فیکری بیریارانی مۆدێرنە و ڕەخنەگرانی، بەگشتی کۆی ئەو فیکر و زانستانە بکرێن بە مەنهەج و موحازەرە لە زانکۆکان و بە میتۆدی پەروەردەکردن لە سیستەمی خوێندن... بۆ نموونە تازەترین مەنهەج و گوتار کە ئەمرۆ چۆتە ناو زانستی سیاسەت لە ڕۆژئاوا و لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەخوێندرێت و لە سیاسەتدا کاری پێدەکرێت، «گوتاری جیاوازی»یە کە بۆخۆی یەکێکە لە بەرهەمەکانی گوتاری پۆست مۆدێرنەیە. گەر ڕۆشنبیری ڕەخنەییمان هەبێت، دەبێت باس لەو ڕۆشنبیرانە بکەین کە کار لە دروستکردنی مەرجەعییەتێکی تر لە مەرجەعییەتی کولتووری باو و حیزبی دەکەن. ترسناک نییە ڕۆشنبیرێک بە میتۆدێک و ڕێبازێکی فیکری دیاریکراو کاربکات، ترسناک ئەوەیە کە ئەو میتۆدە و ڕێبازە بکات بە تاکە ڕێبازێک بۆ خوێندنەوەی دونیا و شوناسەکانی تری فیکری پێبسڕێتەوە. ترسناک نییە ئێمە ئاگاداری فیکری جیهانی بین و کاری پێبکەین و ڕەخنەی لێبگرین، ترسناک و کارەسات ئەوەیە کە لە فیکر و فەلسەفەی جیهانی

بێئاگابیت و کەچی بە ترسناکی دابنێیت. ئەمەش لەڕاستیدا بەشێکی گرنگی پرسیاری ئامادەبوون یان ئامادەنەبوومان لەناو مشتومڕە فیکرییەکانی جیهاندا دیاریدەکات و بەشێکی جەوهەری چارەنووسی سیاسیشمان پابەندی ئەم ئامادەبوون و ئاگاداربوونەیە لە فیکر و فەلسەفە سیاسییەکان و ڕێبازە ڕەخنەییەکان.

گەر یەکێک لە پەیامەکانی ڕۆشنبیر لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا، دروستکردنی «ئاشتی نەمر» و «هاونیشتیمانی جیهانی» بووبێت، ئەو بانگەوازەی کە (کانت) بۆمانی بەجێهێشتووە و تاوەکو ئەمڕۆش لە گرنگێتی خۆی کەمنەکردۆتەوە، ئەوا ئێمە دەبێت بۆ ئەم دۆخەی ئەمرۆی کوردستان بڵێین یەکێک لە وەزیفەکانی ڕۆشنبیری سەربەخۆ بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە واقیعی لەتبووی سیاسی و دروستکردنی «لۆژیکی ئاشتی» بەرامبەر بە «لۆژیکی جەنگ». ئەم وەزیفەیە، لە ڕووی تیۆرییەوە، بریتییە لە خستنەوەی چەمکی «ئەوەی ئاشتی بۆ کۆمەڵگا بباتەوە و شەڕەکەی بردۆتەوە»، چونکی گەورەترین سەرمایە بۆ ئەمڕۆی کوردستان ئیستیقراری کۆمەڵایەتییە، نەک جەنگ و سەرمایە پیرۆزەکانی حیزب. ئەرکێکی تیۆری تری ڕۆشنبیر بریتییە لە سەندنەوەی شوناسی حیزبیی ـ لۆکالیی لە تاک و گروپەکانی کوردستان و دانەوەی بە خاوەنەکانی خۆیان، ئەمەش مانای دروستکردنی چەمکێک و تێگەیشتنێکی تر دەگەیەنێت بۆ شوناس و هاونیشتمانیبوون، وەک لە هاونیشتیمانێتی و شوناسی حیزبی، بریتییە لە دروستکردنی گوتارێک کە حیزب چیدی گەمە بە چارەنووسی کۆمەڵگاوە نەکات و ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکانیش کاتێک خەمی فیکری گەورەیان هەیە، حیزبەکان و ڕۆشنبیرەکانیان بە دوژمنی چینایەتی یان حیزبی یان خێزانی یان شەخسییان تێنەگەن، بەڵکو با ڕۆشنبیرەکانیان هەوڵی جیدیتر بدەن بۆ کرانەوە و خوێندنەوە و گفتوگۆی ڕەخنەیی و زانستی، چونکی لەگەڵ ئەو دیدە سەیروسەمەرانە کە «کاری ڕۆشنبیریی و فیکریی بە کاری حیزبی ـ دیبلۆماسی تێدەگەن، بە مەلەوانی دەلێن مەعریفە و واتێگەیشتوون ڕۆشنبیری ئەکادیمی ئەو کەسەیە کە ناتوانێت فڕۆکە لێبخوڕێت و ناکامڵی پۆست مۆدێرنیستەکانیش بەوە تێدەگەن کە پرسیاری بوونی خوایان نەووروژاندووە»... چەندان نموونەی ناچێز و عەجیب غەریبتریش، کە لە نوکتەوە نزیکترن نەک لە فیکر؛ لەگەڵ ئەم جۆرە نووسینانەدا ناتوانرێت گفتوگۆی فیکری هەبێت، چونکی کردەی بیرکردنەوە ئامادەنییە و بێئاگایی و نەبوونی «ئێتیک»ی بەرپرسیارێتی لە دونیای فیکر و فەلسەفە بەرقەرارە و قسەفڕێدانی بێسەروبەر لە ڕێگای دەزگاوە دەکرێت بە نووسین و نووسەر و ڕۆشنبیرمان بۆ بەرهەمدەهێنێت. بە کورتی ئێمە لە کوردستان و لە دەرەوەش ماشینی گەورەی بەرهەمهێنانی نووسین و نووسەرمان هەیە، کە بە هیچ شێوەیەک لە دوور و نزیک، لە پێناو یان لە خزمەتی دروستکردنی گوتاری زانستی و ڕەخنەییدا نییە.

ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی ئۆتۆنۆمە (سەربەخۆیە) و لەدەرەوەی بازنەکانی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی لۆکالییانە و حیزبییانەدا ململانێ فیکرییەکانی خۆی دەکات و کاتێکیش باس لە کۆمەڵگا دەکات، مەبەستی لە کۆمەڵگای حیزبی نییە. لە کۆتاییدا زۆرم مەبەستە خاڵێکی گرنگ دیاریبکەم کە هەندێ جار بە مەبەستەوە یان لە بێئاگاییەوە تێکەڵدەکرێت، ئەویش ئەوەیە، کاتێک من باس لە سەربەخۆبوونی ڕۆشنبیر دەکەم، مەبەستم بە تەنها لەو ڕۆشنبیرانە نییە کە لەدەرەوەی حیزبدان، مەبەستم تەنها ئەوە نییە کە ئەندامی حیزبێکە یان نا، لە دەزگای حیزب کار دەکات یان نا، بەڵکو مەبەستم لە فراوانی فیکر و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانەی ڕۆشنبیرە، سەرەڕای ئەندامێتی لە حیزبێکیشدا. چونکی بۆ ڕۆشنبیری فیکرسەربەخۆ ئەندامبوون لە حیزبێکدا هیچ کاتێک ڕێگە لەوە ناگرێت خوێندنەوە و تەنانەت هەڵوێستی ڕەخنەییانەی توندیشی بەرامبەر بە حیزبەکەی خۆشی هەبێت. من لەو بڕوایەدام کە بوونی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە بەتەنها خەسڵەتی ڕۆشنبیر دیاریناکات، بەڵکو دینامیکییەتی ئەو حیزبەش، وەکی حیزبێکی مۆدێرن و دیموکراسی، نیشاندەدات...

## تێڕامانێک لەسەر گوتاری هەنووکەیی ڕۆشنبیر

ڕۆشنبیری ڕەخنەیی کاتێک کە دەزانێت ئاوێزانبوون (ئیندیماج) و چەمکی ئیجماعی - (کۆنزێنس)ی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا پێویستە، ئەوسات لەسەر گرنگێتییەکانی بوونی جەغددەکات. کاتێکیش زانی کە ئاوێزانبوون لە فۆرمی تاکدەسەڵاتێتیدا دەبێتە ڕەگەزێک بۆ سەقامگیرکردنی دیکتاتۆرییەت و کوشتنی ململانێی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی، ئەوکات دەبێتە ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ بەرگری لە لایەنە باشەکان و پۆزەتیڤێتی و گرنگێتیی بوونی ململانێی فرەدەنگیی سیاسی و دیموکراسییانە دەکات. بەڵام من لێرەدا بە نیگەرانییەوە دەڵێم: ڕۆشنبیری کورد، بەشێوەیەکی گشتی، بووەتە بەشێک لە سیستەمی ڕۆشنبیریی سیاسی لۆکالییانەی حیزبیی و هێزێکیش بۆ دووبارەبەرهەمهێناوەوەی ئەو سیستەمە ڕۆشنبیرییە. ئەم دۆخە کولتوورییی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریی بێدەنگت بۆ بەرهەمدەهێنێت و وادەکات ئەوەشی ڕەخنەی زانستی لەو حاڵەتە کارەساتاوییەی گۆمەڵگای سیاسی کوردی بگرێت، بکرێتە ترسناکێتییەک، چونکی وەکی خۆیان دەڵێن «دانی خێر» بەدەسەڵاتی لۆکالیدا ناهێنێت و باس لەو ڕووداوانە ناکات کە گوتاری دەسەڵاتدارێتی لۆکالی بەرهەمیدەهێنێت و پاشانیش خۆی لەسەر لۆژیکی ئەوان ساغناکاتەوە. ئەم سیستەمە ڕۆشنبیرییە سەقامگیرکەری دابەشبوون و لەتبوونی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرانی ئێمەیە لەناو هەیمەنەی دەزگای حیزبی بەسەر کۆمەڵگادا. ئەم سیستەمە مۆدێلێکی تایبەت لە ڕۆشنبیر دەخوڵقێنێ کە چاوەڕێی ئاشبوونەوەی هەردوو حیزبەکە دەکات، بۆ ئەوەی ئەویش لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناوچەکەی دی بکەوێتە گفتوگۆ، یان چاوەڕوانی بڕیار و نەسیحەتی حیزب دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناوچەکەی تر ئاشتبێتەوە! بەڕاشکاوییەوە دەتوانین بڵێین: لاوازترین دەسەڵاتدارێتی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە داوای مەدح و سەنا لە ڕۆشنبیران بکات و پەپوکترین (بائس) ڕۆشنبیریش ئەو ڕۆشنبیرەیە کە بەتەنها لەپشت دەسەڵاتێکی حیزبییەوە گوتار بەرهەمدەهێنێ. بۆیە دەمەوێت کۆی وەڵامەکەم لێرەدا کۆبکەمەوە: بە شێوەیەکی گشتی کێشەی سەرەکی ڕۆشنبیریی کوردی و ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە کە تەسلیمی ئەو هەقیقەتانە و ئەو ئیشکالییەت و پۆلێنکردنانە بووە کە گوتاری ململانێی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لۆکالییانە بەرهەمیدەهێنێت. خەمی ڕۆشنبیرانی کورد گەمارۆدراوە بە خەمەکانی حیزب و هێندە بچووکبووەتەوە کە بە تەنها لەناو ڕووداو و گوتارەکانی حیزبدا دەبزوێت؛ لە کاتێکدا خەمی ڕۆشنبیریی بۆخۆی چەندە خەمێکی جیهانگەراییە ئەوەندش خەمی کۆی کولتووری میللەتێکە وەکو گشتێک، نەک کولتووری حیزبێک یان دووان. ئەم جەنگەی نێوان حیزبەکان جەنگی کۆمەڵگای کوردی نییە لەناو خۆی، بەڵکو شەڕی بکەرە سیاسییەکانێتی و جەنگی سەرمایە حیزبییەکانە لەناو کۆمەڵگای کوردی و ڕێگاگرتنە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابون و بەنەتەوەبوون بە مانا سیاسییەکەی. بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیریش ئەوەیە لەو چرکەساتەدا بەرگری لە کۆمەڵگا و فەزا مەدەنییەکانی بکات. دیارە کۆی ئەم بابەتە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لەم سەرنجە ڕەخنەییە خێرایانەدا باسی لێوەدەکەین و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات، چونکی لە شوێنی تر بە بەرفراوانی باسمان لێوەکردووە. بەڵام لە کۆتاییدا مەبەستمە سێ ئاستی گەلێک جەوهەری دەستنیشانبکەین، کە سێ کایەی گرنگی بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ و ڕەخنەییانە لەم قۆناغەدا بەرجەستەدەکات.

یەکەمیان: گوتاری بەرگریکردنە لە مافەکانی تاک (فرد) وەکی خودێکی یاسایی، نەک وەکی موڵکێکی حیزب یان دەوڵەت، لەوێشەوە بەرگریکردنە لە هەموو مافە سروشتی و یاسایی و مەدەنییەکانی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و هەڵبژاردن و هەڵاوێردی (ئینتیخاب و ئیختیاری) فۆرم و شوێنی ژیان.

دووەمیان: داکۆکیکردنە لە فەزای ئۆتۆنۆمیتی و مەدەنییەتی کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی تێکەهەڵکێشکردنی فەزای کۆمەڵگایە بە جەستەی حیزب یان بە دەزگای دەوڵەتەوە. واتە جیاکردنەوەی ئەم دوو کایەیە لەیەکتر و بوونی زەمانەتی دەستووریش بۆ ڕێزگرتن لەو دابەشکردنە.

سێیەمیشیان بریتییە لە بەرهەمهێنانی گوتاری لۆژیکی ئاشتی و دیالۆگ بەرامبەر بە لۆژیکی جەنگ و ململانێی جەنگاوەرانە. ئەمەش لەلایەکەوە مانای داکۆکیکردنە لە دابەشکردنی دەسەڵات و دروستکردنی کولتووری ململانێی سیاسی و فیکری دیموکراسییانە دەگرێتەوە، وە لەلایەکی تریشەوە خەباتکردنە بۆ گەورەکردنەوەی هەموو ئەو پەراوێزە دیموکراسییە گەورە و بچووکانەی کە ئەمرۆ لە ئاستی جیاجیا لە کوردستاندا بوونیان هەیە و کاریان تیادەکرێت، چونکی من بە چرکەساتێکی زۆر گرنگی بەرهەمهێنانی گوتاری بەمەدەنیبوونی فەزای ژیانی ئێمەی دادەنێم. شایانی باسە کۆمەڵگای مەدەنی دەزگایەک یان چەند دەزگایەک نییە کە حیزب دروستیانبکات و ناوی ڕێکخراوی مەدەنییان لێبنێت، بەڵکو ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییانەیە کە حیزبیش وەکی هەموو بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەتوانێت کاری تێدابکات، نەک داگیری بکات یان خۆی ئەو فۆرمە حیزبییە ـ مەدەنییەی بۆ دیاریبکات کە لەدوا دەرئەنجامدا لە پێناوی سەقامگیرکردنی هەیمەنەی حیزبیدا بەرجەستەدەبێت.

کارکردنی بەرپرسیارانە لە پێناوی بەرهەمهێنان و بەدیهێنانی کۆی ئەم خاڵانەش بۆخۆی دەبێتە سەرەتایەکی زۆرگرنگ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سیاسی ـ مەدەنی ـ عەقلانی، یان بە مانایەکی تر ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی بناغەی حکومەتکردن، نەک حکومکردن.

لەپاڵ ئەم سێ گوتارە جەوهەرییە، کە پێموایە هەر کەسێک، لایەنێک یان حیزبێک کە هەڵگری بەها دیموکراسییەکان بێت، لە بەرهەمهێنان و گەورەکردنەوە و ڕێزگرتنی ئەم گوتارە خۆی بە بەدوور ناگرێت. ئازادکردنی کۆمەڵگای کوردیش لەو دۆخە نائارامی و لەناکاوەی (طواری) تیایدا دەژی، گرنگترین هەنگاوی چارەنووسسازە لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کە دەبایە سیاسەتی کوردی لەپاش ئەزموونی بەعسیزم پیادەیبکردبایە، بەڵام مخابن شەڕی ناوخۆ ڕەهەندەکانی ئەو دۆخە ناکاوەی لە فۆرم و نۆرمی تردا درێژەپێدا و بێگومانم لەوەی کە ئاسۆکانی کۆتایی پێهێنانیشی بەبێ بوونی فشاری مەدەنی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان نادیارە.

کورتبینە ئەو ڕایەی کە دەڵێت حیزبە کوردییەکان نەیانتوانی لەژێر چاودێری فەرەنسا و ئەمریکادا یەکبگرن، چۆن دەتوانن بە فشاری هەندێ دەنگی فیکری یان ئەدەبی یان هونەری یەکبگرن. دیارە ئەزموونەکانی ساڵانی پێشوو ئەوە دەردەخەن کە توانرا دەنگی ڕۆشنبیران لەناو سیستەمی ڕۆشنبیری حیزبیدا پۆلێنبرێت و بەو جۆرەش بێمانابکرێت، ئەمەش بەتەنها پەیوەندی بە سیاسەتی حیزبەوە نییە، بەڵکو ئیشکالییەتی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتی کوردیش پێکدەهێنێ. سەرەڕای ئەوەش وایدەبینم پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاشتی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بە پلەی یەکەم بەرهەمی کۆمەڵگا و بکەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانێتی، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە دیدی ڕەخنەلەخۆگرانە و بینینی بەرژەوەندی کۆمەڵگا پێش حیزب هەیە، واتە پێویستی بەوە هەیە کە بکەرە سیاسییەکانمان ئەو خەتە سوورە لە هەموو موناسەبەو نامووناسەبەیەکدا تووڕنەدەن کە لە زانستی سیاسیدا پێیدەڵێن، بەژەوەندی باڵای نەتەوە. گەر ململانێکان گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەو بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان زەرەردەهێنێ، دەبێت بە پێی لۆژیکی زانستی سیاسەت دەستبەرداری ئەو ململانێیە بن یان بە ڕێگای تر چارەسەری بکەن، تاوەکو سەوابتە نەتەوەییەکان نەشکێننەوە و گەمە بە چارەنووسی نەتەوەکەیان نەکەن. بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بە ئامانجەکانی خۆیبگات، پێویستی بە فەزایەکی ئازاد هەیە تاوەکو کۆمەڵگا و ڕایگشتی بزانێت ئایا بکەرە سیاسییەکانی لەسەر چی دەجەنگن. بۆیە لە ڕاستیدا حیزبی کوردی پێویستی بە لایەنی سێهەم لەدەرەوە نییە، بەڵکو پێویستی بە لایەنی سێهەم لە ناوەوە هەیە. لایەنی سێهەم ئەو حیزبە بچووکانە نین کە خەمیان تەنها ئەوەیە بارەگاکانیان لەم شار یان ئەو شار بەهۆی هەڵوێستی جیدی دژ بە جەنگەوە

دانەخرێت، لایەنی ڕاستەقینەی سێهەم کۆمەڵگا خۆیەتی، ڕایگشتییەکەیەتی. ڕایگشتی شتێک نییە هەر وا بە ئاسانی بە قەڵەمی حیزب دروستبکرێت و یان بە لاستیکی حیزب بسڕدرێتەوە، ڕایگشتی پێویستی بە دەرخستنی ڕاستییەکان هەیە، پێویستی بە ئاگادارکردنەوە و ئاشکراکردنی هەموو مەحزەرەکان و خاڵەکان و ناوەڕۆکی گفتوگۆکان هەیە. من پێموایە هەر بکەرێکی سیاسی توانی گەورەترین خەبات بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ئاشتی بکات بە پرنسیپە دیموکراسییەکان، لەناو ڕایگشتیدا گەورەترین دەنگی ئاشتی بۆخۆی دروستدەکات. ئەم پرۆسەیەش بەبێ بوونی هەندێ مەرجی دیموکراسییانە ئیفلیجدەبێت؛ بۆ نموونە ئاگادارکردنەوەی تەواوی ڕایگشتی لە ناوەڕۆک و دەرئەنجامی گفتوگۆکان، ڕێگادان و کارکردنی ئازادانە بە ڕۆژنامەگەرانی کورد و بێگانە بۆ ساغکردنەوەی ئەو ڕاستییانە لە دیدی سێهەمەوە، نەخنکاندنی دەنگە ناحیزبییەکان کە دژی جەنگن و پۆلێننەکردنیان بۆ ناو بازنەکانی ئەو لایەنەی لەسەر هەقە و ئەو لایەنەی لەسەر هەق نییە. ئەو لایەنەی لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان ناترسێت، ئەو لایەنەیە کە ئازادی تەواو بە ئاشتیخوازان و هێز و دەنگە مەدەنیی و فیکریی و هونەریی و کولتوورییەکانی دژ بە جەنگ و شەڕی ناوخۆدەدات. من بێگومانم لەوەی گەر ئەمڕۆ ئیستیفتایەکی گشتی لەسەر مەسەلەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا بکرێت، براوە ئەو حیزبانە نین کە تەپڵی جەنگ لێدەدەن، بەڵکو ئەو دەنگانەیە کە دژی ئاواز و دەرهێنەرانی جەنگن. بێبەریکردنی کۆمەڵگا و ڕایگشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە ئەمڕۆ لە کۆتاییپێهێنانی جەنگدا بەرجەستەدەبێت، بەرجەستەبوونی ئەو ڕاستییەیە کە بکەرە حیزبییەکانمان بەناوی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەدا لەگەڵ یەکتر دەجەنگن، بەبێ ئەوەی ئەو جەنگە خواستی گەل و نەتەوە بێت. بەکورتی ڕێزدانان بۆ ڕایگشتی و حورمەتگرتنی خواستە ئاشتیخواز و دیموکراسییەکانی دەبێتە کۆکردنەوەی گەورەترین دەنگی جیاوازی دژ بە جەنگ و شەڕ و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فرەدەنگ و ڕەنگ، کۆمەڵگایەک کە کولتووری دیالۆگ و ململانێی ئاشیخوازانە دژ بە کولتووری ڕەتکردنەوەی یەکدی و تەفروتوناکردنی ئیجماعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرهەمدەهێنێت.

لە تەنیشت ئەم سەرنجە خێرایانەشدا، من پێموایە ئەوەی جێگای گفتوگۆی داهاتووە ئەوەیە، ئایا ڕۆشنبیران چەندە دەتوانن خەتە گەورەکانی ستراتیژێکی ڕۆشنبیری دابڕێژن کە تیایدا گوتاری تایبەت و سەربەخۆی خۆیان بەرهەمبهێنن؟ ئەو گوتارەی کە پێشتر ناومان نا بە گوتاری خستنەوەی لۆژیکی ئاشتی بەرامبەر بە لۆژیکی جەنگی حیزبی، گوتاری یەکخستنەوەی جەستەی کۆمەڵگای سیاسی ـ مەدەنی و جوگرافیا و کولتووری کوردی بەرامبەر بە گوتاری دەسەڵاتدارێتی (ناوچەیی) لۆکاڵی ـ حیزبی. ئەوەی لەمڕۆدا گرنگە، بریتییە لە دروستکردنی لۆژیکی پەروەردەی زانستییانە و مەدەنییانە بەرامبەر بە لۆژیکی زەبروزەنگ و سزادانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ـ سیاسی (دژ بە منداڵ، بە ڕەگەزی مێ، بە ئایدیاکانی دی، دژ بە کەمە نەتەوایەتییەکان و گروپە ئایینیەکان... هتد)، بریتییە لە بەرهەمهێنانی گوتاری سەربەخۆی ململانێی زانستی و فیکری بەرامبەر بە موهاتەراتی ڕۆشنبیرانەی سیاسی یان گوتاری وابەستەی سیستەمی ڕۆشنبیریی حیزبی. ئەو دەرئەنجامە چەندە سانایە کە پێماندەڵێت: ئیجماعی سیاسی و ئیستقراری کۆمەڵایەتی ساتگەلێکی گرنگن لە ژیانی کۆمەڵگا، ئەوەندەش بۆ کولتووری کۆمەڵگایەک، بوونی ململانێی فیکری و زانستی، کولتووری و سیاسی کراوە، جومگە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و دینامیکییەتی ئەو کۆمەڵگایە نیشانئەدەن. دیارە ئەم گەمەیەش ئەو یاریزانانە بەرهەمدێنێت کە ڕێزی زانست و کولتووری ململانێی فیکریی دیموکراسییانە دەگرن. ئەمە بە بۆچوونی من ئەو کولتوورە گوتارە نوێیەیە کە ڕۆشنبیری کورد دوێنی دەبایە بەرهەمیبهێنابایە و ئەمڕۆ کاری لەسەر بکردبایە و سبەینێش لەسەر گەورەکردنەوەی سنوورەکانی بەردەوامبایە.

## سەرچاوەکان

1. P. Bourdieu: Gegenfeuer. Wortmeldungen im Dienste des Widerstands gegen die neoliberale Invasion. Konstanz, 1998.
2. P. Bourdieu: Die Intellekteullen und die Macht. Hamburg, 1991.
3. M. Foucault: Botschaften der Macht. Reader, Diskurs und Medien. Stuttgart 1999.
4. Wolfgang Miller-Funk: Der Intellektuelle als Souverän.. Wien 1995.

# چاوپێكەوتنێك و پاشكۆیەك
# دەربارەی
# پەیوەندی نێوان حیزب و رۆشنبیران

**شیلان: رۆشنبیر دەتوانێ چ گوتارێك ئاراستەی جەماوەر و حیزب بكات و تاكو ئێستا نەیكردووە؟**

**بەختیار عەلی**: سەرەتا بەرلەوەی راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەكەتان بدەمەوە، حەزدەكەم كەمێكم دەربارەی پەیوەندی رۆشنبیر و حیزب و رۆشنبیر و جەماوەر قسەبكەم. پێموایە بەرلەوەی بڵێین رۆشنبیر دەیتوانی چیبكات و نەیكردوە، دەبێت پرسیارەكان بگوێزینەوە بۆ هەندێ ئاستی تر؛ بپرسین ئایا توانای كۆمەڵگای ئێمە لەسەر ئیشكردن بە گوتاری رۆشنبیری و توانای بۆ كارلێك لەگەڵ فیكردا چەندە؟ بەر لەوەی بپرسین رۆشنبیر چیكردوە، دەبێت لە توانای كۆمەڵگای ئێمە بپرسین بۆ بەرهەمهێنانی رۆشنبیر، ئایا بە راست ئێمە كۆمەڵگایەكین توانای بەرهەمهێنانی رۆشنبیر و قبووڵكردنی رۆشنبیرمان هەیە؟ ئایا شوناسی ئەو رۆشنبیرانە چین كە كۆمەڵگای ئێمە بەرهەمیاندەهێنێت؟

سەرەتا بۆ خۆلادان لە هەر گرفتێكی تیۆری، دەمەوێت بڵێم وشەی رۆشنبیر بە مانا گرامشییەكەی بە كارناهێنم، لێرەوە ناتوانم بە كادێری حیزبی و بە مامۆستاكانی ئاموزشكار بڵێم رۆشنبیر، ناتوانم بە ئەندازیارێك كە رێگا دەكێشێت و پیاوێكی ئایین كە پێشنوێژی دەكات، بڵێم رۆشنبیر، بەحاكمێك كە لە دادگا حوكمدەدات و مامۆستایەك لە ئامادەیی یان زانكۆ وانە دەڵێتەوە، سیاسەتمەدارێك خوتبەدەدات و تەبلیغ و تەحریز دەكات بڵێم رۆشنبیر. هیچ یەكێك لەمانە تەنیا بەحوكمی وەزیفەكەیان، تەنیا بە حوكمی ئیشكردنیان لە دەستگایەكی مۆدێرندا نابنە رۆشنبیر، دەشێت قازییەكان و پارێزگاران و ئەندازیاران و پیاوانی ئایین و مامۆستایانی زانكۆ رۆشنبیری خۆیان هەبێت، نوخبە و هەڵاوێردی خۆیان هەبێت كە گەشە بە بوارەكانیان دەدەن، كە وردتر و لەپێشتر لەوانی دی شارەزای كایەكانی خۆیانن و بوێرانە بیر لە تازەكردنەوەی دەكەن، بەڵام بەودیویشدا دەشێت بوارێكی ئۆرگانی ژیانمان هەبێت، پربێت لە كادێری مامناوەندی و لێوان لێوبێت لە فەرمانبەری بچوك كە كۆی دەزگاكانی دەبەنبەرێوە كەچی یەك رۆشنبیری تیانەبێت.

لێرەدا كە دەڵێم رۆشنبیر، مەبەستم لە دوو شێوە مرۆڤە. یەكەم: مەبەستم لە مرۆڤێكە كە دیدێكی تایبەتی بۆ هەندێ كێشەی جەوهەری هەیە لە كایەیەك لە كایەكاندا و ئەو دیدەشی درێژكراوەی هەموو ئەو سامانە میتۆدی و فیكرییەیە كە پێش ئەو لەو كایانەدا هەبوون و ئەو بە ناسینی قووڵ و تەفسیركردنەوەی نوێ دەوڵەمەندیاندەكات، یان لە رووی تیۆرییەوە گەشە بە هەندێ چەمكییان دەدات یان لە رووی پراكتیكییەوە كایە و شوێنی تازە دەدۆزێتەوە بۆ تەتبیقی هەندێ لەو چەمكانە. دووەم: مەبەستم لە پیاوێكی داهێنەرە كە بێئەوەی تیۆریزەبكات، دەتوانێت لەرێگای بەرهەمە ئەدەبیی یان هونەرییەكانییەوە هەستی تازە بخوڵقێنێت، هوشیاری نوێمان دەربارەی شتەكان تیا دروستبكات، لەهەندێ گۆشەوە بمانبات كە لە كاتی ئاساییدا ناتوانین لێیانەوە بچینە ژورێ، چاوی ترو زمانی ترمان بداتێ، واتە بەكورتی داهێنەر بێت. بۆ ئەوەی قسە لە رۆشنبیر بكەین، دەبێت قسە لە مانای وشەكە بكەین. هەندێ جار گوێم لە قسەی هەندێ نووسەر دەبێت، هەندێ تێكست دەخوێنمەوە كە بە شێوەیەك وشەی رۆشنبیر بەكاردەهێنن، وەك ئەوەی هیچ كێشەیەك لە ماناكەیدا نەبێت و پێشوەخت هەموو بزانین كێ رۆشنبیرە و كێ رۆشنبیر نییە و هەموو كۆنگرەیەكمان بەستبێت و لە خوارەوە

سیفەت و فەرمانەکانی ڕۆشنبیرمان مۆرکردبێت. هەندێ لەو نووسەرانە چۆن وشەگەلی وەک «قاپ، تەنەکە، خورما... هتد» بەکاردەهێنن، بەوشێوەیە وشەی ڕۆشنبیر بەکاردەهێنن، وەک ئەوەی سەد دەر سەد نیاز و مەبەست و مانا و وەزیفەی ئاشکرابێت. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە چەندین تێکست هەیە بۆ قسەکردن لەم وشەیە و گەیشتن بە هەموو ماناکانی. بۆیە لەسەرەتاوە هیودارم ئاگاداربیت لای من وشەی ڕۆشنبیر لە دوو تەوەر جیانابێتەوە، یەکەمیان وزەی تیۆریزەکردن و ڕاڤەکردن و پراکتیکی مەنهەجییانەی چەمکی زانستی و فەلسەفی لە بوارە جیاوازەکاندا، ئیدی سیاسەت بێت، یاساناسی بێت، ڕەخنەی ئەدەبی بێت، یاخود هەر کایەیەکی دی. دووەمیان، داهێنان، بە مانای بەرهەمهێنانی ئازادانەی هەقیقەت و جوانی، لە پرۆسەیەکی پشت ئەستووردا بە توانای زمان، ئەرگومێنتی داڕێژراو، ڕەخنە و خوێندنەوەی تیژبینانە بۆ دونیا.

دیارە کەرەسەکانی داهێنان لە هەر بوارەدا شتێکە و لەهەر کایەیەدا شێوەیەکە، بۆ نموونە: لە هونەری شێوەکاردا شتێکە و لە ڕۆمان یان مۆسیقادا شتێکی دیکەیە، بەڵام مانای داهێنان لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە، لێرەوەیە ڕۆشنبیر لە هەر بوارێکدا ڕەنگێکی هەیە و بەرگێکی لەبەردایە، بەڵام لە پشت ئەو بەرگە جیاوازانەوە ئامانجی وەک یەک هەیە، کە شکاندنی ستاتیکییانەیە بۆ ئەوەی هەیە و باڵادەستە، ڕاتەکاندنی ستاتیکییانەیە لەو شوێنانەدا کە خەریکە دۆگما و وشکبوونەوە و پیری دایاندەگرێت، توانایە لەسەر دیاریکردنی ئەوەی دەبێت بمرێت و ئەوەی دەبێت لە دایکبێت.

واتە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە سەختترین و ئاڵۆزترین و وەردەکارترین پرۆسە کە ئەویش بەشداریکردنە لە دیاریکردنی مانای وشەی «کۆن» و «نوێ» دا لە هەمو بوارەکانی ژیاندا، تەنیا ڕۆشنبیرە دەتوانێت ئەو جورئەت و بوێرییە بداتە کۆمەڵگا کە سیستمە کۆنەکانی خۆی، بیرکردنەوە کۆنەکانی خۆی، هەستە پیرەکانی خۆی و موقەدەسە زیانبەخش و لەکارکەوتوەکانی خۆی جێبهێڵێت وبیانشکێنێت. نە ڕۆشنبیر لەم وەزیفەیە جیادەبێتەوە و نە ئەم وەزیفەیەش لە ڕۆشنبیر جیادەبێتەوە.

لەسەرەتاوە پرسیارەکەی ئێوە ئیشکالییەتێکی هەڵگرتووە، ناکۆکییەکی جیدی تیایە، دەکرێت ئەو پرسیارە وردبکرێتەوە بۆ چەند پرسیارێکی تر. ١ ـ ئایا کەس بۆی هەیە بۆ هیچ ڕۆشنبیرێک، نووسەرێک، شێوەکارێک، مۆسیقارێک دیاریبکات چی گوتارێک ئاڕاستەی دەرەوە بکات؟ ٢ ـ ئەی ئایا نووسەران و داهێنەران وەزیفەی کۆمەڵایەتییان هەیە و بەرپرسیارن لەو وەزیفانە؟ ٣ ـ دواجاریش کە دەپرسن ڕۆشنبیر چ گوتارێکی ئاڕاستە نەکردوە کە دەبایە بیکردبایە؟ ڕەوایە پێش ئەو پرسیارە بپرسین ئایا حیزب و جەماوەر بەڕاست کەرەستەی «گرتنەوە ـ التقاط» ی گوتارە ڕۆشنبیرییەکانیان هەیە، ئایا نامۆبوونەکە لەوەوە دەستپێناکات کە وەرگرەکانی دەرەوە تائێستا شێوە نزم و لەکارکەوتووەکانی فیکر و هونەر ئیستیهلاکدەکەن و پێویستییان پێیەتی.

من پێموایە جگە لە یاسا ناوخۆییەکانی فیکر و داهێنان، هیچ کەس بۆی نییە بە نووسەران و داهێنەران بڵێت چی بەرهەمبهێنن و چی ئاڕاستەبکەن و چی ئاڕاستەنەکەن، واتە ئازادی لە نووسین و داهێناندا مەرجێکە نابێت قسەی لەسەربێت... هەرشتێک بڵێین، دەبێت لە پشت ئەو مەرجەوە دەستپێبکەین. بەڵام نووسەران و داهێنەران چۆن مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە تێکستدا، ئاوەهاش مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە ژیاندا، چۆن مەحکومن بە شکاندنی تابۆو قەدەغە و حەرامی کایە ئەدەبی و هونەرییەکان، مەحکومیشن بە ململانێ دژی هەموو قەدەغە و حەرامێک کە ڕووبەرێک لە هەقیقەت و ئازادی لەدەرەوە و لە ژیاندا زەوتدەکات، چۆن هیچ قەڵەمێک ناتوانێت پارچەیەک ناشیرینییمان بە جوانی پێبفرۆشێت، چۆن کەسمان قبووڵمان نییە و توڕەدەبین «دیارە هەر کەس لە نیگا و تێگەیشتنی خۆیەوە» کە نرخی تێکستێکی ناشیرین، شیعرێکی کۆن، تابلۆیەکی دزێو بەسەر تێکست و شیعر و تابلۆی جوان و قووڵدا بەرزتر ڕابگیرێت، ئاوەهاش لە جەوهەری مۆراڵ و ژیاندایە کە سیاسەتێکی دزێو، ڕاگرتنی ڕەوتی ژیان، مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی قەبووڵنەکرێت. ئایا ڕۆشنبیری ئێمە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چۆن ناشیرینی و

ئیبتزال لە هونەرو ئەدەبدا قبووڵناکات لە ژیان و سیاسەت و کۆمەڵگاشدا قبووڵیاننەکات؟ دیارە کەمایەتییەکی جوان لە هەمو شوێنەکان و لە هەمو بوارەکاندا هەن، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر کەمایەتی نییە، بەڵکو قسەمان لەسەر زۆرایەتی و هێزی کارتێکەرانەی ڕۆشنبیرە لەسەر ڕەوتی شتەکان. ئەمڕۆ بەرەیەک هەیە دەیەوێت شەرعییەت بداتە ناشیرینی، شەرعییەت بداتە بەها بەسەرچووەکانی ئەدەب و فیکر، بەرەیەک لە ژیاندا بێدەنگە لە هەموو کەموکورتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە بواری داهێنانیشدا پاسەوانی هەموو ئەو سیستمانەیە کە ڕۆژی مردنیان هاتووە، واتە چۆن ناشیرینیان لە ئەدەب و هونەردا قبووڵە و لە بەرگی داهێناندا دەیفرۆشن و بازاڕی بۆ پەیدادەکەن، ئاوەها لە ژیان و کۆمەڵگاشدا قبووڵییانە. ئەم دۆخە وایکردووە هاوپەیمانییەکی سروشتی و مێژویی لە نێوان ئەو جۆرانە لە سیاسی و ئەو جۆرانە لە ڕۆشنبیردا دروستببێت، ئەو شێوەیە لە ڕۆشنبیران بۆ سایە و پەنای سیاسی و ئەو جۆرەش لە سیاسیان بۆ سایە و پەنا و قەڵەمی نووسەران بگەڕێن. بەئەندازەیەک هەندێ کادێری سیاسی ناڕاستەوخۆ فەتوای ئەوەدەردەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان بەسەرماندا بیسەپێنن، بە هەڵە بڵێین دروست، بە جەهل بڵێین زانست، بە درۆ بڵێین ڕاست. بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەدەکەن ڕێزی جەهل بگرین، بەدەمییەوە پێکەنین و بڵێین نەزانینی ئێوەش ڕایەکی تایبەتییە، بڵێین قوربان تێنەگەیشتنی ئێوەش هەر جۆرێکە لە تێگەیشتن، هەڵە زانستییەکانی جەنابیشتان هەر جۆرێکە لە ڕاستی و زانست... ئەم کۆمیدیا (عەزیز نەسین)ییەی کە هەندێ کادێری سیاسی دەیانەوێت بیسەپێنن، لە جەوهەردا یەکانگیری و ئۆرگانییەتی ئەو پەیوەندییە ئاشکرادەکات کە لە نێوان سیاسی و پاسەوانە نووسەرەکانیاندا لەلایەک و لە نێوان نووسەر و پاسەوانە سیاسییەکانیاندا هەیە لە لاکەی تر. ئایا لە واقیعی وادا ئەمە بەس نییە باوەڕبهێنین کە ڕووبەرێکی بەرینی ئەندامان و کادێرانی حیزب ئیستیهلاکی ڕۆشنبیرییەکی ئیستیهلاککراو دەکەن، ئایا شوێنی خۆی نییە بپرسین حیزب و هوشیاری گشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەندە گەشەیکردوە بۆ پێشوازیکردنی گوتاری فیکرییانەی ڕاستەقینە کە خاوەنی میتۆد و قووڵایی ڕەسەنی فیکر بێت؟

لێرەدا پرسیارەکەی تۆ دابەشدەبێت؛ ئەگەر مەبەستت ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە گوتاری دەم بە پێکەنین و ڕووخۆشانە بۆ حیزب و جەماوەر دەنێرن، ئەگەر مەبەستت ئەو جۆرە گوتارانەیە کە ستایشی ئێستا و ئیجابیاتەکانی دەکەن، ئەوا ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان پڕن لەو جۆرە گوتارانە، بەڵام ئەگەر مەبەستییشت ئەو جۆرە گوتارانەیە کە گومان دروستدەکەن، کە هێمنی و ئارامی و خەواڵوێتی دونیا دەشێوێنن، کە ئەو شتانە بیردەخەنەوە کە لە بیرکراون، کە پێکهاتی کۆمەڵایەتی دەبزوێنن تا نەخەوێت و لە ئاستی گەشەی دونیادا بێت، کە هوشیاری ڕادەچڵەکێنن و ڕەنگی تر دەخەنە سەر سفرەی ڕەنگە فیکرییەکان و ئەو مافانە بە یاددا دەهێننەوە کە نابێت بیرکرێت، ئەوا ئەمایان ڕووبەرێکی زۆر تەسکی ژیانی فیکری ئێمەی داگیرکردووە. واتە پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە «ئایا کورد ئەو ڕۆشنبیرەی هەیە «جورئەتی کۆمەڵایەتی» دروستبکات، یاخود هیچ نەبێت «جورئەت» بە مانا ستاتیکی و ڕەخنەییەکەی دروستبکات؟» ئەو جورئەتەی مەرگی کۆمەڵێک نەریت و بڕوا و دۆگمای سیاسی و ستاتیکی و ئەخلاقی ڕابگەیەنێت و لەبری ئەوان مەنهەجییەتی تازە بۆ بیرکردنەوە و ژیان پێشنیاربکات؟ ئەگەر هەیەتی، کامانەن؟ ئەگەر نییەتی، کێن ئەوانەی یەک سەدەیە لە ژێر ناوی ڕۆشنبیردا کاردەکەن و پەیوەندیشیان بەم ناوەوە نییە؟ ئەگەر نیشیەتی بۆ نییەتی؟ وەک دەبینی هەر یەکێک لەو پرسیارانە دەرگای دنیایەکی خەتەرمان لێدەخەنە سەر پشت کە بەشی ئەوەدەکات ئەوەی وەڵامیانبداتەوە، بەشی هەموو ژیانی دوژمن پەیدابکات؛ بەداخەوە من یەکێکیشم لەو کەمانەی هەمیشە لەسەر تەوەری ئەو جۆرە پرسیارانە کارمکردووە. لێرەوە ئەو هەموو شالاوی درۆ و پەلامارانەی بە وەرزی و لە چەندین لاوە ئاڕاستەی من دەکرێت، دەرەنجامێکی سروشتی ئیشکردنە لەسەر دەمارە نازکەکان، دەرەنجامێکی سروشتی کردنەوەی ئەو دەرگایانەیە کە خاوەن ماڵەکان کردنەوەیان قەدەغەکردووە.

با نموونەیەکی ڕوونتر بۆ بهێنمەوە. یەکێک لە حکایەتە کۆنەکان باس لە کچێک دەکات کە دەچێتە کۆشکێکی گەورەوە، خاوەنماڵ کلیلی کۆی ماڵەکەی خۆی دەدات بەکچە و پێیدەڵێت تۆ بۆت هەیە دەرگای هەموو ژوورەکانی کۆشک بکەیتەوە، تەنیا یەک دەرگا نەبێت. ڕۆشنبیری کورد کتومت لەو کچە دەچێت، کلیلێکی پێیە و دەرگایەکی داخراو، کۆی نهێنییەکانی ئەو سیستمەش لەودیو ئەو دەرگایەوەیە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەرگا قەدەغەکە دەشکێنێت ودەیکاتەوە. دیارە دەرگا قەدەغەکان لەواقیعی ئێمەدا بێشومارن، بەر لەوەی کێشەکەش لە قەدەغەکردنی قانونی و سیاسیدا بێت کێشەکان لە هوشیاریماندایە، واتە دۆخەکە تەنیا ئەوەنییە حیزبێک یاسایەکی ئاشکرای دەرکردبێت و هەندێ بابەتی قەدەغەکردبێت «کە دیارە ئەمەشیان هەیەو چالاکانەش لە کاردایە»، بەڵام شەڕکردن لەگەڵ قەدەغە ئاشکرا و بێپەردەکاندا ئاسانترە لە شەڕکردن لەگەڵ ئەو حەرامانەدا کە حەرامی نادیارن، حەرامن لە نائاگایی مەعریفیماندا، حەرامن چونکە لەسەرەتاوە کەرەسە مەنهەجییەکانی نزیکبوونەوەمان پێنییە لەو دیاردانە، حەرامن چونکە هەژاریی ڕۆشنبیریمان ناهێڵێت ئەو کێشانە ببینین، حەرامن چونکە بۆ ئاشکراکردنیان دەبێت هەموو سیستمی ڕوانینی خۆمان نوێبکەینەوە، هەژاری ئەو سیستمە ڕۆشنبیرییە ئاشکراکەین کە بە هۆی دەستکورتی ئەوەوە چاومان ناگاتە ئەوەی بە ڕوونی کێشەکان ببینین. ئەمەیە کێشە گەورەکە، ئەمەیە ئەو تراژیدیا گەورەیەی ڕۆشنبیریی و دۆخی کەینونییانەی کوردی تیاچەقیوە، ئێمە ناتوانین یەک هەنگاو لە ئاستی ڕۆشنبیریدا بچینە پێشەوە، بێئەوەی جەوهەری ئەو دەستکورتییە دیارینەکەین و نوێنەرەکانی و پاشاکانی و پاشکۆکانی ڕووتنەکەینەوە. بە مانایەکی تر شێواندنی مانای وشەی ڕۆشنبیر لە شێواندنێکی پێشترەوە دەستپێدەکات کە شێواندنی مانای وشەی مەعریفەیە. کە تۆ دەپرسیت کامە گوتارە دەبایە ڕۆشنبیر ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری بکات و نەیکردووە؟ من دەڵێم ئەو پرسیارەیە کە گومان لە حیزب دەکات و دەیخاتە بەر خوێندنەوەی وردەوە، کە گومان لە سیستمی ئیشکردنی دەکات، لە مێژووی، لە تەکتیک و ستراتیژەکانی، لە چۆنێتی یاریکردنیدا بە شەرعییەت، چۆنێتی پاوانکردنی بۆ ئابووری، چۆنێتی پارچەپارچەکردنی بۆ ستراکتوری کۆمەڵایەتی، چۆنێتی زیانگەیاندنی بە پرۆسەی بە نەتەوەبوون و بە کۆمەڵگابوون، چۆنێتی قەمتەرکردنی بۆ نەوە تازەکان، چۆنێتی مۆنۆپۆڵکردنی بۆ دەسەڵات، چۆنێتی یاریکردنی بە وشەی دیموکراسییەت و نەتەوە و ئازادی، چۆنێتی یاریکردنی بە زمان و میدیا و ڕۆژنامەگەری، دەیان و سەدان بابەت و تەوەری تریش کە سەدەیەکە دەبایە ڕۆشنبیر بیکردایە و نەیکردووە. کە دەشپرسێت چ گوتارێکی ئاڕاستەی جەماوەر نەکردووە، دەڵێم ئەو گوتارەی ڕەخنە لە خۆشباوەڕی جەماوەر دەگرێت، ئەو گوتارەی گومان لە هوشیاری و موقەدەسە نادروستەکانی دەکات، گومان لە ئەفسانە و خورافەتەکانی دەکات، گومان لە هێز و حیکمەتی دەکات، گومان لە توانای دەکات لەوەی لەو دۆخەی ئێستایدا ئازادبێت؛ ئەو گوتارەی هەر لە ترسەکانی جەماوەر خۆیدا و لە پێکهاتی دەروونی ئەودا بۆ ڕەگوڕیشەی ئیستبداد و فاشییەت دەگەڕێت، ئەو گوتارەیە کە وشەی جەماوەر ناگرێت و بیکات بە موقەدەسێک و بەدەوریدا هەڵپەڕێت، ئەمانە و دەیان و دەیان تەوەری دیکەشە کە دەبایە ڕۆشنبیران کاری لەسەربکەن و نەیانکردووە. واتە ئەو گوتارەی کە ڕۆشنبیری کورد ناتوانێت ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری بکات، ئەو گوتارانەیە کە سیستمی بەرهەمهێنانی مەعریفی ئێمە پێشوەخت خۆی واڕێکخستووە، کەرەسە مەعریفی و فەرهەنگی چەمکەکان و زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی وا بەستۆتەوە کە نەگاتە سنووری ئەو گوتار و پرسیارانە، چونکە ئەوانە کۆی ئەو گوتارانەن کە بەر هێڵە سوورەکان و سنوورە قەدەغەکانی حیزب و کۆمەڵگا و جەماوەر دەکەون.

ئەو گوتارانەی ڕۆشنبیری کورد ئاڕاستەی حیزب و جەماوەری ناکات، هەموو ئەو گوتارانەن کە حیزب و جەماوەر بە درۆ دڵخۆشناکەن، ڕازیاننناکەن و مجامەلەی درۆیان لەگەڵدا ناکەن، هەموو ئەو گوتارانەیە کە دەکەونە حاڵەتی جەنگ و بەرخوردەوە لەگەڵ حیزب و جەماوەردا، دەکەونە بەرخوردەوە لەگەڵ هەموو ئەو گوتارانەی تردا کە حیزب و جەماوەر وەک کولتووری تایبەت بە خۆیان تەماشایانکردووە.

ئایا کەی ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەوە بکات؟ بە بۆچوونی من ئەوکاتەی خودی وشەی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیر لەو کولتووری شێواندنە درێژخایەنە پاککرایەوە کە چەندەها ساڵە لەسەری باردەکرێت، هەر کاتێک مانای وشەی مەعریفەمان ڕاستکردەوە و وامان لێکرد کادێرێکی حیزبی تەنیا بە حوکمی وەزیفە حیزبییەکەی نەتوانێت خۆی وەک مەرجەعێک و سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری بسەپێنێ، بەڵکو بە حوکمی تێگەیشتنی لە فیکرو زانست و فەلسەفە، بەحوکمی ئەو سامانە فیکری و فەرهەنگی و زاراوەییەی کە بەرهەمیهێناوە، ببێتە سەرچاوە. بە کورتی و بە گشتی ئەوەی ڕۆشنبیری ئێمە نایکات ڕاستکردنەوەی مانای وشەی مەعریفەیە، چونکە هەر کاتێک ئەو شێواندنەمان چاککردەوە کە بەسەر مانای وشەی مەعریفەدا هاتووە، ئەوکات ئەو شێواندنانەش چاکدەکەین کە بەسەر مانای وشەی ڕۆشنبیردا هاتووە، هەر کاتێک دیاریمانکرد کامە مەعریفەیە و کامە مەعریفە نییە، ئەوکات بە ئاسانی دەتوانین ئەوەش دیاریبکەین کە کێ ڕۆشنبیرە و کێ ڕۆشنبیر نییە.

بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو پرسیارانە بکەین کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون، پێویستیمان بە ڕاستکردنەوەی ماناکانی ڕۆشنبیر و مەعریفە هەیە، پێویستیشمان بە کۆمەڵگایەک و ستراکتورێکی سیاسی هەیە، ئەو ڕاستکردنەوەیە لە ئامێزبگرێت و ڕۆشنبیر وەک ڕاوێژکار یان کەرەستەی جوانسازی و ڕازاندنەوەی گۆڤارەکان و ئێستگەکانی تەماشانەکات، بەڵکو ڕۆشنبیر وەک ئەو مرۆڤە تەماشاکات کە دەتوانێت شتەکان ڕووتبکاتەوە، درۆ و ئەفسانەکان بشکێنێت، هەموو ستەمە ورد و درشتەکان بخوێنێتەوە، هەموو کەلەبەرەکانی ناو ئاکاری کۆمەڵایەتی ئاشکراکات، دەسەڵاتی ڕابردوو ڕووتبکاتەوە، خراپ بەکارهێنانی موقەدەساتەکان و قوربانییەکان بخاتەڕوو، ئەو میکانیزمانە ئاشکراکات کە ئایدۆلۆژیاکان کاری پێدەکەن بۆ گووتنی نیوەی ڕاستی و شاردنەوەی نیوەکەی دی. ئەو تاوانانە ئاشکرابکات کە کراون و لە بیرکراون، ئەو تاوانبارانە ئاشکراکات کە بە دەمامکی ترەوە دێنە سەر شانۆ، سنووری یاساکان گەورەبکات بۆ دابینکردنی ئازادی زۆرتر، سنووری یاساکانیش تەسکبکاتەوە بە جۆرێ پلەوپایەی سیاسی نەبێتە مایەی دادگایینەکردنی هیچ کەس. هوشیارییەک دروستبکات کۆمەڵ لەسەر بچوکترین بڕ لە سامانی خۆی بتوانێت یەخەی لێپرسراوەکانی بگرێت، هەموو ئەوانە بەرێتە بەر دادگا کە لە مافی خۆیان زیاتر دەفرێنن. ڕووبەری دەوڵەت و حیزب و دەسەڵاتداران بچوک و ڕووبەری دەزگا مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گەورەبکات.

دیارە دەکرێت چەندین لاپەڕەی دی لەسەر ئەو وەزیفانە بنووسین کە وەزیفەی جەوهەری ڕۆشنبیرن و بەڵام ڕۆشنبیر لە واقیعی ئێمەدا پێیهەڵناستێت و ناتوانێت پێیهەڵستێت، ئیدی لەوەزیفەی فیکری ومەعریفییەوە بیگرە تاوەزیفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام دواجار هەموو ئەو وەزیفانە پابەندی گۆڕینی سەیرکردنمانە بۆ مانای وشەی مەعریفە و وەزیفەکانی، گەر ڕۆشنبیر نەتوانێت میتۆدەکانی بیرکردنەوەی بگۆڕێت ناتوانێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەر و حیزبدا بگۆڕێت، ناتوانێت بڕبڕەی پشتی خۆی کەمێک ئەستووربکات، بە جۆرێک نەچەمێتەوە بۆ هەموو ئەو جەبرە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ئایدۆلۆژیا و حیزب و ئەفسانەکانی خەڵکی بەرهەمیاندەهێنێت.

**شیلان: ئایا ڕۆشنبیر توانیوێتی تا ئێستا لە دەرەوەی حیزبە شەڕکەرەکانی کوردستان قسە لەسەر گرفتە ناوخۆییەکان بکات؟**

**بەختیار عەلی**: کێشەکە تەنیا ئەوەنییە ئایا تۆ لە ناوەوەی حیزبی یان لەدەرەوەی حیزبیت؟ کێشەکە ئەوەیە پێناسەمان بۆ گوازەرەی «کێشە ناوخۆییەکان» چییە... ئایا کە قسە لە کێشە ناوخۆییەکان دەکەین قسە لە چی دەکەین... کامەیە کێشەی سەرەکی لە ڕیزی کێشە ناوخۆییەکاندا؟ بەچی دەڵێین کێشە و بەچی ناڵێین کێشە؟ ئایا ئەو کێشانەی ئەمڕۆ وەک شاکێشە دەخرێنەڕوو، پەردەپۆشیکردن نییە بۆ شاردنەوەی هەندێ کێشەی تر؟ بۆ نموونە: کە ئەمڕۆ دانیشتنە سیزیفییەکانی «لیژنەکانی ئاشتی» دەبێت بە کێشە، ئایا ئەم کێشەیە بۆ خۆی نیشانەی ئەوە نییە ئێمە لە گرفتە

ڕاستەقینەکانەوە بازدەدەین بۆ گرفتی تر کە دروستیاندەکەین تا ئاڕاستەی سەیرکردنمان لە شوێنی برینەکانەوە بگوازینەوە بۆ جێگای تر. ئەگەر تەنیا لە ئاستی سیاسیدا تەماشای گرفتەکانمان بکەین، ئاستێکی سیاسی ڕۆژانە، ئاستی ئەو کێشە ڕاستەوخۆیەی ئەمڕۆ کوردستانی پارچەپارچە کردووە، «مەبەستم کێشەی شەڕی ناوخۆ و حیزبە بەرامبەرەکانە لە شەڕی ناوخۆدا» ئەوا لەسەر ئاستە ڕۆژنامەگەرییەکەیدا ڕۆژانە بە تەن قسە و باس و هەڵوێستی ڕووکەشبین و خوێندنەوەی ڕووکەشبین لەسەر هەموو ئەو شتانە هەیە، بە ئەندازەیەک سوڕاندنەوە لە ناو جوغزی ئەو کێشانەدا و جوینەوەیان و دووبارەکردنەوەیان بۆتە تەوەرێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد و نووسەری کورد. ئەگەر لە ئاستی ڕوکار و دیوی دەرەوەی کێشەکاندا بوەستین و بپرسین: «ئایا ئێمە قسەمان لەو کێشانە کردووە؟»، ئەوا دەتوانین سەیری ڕووبەری هەرە گەورەی ژیانی ڕۆژانە و چاپەمەنی و بڵاوکراوە بینراو و بیستراوەکان بکەین لە ناوەوە و لە دەرەوە، تا ببینین هەرچی ڕەنگێک لە شەبەنگی سیاسیدا مومکینە هەبێت، لە دونیای چاپەمەنی ئێمەدا هەیە، ئیدی لەو نووسەرۆکە و شاعیرۆکانەوە بیگرە کە بە نووسینی جنێونامە بۆ حیزبەکان دەیانەوێت بیسەلمێنن هێشتا نەمردوون و ماون و زیندوون و هەڵوێستیان هەیە، تا ئەوانەی ستایشی هەموو کردەیەکی ناڕەوادەکەن و بوونەتە مامۆستا لە هونەری خۆچەماندنەوەدا. دیارە لەو نێوەندەشدا ژمارەیەک ڕۆژنامەوان و نووسەر هەن کە بە ئەرگومێنتی داڕێژراو تەعبیر لە هەڵوێستی خۆیان دەکەن، دیدێکی ڕوونیان بۆ کێشە سیاسییەکان هەیە و لەوێوە هەڵوێست وەردەگرن، ئەمانە دەبێت جیابکرێنەوە لەو دوو دەستەیەی دی، ئەگەرچی من پێموایە ڕاڤەی سیاسی تەنیا و دابڕاو لە ڕاڤەی سۆسیۆلۆژی و کولتووری بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت تەفسیری واقیعی ئێمە بکات... پێشموایە ئەو زەمانە لە مێژە بەسەرچوو سیاسەت بە سیاسەت یان تەنیا بە ئابووری تەفسیربکرێت.

تەفسیری سیاسی موجەرەد، تا واقیع پارچەپارچە نەکات مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، ڕووداوەکان دابەشدەکاتە سەر چەند ڕووداوێکی لێکدابڕاو، کێشەکانی ئەمڕۆ لە دوێنێ جیادەکاتەوە و کێشەکانی دوێنێ لەمڕۆ دادەبڕێت، ئەوەی لە سیاسەتدا ڕوودەدات جیایدەکاتەوە لەوەی لە دیندا ڕوودەدات، ئەوەی بەسەر منداڵدا دێت جیایدەکاتەوە لەوەی بەسەر گەورەدا دێت، ئەوەی بەسەر گەنجدا دێت جیایدەکاتەوە لەوەی بەسەر پیردا دێت، ئەوەی هەڵەی سیاسەتە جیایدەکاتەوە لەوەی هەڵەی مەعریفە و کولتوورە، ئەو فەسادەی لە دەزگا سیاسییەکاندا ڕوودەدات جیایدەکاتەوە لە تێکچوونی مۆڕاڵی گشتی کۆمەڵگا، گۆڕینی سیستمی ئەو تاوانانەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن جیایدەکاتەوە لەو تاوانانەی کە دوێنی ڕوویانداوە. ئەوەی فەرامۆشکراوە جیادەکاتەوە لە زەبری ئەوەی خۆی سەپاندووە، ئەوەی دەشێوێنرێت جیادەکاتەوە لەوەی کە پراکتیکی شێواندن دەکات، ئەوەی سەرمایەی ڕەمزی هەیە جیایدەکاتەوە لەوەی کە لێی حەرامکراوەو... هەتا دوایی. کێشەکە لە دیدی مندا بە شێوەیەکی ترە، پەیوەستێکی ئەستوور لە نێوان هەموو بەشەکانی واقعی ئێمەدا هەیە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو واقعەی لە پۆست مۆدێرنەدا هەیە، کە هەلاهەلابوونی واقیع یان بوونی بە «تۆز» بە پێی گووتەی «بۆدریلارد» ڕاستییەکی تەواو بەرچاوە. لەواقعی ئێمەدا زنجیرێکی ئەستوور هەمو شتەکان بەیەکەوە شەتەکدەدات، ئەوەشی لە جێگایەکدا ڕوودەدات پەیوەندیدارە بە هەموو شتەکانی دیکەوە لە هەموو جێگاکانی دی. هەژاری سیاسەت لە هەژاری ڕۆشنبیری جیاناکرێتەوە و تێنەگەیشتنی سیاسییەکان لە تێنەگەیشتنی ڕۆشنبیرەکان جیاناکرێتەوە، کەموکورتی لە ستراکتوری سیاسیدا لە کەموکورتی لە هوشیاری گشتیدا جیاناکرێتەوە، نەبوونی گەشە لە ئاستی سیاسیدا لە نەبوونی گەشە لە ئاستەکانی تردا جیاناکرێتەوە. کە دوو سیاسی لە سەر مێزێک دادەنیشن و بەیەک ناگەن، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە کاراکتەری ئەو دوو سیاسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کۆی ستراکتوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەوە هەیە. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم قسەکردنە لەسەر باڵادەستی ستراکتورێکی عەقڵی و مەعریفی کە هەوڵی مەزنمان دەوێت بۆ شیکردنەوە و وردکردنەوەی ڕەگەز و میکانیزمەکانی. گرنگ نییە تۆ لە کوێی؛ لە ناو حیزبدایت یان لەدەرەوە، لە ناو پارتیدایت یان یەکێتی، کۆمۆنیستی یان ئیسلامی، لە خۆرئاوای یان لە گوندێکی کوردستانیت، گرنگ بوون و هەڵگرتنی ئەو ستراکتورەیە کە

بە چەندەها میکانیزمی ئاڵۆز هەمیشە ئەم سیستمە سیاسی و مەعریفییەی ئێستا بەرهەمدەهێنێتەوە، ئەمە ئەو یەکێتییە ناوەکییەی بەخشیوەتە واقعی ئێمە و کردوێتی بە یەکەیەکی چەقبەستوو لە دەوری هەندێ تەوەری نەگۆڕو هەمیشەیی، ئەم ستراکتورە عەقڵییەیە وادەکات لە هیچ جێگایەکی پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا پرۆژەیەکی نوێکردنەوەی ڕادیکال و گرنگ پیادەنەکرێت، یاخود گەر پیادەشکرا، هەر زوو گەمارۆبدرێت و بگێڕدرێتەوە بۆ ناو هەندێ سنووری تەسک و لە شوێنی خۆیدا بوەستێنرێت.

قسەکردن لەسەر گۆڕینی واقیع بێ تەفسیرکردنی، یان قسە لە تەفسیرکردنی بەبێ گۆڕینی کەرەستەکانی تەفسیرکردن و میتۆدەکانی ڕاڤەکردن... ئەمەیە ئەو تراژیدیای گەورەیەی ڕۆشنبیریی ئێمە تیاچەقیوە. هەموان داوای گۆڕان دەکەن، لە بەدترین سیاسییەوە تا بەدترین نووسەرۆکەی ناو خراپترین ڕۆژنامە، لە باشترین سیاسیشەوە تا باشترین و قووڵترین داهێنەری ئێمە، بەڵام چۆن دونیا دەگۆڕیت کە تۆ سەر لەنوێ تەفسیری نەکەیتەوە، سەرلەنوێ نەچیتەوە ناو هەموو پێکهاتەکانی، لە پەروەردەکردنی منداڵ لە ناو بێشکەوە تا سستمی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە باڵادەستترین دەزگا حیزبییەکاندا نەیخەیتە بەر ڕەخنە و خوێندنەوەوە، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە تۆ کەرەسەکانی بیرکردنەوەت لە واقیع هەر هەمان ئەو کەرەسانەبن کە ئەو واقیعەی دروستکردووە و ڕایگرتووە، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە تۆ زانستێکت نەبێت پێت بڵێت واقیع چییە و ئاڵۆزییەکانی چییە و لۆچ و توێ و گرێ ناوەکییەکانی چییە؟ کە تۆ زەمینەی زانستی تەفسیرکردنی بچوکترین یەکەی واقیعت پێ نەبێت، چۆن واقیع دەگۆڕیت کە لە هەموو ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە وانەوە کە لە ڕووی سیاسییەوە ئەکتیڤن یان وەک کادێری ئایدۆلۆژی حیزب چالاکن، کتێبێک یان ئیجتیهادێکیان نییە لەسەر مانای «گۆڕان»، چۆن دونیا دەگۆڕیت کاتێک تۆ نەزانیت «گۆڕان» مانای چییە، ئیجتیهادی فیکری گەورەت تیا نەکردبێت. چۆن دونیا دەگۆڕیت کە تائێستا سەرچاوەکانت بۆ دامەزراندن و خەوبینین بە گۆڕانەوە هەر کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای دیسپۆت و ستەمکارانەبن. چۆن واقیع دەگۆڕیت، لە کاتێکدا تۆ کۆی ئەو تەفسیر و میتۆدانەی خزمەتی گۆڕینی واقیع دەکەن وەک گوتاری نوخبە و گوتاری خۆرئاواخوازی و گوتاری دژەکورد تاوانباردەکەیت؟ کێشەکە ئەوە نییە تۆ لە کوێدایت لە ناو حیزبدایت یان لەدەرەوە، لە ناوەوەی یان لە مەنفا، بەڵکو لەوەدایە تۆ لە کوێی ئەو قەیرانەدایت کە ناهێڵێت دیدی خۆت بۆ واقیع بگۆڕیت، لە کوێی تێگەیشتن و ئیشکردندایت بەرابەر ئەو ستەمەی ئەو جۆرە ستراکتورە عەقڵییە سەپاندوێتی، لە کوێی ئاشکراکردن و ڕووتکردنەوەی ئەو میکانیزمانەدایت کە لە ژێروە و بە نەبینراو پرۆسەی بیرکردنەوەی ئێمەیان جڵەوکردووە، لە کوێی هەڵوێستدایت لەو شێواندنە مێژوویەی وشەگەلی وەک «مەعریفە»، «ڕۆشنبیر»، «گۆڕان» لەواقیعی ئێمەدا بەسەریاندا هاتووە.

ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوێتی لەسەر ئەوانە قسەبکات؟ ئەم پرسیارە لای من بە مانای ئەوەیە، ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوێتی شێواز و میتۆدەکانی تەفسیرکردنی دونیا لە چنگی ئایدۆلۆژیا باو و مردوەکان ڕزگاربکات و بەش بەش و هەرێم هەرێم هەندێ چەمکی تازە بخاتە پراکتیکەوە؟ گومان نییە ئەمڕۆ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بچوک هەیە، گومان نییە کە ئاڕاستەکان و قورسایی پرسیارەکان هێدی هێدی لە هەندێ زارەوە دەگوازرێنەوە بۆ هەندێ زاری تر، گومانیش نییە ئەو ستراکتورە تەقلیدییە تا سەرئێستان لەو گۆڕینە ڕۆشنبیرییە دەترسێت و هەموو چەکە ناشیرینەکانیش بەکاردەهێنێت بۆ وەستاندنی ئەو بیرکردنەوەیە، بەڵام ئەوەی شوێنی تێڕامانە ئەوەیە نوێنەرەکانی ئەو پێکهاتە عەقڵییە لە ناوەوەبن یان لە دەرەوە، لە حیزبدابن یاخود لەدەرەوە هەمیشە بە یەک جۆر شەڕدەکەن، شەڕی تەشهیرپێکردن و بوختان دروستکردن و پەلاماردانی شەخسی و شێواندنی بەرنامەڕێژکراو. ئەم عەقڵییەتە لە بەرامبەر هەموو شتێکی نوێدا کە بزانێت مەترسی لەسەر شەرعییەتی پەیدادەکات شەڕێکی فیکری ناکات، چەمکی نییە بەرامبەر چەمک قسەبکات، فەرهەنگی فیکری نییە بەرامبەر فەرهەنگی فیکری ڕایبگرێت، تەفسیری نییە بەرامبەر تەفسیر، بەڵکو شەڕێک دەکات لە سیاسەتەوە فێری بووە، شەڕی ترۆکردن و شێواندن و ناوزڕاندن و تادوایی

لەو شـێوازانەی ئەمـڕۆ ڕۆژانە دەبینیت. بە هەر حاڵ پێمـوایە زۆربەی ئەو نەوە تازانەی  ئەمـڕۆ لە دایکدەبن، هاوارێکی تورە و نرکەیەکی ناڕەزایی لە ناویاندایە، دەشزانن بۆ ئەوەی فێربن بە دروستی قسە لە دونیای خۆیان بکەن، دەبێت ئەو زمـان و شـێواز و سیستمـانەی بیرکردنەوە و تەعبیرکردنە بگۆڕن کە ئەمڕۆ باڵادەستە، هەمـوو ئەو سیستمانەی لە ئاستی بیرکردنەوە و دەربڕیندا باڵادەست بوون، لە ئاستی ئەو کێشانەدا نین کە ئەمڕۆ زمانی تازە و بیرکردنەوەی تازەیان دەوێت. بەڵام ئایا ئەم دەنگە، ئەم نرکەیە، ئەم تورەییە دەبێتە شتێکی دی، دەبێتە ڕێگایەکی تر بۆ تەفسیرکردنی دونیا و بە هێزێکی فشار بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی مێژویی سیاسی و فەرهەنگیمان، ئایا ئەم ناوکە تازەیە دەکرێت لەزەمینی کۆمەڵایەتیدا بچێنرێت و هوشیارییەکی دی دروستبکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیان لای ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو لای کۆمەڵگایە بەگشتی، یاخود دەتوانم زیادەڕەوی بکەم و بڵێم پابەندی کۆی پرۆسەی مۆدێرنکردنەوەیە لە ناوچەکەدا کە پڕە لە ڕەگەزی ئومێدبەخش و پڕیشە لە ڕەگەزی نائومێدکەر، پرۆسەی نوێکردنەوە لە دونیای ئێمەدا تا ئەندازەیەکی زۆر گرێدراوی هەموو پرۆسەی تازەگەرییە لە خۆرهەڵاتدا، تۆ بە چاوی خۆشت دەبینیت کە چۆن تەنیا تێکستێک هەندێ جار هەموو ئەو سیستمە دەلەرزێنێت، ئەزمونی ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمخوازی ئێرانی باشترین نمونەیە، ئەمڕۆ گۆڕینی قانونی ئەحوالی شەخسی کە گرنگترین و جوانترین شتێکە واقیعی ئێمە دوای ڕاپەڕین چاندبێتی لە هەوڵی جیدییانەی هێزەکانی مۆدێرنکردن جیاناکرێتەوە، بەڵام چۆن ئەم یاسایە لەسەر کاغەزەوە دەگوازیتەوە و دەیکەیت بە یاسایەکی ڕاستەقینە «کێشە گەورەکە ئەمەیانە». لێرەوەیە جەغت لەسەر ئەوەدەکەم کە کۆمەڵگای ئێمە یەک یەکەیە و دابڕاندنی کێشەکانی لەیەکتر و دابڕاندنی پرۆسە ناوەکییەکانی لەیەکتر دەرەنجامی کوشندەی هەیە. ڕزگارکردنی ژن لە کوشتن، پابەندی ڕزگارکردنی مرۆڤی ئێمەیە لە سیستمێکی بیرکردنەوەی دیاریکراو، یاسایەکی نوێ لە فەزایەکی کۆنزەرفاتیڤدا ناتوانێت بژی، یان گەر بشتوانێت بژی دوای ماوەیەکی کورت هەموو مانا ڕادیکالەکانی خۆی لەدەستدەدات، گۆڕینی یاسایەک بەبێ گۆڕینی تێگەیشتمان لە دونیا و تەفسیرکردنەوەمان بۆی، دەرەنجامی نابێت، دەشێت هەر ژنان خۆیان کە لە ڕۆحی مۆدێرنانەی یاساکە تێناگەن لە کۆی مانا قووڵەکانی خۆی جیایبکەنەوە.

تا پرۆسەکانی نوێکردنەوە لە هەندێ جومگەی ورد و لە هەندێ دەماری نازکدا چالاکانەترین، کۆمەڵگایەکت دەبێت پتر گوتاری ڕۆشنبیرانە و تەفسیرکردنی دی بۆ دونیا قبوڵدەکات، واتە کێشەکە تەنیا ئەوە نییە ئایا ڕۆشنبیر قسەیکردووە یاخود نا، بەڵکو ئەوەیە ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە گوێ لە ڕۆشنبیر بگرێت، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە ڕۆشنبیر دەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خۆی تیا ببیستێتەوە، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە وەک یەک فرسەت بداتە هەموو ڕەنگەکان، ئایا کۆمەڵگایەکت هەیە لە جیاوازیی ساختە و وەهمی و خوێناوییەوە بگوازێتەوە بۆ جیاوازی ڕاستەقینە و هێمن و دیالۆگساز. تەنیا لەو جۆرە کەش و هەوایەدا قسەی ڕۆشنبیر ماناو هێزی هەیە و شایستەی پرسیارلێکردن بەدواداچوونە.

**شیلان: ئایا بێدەنگی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە، بۆ بێئومێدی ڕۆشنبیران یاخود بۆ هۆی دیکە؟**

**بەختیار عەلی**: لەوەڵامی پرسیاری پێشووتاندا زۆر بە کورتی و خێرایی قسەم لە سەیرکردنی خۆم کرد بۆ مانای گوزارەی «کێشە ناوخۆییەکان».. بە کورتی گووتم کێشەی  سەرەکی لە واقیعی ئێمەدا، دواکەوتنی ئەو کێشانە نین کە سیاسییەکان ڕۆژانە بەرهەمیدەهێنن، بەڵکو کێشەی هەرەگەورە نەبوونی وێنەیەکی فیکری ڕوونە بۆ خودی واقیع، وێنەیەک تەنیا هاوکێشەکان و گەمەکانی سیاسەت بەرهەمیاننەهێنابێت، بەڵکو زانستەکان و تیۆرەکان و کایە زانستییەکانی خوێندنەوەی مرۆڤ و

کۆمەڵگا بەرهەمیانهێنابێت. واتە نەبوونی تەفسیرێکە بۆ مانای واقیع و مانای گۆڕانی واقیع. ئاماژەشم بەوەدا کە بەبێ چاککردنی مانای وشەگەلی وەک مەعریفە و ڕۆشنبیر ئەستەمە قسە لە لەدایکبوونی ئەو دیدە بکەین.

بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە جگە لەم قەیرانە سەرتاسەری و جەوهەرییە، ڕستێک هۆکاری دیکە هەن کە وادەکات ڕۆشنبیر پشت لەو کێشە ڕاستەوخۆیانە بکات، لە هەندێکیاندا هەق تەواو بە ڕۆشنبیرانە و لە هەندێکی تریشدا بایەخنەدان بەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ خەلەلێکی جەوهەری لە سەیرکردنی ڕۆشنبیردا بۆ شوێنی خۆی و وەزیفەی خۆی و مانای خۆی. حەزدەکەم ئەو هۆکارانە بە شێوەیەکی کورت و خێرا چڕبکەمەوە.

واقیعی سیاسی ئێمە لە مێژە هیچی تازەی بەرهەمنەهێناوە، لە مێژە کێشە مێژووییەکانی خۆی بە شێوەیەکی بازنەیی دووبارەدەکاتەوە، لە مێژە ئەو داواکارییانەی کە دەکرێت بە ڕاستەوخۆ بخرێنە بەردەمی سیاسییەکان خراون، لە مێژیشە بچوکی توانا و دەسەڵاتی ستراکتوری سیاسی ئێمە لەسەر ئیشکردن بۆ ئەو ویستانە ئاشکرابووە. لەبەرئەوە قسەکردن بەو ئاڕاستانە جگە لە دووبارەکردنەوە زیاتر هیچی تر نییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بخشێنیت، دەزانیت کە ژمارەیەکی باش هەن لە قەڵەمبەدەستان بەردەوام ئەو بابەتە کۆنانە دەجوونەوە و بەوەرزی دەچنەوە سەری و لە گەڵ هەموو ڕووداوێکدا هەموو حکایەتەکان سەر لەنوێ لە نووکەوە دەگێڕنەوە. واتە ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسی تەقلیدیی ئێمەدا پێیدەگووترێت «کێشە ناوخۆییەکان» قەڵەمی خۆی هەیە کە ڕۆژانە بابەتەکانی دەجوونەوە. بەڵام ئەگەر بە گشتی ڕۆشنبیران پشتیان کردبێتە ئەو بابەتانە حاڵەتێکی ئاساییە. لە کاتێکدا دەبینین هەموو ئەو قسانە کاریگەرییەکی جیدیان نییە لەسەر ئەوانەی بڕیاری سیاسی گەورەیان بەدەستەتە. زۆرجاریش ئەو بەدواداچوونانە بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی بەکاردەهێنرێن، یان تەنیا ستوونی ڕۆژنامەکانی پێپڕدەکرێتەوە یان تەنیا هەڵوێست تۆمارکردنێکە لەسەردەمێکدا. ئەو جۆرە لە هەڵوێست تۆمارکردن لەو هەڵوێستانە دەچێت کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ تەکاندنی تۆزی عەیبەیەک لەسەر شانمان وەریدەگرین، کاتێک دەچین بۆ پرسەی دۆستێک یان بۆ سەردانی نەخۆشێک. مەحمود دەرویش لەیەکێ لە چاو پێکەوتنەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو ترسەکرد کاتێک قسەکردن لە سیاسەت دەبێتە هونەرێکی موبتەزەل. پێموایە مەحمود دەرویش لەسەر هەق بووە، هەندێ قۆناغ هەیە سیاسەت تیایدا هەڕەشە لە هەمو جیدییەتێک دەکات.

کاتێک دەبینیت هیچ تەرەفێک لەسەر هەق نییە، کاتێک دەبینیت قسەکردن لە سیاسەت لەبری ئەوەی قسەکردن بێت لە پڕۆژە و خەون و یۆتۆپیا و خوێندنەوەی ستراتیژەکان، بۆتە دواکەوتنی هەواڵی وردەکاری ململانێکان و هەواڵی داڕزان و هەڵاهەڵابونی مۆراڵی سیاسی، کاتێک دەبینیت پڕوپاگەندە نەک فیکر، ڕاگەیاندن نەوەکو هەقیقەت هەمو گەمەکە دەباتەبەڕێوە... لێرەدا تاکە هەڵوێست شەڕکردنە لەگەڵ ئەو ناجیدییەتەدا کە سیاسەت دەیچێنێت. گەورەترین مەترسی قۆناغی دابەشبوونی کوردستان بۆ دوو قەوارە، گەورەبوونی ڕووبەری ناجیدییەتە لە ژیانی سیاسیماندا، هەموو دەزانین تا پارتی و یەکێتی یەکنەگرنەوە هیچ ناکرێت، هەمووش دەزانین پارتی و یەکێتی لە هەلومەرجی ئێستادا هەنگاوێک لەو دۆخەی ئێستا زیاتر ناچنە پێشێ، لێرەوەیە هەموو شتەکان کاتی و نادیار دێنە پێشچاو، ناجیدییەت ئەوەیە لە ستراکتورێکی سیاسیدا بژیت پاشەڕۆژی نەبێت. کاتێک جیدی نەبیت لە بیرکردنەوەدا لە سبەینێ، جیدی نابیت لە ڕێکخستنی ئەمرۆدا. سیاسەت هیچ شتێک نییە جگە لە داڕشتنی ئێستا و دروستکردنی پاشەڕۆژ، بەڵام کە ژیانی سیاسی ئێمە لەوەدا گیریخواردبێت چۆن دوو لایەن ڕێکخەین کە ڕێکناکەون. لێرەوە قسەکردنی بەردەوام یان مەحکومبوون بە قسەکردنی بەردەوام لەسەر ئەم کێشەیە، جگە لەوەی بەرەو دووبارەبوونەوەیەکی موبتەزەلمان دەبات بەرەو هیچی ترمان نابات. نیشاندانی ڕۆشنبیران وەک توێژ و تاقمێک کە کاریان ئەوەبێت شەو و ڕۆژ بیر لە ڕێکخستنی یەکێتی و پارتی و پارتی و پ ک ک و ئەوانی دی بکەنەوە، مەحکومکردنیانە بەبیرنەکردنەوە... سیاسەتمەدارانی کورد لە دوای ڕاپەڕین دەیانتوانی پرۆسەی

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە دەیان جار خێراتر و چالاکتر پیادەبکەن، بەڵام نەیانکرد. کاتێکیش دەسەڵاتداران بڕیاردەدەن نەگۆڕێن، فەنتازیاکردن لەسەر هەندێ پڕۆژە هیچ مانایەکی نییە، دۆخەکە وای لێدێت وەک ئەوەی بیرکردنەوە و خەونەکانی ڕۆشنبیر کۆمەڵێک خەیاڵپلاو بن، لێرەوەیە دەڵێم ئێستا لە ناجیدیترین قۆناغی مێژووماندا دەژین، ناجیدییەت ئەوەیە هەموو پردێک لە نێوان فەنتازیای ڕۆشنبیران و پڕۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بپچڕێت.

ئێمە لە قۆناغێکداین پەیوەندی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران کۆسپی کوشندەی تێکەوتووە، لە هەندێ ئاستدا پەیوەندییەکی پاشکۆیەتی تەواوەتی هەیە، لە هەندێ ئاستیشدا پەیوەندییەکی تێکەڵ بە تەشهیرپێکردن و پەلاماردان و ڕاونان کە لە بەری ئەوبەر هەندێ ڕۆشنبیران بە جنێو و شێوازی هیجای سەدەکانی ناوەڕاست وەڵامدەدەنەوە. لە هەندێ ئاستی تریشدا بێدەنگی تەواوەتی بەرقەرارە؛ نە ڕۆشنبیران کاریان بە پڕۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە نە سیاسییەکانیش کاریان بەوان هەیە. دیارە پەیوەندی ئیدیال لە نێوان ڕۆشنبیر و سیاسیدا ئەوکات بەرقەرار دەبێت کە دیالۆگێکی ڕاستەقینە لە نێوان خەیاڵی سیاسییەکان و خەیاڵی ڕۆشنبیراندا بەرقەرار بێت، سیاسییەکان نەڵێن ئێمە نان و ژیانتان بۆدابیندەکەین ئێوەش شیعر و چیرۆکی خۆتان بنووسن، ڕۆشنبیران نەڵێن ئێمە دەزگاکانتان بۆدەبەینبەڕێوە ئێوەش ژیانمان مسۆگەربکەن... ئەمە پەیوەندییەکی دروست نییە، دیارە من بڕوای تەواوم هەیە دەبێت ژیانی هەموو یەکێک نووسەر و نانووسەر، ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر دابینکرێت، تەواو بە ڕاستیشی دەزانم ڕۆشنبیر لە دەزگاکاندا کاربکەن، بەڵام نەوەک بە سیفەتی فەرمانبەر یان کادێر، بەڵکو بە سیفەتی یەکێک کە بیردەکاتەوە و پڕۆژەی هەیە و خەونی هەیە و دەزگا مەدەنییەکان بۆ پیادەکردن و جوڵاندنی ئەو خەونانە بەکاردەهێنێت. بەداخەوە ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە خراپترین دۆخیایەتی، لە ناجیدیترین ساتەوەختیایەتی، ئەو قسەیەی بۆ سلێمانی دەیکەیت بۆ هەڵەبجە دەستنادات، ئەو خەونەی لە هەڵەبجە دەیبینی لە ڕانییە مانای نامێنێت، ئەو پڕۆژەیەی بۆ هەولێر بیری لێدەکەیتەوە لە چەمچەماڵ دەبێتە قسەیەکی بێمانا، کێشەکە لەوەدایە ڕۆشنبیران کە لە جێگایەکی بچوکدا دەوەستن و دەیانەوێت تەنیا بە لۆژیکی ئەو شوێنە بچوکە بیر لە ژیان بکەنەوە، بیر لە گۆڕان بکەنەوە خەون و فەنتازیاکانیان مانایەکی نامێنێت. هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد ناتوانێت بە تەنیا خەون بۆ سلێمانی یان هەولێر یان هەڵەبجە ببینێت، کە تەسلیمی ئەوەش بوو شوناسی خۆی وەک ڕۆشنبیر دۆڕاندووە، کە تەسلیمی ئەوەبوو خەونە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەزگایەکدا گەمارۆبدات، لە هەرێمی شارێکدا کورتیانبکاتەوە، ئیدی لەوە دەکەوێت خەونی هەبێت... ئەمەیە ئەو دۆخەی ناویدەنێم «ناجیدییەت». چ شتێک ناجیدیتر و نائومێدکەرترە لەوەی بزانیت پەرت پەرتبوونی سیاسییەکان بۆتە مایەی پەرت پەرتبوونی خەونەکانی تۆش، بۆتە مایەی ئیفلیجبوونی توانات لەسەر بیرکردنەوە. سیاسییەکان نایانەوێت ڕێکبکەون، نایانەوێت دەسەڵات بەشبکەن، لەبەر ئەوە هەریەکەیان پاکسازی لە هەرێمێکدا کردوە و دەیەوێت لەویادا مۆدێلێکی تایبەت دامەزرێنێت و تا دوا ئاستیش کۆنترۆڵیبکات، دیارە بچوککردنەوەی هەرێمەکانی دەسەڵات و دابڕاندنیان لەیەک جەبرێکە پەیوەندی بە توانای حیزبەکانی کوردستانەوە هەیە کە هەریەکەیان لە هەرێمێکی بچوکدا نەبێت ناژین و لەو دیو ئەو هەرێمەوە بوونیان نامێنێت، ئەم دابەشکردنە بە چاک گەڕاوەتەوە بۆ سیاسییەکان لەبەرئەوەی ئێستا ناوچەی خاوێنیان لەبەردەستدایە، ناوچەیان لەبەردەستدایە کە قورسایی ئەوی دی تیانەماوە و فشاری ئەوی دی خەونەکانیان ناشێوێنێت و لە ململانێی ڕاستەوخۆ دووری خستوونەتەوە، دیارە گەر سیاسەتمەدارێک دەتوانێت یەک شار کۆنترۆڵبکات و بیباتبەڕێوە و لەویاشدا بە ئەندازەی سنووری شارەوانی شارەکەی خەون ببینێت و بیربکاتەوە، ئەوا ڕۆشنبیر ناتوانێت سنووری خەونەکانی خۆی ببەستێتەوە بە سنووری بەلەدیەی سلێمانی یان هەولێر یان هەر جێگایەکی تر؛ سنووری خەونەکانی ڕۆشنبیر گەورەتر و باڵادارتر و لە ئاستی زەمەنیشدا دوورفڕترە. کێشەکە لەوەدایە هێندە دەستەمۆبین بە تەنیا خەون بۆ شارێک یان بۆ چەند ڕۆژێک یان بۆ تەنیا دەزگایەک ببینین. کێشە ترسناکەکە لەوەدایە کە سیاسەتمەداران دەیانەوێت ڕۆشنبیران لە

دروستکردنی ئەو مۆدێلەی ئەواندا و لە بەخشینی شەرعییەتدا بەو مۆدێلە و لە ڕازاندنەوەی ئەو مۆدێلەدا بەشداربن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش پرۆسەیەکی بەراورد پیادەبکەن و هەر یەکەیان بەپێی هەواداری بۆ یەکێ لە لایەنەکان غەزەل بەسەر نموونە و مۆدێلەکەی ئەودا هەڵدات. ئەگەر سەرەنجبدەیت لە هەموو مێژووی هاوچەرخی کوردیدا بە ئەندازەی ئەم قۆناغە نرخی ڕۆشنبیران بەرز نەبووە، هێندە ڕۆشنبیران لەلایەن پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تریشەوە ڕێزیان لێنەنراوە و ژیانیان مسۆگەر نەکراوە «دیارە لای من ئەمە خاڵێکی تەواو پۆزەتیڤە»، بەڵام لە پشت پرۆسەی ئەم حورمەتە زۆرەوە، پرۆسەیەک نییە ناوی پرۆسەی حورمەتی فیکر و پرۆسەی بەخشینی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و پرۆسەی کەمکردنەوەی تۆتالیتارییەتی حیزب بێت، پرۆسەیەک نییە وا لە ڕۆشنبیران بکات لە دروستکردنی ڕایەکی سیاسی گشتی ئازاددا بەشداربن، پرۆسەیەک نییە دەستی ڕۆشنبیری لە ئاست سیاسییەکاندا، لە ئاست حیزبدا، لە ئاست کۆمەڵدا، لە ئاست ئەو مێژووە درێژەی دوای ڕاپەڕیندا کە پڕە لە تاوانی گەورە و تاوانباری گەورە ئازادکردبێت. من پێمـوایە یەکجۆر لە حورمەتگرتنی ڕۆشنبیر هەیەو بەس، ئەویش بەخشینی هێزە بە ڕۆشنبیر بچێتە ناو هەموو نهێنییەکانی کۆمەڵەکەیەوە، لەوانە نهێنییە ناشەرعییەکانی حیزب و نهێنییە ناشەرعییەکانی سیاسییەکانیش، وە یاسایەکی داڕێژراویش هەبێت بتوانێت بە هێزی ئەو یاسایە ئەو نهێنیانە بە دەرەنجامە دروست و قانونییەکانی خۆی بگەێنێت. هەر کاتێکیش ئەمە نەبوو هەموو حورمەتگرتنێکی ڕۆشنبیر بۆ بێدەنگکردنێتی و بۆ دانانی یاسای «نان بەرامبەر بێدەنگی»یە. ئەم حورمەتە زۆرە حورمەتە لە کاتێکدا کۆمەڵگا لە سەروو حیزبەکانەوە هێزێکی بڕیاردەری تیانەماوە لە ڕووی (نەتەوەیی، ئەخلاقی، یاسایی، پەیوەندیی سیاسی، قودرەتی چالاکبوون، ڕەفتاری سیاسی، پەیوەندی لەگەڵ فاشییەت و ڕژێمدا، پەیوەندی بە کۆنەپەرستی ناوچەکە و بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە... هتد) سیاسەت هەڵسەنگێنێت. ئەمڕۆ کێ گەورەترین ژمارە ڕۆشنبیر کۆبکاتەوە مصداقییەتی زیاتر بۆ مۆدێلەکەی مسۆگەردەکات، لە کاتێکدا دەبێت هەموو خەباتی ڕۆشنبیران قەبووڵنەکردنی ئەو دابەشبوونانە و ئەو مۆدێلانە بێت، قبوولنەکردنی ئەو ناجیدییەتە بێت کە کەرت کەرتبوون دروستیکردووە، گەورەکردنەوەی ئاسۆی خەونەکان بێت و گەورەکردنەوەی جوگرافیای ئەو خەونانە و ئەگەری هاتنەدیان بێت. دیارە من لەسەر هەریەک لەو پرسیارانە قسەی زیاترم هەیە، بەڵام لەبەر کێشەی پانتای و ڕووبەر ناتوانم لەوە زیاتر بدوێم و هیوادارم هەل و دەرفەتی دیکەمان هەبێت بۆ گفتوگۆ و سوپاس بۆ پرسیارەکانت.

* * *

پاشکۆیەکی کورت

دیموکراسییەت و وەبیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەی بنەما نەگۆڕەکانی

# دیموکراسییەتی زۆر و دیموکراسییەتی کەم
# دیموکراسییەتی گەنج و دیموکراسییەتی پیر

## بەختیار عەلی

دیموکراسییەت لە مانا هەرە گشتییەکەیدا بریتییە لە ملکەچکردنی دەسەڵات بۆ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەرەوەی خۆی. لەمەش گرنگتر ڕێگانەگرتنی دەسەڵاتە لەبەردەم دروستبوون و کامڵبوونی ئەو سانسۆرەدا. کۆمەڵگای دیموکراسی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە کۆمەڵێک حیزب و دەزگا لە هەناوی خۆیدا و لە ژێر یەک سەقفدا کۆدەکاتەوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەیە کە حیزبەکان و دەزگاکان و ڕۆشنبیرەکانی دەتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن ببینن و دەتوانن بە ڕاستی دیدەگایەکی تر بۆ بینینی کێشەکان و بینینی واقیع پەرەپێبدەن.

دیموکراسییەت بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا زیندووانەیە کە دەتوانن جیاوازی بەرهەمبهێنن.

تا توانای کۆمەڵگا لەسەر گەشەکردن گەورەتر بێت، پێویستییەکانی دیموکراسییەت زیاتر و گەورەترن. چونکە گەشە لەتەک خۆیدا هەمەڕەنگی دەهێنێت. هەمەڕەنگیش پێکەوەژیانی ڕەنگە جیاوازەکان دەسەپێنێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، قەیرانی دیموکراسییەت تەنیا لەو مەیلە دیکتاتۆرییانەوە هەڵناقوڵێت کە حیزبە باڵادەستەکان نیشانیدەدەن، بەڵکو لە بێتوانایی هێزەکانی ترەوە هەڵدەقوڵێت لەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆڵی هەڵگری پرۆژەی تر ببینن.

دیموکراسییەت ئەوەیە کۆمەڵێک پرۆژەی جیاواز لە ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بژین و ئەو ململانێیەش هەرگیز نەچێتە ئاستی ململانێی چەکدار. لە کۆمەڵگاکانی وەک ئێمەدا، لەو کۆمەڵگایانەدا کە دواکەوتنی سیاسی سیفەت و سیمای سەرەکییە، بە پێچەوانەوەی کۆمەڵگای دیموکراسییەوە، ململانێی چەکدار و پارچەپارچە بوونی نیشتیمان بۆ کۆمەڵێک میلیشیای شەڕکەر و دابەشبوونی نیشتیمان بەسەر چەند جوگرافیایەکی سیاسییدا هەیە، بێئەوەی هەمەڕەنگی ڕاستەقینەی فیکری هەبێت و بێئەوەی دابەش دابەشبوونی سیاسی لە جەوهەریدا ئاوێنەی ئامادەگی کۆمەڵێک پرۆژەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازبن.

بە کورتی دیموکراسییەت پێکەوەژیانی جیاوازییەکانە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای نادیموکراسی و خێڵەکی و حیزبکوێر بریتییە لە کۆمەڵگای شەڕی هێزە وەک یەکەکان، شەڕی ئەو هێزانەی کە تەنیا قازانجی تەسک و کورتبڕی دەسەڵات و ئابووری لەیەکیان جیادەکاتەوە.

کێشەی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی، ئەوە نییە کە دیموکراسی نییە، کێشەکانی دیموکراسییەت زنجیرەیەک گرفتی دیکەیە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت ئێمە خەباتی بۆ بکەین فەراهەمکردنی زەمینە

سەرەتاییەکانی دیموکراسییەتە.

کۆمەڵگای ئێمە تا ئەمڕۆ بە چەندین فرسەخ لە پیادەکردنی بنەما سەرەکی و سادەکانی دیموکراسییەتەوە دوورە. کۆمەڵگایەکە کە جیاوازی نێوان باڵە سیاسییە جیاوازەکانی، سیفەتی جەنگی خێڵەکییانەی بەرنەداوە، هەموو کێشە سیاسییە بچوکەکان، یەکەمجار بە جەنگ چارەسەردەکرێن. کۆمەڵگای ململانێی ئاشتیخوازانەی هێزە جیاوازەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵگای جەنگی خوێناوی هێزە وەک یەکەکانە. کۆمەڵگایەکە حیزب و میلیشیا، حیزب و حکومەت، ئابووری حیزب و ئابووری حکومەت، سیفەتەکانی سەرۆکی سیاسی و سیفەتەکانی کاریزمای خێڵەکی لەیەکدی نەترازاون و لەیەکدی جیانەبوونەتەوە. حیزب هێزی سیاسی خۆی تەنیا لە دەزگا سیاسییەکاندا بەرجەستە ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەیگۆڕێتە سەر هێزێکی سەربازی و میلیشیایی. ئەوەشی کە مانەوە و باڵادەستی حیزب دەچەسپێنێ، خودی پرۆسەیەکی دیموکراسی سەرتاپاگیر نییە، کە تیایدا ئاڵوگۆڕی ئازادانەی دەسەڵات، تەنیا زامنی مانەوەی سەرۆک و هێزی حیزب بن، بەڵکو ئەوەی مانەوە و باڵادەستی حیزب زامندەکات، گەورەیی میلیشیا چەکدارەکەیەتی. ئەوەی عومری حیزب درێژ دەکاتەوە، توانا و هێزی بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نییە، بەڵکو سیحری کاریزمای سەرۆک و توانایەتی لەسەر تازەکردنەوەی «ولاء» و وەفاداری کادێرە سیاسییەکانی دەوروبەری. دروستکردنی هێزی جەماوەرییانەی حیزبیش، کەم و زۆر پەیوەندی بە دروست و نادروستی سیاسەتەکانیانەوە نییە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا لۆژیکی سیاسی لەو ئاستەدا نییە کە بڵێین، حیزبی گەورە بە هۆی بە هێزی مەنتیق و توانای ئایدۆلۆژییەوە بۆتە حیزبی گەورە و حیزبە بچوکەکان بەهۆی خراپی بەرنامەی سیاسییانەوە بچوکن. «ئەم ڕاستییە بۆ هەموو کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکانی دەوروبەری ئێمەش دەستدەدات». ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئەمڕۆ ڕۆڵی گەورە دەبینێت، سیستمێکی وەلائی سیاسییە کە ڕاستەوخۆ لە سیستمی وەلائی خێڵەکییەوە داتاشراوە. سیستمێکە شاندادەداتە سەر سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکی ناعەقلانی لە نێوان حیزب و ئەندامەکانیدا.

هێزی حیزبی سیاسی ئێمە لەوەوە دێت چەندە دەتوانێت ئەو هێزە سیاسییەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا و لەیەکێک لە وێستگە سیاسییەکاندا بەدەستیدەهێنێت، بگۆڕێتە سەر هێزێکی سەربازی و ئابووری کە دواتر بە لاچوون و نەمان و مردنی هەلومەرجە سیاسییەکان، حیزب لە ڕێگای ئەو هێزە سەربازییەی یەکەمجارییەوە درێژە بە بوونی خۆی بدات. لەم دۆخەشدا حیزب لەبەرئەوە ناژی کە دروستتر بیردەکاتەوە و بەرنامەیەکی سیاسی و ئابووری تری هەیە و کادێرەکانی بلیمەتترن لە کادێری حیزبەکانی تر، بەڵکو لەبەرئەوە دەژی کە توانایەکی سەربازی هەیە و ئەو توانایەش دەگۆڕێتە سەر توانای مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و ئیداری.

هێزی حیزبی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە پابەندی توانایەتی لەسەر پاوانکردنی زیاتری ئابووری و ئیدارە و هێزی میلیشیایی بۆ خۆی. واتە خودی هێزی حیزبەکان، ئەو هێزەیە کە لە کۆمەڵگای دەدزن، چونکە ئابووری موڵکی کۆمەڵگایە و موڵکی حیزب نییە، هەر کاتێکیش ئابووری حکومەت لە ئابووری حیزب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسییەت، نوکتەیەکی گەورەیە. لە جەوهەریشدا شەڕی ناوخۆی کوردستان ئەو جەوهەرە نادیموکراتە ئاشکرادەکات کە لە ناو حیزبە کوردییەکاندا خەوتووە، چونکە بەشێکی شەڕی ناوخۆ هۆکەی دەگەڕێتەوە، بۆ جیانەبوونەوەی ئابوری حیزب لە ئابووری دەوڵەت، لەم حاڵەتەدا خودی ئابووری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەت دەبێتە «غنیمە» یەک کە حیزبەکان شەڕی لەسەربکەن.

کە دێینە سەر دیموکراسییەت بە مانا سەرەتاییەکەشی، دیموکراسییەت و میلیشیاتی حیزبی لەهیچ ئان و زەمانێکدا پێکەوە کۆنابنەوە؛ مەرجی سەرەکی دیموکراسییەت ئەوەیە حیزبەکان میلیشیای چەکداریان نەبێت. چونکە کە هێزی سەربازی یەکێک لەوی دی بەهێزتر بوو، ئەوکات ئەو بڕیارەکان دەدات، ئەو نەخشە دادەنێت، ئەو قانون دەنوسێت، ئەو ڕاگەیاندن و ڕایگشتی دروستدەکات؛ سیاسەتێک دواجار بە مۆدێلی ئیماراتی حیزبی دوایی دێت. بەم پێیە هەر هێزەو لە

سنووری تەقەی تفەنگەکانی خۆیدا حوکمدەکات. مۆدێلی ئیماراتی حیزبی، مۆدێلێکە لەسەر ئەوە دروستبووە کە سنووری دەسەڵاتی سیاسی حیزبی گرێدراوە بە سنووری تەقەی تفەنگەکانییەوە. لە کوێدا تفەنگەکانی سواربوو لەویادا حوکمدەکات و لە کوێدا تفەنگی بەزی لەویادا دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی دوایی دێت. ئەوەشە ئەو مۆدێلەی هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانەی کەرەمی حیزب نوقمی کردوون ناویدەنێن دیموکراسییەت. ئایا ئەوە چ دیموکراسییەتێکە... سنووری تەقەی تفەنگەکان، سنووری ئیمارەتە حیزبییەکان دروستدەکەن؟ لە ڕاستیدا سوپا و هێزی چەکدار لەیەککاتدا شەرعییەتی هەیە، ئەوکاتەی بەرگری لە نەتەوە دەکات، بەڵام کە هێزی چەکدار وەزیفەکەی بووە بەرگریکردنی تاک و تەنیای حیزب لە خۆی، بووە ئەو پایەیەی دەسەڵاتی حیزب بەسەر کۆمەڵگادا ڕادەگرێت، لێرەدا هیچ کەس ناتوانێت بەمجۆرە مۆدێلە بڵێت «دیموکراسی». لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتییدا، یەک ڕۆشنبیر و بیریار نادۆزیتەوە بە مۆدێلی میلیشیایی و مۆدێلی ئیماراتی حیزبی بڵێت «دیموکراسی». چونکە سەرەتاییترین ڕێسا و سادەترین یاسای دیموکراسییەت ئەوەیە، لە کوێدا میلیشیای چەکدار هەبوو لەویادا دیموکراسییەت نییە، لە دایکبوونی دیموکراسییەتیش پابەندی مەرگی مۆدێلی ئیماراتی حیزبییە و پابەندی مەرگی حیزبی میلیشیاییە. لەسەرەتای ڕاپەڕیندا ئەو دەرفەتە مێژووییە هەبوو کە ستراکتوری سیاسی کوردی لە ستراکتوری میلیشییاییەوە بگوازێتەوە بۆ ستراکتوری مەدەنی، بەڵام شەڕی ناوخۆ سەلماندی کە حیزبەکانی ئێمە بوون و مانەوەی خۆیان ناخەنە ژێر ڕەحمی دیموکراسییەتێکی مەدەنییەوە، بەڵکو تا دوا نەفەس بەرگری لە قەوارەی میلیشیایی خۆیان دەکەن. چونکە لە ڕێگای ئەو هێزە چەکدارەوە دەتوانن بەردەوامی بە مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و مۆنۆپۆڵکردنی ڕاگەیاندن و مۆنۆپۆڵکردنی پۆستە ئیدارییەکان بدەن و لە پەراوێزیشدا نووسەرانی پاسەوان دروستبکەن، کەکاریان نیشاندانی ئەوانی دیکەیە وەک گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و نامۆ تا دوایی لەو قسانەی کە چڵەپۆپەی حیکمەتی ئەو فەرهەنگە هەژارەیە کە ئەو نووسەرە حیزبییانە شاندەدەنە سەری.

ئەوەی لە مرۆی کوردستاندا بە دیموکراسییەت ناودەنرێت بریتییە لە دەسەڵاتی موتڵەق و تاک حیزبی یەک هێز بەسەر هەرێمێکی داپچڕاودا لە کۆی بەشەکانی تری کوردستان و کۆکردنەوەی هەندێ حیزبی بچوکی تر کە توانای هەستانیان نییە بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی بەرەنگاری و ئۆپۆزیسیۆن بۆ خولڵقاندنی شانۆگەرییەکی دیموکراسی.

دیموکراسییەت ئەوە نییە، یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا ڕێگا بە وردە حیزبانە بدەن کە هەندێکییان لە ماسی بێدەنگترن. ئەوە نییە پارتی و یەکێتی ئەم حیزبانە قبووڵبکەن، بەڵکو سەرەتای هەنگاونان بۆ دیموکراسییەت ئەوەیە پارتی و یەکێتی یەکتر قبووڵبکەن. ئەلف و بێی دیموکراسییەت ئەوەیە، پارتی و یەکێتی بتوانن ململانێی سیاسی دیموکراسییانە بکەن و لە کولتووری زەلیلکردنی یەک بچنەدەرێ، لەو عەقڵییەتە بچنەدەرێ کە هەرکامێکیان لە شارێکدا سەد ئەندامی لەوی تریان زیاتر بوو بیرلەوەبکاتەوە، لایەنی بێهێز لە مافە سیاسییەکانی مەحرومبکات... ئەمە هێندە عەجیبە کەس شتی وای لەم سەر زەوییە نەبیستبێت؟

ئەوەی کە سەرەنجبدات دەبینێت لە ماوەی دواییدا، هەموو ئەوانی بەرهەمی فەرهەنگی ئیمارەتە حیزبییە تازەکانی کوردستانن، «ئەو قەڵەمانەی بەناوی خۆشەویستی کوردەوە واقیعی دابەشبوونی کوردستان زیاتر دەچەسپێنن» ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆشدەکەن، ڕۆشنبیران بەوە گوناهباردەکەن کە داوای دیموکراسییەتی زۆر دەکەن و بەو دیموکراسییەتە کەمە ڕازی نین کە ئەورۆ هەیە. یەکێ لەوانە دەڵێت ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد داوایدەکەن «لە سوید داوا نەکراوە»!

هیچ خوێندەوارێک نییە ئەمڕۆ نەزانێت کە کێشەی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی کود ئەوە نییە داوای زۆر دەکەن، بەڵکو کێشەی هەرە گەورە ئەوەیە ڕۆشنبیرانی کورد داوای هیچ ناکەن.

ئایا ئەوەی بتەوێت مۆدێلی ئیماراتی حیزبی نەچەسپێت و نەبێتە هەقیقەت، ئەمە داوایەکە لە داوای ڕۆشنبیرانی سوید قورسترە؟ یان بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەم داواکارییە نەتەوەییە سادەیە بە

ئەفسانە لەقەڵەمدەدا، ڕۆشنبیرێکە سوود لە واقیعی پارچە پارچەبوون دەبێنێت و لە پەراوێزی قازانجەکانی دابەشبووندا حەساوەتەوە؟

ئایا ئەوەی داوای دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەکات، کە وەزیفە سەرەکییەکەی سانسۆرکردنی ڕەفتاری حیزب و حکومەتە، شتێک داوادەکات لە سوید داوانەکراوە؟ ئایا مردنی حوکمڕانی میلیشیایی داوایەکی هێندە سەیرو نامۆیە بەم ئەستێرەیە، لە سویدیش نەبیستراوە؟ بێگومان یەکێکی بێئاگا و هاوولاتییەکی سادە ئاگای لە خۆی نەبێت و وریانەبێت بەرامبەر بەو ناڕاستییانە واتێدەگات، میلیشیای چەکدار سویدی خواردووە و حوکمی میلیشیات هێندە ئاسایی و بەڵگەنەویستە هەموو دونیای تەنیوەتەوە و ئەوە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردن، کە نامۆن بە واقیع و بێئاگان لە دونیا، لە ساتێکی غەفڵەتەدا بە خەیاڵیاندا هاتووە شتێک داوابکەن کە لە سویدیش خەڵک بە خەیاڵیدا نایەت. لە ڕاستیدا ئەمە چەندە شایستەی پێکەنینە، شایستەی گریانیشە. شایستەی گریانە نەک بۆ خوێندەوار، بەڵکو هەتا نەخوێندەوارێکیش لەو ئاستەدا بێت دوای سالآنێک ژیان لە خۆرئاوا، جۆرە دیماگۆگییەتێکی سیاسی لەمشێوەیە بەرێتەوە ناو کۆمەڵگای خۆی.

ئایا ئەوەی ڕۆشنبیران لە گوناهەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیان بێدەنگ نەبن، نەبنە فەرمانبەر و شایەر و نەکەونە دەرەوەی ئەو ویژدان ئینسانی و نەتەوەییەی شوێنگەیان (مەوقیعییەتیان) وەک ڕۆشنبیر دەیسەپێنێت، لە سوید داوانەکراوە؟

ئایا پێتوابێت دیموکراسییەت ئەوە نییە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر قبووڵبکەیت و لەسەر بیروڕاکانیان نەیانکوژیت.

لە ڕاستیدا من حەزدەکەم ڕوونتر بدوێم و بڵێم: شتێک نییە لە کوردستاندا ناوی دیموکراسییەت بێت تا بشوبهێنرێت بە هیچ دیموکراسییەتێکی تر، دیموکراسییەتیش بە کیلۆ و هۆقە ناپێورێت، تا قسە لە دیموکراسییەتی زۆر و کەم بکەین. دیموکراسییەت کۆمەڵێک بنەمای جەوهەرییە لەسەرو هەموویانە حوکمی یەکسانی قانونییە بەسەر هاوولاتی و حیزب و سەرکردەدا. لەکوردستاندا تا ئەمرۆ شەڕی ناوخۆ هەیە، هەموو ماوەیەک جارێک یەکێک لە حیزبە بچوکەکان دەکەونە بەر شالآوی سیاسی و سەربازی ئەوانی تر، بەشی هەرە زۆری ناڵەکانی قسە و ڕاگەیاندن بەدەست حیزبەوەیە و بە سیاسەتێکی سەد دەر سەد کۆنترۆڵکراو ئاڕاستەی ڕایگشتی دەکرێت، سەرجەمی ئابووری کوردستان و کەناڵەکانی بازاڕوبازرگانی لە ژێر کۆنترۆڵی قوتبەکانی حیزبدایە، سەرجەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەرخانە بۆ شەڕی ناوخۆ، ئاموزشی سیاسی و ئەخلاقی ئێمە لە بری ئەوەی بە ئاڕاستەی سڕینەوەی ڕق و کینەی حیزبییانە ئیشبکەن، لەبری ئەوەی ئەو تەشویهە سیاسی و ئەخلاقییە بسڕنەوە کە شەڕی ناوخۆ دروستیکردووە، لەبری چاندنی بنەماکانی ئاشتبوونەوەی کۆمەلایەتی «بەر لە ئاشتبوونەوەی سیاسی» ڕۆژ دوای ڕۆژ هەندێ لە قەڵەمەکانی ئیعلامی حیزبی پتر کینە و پارچەپارچەبوون دەچێنن. نەوەیەکیان دروستکردووە کە ڕق و کینەی سیاسی باوان دووبارەدەکاتەوە، نەوەیەکیان دروستکردووە، هەموو ژیان و بوونی لە نێوان بەرداشی ململانێی پارتی و یەکێتیدا دەهاڕدرێت و هەمان ئەو ژیانە عەقڵی و ڕۆحییە دەژین کە باوانیان لە شەستەکانەوە تیادەژین. نەوەیەک کە یان ناچارە گەمەکان وەک خۆیان بکات و بچێتەوە ناو هەمان ئەو دونیا دووبارە و سەد بارەوە کە ڕق گۆشەکانی ڕەسمکردووە، یان خۆی بداتە دەست قەدەرێکی نادیار و سەرهەڵگرێت بۆ مەنفایەکی نادیار. ئەمانە هیچی کەش و هەوایەکی سەرەتایی و دروست بۆ دیموکراسییەت دروستناکەن. بڕی دیموکراسییەتیش بە بڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و حیزب ناپێورێت، بەڵکو بە بڕی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی دوو نەیار، بە شێواز و میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەلآت، بە سانسۆری دەسەلآت لەلایەن میدیا و سیستمی قەزاییەوە دەپیورێت. لەدەرەوەی ئەمانەش هیچ پێوانەیەک نییە بۆ دیموکراسییەت. کە تۆ نەیاری سەرەکیت کردە دەرەوە، ئیدی دواتر سەد ڕۆژنامە و گۆڤار لە هەرێمەکەی خۆتدا دەرکەیت، پەیوەندی بە دیموکراسییەوە نییە. ئەوەی واقیعی سیاسی دەگۆڕێت، داماڵینی ئەو دەمامکی دیموکراسییەتەیە کە ئەمڕۆ بۆتە پردی سەرەکی بۆ چەسپاندنی مۆدێلی ئیماراتی حیزبی. ئەمە چ دیموکراسییەتێکە کە دەیان هەزار یەکێتی لە ناوچەکانی پارتیدا

لەهەموو مافێک مەحرومکرابن. ئەمە چ دیموکراسییەتێکیشە کە دەیان هەزار پارتی لە ناوچەکانی یەکێتیدا لەهەموو مافە سیاسییەکانیان مەحرومکرابن... ئەمە جگە لەسەدان دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و قانونی کە هیچ یەکیان کەم و زۆر پەیوەندییان بە دیموکراسییەتەوە نییە.

لەواقیعێکی وادا، ئەوەی پێویستە ئێمە خەباتی بۆ بکەین، تۆخکردنەوەی نەرجسییەتی حیزبیانە نییە کە ئەمڕۆ هەندێ قەڵەم بە حاڵەتێکی ڕەوای دەبینن و درۆی بۆ دەتاشن. نەرجسییەتی حیزبی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابووردووەوە ئامادەبووە و لە داهاتوشدا ئامادەدەبێت، ئەوەی گرنگە قەڵەمی جیدی و خەباتگێڕی جیدی لەناوەوەی حیزب و لەدەرەوەی حیزبدا، لەناو دەسەڵات و لەدەرەوەیدا، نەکەونەوە گەمەی درێوی تۆخکردنەوەی ئەو نەرجەسییەتە. سەرەتای دەرچوونیش لە گێژەنی شەڕی ناوخۆ، لە ڕەخنەگرتن لەو کولتوورە سیاسییەوە دەستپێدەکات کە دواجار لەشەڕی ناوخۆدا دەگاتە بنبەستی سیاسی و ئەخلاقی خۆی. ئەمە پیلان نییە لە هیچ کەس، ئەمە هەقیقەتێکی سادەیە کە قەیرانی ئەخلاقی سیاسی کوردی سەپاندوێتی، کە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گۆڕی بۆ شکستی پارچەپارچەبوون. دەرچوون لە شەڕی ناوخۆ و کۆتاییهێنان بەشەڕی ناوخۆ، جیانییە لە دابەزین لە غروری نەرجسییەتی حیزب. ئەوە وەزیفەی ڕۆشنبیرانی حیزبیشە، لە کاڵکردنەوەی ئەو نەرجسییەتەدا بەشداربن، ئامادەبن ڕابردوو بخوێننەوە، مەلەفە داخراوەکان بکەنەوە. ئەمڕۆ عەقڵییەتە حیزبییە تەسکوتروسکەکان، پرۆژەیەکی بەرنامەڕێژیکراویان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی فۆبیا لە فیکر و ڕۆشنبیریی و هەر فیکرێک ئەو سیستمە سواوەی ئەوان دووبارەنەکاتەوە بە نامۆ و نائاسایی لەقەڵەمیدەدەن، فیکرو میتۆدی ئاساییش لای ئەو عەقڵییەتانە ئەوەیە لەناو ڕق وکینەکانی ئەواندا دیلبیت و چاوانی ئەوان قەرزبکەیتەوە بۆ بینینی دونیایەک کە ئەوان نایبینن. میتۆدی ئاسایی ئەوەیە عەقڵی خۆت توڕدەیت و عەقڵی حیزب لەسەرکەیت و گەرووی خۆت توڕدەدیت و هەموو ئەو شتانە دووبارەبکەیتەوە کە ڕاگەیاندنی حیزبی بەپێی ئاشتی و شەڕە مەوسمییەکانی حیزب دەرخواردت دەدات. ئەگەر گووتیشت نا بۆ دابەشکردنی کوردستان، نا بۆ میلیشیات، نا بۆ قانونێک کە تەنیا بەسەر هاووڵاتیانی سادەدا پراکتیکبکرێت، نا بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی تاکحیزبی لە ڕێگای کۆمەڵێک جەنگی مەوسمییەوە کە هەر جارە گروپێک و هێزێکی سیاسی دەکاتە قوربانی خۆی، نا بۆ بەکارهێنانی ئابووری کۆمەڵگا لە پێناوی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی یەک هێزی سیاسییدا... ئەوا تۆ لەم حاڵەتەدا نامۆیت و کوڕی وڵاتی خۆت نیت، چونکە لە مەنتیقی ئەم ڕۆژنامەنووسانەوە، تۆ کاتێک نامۆنیت کە بەڕووی شتەکانەوە پێبکەنیت و ستایشی درۆبکەیت و سەر تابینەقاقا لەناو تەقلیدییەتدا نووقمبیت و خەریکی فۆلکلۆر و ستایشی گەورەپیاوانی کورد و جەژنە دینی و نەتەوەییەکان بیت!

بونبەستی واقیعی سیاسی ئێمە، بونبەستێکی مێژووییە، دەرچوونیش لەو کولتوورەی ئەو مێژووە خوڵقاندوێتی، سەرەتای دەرچوونە لەم قەیرانەی ئەمڕۆ.

ڕەخنە لە مۆراڵی سیاسی ئەمڕۆ، سەرەتای کردنەوەی دەرگایەکی بچوکە بۆ بیرکردنەوە لە شێوەیەکی تری ژیان و لە شێوەیەکی تری ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەوەی هێندە لە ڕەخنە بترسیت و بڵێیت، ئەوەی ڕۆشنبیران داوایدەکەن، لەم سەر زەوییەدا نییە و کەس بەچاو نەیدیوە، دەرگای «فۆبیا لە ڕۆشنبیران» دەخاتە سەرپشت و شەرعییەت دەداتە ئەو هوشیارییە سیاسییە بێئاسۆیەی ئەمڕۆ باڵادەستە و شەرعییەتیش دەداتە هەر کارێکی توندوتیژ کە دژ بە فیکرو ئازادی بکرێت.

ئەو کۆمەڵگایەی داوادەکات ڕۆشنبیرەکانی ستایشی فەزڵەکانی بکەن، دەوری واعیزی مزگەوتی بۆ ببین، کۆمەڵگایەکە لەوە دەترسێت، ڕۆشنبیرێک لە دایکبێت، ئاوێنەیەکی بۆ دانێت و ڕوخساری خۆی ببینێت. بە داخەوە دەبێت بڵێین ئەمڕۆ دواکەوتنی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێمە لەوە ترسناکترە بەرگەی ئەم کات بە فیرۆدانە بگرێت. لە دونیای ئێستادا ئەوەی کۆمەڵگاکان وێراندەکەن، قەڵەمە ستایشکارەکانن، نەوەک قەڵەمە ڕەخنەگرەکان. ئەو دۆستانەش کە دەڵێن «ئەرکی ڕۆشنبیران ڕەخنەگرتن نییە» دەیانەوێت وێنەیەکی سلبی بدەنە ڕەخنە، لە کاتێکدا ڕەخنە تاکە هۆکار و

کەرەسەیە بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردی. من بەشبەحاڵی خۆم ناتوانم ئەو ڕایە قبوولبکەم کە دەڵێن، واقیعی کوردی زۆر باشە و هەموو شتێک تەواوە و هیچ گرفتێکمان نییە و شتەکان لەسەر سکەی سروشتی خۆیان دەڕۆن. ناتوانم ئەو ڕایانەش قبوولبکەم کە هۆی تراژیدیاکە دەگێڕنەوە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان و قورسایی قەیرانەکە لە ناوەوە دەبەنە دەرێ، دیارە لەوەوبەر بە درێژی لەسەر ئەو خاڵانە قسەمکردووە، لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە، پێداگرتنە لەسەر لێکجودانەبوونەوەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر و ڕەخنە لەیەکدی، ئەوانەی کە نایانەوێت ڕەخنەگربن «ڕەخنە بە مانا قووڵ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنسازەکەی، ڕەخنە وەک چەکی ڕاڤەکردن و چەکی بینین و ئامرازی گۆڕان» ئەوانەن کە دژی گۆڕانن لە هەموو ئاستەکاندا، دژایەتیکردنی ڕەخنە ناوێکی شەرمنە بۆ دژایەتی گۆڕان. ئەوانە شەرمدەکەن لەوەی ڕاستەوخۆ بڵێن ئێمە دوژمنی گۆڕانکاری ڕادیکالین، لەبەرئەوە، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای دژایەتیکردنی ڕەخنەوە دژایەتی گۆڕان دەکەن.

«طرابیشی» لە دوا چاوپێکەوتنیدا بەمجۆرە ڕۆڵی ڕەخنە هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: «چەمکی ڕەخنە خۆشەویستترین چەمکێکە لەلام، چونکە لە دۆخگەلێکیی دژواردا، وەک دۆخی ئەمڕۆی عەرەب، ڕەخنە تاکە ئامرازی گۆڕانکارییە... لای من ڕەخنە ئامرازێکی ناوازەی ڕینیسانسە، وەختە سەردەمی ڕینیسانسیش سەرتاپا سەردەمی ڕەخنەبێت، خوێندنەوەی کەسانی وەک کەواکبی و ئەفغانی و قاسم ئەمین و طە حوسەین تەواو ئەوەمان بۆ ساغدەکاتەوە، ڕۆڵی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیرە گەورە و ڕینیسانسکارانە ڕەخنەبووە». جا ئەگەر ئەمە بۆچوونی یەکێک لەهەرە گەورەترین ڕۆشنبیرانی عەرەب بێت لەسەر واقیعی عەرەبی و ڕۆڵی ڕەخنە تیایدا، ئەی واقیعی کوردی کە هەزاران جار لە واقیعی عەرەبی ناهەموارتر و دژوارترە، دەبێت چۆن بەبێ ڕەخنە بخوێنرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە مەسەلەکە ترس نییە لە ڕەخنە بەتەنیا، بەڵکو ترسە لە ستراکتورێکی ڕۆشنبیری ئیفلیج کە لەگەڵ لەدایکبوونی ڕەخنەی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی قووڵدا هەرەسدەهێنێت... ترسە لە دیدێکی تایبەتی بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری کە بە گۆڕانی گەلەک ناو دەمرێت و گەلەک بتی ساختە دەشکێت. لێرەوە گۆڕینی وەزیفەی ڕۆشنبیر بۆ وەزیفەیەکی تەقلیدی مردوو، سیاسەتی هەندێ لە ڕەمزەکانی ناو ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆیە، بۆیە بەرابەر هەمو هاوارێکی نوێکردنەوە، ئەوانە هەوڵدەدەن، دووبارە وەزیفەی ڕۆشنبیر بخەنەوە قاوغە دێرینە و مردووەکەی جاران. ئەوەتا تراژیدیاکە لە ئاستێکدایە، سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک داوادەکات، ڕۆشنبیران بایەخ بە بۆنە ئاینییەکان بدەن... بەڵێ، لە ناو ئەو هەموو تەحەدایەدا، کە هەر چەمکێکی دەگونجێت قورسایی مان و نەمانی بۆ کورد هەبێت، ئەو قەڵەمانەی کە خۆیان خەوتوون و خۆشحاڵیش دەبن هەموو قەڵەمەکانی تری دونیا وەک خۆیان بخەون، داوای ئەوەدەکەن، ببن بە تایبەتمەند و پسپۆڕ لە شەوی بەرات و لەیلەتولقەدرا. من دڵنیام ئەم عەقڵە دەتوانێت دەیان ساڵ کورد بەرێتە دواوە، بەڵام ناتوانێت ڕۆژێک پێشیبخات.

یەکێکی دی لەو پەردەپۆشییانەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە، قسەکردنە لە دیموکراسییەتی پیر و گەنج.

کۆڵەکەی بەرگری ئەو عەقڵییەتانە لە دۆخی دژواری ئێمە و لە دۆخی ئیماراتی حیزبی ئێستا لەسەر ئەوە بەندە بڵێن: دیموکراسییەتی ئێمە، دیموکراسییەتێکی ساوایە؛ لێرەوە دەبێت ڕووکارە دیکتاتۆرییەکانی قبوولبکەین و بەئاسایی وەریبگرین. لە ڕاستیدا ئەم بەهانەیە کە بە ڕووکەش و دابڕاو لە هەموو ڕەوتە مێژووییەکان وەریبگرین، کەمێک دروست دێتە بەرچاو... بەڵام لە قووڵاییدا پڕە لە ڕوانینی ترسناک بۆ دیموکراسییەت و بۆ دەسەڵات و بۆ کۆمەڵگا. خاوەنی ئەم گوتارە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای ئەو گووتەیەوە کۆمەڵێک دیدی ترسناکمان بەسەردا دەسەپێنێت. کە بەمشێوەیەی خوارەوە کورتیاندەکەمەوە.

کاتێک دەڵێین، کۆمەڵگاکانی دی سەدان ساڵیان ویستووە بۆ بوونە دیموکراسی و ئێمە ماوەیەکی کورتە دەسەڵاتمان بەدەستە، لەبەرئەوە نابێت داوای دیموکراسییەتی زۆر بکەین ئەم ڕستەیە لە

جەوهەریدا پڕە لە ژەهری ئایدۆلۆژی. سادەترین ئیحایەک کە دروستیدەکات ئەوەیە پێماندەڵێت کۆمەڵگاکانی تر پێنج سەدساڵیان ویستووە، کەواتە ئێمە کە حاڵمان لە حاڵی ئەو کۆمەڵگایانە بەدترە، ئەوا لە پێنج سەد ساڵ زیاترمان نەوێت کەمترمان ناوێت، کەواتە ئێمە تا پێنج سەد ساڵی تر دەبێت داوای دیموکراسییەت نەکەین، تا پێنج سەد ساڵی تر دیموکراسییەتی شەکلی و ڕوخسارە نادیموکراسەکانی دەسەڵات قبووڵ بکەین. بەڵێ... ئەمە فەلسەفەی ئەم دیموکراسییەتەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا جاڕی بۆدەدرێت. فەلسەفەی خۆکۆکردنەوە بۆ دیموکراسییەتێک پشت بە خوا لە پێنج سەد ساڵی داهاتوودا دەیبینین. ئەمەیە ئەو ئەزمونە دیموکراسی و فیکرییەی، پیاوە دیموکراسەکانی کورد لە خۆرئاواوە دەیبەنەوە بۆ کوردستان.

١. ئەم دیدە بە جۆرێکی شێواو مێژووی دیموکراسی لە ئەزموونی میللەتانی دیدا وێنادەکات، وا نیشاندەدات کە پرۆسەی دیموکراسی لە پنتێکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات و بەرزدەبێتەوە و تا دەسەڵات گەنج بێت دیکتاتۆرترە و تا پیر بێت دیموکراسیترە، چونکە خودی پرۆسەی دیموکراسییەت هێڵێکی بەرزەڕووی «تصاعدی» هەیەو تا زیاتر لە کاتدا بچینە پێشێ، زیاتر لە دیموکراسییەتیشدا دەچینە پێشێ. بەڵام ئەم وێنەیە بۆ دیموکراسییەت نەوەکو دروست نییە، بەڵکو شێواندن و بە ئەنقەست وێرانکردنی وێنەی دیموکراسییەتە.

دیموکراسییەت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا پنتێکی نەگۆڕی سەرەتایی نییە، وەک چۆن لە هیچ کۆمەڵگایەکی دونیاشدا هێڵێکی بەیانی بەرزەڕووشی نییە، دیموکراسییەت لە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا تەحەدایەکی ڕۆژانەبووە و هەمیشەش وەک تەحەدایەکی کراوە دەمێنێتەوە، واتە دیموکراسییەت بەردەوام قابیلی گەشەو قابیلی نوشووستە، بەردەوام هێز هەن دیموکراسن و هێزیش هەن دژی دیموکراسییەتن، هێزهەن سنووری ئازادییەکان گەورەکەن و هێزهەن سنوورەکانی بچوکدەکەنەوە. هیچ کۆمەڵگایەک نییە سەرتاپا دیموکراسی بێت، چونکە خودی ئەم تێگەیشتنە لە دیموکراسییەت، شایستەی پێکەنینە. دیموکراسییەت قۆناغێک نییە تیادا بگەیتە کۆتایی، بەڵکو پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامە و کۆمەڵێک ڕوخساری بنچینەیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام چەسپینی ئەو ڕوخسارانە کۆتایهێنان نییە بە پرۆسەی دیموکراسی. پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا، لەپاڵ ڕوکارە چەسپیوەکانیدا، نەبۆتە سیستمێکی داخراو، دیموکراسییەت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا دواییناییەت، وەک چۆن لەگەشەیەکی بەردەوامیشدا نییە، بەردەوام قابیلی شکست و نوشوستییە. لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئەڵمانیدا، دیموکراسییەت بە دەیان جەنگ و هەستانەوە و نووشوستدا تێپەڕیوە، ئەم جەنگە تائەمڕۆش بەردەوامە، دیموکراسییەت دەشێت دوای دەیان ساڵ لە دیکتاتۆرییەت بێت و بە خێرایی گەشەبکات و خۆی بچەسپێنێت، وەک چۆن ئەمڕۆ لەهەندێ لە وڵاتانی کۆنی بلۆکی کۆمۆنیستدا دەیبینین، دەشێت بە خێراییش بشکێت و بگەڕێتەوە و بکەوێتەوە ناو بەربەرییەت، وەک سەرکەوتنی فاشیزم و نازییەت لە ئەوروپای سییەکاندا. زۆر دووریش نەڕۆین لە ئەوروپای ئێستادا کەسانگەلی لەبابەت (یۆرگ هایدەر)، هەڕەشە نەوەک لە دیموکراسییەت دەکەن، بەڵکو هەڕەشە لە خودی چەمکە ئینسانییە سادەکان دەکەن. واتە دەشێت دیموکراسییەتێکی دێرین لە قۆناغێکدا نوشووستی بهێنێت و بە ماوەیەکی کورت هەڵگەڕێتەوە سەر فاشیزم و دیکتاتۆرییەتێکی بەدیش بەماوەیەکی کورت هەڵگەڕێتەوە و بتوانێت بنەما و سەرەتا گرنگەکانی دیموکراسییەت بچەسپێنێت.

ئەوەی لەم پرۆسەیەدا مەحەکە، دیموکراسییەتە لە کایەی سیاسییدا، واتە دروستکردنی سیستمێکی ئاڵوگۆڕو هێنان و لابردنی دەسەڵاتە، دەشێت دیموکراسییەت لەچەندین ڕوکاردا نەچەسپیبێت، دەشێت دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا دەیان فێڵ و تەڵەکە لە خودی دیموکراسییەت بکات، دەشێت ڕوکەشێکی دیموکراسی و جەوهەرێکی فاشستی کۆبکاتەوە، وەک تورکیا، دەشێت سیستمێکی دینی و هەندێ میکانیزمی ئیدارەی دیموکراسی لەیەکبدات، وەک ئێران، دەشێت ئازادی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ حوکمی سەربازیدا تێکەڵبکات، وەک پاکستان. بەڵام هەریەک لەم مۆدێلانە قسەی خۆی هەیە و بەشێوەی تایبەتی خۆی دەخوێنرێتەوە. بەڵام هیچ

سیستمێک ناتوانێت بەبێ ئاڵوگۆڕی ئازادی دەسەڵات، بەبێ ملنان بۆ سندوقەکانی هەڵبژاردن ناوی خۆی بنێت دیموکراسییەت. واتە دیموکراسییەت گەشەدەکات، لە کایەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەخزێتە ناو کایەیەکی تر، دەشێت لەهەموو جێگاکاندا و لە ناو هەموو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو یەک گەشە نەکات. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دیموکراسی سیاسی و شەفافییەت لە سیستمی زانیاریدا و شەفافییەت لە پەیوەندی یاسادا بە سیاسەتەوە مەرجی سەرەکی و سەرتایی هەموو دیموکراسییەتێکە، دەکرێت دیموکراسییەت لە سیستمی خوێندندا نوقسانی هەبێت، بڵێین، ئەم کێشەیە لەگەڵ زەمەن و بەگەشەی هۆشیاری پڕدەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی وڵاتێک لە شەڕی ناوخۆدا بژی، حیزبەکانی لەوسەری ئەوسەری دونیاش لەگەڵ یەکدا ڕێنەکەون، زمانی هەڕەشە و تەشهیر و جەنگ تاکە زمانی دیالۆگ بێت، هیچ کەس «جگە لەوانەی کە قازانجیان لە چاونووقاندندایە» ناتوانن بە دۆخی وا بڵێین دیموکراسی.

چارەنووسی دیموکراسییەت لە کوردستاندا بەستراوە بە چارەنووسی ئاشتییەوە. بەبێ ئاشتی ڕاستەقینە، قسەکردن لەسەر دیموکراسییەت سەفستەیەکی بێمانایە. کە وادەڵێم، مەبەستمە بڵێم: شەڕ یەکسانە بە نادیموکراسییەت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاشتی یەکسان نییە بە دیموکراسی، بەڵکو ئاشتی سەرەتا و مەرج و پێشخانی یەکەمی هەنگاونانە بۆ دیموکراسی. بەردەوامی جەنگ و بەردەوامی دابەشبوون، مانای ئەوەی لەکوردستاندا تا ئەمڕۆ جەنگ «نەوەک میکانیزمە دیموکراسییەکان» تاکە شێوەی بەرهەمهێنانەوەی هەیمەنەی حیزبە بەسەر ژیانی سیاسیدا. لێرەوە ئەو قسەیەی کە عەیبەکانی سیستمی سیاسی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ منداڵی و گەنجی سیستەمەکە، لە جەوهەردا گوتارێکی نادروست دەهێنێتە گۆڕێ، چونکە لە جەوهەردا دیموکراسییەت دەستپێنەکردووە تا ئێمە تەمەنی بپێوین. هۆکەش بە سادە و ساکاری ئەوەیە مەرجی سەرەتایی دیموکراسییەت دوورکەوتنەوەیە لە جەنگ و مۆنۆپۆڵکردنی سەرچاوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ملنانی تەواوە بۆ ئاشتی. بەڵام مێژووی چل ساڵەی حیزبە کوردییەکان پێماندەڵێت، شەڕ بەشێکی ئۆرگانی و ناوەندی بەرهەمهێنانی هەیمەنەی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبانەیە. واتە شەڕ ڕەگەزێکی تێپەڕ و ناوەخت نییە، بەشێک نییە لە تێکچوونی کاتی هەندێ لە هاوکێشە سیاسییەکان. بەڵکو بەشێکە حیزب ناتوانێت دەستبەرداری بێت، چونکە جەنگ تاکە بەڵگەی هێزی حیزب و تاکە کەرەستەی باڵادەستییەتی بەسەر کۆمەڵگادا. ئەو قسەیەش کە دەڵێت گوایە هەندێ ڕۆشنبیر دژی حیزبن، لە ڕاستیدا خاوەنی ئەو قسانە خۆیان لەوە دەدزنەوە، کە گفتوگۆ لەسەر جەوهەری کێشەکان بکەن، شتەکان لە سیاقی خۆیان دەردەهێنن و ئەوسا لەسەری دەدوێن، هیچ کەس دژی حیزب نییە بە موجەرەدی، واتە دژی حیزب بیت وەک حیزب، دەشێت ڕۆحت وادروستبووبێت نەچێتە ناو دیسپلینی حیزب و سیستمی فەرمان و سیستمی پروپاگەندەی حیزبەوە، بۆ نموونە من خۆم هەرگیز نەچوومەتە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە و لە داهاتووشدا دڵنیام کە ناچمە ناو هیچ حیزبێکەوە، بەڵام ئەوەی من دژی حیزبم بە موجەرەدی، دژی حیزب بم تەنیا لەبەرئەوەی حیزبە، ئەمە جگە لە قسەیەکی بێبناغە زیاتر هیچی تر نییە. ئەوەی من دژیم سیستمێکی دیاریکراوە لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لەناو حیزبە کوردییەکاندا گەورەبووە، سیستمێکە پڕە لە تەمتومانی ئایدۆلۆژی، پڕە لە توندوتیژی خوێناوی و لە تەسکبینی فیکری و حیزبکوێرییەکی خوازرا و لە دەمارگیری خێڵەکییەوە، کولتوورێکە تەنیا بەجەنگ هەیمەنەی سیاسی خۆی دەسەپێنێت، بە پاوانکردن و پاکسازی جوگرافی دەتوانێت حوکمبکات، قبووڵی هیچ هێزێکی گەورەی تر ناکات لەدەوری خۆی، بەڵام پێویستییەکی گەورەی بەهێزی بچوک بچوک هەیە، بۆ ئەوەی شانۆی دیموکراسییان لەگەڵدا سازبکات و دواتریش لە کاتی پێویستدا هەندێکیان بکاتە ئەو دوژمنە دزێو و ناشیرینە، کە لەناوبردنیان ڕێگای مۆبیلیزەکردنی ئەندامان و وەفاداران و لایەنگرانی حیزبە... «ئەم خاڵە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە و بەردەوام دووبارەیدەکەمەوە، بوونی حیزبی بچوک پێداویستییەکی جەوهەرییە بۆ یارییەکانی حیزبی گەورە، واتە بوونی هەندێ حیزبی بچوک کەم و زۆر پەیوەندی بە دیموکراسییەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حیزبی بچوک دوو گەمە بۆ حیزبی گەورە سازدەکات، یەکەم

گەمەی دۆست و ئەوی تریان گەمەی دوژمن، واتە لە کاتی پێویستدا حیزب دەنگیان وەکو دەنگی زوڵاڵی دۆستان نیشاندەدات و ئەو ئیحایە دەداتە خۆی کە هێزێکە ڕەزامەندی هەمووو هێزە سیاسییەکانی تری وەدەستهێناوە، لە کاتی دوژمنایەتیشدا وێنەی دوژمنیان لێدەتاشێت و بە کۆنترۆڵکردن و چاوترساندنیان هەیمەنەی سەربازی خۆی دوبارەدەکاتەوە کە مەرجی سەرەکی هەیمەنەی سیاسییەتی.»

٢ـ کە دەڵێین کەموکورتی دیموکراسییەتی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی ئەو دیموکراسییەتە، تەمەنی ئەزموونی دیموکراسی دەبەستینەوە بە تەمەنی ئەزمونی حوکمکردنەوە، واتە لەو ڕۆژەوە دیموکراسییەت دەپێوین کە حوکمڕان تیا هاتۆتە سەر کورسی دەسەڵات و حکومەت دەکات. لێرەدا مافی ئەوەمان هەیە بپرسین ئەی ئەو تەمەنە درێژەی خەبات بۆ دیموکراسییەت، چی بەسەردێت؟، ئەو قۆناغە درێژەی شەڕکردن لە ژێر ناوی دیموکراسییەتدا چی بەسەر دێت، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم هێزانە خەباتیان بۆ دیموکراسی کردوە، بەڵام نەیانزانیوە دیموکراسی چییە؟ ئایا ئەمە گاڵتەکردن نییە بە عەقڵ و مێژووی حیزبەکان خۆیان؟ ئەی ئەو مێژووە درێژە کە تەمەنی لە سەرووی نیوسەدەوەیە دەچێت بۆ کوێ؟

ئایا دەکرێت بڵێین قۆناغی خەبات بۆ دیموکراسییەت و ئەزموونی دیموکراسی لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتدا دەستپێدەکات. لە ڕاستیدا ئەمە نوکتەیەکی گەورەیە، چونکە بەم پێیە بێت، لەگەڵ گۆڕینی هەموو دەسەڵاتێکدا ئەزموونی دیموکراسی دەگەڕێتەوە سەر سفر و دەبێت لە سەرەتاوە دەستپێبکەینەوە. لە ڕاستیدا تەمەنی دیموکراسییەت بە تەمەنی دەسەڵات ناپێورێت، بەڵکو بەتەمەنی سیاسی حیزب و سەرۆک و کادێرەکانی دەپێورێت، چونکە دیموکراسیبوون لەو ڕۆژەوە حیسابناکرێت کە تۆ دەسەڵات وەردەگریت، بەڵکو لەو ڕۆژەوە حیسابدەکرێت کە تۆ بەناوی دیموکراسییەتەوە دەستدەکەیت بە خەباتی سیاسی. ئەگەر وردتریش قسەبکەین بەتەمەنی کۆی ئەزموونی دیموکراسی و خەبات بۆ دیموکراسی لەو ناوچەیەدا دەپێورێت. هیچ دەسەڵاتدارێکی دیموکرات و هیچ مرۆڤێکی دیموکراسی لە خۆیەوە دەستپێناکاتەوە، بەڵکو لە کۆی ئەزموونی دیموکراسی و لە کۆی مانا جەوهەرییەکانی دیموکراسییەوە دەستپێدەکات. لێرەوە گرێدانەوەی ماهییەتی دیموکراسییەت بە تەمەنی حوکمڕانییەوە، جگە لە خۆدزینەوەیەکی گەورە زیاتر هیچی تر نییە لە کۆی ئەو ئیلتیزاماتانەی دیموکراسییەت دەیسەپێنێت.

٣ـ کە تۆ دەڵێیت دیموکراسییەت پابەندی تەمەنی حوکمڕانییە، دەکەویتە هەڵەیەکی کوشندەوە، چونکە دەشێت تەواو بە پێچەوانەوە دەشێت دەسەڵات تا زیاتر ڕوو لە خۆسەقامگیری و نەگۆڕان و تەمەندرێژی و پیری بکات، نادیموکراتتر بێت. لەهەموو کۆمەڵگاکاندا دیموکراسییەت بە پلەی یەک خواست و ئامانج و دروشمی ئەو هێزانەیە کە پیر نەبوون و لە ناو پرۆسەی دەسەڵاتدا نەچوونەتە تەمەنەوە. چونکە دەسەڵات تا پیرتربێت، تا زیاتر بچێتە ساڵەوە، تا قەناعەتەکانی چەسپیوتربێت، تا کۆنترۆڵکردنی بۆ سیاسەت بەهێزتربێت، کەمتر دیموکراسی و کەمتر ئازادیخوازە.

بەڵام جگە لەم موفارەقە گەورەیە، دیوێکی کۆمیدی تری ئەم بەهانەتاشییە ئەوەیە کە ئەوەی لەبیرچۆتەوە، جەوهەری دیموکراسییەت ئەوەیە، کە ڕێگا نەدات دەسەڵاتی تەمەندرێژ دروستبێت، جەوهەری دیموکراسییەت ئەوەیە کە هیچ کەس لەسەر دەسەڵات کڕنەکەوێت.

ئەوەی کە دەڵێت: «هۆی نوقسانییەکانی ئێمە ئەوەیە کە چەند ساڵێکی کەمە دەسەڵاتمان گرتۆتە دەست»، ڕاستەوخۆ دەڵێت: «ئەگەر کۆمەڵێک ساڵی تر لەسەر حوکم بین و باشتر خۆمان بگرین ئەوا دیموکراسیتردەبین». خودی ئەم ڕستەیە گەورەترین شاهید و گەواهی ئەوەیە کە خاوەنی ئەم مەنتیقە عەقڵێکی نامۆیە بە دیموکراسییەت و بەهەزار فەرسەخ لە دیموکراسییەتەوە دوورە، عەقڵێکە زمانحاڵی دەڵێت: «من نۆ ساڵە لە دەسەڵاتدام، بەڵام ئەم ماوەیە بۆ من زۆر کەمە و بەشمناکات، ئەگەر دوو نۆ ساڵی تر لەدەسەڵاتدابم ئەوکات دیموکراسیتر دەبم». لێرەدا پێویستە بەم پیاوە «زۆر دیموکراسە!!» بڵێین، بەڵام بەڕێز وەزیفەی دیموکراسییەت ئەوەیە کە تۆ نەتوانی بەبێ وەگەڕخستنی تەواوی هەموو مافە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان بیست و هەشت ساڵ لەسەر حوکم چاوەڕوانت

بکەین، بزانین دەبیت بە دیموکراسی یان نا، دیموکراسی ئەوەیە میللەت لە دوو ساڵەوە تا چوار ساڵ بداتە حیزبێکی سیاسی و دواتر ببینێت چەند دیموکراسییە؟ کە تۆ بیست و هەشت ساڵ لەسەر حوکم بوویت، ئەوکات تۆ و درێوترین دیکتاتۆرەکان جیاوازیتان چییە؟ ئەو گوتارە هێند ناکۆکە منداڵێکی ساواش ناکۆکییەکانی دەبینێت، ئەو دەڵێت «لەسەرم بوەستن، تا من باشتر خۆم دەگرم و خۆم دەچەسپێنم، کە خۆم چەسپان دەبم بە دیموکراسی»، بەڵام خودی دیموکراسییەت ئەوەیە تۆ خۆت نەچەسپێنی، سیستمی خۆچەسپاندنی دەسەڵاتێکی سیاسی، واتا سیستمێکی نادیموکراسی، کە تۆ خۆت چەسپان و لەدەسەڵاتدا پیربویت، مانای دیموکراتی نیت. دیموکراسییەت ئەوەیە لەهەموو وێستگەیەکدا، لەبەردەم هەموو کێشەیەکدا، تۆ ئامادەگیت تیابێت، حوکمڕانی خۆت بخەیتەوە بەر تاقیکردنەوەوە. ئامادەگیت تیابێت، درێژەدان و درێژەنەدانی دەسەڵاتی خۆت بدەیتە دەست خەڵک و ئەوانیش لە سیستمێکی سیاسی تەواو ئازادا ئەو بڕیارەبدەن کە ئایا تۆ بۆت هەیە، تەمەنی دەسەڵاتت درێژبیت، یان نا. دیموکراسییەت ئەوە نییە تۆ خۆت بڕیار لەسەر کورت و درێژی تەمەنی خۆت بدەیت، بەڵکو ئەوەیە، خەڵک بڕیار لەسەر ئەو کورت و درێژییە بدات. بەداخەوە ئەم دیدە، تەواو هەمان ئەو گوتارە تەواودەکات، کە دەڵێت: «ئێمە بۆیە هاتووین تابمێنینەوە». هەڵگری ئەم دوو گوتارە هەردووکیان سوورن لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی فەرمانڕەوایی لەسەر حیسابی دیموکراسییەتی ئێستا. دیموکراسییەت ئەوەیە تۆ لە ڕێگای دیموکراسییەوە بمێنیتەوە. نەوەک لە ڕێگای وەعدی دیموکراسییەوە بۆ داهاتووی دوور، ئەوەیە تۆ ئێستا دیموکراسی بیت، نەوەک بەیانی.

من بۆخۆم باوەڕی تەواوم هەیە کە پارتی و یەکێتی دوو هێزی سیاسین، کە لە ئێستا و داهاتووشدا مێژووی ئێمە دروستدەکەن لە داهاتووی نزیکیشدا لە دایکبوونی هیچ هێزێکی سێهەم لە ئاسۆکاندا نابینم. لەم ڕەوتەدا هەر هەڵەیەک کە لەم دو حیزبەدا دەچەسپێت دەرەنجامی کوشندەی لەسەر پاشەڕۆژی هەموو نەتەوە هەیە، باوەڕیشم وایە، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات و دیموکراسییەتدا لە هەردوو ئەم حیزبەدا بە ڕێگایەکدا دەڕوات کە تەواو قابیلی پیاچوونەوەیە. من ڕاموایە دەبێت وشەی دیموکراسی لەهەردووک ئەم دوو مۆدێلە بکەینەوە تا خودی ئەم وشەیە نەبێتە ئەو سەرمایە ڕەمزییەی دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی کوردستان دەچەسپێنێت. سەرەتای هەنگاونان بۆ دیموکراسییەت ئەوەیە ئەمڕۆ کوردستان یەکبگرێتەوە. ئەوەیە هەنگاوبنێین بۆ کۆمەڵگایەک کە شتەکان بە دروست و ڕوونی دەخاتە ڕوو، کۆمەڵگایەک ژیانی سیاسی و فیکری شفافییەتی هەبێت. شێواندنی وێنەی دیموکراسییەت، گەورەترین زیان لە کورد خۆی دەدات. بەگەڕخستنی کولتووری جەنگ و کولتووری قەدەغەکردن و کولتووری گڵۆپی سوورو کولتووری ئیتهامکردن و تەعنکردنی نیشتیمانپەروەری یەکتر، بەهانەیەکە هەموو ڕژێمەکانی دەوروبەر دژی ڕۆشنبیرانی ناوچەکە و دژی کورد خۆی بەکاریانهێناوە، ئەوەی دەوێت لەسەر هەمان تەوەر یارییکات، دەبێت چاوی لەچارەنووسی ئەو ئەزموونانە بێت. ئەوەی دەڵێت، کە لە ئەمریکا حیزبی کۆمۆنیست قەدەغەکراوە، جا با ئێمەش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری قەدەغەبکەین، یەکێکە دەیەوێت لە دەرگا ناشیرین و ڕەشەکەوە بچێتە ناو مێژوو، من بەو برایە دەڵێم، ئایا ئەم مەنتیقە کورد سوودی لێدەبینێت یان دوژمنانی؟ ئایا ئەمە بەهانە ناداتە ڕژێمگەلێکی وەک تورکیا و بەعس بڵێن، لە ئەمریکا هیندە سوورەکان قڕانکراون با ئێمەش کورد قڕانبکەین. بڵێن لە ئەڵمانیا جووەکان سوتێنراون با ئێمەش بیانسوتێنین. ئایا بەڕاست ئێمە تامەزرۆی دووبارەکردنەوەی بەشە ڕەشەکەی مێژووی میللەتانی ترین، یان دەمانەوێت جۆرە مێژوویەکی تر لەو ناوچەیەدا بەرقەراربێت کە ئێمەش تیایدا وەک نەتەوەیەکی ئازاد بژین. ئەگەر ئەو نووسەرە ئازیزانە بەدوای نموونەی ناشیریندا دەگەڕێن لە مێژووی دیموکراسی ئەوروپی و لە مرۆی ئەو دیموکراسییەتەدا، ئەوا نموونە زۆر زۆرە، بەڵام ئەوەی گرنگە نەچەسپینی ئەو دیوە ناشیرینانەیە وەک ماناگەلی دیموکراسییەت. دەکرێت بەناوی دیموکراسییەتەوە هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ڕووبەرەکانی دیموکراسییەتدا بهێنیت، بەڵام ئاخۆ ئەمە دیموکراسییەت دروستدەکات؟ گەورەترین مەترسی لە سەر دیموکراسییەت لە ئێستادا ئەو

پێناسە شێواوانەیە کە بۆ دیموکراسییەت دەکرێت، لەم بوارەشدا هەندێ قەڵەم ڕۆڵێکی ترسناکدەبینن لە دروستکردنی مانایەکدا بۆ دیموکراسییەت کە بکرێت لە سایەیدا هەموو دیموکراسییەتێک پێشێلبکرێت. گەورەترین خەتەر لەسەر دیموکراسییەت بێماناکردنێتی، گۆڕینێتی بۆ وشەیەکی ئینشایی بێناوەڕۆک کە هیچ کەس نەزانێت دروست چی دەگەیێنێت، بۆ وشەیەک کە تەنیا سەروتاری ڕۆژنامە و خوتبەکانی پێبڕازێنرێتەوە.

دوا هەواڵی شێواندن بیدعەی تێکدانی مانای دیموکراسییەت، ئەو ڕستەیەیە کە یەکێک لە نووسەران لە پێناسەکردنیدا بۆ دیموکراسییەت نووسیویە و دەڵێت: «دیموکراسییەت ماف نییە». مرۆڤایەتی لە زەمانی یۆنانەوە هەوڵدەدات چەمکی دیموکراسییەت بە مافەوە گرێبدات، هەموو فەیلەسوفەکانی بیری سیاسی لە کۆنەوە تا ئێستا لە پەیوەندی جیانەکراوەی چەمکی ماف و چەمکی دیموکراسییەت قسەدەکەن. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستانێکدا کە لە هەر شوێنێکی تری دونیا زیاتر پێویستی بە گرێدانەوەی چەمکی مافە بە چەمکی دیموکراسییەتەوە؛ دەنگێک کە نوقمی تەسکبینی سیاسی و حیزبییە بەرزدەبێتەوە و دەیەوێت ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئۆرگانییە بپچڕێت، کە زیانی هەرە گەورەی ئەم پچڕاندنە لەسەر سبەینێی کورد خۆیەتی لەبەردەم داگیرکەرانیدا. هەوڵدان بۆ ترازاندنی چەمکی ماف لە چەمکی دیموکراسییەت تەنیا هەڵەیەکی تیۆری نییە کە نووسەرێک لە وتارێکدا تێیکەوتووە، بەڵکو سیاسەتێکی گشتی و ڕۆژانەیە. چونکە ئامادەبوونی سیستمێکی دیاریکراوی ماف، ڕێگرە لە بەردەم هێزی گەورەدا «هۆی گەورەییەکەی هەرچییەک بێت» مافی هێزە بچوکەکان و مرۆڤە سادەکان و دەنگە پەراوێزەکان پێشێلبکات. ئەوەی دەڵێت «دیموکراسییەت ماف نییە» بێئاگایی خۆی تەعبیر لە ڕۆحی نادیموکراسی ئەم قۆناغەی ئەمڕۆمان دەکات، چونکە تەنیا لە ژینگەیەکدا کە دیموکراسییەت و ماف لەیەکدی ترازێندراون، تەنیا لە ژینگەیەکی وادا جەنگی بێڕەحمانەی سیاسی و ئابووری دژی یەک، جەنگی چەکدا و مەوسمی دژ بە هێزە بچوکەکان دۆخێکی ئاسایی وەردەگرێت و شۆکێکی سیاسی و ئەخلاقی دروستناکات.

دواجار دەبێت ئێمە دڵنیابین، مان و نەمانی ئێمە لەو ناوچەیەدا گرێدراوە بە مانا جەوهەری و ڕاستەقینەکانی دیموکراسییەتەوە، نەوەک بەمانا کارتۆنی و کلێشەییەکانییەوە، لێرەدا هەرەسی دیموکراسییەت لەم ئەزموونەی ئێستادا هەرەسی مانای بزاوتی ڕزگاری نەتەوایەتی ئێمەشە. سبەی هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێت لە کوردستانێکی دیکتاتۆرەوە، داوای دیموکراسییەت بۆ عێراق بکات... لێرەوە گاڵتەکردن بە وشەی دیموکراسییەت و ملبادانی بە جۆرێک لەگەڵ قازانجە وەختی و کاتییەکانی حیزبدا بگونجێت لە قووڵایی و جەوهەردا یاریکردنە بە مان و بوونی کورد لەو ناوچەیەدا.

# ڕۆشنبیران لە نێوان بەرهەمهێنانی مەعریفە و کۆکردنەوەی ئیمزادا

**مەریوان وریا قانیع**

## ڕۆشنبیر کێیە؟

لە هەموو لێدوانێکدا لەسەر ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا پێویستە پێشوەخت مەبەست و بۆچوونمان سەبارەت بە چەمکی ڕۆشنبیر ڕوونکەینەوە. گەر ئەم چەمکە بە وردی دەستنیشاننەکەین و مانا جیاوازەکانی تاووتوێنەکەین، ئەوکات نازانین باسی چی و کێ و کام هێز و سیاقی مێژوویی ئەکەین. ڕاستە هەموو پێناسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە خیانەت لەو بابەتەی کە پێناسیدەکات، چونکە هیچ پێناسێک ناتوانێت کۆی ئاڵۆزییەکانی ئەو دیاردەیە نیشاندات کە دەخوازێت پێناسیکات، بەڵام پێناسکردن وەک زۆر لایەنی تری کاری مەنهەجی ناچارییەکە و ناتوانین دەستبەرداری بین.

وەک سەرەتا لەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەوە دەستپێدەکەم، کە ناکرێت پێناسێکی جێگیر و هەمیشەییمان بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر هەبێت، پێناسێکی میعیاری کە بۆ هەموو کات و سات و هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بشێت. بە سەهووداچوونێکی گەورەیە پێمانوابێت دەتوانین ماناکانی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە، دەستنیشانکەین. ڕۆشنبیران بە حوکمی ئەوەی لە قۆناغی جیاجیادا ئەرکی جیاجیایان لەسەرە، بۆیە لە بەردەمی هەلومەرجە مێژوویییە جیاجیاکانیشدا مانای جیاواز دەگرنەخۆ. بۆ نموونە ڕۆشنبیرێک کە لە بەردەم پرسیاری داگیرکردنی ئایندا بۆ ژیان وەستابێت و فەتوای ئاینی بەرهەمهێنی هەقیقەت بێت، ئەرکێکی لەسەرە جیاواز لە ئەرکی ڕۆشنبیرێک کە لە بەردەم پرسیاری داگیرکردنی تەکنیکدا بۆ ژیان ڕاوەستابێت و عەقڵانییەت لە پەلاماردانی بنکە ڕۆحییەکانی ژیاندا بێت. ڕۆشنبیرێک لە سەرزەمینێکدا بژی حیزب تێیدا ماناکانی نیشتیمان و نەتەوە و هاووڵاتیبوون دەستنیشانکات، حیزب خاوەنی ئابووری و میدیا و لەشکر بێت، حیزب بۆ کۆمەڵگا و لەباتی کۆمەڵگا و لەسەرەوەی کۆمەڵگا بدوێت، جیایە لە ئەرکی ڕۆشنبیرێکی دیکە کە لەبەردەم دەوڵەتێکی دیموکراسی خۆشنوودگەرادابێ و خودی کۆمەڵگا خۆشی خاوەنی ئیرادە و هێزێکی گەورەی لێپرسینەوە و چاودێریکردن و تەعبیر و پیادەکردنی گۆڕانکارییبێت. ئەرکی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا تێیدا هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرکردەیەکی سیاسی، یان مەکتەبی سیاسی حیزبێک، یان لەدەستی خێزان و بنەماڵەیەکی دیاریکراودا کۆکرابێتەوە، جیاوازە لەئەرکی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاکرابنەوە و یاسا و دەزگای یاسایی سەروەربێت و کۆمەڵگا توانای لێپرسینەوە و چاودێری هێزە سیاسییەکانی هەبێت. ڕۆشنبیر لە وڵاتێکدا سایکۆلۆژیای دیکتاتۆرێک لە شوێنی یاسا کاربکات، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار دەبێتەوە جیاواز لەوەی لە وڵاتێکدا بژی دەستوور حوکمی بکات. لە وڵاتێکدا کە کارمەندبوون لە دەزگا گشتییەکاندا پرنسیپەکانی هاوڵاتیبوون و لێزانی و چالاکبوون بیانبات بەڕێوە، ڕۆشنبیران ئەرکێکیان لەسەرە جیاواز لەوەی لە وڵاتێکدا ئینتیمای حیزبی تێیدا سەرچاوەی دابەشکردنی کارە گشتییەکان و بەرەوپێشەوەچوونی وەزیفی بێت. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەرکی ڕۆشنبیر لە ناوەندێکی فیکری و ڕۆشنبیریدا کە تاڕادەیەکی

زۆر چۆڵەوانییەکی گەورە بێت و فیکر لە غیابی مەنهەج و غیابی دەزگای زانستی و غیابی کۆمەڵێک بەها و نۆرم و تەکنیکی کارکردنی زانستییانەی جیدیدا بژی، زۆر جیاوازە لە ئەرکی ڕۆشنبیر لە ناوەندێکی دیکەدا کە دەیەها دەزگای لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و نووسین و بەرهەمهێنانی مەعریفی و فیکری هەبێت و خودی کایە ڕۆشنبیرییەکانیش هەڵگری زەخیرەیەکی مەنهەجی و فەلسەفی و زانستی گەورەبن.

وەک دەبینین ناکرێت و لە ڕاستیدا هەڵەشە بەشێوەیەکی ڕەها پێناسی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین. بەڵام وەک گوتمان بۆئەوەی بتوانین قسە لەسەر ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین ناچارین پێناسێکمان هەبێت، پێناسێک لەگەڵ ڕۆحی ئەم ساتەوەختەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمەدا بگونجێت. دەڵێم لەگەڵ ڕۆحی ئەم ساتەوەختەی ئێستادا، چونکە بەبۆچوونی من ماناکانی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە ئێستای گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگای ئێمەدا هەمان ئەو پێناسەیە نابێت کە لە شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا بۆ ڕۆشنبیرمان هەبووە، قۆناغی دوای ڕاپەڕین و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کوردی قۆناغێکە لەڕووی نەوعییەوە جیاوازە لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین و خەباتی چەکدار، لە یەکەمیاندا حەماسەت یاسای سەرەکییە و لە دووەمیاندا عەقڵانییەت، بێگومان زۆر جیاوازی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی دیکەش هەن کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نین. بەهەرحاڵ نەبوونی پێناس وادەکات نەتوانین سنووری ئەو دیاردانە دەستنیشانکەین کە دەمانەوێت لەسەریان بدوێین، کە ئەمەشمان نەکرد دەکەوینە ناو تێکەڵ و پێکەڵییەکی بێبڕانە و هەمەلایەنەوە کە هەر قسەکردن و گوفتارێک لەناویدا بێمانا دەردەچێت، بۆ نموونە گەر پێناسێکمان بۆ ڕۆشنبیر نەبوو، ئەوکات مەلەوانێک و ڕۆشنبیرێکمان لێدەبێت بەیەک و بەم بەسەهووداچوونە گەورەیەش هەم سەر لە خۆی و هەم سەر لە خوێنەران و هەم سەر لەو کۆمەڵگایەش دەشێوێنێت کە دەخوازێت تاک و گروهە جیاجیاکانی ناو هەناوی خۆی و ئەرکەکانیان بناسێت و بەم ناسینەشی ئەگەر و سنوورەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی خۆی بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانبکات. بۆ خۆلادان لەم بێسەروبەرییە مەعریفییە با سەرنج لەم چەند خاڵەی خوارەوە بدەین:

سەرەتا من چەمکی ڕۆشنبیر لە چەمکی خوێندەوار جیادەکەمەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ ئەوە نییە پێمناوابێت یەکێکیان لەویدیکەیان باشتر یان گرنگتربێت، بۆ نموونە پێموابێت ڕۆشنبیران لە خوێندەواران گرنگترن یان بەپێچەوانەوە. نا مەسەلەکە مەسەلەی مەنهەجە و وابەستەی ئەو دیدە سۆسیۆلۆژییەیە کە دەخوازێت سنووری گروهەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگایەک بە یەکدی تێکەڵنەکرێت و لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بشێت بتوانین قسە لەسەر هێزە جیاجیاکان بکەین. بێگومان ڕۆشنبیران بە تەنها خوێندەوارانی ڕۆژگاری خۆیان نین، بەڵکو لەیەککاتدا خوێندەوار و شتێکی دیکەشن. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، مەبەست لەم بۆچوونە ئەوە نییە واینیشاندەین ڕۆشنبیران زیرەکتر، ووشیارتر یان هەر ترێکی دیکەن لە پەیوەندیاندا بە خوێندەوارانەوە؛ نا ئێمە لێرەدا کە باس لە ڕۆشنبیر دەکەین باس لە هەموو خوێندەواران ناکەین، بەڵکو لەسەر جۆرێکی تایبەتی خوێندەوار دەدوێین کە بە ڕۆشنبیر ناونووسیدەکەین. دەشێت ئێمە کەسێکمان هەبێت زۆر خوێندەواربێت، بەڵام ڕۆشنبیر نەبێت، واتە نەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو پێناسەوە ئێمە بۆ ڕۆشنبری دەکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین قسە لە ڕۆشنبیر بکەین بەبێ بوونی خوێندەوارییەکی پتەو. ئەم جیاکارییە گرنگە نە لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیران لە خوێندەواران گرنگتر یان پێویسترن، هەروەها مەسەلەکە مەسەلەی باشتربوون یان خراپتربوون نییە، مەسەلە مەسەلەی جیاکردنەوەی هێزە جیاجیاکان و ئەرکە جیاجیاکان و پێناسە جیاجیاکانە لە یەکدی، مەسەلە مەسەلەی توانای شیکارگەری کۆمەڵایەتی و ناونانی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگایە هەرکەس بەپێی شوێن و جێ و مانای خۆی. ئێمە ناتوانین هەموو قەڵەمبەدەستێک بە ڕۆشنبیر نانووسکەین، چونکە گەر ئەمەمان کرد ئەوکات چەمکی ڕۆشنبیر ئەوەندە بەرفراواندەبێت کە هیچ نرخێکی ئیجرائی و مەنهەجییانەی نامێنێتەوە و بەکارهێنان و

بەکارنەهێنانی هیچ مانایەکی سۆسیۆلۆژی و فەرهەنگی نابێت. بۆیە من لێرەدا ڕۆشنبیران بەو گروهە تایبەتە پێناسدەکەم کە کاریان بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی مەنهەجی و ڕەخنەییانەیە لەڕێگای بەگەڕخستنێکی ڕەخنەگرانەی عەقڵ و فانتازیایەکی پشتئەستوور بە دەسکەوتە گەورەکانی عەقڵ. خاڵی هەرە سەرەکی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە ناتوانین تەنانەت بەوانەش کە عەقڵ بەتەنها بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە بەکاردەهێنن بڵێین ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر لەم پێناسەدا ئەو کەسەیە کە عەقڵ بەشێوەیەکی ڕەخنەیی بەکاردەهێنێت، ڕەخنەییبوونی عەقڵ مەرجێکی بنەڕەتی و سەرەکی ڕۆشنبیربوونە. گەر ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونکەینەوە دەکرێت بڵێین ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە عەقڵ وەک چالاکییەکی گومانکەر بەکاردەهێنێت، وەک پەلاماردەرێکی بەردەوام بۆ سەر پایە تەقلیدی و نا دیموکراتی و ناجیدییەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت، وەک تێکشکێنەری تەرزە باوەکانی چێژ و ئیستاتیکا، وەک ڕەخنەگرێکی سەرسەختی دەسەڵات و شێوازەکانی کارکردنی دیسپلینئامێزانەی دەسەڵات، وەک داواکەرێکی دادپەروەری یەکسانی نێوان نێر و مێ، هتد... بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە با سەرنجێک لەم نموونەیە بدەین:

کەسێکمان هەیە بەرنامەی حیزبێکی سیاسی دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگ بباتەوە؛ ئەم بەرنامەیەش وا دادەڕێژێت ئەو حیزبە بتوانێت کاربکاتە سەر دەنگدەران و وایانلێبکات دەنگ بۆ حیزب و لایەنەکانی دیکە نەدەن. بێگومان ئەم کەسە لە دانانی ئەم بەرنامەیەدا چەندەها حیساباتی عەقڵیی ورد دەکات و سەیری فاکتەرە جیاوازەکانی بردنەوە، لە سایکۆلۆژیاوە بۆ سۆسیۆلۆژیا و لە فانتازیاوە بۆ عەقڵ و چەندەها شتی دیکەش دەکات. بەڵام بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە ناکرێت ئەوکەسە بە ڕۆشنبیر ناوببەین و ناشتوانین ئەو ڕۆڵەش کە دەیبینێت بە ڕۆڵێکی ڕۆشنبیرانە بدەینە قەڵەم. بەڵام کەسێکی دی کە ئەرکی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەو بەرنامەیە دەگرێتە ئەستۆی و لەدیدێکی ڕەخنەییەوە سەیری خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو بەرنامەیە، سەیری ڕەهەندە تاریک و ڕووناکەکانی و سەیری دەرەنجامەکانی بۆسەر ژیانی تاک و گروهەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات، ئەو کەسە دەشێت بە ڕۆشنبیر ناوببەین و ئەو ڕۆڵەشی دەیبینێت بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر ناوزەدکەین. بێگومان مەبەست لەم جیاکارییە ئەوە نییە ئەنجامگیری بکەین و بڵێین کەسی یەکەمیان، کەسی بەرنامەداڕێژ، کەسێکی گرنگ نییە و کۆمەڵگا پێویستییەکی زۆری پێنییە، بەڵام کەسی ڕۆشنبیر گرنگە و کۆمەڵگا بێئەو ناژی. بەپێچەوانەوە کەسی یەکەمیان، کە دەشێت ناویبنێین لێزان، واتە خەبیر، کەسێکە گرنگییەکی گەورەی هەیە و ڕۆڵ و توانا و کارەکانی لەزۆر ڕووەوە لە ڕادەبەدەر گرنگن، بەڵام گرنگییەکانی ئەم کەسە جیاوازن لە گرنگییەکانی ڕۆشنبیر، دەڵێم جیاواز ناڵێم باشتر، ڕۆشنبیر لەم سیاقەدا ماناو ئەرک و ڕۆڵی تری هەیە کە جیاوازە لە مانا و ڕۆڵ و ئەرکی لێزانێکی بەرنامەداڕێژ. بەکورتی دەبێت خوێندەوار لە لێزان و هەردوکیشان لە ڕۆشنبیر جیاکەینەوە. ئەمانە سێ گروهی جیاوازن و لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە تێکەڵیانکەین.

محەمەد ئارکۆن دەڵێت، ناکرێت قسە لە ڕۆشنبیر بکەین بەبێ ئیرادەی پراکتیکردنی مەنهەجە ڕەخنەییەکان بەسەر هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیان و بووندا، لە دیاردە سیاسییەکانەوە بیگرە بۆ ئاین، لە ئەدەبەوە بۆ میدیای هاوچەرخ ، لە شێوازی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ خوێندنەوەی پێکهاتە کولتووری و سیمبولی و ڕۆحییەکانی کۆمەڵگا. مەرجی ڕەخنەییبوون و مەرجی ئامادەگی و توانای پراکتیککردنی مەنهەجە ڕەخنەییەکان لەسەر هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، مەرجێکی سەرەکی ڕۆشنبیربوونە. ئەم ئامادەگی و توانا مەنهەجییەیە، بۆ نموونە، ڕۆشنبیر لە زانایەکی ئاینی جیادەکاتەوە. ڕۆشنبیر ئامادەیە مەنهەجە ڕەخنەییە کۆن و تازەکانی فیکری بەشەری بەسەر هەموو دیاردەیەکدا پراکتیک کات و نیشانیدات کە لە بەردەمی زانست و مەنهەجی زانستیدا هیچ حەرامێک بوونی نییە. لە بەراوردکردنیدا بە زانایەکی ئاینی، ڕۆشنبیر، سڵ لەوە ناکاتەوە پێمانبڵێت لە پشتی هەموو موقەدەسێکەوە پرۆژە و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێمانبڵێت ئاین بە پلەی یەکەم پرۆژەیەکی سەرزەمینی و کۆمەڵایەتییە، ئینجا زادەی هەوڵی ئینسانە

بۆ ڕێکخستنێکی کۆسمۆلۆژیی و بەخشینی سیستمێک بە بوون. جیاوازی ڕۆشنبیر لەگەڵ زانایەکی ئاینیدا لەم خاڵانەدایە. زانا ئاینییەکان، کە بێگومان دەشێت خوێندەواری گەورەبن، نەک نایانەوێت مەنهەجە ڕەخنەییە تازەکان لە خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکاندا بەکاربهێنن، بەڵکو بەهیچ جۆرێک هیچ پرسیارێک ڕووبەڕووی پیرۆزی دەقەکانیش ناکەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆشنبیر بە پرسیاری ڕەخنەییەوە دەچێتە سەرزەمینی دەقە پیرۆزەکانەوە.

هەرلێرەدا و لە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و زانا ئاینییەکاندا واباشە پێ لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی دیکە داگرین، ئەویش هەڵەی بەیەکدی شوبهاندنی ڕۆشنبیران و مەلا ئاینییەکانە. لە کوردستاندا مەلاکان لە ڕۆژگارێکی تایبەتدا بەشێوەیەکی گشتی هەم خوێندەواران و هەم ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێمە بوون و ئەوانەبوون دەستنیشانی ئەوەیان کردوە هەقیقەت چییە و کامەیە. بەڵام ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگایەکی تەواو جیادا دەژین و تێکەڵکردنی ئەم دوو گروهە یان شوبهاندنی ڕۆڵی یەکێکیان بە ئەویدیکەیان، یاخود وێناکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە ئێستادا لە سەر مۆدێلی ئەو ڕۆڵەی کە مەلاکان لە قۆناغەکانی پێشتردا بینیویانە، کارێکی ناڕاستە و لەڕووی مەنهەجی و فیکری و زانستییەوە هەڵەیە. وێناکردنی ڕۆشنبیر وەک «مەلایەکی تازە» یان «مەلایەکی هاوچەرخ» هەڵەیەکی مەنهەجی و سۆسیۆلۆژی گەورەیە. ڕۆشنبیران، بەو مانایەی لە سەرەوە بە چەمکی ڕۆشنبیرمان دا، گروهێکی تازەن و لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەرهەمی قۆناغی ئاڵۆزبوونی هەرچی زیاتری کۆمەڵگای ئێمە و بەرفراوانبوونی خوێندەواری و دروستبوونی گروهی جیاجیای خاوەن قەڵەم و خاوەن کاری نەک جەستەیی، بەڵکو فیکرین. لەڕووی فەلسەفیشەوە ڕۆشنبیران هەڵگری هەقیقەت نین وەک مەلاکانی جاران هەڵگری بوون و ئەم دوو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە لەناو دوو سیستمی جیاوازی تەماشاکردنی هەقیقەت و بەرهەمهێنانی مانادا ئامادەن. گەر مەلا ئاینییەکان وەڵامی هەموو شتێکیان لابووبێ و دەربارەی هەموو مەسەلەیەک ڕاو بۆچوونی تایبەتیان هەبووبێت و ئەم ڕاو بۆچوونانەشیان وەک هەقیقەتێکی موتڵەق پێشنیارکردبێت، ئەوا ڕۆشنبیران ئەو گروهەن کە زەمینەی بەرهەمهێنانی مانای جیاواز خۆشدەکەن و لەدەرەوەی هەقیقەتی موتڵەق و تیورەی تاقە ڕاستییەوە قسەدەکەن. لە کاتێکدا مەلاکان هەم نە خشەی ئەم دنیا و هەم نەخشەی ئەو دنیایان پێبووە، ڕۆشنبیران ئەو گروهەن کە هەڵگری هیچ نەخشەیەکی ئایدیۆلۆژی نین، تاقە نەخشەیەک بتوانن بەردەوام بەرگری لێبکەن نەخشەی جوگرافیا ئاڵۆزەکانی ڕەخنەیە.

کەواتە ئەو هێڵە گشتییەی کە دەشێت مانا و ئەرک و کارەکانی ڕۆشنبیری لەم قۆناغە تایبەتەی گەشەکردنی کۆمەڵگای ئێمەدا پێ دیاریکەین، ئەو دیدە ڕەخنەییە، کە لەئێستادا بەرامبەر دنیا و دیاردە و ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە هەیەتی. بەم مانایە ڕۆشنبیر هەڵگری مەعریفەیەکی نوێیە، مەعریفەیەک پشتئەستوورە بە مەنهەجی زانستی، بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ئەو دنیا کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، بەنیشاندانی ڕووە تاریک و ناشیرینەکانی واقیع و گەڕان بەدوای ئەو ئەگەرە نادیارانەشدا کە دەشێت واقیع وەک بوونێکی ناوەکی هەڵگریبێت. ڕۆشنبیر کەسێکە هەڵگری ووشیارییەک کە پێیدەڵێت واقیع بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوە و ناسین و گۆڕان و تازەکردنەوە هەیە، تازەگەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و فیکرییە کە دەخوازێت پانتاییەکانی بەردەمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی گەورە و گەورەتر کاتەوە. گەر ئێمە ڕۆشنبیر بەم مانایە ببینین و بەم مانایە لە واقیعی خۆماندا بەدوایدا بگەڕێین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە لە هەژارییەکی فیکری و ڕۆشنبیریی گەورەدا ئەژین، ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چ لەناو حیزب و چ لەدەرەوەی حیزبدا غیابێکی ترسناکی ڕۆحییەتی مەنهەجی و عەقڵی و ڕەخنەیی لەئارادایە. گەر دڵڕەقانەتر قسەبکەم دەتوانم بڵێم واقیعی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر واقیعێکە بێ ڕۆشنبیر، واقیعێکە چەندەها دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ڕەوشتی و سایکۆلۆژی جیاجیا و ئاڵۆز بەرهەمدەهێنێت، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەناو پرۆسەیەکی گەورەی نەخوێندنەوەدا بەجێهێڵراون. لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەی زاڵە خوێندنەوەی دنیای بەردەمی سیاسەت و کۆمەڵگا و هێزەکان نییە، ئەوەی هەیە ڕۆچوونێکی مەعریفی نییە بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگا و سیاسەت و کێشەی تاک و گروهەکانی

ئێمە، بەڵکو ڕستێکی درێژە لە تۆمەت و گومان و ترس لە هەر تەماشاکردنێکی جیدییانەی واقیع و مێژوو و دیاردەکان. لە دنیای ئێمەدا و لە پەیوەندیدا بە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییەوە گوتارێکی ئیعلامی باڵادەستە کە یەکەم دنیا لە دیدی حیزبەکانەوە دەبینێت، دووهەم هەموو هەوڵێکی دەرەوەی حیزب لە دەلاقەی بیرۆکەی لەگەڵ یان دژی مندا تەماشادەکات، سێیەمیش هەموو کار و پرۆژە و هەڵوێستێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بەسەر ئەو ململانێ سیاسیانەدا دابەشدەکات کە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا لەئارادایە. لە دنیای ئێمەدا سیاسەت و ئیعلام لێناگەڕێن فیکر بدوێت. بەمەش غیابی مەعریفەیەکی ڕاستەقینە، غیابی مەنهەج و غیابی زەخیرەیەکی فیکریی گەورەی ڕەخنەیی، کە سیفەتی هەرە سەرەکی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەیە کە کۆمەڵگای ئێمە تێیدا دەژی، بەردەوام بەرهەمدەهێنرێتەوە و پایەداردەکرێت. لە زانکۆکاندا، لە مزگەوتەکاندا، لە ناو حیزبەکاندا بەردەوام خوێندەواری بێفیکر دروستدەبێت. خوێندەوارێک بێ چەمک و بێ دەزگای فیکریی و بێ دەوڵەمەندییەکی مەنهەجی کە بتوانێت لەڕێیەوە دنیا و دیاردەکان بخوێنێتەوە. هەموو ئەمانەش لە ڕۆژگارێکدا سەرلەبەری ڕەهەندەکانی بوونی مێژوویی ئێمە بۆ خوێندنەوەیەکی مەعریفی و مەنهەجی ڕاستەقینە دەقریشکێنن.

وەک دەبینین کێشەکە بە پلەی یەکەم لەوەدایە کە ئێمە ڕۆشنبیرییەکمان نییە بتوانێت لەسەر کۆمەڵگا و دیاردە ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵگا قسەبکات، ڕۆشنبیرییەکمان نییە لەدەرەوەی گوتاری حەماسەت، گوتاری تەبریرهێناوە، گوتاری تاوانبارکردن، گوتاری ڕەخنەیەکی جنێوئامێز، گوتاری دووبارەکردنەوەی دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان و گوتاری یەکسانکردنی فیکر بە ڕاگەیاندن، گوتاری موهاتەراتی سیاسی، گوتاری گوناهبارکردن، کاربکات. بۆیە بە باوەڕی من ئەرکی یەکەم ئەوەیە کە سەرەتا گوتارێکی ڕەخنەییمان دەربارەی کایەی ڕۆشنبیریی خۆی هەبێت، گوتارێک تێیدا یەکسانکردنی فیکر بە ئینشانووسین، بێبایەخکردنی مەنهەج، نەبوونی پۆلێن و بەسووکگرتنی فیکر لەناوبیات.

من لێرەدا و لەپەیوەندیدا بەم بەشەی باسەکەمەوە تەنها پێنج گوتار باسدەکەم کە دەشێت ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی بکرێنەوە.

گوتاری یەکەمیان، گوتاری بەردەوام دابەشکردنی دەسەڵات و کۆتایی ڕاگەیاندنی کاریزمایە، ئیدی چ کاریزمای تاکەکەسی، یان ئەو کاریزمایەی، وەک ماکس ڤێبەر دەڵێت، بووە بە ڕۆتین و لە سەرۆکەوە گواستراوەتەوە بۆ خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی سەرۆک، یان بۆ ئەو گروهە بچوکەی لەپاڵ سەرۆکدا سەرکردایەتی حیزب دەکات. بێگومان ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکە بەبێ ئەکتیڤکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی حیزب و بەبێ هێنانەکایەی هەلومەرجێکی سیاسی، فەرهەنگی، سایکۆلۆژی کە تێیدا میکانیزمەکانی ترساندن، گوناهبارکردن، مۆنۆپۆلیزەکردن، بە موتڵەقکردن تا ڕادەیەکی زۆر لاوازکرابێت، کارێکی مەحاڵە.

گوتاری دووەمیشیان، گوتاری جیاوازییە. گوتاری جیاوازی گوتارێکە پێشنیاری سیاسەتێکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی هەقیقەت دەکات و کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تاک هەقیقەتییەوە دەکاتە کۆمەڵگایەکی فرەهەقیقەت. لەم گوتارەدا هەقیقەت لە پێدراوێکی پێشینەوە دەگواسترێتەوە بۆ بەرەنجامی گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، هەقیقەت شتێک نابێت سەپێنراو لەلایەن ئیرادەی دەسەڵات و ئیرادەی نوخبە باڵادەستەکانەوە، بەڵکو دواهەمین دەرەنجامی ئیرادەی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان دەبێت. بێگومان کاتێک هێزێک لە هێزەکان، جا چ هێزێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی بێت، دەبێتە هەڵگری پرۆژەی بەڕەهاکردنی (بەموتڵەقکردن) هەقیقەتە سیاسییەکان و هەقیقەتە فیکرییەکان و هەقیقەتە ئاینییەکان و هەقیقەتە ئەخلاقییەکان، لەوکاتەدا ئێمە لەبەردەم پرۆژەیەکداین کە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو چەندەها شەڕی ڕانەگەیەنراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە ئەبات، کە جگە لە وێرانە هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە.

سێیەمین گوتار، گوتاری بەرگریکردنە لە کۆمەڵگا لەبەرامبەر حیزب و سەرکردەکانی حیزب و ئەو لەشکرە لە سیاسی جۆراوجۆردا کە مەوقیعی حیزب و مەوقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان لە کۆمەڵگا و قازانجی گشتی کۆمەڵگا بەگرنگتر دەزانن. بێگومان ئەم گوتاری بەرگریکردنە لە کۆمەڵگا گوتاری جنێوفرۆشی و موهاتەراتی سیاسی نییە، بەڵکو گوتاری بەخشینی قوورساییەکی تایبەتە بە کۆمەڵگا و کردنەوەی دەرگاکانی سیاسەت و دەسەڵاتە لەبەردەم کۆمەڵگادا بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا، لەهەمانکاتدا ئەم گوتارە دەبێت گوتاری بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و بەرقەراری عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن لە پەیوەندییەکی یەکسانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک بێت.

گوتاری چوارەم، گوتاری سەرلەنوێ بنیادنانەوەی یادەوەری و پێشنیارکردن و بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی دیکەی بیرچوونەوە و بیرهێنانەوەیە. چی وەبیربهێنینەوە و چی لەبیربکەین یەکێک لە گرنگترین پرسیارە ڕۆشنبیرییەکانی ئێستای کوردستانە. ئەمڕۆکە نەوەیەک لە کوردستاندا لە دروستبووندایە ناتوانێت لەسەر یادەوەری حیزبەکان بژی، ئەم نەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەعس ناناسێت و دەساڵی دەسەڵاتی کوردیش وێنەیەکی ئاشکرای خودکوژیی نەتەوەیی و ململانێی بەرتەسک و شەڕ و پێکدادانی هێزە کوردییەکانی پێبەخشیوە. کۆچیش وێنەی بەهەشتێکی وونی بۆ دروستکردوە کە سەرەتا و کۆتایی ئەو بەهەشتە لە هەرشوێنێکدابێت ئەوا لە کوردستاندا نییە. زەحمەتە ئەم نەوەیە لە ڕێگای «مەجدەکانی» ناو ڕابردووی حیزبەوە بهێنرێتە ناو کاری کۆمەڵایەتی و بنیادنانی ئایندەوە، بەپێچەوانەوە ئەم نەوەیە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەک هەیە ڕوو لە ئایندە بێت و مژدە و بەڵێنی واقیعییانەی پێبدات. بەکورتی ئەم نەوەیە پێویستی بە سیاسەتێکی نوێی بنیادنانەوەی یادەوەری (زاکیرە) هەیە کە تێیدا «ئایندەدۆستی» بچێتە شوێنی «ڕابووردوپەرستی».

گوتاری پێنجەم بریتییە لە گوتاری شیکردنەوە و خوێندنەوەی بونیادە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی خۆی. لێرەدا ڕۆشنبیران پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی گوتار هەیە، پێویستیان بە ئاشکراکردنی ستراتیژەکانی بێدەنگکردن، هەڵاوردن، بە پەراوێزکردن، حەرامکردن و باڵادەستکردن هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە پێویستییەکی حەیاتی بە کرانەوەیەکی بەردەوامی سنوورەکانی خۆیەتی بەسەر دەسکەوتە فیکری و مەنهەجییە جیاجیاکانی فیکری بەشەریدا.

### ڕۆشنبیران و خوێندەواران و هەقیقەت

لە ڕاستیدا ناکرێت لە قسەکردنماندا لەسەر ڕۆشنبیران لە کوردستاندا قسە لەو گروهە بەرفراوانەی خوێندەواران نەکەین کە لەناو دەزگا جیاجیاکاندا کاردەکەن، جا چ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بێت یاخود دەزگاکانی حیزب. مەبەستم لەوانەش ئەو ژمارە زۆرەی خوێندەوارانە کە لەناو ئەو دەزگایانەدا کاری فیکری یان کارگێڕی یان دەزگایی دەکەن. وەک پێشتریش گووتم من ئەم گروهە بە ڕۆشنبیران ناونانێم و پێموایە ئەم گروهە ئەرکی دیکە و پەیامی دیکەیان هەیە جیا لە ئەرک و پەیامی ڕۆشنبیران. باڵام قورسایی سۆسیۆلۆژی ئەم گروهە لە قورسایی ڕۆشنبیران گەورەترە و لەڕووی عەمەلییەوە ئەم گروهە لە دوای سیاسییەکانەوە لە هەموان زیاتر کاریگەریان لەسەر واقیعی کوردی هەیە، چونکە ئەمانەن دەزگاکانیان لەبەردەمدایە و لەناو دەزگاکانیشدا دەستنیشانی ئەوە ئەکەن چی بگوترێت، چی بنوسرێت، چی فێربکرێت، چۆن بنووسرێت، چۆن فێربکرێت، کێ فێرکەربێت، کێ لابرێت و چی فێرنەکرێت... بێگومان قورسایی کۆمەڵایەتی ئەمانە و

کاریگەرییەکانیان لەوەدا نییە ئایا ئەو کارانەی جێبەجێیدەکەن چەند داهێنەرانە و چەند سەربەخۆ و چەند دەوڵەمەندکەری ڕۆحییەتی ڕەخنەییانەی ئینسانی ئێمەن. بەپێچەوانەوە قورسایی ئەمانە لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگا کاردەکەن و فۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتیشی پێدەبەخشن. کێشەکەش لەوەدایە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو ئەو دەزگایانەدا جۆرێکی تایبەت لە ئینسان بەرهەمدەهێنرێت کە لەسەر قبوڵکردنی ملکەچی و ناڕەخنەییبوون و بێخەیاڵی و بێخەونی ڕاهێنراون. ئەم دەزگایانە تا ڕادەیەکی زۆر کارخانەی بەرهەمهێنانی گوێڕایەڵی و ترس و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی کاریزمی و دەسەڵاتی باوکانە و نایەکسانی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک و لەهەمووشیان خراپتر بەرهەمهێنانەوەی سیستمی تاکڕەهەندی هەقیقەتن. ئەمە جگە لەوەی ئەم دەزگایانە بەشێکی گەورەی ڕۆحییەتی ڕەخنەیی دەکوژن و دیوارێکی گەورە لەنێوان ڕۆشنبیرییەکی جیدی و خەڵکدا دروستدەکەن، دابڕانێک کە ڕێگرە لەبەردەم هەر پرۆژەیەکی نوێکردنەوەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگادا.

ئەو چوارچێوە گشتییەی لە کوردستاندا فیکر و ڕۆشنبیریی لە هەناویدا کاردەکەن و ئامادەن، چوارچێوەی داڕشتن و دروستکردن و بنیادنانی حیزبە بۆ کۆمەڵگا. لە کوردستاندا، وەک لە زۆر بەشی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەوە کۆمەڵگا نییە کە حیزب و دەوڵەت دروستدەکات و فۆرمێکی تایبەت و میکانیزمێکی دیاریکراوی بڕیاردان و گەشەکردن و لێپرسینەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی بەسەردا دەسەپێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوە حیزبە لەسەرەوەڕا دەستنیشانی ئەوەدەکات، کام هێز چ ڕۆڵێک و کام کەس چ مافێک و کام ناوچە چ پرۆژەیەک و کام ڕۆشنبیر چ پلەیەک و کام ڕۆژنامە چ پەیامێک و کام دەزگا چ ئەرکێک، بەڕێوە ببات. کێشەکەش لەوەدایە حیزب مامەڵەیەکی ئینتیقائی، لەگەڵ کۆمەڵگا و کەرتە کۆمەلایەتییەکان و هێزەکانی ناویدا دەکات. ئەم مامەڵەیەشی تا ئەم قۆناغی ئەمڕۆمان لەسەر بنەمای قازانجە کۆمەلایەتییە گشتییەکان و ستراتیژێکی نەتەوەیی هاوبەش نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەلاتی حیزب و نوخبە حاکمەکەی ناویەتی. لەم مۆدێلەدا کۆمەڵگا و هەندەسە کۆمەلایەتییەکەی ڕاستەوخۆ لە لایەن حیزبەوە و لەسەرەوەڕا دادەڕێژرێت. ئەم داڕشتنەش داڕشتنێکی گشتگیرە، چەند ژیانی کرێکاران دەگرێتەوە بەهەمان ئەندازەش ژیانی ڕۆشنبیران دەگرێتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ژیانی خوێندەواران کە حیزب تاقە کڕیارێکی ئەو بەرهەمانایە کە ئەوان ئەتوانن بەرهەمیبهێنن. لێرەوە حیزب تا ڕادەیەکی زۆر پاناتاییەکی دەرەکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە ئینسان بتوانێت تێیدا بەسەربەخۆیی لە حیزب بژی و بدوێ و بنووسێت. بێگومان لەهەمووشوێنێکدا پەراوێز هەر هەیە و هەر هەبووە، هیچ مێژوویەک نییە بێ پەراوێز و هیچ هێزێک نییە بتوانێت هەموو فەزای دەرەوەی خۆی سەد دەر سەد کۆنترۆڵ و دیسپلین کات، بەلام کێشەکە لەوەدایە هێزی ئەم پەراوێزانە بەو ڕادەیە نیین جەوهەری ئەو میکانزمانەی سەرەوەیان بۆ بگۆڕدرێت.

سیستمی هەقیقەت لە کوردستاندا سیستمێکی حیزبییە، ئەوەی هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت حیزبە نەک کۆمەڵگا، ئەوەی ماناکان ئاراستەدەکات حیزبە نەک هێزە کۆمەلایەتییەکان. لێرەوە ڕۆشنبیران لە کوردستاندا بەشێک نین لە سیستمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت، ڕۆشنبیران بەشدارنین لە دروستکردنی هەقیقەتە سیاسییەکاندا، ئەو هەقیقەتە سیاسییانەی تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی زۆربەی هەقیقەتە کۆمەلایەتییەکانی دیکەش دەستنیشاندەکەن. نەک هەر ڕۆشنبیران بەڵکو خوێندەوارانیش بەشدارنین لە بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا، کاری خوێندەواران سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەقیقەتە پێشتر بەرهەمهێنراوەکانە. ئەوان مەسەلەی بلاوکردنەوە و پیادەکردنی یاسا و جەبرەکانی ئەو هەقیقەتانەیان لەسەرشانە کە بۆیان بەرهەمهاتووە. لە کوردستان سیاسییەکان هەقیقەت دروستدەکەن و کۆمەڵگا ناچار بە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی ئەو هەقیقەتانە دەکەن. بەشێکی گەورەی کێشەکەش لەوەدایە سیاسەت کە هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت ئەوکات هەموو کۆمەڵگا لەپاڵ خەتی ئەو هەقیقەتەدا ڕیزدەکات و ناونیشانە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان بە گوێرەی دوور و نزیکی هێزەکان لەو هەقیقەتەوە دابەشدەکات. خوێندەوارانیش کە حیزب بەتەواوی

جلّەویکردون بەمدیوئەودیوی خەتەکانی ئەو هەقیقەتە سیاسییەدا بەشیاندەکات، ئەم خوێندەوارانە بەهۆی ئەوەی کە هیچ ئامرازێکی سەربەخۆبوونی کۆمەلآیەتییان لەدەرەوەی حیزبدا بۆ نەماوەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە سەربەخۆیی ئابووری، بۆیە ناچار تەسلیم بەو هەقیقەتانە دەبن، یان لانیکەم لە بەشێکی گەورەی لایەنە ترسناکەکانی ئەو هەقیقەتانە بێدەگدەبن. بەم کارەش بەهێزترین هێزی سۆسیۆلۆژی دوای سیاسییەکان دەردەکرێتە دەرەوەی سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت و بڕیاردانی کۆمەلآیەتی. لێرەوە بەبێ دوودڵی دەکرێت بڵێین: شوێنی بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە کوردستاندا ناو ژووری داخراوی کۆبوونەوە سیاسییەکانە، نەک فەزای گشتی و کراوەی کۆمەڵگا خۆی، بڕیاردەر و بەرهەمهێنەرەکانی هەقیقەت سەرکردە سیاسییەکان و پیاوانی ڕیزی یەکەمی حیزبن، نەک هێزە کۆمەلآیەتییە جیاوازەکان.

## لە حەماسەتەوە بۆ ڕەخنە

خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێت لە پەیوەندی نێوان حیزب و ڕۆشنبیراندا لێیبدوێین، مەسەلەی کۆتاییهێنانە بە قۆناغی حەماسەت و قۆناغی پاساوهێنانەوەی ڕۆشنبیریی بۆ دیاردە سیاسی و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگییە درێوەکان. کاتی ئەوە هاتووە هەموو ئەو بۆچوونانەی ڕۆژگارێکی درێژە لەژێر ناونیشانی ئەوەی ئێستا کاتی ڕەخنە نییە و با ڕەخنە هەڵگرین بۆ قۆناغی دوای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ داگیرکەراندا و با دان بەخۆماندابگرین و بێدەنگبین، بدرێتە بەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە و قووڵ و تەماحە کۆمەلآیەتییەکانی پشتی ئەو جۆرە بۆچوونانە ئاشکراکرێن.

ئەم وەهمە سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە کە داوای هەڵگرتنی ڕەخنە دەکات بۆ ئایندەیەک کەس نازانێت کەی و چۆن و بەچ شێوەیەک دێت، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە تێکشکان و تەفکیکردن هەیە. ئازادی پرۆژەیەکە ناکرێت تەئجیلکرێت، سەرکەوتن پرۆسەیەکە هەنگاو بە هەنگا و خشت لەسەرخشت بنیادئەنرێت. ئێمە چۆن سەرکەوتن بەدەستبهێنین لە کاتێکدا واقیعێکمان دروستکردبێت تێیدا ئیرادەی ئینسانی ئێمە و بوونی نەتەوەییمان و بوونی هەر ئیجماعێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و فیکری تێیدا وێرانکرابێت. چۆن ناکۆکی سەرەکیمان لەگەڵ داگیرکەراندا چارەسەر بکەین گەر ئێمە ئیرادەی چارەسەرکردنی بچوکترین ناکۆکی ناوخۆییمان نەبێت. نیشتیمانێک کە پارچە پارچە کرابێت و ئینسانێک کە مەحکومکرابێت بە گەمەی هەڵبژاردن و دانەپاڵی هەریەکێک لەو پارچانە و ئازادی جوڵە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ڕاستەوخۆ بەو دابەشکردنە بچووکانەوە بەسترابێتەوە، ئینسانێک حیزب نانی نەداتێ بمرێ و حیزب داینەمەزرێنێ بێئیش بێ و حیزب خۆشی نەوێت هەتیوکەوێت، چۆن دەتوانێت پرۆژەی ئازادی بێت.

ئەو ئینسانەی بخوازێت بەشداریکەری دامەزراندنی سەرزەمینی ئازادی بێت، ئینسانێکە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، ئیرادەیەک حیزب داگیر و بەشبەش و ئیفلیجی نەکردبێت. بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە خەڵک نەبن بە ئەندامی حیزبەکان و بۆ حیزب ئیشنەکەن، نا من هەرگیز ئەم بۆچوونە ناسەلمێنم، ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا جەغدی لەسەربکەم، مەسەلەی بەرگریکردنە لە فەزایەکی گشتی ئازاد کە هیچ هێزێک بۆی نەبێت مۆنۆپۆلیزەی بکات، فەزایەک تێیدا ئازادی دەرەنجامی گفتوگۆ و بڕیاری عەقلانی و هەڵبژاردنی ئیرادەگەرانەبێت، نەک مەسەلەیەک حیزب وابزانێت بە دیاری بەخشیوەیەتی بە کۆمەڵگا.

## رۆشنبیر و کاریگەرییەکانی

با سەرەتا ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە دەنگی ڕۆشنبیران کاتێک لە کۆمەڵگادا دەبیسترێت کە لانیکەم لەو کۆمەڵگایەدا دوو مەرجی سەرەکی ئامادەبێت:
یەکەمیان: بڕیاری سیاسی کراوەبێت بەڕووی دنیای دەرەوەدا، واتە بڕیاری سیاسی تەنها لەناو ژوورە داخراوەکاندا و بەدابڕاوی لە کۆمەڵگا بەرهەمنەهێنرێت و بکرێت لەدەرەوەڕا کاری تێبکرێت.
دووهەمیان: ڕایگشتی بوونی هەبێت و کەناڵەکانی کارکردنە سەر ئەم ڕایەش کراوەبێت.
لەڕاستیدا ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیر دەپارێزێت و هەلی ئامادەبوون و کاریگەربوونی پێدەبەخشێت ئەو دوو مەرجەی سەرەوەن، کە ڕایگشتی کوژرا لەگەڵیدا یەکەمین شتێک کە دەکوژرێت دەسەڵاتی ڕۆشنبیرانە، کە سیاسەت لە ژوورە داخراوەکاندا بەرهەمهات ئەوکات نەک ڕۆشنبیران، بەڵکو هیچ هێزێکی دیکە کاریگەری نامێنێت. بەڵام داخۆ ئەو میکانیزمانە چین کە لە ڕێیانەوە ڕایگشتی دەکوژرێت و سیاسەت لە ژوورە داخراوەکاندا نیشتەجێدەکات. من لێرەدا دەمەوێت تەنها هێما بە چەند میکانیزمێک بکەم:
یەکەم: میکانیزمی ترساندنی تاک و گروهەکانی ناو کۆمەڵگا.
دووەم: مۆنۆپۆلۆیزەی ئابووری و دەستگرتن بەسەر بژێوی کۆمەڵگادا، یاخود کردنی کۆمەڵگا بە فەرمانبەر لای حیزب.
سێیەم: مۆنۆپۆلیزەی میدیا و ئامرازەکانی دیکەی تەعبیرکردنی کۆمەڵگا لەخۆی.
چوارەم: بوونی لەشکرێک لە ڕۆشنبیرانی گەمۆکە، یان لەعابە، کە هەم خۆیان یاریان پێدەکرێت و هەم ئەوانیش یاری بەهەمووشتێک دەکەن، (ڕۆشنبیری گەمۆکە چەمکێکە لە بیریاری ئەمریکی «چۆمسکی»یەوە وەرگیراوە). ئەم لەشکرە گەمەکەر و گەمەپێکراوە دەبنەهۆی کوشتنی هەموو پرسیارێکی جیدی و بێنرخکردنی هەموو مەسەلەیەکی ڕاستەقینە، بەجۆرێک کە کاری ئەمانە وادەکات ڕایگشتی بێبەشبێت لەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەی کە دەشێت یاریدەدەری ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگبێت.
کێشەی سەرەکی واقیعی ئێمە لە پەیوەندیدا بە ڕۆشنبیرانەوە چەندە کێشەی بوون یان نەبوونی ڕۆشنبیرانە بەو مانایەی لە سەرەوە باسمکرد، لە هەمانکاتیشدا کێشەی شوێن و جێ و کاریگەری ڕۆشنبیرانە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی و لەناو کۆمەڵگای سیاسی کوردیدا بە تایبەتی. یەکێک لە کێشە گەورەکانی واقیعی ئێمە لە ئێستادا لەوەدایە کە ئێمە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان نییە ڕۆشنبیریی و فیکر یەکێک لە بناغەکانی بنیادنانی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆی بێت. ڕۆشنبیریی لەدنیای ئێمەدا لەناو پرۆگرامی هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا جێنشین نییە. کۆمەڵگای سیاسی ئێمە بەتەنها داخراو نییە بەڕووی ڕۆشنبیراندا، بەڵکو داخراوە بەڕووی ڕۆشنبیریشدا. لە هەندێک شوێن و جێ و ناوەندی دیاریکراودا ڕۆشنبیران هەن، بەڵام ئەو واقیعە سیاسییەی لەناویدان داوای پرۆژەی ڕۆشنبیریان لێناکات، بەڵکو داوای بوونی ئەوان دەکەن وەک تاکەکەس لە پاڵ یان لە ناو حیزبدا. حیزب دەخوازێت ڕۆشنبیران جێیەکیان هەبێت لەناو دەزگاکانی خۆیدا، یاخود لەناو ئەو مۆدێلانەدا کە حیزب دەیەوێت دروستیانکات. حیزب دەخوازێت ڕۆشنبیران لەناو خەریتەکانی ئەودا بتوێنەوە و مەسافەیەکی ڕەخنەیی نەهێڵنەوە لە نێوان خۆیان و ئەو خەریتە و مۆدێلانەدا کە حیزب هەڵگریەتی. لەڕاستیدا حیزب دەیەوێت ڕۆشنبیران ببنە نووسخەیەکی کاربۆنی و فۆتۆکۆپییەکی خراپی سیاسییەکان. بەڵام هەمووان دەزانین ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی مەحاڵە و سیاسی و ڕۆشنبیر ناکرێت ببن بە یەک، بەدەر لەم ویستەی حیزب جیاوازی گەورە لەنێوان کەسی سیاسی و کەسی ڕۆشنبیردا هەیە، وەک چۆن جیاوازی گەورە لە نێوان ئەرکی هەریەکێکیشیاندا هەیە. سیاسی ئینسانێکە ئەرکی سەرەکی ئەو کارکردنە لەنێو خەڵکدا بەمەبستی ڕێکخستن و مۆبیلێزەکردن و ڕاکێشانی خەڵک بەلایخۆیدا، بەڵام کاری ڕۆشنبیر بەشێوەیەکی

سەرەکی بریتییە لە ئیشکردن لەنا و بیر و مەنهەج و تیۆرە جیاجیاکاندا. سیاسی بەدوای ئەودا ناگەڕێت داخۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەڕووی مەعریفی و مەنهەجی و فەلسەفییەوە ڕاستە یان نا، ئەو بە پلەی یەکەم تەماشای ئەوە دەکات داخۆ چەند هێز و لایەنی کۆمەڵایەتی و خەڵکانی خاوەن نفوز و دەسەڵات پشتگیریی لەو بیرۆکەیە دەکەن، لە کاتێکدا مەسەلەی سەرەکی لای ڕۆشنبیر مەسەلەی ڕاستی یان ناڕاستی بیر و ئایدیا و مەنهەجەکانە بێئەوەی بیر لەوەبکاتەوە چەندکەس پشتگیری ئەو بیر، ئایدیا یان مەنهەجی کارکردنە دەکات. بێگومان ئەم دەستنیشانکردنانە بەهیچشێوەیەک دەستنیشانکردنێکی ڕەها نین و لە واقیعدا، چونکی زۆر سیاسی هەن کە مەیلی ڕۆشنبیری و زۆر ڕۆشنبیریش هەن کە مەیلی سیاسیان هەیە، ئەمەی لێرەدا من باسیدەکەم هەوڵدانی لێکدیجیاکردنەوەی دوو گروهی سۆسیۆلۆژی و دوو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازن کە کۆمەڵگا هەردوکیانی تا سەر ئێسقان پێویستە.

ئەرکی سیاسی بریتییە لە هێمنکردنەوە و دڵنیاکردنی خەڵک، ئەو دێت تاپێمان بڵێت مادامەکی ئەو ئامادەیە و دەسەڵاتدارە، کەواتە دونیا و پەیوەندییەکان و کۆمەڵگا لە بەرەوباشچووندان. بەڵام ڕۆڵی ڕۆشنبیر چاندنی گومانە بەرامبەر ئەو ئارامییەی سیاسییەکان پێمان ئەدەن، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە بەردەوام لەسەر لێواری شەڕی ناوخۆ وەستابێت. ئەڵبەتە ئەم بۆچوونە هەوڵدانی دابڕان دوورخستنەوەی خەڵک نییە لە حیزب، لێکدانەوەیەک کە دەشێت لۆژیکی حیزب و حیزبایەتی بۆ ئەم قسانەی منی بکەن، نا ئەم ووشانە هەوڵدانی هێنانەکایەی ووشیارییەکە کە نەهێڵێت دەسەڵات بە خراپی و بە شێوەیەکی وێرانکەر بەکاربهێنرێت. چەند خەڵک ووشیار و ڕەخنەیی بێت، چەند ڕۆشنبیران بەگومانبن، ئەوەندە چۆنایەتی کاری سیاسی و شێوازی کارکردنی سیاسییەکان جیدیتر و لێپرسراوانەترو لەوێشەوە باشتر دەبێت. لێرەوەیە من پێموایە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ڕۆشنبیر چاندنی گومانە لەهەموو ئەو شوێنانەدا کە وادیارە شوێنی گومان نین. بۆ نموونە لەکاتێکدا ئوسوڵییەکی دینی مەزهەبەکەی بە سەرزەمینی دواهەمین یەقین تێدەگات و سیاسییەکیش بەرنامەی حیزبەکەی بە دواهەمین ئامرازی ئازادیی دەزانێت، دروست لەوکاتەدا ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە گومان لە هەردوکیان بکات و فەزایەکی کراوەتر لەبەردەمی هەقیقەت و ئازادیدا بکاتەوە. لەکاتێکدا شێوەیەکی نووسین، تەرزێکی دیاریکراوی ئیستاتیکا و چێژێکی تایبەت لە چێژەکان خۆیان بەدواهەمین و تاقە تەرز و تاقە چێژ دەزانن، کاری ڕۆشنبیر بەرگریکردنە لە کۆتایی نەهاتنی شێوازەکانی تەعبیر و جۆرەکانی چێژ و سنوورەکانی ئیستاتیکا. بە کورتی وەک نووسەری ئیتالی (ئەنتۆنیۆ تابووشی) دەڵێت، لەکاتێکدا زاناکانی ئاین و دیکتاتۆرەکان و هەموو ئەوانەش کە باوەڕیان بە فیکرێکی شمولی هەیە و پڕوپاگەندە بۆ بوونی کەماڵ دەکەن، لەوکاتەدا کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە گومان لە شمولییەت و لە بوونی کەماڵ بکات. لەسەرێکی دیکەشەوە ڕۆشنبیر خۆی چەندە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مانایە بە هەمانئەندازەش سەرقاڵی هێنانەکایەی هەلومەرجێکی کراوەی بەرهەمهێنانی ماناشە. ماناکان دەگۆڕێن، ئەوەی دەبێت بەردەوام نەگۆڕبێت بەرهەمهێنانی بارودۆخێکە کە هەمیشە مانای تازەی تێدا بەرهەمبهێنرێت، بارودۆخێک هیچ کەسێک و هیچ لایەنێک بەناوی هیچ هەقیقەتێکی ڕەهاوە نەتوانێت مۆنۆپۆلیزەی بکات.

جێیخۆیەتی لێرەدا لەو ڕاستییە بدوێین کە لە ڕۆژئاوای سەدەی نۆزدەهەمدا دەستەواژەی ڕۆشنبیران لە کۆتایی سەدەکەدا وەک جنێو وابووە، لەو ڕۆژگارەدا کەس نەیویستووە بە ڕۆشنبیر ناوببرێت، چونکە ڕۆشنبیر بەو کەسە گوتراوە کە هیچ پەیوەستبوونێکی کۆمەڵایەتی نەبووە. لەو ڕۆژگارەدا ڕۆشنبیر وەک ناو و ناتۆرە وابووە و بەو کەسانە گوتراوە کە بانگێشەی ئەوەیان کردوە دەیانەوێت گرفتە گەورە و ئاڵۆزەکانی دنیا لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە چارەسەربکەن. ئەمانە بەناوی هەقیقەت، پێشکەوتن و دەسەڵاتی عەقڵەوە قسەیانکردوە و پێشیان وابووە ئەوەی بەناوی ئەم مەسەلانەوە قسەبکات کەسیدی ناچەوسێنێتەوە و ڕەگەزپەرستی و هەڵاوێردنی کۆمەڵایەتی و ئیدانەکردنی ئەتنی و ئاینی و نەتەوەیی بەشێکنابێت لە هەڵسوکەوت و تێفکرین و تێڕامانی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسێک لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە بۆ چارەسەری مەسەلەکان هەوڵبدات، نەک لە

ڕوانگەی قازانجی تاکەکەسی یان دەستەیی بەرتەسکەوە، ڕێدەگرێت لەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی خراپ بەکاربهێنرێت. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران پرنسیپەکانی پێشکەوتن، عەقڵانییەت و هەقیقەتیان بە نیشتیمانێکی نەتەوەییەوە نەبەستۆتەوە و پێیانوابووە ئەم پرنسیپانە پرنسیپی گەردونین و ناکرێت بەناوی نیشتیمان و نەتەوە و سوود و قازانجە تایبەتەکانەوە پشتگوێخرێن بۆیە تۆمەتی یەکەم کە درابێتە پاڵیان، تۆمەتی خیانەت بووە لە نیشتیمان.

فەیلەسوفی هۆڵەندی (لۆلێ ناوتە) لەم ڕووەوە دەڵێت: «ڕۆشنبیران هەر لەسەرەتاوە بەوە تاوانبارکراون کە نیشتمانی خۆیان خۆشناوێت». سەرەتای ئەم تۆمەتەش دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی داکۆکیکردنی (ئەمیل زۆلا) و چەند ڕۆشنبیرێکی دیکەی فەرەنسی لەو ئەفسەرە جولەکەیەی گوایە خیانەتی لە نەتەوەی فەرەنسی کردوە. (ئەمیل زۆلا) و هاوڕێکانی بەرگرییەکی سەرسەختیان لەو ئەفسەرە کردوە لەکاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای فەرەنسی ئەو ئەفسەرەیان بە خائین و ناپاک داوەتە قەڵەم. مانا ئیجابییەکانی دەستەواژەی ڕۆشنبیران زۆر دواتر دروستدەبێت و تا وای لێدێت لە گەشەی خۆیدا بەومانایانە گەیشتوە کە ڕۆشنبیرانی بە ڕزگارکەر شوبهاندوە. بێگومان ڕۆشنبیران نە ڕزگارکەرن و نە دەشتوانن ڕۆڵی ڕزگارکەر ببینن، ئەوەی کە دەبێت ڕزگارکەربێت خودی کۆمەڵگا خۆیەتی. ڕۆشنبیران لە باشترین دۆخدا دەربڕی ویژدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراون و وەک سارتەر دەڵێت، خۆیان بەوشتانەوە خەریکدەکەن کە پەیوەندی بەوانەوە نییە.

بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەمان هەمیشە لەبەرچاوبێت کە ڕۆشنبیر دەرزیی یان لوقاح یان دەرمانێکی دیاریکراوی دژی خیانەت، دژی دیکتاتۆرییەت، دژی ئوسوڵییەت، دژی فەسادی ئیداری، دژی بێقانونی، دژی چەوساندنەوە و کوشتنی ئافرەتان، دژی ناهەقی دەرهەق بە مناڵان و پیران، دژی پەیوەندی ناهاوسەنگی نێوان نێر و مێ، دژی کاریزما، دژی ڕۆحییەتی خێڵ، دژی بەحیزبیکردنی دەزگا گشتییەکان، دژ بە بەشبەشکردنی نەتەوە، پێ نییە. ڕۆشنبیر، وەک ڕێجیس دۆبرێە دەڵێت، سەدایەکە یان لەباشترین حاڵەتدا هاوارێکە دەشێت ببیسرێت و دەشێت نەشبیسرێت. ڕەنگە گرنگترین جیاوازی نێوان کۆمەڵگا جیاجیاکان لەوەدابێت هەندێک کۆمەڵگا هاواری ڕۆشنبیران دەبیستن و هەندێکی دیکەیان هیچ مەرجێکی بیستنی ئەو هاوارانەیان تێدا نییە.

لەدنیای ئێمەدا کۆمەڵێک وەهمی دیاریکراو بەرامبەر کاری ڕۆشنبیر و هەڵوێستی ڕۆشنبیران لەئارادان، کەمنین ئەوانەی دەخوازن ڕۆشنبیران بەردەوام لەناو هەموو بۆنە و ڕووداو و ئاهەنگ و تازیەیەکدا ئامادەبن. گەر بۆشیان بکرێت ئەرکەکانی پۆلیس، پاراستن، دابینکردنی موچە و پشوو و خۆشگوزەرانیش دەخەنە سەرشانی ئەوان. ئەم ئامادەبوونە گشتگیرەش بەجۆرێک لە شۆڕشگێڕییەتی و ئیلتیزام لەقەڵەمئەدرێت و داوا لە هەمووان دەکرێت هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە بە کۆی ئەو مەسەلانەوە سەرقاڵبێت. بەبۆچوونی من ڕۆشنبیر مەحکوم نییە بەوەی بەردەوام و بیست وچوار سەعات لە ڕۆژێکدا هەڵوێستی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەی هەبێت بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگایەکدا ڕوودەدەن. هیچکەسێک ناتوانێت خاوەنی ئەم هەموو هەڵوێست و ئامادەگییە گشتگیرەبێت و لەهەمانکاتیشدا ڕۆشنبیربێت. من لێرەدا لەگەڵ دۆبریە دەڵێم: «ڕۆشنبیر ئەبێت لەژوورەکەی خۆیدا دانیشێت و کاربکات. تەنها لەوکاتانەدا بێتە دەرەوە کە شار خەریکە ئاگری تێبەردەبێت. کاتێک شتە هەرە جەوهەرییەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە». بێگومان من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ڕۆشنبیر نابێت هەڵوێستی هەبێت و نابێت بەشداربێت لە ململانێ سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا، نا من هەرگیز ئەم قسەیە ناکەم و ئەم بۆچوونە ناسەلمێنم، بەڵام من تاڕادەیەکی زۆر هەڵوێستی سەرەکی ڕۆشنبیران لە نووسین و بەرهەمی عەقڵی و ڕەخنەیی و داهێنانی ئەواندا دەبینم، نەک لە بەشداربوون یان نەبوون لە هەموو خۆپیشاندان و بۆنەیەکدا. هەڵوێستی ڕۆشنبیر تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی داهێنان و بەرگریکردن لەو دنیایەیە کە سەرلەنوێ لە نووسین و بەرهەمەکانیدا بەرهەمیدەهێنێتەوە، دونیایەک تێیدا ماناکانی ئینسان و ماناکانی ژیان جوانتر و فراوانتر و ئینسانیتر بکات. بێگومان وەک چۆن کاری ڕۆشنبیر ئەوە نییە

بەردەوام وەک ئەکتیڤیستێکی سیاسی لەسەر جادەکان بێت و خەڵک بۆ یاخیبوون بانگبکات، بەهەمانشێوە کاریشی ئەوە نییە هەمیشە لە ژوورەکەیدا دانیشێت و بەسەر کتێب و قەڵەمەکەیدا خەویلێکەوێت. ڕۆشنبیر دەچێتە سەرجادە، بەڵام ئەوکاتە دەچێت کە ڕێزگرتنی ژیان و کەرامەتی ئینسان بکەونە بەر مەترسی و پێلێنانەوە، کاتێک هێزێک لە هێزەکان، ئایدیۆلۆژیایەک لە ئایدیۆلۆژیاکان، ڕاڤەکردنێک لە ڕاڤەکردنەکان دەخوازێت هەموو ئەوانی دیکە بێدەنگبکات و بەناوی هەمووان و لەباتی هەمووان بدوێت، کاتێک شتە جەوهەرییەکان بریندار دەکرێن یان بەر هەڕەشەی بریندارکردن دەکەون، ئەوکات ئەویش وەک هەمووان لەسەر جادەکانە. بەڵام تەنانەت لەوکاتانەشدا بەشداری ڕۆشنبران، وەک دۆبرێە دەڵێت، بەشدارییەکی ڕەمزییە و ئەوان هەرگیز ناتوانن وەک ئەو ئەکتیڤیستە سیاسییانە دەستبەکاربن کە بەردەوام خەریکی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی ئیمزا و ناردنی نامەی بەردەوامن بۆ دەربڕینی ناڕەزایی. دۆبریە ڕاستدەکات کە دەڵێت ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان کەسایەتی شۆڕشگێڕ و کەسایەتی ڕۆشنبیردا هەیە. تۆ یا بەردەوام لەسەر جادەکانی و خۆپیشاندان و کاری عەمەلی دیاریکراو و بەرجەستە ئەنجام ئەدەیت یان لەناو کتێبخانەکەی خۆتدایت و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە و کاری فیکریت. لێرەوە ئەو کۆمەڵگایەی بەردەوام ڕۆشنبیرەکانی ناچارن بچنە سەر جادەکان و بەشداربن لە خۆپیشاندان‌دا کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، کۆمەڵگایەکە ڕۆژانە بەها جەوهەرییەکانی پاراستنی ژیان و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی تێدا وێراندەکرێت. بەم مانایە دەبێت چوونە سەرجادەی ڕۆشنبیران وەک دیاردەیەکی باش تەماشا نەکرێت، وەک ئیلتیزامێک کە دواتر مایەی شانازیکردنبێت، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەم مەسەلەیە مایەی شەرمێکی گەورە و نائومێدییەکی قووڵبێت. ئا لەم خاڵەدایە جیاوازی نێوان بەشداربوونی ڕۆشنبیران و بەشداری ئەکتیڤیستە سیاسییەکان لە خۆپیشاندان و ناڕەزاییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەردەکەوێت.

هەرلێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاوبێت کۆمەڵگا چەندە پێویستی بە ئەکتیڤیستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بەهەمان ئەندازەش پێویستی بەکاری لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەکانی ڕۆشنبیران هەیە. لەهەموو حاڵەتێکدا، وەک دۆبرێە دەڵێت، نابێت لێکدانەوە عەقڵانییە ڕەخنەییەکان، کە گرنگترین ئەرکی ڕۆشنبیرن، لەگەڵ ئەو غەریزەی شۆڕشەی لەناو هەریەکێکماندایە تێکەڵبکرێت، ڕۆشنبیر کەسێکە ڕێ بەتێکەڵبوونی ئەم دوو ڕەهەندە نادات، بەڵام نکوڵی لەهیچ کامێکیشیان ناکات. بەبۆچوونی من لەڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستانداچەند پێویستمان بە ئەکتیڤیستی سیاسی هەیە ئەوەندەش پێویستمان بە ڕۆشنبیری عەقڵانی هەیە.

بەڵام داخۆ بە ئومێد یان نائومێدم بەرامبەر ئەو دونیاییەی ئەمڕۆکە کۆمەڵگای ئێمە تێیدا دەژی، دەڵێم هەم ئومێد و هەم نائومێدی بەشێکی دانەبڕاوی ژیان خۆین. ڕۆشنبیران بۆئەوەی بتوانن بنووسن و بتوانن بەردەوامبن، دەبێت پێیەکیان لەناو ئومێد و پێیەکەی دیکەیان لەناو نائومێدیدابێت، لەتێکی ڕۆحیان لە مەمەلەکەتی گەشبینیدا نووقمبووبێت و لەتەکەی دیکەشیان لێوانلێوبێت لە نا ئومێدی، هەم ئومێدی زۆر و هەم نائومێدی زۆر ئینسان بەهەڵەدادەبەن. ژیان خۆی چییە جگە لە سەفەرێکی بەردەوام لە ئومێدەوە بەرەو نا ئومێدی و لە نائومێدیشەوە بەرەو ئومێد.

# ڕۆشنبیران لە نێوان «ڕووداو» و بەرهەمهێنانی «گوتار»دا

**ئاراس فەتاح**

گومانی تێدا نییە وەزیفەی ڕۆشنبیر زیاد لە مانایەک لە خۆیدەگرێت. ماناکانی ڕۆشنبیر تەنها بیرکردنەوە نییە لە «ڕووداو»، یان پێشبینیکردنی ڕووداو نییە، بەڵکو گۆڕانی خودی بیرکردنەوەکانیشێتی بۆ «ڕووداو». کردەی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفی یان هونەری دەشێت ببن بە «ڕووداو» و لەوێشەوە ببن بە گوتار، جاری واش هەیە هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن. هەندێ جاریش ڕووداومان هەیە کە کاریگەریی جەوهەریی بەسەر مێژووی کۆمەڵگادا بەجێدەهێڵێت، بەڵام ڕۆشنبیر لێی بێدەنگدەبێت و نایکات بە گوتار. لەم گۆشەنیگایەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ڕووداو و گوتار و ڕۆشنبیردا هەیە.

لە سەرەتادا مەبەستمە جەغد لەسەر دوو خاڵ بکەم یەکەمیان ئەوەیە، کاتێک لەسەر زاراوەی «ڕووداو» قسەدەکەم، مەبەستم تەنها ئەو مانا پراکسیسییە نییە کە هەمووما‌ن پێی ئاشناین، بەڵکو پتر مەبەستم لە مانا فیکری و ئیستاتیکی و ڕۆحییەکانێتی، بۆ نموونە دەرچوونی کتێبێک یان ووتارێک، پارچە موزیکێک، گۆرانییەک یان کاسێتێک، تابلۆیەک یان پێشانگایەک، یاخود داهێنانێکی زانستی هتد.، هەر یەک لەمانە دەشێت ببن بە ڕووداوێکی ڕۆشنبیری و چەندان مشتومڕ و گفتوگۆی فرەڕەهەند بخەنەوە. خاڵی دوەمیشیان ئەوەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر دروستبوونی گوتاری فیکری و سەربەخۆ و ڕەخنەیی بدوێین، دەبێت ژینگەیەکی کولتووری یان سیستەمێکی ڕۆشنبیریمان هەبێت کە گوتاری ئازاد تیایدا بتوانێت بێ ستراتیژی کۆنترۆلکردن و ئاراستەکردن ئیشبکات، ئەگینا زەحمەتە باس لە بوونی ئەو جۆرە گوتارە بکەین، چونکی لە دونیایەکی دیسپلینکراودا، یەک چەشنە گوتار باڵادەستە و لە دەرەوەی ڕووداوەکانی گوتاری باڵادەستیش بەدەگمەن ڕووداوی تر بەرهەمدێن؛ گەر گوتاری سەربەخۆ و ڕەخنەیی دروستیش بێت، ئەوا لە دەرەوەی ئەو جوگرافیایەیە کە دەسەڵات تیایدا نیشتەجێیە. سیستەمە تۆتالیتێرەکان نموونەیەکی بەرچاوی ئەم شیکردنەوەیەمانن. دیارە لە سیستەمە تۆتالیێرەکاندا بە بەردەوامی گوتار بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام کۆی ئەم گوتارانە بە کەناڵەکانی فیلتەرکردن و سانسۆردا تێپەڕدەبن، واتە سیستەمێکمان هەیە کە هەقیقەت لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری بەرهەمدەهێنێت، ئەوەی کە فۆکو بە «سیستەمی هەقیقەت»ی ناویدەبات و هەیمەنەی (هیگۆمۆنی) خۆی لە ئاستە جیاجیاکاندا بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێ. بەم شێوەیە دەبینین کە گوتار لەناو ئەم جۆرە سیستەمە ڕۆشنبیرییەدا دیسپلینکراو و ئاڕاستەکراوە. لێرەشەوە کۆی ئەو گوتارانەی لەناو ئەم شێوە سیستەمەشدا بەرهەمدێن، خەسڵەتی تاکڕەهەندی و یەکڕەنگی لەخۆدەگرن. ئەزموونی بەعسیزم لە دروستکردنی «ڕووداو» و پاشان کردنیان بە گوتار یەکێکە لەو ستراتیژە ڕۆشنبیرییانەی ئەم سیستەمە کاریپێدەکرد و تا ئەمڕۆش وەکی ستراتیژێکی ڕۆشنبیریی پیادەیدەکات. لەخۆڕا نییە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەم سیستەمە ڕۆشنبیرییە دەبن بەو ئامرازە تەکنەلۆژییانەی دەسەڵات تیایدا ڕووداوەکانی حیزب و سەرۆک دەکات بە تاکە گوتاری بینراو و بیستراو و خوێندراوەی جیهانی ژیانی تاک و کۆمەڵگا، وەکی ئەوەی لەم جیهانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کولتوورییەی ئەو کۆمەڵگایەدا جگە لە ڕووداوەکانی حیزب و سەرۆک، هیچ شتێکی تر ڕوونەدات تاوەکو بکرێن بە ڕوودا و پاشان ببن بە گوتاری ناو کۆمەڵگا. بۆیە سانایە کە گوتار دەبێتە چەمکێکک لە بەرهەمهێنانی «خوتبە» و ئاڕاستەی جەماوەر

دەکرێت، لە کاتێکدا لە دونیای فیکردا ئاشکرایە کە گوتار ئاڕاستەی جەماوەر ناکرێت، بەڵکو بەرهەمدەهێنرێت.

ئەو دەرئەنجامەی لێرەدا مەبەستمانە پێیبگەین ئەوەیە؛ بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی زمان و بیرکردنەوە و نووسین و بوون بە دەق و ئێستاتیکا وێنەکانی خۆیان وەربگرن، پێویستیمان بە بوونی ژینگەیەکی ئازادە بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری مەعریفی سەربەخۆ و ڕەخنەیی. ئەم حاڵەتەش ئەو پەیوەندییە گوتارئامێزانەی (دیسکورسیڤانەی) نێوان «قسەکردن» و «قسەلەسەرکراو» یان «نووسین» و «لەسەرنووسراو»مان بۆدەردەخات.

خاڵێکی تر کە جەوهەری «ڕووداو» دیاریدەکات، بریتییە لە ئامادەبوونی دوو خەسڵەت: یەکەمیان «بیرکردنەوە»یە (التفکیر) و دووەمیشیان «بیرلێکراوە»یە (المفکر فیە). بە مانایەکی دی ئێمە لە پەیوەندی نێوان خود و بابەتدا هەموو ئەو دونیایەی کە دروستدەبێت و لە ڕووداودا بەرجەستەدەبێت لەو مەسافانەدا دەیبینین کە فیکر تیایدا دەتوانێت تەدوینیان بکات. بیرکردنەوە بەبێ بیرلێکراوە ناتوانێت مانایەکی بوونییانەی (وجودییانە) هەبێت، بیرلێکراوەش مانایەکی شوناسییانەی نابێت گەر یەکێک بیری لێ نەکاتەوە و بەیانی نەکات. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە وەیادبخەینەوە کە مەرج نییە هەموو بیرکەرەوەیەک یان «قسەکەر ـ نووسەر»ێک ڕۆشنبیر بێت و هەموو بیرلێکراوەیەک، یان «قسەلەسەرکراو ـ لەسەرنووسراو»ێکیش بابەت بێت. ئێمە چەندە ڕووبەڕووی چەندان نووسراو دەبینەوە کە نووسین نین و پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرییەوە نییە، چونکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە تیایاندا ئامادە نییە؛ ئەوەندەش لەناو جیهانی قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداو، ڕووبەڕووی دیاردەیەکی تر دەبینەوە، ئەویش وەکو «بۆردیۆ»ی سۆسیۆلۆگ دەڵێت، کایەی «ناڕووداو»ـە (اللاحدث) و کردنێتی بە بابەت و گوتار. (بۆردیۆ: ١٩٩٨) لێرەوە ئەو حاڵەتە ترسناکە دروستدەبێت کە لە دووتوێیدا بابەتی قسەلەسەرکراو یان لەسەرنووسراو وەکی تاکە ڕاستییەکی گەورەی ناو ڕووداوەکان بەیاندەکرێت. بۆ نموونە داگیرکردن و پڕبوونی ڕووبەری ڕۆژنامەکانی جیهان و بەتایبەتی ئەورووپی بە بابەت لەسەر مردنی (دیانا) ـ ئەمیرەی جوانەمەرگی بریتانیا ـ، دەچێتە ناو پانتایی «ناڕووداوە»وە. بە کورتی دەشێت ڕووداوێکمان هەبێت و لە بەرابەریدا بیرکردنەوەمان نەبێت، بەم پێیە غیابی بیرکردنەوە ڕووداو دەکات بە ناڕووداو. یان دەشێت گوتارێکمان هەبێت کە بەزۆر ڕووداو دروستدەکات و بۆخۆی دەبێت بە خوڵقێنەری بیرکەرەوە و بیرلێکراوە. خەسڵەتێکی تر لە خەسڵەتەکانی «قسەکردن ـ نووسین» ئەوەیە کە دەشێت مانای دووبارەکردنەوە یان تەقلید لەخۆبگرێت، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە بەشێکی گەورەی پێچ و پەناکانی کردەی «بیرکردنەوە».

بەم جۆرە دەکرێ بگووترێت، ئەو کەرەسانەی ڕۆشنبیر وابەستەیەتی، بریتین لە زمان و ئەو زەمینەیەی کە زمان تیایدا لە بزاوتێکی هەمیشەییدایە، واتە پەیوەندییەکانی ناو سیستمی زمان و سیستمی پەیوەندیی (کۆمۆنیکاسیۆن) ناو جیهانی ژیان؛ بۆ نموونە لە کۆمەڵگا یان سیاسەت یاخود ئەدەب، هونەر... هتد. بۆیە دەتوانین بڵێین: گوتار بەشێکی دانەبڕاوی گراماتیکی ژیانی مرۆڤە. با بە هەندێ نموونە ئەم بۆچوونانەی سەرەوەمان دەوڵەمەندبکەین، تاوەکو مەبەستمان ڕوونتربکەینەوە.

لە کۆمەڵگایەک یان لە کۆمەڵەیەک کە پانتایی گوتارەکان لەلایەن کەسانێکی دیاریکراوەوە یان دەسەڵاتێکەوە پاوانکرابێت یان داگیرکرابێت، دەبینین کە هەوڵی تاک تیایدا هەندێ جار شێوەیەکی کۆمیدییانە، خودکوژییانە یان بێهوودەییانە دەگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆی بکات بە بابەت، واتە بە کەسی قسەلەسەرکراو یان لەسەرنووسراو. بوون بەبابەت، واتە مانابەخشین بە بوون یان ئامادەبوون لەناو بوون، یاخود بە مانایەکی تر فۆرمێکە لەجەغدکردن لەسەر «لەناوجیهاندابوون». با ئەمجارە نموونەیەکی ناو کۆمەڵگای خۆمان بهێنمەوە. کاتێک کابرای گوندەکی هەڵدەسێ بە سووتانی شەخسی گوندەکەیان، تەنها لەبەرئەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی قسەوباس، یان ڕووداو و پاشان گوتاری ناو خەڵکی گوندەکە. بۆیە لێرەوە چیرۆکی ئەم کابرایە دەبێتە بابەت و ڕاستییەکی ناو مێژووی ئەو گوندە. ئەمەش دۆزینەوەی ڕاستییەکی جەوهەرییە لە هەناوی پەیوەندییە

کـۆمـــەڵایەتیـــەکـانی نـاو ئەو گـوندەدا، بۆیە ئەوەنـدەی ئەو کـردەیە بووە بە ڕووداو، دەبینین هـیچ کردەیەکی تر نەبووە بە ڕووداوی هەمان گوند، تاوەکو ئێمە لێرەدا باسیبکەین. لێرەدا ئەو پەیوەندییە جەوهەرییەی نێوان دەسەڵات و گوتارمان بۆ ڕووندەبێتەوە.

گـومانی تێدا نییـە هەمـوو کۆمـەڵگایەک لیسـتێک لە مـوحەرەمـاتی تایبـەت بە خـۆی هەیە کـە ئەندامــەکـانی دەبێت ڕێزی لێـبگرن، هەمــوو دەوڵەتێک یاســای تایبــەتی بەرامــبــەر ئەو کـردە قەدەغەکراوەکانە هەیە کە هاونیشتمانییەکانی بۆیان نییە بیکەن، هەموو حیزبێک ڕێککەوتنێکی کۆیی هەیە کە بە پرنسیپەکانی ناو حیزب ناونووسدەکرێت و ئەندامەکانی بۆیان نییە لێی لابدەن. بەکورتی هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یان دەسەڵاتدارێتی یاخود دەزگایی پابەندی چەند ڕێسا و یاسایەکی تایبەتە کە ئەندامەکانی تیایدا بۆیان نییە ئەو تابویانە بشکێنن، وەکی دی ڕووبەرووی سزا دەبنەوە. فۆرمـەکانی سزاش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەوی دی گۆڕانی بەسـەردا دێت، بەڵام بەگشـتی کـردەی (عـملیة) سـزادان بۆخـۆی لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا دەبێـتـە تەکنیـکێک لە تەکنیکەکـانی مـومارەسـەی دەسەڵات و بەرگریکردن لە دەسەڵاتدارێتی؛ یەکێک لە فۆرمەکانی ئەو تەکنیکەش وەکی فۆکو دەستنیشانیدەکات، بریتییە لە «دابڕاندن». (فۆکو: ١٩٩٩) ئامانجی ئەم تەکنیکە بریتییە لە دوورخستنەوە و بێبەریکردنی ئەو تاکە یان ئەو گروپە لە کۆمەڵگا یان لەو کۆمـەڵە. بۆ نموونە لە ناو کۆمەڵە مرۆییەکاندا فۆرمی سزادان لە باشترین حاڵەتدا دوورخستنەوەی ئەو کەسەیە لەو ژینگەیەی کە تیای دەژی، لە دەوڵەتدا زیندانیکردنە، لە حیزبدا دەرکردنە، لە خێزاندا لێدانە... هتد.

هەر لێرەدا جـێی خـۆیەتی بە نموونەیەکی تر بابەتەکـەمـان دەوڵەمـەندتربکەین، ئەویش کـارەسـاتی پەروەردەکردنی ئەوتۆریتێرانە (سـوڵتەوییـانە) و گەڕانەوەیە بۆ پیادەکردنی زەبروزەنگی جەسـتەیی و سـایکۆلۆژی دژ بە قوتـابیان، بەتایبـەت منـاڵان، وەکی مـیتـۆدێکی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی عـەقڵـیی. ئەم دۆخـە لە کـوردسـتـاندا بە جـۆرێکی ترسناک بـاڵیکێشاوە و دەبینین چۆن گـوتاری زەبروزەنگ و فەزای جەنگیش ئەم سیستەمی پەروەردەییە پتر دەوڵەمەنددەکات و دووبارەبەرهەمیدەهێنێتەوە. بۆیە قسـەکردن لەسـەر زەبروزەنگ بەرامبـەر قوتابیان، بە پێویست بە کەناڵەکانی سیستـمی مومـارەسـەی دەسـەڵات لـە هەنـاوی کـۆمــەڵگای ئێـمـــەدا تێـپـەڕدەبێت. لەم پـنتـەوە وەزیفـەیەکی گـرنگی گـوتاری ڕۆشنبیریی بریتی دەبێت لە کارکردن لەسـەر ئەو هەقیقەتانەی کە بـەپەراوێزکراون، فەرامـۆشکراون، نەبینراون، نەبیستراون، نەیارن یان هەن و (پەی)یانپێنابرێت یان کۆنترۆلکراو و ئاراستەکراون

لێرەوە دەچینە ناو گرنگترین کایەی گوتار، ئەویش قسـەکردن و نووسینە لە سـەر هەردوو کـایەی هەقیـقـەت و دەسـەڵات. بۆیە سـانـاییـە بڵـێین کـە یەکـێک لە وەزیفـە جـەوهەرییـەکـانی ڕۆشـنبـیـر ئامادەبونێتی لەناو کۆی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سروشـتی و کولتوورییانە (فیکر، ئەدەب، وێنەکێشان، موزیک...هتد) کە ئەو لە ڕێگای زانستە جیاجیاکان و میتـۆدەکانیـانەوە ڕاڤەیاندەکات، یان لە ڕێگای زمان و ڕەنگ و ئێستاتیکاوە بەیانیان دەکات.

## ڕۆشنبیر و گوتاری بەرگریکردن

بە گـرنگی دەزانم لەسـەرەتادا هێـمـا بـۆ ئەو دەرئەنجـامـە بکەم کـە دەکـرێت لە پاشکۆی ئەم چەند سەرنجەی سەرەوەدا دەستمانکەوێت؛ ئەویش ئەوەیە کە کاری ڕۆشنبیر تەنها ڕەخنەگرتن نییە، وەکی هەندێک بە چەوتی ئەم تـەفسیـرە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەخـەنە پاڵ ڕۆشنبیرەوە، چونکی ڕۆشنبیر لەو چرکەسـاتەی لە ڕاسـتییـە ئەپسـتراکـتـەکان دەکۆڵێـتـەوە و بەیانی مـیکانیـزمـەکـانی بزوتنەوەی کـۆمـەڵایەتی دەکـات یان هەڵوێسـتـێکی ڕەخنەیی مـرۆڤـدۆسـتـانە وەردەگـرێت کـاتێک دەسـەڵاتداران داواکارییەکی ترسناکی لێدەکەن، یاخود لە لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی دەگاتە دەرئەنجـامێک کە دژ بە تابووە سـیـاسی یان ئاینییـەکانە هتد...، ئا لەم دۆخـانەدا ڕۆشنبـیـرە کە ڕاسـتـەوخـۆ بە ڕووی ئەو دەسـەڵاتەدا دەتەقێتـەوە، کە بانگەشـەی پاوانکردنی ڕاستییـەکان دەکات. بۆیە ئەو شـەڕە ئەبەدییـەی

نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات لەسەر هەقیقەت، بە مۆدێلە (ئەفلاتون)ییەکەشی نەک هەر کۆتایی نایەت، بەڵکو دەکەوێتە قەیرانێکی قووڵی ڕەوایەتیشەوە (شەرعییەت)، کاتێک کە دەسەڵاتدارێتی دەداتە دەست فەیلەسوفان. کێشەی سیاسی جەوهەریی بۆ ڕۆشنبیر لەوەدا نییە بەدوای ئەو ئایدۆلۆژیا ڕاستەقینەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی زانست لە تەنیشتیەوە ئیشبکات، بەڵکو کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە سیاسەتی هەقیقەت و ئێستاتیکا بناسێنێ و بسەلمێنێ. سیاسەتی هەقیقەت مانای گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە ناگەیەنێت وەکو ئەوەی لای هەموو ئایدۆلۆژیستێک دەبینرێت، کاتێک دەخوازێت ببێت بە ماشینێکی کولتووری بۆ دروستکردنی «مرۆڤی نوێ»، واتە مرۆڤێک لە وێنەی خۆی، بەڵکو پتر مانای گۆڕینی ئەو سیستەمی بەرهەمهێنانی هەقیقەتە دەگەیەنێت کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و دەزگایی و ئابووریدا هەقیقەتی نەگۆڕ بەرهەمدەهێنن. لێرەدا یەکێکی وەکو فۆکو لەو ئاڵۆزییەی وەزیفەی ڕۆشنبیر ئاگادارمان دەکاتەوە دەڵێت: «بێهوودەیە گەر کاری ڕۆشنبیر لەوەدا بەرجەستەبکەین و بڵێین وەزیفەی ڕۆشنبیر بریتییە لە ڕزگارکردنی هەقیقەت لە دەسەڵات، چونکی هەقیقەت بۆخۆی دەسەڵاتە...». (هـ. س. پ. لاپەڕە ٢٩) کاتێک دەسەڵاتدارێتی فەزای هەقیقەت لە ڕێگای یاسا و دەستوورەوە کۆنترۆڵدەکات، ڕۆشنبیر لە ڕێگای ئێتیکی (ئەخلاق) پیادەکردنییەوە هەوڵدەدات ئامادەبێت و بەرگری لێبکات، کاتێک دەسەڵات بە ناوی بەرژەوەندی نەتەوە و دەوڵەتەوە ناڕەواترین تاوان بەرامبەر بە تاک و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات و دەرگاکانی ڕەخنە دادەخات، ڕۆشنبیر لەپەنجەرەی بەرگریکردن لە بەها و نۆرم و نرخە جیهانگەراییەکانی مرۆڤەوە دێتەژوورەوە. ئالێرەدا ئەو ڕۆڵە ڕەخنەییەی ڕۆشنبیر بەرجەستەدەبێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەمان چیرۆکەکەی (تۆلستۆی) لەگەڵ کابرای ئەفسەردا بهێنینەوە. جارێکیان ئەفسەرێک، بە تێهەڵدان و ئیهانکردن سزایەکی توندی سەربازێک دەدات، چونکی لەکاتی ڕێپێواندا لە ڕیزەکەدا دەردەچێت و بەو جۆرە ڕێکوپێکی ڕیزەکە تێکدەدات. تۆلستۆی پرسیارێک ئاڕاستەی ئەفسەرەکە دەکات و لێیدەپرسێ: تۆ بۆچی ئەم کارە بەرامبەر بە برایەکی مرۆڤی خۆت دەکەیت؟ ئایا نازانیت کە ئەم کردەیە دژ بە پرنسیپەکانی ئایین و خۆشەویستییە بۆ مرۆڤ...؟ ئەفسەرەکەش لە وەڵامدا لە تۆلستۆی دەپرسێ: ئایا جەنابتان ڕێساکانی لەشکرتان نەخوێندۆتەوە؟ (بڕوانە ڤۆلفگانگ م. ف: ١٩٩٥، لاپەڕە ٨)دەشێ ئەم نموونەیە ئەو حاڵەتەمان بۆ بەرجەستە بکات کە ڕێساکانی دەسەڵات و بەهاکانی مرۆڤ هەمیشە لە نێوان دوالیزمی سنووربۆدانان و بێسنووریدا هاموشۆدەکات. لە کاتێکدا دەسەڵاتێک بۆ بەرگریکردن لە ڕێکخستنی خۆی، پەنادەباتە بەر پرنسیپگەلێکی دیاریکراو کە دەشێت ماناکانی مرۆڤبوون تیایدا پێشێلبکرێت، بەرامبەر بەوەش بەهایەکی جیهانگەرایی دێت و ئەم پرنسیپە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک یەکێکیان لە فۆرمی نەتەوەیی، سەربازی یان حیزبی دێت و بەرگری لە سنوورەکانی بەرژەوەندی خۆی دەکات، ئەوسا لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، یان دەزگایی یان ئایدۆلۆژی، دەبینین بەرامبەر بەمەش ڕێسا و نۆرم و بەهای ترمان هەیە کە لە دەرەوەی ئەم سنوورانە بەرگری لە بەهاو نرخەکانی مرۆڤ دەکەن. واتە دەتوانین بڵێین ئەو بەهایانەی کە ڕۆشنبیران بەرگری لێدەکەن «بێ ـ کات» و «بێ ـ شوێن»ن و لە هەموو سەردەم و لە هەموو شوێنێکدا دەتوانرێت بخرێنە گەڕ و بکەونە ململانێوە لەگەڵ بەها و ڕێسا سنووردارەکان. (بڕوانە: هـ. س .پ، لاپەڕە ٧ بۆ ١٩)

ڕۆشنبیری ڕەخنەیی کەسێکە کە دەشێ ئەو چرکەساتانە باشتر بناسێت کە دەسەڵات تیایاندا ترسناک و ڕوخێنەرە یان بەرهەمهێنەر و بنیاتکەرە. ئەو بۆ ئایدیۆلۆژیستەکان و ئەندازیارانی دەسەڵات ئەو گێرەشێوێنەیە کە شەرعییەتی پاوانکردنی هەقیقەتیان لێدەسەنێتەوە، چونکی بەرگری لە فرەکولتووری و فرەدەنگی سیاسی و فیکری و ئێستێتیکی ناو کولتووری کۆمەڵگا دەکات، کاتێکیش دیکتاتۆرێتی و تۆتالیتاریزمیش کەناڵەکانی ئازادی تاک و گروپەکان دەخنکێنێ، ئەو دەبێتە وێژدانی ئەو میللەتە لە زیندان یان لە هەندەران. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، وەکی سارتەر دەڵێت کە

«سوء ئیستیفادە لە ناوداریێتییەکەی دەکات»، و «خۆی تێکەڵ ئەو شتانەش دەکات کە ئەو کاری بەسەریانەوە نییە»، بۆیە ڕۆشنبیران هیچ کاتێک جێگای متمانە نین بۆ دەسەڵاتداران و لە ڕێزی یەکەمی ئەو کەسانەن کە لە سیاسەتی پاکژکردنەوەی کۆمەڵگادا، سەر و قەڵەمیان دەقرتێنرێت. ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤە سەربەخۆیەیە کە پێمان دەڵێت: لەکوێ ململانێی فیکریی کراوە هەبێت، لەوێندەر گوتاری بەرپرسیارێتی هەیە، لە کوێ کێشە هەبێت، لە وێندەر چارەسەر هەیە. ڕۆشنبیر ئەو زەنگەیە کە دوالیزمی شادی و ترس لێدەدات. ئەو لە دەمی (برێشت)ـەوە پێماندەڵێت: «گێلێتی کەی ئاستێکی گەورە و سامناکی لە خۆیگرت، ئەوکاتە دەبێتە حاڵەتێکی نادیار و نەبینراو». ئەو لە زمانی (پاسکال)ـەوە ئاگادارماندەکاتەوە و دەڵێت: «گەر دەتەناوێ بەعەقیدەبن، ئەوکات دەبێت خۆتان گێلبکەن»... هتد. واتە کەی گێلێتی بوو بە گوتاری باو، کەی بەعەقیدەکردنی کۆمەڵگا بۆ بە ستراتیژی یەکڕەنگکردنی بیرکردنەوە و بڕوا، گێلێتی بەرهەمدێت. سەروەرێتی ئەم دۆخەش لە نەبوونی ڕەخنەدایە، واتە گەر ڕەخنەگرتن ئامادەنەبێت ئەم حاڵەتی گێلێتییە، یان گێلکردنە چەندە ڕەهەندێکی گەورە لەخۆیبگرێت ببێت بە بڕوایەکی کۆیی، ئەوەندەش نەبینراو و نادیار دەبێت و بەوجۆرەش مۆرکێکی ئاساییبوون بەخۆی دەبەخشێت. بۆ نموونە سەرتاپاگیربوونی ئایدۆلۆژیای نازیزم لە ناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا ئەو حاڵەتە ترسناک و نادیارەی گێلێتیمان بۆ بەرجەستەدەکات، کە عەقیدەی نازیزم لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا چاندی. بۆیە دەبێت لەگەڵ (بۆردیۆ)دا بڵێین ڕۆشنبیر چاودێریکەرێکی ڕەخگرانەی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگایە. گەر ئەم خەسڵەتەشی نەبوو، ئەوا گێلانە ئەچێتە ناو عەقیدەکانەوە، وەکی چەندان ڕۆشنبیری گەورە لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکاندا کردیان و بوون بە «پێشڕەوی چینایەتییان». سەرەڕای ئەم خەسڵەتە چاودێریکەرەشی، ڕۆشنبیر خاوەنی پیشەیەکیشە کە (بۆردیۆ) بە کردەی «مامان»ێتی ناونووسیدەکات. با بزانین «مامانێتی» لە دیدی بۆردیۆدا مانای چییە؟ مامانێتی ئەو چرکەساتەیە کە ڕۆشنبیر تیادا لەو حاڵەتە (سۆکرات)ییە ئاگادارماندەکاتەوە کە «مامان» دەشێت خۆشی منالی ببێت، بۆیە دەبێت لەبوارەکەی خۆی پسپۆڕبێت، ئەگینا «ڕۆشنبیر ـ مامان» دەشێت هەم منالەکە و هەم دایکەکەش بکوژێت. (بڕوانە: بۆردیۆ. ١٩٩١) بۆیە پسپۆڕێتی دەبێتە ئەو بوارەی کە ڕۆشنبیر دەتوانێت تیایدا بەدەسەڵات بێت. دەسەڵاتیش لێرەدا لە پێناوی دروستکردنی ژیان و ئیستاتیکای بووندا بەکاردەهێنێ.

کەم نین ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە لە هەناوی خۆیاندا قینێکی قووڵیان بەرامبەر بە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتیی هەڵگرتووە. بزوتنەوەی نازیزم لە ڕۆژئاوا و بەعسیزم لە دونیای خۆمان دەکرێت بە بەرجەستەترین حاڵەت لەقەڵەمبدەین. دیارە ئەم قینە هەمیشە لەپشت فۆرم و گوتاری ڕۆشنبیرئامێزانەوە خۆی دەشارێتەوە. بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایانە ڕۆشنبیر ئەو چاویلکە لەچاوەیە کە هیچ ڕەگێکی قووڵی لەناو «گەل»دا نییە، نەیارە بە خواستەکانی گەل؛ ئەو شتانەشی باسی لێوەدەکات و لەسەریان دەنووسێ کەس لێیان تێناگات و دوورن لە ڕۆحی گەل و نەتەوەوە... لەم گۆشەنیگایەوە ئەم بوونەوەرە دەبێتە وێنەیەک کە هەڵگری هەموو توخمێکی ترسناکییە، دەشێت ببێتە شێوێنەرێکی بەها پاکژەکانی نەتەوە و هێنەری بیری نەیار و نامۆ بە واقیعی کولتووری و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی. بەم جۆرە لە دوادەرئەنجامدا وێنایەک (تصور) بۆ ڕۆشنبیر دروستدەکرێت کە دەکرێت لە هەموو چرکەساتێک بە خائین و بێگانەپەرست و لە کۆتاییشدا وەکو دوژمنێک ببینرێت. کاتێک ڕۆشنبیر دەبێتە ئەو بوونەوەرە وێناکراوە، ئەوسات دەبێت بە ئامانجێک لە ئامانجەکانی دژایەتیکردن و تۆقاندن و ڕاونان. یەکێک لە سیاسەتە ڕۆشنبیرییەکان کە لە سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا پیادەدەکرێت بریتییە لە بێماناکردنی فیکر و ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتیی. لەم جۆرە سیستەمانەدا ئەندامی حیزب، ئەمنێک، ئیستیخباراتێک یان سەربازێک پایەیەکی بڵندتر و بەرچاوتر لە ڕۆشنبیر وەردەگرن. لێرەوە ڕۆشنبیر دەچێتە ناو خانەی ئەو «کەمایەتی»یانەی (ئەوسا ئەتنی بێت یان ئایینی یاخود زمانەوانی یان ڕەگەزیی... هتد) کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی «زۆربە»دا (لە دیدی دەسەڵاتداردا) یەکناگرنەوە. ئەو دەبێتە ئەو ڕەگەزەی کە ڕیزەکانی گەل و یەکێتی نەتەوە تێکدەدات (گەل و نەتەوە وەکو ئەو

چەمکەی کە فاشستێک یان نازیستێک یاخود بەعسیستێک کارپێدەکات). ئەو شێوێنەری ئەو گەمانەیە کە ئایدۆلۆژیستەکان بۆ کۆمەڵگای دادەنێن. شێوێنەری ئەو ڕێسایانەیە کە ماناکانی مرۆڤی تێدا پێشێلدەکرێت. پێکۆڵکەری ئەو سیستەمەیە کە بەها گەردوونییەکانی تێدا دەسڕدرێتەوە. بە مانایەکی دی ڕۆشنبیر ئەو بوونەوەرەیە کە بە هەردوو کایەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە (تەدخول ـ Intervention) دەکات. (فۆلفگانگ م. ف: هـ. س. پ)

لەو نموونەیەی تۆلستۆیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تەدەخول لە شێوەی پرسیار و وەڵام لەسەر بریندارکردنی مافی مرۆڤ، دەبێتە ئەو پیشەیەی کە دەدرێتە پاڵ ڕۆشنبیر و مرۆڤی خاوەنهەڵوێست. کاتێک ڕۆشنبیر دەبینێت کە مافی مرۆڤێک یان گروپێک پێشێلدەکرێت، ئەو ڕاستەوخۆ خۆی بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە دەزانێت. ئەو پرسیار ناکات لەوەی ئایا ئەم مرۆڤە کوردە، جووە یان ئەمازیغی، لیبراڵە یان ئیسلامییە یاخود مارکسی، چونکی بە تەنێ بریندارکردنی مافەکانی ئەو مرۆڤە یان ئەو گروپە لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود ئایینییەوە، گەواهی ئەوەن کە هەندێ ڕێسای گەردوونیی هەیە و دەسەڵاتداران نایانەوێت بیبینن و ڕێزیلێبگرن.

بە دوو نموونەی ناو مێژووی سیاسی نوێی کوردستان بەرجەستەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەم. دیارە هەڵوێستی هەندێ لە ڕۆشنبیران لە (٣١)ی ئاب و داگیرکردنی هەولێر چەندە لە دیدی حیزبییەوە ناوی پەرچەکرداری لێبنرێت، لای ڕۆشنبیرێک دەبێت بە بەشێکی ترسناکی گوتاری بەرگریکردنی حیزب لە سەروەری خۆی و کەوتنی مانای ئیجماعی سیاسی نەتەوەیی، لای یەکێکی دی دەبێت بە کوشتنی یادەوەری مرۆڤی کورد… هتد، واتە دەبێت بە گوتارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی دەتوانێت خۆی لە گوتاری حیزبی جیابکاتەوە. یان هەڵوێستی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد لە شاری سلێمانی، بەرامبەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی دژ بە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری دەچێتە ناو ئەو خانەیەی کە ڕۆشنبیران لە ئاستی جیاجیای بیروباوەڕی فیکری و ئایدۆلۆژی، کە هەندێکیان وەکی فیکر یان ئایدۆلۆژیا بە دوور یا نزیک لەگەڵ ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستەکاندا تەبا نین، بەڵام بەرامبەر کردەی کوشتنی چەند ئەندامێکیان، پشتئەستوور بە بەها دیموکراسییەکان، هەڵوێست وەردەگرن. بەگشتی دەبینین تەدەخولی ڕۆشنبیران لەسەر بریندارکردنی مافی مرۆڤ و ڕووداوە چارەنووسسازەکان پێشێلکردنی مافە دیموکراسییەکان هەمیشە دەبێتە خاڵێکی ناڕەحەتکەر بۆ دەسەڵاتداران.

گوتاری تاکحیزبی گوتارێکی ئەشیعە ئاسایە و دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە، گوتاری ڕۆشنبیری سەربەخۆش گوتارێکی بەرگریکەرانەیە لە فرەدەنگی کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنی و کولتووره هەمەڕەنگەکەی.

## چەند تێبینییەک لەسەر ئیشکالییەتی پێناسی ڕۆشنبیر

فۆکو لە چاوپێکەوتنێکدا بەم جۆرە لەسەر ڕۆشنبیر دەدوێت.

«پرسیار: دەتوانن بڵێن کە ئەمڕۆ ڕۆشنبیران قسە زۆر دەکەن؟ لە هەموو بۆنە و نابۆنەیەکدا بە گوتارەکانیان گوتاربارانمان دەکەن؟

فۆکو: من وای بۆدەچم کە ڕۆشنبیر، ووشەیەکی غەریب بێت. ڕۆشنبیر ـ من تاوەکو ئێستا شتێکی لەو بابەتەم نەبینیوە. من خەڵکم بینیوە کە ڕۆمان دەنووسن، کەسانی ترم بینیوە کە لەگەڵ نەخۆشەکاندا کاردەکەن. خەڵکانێک، کە لێکۆڵینەوەی ئابووری دەکەن و هەندێکی تریان موزیکی ئەلیکترۆنی دادەنێن یان دەنووسن. من خەڵکانێکم بینیوە کە دەرس دەڵێنەوە، وێنەدەکێشن، خەڵکانێکی تریشم بینیوە کە تێیان نەگەیشتووم ئایا ئەوانە هیچ شتێک دەکەن. من ئەمانەم بینیوە، بەڵام ڕۆشنبیرم هەرگیز نەبینیوە. لەم بەینەشدا خەڵکانێکی زۆرم بینیوە کە دەربارەی ڕۆشنبیران دەدوێن. لە دوتوێی گوێگرتنێکی زۆرە توانیم وێنەک دروستبکەم، تاوەکو بزانم ئەم بوونەوەرە دەبێت

چی بێت. ئەمەش کارێکی سەخت نییە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە تاوانی هەیە. تاوان لەسەر هەموو شتێک: تاوانی قسەکردن، بێدەنگبوون، هیچ نەکردن، خۆهەڵقورتاندن لەسەر هەموو شتێک... بەکورتی، لەو جێگایەی گەڕان لەدوای هەقدا هەیە، لەو شوێنەی حوکمدەرێت، سزادەرێت و دابڕاندن دروستدەکرێت ڕۆشنبیر ئامادەیە. من وای نابینم کە ڕۆشنبیر زۆر قسەدەکات، بۆ من ئەو بوونی نییە.» (بڕوانە فۆکو: ١٩٩٩، لاپەڕە ١٤ )

وەکی ڕوونە فۆکو لەم وەڵامەیدا ئیشکالییەتی پێناسی ڕۆشنبیرمان لە ڕۆژئاوادا بۆ دەردەخات. لە ڕۆژئاوادا ڕۆشنبیری جیهانگەرایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو ڕۆشنبیرانەن کە پێکهاتێکی مێژویی تایبەتیان هەبوو، ئەو کەسانە بوون کە پڕ بە مانای ووشەکە (نووسەر) بوون و بەس. لەم گۆشەنیگایەشەوە وەکی کەسێ کە بەرگری لە دادپەروەری دەکات یاخود وەکی پیاوی یاسا و بەها جیهانییەکان دەناسرا یان خۆی دەناساند، واتە ئەو کەسەی دژ بە دیسپۆتیزم و بەکارهێنانی ناڕەوای دەسەڵات بوو وە جیهانگەرایی داد و یەکسانی لە فۆرمی ئایدیالەکەیدا بەرامبەر بە تەعەسوفییەتی دەسەڵات دادەنا. فۆکو ڕای وایە کە ڕۆشنبیر بە مانا سیاسییەکەی نەبا بە مانا سۆسیۆلۆژی و پیشەییەکەی، (واتە ئەو ڕۆشنبیرەی کە زانستەکەی و پسپۆڕێتییەکەی دەخاتە گەڕ بۆ خەبات لە پێناوی بەرگریکردن لە هەقیقەت)، لە سەدەی هەژدەهەمدا لە هەناوی یاساناسەکانەوە دەردەچێت. ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە مانا جیهانگەراییەکەی یاسا دادەنێن و یەکسانی مرۆڤ بەرامبەر بەو بەهایانە دەبین. دیارە کەسایەتییەکی وەکو (فۆلتێر) بەڕای فۆکو ئەو نموونەیەیە کە دەچێتە ناو خانەی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرەوە. سەدەی بیست و بە سیاسیبوونی ژیانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی جیهانی و دروستبوونی کایەی کۆمەڵایەتی نوێ، سەدەی ماڵئاواییکردنە لە فۆرمی ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیری گەردوونیی. لەم دیدەوە مانای ڕۆشنبیر بەگشتی ئەو بوونەوەرە دەگرێتەوە کە لە خەباتدایە بۆ بیناکردنی «سیستەمێک لە هەقیقەت» یان بەلایەنی کەمەوە نزیکبوونەوەیە لە هەقیقەت. بە ڕای فۆکو (هەقیقەت) بە مانای کۆی ئەو شتانە نایەت کە دەبێت بدۆزرێنەوە، بەڵکو بە مانای ئەو ڕێسایانە دێت کە هەڵە لە هەقیقەت جیادەکەنەوە و بەو هەقیقەتیەش دەسەڵاتێکی تایبەتمەند دەبەخشێت. بەم چەشنە کێشەی سیاسیی ڕۆشنبیر لە زاراوەی (زانست/ئایدۆلۆژیا) نییە، بەڵکو لە زاراوەی (دەسەڵات/هەقیقەت)دایە. ئەمەش ئەو «ڕۆشنبیرە تایبەتمەندە» بەرهەمدەهێنێت کە لەم سەدەیەدا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتووە. واتە گەر جاران زاناکان یان نووسەران تاکە ڕۆشنبیر بووبن کە لەناو بازنەی دەسەڵاتدا دەخولانەوە، ئەوا لە سەردەمی نوێدا گۆڕانکاری لە کۆی ئەم چەمکەدا ڕوودەدات و دەزگاکانی بەرهەمهێنانی فیکر بە تەنها لەو بازنە تەسکەدا ناخولێنەوە، بەڵکو دەچنە ناو دەزگا نوێکانی بەرهەمهێنانی زانست، وەکی لە نموونەی زانکۆدا بەرجەستە دەبێت یان لە سەردەمی ئێستاماندا لە فۆرمی ڕێکخراو و دەزگا کولتووری و فیکری و زانستی و هیومانییەکاندا بەرجەستەدەبێت و ئامانجیان بەرگریکردنە لە بەها دیموکراسییەکان و ماف و دادپەروەری و پێشکەوتن.

بە لەدایکبوونی ئەم چەشنە لە ڕۆشنبیر ماناکانی ڕۆشنبیر گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردادێت. فۆکو ئەم چەشنە لە ڕۆشنبیران بە (ڕۆشنبیرانی تایبەتمەند) (spezifische Intellektuellen) ناونووسدەکات و بەرامبەر چەشنە کلاسیکییەکەی ڕۆشنبیران دایدەنێت کە ئەو لە زاراوەی (ڕۆشنبیرانی گەردوونی یان جیهانگەرا)دا (universelle Intellektuellen) بەرجەستەیدەکات.

بەم جۆرە ئێمە بەرامبەر بە کێشەیەکی ترین لە کێشەکانی وێنابەخشین بە ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر بەم مانایە پتر ئەو بوونەوەرە دەگرێتەوە کە لە کایەی سیاسەتدا ئامادەیە. لەو چرکەساتەوە لەدایکدەبێت کە زانستەکەی دەخاتە خزمەتی هەقیقەت و بەرگریکردن لە هەق و بەها و مانا گەردوونییەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە لەو چرکەساتەوەی کە زانکۆ لەوە دەدەچێت کە لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتێکی سیاسی کاربکات، ڕۆشنبیری تایبەتمەند بەرهەمدێنێت. هەموو ئەو بوارانەی زانست دەشێت لە چرکەساتی بەرپرسیارێتییان و بەرگریکردندا هەڵوێستی ڕۆشنبیرانە وەربگرن. بەم شێوەیە چیدی

شەڕی دەسەلات بەتەنها لەگەڵ یەک یان دوو نووسەر ـ ڕۆشنبیردا نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆی ئەو هێزە کۆمەلایەتییە لۆکالانەیە کە ئەم هێزە فیکرییانە کاری تیادادەکەن و لە خەباتدان بۆ گەورەکردنەوەی شانسی ژیانیان.

فۆکو ڕای وایە یەکەم ڕۆشنبیر کە لەسەر زانستەکەی ڕووبەڕووی سزادانی سیاسی بووبێتەوە بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی زانستێکی تایبەتمەندە و پسپۆڕە لە بوارێکی تایبەتی زانستیدا و هەڵوێست وەردەگرێت، (ئۆپنهایمەر)ی زانای فیزیک بوو. لە کاتێکدا ئۆپنهایمەر هەڵدەستێت بە ڕەتکردنەوەی خواستی دەوڵەتی ئەمریکی بۆ برەوپێدانی بۆمبی هایدرۆجینی و بەم جۆرەش ئامادە نابێت بەم کارە ترسناکە هەڵسێت، چونکە پەی بە ئاکامەکانی ئەم کارە هیولاییە بۆ سەر دواڕۆژی مرۆڤایەتی دەبات و لەسەر ئەم بناغەیەش بەرپرسیارێتییەکەی وەکو زانایەک، لە ڕووی ئێتیکی (ئەخلاق) و سیاسییەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بە ئەرێ وەلامدانەوەی بۆ ئەم داواکارییەی دەسەلاتدارێتییە سیاسییەکە. بۆیە لە سەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەیدا دادگاییدەکرێت و بە کۆمۆنیست تاوانبار دەکرێت. ئەم هەڵوێستە لە ڕووی زانستی و ئێتیکییەوە (ئەخلاق) کاریگەرییەکی سیاسی گەورە بەسەر مێژووی دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و کۆی ئەو مانایانەش دەگۆڕێت کە دەشێت ڕۆشنبیر هەڵگری بێت.

فۆکو سێ چەشنمان لە تایبەتمەندێتی بۆ دیاریدەکات کە بەڕای ئەو ڕۆشنبیر هەڵگرێتی: یەکەمیان تایبەتمەندێتی چینایەتییەکەی (بۆ نموونە ئەو ڕۆشنبیرەی کە لە خزمەتی کاپیتالدا کاردەکات، یان ئەو ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەی کە خۆی بە ڕۆشنبیری پرۆلیتاریا دادەنێت). دووەمیان تایبەتمەندێتی ژیان و دۆخ و مەرجەکانی کارکردنە کە ڕۆشنبیرێک ئیشی تێدا دەکات (شوێنی دیراسەکردن، تاقیگە، لە زانکۆ... هتد). سێیەمیان تایبەتمەندێتی سیاسەتی هەقیقەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا. (بڕوانە فۆکو: ١٩٩٩، لاپەڕە ٢٢ بۆ ٧٣)

بە پێی ئەم بەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا ئایدۆلۆژی ـ دەزگاییەکەی، ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا سۆسیۆلۆژییەکە و پیشەییەکەی، ڕۆشنبیرمان هەیە بە مانا ئەپستیمییەکەی. لەم گۆشەنیگایەوە ڕۆشنبیر مانایەکی سیاسی لەخۆیدەگرێت، بەبێ ئەوەی سیاسەت بکات، ئەو بوونەوەرەیە کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی و سیاسی هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاردا.

ئەمە بەکورتی و بە چڕی کۆی ئەو وێناکردنە پراکسیسییەیە کە ڕۆشنبیر لەئاستی بەرهەمهێنانی گوتاردا دەتوانێت هەڵگریبێت. بەلام با بپرسین ئایا شوێنگە و خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیرێتی کوردیدا چییە؟ ئایا ڕۆشنبیری ئێمە گوتاری تایبەت بەخۆی بەرهەمهێناوە؟ ئایا لە واقیعی ڕۆشنبیریی ئێمەدا دەتوانرێت گوتاری ڕۆشنبیری لە گوتاری سیاسی جیابکرێتەوە، یان گوتاری ڕۆشنبیر لە گوتاری حیزب جیابکرێتەوە؟

### چەند سەرنجێک لەسەر ئیشکالییەتی بەرهەمهێنانی گوتار لە ڕۆشنبیریی کوردیدا

کاتێک دێینە سەر بابەتی دیاریکردنی شوناسی ڕۆشنبیری کورد، ڕووبەڕووی زیاد لە پێناسێک دەبینەوە. ڕاستییەکی زمانەوانی نەشاراوەیە لەناو کولتووری ئێستای کوردیدا، کە زاراوەی ڕۆشنبیر یان ڕۆشنفکر مانایەکی پۆزەتیڤ لەخۆیدەگرێت. ئەم دەستتکەوتەشی ئاکامی هەندێ هۆکار و گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسین. بۆ نموونە ئێمە لە سەردەمێکدا شێخ و مەلا و میرزامان هەبوو کە تاکە خوێنەوار و پێشڕەوی ئایینی و سیاسی و ئەدەبی ناو کۆمەڵگای کوردی بوون. لە کۆتایی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە چەشنێکی نوێمان لە ڕۆشنبیران بۆ دروستدەبێت کە چیدی لە مزگەوت و حوزەی ئایینییەکانەوە دەرناچن، بەڵکو لە دەزگاگەلێکی نوێوە کە بەرهەمی مۆدێرنەیە، وەکو قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە نوێ و تایبەتمەندە لە دوای

جەنگی جیهانی دووەمەوە، هێدی هێدی جێگا بە رۆشنبیری تەقلیدی چۆڵدەکات و دەبێتە «گروپێکی ستراتیژی» نوێ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. واتە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکی کۆمەڵگای کوردی، (شێخ و مەلا و فەقێ و میرزا) تاکە خوێنەوارانی ئەم میللەتە بوون، بۆیە نەک بەتەنها وەکو رۆشنبیری کۆمەڵگا تەماشادەکران، بەڵکو رۆڵێکی ستراتیژیشیان لە ئاستە سیاسییەکەیدا هەبوو. بەڵام کاتێک خوێندەواری دەبێتە بەشێک لە سیستەمی خوێندن و منالانی دەوڵەمەند و هەژارانیش توانای خوێندنیان دەبێت، ئیدی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان خوێندەوار و رۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەپچرێت. واتە هەموو کۆلکە خوێندەوارێک بە پێویست شوناسی رۆشنبیری پێنابەخشرێت، وەکی لە رابردوودا هەیبوو.

لە ئاستی سیاسییەکەشیدا ئێمە رەچاوی ئەو دیاردەیە دەکەین کە بە دروستبوونی ئەم گروپە ستراتیژییە نوێیە لە شاری کوردی، گوتاری نوێش بەرهەمدەهێنرێت و دەزگای مۆدێرنیش دروستدەکرێت بۆ ئەوەی بەرجەستەی خواستە نوێیەکاننی تێدا بکرێت؛ ئەوسا لە ئاستی فیکریدا رۆژنامە و چاپەمەنی دروستدەبێت، لە ئاستی هونەریدا گروپ و رێکخراوی نوێ دروستدەبێت، لە ئاستە سیاسییەکەشیدا، گەر برێکی زۆری درێژکراوەی ئەم دوو کایەیە نەبێت، ئەوا لەناو دەزگای کۆمەڵە و حیزبی مۆدێرندا خۆی بەرجەستەدەکرد.

لێرەوە ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی گوتاری نەتەوەیی و رۆشنبیرانی تایبەتمەند و پسپۆر دروستدەبێت. رۆشنبیر (ئەدیب، هونەرمەند، نووسەر، دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان... هتد) دەبن بە هەڵگری گوتاری نوێگەریی و پرۆسەی بەسیاسیکردنی فەزای ژیان دەخەنەگەڕ و دەبن بە نووسەر و قسەکەری خواستەکانی میللەت، دەبن بە دروستکەری فۆرمی نوێ لە دەزگای رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری.لەم چرکە ساتەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان رۆشنبیر و بە سیاسیکردنی رۆشنبیرێتی دەستپێدەکات.

من وایدەبینم ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تاوەکو ئێستا رۆشنبیرە سیاسییەکانی حیزبیی بە بەدگومانییەوە تەماشای ئەو دەرکەوتە فیکریی و فەلسەفییانە بکەن کە لە لایەن رۆشنبیرانی نوێوە دروستدەبن و ترسی دوژمنایەتیکردنی دەسەڵاتیان تیادادەبینن، بەوەی کە لەو ئاستەدا نەمێنێ و هەنگاو بەرەو بەسیاسیبوون بنێت. ئەمە ترسێکە و سەرچاوەکەی لەو وەزیفە سیاسییەدا بەرجەستەدەبێت کە رۆشنبیر لە مێژووی سیاسی ئێمەدا هەڵگری بووە. دیارە من لە شوێنی تر لەسەر مانا سۆسیۆلۆژی و رۆڵە سیاسییەکان و ململانێی هەردوو «گروپی ستراتیژی شار و لادێ»، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا قسەمکردووە، بۆیە مەبەستمە لێرەدا بەم چەند سەرنجە لەسەر پێشکەوتنی مانای رۆشنبیر بوەستم، چونکی وایدەبینم بابەتێکی سەربەخۆیە و پێویستی بە توێژینەوەی مێژوویی و سیۆسیۆلۆژی گەورەتر هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پتر مەبەستمە، دیاریکردنی هەندێ سیمای هەنووکەیی رۆشنبیر و دۆخی رۆشنبیریی کوردییە.

بە گشتی دەتوانم بڵێم، دوو حاڵەتی سامناک رووبەری رۆشنبیریی کوردیی پاوانکردووە. یەکەمیان بریتییە لە نەبوون یان غیابی ئیشکالییەتی فیکریی. دووەمیشیان بریتییە لە داگیرکردنی کایەی رۆشنبیریی لەلایەن سیاسەت ـ حیزبەوە، یان بە مانایەکی دی بەسیاسیکردنی کایەی رۆشنبیریی و مۆنۆپۆڵکردنی لەلایەن حیزبەوە، واتە ستراتیژی پەلکێشکردنی هەموو گوتارەکان بۆ ناو گوتاری ململانێکانی حیزب. هەردوو ئەم حاڵەتەش یەک بەرهەمیان هەیە، ئەویش وونبوونی بەرهەمهێنانی گوتارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆی زانستییە. ئەم دۆخەش وادەکات ئەو ئیشکالییەتانەی دروستدەکرێن یان هەن، دوور و نزیک پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە نەبێت. با چاوێکی خێرا بە هەندێ لەو ئێستگایانەدا بخشێنین کە لە مێژووی نوێماندا کەم تا زۆر بوونەتە رووداوی رۆشنبیری. لە رۆشنبیریی کوردییدا، وێنەی چەندان گفتوگۆمان هەیە کە بە هیچ کلۆجێک ناکرێت بە بەرهەمهێنیی مەعریفی و دروستکەری گوتاری زانستیی لەقەڵەمبدرێن، لە

ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە شەڕی ناوخۆیی کوردستان چەندان «نووسەر ـ ڕۆشنبیر» بەرهەمدەهێنێ، ئەوانەی کە «هەڵوێست» بەرامبەر بە حیزبەکان وەردەگرن. دیارە لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە خودی هەڵوێستوەرگرتن کردەیەکی نادروستە، بەڵکو مەبەستم لەوەیە کە درامای ئەم جۆرە کەسانە لەوەدایە کە خودی «ڕووداو»ەکە خۆی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئەو فیگورانەی کە سیفەتی «نووسەر»یان پێدەدرێت، نەک نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان. پاشان ئەو حاڵەتی هەڵوێستوەرگرتنە کە ئەوان تیایدا کاردەکەن زۆربەیان بەرهەمێنی «گوتاری جنێو»ن (گەر بتوانین ئەم زاراوەیە بەکاربهێنین) بە سەرکردە سیاسییەکان یان موهاتەراتی سیاسی و شەڕفرۆشتنە بە هێزە سیاسییەکان و هەندێ جاریش هەڕەشەی دروستکردنی هێزی ئەڵتەرناتیڤیان لێدەکردن، وەکی ئەوەی کوردی بەدبەخت حیزبی کەم بێت! لەڕاستیشدا ئەم چەشنانە لە «نووسەر» لە گەمەی پێشبڕکێی پۆلگیری (ئیستیقتاب) «ڕۆشنبیران» لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییە جیاوازەکان، بە جۆرێکی مشەخۆرانە سوودیان وەرگرتووە و هەر ئەم ململانێیەش دروستیکردوون. من وایدەبینم دیاردەی دروستکردنی ڕۆشنبیر لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیریی حیزبییەوە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر ئەم حاڵەتە کارەساتاوییەی ڕۆشنبیریی کوردی دروستکردووە. بۆ نموونە لە قۆناغێکدا کە شەڕی ناوخۆیی کوردستان بازدەداتە ناو سنووری شەڕی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ حیزبی پارچەکانی دی، دەزگایەکی وەکو تەلەفیزیۆنی «مێد. تی. ڤی.»یش دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنی «ڕۆشنبیری خاوەنهەڵوێست» و سەکۆیەک بۆ «خوتبەدان» نەک بەرهەمهێنانی «خیتاب ـ گوتار»، وەکو هەندێ لە تێنەگەیشتنەوە تێکەڵاویاندەکەن. لە سەرەتادا شەڕی نێوان پ.ک.ک. و هێزە کوردییەکان و پاشان وەکو هەموو دەزانین، هاوکێشەکان دەگۆڕێن و دەبێت بە شەڕی نێوان پ.ک.ک و پ.د.ک. ئەم دەزگایە لە قۆناغی جیاجیادا چەندان «ڕۆشنبیر ـ ڕۆژنامەنووس»ی دروستکرد، بۆ ئەوەی بێنە سەر تەلەفیزیۆنەکەیان و لە قۆناغی یەکەمدا قسە بە هەردوو حیزبەکەی کوردستانی باشوور بڵێن و لە قۆناغی دواییشدا لایەنی لایەکیان بگرن و لایەنەکەی تریش ناوزڕبکەن. ئەم ڕووداوە تراژیدییانەی نێوان حیزبە کوردییەکان بەردەوام «ڕۆشنبیری بەپەلە»یان بۆ بەرهەمدەهێنایین بۆ ئەوەی شەرعییەت بە کردە سیاسییەکانیان و پڕوپاگەندە حیزبییەکانیان بدەن.

جگە لەم جۆرە «نووسەر»انە، ڕۆشنبیریی ئێمە خاوەنی چەشنێکی تری تراژیدییانەی «نووسەر ـ ڕۆشنبیر»ە. ئێمە خاوەنی نووسەرگەلێکین کە ڕادەی ڕۆشنبیرێتییان لە بیرکردنەوە و ئیجتیهاد گەیشتۆتە ئەوەندە ئاستێکی «پەپوک»ییانە (بائس) کە لە پێناوی بەشداربوونیان لە بەرهەمهێنانی «ڕووداو»دا پێشنیاری دروستکردنی «کارەسات» دەکەن، بۆ نموونە تەقلیدکردنی فۆرمی «خۆسووتاندن» وەک کەرەسەیەک بۆ هەڕەشەکردن و لە هەمانکاتیشدا نائومێدییەک بەرامبەر بە شەڕی ماڵوێرانکردنی ماڵی کورد لەلایەن «حیزبە شەڕانگیزەکان»ییەوە، هەروەکو هەندێ ڕۆشنبیر لە شاری هەولێر پێیهەڵسان. ئەمە ئەو دیوە دراماتیکییە کاریکاتۆرییەی نەتوانینی ڕۆشنبیری ئێمەیە لە قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداوەکان، یان نەتوانینی خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان بەرجەستەدەکات. بۆیە لەبری دروستکردنی گوتارێک لەسەر ئەو ڕووداوە، لەبری قسەکردن و نووسین لەسەر ڕووداو، لەبری بەرهەمهێنانی فەنتازیای «شەڕی مەدەنی» دژ بە «شەڕی چەکداری» و لەبری خوڵقاندنی لۆژیکی دیالۆگ بەرامبەر بە لۆژیکی شەڕ، دەبینین ئەوانە خودی خۆیان دەکەن بە گوتاری ڕووداوێک، بە قسەلەسەرکراوێک، کە لە هەڕەشەی خۆسووتاندندا بەرجەستەدەبێت. ئەمە ئەو بەدحاڵیبوونەیە کە ڕۆشنبیری کوردی تیادەژی.

با لەسەر ڕوویەکی تری نوێی ئەو تراژیدیایەی نووسەر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی قسەبکەین. دیارە کۆی ئەم بابەتە قسە لەوە زۆرتر هەڵدەگرێت لەوەی لە دووتوێی ئەم چەند سەرنجەدا باسی لێوەدەکەم. ئێمە لە کوردستان لەشکرێکی گەورەمان لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی حیزبی هەیە؛ ئەوەی بابەت نییە بۆ ئەم ستافە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگایە وەکو گشتێک و سنووربەندکردنی دەنگوباسەکانە لەناو جوگرافیای دەسەڵاتدارێتی حیزبدا، وەکی ئەوەی بەتەنها ئەوانە ڕووداوبن کە

لەناوچەکانی خۆیان بیریان لێدەکرێتەوە و دەکرێن بە بابەت و نووسین، چونکی ستراتیژی ڕۆشنبیریی حیزب پێیاندەڵێت: ڕووداوەکانی دی دەبێت بخرێنە ناو ڕەفەکانی بابەتە فەرامۆشکراو و لەیادکراوەکانەوە. بۆیە ڕۆژنامەگەریی ئێمە ئەوەندەی تەعبیر لەو پێچ و پەنایانەی بیرکردنەوە دەکات، کە بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی گوتاری حیزب خۆیەتی لەنێو کۆمەڵگا، ئەوەندە تەعبیر لە خودی کردەی بیرکردنەوە ناکات لەسەر بیرلێکراوەکان و بابەتەکان یان ڕووداوەکان. بیرلێکراوەکان لای ئێمە هەمیشە «ئەوی دی»یە یان «حیزبە نەیارەکە»ی ئەولا یان ئەملایە. بۆیە «بیرلێکراوە» و «ڕووداو» ئەوەندی کایەیەکی گوتارئامێزیی حیزبییە، هێندە کایەیەک نییە لەناو کایەکانی ناو کولتوور و کۆمەڵگا. هەواڵی ڕووداو یان ڕووداوەکان لە ناوچەی سلێمانی، هەولێر یان دهۆک لە کەناڵەکانی تری دەنگوباسەوە، یان لە ڕێگای ڕۆژنامەی (الزمان) یان (الحیاة)ـەوە دەگات یان دەگەیەنرێت بە ناوچەکانی یەکدی، لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسمان هەیە کە بە قاچاغ دەچێت (یان دەنێردرێت؟) بۆ لوبنان، بۆئەوەی ڕاپۆرت لەسەر بەیروت بنووسێت! ئایا ئەم حاڵەتانە بەرجەستەی ئەو تراژیدیایە ناکەن کە ڕۆژنامەگەریی نەتەوەیی کوردی تیای دەژی؟! خۆ گەر تەماشای یەکێک لە دەرئەنجامە کارەساتاوییەکانی ئەم جۆرە سیستەمە لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی حیزبیش بکەین، دەبینین لە دەستکاریکردنی زمان و کردنی بە زمانێکی حیزبیدا بەرجەستەدەبێت. بۆ نموونە لە وێنەی بوونی ڕەگەزی مێ لە لایەکیان بە «ئافرەت» و لەلایەکی تریان بە «ژن»... یان لە کوردستانی باشووردا ساڵانی ساڵە زاراوەی (ڕاپەڕین)مان هەیە بۆ دخێکی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی، کەچی حیزب لە بەشی باکووری کوردستان دێت و زاراوەی تایبەت بە خۆی دادەتاشێت و دەقاودەق لە تورکییەکەوە وەریدەگێڕێت و ناویدەنێت (سەرهەڵدان)... هتد.!

دیارە نموونەکان لەوە زۆرترن کە ئێمە بتوانین یان مەبەستمان بێت لێرەدا ڕیزبەندیانبکەین. بۆ ئەوەی لەم چەند سەرنجەدا ڕێگا لە تێفکرینی هەڵە بگرم، بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم: باسکردنی ئەم ڕاستییانە کەمکرندنەوەی کاری ڕۆژنامەگەرێتی حیزبیی نییە، بەڵکو جیاکردنەوەی ئەو ڕاستییە زۆر سانایەیە لەناو جیهانی ڕۆشنبیریدا کە ڕۆشنبیرێتی و ڕۆژنامەگەریی حیزبی، بە حوکمی ستراتیژی ڕۆشنبریی حیزب، ناتوانێت وەزیفەکانی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ پڕبکاتەوە و ببێتە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا وەکو دەربڕێکی ڕایگشتی و گوێزەرەوەیەکی بابەتییانەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگا. گەر هاتوو ئەم بانگەشەیەشی کرد، ئەوا دەبێت باس لە چەندان ئەگەری ترسناک بکەین کە ئێرە جێی مشتومڕیان نییە. ئەو وەهمەی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب بۆ ڕایگشتی دروستیدەکات بەوەی کە کەناڵەکانیان دەبڕی ڕایگشتی کوردییە، لەسەر ئەو سنوورە وەهمییانە کۆتایی پێدێت کە خۆیان لەناو خاکی کوردستانی ئازاددا دروستییانکردووە. لێرەوە حیزب و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی دەبێتە بکەرێکی هەمیشەئامادەبوو لەناو گراماتیکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە و دەتوانێت هەیمەنەی ڕۆشنبیریی خۆشی بەسەر فەرهەنگی کۆمەڵگادا بسەپێنێ و ئاڕاستەکانیشی دیارییبکات. خۆ ئەگەر تەماشای زۆربەی ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵاتیش بکەین، دەبینین تەنها ژمارە و ڕۆژی دەرچوونەکانیان تازەیە، وەکی دی زۆربەی ئەو شتانەی کە تیایاندا بڵاودەکرێنەوە، دەتوانیت لە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان یان لەو ڕۆژنامانەی کە لە ڕۆژئاوا دەردەچن (عەرەبی فارسی...)، پێش هەفتەیەک یان دووهەفتە بیانخوێنیتەوە. بە مانایەکی دی یەکێک لە کارەساتەکانی ئەو ڕۆژنامەگەرێتییەی دەرەوەی وڵات، ئامادەنەبوونێتی لەناو ڕووداوەکان، غیابی «بابەت» و نەبوونی «بیرلێکراوە»یە تیایدا. ئەمەش وادەکات بۆ یەکێک کە ئاگای لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بێت و لە ڕێگای کەرەسە نوێکانی پەیوەندییەوە (بۆ نموونە ئینتەرنێت و فاکس... هتد) باشتر ئاگاداری دەنگوباسەکانی کوردستان بێت، وەک لەو پەڕە ڕەشکراوانە کە بەداخەوە تەمەنی خوێندنەوەیان و ئامادەبوونیان لە چەند چرکەساتێکی چاوپیاخشاندن زیاتر هەڵناگرن.

## ڕۆشنبیری حیزبی و ونبوونی گوتاری ڕەخنەیی

ئێمە لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا بە کەسانی ناپسپۆڕ لە بوارەکانی خۆیاندا گەمارۆدراوین. ئاساییە مرۆڤ لە دونیای فیکر بێئاگابێت و بە هەڵە لەسەر مەسەلەیەک قسەبکات، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە ئەو هەڵانە وەکی ڕاستییەکی فیکریی بەیانبکرێن و ببن بە نووسین و موسیبەتەکەش لەوەدایە دەزگا و دەسەڵاتیش هەبێت ڕەوایەتی بەو جۆرە «نا ـ دیدانە» بدات و نووسەرمان بۆ دروستبکات. کارەسات نییە مرۆڤ دەرئەنجامگیریی هەڵەی هەبێت یان لێی پەشیمان بێتەوە، بەڵام کارەساتە ڕۆشنبیرێتییەکمان هەبێت، «ڕۆشنبیریی سەرلەقاندن» بەرامبەر نووسینی ناپسپۆڕانە بەرهەمبهێنێ و هەڵەی مەعریفی وەکو یەقین قبووڵبکات و ڕۆشنبیر دروستبکات کە نەزانیی وەکی مەعریفە بفرۆشێت و لەپاڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە کێشە گەورەکانی تاکی کوردی و لەتبوونی جەستەی کۆمەڵگاکەی بێدەنگ بێت. ئەم جۆرە گەمانە دەکرێت لە شوێنی تردا یاریزانی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام لەناو سیستەمی ڕۆشنبیرییەک کە هەڵگری گوتاری فیکریی و مەعریفیی جیاوازجیاواز بێت، جێگەی نابێتەوە. چونکی دونیای فیکر دونیایەکە فێری چەمکی تەساموحمان دەکات، بەڵام بەزەیی بە نەزانیندا نایەتەوە، فێری دیالۆگمان دەکات، بەڵام دەزانێت ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەی لۆژیکی دیالۆگی فیکری پێنەبێت، ئەگەری پەنابردنە بەر لۆژیکی هەڕەشە و ترساندن و شکاندنەوەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لەناو ئەو جۆرە سیستەمەدا هیچ فیکرێک و دیالۆگێکی فەلسەفی یان ئەدەبی بەرهەمنایەت، ئیشکالییەتێک پێکنایەت، ڕامانێک دروستنابێت. ئەوەی ئەو حاڵەتە «نا ـ دیالۆگە» دروستیدەکات بریتییە لە ڕستەی: «دیموکراسییەت ئەوەیە کە ئاڕاستەی گوتارەکان لە بەرژەوەندی مندا بێت». ئەم تەکنەلۆژیایەی بەرهەمهێنانی دەسەڵات مانای «نا ـ گوتار» دەگەیەنێت کە لە دوادەرئەنجامدا ڕۆدەچێتە ناو حاڵەتی «نا ـ گۆڕان» ـەوە. ئەوەی ئەو سیستەمی ڕۆشنبیرییە بەرهەمیدەهێنێت بریتییە لە ڕۆشنبیری فەرمانبەر کە پاسەوانێتی سەرمایە ڕەمزییەکانی حیزب و پەلاماردانی هەموو ئەو دەنگە ئازاد و ڕەخنەییانەی کە لەدەرەوەی گوتاری حیزب بەرهەمدێن و تاوانبارکردنیان بە موئامەرە دژی حیزب... نەک خوێندنەوەکانیان بخوێنێتەوە و بکەوێتە مشتومڕ لەگەڵیان و گوتارێکی ڕۆشنبیریی بەرهەمهێنەر دروستبکات. من سەیرم پێدێ تاوەکو ئێستاش لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا گوێمان بە دوالیزمی «ئەوانەی دڵسۆزی دەسەڵاتن و ئەوانەی دژی دەسەڵاتن» قانگدەدەن، ڕۆشنبیر دەترنجێنرێتە ناو هەردوو هاوکێشەی «یان شۆڕشگێڕی بەو مانایەی ئێمە بۆ شۆڕشگێڕێتی هەمانە» و «یان خائینی بەو پۆلێنکردنەی ئێمە بۆ خائین دامانناوە»، یاخود دەبینین چۆن مۆدیلە تۆتالیتێرەکەی بەندکردن و دیسپلینکردنی فیکر و ڕۆشنبیران بەرهەمدەهێنرێتەوە لە نێوان «ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن و ئەوانەی لەگەڵ ئێمەن»... هتد. ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن مەرج نییە ئەوانە بن کە لەدەرەوەی ئەو سنوورانەن کە دەسەڵاتی لۆکالی (ناوچەیی) حیزبی تیایدا سەروەرە، بەڵکو ئێستا پەڕیوەتەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە دەرەوەی وڵاتیشن. بۆیە ناکرێت لەگەڵ کەسانگەلێکدا، کە لەخۆیانەوە و بەبێ هیچ پاشخانێکی فیکری، دێن و بە ئارەزووی خۆیان فیکری بەشەری قەسابکاری دەکەن و وێنەی ڕۆشنبیر بەپەراوێز و تەهمیشدەکەن و ئەوانەی دیموکراسییەت بە بەخشندەیی حیزب دادەنێن بۆ ڕۆشنبیران، بکەویتە ململانێی فیکرییەوە. لە دیدی ئەواندا تەنانەت ڕەخنەگرتنی زانستییانەش لە کێشەکان لەم «قۆناغە ناسکە»دا، بەتەنها لە «خزمەتی دوژمنەکانی کوردی داماودا» دەکەوێتەوە. لێرەوە تەئجیلکردن دەبێتە ئەو پرنسیپە نەزۆکەی کە لە ئەزموونەکانی دی جیهانی سێدا بەردەوام دووبارەدەبنەوە. من بەگومانم لەوەی کە ستراتیژەکە ئەمە بێت، چونکی سەیر لەوەدایە خودی سیاسەتی کوردی هەڵگری ئەم گوتارە نەبووە و نییە بۆ یەکالاکردنەوەی ململانێ حیزبییەکانیان و لە پێناوی دانانی سەوابتی نەتەوەییدا دەستبەرداری بەرژەوەندییە لۆکالی (ناوچەیی) و حیزبییەکان بێت، کەچی بە ڕۆشنبیرە سەربەخۆکانیان دەڵێن لەمێستادا ڕەخنەگرتن لە خزمەتی لایەنەکانی دیدایە، یان هێزە ناوچەییەکان

گلەییمان لێدەکەن وە لە باشترین حاڵەتیشدا پێماندەڵێن ئێوە نامونەسیفن، چونکی باشییەکانی ئێمە بەرامبەر بە خراپییەکانی ئەولا دەرناخەن... هتد؛ ئیدی بە جۆرێک ڕووبەرەکانی بەرهەمهێنانی گوتار تەسکدەبێتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئاڕاستەکردنی حیزبییانەی هەموو گوتارەکان و ستایشکردنی دەسەڵاتیش دەبێتە گەواهی بۆ نیشتمانپەروەرێتی و شوڕشگێڕێتی ڕۆشنبیر. ئەو وەهمە کوشندەیەی ڕۆشنبیرە حیزبییەکان دەیانەوێت بۆمان بکەن بە هەقیقەت ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا جیاوازییەک لە نێوان «دەسەڵاتی حیزبی» و «دەسەڵاتی نەتەوەیی» نابینن، چونکی چیدی بۆ ئەوان ئەوە لێبڕاوەیە کە هەر یەکێک لەو دوو حیزبە حکومەتی خۆی هەیە، واتە خاوەنی دەزگا و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیەتی! بۆیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیش ئەوەی ڕەخنە لەو چەشنە ڕێکخستنەی کۆمەڵگای سیاسی کوردی بگرێت دەچێتە ناو خانەکانی دژایەتیکەرانی دەسەڵاتی «حکومەت یان دەوڵەتی حیزب» و «نەتەوەی حیزبی»یەوە. نەک هەر ڕۆشنبیر، بەڵکو هەموو کەسێکی سەر جادەش دەزانێت کە کورد پێویستی بە دوو حکومەت و نیو نییە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەڕێوەببرێت و پێویستی بە زیاتر دابەشکردنی خاکەکەی نییە، چونکی ئەمە دەنگی لە هیچ شوێنێک زیاد ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەنگەکانی پەرتەوازەتر و هێزەکانی بێتواناتردەکات.

سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی چەندە بە مانا (هۆبز)ییەکە «خەمی دەسەڵات»یان هەیە، چەندە تاکتیکە دوور و نزیکەکانیان لەپێناوی گەورەکردنەوەی دەسەڵاتدایە، کە ئەمە شەرعییەتی گەمەی سیاسییشە، ڕۆشنبیری ڕەخنەیی یان سەربەخۆش بەدیوی ئەودیودا خەمێکی ئەخلاقییانە (ئێتیک) و ڕۆشنبیرانەی بەرامبەر بە گەمەکان و بزاوتەکانی دەسەڵات هەیە لەناو کۆمەڵگادا، چونکی ئەو دەزانێت کە دابەشبوونی دەسەڵاتی کوردی و نیشتمانەکەی مانای گەورەبوونی ئازادی نییە و لەوەش کەمتر مانای فراوانتربوونی بازنەکانی دیموکراسییەت ناگەیەنێت. ئەو دەزانێت کە کەڵەکەبوونی دەسەڵات بە بێ بوونی سیستەمێک کە بتوانێت دابەشیبکات و پیرۆزێتی لێبسەنێتەوە و دەسەڵاتی شەخسی و دەسەڵاتی گشتی لەیەکتر دابڕێنێت و جیایبکاتەوە و بەدەزگایی مەدەنییانەی بکات و لەژێر کۆنترۆلی یاسادا دایبنێت... هتد بە بێ بوونی ئەم جومگە سەرەکییانە ممارەسەی دەسەڵات دەشێت بە کارەساتی نەتەوەیی و سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و پاشان فیکری کۆتاییپێدێت. ئەمە سەرەتاکانی ئەو خەمە فیکرییانەیە کە ڕۆشنفکرانی قۆناغی ڕۆشەنگەری هەیان بوو، نەک «پۆست ـ مۆدێرنە»!!

ئەم پاشاگەردانییە لە نەبوونی گوتارێکی سەربەخۆی بابەتی و زانستی لەنێوان خوێنەر و نووسەر، لەنێوان ڕۆژنامە و جەماوەر، لە نێوان ڕۆشنبیر و حیزب وا دەکات کە ڕۆشنبیریی کوردی و کولتووری ڕۆژنامەگەریی کوردی پڕ بێت لە نووسەری ناکارا و ناپسپۆڕ لەو بوارانەی کە کاری تیادادەکەن، ئەمەش هێندەی بەرهەمی ئیشکالییەتی دەسەڵاتدارێتی حیزبییە، ئەوەندە بەرهەمی دۆخێکی پێشبڕکێ و ململانێی ڕۆشنبیریی نییە. حیزب بۆئەوەی شەڕە لۆکاڵییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریدا پیادەبکات، تەنانەت سڵ لەوەش ناکاتەوە پەنابەرێتە بەر ئەو «نووسەر» و «پسپۆڕ»انەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی تۆتالیتاری (شمولی) بەعسیزمدا داستانی درامییان بۆ دیکتاتۆر و جەنگەکانی دەنووسی و ئێستاش لە ژێر سایەی دەسەڵاتی لۆکالی کوردیدا باس لە مانا جوانەکانی دەسەڵاتی قۆناغی «پۆست ـ شۆڕش»ی کوردی دەکەن. ئەو قۆناغەی کە دۆزینەوەی «ڕاستییە ڕۆشنبیرییەکان»ی داوەتە دەستی ئەو «نووسەر و ڕۆشنبیران»ە بۆ ئەوەی «دز»یی ئەو نووسەرە سەربەخۆیانە دەربخەن کە هەموو فەنتازیا و کۆی چالاکییە فیکرییەکانیان لە پێناوی بە مرۆڤانەکردنی جیهانی ژیانی تاک و گروپەکانی کوردستاندا خستۆتەگەڕ. تراژیدیاش لەوەدایە کە بەناوی مافی ڕادەربڕینەوە داوامان لێدەکەن بەشداری ئەم «نا ـ گوتارە» بین و نووسینەکانیان وەکی «بیرکردنەوە» و کەشفکردنی «هەقیقەت» بخوێنینەوە. ئەو جۆرە «نووسەر»انە کاتێک لەسەر «شۆڕش و حیزب» دەنووسن، گەر ناوی حیزبەکە نەخەنە پاڵی، خۆ نازانیت باس لەچ حیزبێک دەکەن،

بەجۆرێک مرۆڤ وادەزانێ ئێستاش لەسەردەمی گوتارەکانی بەعس بۆ نووسین لەسەر پیرۆزی شۆڕش و سەرکردەکانی دەژی. بۆیە ساناییە کە ئەو ڕۆشنبیرە شابلۆنانە خۆیان و نووسینەکانیان لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شوێنێکدا جێگایان ببێتەوە.

نەبوونی ئیشکالییەت لەوەدا بەرجەستەدەبێت کە تاوەکو ئەمرۆ یەک لێکۆڵینەوە، ڕەخنەیەکی زانستی نەبووەتە بابەتی گوتارێ لە نێوان حیزب و ڕۆشنبیر، یان ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان و ڕۆشنبیرانی حیزبی، یان تەنانەت لە نێوان ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان خۆیان. حیزب ئەوەندە پێویستی بە ڕۆشنبیر هەیە، تا ئەو کاتەی کە دەببێتە بەشێک لە سیستەمی هەیمەنەی سیاسی ـ جوگرافی ـ کولتووریی خۆی، چونکی یەکێک لە کارەساتەکانی دەسەڵاتدارێتی لای ئێمە نەبوونی مەعریفەیەکی قووڵە تا لە پشتی دەسەڵاتەوە کاربکات، ئاگادارنەبوونە لە دونیای فەلسەفی و سیاسی و پشت بەستنە بە دونیای ئەزموونی حیزبی و شەخسی و ڕاوێژی تاکتیکە بچووکەکان. ئەم سیستەمەش پێویستی بەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەییە نییە کە جیهانی لەسەر بناغەیەکی زانستی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵکو پێویستی بەو ڕۆشنبیرەیە کە دونیاکانی ئەو دەڕازێنێتەوە و بەهاکانی دیوانی سەروەر ناخاتە ژێر پرسیارەوە و خەوی دەسەڵاتدارەکان نازڕێنێ. ئەوان لەو ڕستانە دەترسن کە فەیلەسوفانی وەک فۆکۆ دەڵێت: «مرۆڤ دەبێت سەری پاشا لێبکاتەوە: ئەم کارە هێشتا لە تیۆری سیاسیدا نەکراوە»، چونکی تێنەگەییشتنیان لە قووڵایی مانای ئەم جۆرە ڕستانە وایان لێدەکات کە بە بانگەوازێک تەفسیری بکەن بۆ شۆڕشکردن دژی سەرکردە و دەسەڵاتی کوردی و لەوەش کاریکاتۆرتر بۆ دروستکردنی حیزبی تازە.

گومان لەوەدا نییە کە هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی وەکو گرامشی دەڵێت «ڕۆشنبیری ئۆرگانی» خۆی دروستدەکات و تا سەر ئێسکیش بەرگری لە نۆرم و بەها و کولتووری ئەو دەسەڵاتدارێتییە دەکات. بۆیە کاتێک حیزب ڕۆشنبیری خۆی دروستدەکات، دەبێت وەکی حاڵەتێکی سۆسیۆلۆژی ـ سیاسی تەماشابکرێت. بەرامبەر بەمەش حاڵەتێکی سانایی تریشمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگا ڕۆشنبیری ڕەخنەگر و سەربەخۆش بەرهەمدەهێنێت، ئەو ڕۆشنبیرانەی ئیفلیجبوونی کۆمەڵگا لە نەبوونی ململانێی دیموکراسیدا دەبینن، شەلەلی کۆمەڵگا لە ونبوونی شەرعییەتی دەزگا بەرامبەر بە شەرعییەتی حیزبدا دەبینن، هەژاری کولتووری سیاسی لە ونبونی کایەی مەعریفەدا دەبینن... هتد. کاتێک ڕۆشنبیرێک خوێندنەوەیەکی زانستی ڕەخنەگرانەی دەبێت بۆ دونیای سیاسەت و کۆمەڵگا لە کوردستان، نەیار نییە کە ڕووبەڕووی هەگبەی زاراوەکانی ڕۆشنبیرانی حیزبی دەبێتەوە کە پڕە لە توانجی ئەخلاقی و بێئاگایی لە کایە جیاکانی زانستە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکان. تراژیدیاکە لەوەدایە ئەوەندەی ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیرانی حیزبی بکوژی خودی حیزبن و زیانی لێدەدەن، ئەوەندە حیزبە نەیارەکەی خۆیان، لەڕووی فیکرییەوە ترسناک نین بۆ هەمان حیزب. هۆیەکەشی گەلێک ساکارە، ئەو حیزبەی نەتوانێت زانست بکاتە کەرەسەی سیاسەتکردن و حکومەتکردن، دیموکراسییەت نەکاتە پرنسیپی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتەکان لەیەکتری جیانەکاتەوە و ڕێزی فرەکولتووریی سیاسی و فیکری نەگرێت و ڕۆشنبیری ڕیفۆرمیستی نەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام خۆی تازەبکاتەوە، دوور یان نزیک دەبێتە جەستەیەکی سیاسی دۆگما و مردوو لەم چەرخەدا. ڕۆشنبیری ڕەخنەگری سەربەخۆ بۆیە گوتاری فیکریی نوێ بەرهەمدێنێت، چونکی دەیەوێت دڵەڕاوکێی ئەوە دروستبکات کە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی نییە فێرمانبکات کە وەستان تیایدا بکرێت بە کولتوور و گوتاری شۆڕشگێڕێتی حیزبی بۆ کوشتنی گوتارە سەربەخۆ و تازەکان بهێڵرێتەوە و لەوێشەوە ببێتە یەقینێک و بەپیرۆزڕابگیرێت. بەڵکو ووروژاندنی بەردەوامی پرسیاری نوێ و گەورەکردنەوەی پەراوێزەکانی ئازادی تاک و گروپ و کولتووری دیموکراسی ئەو ژینگەیەیە کە ڕۆشنبیر تیایدا کاردەکات و دەژی. ڕۆشنبیر ئەو «مامان»ـەیە کە هەمیشە بەشدارە لە لەدایکبوونی گوتاری نوێ. مەرجەعییەتی ڕۆشنبیری سەربەخۆ مەرجەعییەتی زانستە جیاجیاکانە، نەک عەقیدە جیاجیاکان، هەروەکو ڕۆشنبیرەکانی حیزب تاوەکو

ئێستاش ئەو ڕێبازە فەلسەفی و فیکرییە جیاجیایانە بە عەقیدە تەماشا دەکەن و ڕاڤەکردنەکانیان لەو کتێبانەوە وەرگرتووە کە جاران لە نموونەی «چۆن دەبیت بە شۆڕشگێڕ» و «دوژمنەکەت بناسە»دا هەبوو. من لێرەدا حەزدەکەم نموونەی حوجەتولاّیەکی سیاسەتمەداری وەکو (خاتەمی) بۆ ئەو جۆرە ڕۆشنبیر و سیاسییانە لە کوردستان بهێنمەوە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ زاراوە و ڕێبازە فیکری و فەلسەفییەکان وەکی دەنکی تەزبیحەکانیان دەکەن و بە دوو پەلەپیتکە ئاودیوی فەنابوون و فەشالەتیان دەکەن و تەنانەت توانجی بەدواخستنی ڕۆژئاواگەراییش دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەش کە پشتیان پێدەبەستن چ جای دەگاتە تۆمەتی بێپێز و ناشرینی تر. بە ڕاشکاوی و بەداخیشەوە دەڵێم، ئەگەرچی تا ئێستا نووسینی کەسێکم نەخوێندۆتەوە کە ڕاست و ڕەوان بانگەشەی پشتبەستن بە ڕێبازێکی دیاریکراو لە دونیای فەلسەفی بکات، چونکی خۆناساندن بە لایەنگرێکی ئەو ڕێبازانە جیایە لە بەکارهێنانی هەندێ چەمکی تایبەتی بۆ ڕاڤەکردنێکی فیکری ـ فەلسەفی یان سۆسیۆلۆژی یان سیاسی. سەرباری ئەوەش، حەزدەکەم بەو «نووسەران»ە بڵێم کە فۆبیایەکی ترسناکیان بەرامبەر بە فیکر و ڕێبازە فەلسەفییەکان هەیە، کاشکیا چەند پۆست مۆدێرنیستێک و چەند ستروکتورالیستێک و چەند فێمینیزمێکمان... هتد هەبایە و لەپاڵ ئەمانەشدا چەند کەسێکیشمان هەبایە کە بە مەنهەجی تیۆری ڕەخنەیی یان هێرمانۆیتیک... هتد کاریاندەکرد، چونکی کارەساتی ڕۆشنبیریی ئێمە ئەوەیە، کاتێک باس لەو ڕێبازانە دەکات وەکی ترسناکییەک بۆ گەل و ئاسایشی نەتەوەیی و گەنجان و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دەیانفرۆشێ!! من بڕوای تەواوەتیم بەوە هەیە گەر لەناو ڕۆشنبیریی کوردی، چەند ململانێییەکی فیکری لەو بابەتانەمان هەبایە، ئەوکاتە دەمانتوانی خۆمان بە ئیشکالییەتەکانی فیکرەوە خەریک بکەین و سکاڵای نائیشکالییەت و ئامادەنەبوونی ململانێی فیکریی نەکەین لە ڕۆشنبیریی کوردیدا. با بگەڕێمەوە سەر نموونەکەی (خاتەمی). ئەو لەم سەفەرەی دواییدا بۆ ئەڵمانیا، لە دووتوێی کۆنفرانسە ڕۆژنامەگەرییەکەیدا، هێمای بۆ گەورەیی بیریاران و فەیلەسوفان و ڕێبازە فیکرییەکانی خۆرئاوا بەگشتی و بەتایبەتیش ئەڵمانی کرد. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گووتی، ئێمە قەرزارباری فەیلەسوفانی ئەڵمانین لە کۆششیان بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕەخنەیی مۆدێرنە، وە هەر ئەوانیش یەکێکن لە بنیاتنەرە سەرەکییەکانی ڕێبازی پۆست ـ مۆدێرنە. ئەڵبەتە لێرەدا مەبەستم لە بەراوردکردنی خاتەمی بەوان نییە، بەڵکو دەڵێم: من سەیرم پێدێت کاتێک دەبینم ئەمە عەقلی بەناو مەلایەکە و ئەوەش عەقلی ڕۆشنبیرە عەقلانییەکانی کوردە کە ئاڵای جەنگی عەقیدەیی و حیزبییان دژ بە فیکر و فەلسەفەی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە هەڵگرتووە، وەکی ئەوەی ئەو میتۆدە زانستی و ڕێبازە فەلسەفی و فیکرییانە هێندە ترسناک بن کە ئیتر کورد دەبێت دژایەتییان بکات، یان بەسەرچووبن و چیدی کورد پێویستی پێیان نەمابێت، نا نەخێر ئەوەندە کتێبمان بە کوردی لەسەریان هەیە کە چیدی ئەو برادەرانە بێتاقەتبوونە لە خوێندنەوە و بیستنی ئەو ناوەکانیان. لە کاتێکدا کە کتێبخانەی کوردی هەژار لە قەحتیکی گەورەدایە، دەبێت بڵێم کە زانکۆکان و کتێبخانەکانی ڕۆژئاوا خۆشیان، بەبێ کتێبی ئەو بیریارانە و ئەوانەشی لەسەریان نووسیون یان ڕەخنەیان لێگرتوون، لایەکی گەورەی دەبێتە کەلاوە؛ لەوەی لای خۆمان خراپتر. ئەوەی خەمی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی بێت، دەبێت لە پێش هەموو شتێک خەمی ئەوەی بێت کە فیکری بیریارانی مۆدێرنە و ڕەخنەگرانی، بەگشتی کۆی ئەو فیکر و زانستانە بکرێن بە مەنهەج و موحازەرە لە زانکۆکان و بە میتۆدی پەروەردەکردن لە سیستەمی خوێندن... بۆ نموونە تازەترین مەنهەج و گوتار کە ئەمڕۆ چۆتە ناو زانستی سیاسەت لە ڕۆژئاوا و لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەخوێندرێت و لە سیاسەتدا کاری پێدەکرێت، «گوتاری جیاوازی»یە کە بۆخۆی یەکێکە لە بەرهەمەکانی گوتاری پۆست مۆدێرنەیە. گەر ڕۆشنبیری ڕەخنەییمان هەبێت، دەبێت باس لەو ڕۆشنبیرانە بکەین کە کار لە دروستکردنی مەرجەعییەتێکی تر لە مەرجەعییەتی کولتووری باو و حیزبی دەکەن. ترسناک نییە ڕۆشنبیرێک بە میتۆدێک و ڕێبازێکی فیکری دیاریکراو کاربکات، ترسناک ئەوەیە کە ئەو میتۆدە و ڕێبازە بکات بە تاکە ڕێبازێک بۆ خوێندنەوەی دونیا و شوناسەکانی تری فیکری پێبسڕێتەوە. ترسناک نییە ئێمە ئاگاداری فیکری جیهانی بین و کاری

پێبکەین و ڕەخنەی لێبگرین، ترسناک و کارەسات ئەوەیە کە لە فیکر و فەلسەفەی جیهانی بێئاگابیت و کەچی بە ترسناکی دابنێیت. ئەمەش لەڕاستیدا بەشێکی گرنگی پرسیاری ئامادەبوون یان ئامادەنەبوومان لەناو مشتومڕە فیکرییەکانی جیهاندا دیاریدەکات و بەشێکی جەوهەری چارەنووسی سیاسیشمان پابەندی ئەم ئامادەبوون و ئاگاداربوونەیە لە فیکر و فەلسەفە سیاسییەکان و ڕێبازە ڕەخنەییەکان.

گەر یەکێک لە پەیامەکانی ڕۆشنبیر لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا، دروستکردنی «ئاشتی نەمر» و «هاونیشتیمانی جیهانی» بووبێت، ئەو بانگەوازەی کە (کانت) بۆمانی بەجێهێشتووە و تاوەکو ئەمڕۆش لە گرنگێتی خۆی کەمنەکردۆتەوە، ئەوا ئێمە دەبێت بۆ ئەم دۆخەی ئەمڕۆی کوردستان بڵێین یەکێک لە وەزیفەکانی ڕۆشنبیری سەربەخۆ بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە واقیعی لەتبووی سیاسی و دروستکردنی «لۆژیکی ئاشتی» بەرامبەر بە «لۆژیکی جەنگ». ئەم وەزیفەیە، لە ڕووی تیۆرییەوە، بریتییە لە خستنەوەی چەمکی «ئەوەی ئاشتی بۆ کۆمەڵگا بباتەوە و شەڕەکەی بردۆتەوە»، چونکی گەورەترین سەرمایە بۆ ئەمڕۆی کوردستان ئیستیقراری کۆمەڵایەتییە، نەک جەنگ و سەرمایە پیرۆزەکانی حیزب. ئەرکێکی تیۆری تری ڕۆشنبیر بریتییە لە سەندنەوەی شوناسی حیزبیی ـ لۆکالیی لە تاک و گروپەکانی کوردستان و دانەوەی بە خاوەنەکانی خۆیان، ئەمەش مانای دروستکردنی چەمکێک و تێگەیشتنێکی تر دەگەیەنێت بۆ شوناس و هاونیشتمانیبوون، وەک لە هاونیشتیمانێتی و شوناسی حیزبی، بریتییە لە دروستکردنی گوتارێک کە حیزب چیدی گەمە بە چارەنووسی کۆمەڵگاوە نەکات و ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکانیش کاتێک خەمی فیکری گەورەیان هەیە، حیزبەکان و ڕۆشنبیرەکانیان بە دوژمنی چینایەتی یان حیزبی یان خێزانی یان شەخسییان تێنەگەن، بەڵکو با ڕۆشنبیرەکانیان هەوڵی جیدیتر بدەن بۆ کرانەوە و خوێندنەوە و گفتوگۆی ڕەخنەیی و زانستی، چونکی لەگەڵ ئەو دیدە سەیروسەمەرانە کە «کاری ڕۆشنبیریی و فیکریی بە کاری حیزبی ـ دیبلۆماسی تێدەگەن، بە مەلەوانی دەڵێن مەعریفە و واتێگەیشتوون ڕۆشنبیری ئەکادیمی ئەو کەسەیە کە ناتوانێت فڕۆکە لێبخوڕێت و ناکامڵی پۆست مۆدێرنیستەکانیش بەوە تێدەگەن کە پرسیاری بوونی خوایان نەوروژاندووە»... چەندان نموونەی ناچێز و عەجیب غەریبتریش، کە لە نوکتەوە نزیکترن نەک لە فیکر؛ لەگەڵ ئەم جۆرە نووسینانەدا ناتوانرێت گفتوگۆی فیکری هەبێت، چونکی کردەی بیرکردنەوە ئامادەنییە و بێئاگایی و نەبوونی «ئێتیک»ی بەرپرسیارێتی لە دونیای فیکر و فەلسەفە بەرقەرارە و قسەفڕێدانی بێسەروبەر لە ڕێگای دەزگاوە دەکرێت بە نووسین و نووسەر و ڕۆشنبیرمان بۆ بەرهەمدەهێنێت. بە کورتی ئێمە لە کوردستان و لە دەرەوەش ماشینی گەورەی بەرهەمهێنانی نووسین و نووسەرمان هەیە، کە بە هیچ شێوەیەک لە دوور و نزیک، لە پێناو یان لە خزمەتی دروستکردنی گوتاری زانستی و ڕەخنەییدا نییە.

ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی ئۆتۆنۆمە (سەربەخۆیە) و لەدەرەوەی بازنەکانی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی لۆکالییانە و حیزبییانەدا ململانێ فیکرییەکانی خۆی دەکات و کاتێکیش باس لە کۆمەڵگا دەکات، مەبەستی لە کۆمەڵگای حیزبی نییە. لە کۆتاییدا زۆرم مەبەستە خاڵێکی گرنگ دیاریبکەم کە هەندێ جار بە مەبەستەوە یان لە بێئاگاییەوە تێکەڵدەکرێت، ئەویش ئەوەیە، کاتێک من باس لە سەربەخۆبوونی ڕۆشنبیر دەکەم، مەبەستم بە تەنها لەو ڕۆشنبیرانە نییە کە لەدەرەوەی حیزبدان، مەبەستم تەنها ئەوە نییە کە ئەندامی حیزبێکە یان نا، لە دەزگای حیزب کار دەکات یان نا، بەڵکو مەبەستم لە فراوانی فیکر و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانەی ڕۆشنبیرە، سەرەڕای ئەندامێتی لە حیزبێکیشدا. چونکی بۆ ڕۆشنبیری فیکرسەربەخۆ ئەندامبوون لە حیزبێکدا هیچ کاتێک ڕێگە لەوە ناگرێت خوێندنەوە و تەنانەت هەڵوێستی ڕەخنەییانەی توندیشی بەرامبەر بە حیزبەکەی خۆشی هەبێت. من لەو بڕوایەدام کە بوونی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە بەتەنها خەسڵەتی ڕۆشنبیر دیارناکات، بەڵکو دینامیکییەتی ئەو حیزبەش، وەکی حیزبێکی مۆدێرن و دیموکراسی، نیشاندەدات...

## تێڕامانێک لەسەر گوتاری هەنووکەیی ڕۆشنبیر

ڕۆشنبیری ڕەخنەیی کاتێک کە دەزانێت ئاوێزانبوون (ئیندیماج) و چەمکی ئیجماعی - (کۆنزێنس)ی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا پێویستە، ئەوسات لەسەر گرنگێتییەکانی بوونی جەغددەکات. کاتێکیش زانی کە ئاوێزانبوون لە فۆرمی تاکدەسەڵاتێتیدا دەبێتە ڕەگەزێک بۆ سەقامگیرکردنی دیکتاتۆرییەت و کوشتنی ململانێی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی، ئەوکات دەبێتە ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ بەرگری لە لایەنە باشەکان و پۆزەتیڤێتی و گرنگێتیی بوونی ململانێی فرەدەنگیی سیاسی و دیموکراسییانە دەکات. بەڵام من لێرەدا بە نیگەرانییەوە دەڵێم: ڕۆشنبیری کورد، بەشێوەیەکی گشتی، بووەتە بەشێک لە سیستەمی ڕۆشنبیریی سیاسی لۆکالییانەی حیزبیی و هێزێکیش بۆ دووبارەبەرهەمهێناوەوەی ئەو سیستەمە ڕۆشنبیرییە. ئەم دۆخە کولتووریی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریی بێدەنگت بۆ بەرهەمدەهێنێت و وادەکات ئەوەشی ڕەخنەی زانستی لەو حاڵەتە کارەساتاوییەی گۆمەڵگای سیاسی کوردی بگرێت، بکرێتە ترسناکێتییەک، چونکی وەکی خۆیان دەڵێن «دانی خێر» بەدەسەڵاتی لۆکالیدا ناهێنێت و باس لەو ڕووداوانە ناکات کە گوتاری دەسەڵاتدارێتی لۆکالی بەرهەمیدەهێنێت و پاشانیش خۆی لەسەر لۆژیکی ئەوان ساغناکاتەوە. ئەم سیستەمە ڕۆشنبیرییە سەقامگیرکەری دابەشبوون و لەتبوونی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرانی ئێمەیە لەناو هەیمەنەی دەزگای حیزبی بەسەر کۆمەڵگادا. ئەم سیستەمە مۆدێلێکی تایبەت لە ڕۆشنبیر دەخوڵقێنێ کە چاوەڕێی ئاشبوونەوەی هەردوو حیزبەکە دەکات، بۆ ئەوەی ئەویش لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناوچەکەی دی بکەوێتە گفتوگۆ، یان چاوەڕوانی بڕیار و نەسیحەتی حیزب دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناوچەکەی تر ئاشتبێتەوە! بەڕاشکاوییەوە دەتوانین بڵێین: لاوازترین دەسەڵاتدارێتی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە داوای مەدح و سەنا لە ڕۆشنبیران بکات و پەپوکترین (بائس) ڕۆشنبیریش ئەو ڕۆشنبیرەیە کە بەتەنها لەپشت دەسەڵاتێکی حیزبییەوە گوتار بەرهەمدەهێنێ. بۆیە دەمەوێت کۆی وەڵامەکەم لێرەدا کۆبکەمەوە: بە شێوەیەکی گشتی کێشەی سەرەکی ڕۆشنبیریی کوردی و ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە کە تەسلیمی ئەو هەقیقەتانە و ئەو ئیشکالییەت و پۆلێنکردنانە بووە کە گوتاری ململانێی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لۆکالییانە بەرهەمیدەهێنێت. خەمی ڕۆشنبیرانی کورد گەمارۆدراوە بە خەمەکانی حیزب و هێندە بچووکبووەتەوە کە بە تەنها لەناو ڕووداو و گوتارەکانی حیزبدا دەبزوێت؛ لە کاتێکدا خەمی ڕۆشنبیریی بۆخۆی چەندە خەمێکی جیهانگەراییە ئەوەندش خەمی کۆی کولتووری میللەتێکە وەکو گشتێک، نەک کولتووری حیزبێک یان دووان. ئەم جەنگەی نێوان حیزبەکان جەنگی کۆمەڵگای کوردی نییە لەناو خۆی، بەڵکو شەڕی بکەرە سیاسییەکانێتی و جەنگی سەرمایە حیزبییەکانە لەناو کۆمەڵگای کوردی و ڕێگاگرتنە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابون و بەنەتەوەبوون بە مانا سیاسییەکەی. بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیریش ئەوەیە لەو چرکەساتەدا بەرگری لە کۆمەڵگا و فەزا مەدەنییەکانی بکات. دیارە کۆی ئەم بابەتە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لەم سەرنجە ڕەخنەییە خێرایانەدا باسی لێوەدەکەین و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات، چونکی لە شوێنی تر بە بەرفراوانی باسمان لێوەکردووە. بەڵام لە کۆتاییدا مەبەستمە سێ ئاستی گەلێک جەوهەری دەستنیشانبکەین، کە سێ کایەی گرنگی بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ و ڕەخنەییانە لەم قۆناغەدا بەرجەستەدەکات.

یەکەمیان: گوتاری بەرگریکردنە لە مافەکانی تاک (فرد) وەکی خودێکی یاسایی، نەک وەکی موڵکێکی حیزب یان دەوڵەت، لەوێشەوە بەرگریکردنە لە هەموو مافە سروشتی و یاسایی و مەدەنییەکانی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و هەڵبژاردن و هەڵاوێردی (ئینتیخاب و ئیختیاری) فۆرم و شوێنی ژیان.

دووەمیان: داکۆکیکردنە لە فەزای ئۆتۆنۆمێتی و مەدەنییەتی کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی تێکەهەڵکێشکردنی فەزای کۆمەڵگایە بە جەستەی حیزب یان بە دەزگای دەوڵەتەوە. واتە جیاکردنەوەی ئەم دوو کایەیە لەیەکتر و بوونی زەمانەتی دەستووریش بۆ ڕێزگرتن لەو دابەشکردنە.

سێیەمیشیان بریتییە لە بەرهەمهێنانی گوتاری لۆژیکی ئاشتی و دیالۆگ بەرامبەر بە لۆژیکی جەنگ و ململانێی جەنگاوەرانە. ئەمەش لەلایەکەوە مانای داکۆکیکردنە لە دابەشکردنی دەسەڵات و دروستکردنی کولتووری ململانێی سیاسی و فیکری دیموکراسییانە دەگرێتەوە، وە لەلایەکی تریشەوە خەباتکردنە بۆ گەورەکردنەوەی هەموو ئەو پەراوێزە دیموکراسییە گەورە و بچووکانەی کە ئەمرۆ لە ئاستی جیاجیا لە کوردستاندا بوونیان هەیە و کاریان تیادەکرێت، چونکی من بە چرکەساتێکی زۆر گرنگی بەرهەمهێنانی گوتاری بەمەدەنیبوونی فەزای ژیانی ئێمەی دادەنێم. شایانی باسە کۆمەڵگای مەدەنی دەزگایەک یان چەند دەزگایەک نییە کە حیزب دروستیانبکات و ناوی ڕێکخراوی مەدەنییان لێبنێت، بەڵکو ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییانەیە کە حیزبیش وەکی هەموو بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەتوانێت کاری تێدابکات، نەک داگیری بکات یان خۆی ئەو فۆرمە حیزبییە ـ مەدەنییەی بۆ دیارییبکات کە لەدوا دەرئەنجامدا لە پێناوی سەقامگیرکردنی هەیمەنەی حیزبیدا بەرجەستەدەبێت.

کارکردنی بەرپرسیارانە لە پێناوی بەرهەمهێنان و بەدیهێنانی کۆی ئەم خاڵانەش بۆخۆی دەبێتە سەرەتایەکی زۆرگرنگ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سیاسی ـ مەدەنی ـ عەقلانی، یان بە مانایەکی تر ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی بناغەی حکومەتکردن، نەک حکومکردن.

لەپاڵ ئەم سێ گوتارە جەوهەرییە، کە پێموایە هەر کەسێک، لایەنێک یان حیزبێک کە هەڵگری بەها دیموکراسییەکان بێت، لە بەرهەمهێنان و گەورەکردنەوە و ڕێزگرتنی ئەم گوتارە خۆی بە بەدوور ناگرێت. ئازادکردنی کۆمەڵگای کوردیش لەو دۆخە نائارامی و لەناکاوەی (طواری) تیایدا دەژی، گرنگترین هەنگاوی چارەنووسسازە لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کە دەبایە سیاسەتی کوردی لەپاش ئەزموونی بەعسیزم پیادەیبکردبایە، بەڵام مخابن شەڕی ناوخۆ ڕەهەندەکانی ئەو دۆخە ناکاوەی لە فۆرم و نۆرمی تردا درێژەپێدا و بێگومانم لەوەی کە ئاسۆکانی کۆتایی پێهێنانیشی بەبێ بوونی فشاری مەدەنی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان نادیارە.

کورتبینە ئەو ڕایەی کە دەڵێت حیزبە کوردییەکان نەیانتوانی لەژێر چاودێری فەرەنسا و ئەمریکادا یەکبگرن، چۆن دەتوانن بە فشاری هەندێ دەنگی فیکری یان ئەدەبی یان هونەری یەکبگرن. دیارە ئەزموونەکانی ساڵانی پێشوو ئەوە دەردەخەن کە توانرا دەنگی ڕۆشنبیران لەناو سیستەمی ڕۆشنبیری حیزبیدا پۆلێنبرێت و بەو جۆرەش بێمانابکرێت، ئەمەش بەتەنها پەیوەندی بە سیاسەتی حیزبەوە نییە، بەڵکو ئیشکالییەتی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرێتی کوردیش پێکدەهێنێ. سەرەڕای ئەوەش وایدەبینم پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاشتی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بە پلەی یەکەم بەرهەمی کۆمەڵگا و بکەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانێتی، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە دیدی ڕەخنەلەخۆگرانە و بینینی بەرژەوەندی کۆمەڵگا پێش حیزب هەیە، واتە پێویستی بەوە هەیە کە بکەرە سیاسییەکانمان ئەو خەتە سوورە لە هەموو موناسەبەو ناموناسەبەیەکدا تووڕنەدەن کە لە زانستی سیاسیدا پێیدەڵێن، بەژەوەندی باڵای نەتەوە. گەر ململانێکان گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەو بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان زەرەردەهێنێ، دەبێت بە پێی لۆژیکی زانستی سیاسەت دەستبەرداری ئەو ململانێیە بن یان بە ڕێگای تر چارەسەری بکەن، تاوەکو سەوابتە نەتەوەییەکان نەشکێننەوە و گەمە بە چارەنووسی نەتەوەکەیان نەکەن. بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بە ئامانجەکانی خۆیبگات، پێویستی بە فەزایەکی ئازاد هەیە تاوەکو کۆمەڵگا و ڕایگشتی بزانێت ئایا بکەرە سیاسییەکانی لەسەر چی دەجەنگن. بۆیە لە ڕاستیدا حیزبی کوردی پێویستی بە لایەنی سێهەم لەدەرەوە نییە، بەڵکو پێویستی بە لایەنی سێهەم لە ناوەوە هەیە. لایەنی سێهەم ئەو حیزبە بچووکانە نین کە خەمیان تەنها ئەوەیە بارەگاکانیان لەم شار یان ئەو شار بەهۆی هەڵوێستی جیدی دژ بە جەنگەوە

دانەخرێت، لایەنی ڕاستەقینەی سێهەم کۆمەڵگا خۆیەتی، ڕایگشتییەکەیەتی. ڕایگشتی شتێک نییە هەر وا بە ئاسانی بە قەڵەمی حیزب دروستبکرێت و یان بە لاستیکی حیزب بسڕدرێتەوە، ڕایگشتی پێویستی بە دەرخستنی ڕاستییەکان هەیە، پێویستی بە ئاگادارکردنەوە و ئاشکراکردنی هەموو مەحزەرەکان و خاڵەکان و ناوەڕۆکی گفتوگۆکان هەیە. من پێموایە هەر بکەرێکی سیاسی توانی گەورەترین خەبات بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ئاشتی بکات بە پرنسیپە دیموکراسییەکان، لەناو ڕایگشتیدا گەورەترین دەنگی ئاشتی بۆخۆی دروستدەکات. ئەم پرۆسەیەش بەبێ بوونی هەندێ مەرجی دیموکراسییانە ئیفلیجدەبێت؛ بۆ نموونە ئاگادارکردنەوەی تەواوی ڕایگشتی لە ناوەڕۆک و دەرئەنجامی گفتوگۆکان، ڕێگادان و کارکردنی ئازادانە بە ڕۆژنامەگەرانی کورد و بێگانە بۆ ساغکردنەوەی ئەو ڕاستییانە لە دیدی سێهەمەوە، نەخنکاندنی دەنگە ناحیزبییەکان کە دژی جەنگن و پۆلێننەکردنیان بۆ ناو بازنەکانی ئەو لایەنەی لەسەر هەقە و ئەو لایەنەی لەسەر هەق نییە. ئەو لایەنەی لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان ناترسێت، ئەو لایەنەیە کە ئازادی تەواو بە ئاشتیخوازان و هێز و دەنگە مەدەنیی و فیکریی و هونەریی و کولتوورییەکانی دژ بە جەنگ و شەڕی ناوخۆدەدات. من بێگومانم لەوەی گەر ئەمڕۆ ئیستیفتایەکی گشتی لەسەر مەسەلەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا بکرێت، براوە ئەو حیزبانە نین کە تەپڵی جەنگ لێدەدەن، بەڵکو ئەو دەنگانەیە کە دژی ئاواز و دەرهێنەرانی جەنگن. بێبەریکردنی کۆمەڵگا و ڕایگشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە ئەمڕۆ لە کۆتاییپێهێنانی جەنگدا بەرجەستەدەبێت، بەرجەستەبوونی ئەو ڕاستییەیە کە بکەرە حیزبییەکانمان بەناوی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەدا لەگەڵ یەکتر دەجەنگن، بەبێ ئەوەی ئەو جەنگە خواستی گەل و نەتەوە بێت. بەکورتی ڕێزدانان بۆ ڕایگشتی و حورمەتگرتنی خواستە ئاشتیخواز و دیموکراسییەکانی دەبێتە کۆکردنەوەی گەورەترین دەنگی جیاوازی دژ بە جەنگ و شەڕ و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فرەدەنگ و ڕەنگ، کۆمەڵگایەک کە کولتووری دیالۆگ و ململانێی ئاشیخوازانە دژ بە کولتووری ڕەتکردنەوەی یەکدی و تەفروتوناکردنی ئیجماعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرهەمدەهێنێت.

لە تەنیشت ئەم سەرنجە خێرایانەشدا، من پێموایە ئەوەی جێگای گفتوگۆی داهاتووە ئەوەیە، ئایا ڕۆشنبیران چەندە دەتوانن خەتە گەورەکانی ستراتیژێکی ڕۆشنبیری دابڕێژن کە تیایدا گوتاری تایبەت و سەربەخۆی خۆیان بەرهەمبهێنن؟ ئەو گوتارەی کە پێشتر ناومان نا بە گوتاری خستنەوەی لۆژیکی ئاشتی بەرامبەر بە لۆژیکی جەنگی حیزبی، گوتاری یەکخستنەوەی جەستەی کۆمەڵگای سیاسی ـ مەدەنی و جوگرافیا و کولتووری کوردی بەرامبەر بە گوتاری دەسەڵاتدارێتی (ناوچەیی) لۆکاڵی ـ حیزبی. ئەوەی لەمڕۆدا گرنگە، بریتییە لە دروستکردنی لۆژیکی پەروەردەی زانستییانە و مەدەنییانە بەرامبەر بە لۆژیکی زەبروزەنگ و سزادانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ـ سیاسی (دژ بە منداڵ، بە ڕەگەزی مێ، بە ئایدیاکانی دی، دژ بە کەمە نەتەوایەتییەکان و گروپە ئایینیەکان... هتد)، بریتییە لە بەرهەمهێنانی گوتاری سەربەخۆی ململانێی زانستی و فیکری بەرامبەر بە موهاتەراتی ڕۆشنبیرانەی سیاسی یان گوتاری وابەستەی سیستەمی ڕۆشنبیریی حیزبی. ئەو دەرئەنجامە چەندە سانایە کە پێماندەڵێت: ئیجماعی سیاسی و ئیستقراری کۆمەڵایەتی ساتگەلێکی گرنگن لە ژیانی کۆمەڵگا، ئەوەندەش بۆ کولتووری کۆمەڵگایەک، بوونی ململانێی فیکری و زانستی، کولتووری و سیاسی کراوە، جومگە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و دینامیکییەتی ئەو کۆمەڵگایە نیشانئەدەن. دیارە ئەم گەمەیەش ئەو یاریزانانە بەرهەمدێنێت کە ڕێزی زانست و کولتووری ململانێی فیکریی دیموکراسییانە دەگرن. ئەمە بە بۆچوونی من ئەو کولتووری گوتارە نوێیەیە کە ڕۆشنبیری کورد دوێنی دەبایە بەرهەمیبهێنابایە و ئەمڕۆ کاری لەسەر بکردبایە و سبەینێش لەسەر گەورەکردنەوەی سنوورەکانی بەردەوامبایە.

## سەرچاوەکان

1. P. Bourdieu: Gegenfeuer. Wortmeldungen im Dienste des Widerstands gegen die neoliberale Invasion. Konstanz, 1998.
2. P. Bourdieu: Die Intellekteullen und die Macht. Hamburg, 1991.
3. M. Foucault: Botschaften der Macht. Reader, Diskurs und Medien. Stuttgart 1999.
4. Wolfgang Miller-Funk: Der Intellektuelle als Souverän.. Wien 1995.